**سۆزان كەریم مستەفا**

# بەعسیزم و كورد

**١٩٤٧ـ ١٩٧٥**

**' توێژینەوەیەكی مێژوویی، سیاسی یە'**

**هاوینی ٢٠٠٧**


مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

سلێمانی ـ گەرەكی ئەندازیاران ـ ١٠٥

كۆڵانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ١٠



www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com



* **ناوی كتێب:** بەعسیزم وكورد

* **نووسینی:** سۆزان كەریم مستەفا

* **نەخشەسازیوبەرگ:** فەهمی جەلال

* **تایپ:** محەمەد بابۆلی

* **چاپی یەكەم:** ٢٠٠٧سلێمانی

* **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە

* **ژمارەی سپاردن:** (٥٦) ی  ساڵی ٢٠٠٧

* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٣٢)

* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پێشکەشە

*-بەو کەسەی کە ژینی دەوێ لەگەڵ منا
لە بەهاری ژینی شادی و لە مردنا
لەگەڵمایە لە پیادەبیم رووەو ناسۆ
لە بێداری و لە نارەقەی رەش رشتنا

*-بە کزەی جەرگم
تا من مابم
لە مناڵێت وەڕس نابم



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سەرنج

ئەم کتێبە لە بنچینەدا تێزی ماستەرنامەیەکە بە سەرپەرشتی بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر(د.کەمال عەلی موحەممەد) بە هەمان ناونیشان پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە کۆمەلایەتیەکانی زانکۆی کۆیە کراوە و لە رۆژی ٢٠٠٦/٩/٢٠ گفتوگۆی لەسەر کرا و بە پلەی (باڵا)پەسەند کرا.

### لیژنەی هەڵسەنگاندنەکە پێکهاتبوو لە بەڕێزان:

| | |
|---|---|
| ١- پ.ی.د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- پ.ی.د.دلێر ئەحمەد حەمەد | ئەندام |
| ٣- د.عبدالمصور سلێمان بارزانی | ئەندام |
| ٤- پ.ی.د.کەمال عەلی موحەممەد | ئەندام و سەرپەرشتیار |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سوپاس‌و پێزانین

– سوپاس‌و ڕێزی تایبەتیم بۆ مامۆستاو سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.ی.د.کەمال عەلی) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆو بەسەرنج‌و تێبینیەکانی بابەتەکەی دەوڵەمەندتر کردم‌و بەردەوام لەخەمی تەواو کردنی توێژینەوەکەدا بووە.

– سوپاس‌و ڕێزی تایبەتیم بۆ مامۆستایانی قۆناغی خوێندنی ماستەر بەڕێزان (د. دلێر ئەحمەد، د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی، د.دلیر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، د.محسن محمد حسین).

– سوپاس‌و ڕێزی تایبەتیم بۆ هاوسەری خۆشەویستم (م. سەروەر عەبدولڕەحمان) کە ئەرك‌و ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ کێشاوم بۆ تەواو کردنی خوێندن‌و زۆر هاندەرم بووە.

– سوپاس بۆ براو هاوڕێی خۆشەویستم (محەمەد بابۆڵی)کە ئەرکی تایپ کردنی بابەتەکەی گرتە ئەستۆو ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵدا کێشا.

– سوپاس و ریزی تایبەتم بۆ کاك موممتاز حەیدەری کە بە پێدانی سەرچاوە هاوکاری کردم.

– سوپاس بۆ هەریەك لەم بەڕێزانە کە هەریەك بە جۆرێك یارمەتیان داوم: بەڕێزان (م. ئاراس فەریق، م.سەلاح کانەبی، م. ئاکۆ عەبدولکەریم‌و م.سەرکەوت حەمە غەفور، م.جەمال فتح اللە، م.پشکۆ حەمەتاهیر، کاك مەلا ئاوات، کاك سامی قادر، م.هۆشەنگ فاروق، م. کامەران محمد جلال، م.ڕامیار احمد سابیر، زریان حاجی،مستەفا حسین ، م.هۆشمەند عەلی، شیلان جەمال، م.رفیق سالح، هەستیار محمد علی، عومەری مەکتەبە، هەژار محمد).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

– سوپاس بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی، کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی کوردستانی نوێ، کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، کتێبخانەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ی. ن. ك، کە زۆر هاوکاری‌و ئاسانکاریان بۆ کردوم.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

سەرچاوەی پێشوو= ........................................ س. پ.
هەمان سەرچاوە=............................................ ه. س.
هەمان سەرچاوەی پێشوو=................................ ه. س. پ.
لاپەڕە= ..................................................... ل.
بەرگ= ..................................................... ب.
چاپ= ..................................................... چ.
زایینی=..................................................... ز.
هەتاوی=..................................................... ه.
وەرگێڕ=..................................................... و.
ترجمە= .....................................................ت.
جلد ............................................................ ج.
مجلد ........................................................ مج.
طبع= .......................................................... ط.
دوکتۆر – الدکتور=.......................................... د.
بێ ساڵی چاپ= ............................................. ب. س.
بێ شوێنی چاپ=............................................. ب. ش.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەكی ..........................................................................** | ١١ |
| **بەشی یەكەم: سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری بەعسیزم .........................** | ٢١ |
| باسی یەكەم: بارودۆخی سیاسیی عیراق بەر لە سەرهەڵدانی بیری بەعسیزم ......... | ٢٣ |
| باسی دووەم: دامەزراندنی پارتی بەعس ........................................ | ٤٧ |
| باسی سێیەم: بنەما ئایدیۆلۆژیەكانی پارتی بەعس .............................. | ٧٥ |
| **بەشی دووەم:بەعسیزم و كورد ................................................** | ١٠٧ |
| باسی یەكەم: كورد لە ئایدیۆلۆژیای بەعسدا .................................... | ١٠٩ |
| باسی دووەم: خوێندنەوەی كورد بۆ بەعسیزم .................................... | ١٣٩ |
| باسی سێیەم: دوو جیهانبینی جیاواز (بەعس - كورد) و هەوڵەكانی گفتوگۆ ....... | ١٧١ |
| ١-كودەتای شوباتی ١٩٦٣ .................................................... | ١٧١ |
| ٢-كودەتای تەمموزی ١٩٦٨ ......... ......................................... | ١٩٣ |
| ٣-بەیاننامەی ١١ی ئازار ١٩٧٠-١٩٧٤...................................... | ٢١١ |
| **بەشی سێیەم:سیاسەتی بەعس لە كوردستاندا .................................** | **٢٢٩** |
| باسی یەكەم: سێ كوچكەی بەعسیان (راگواستن، بەعەرەب كردن، بەبەعسی كردن).. | ٢٣١ |
| باسی دووەم: بارودۆخی رۆشنبیری و سیاسی كوردستان لە یاسا دەستوریەكانی بەعسدا ..................................................................... | ٢٦٥ |
| باسی سێیەم: كورد لە سیاسەتی دەرەوەی بەعسدا................................ | ٢٨٥ |
| **دەرئەنجام ......................................................................** | ٣١٧ |





| | |
| --- | --- |
| **لیستی سەرچاوەكان ...........................................................** | ٣٢١ |
| **پوختەی توێژینەوەكە بەزمانی عەرەبی .........................................** | ٣٦١ |
| **دەكۆمێنتەكان ..................................................................** | ٣٦٧ |
| **پاشكۆ ..........................................................................** | ٣٧١ |
| **پوختەی توێژینەوەكە بەزمانی ئینگلیزی.........................................** | A- D |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی

ئەگەرچـی توێژینــەوە لــە بابــەتێکی وەك (بەعـسیزم) كـارێكی گـرنگ‌و پێویـستە، لــە هــەمان کاتــدا بابــەتێكی ســەخت‌و دژواریــشە، چـونكە (بەعسیزم) خۆی وەك ئایدۆلۆژیایەك كۆمەڵێك ئامانج‌و لێكدانەوەی وای لە خۆ گرتووە كە هەرچی چۆنێ تاوتۆێ بکرێت‌و لێك بدرێتـەوە ئەنجامێكی ترسـناك سـاغ دەكاتــەوە, ئــەویش دوو پــات كردنــەوەی خەتــەرناكی تاوانـەكانی داگیركـردن وبـە تـالآن بـردن‌و كوشـتن‌و مەرگەسـاتە دەرهـەق بەگەلان‌و هەموو ئازادی‌و دیموکراتخوازێك.

لە سەرەتای چلەكاندا و لەبارودۆخێكی ئابوری, سیاسی, كۆمەڵایـەتی, فەرهـــەنگی دواكـــەوتودا ، بــە قۆســتنەوەی ئــەو بۆشــاییە سیاســی و ئایدۆلۆژییـــەی ئـــەو كـــات و لەدەروازەیـــەكی نەتـــەوە پەرســـتانەی شەختەبەستووداو لەناو بۆتەی نازیزمدا، جولآنەوەیەكی رەگەزپەرستانە بـەناوی ( جولآنـەوەی بەعسی عـەرەبی)ەوە لـە سوریا سـەری هەڵداو هاتـە ناو ژیانی سیاسی نەتەوەیی عەرەبەوە.

ڕژێمـی بـەعس هــەر لەســەرەتای درووســت بــوون و دەســەلآت گرتنــە دەستییەوە لەسـەردەمی (عەبدولسەلام عـارف)و براكـەی تـا دارمـانی لـە ٢٠٠٣/٤/٩دا هەمیشە خەریكی لەناوبردنی كوردو داگیركردنی خاكەكەی





بووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان ڕێگەیان گرتە بەر، هەر لە ڕاگواستنی بە زۆرە ملـیٚ‌و بەعـەرەب كـردن‌و گـۆڕینی ناسـنامە و جینۆسـایدو گـرتن‌و كوشتن‌و زیندانی كردنی كورد هـەموو ئـەم كارانـەش لـەپێناوی سـەپاندنی ناسـنامەی عەرەبیـدا بـووە. بـەعس وەك جولانەوەیـەكی پـەڕگیری قـەومی رەگەزپەرست خۆی بەخاوەنی بیرو باوەڕێكی هەمە لایەنە دادەنا، ئاوات‌و ئارەزووەكـانی باڵی نەتـەوە پەرسـتی بەرچاو تـەنگ‌و توندرەوی بۆرژوای عـەرەبی دەردەبـڕی، بـۆ جـێ بـەجێ كردنـی ئـەو خواستەشـی درووشـم‌و بانگەشەی جیاوازی هـەڵگرتبوو، وەك بانگەشـەی ئاینی‌و مێژوویی‌و یـەك چارەنووسـی‌و یـەك وولآتـی‌و یـەك ڕەگـەزی‌و چـەندان یـەكێتیی هاوبەشـی دیكـە، كـە ئەمـەش هـەر بـۆ لـەناو بـردن‌و سـڕینەوەی نەتـەوەكانی تـری ناوچەكە بوو، لەبەرامبەر ئەمەشدا بـەعس پـەیامێكی هـەڵگرتبوو كـە خۆی لە (رسالە خالدە)دا بۆ مرۆڤایەتی بەرجەستە دەكرد، چونكە بە بۆچوونی بـەعس لـەڕووی بیرو هۆشـەوە عـەرەب لـە میلـەتانی تـر ژیرتـرەو لـە بواری شارستانیەتدا كۆنترەو لەڕووی ئاینییەوە ئەو شانازییەیان بەركەوتووە كە ئاینـە ئاسمانییـەكانی دیكـە لـەخاكی ئەوانـدا سـەریان هەڵـداوەو لـەڕووی زانـــست‌و تەكنـــەلۆژیاوە ئـــەوان خـــاوەنی یەكـــەم داهێنـــان بـــوون‌و پێشكەوتوویان بەجیهانی دەرەوە ناساندووەو خاوەنی توانایەكی مرۆیی گەورەو سەرزەمینێكی جوگرافی بەپیت‌و فراوانن، بـەو شـێوەیەش عـەرەب دەتوانـێ ببێتـە زلهێزێكـی گـەورە لـە جیهانـدا. ئەمانـە كۆمـەڵێك ئەفسانە بوون كە لەمێشكی بەعسیەكاندا دەخولانـەوەو كردبوویـان بە سەرچاوەی كارو بۆچوونەكانیان.

دروووست کردنی ئەفسانەی عێراقێکی یەکگرتوو یەکێکی تر بوو لە خەونەکانی بەعس، لەکاتێکدا بەچاوخشاندن بەمێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەمێژووی کۆن و نوێیدا هەرگیز مێژووی دەوڵەتێك بەدی ناکرێت کە ناوی عێراق بووبێ، چونکە عێراق بەو سنوورە تازەیەو بەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەوە دەوڵەتێکی تازە درووست کراوی داتاشراوی دەستی ئینگلیز بووە، بۆیە هەوڵدان بۆ لەقاڵبدانی نەتەوە جیاوازەکانی ناوچەکە لە بۆتەی عێراقێکی ئەفسانەییدا کارێکی مەحاڵ بوو.

کورد وەك نەتەوەی دووەم لەناوچەکەدا لەئاست ئەو گۆڕانکاریانەدا بێ دەنگ نەبوو، کەشکۆڵی خەباتێکی بێ پسانەوەی لەپێناوی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی لەشانگرتووە ، لەو پێناوەشدا قوربانیەکی زۆری بە خاکەکەی بەخشیووە.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بکەین، کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی گرنگی بابەتەکەو ناساندنی مێژووی پارتێك کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای نەتەوەیەك بوو لەخاکێکدا بە هاوبەشی لەگەڵ کوردا ژیاوە و خۆی بەخاوەن خاك و وولاتی ئەوانیش دەزانێ.

لەگەڵ ئەمانەشدا هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکەش بۆ نەبوونی یاخودکەمی لێکۆڵینەوەکان لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە، چەند توێژینەوەیەکی کەم لەسەر ئەو بابەتە کراون، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بابەتانەی ئەکادیمیدا نەبووە و لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەیەکی ووردی بیری بەعسیزم نەکراوە، هەروەها مەبەست لەم نوسینە شارەزابوون و





تێگەیشتنی بیری پارتێکی سیاسییە کە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لەمێژووی کورددا بینیووەو ببووە مایەی مەینەتیەکی گەورە بۆی، شارەزابوونی ئەو بەشەی مێژووی کوردو خستنە ڕووی تێڕوانینی پارتی بەعسە سەبارەت بە کوردو هەوڵدان و پلانەکانیان بۆ سڕینەوەی ناوی کوردو بەستنەوەی ئەم پارچەیەی کوردستان بەعێراقی عەربییەوە. لە لایەکی دیکەوە مەبەست لەم نوسینە تێڕوانینی کوردە بۆ بەعس و هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ئاست ڕووداو گۆڕانکارییەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکەدا، لەمەش بترازێ خستنەڕووی ئامارە گشتیەکانی تێکدان و ویران کردنی کوردستان پێویستی بەتوێژینەوەیەکی لەو جۆرە هەبوو.

لە لایەکی دیکەوە ئامانجمان لەهەڵبژاردنی ئەم بابەتە شیکردنەوەی بیری سیاسی سەرکردایەتی بەعسە بەرامبەر بە کوردو خستنە ڕووی نەخشەو پلانەکانیان لە وێران کردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستانداو پەند وەرگرتن لە هەڵەو کەمو کوڕییەکانی سەرکردایەتی کورد کە لەماوەیەکی مێژوویی زۆر گرنگدا ڕووی داوەو کاریگەری چارەنووس سازانەی هەبووە بەسەر خەباتی گەلی کوردەوە، جگە لەمەش دەرخستنی بێ چەندو چوونی ئەو ناوچە کوردیانەیە کە بەعس بەهەموو شێوازێك هەوڵی بەعەرەب کردنی داوە، هەروەها خستنە ڕووی سیاسەتی نامرۆڤانەو دڕندانەی ئەو پارتەیە بەرامبەر بە نەتەوەکانی تری ناوچەکەو تێڕوانین و بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی سیاسەتی نێو دەوڵەتیە بەرامبەر بەکێشەی کورد.

کتێبی ڕۆژهۆشیاری

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەپێی میتۆدێکی زانستی توێژینەوەکە دابڕێژین‌و بنەما زانستیەکانی توێژینەوە پەیڕەو بکەین بۆ زیاتر بە زانستی کردنی بابەتەکە، کە ئەو میتۆدەی پشتی پێ بەستراوە میتۆدێکی زانستیی مێژوویی شیکاریە.

گومانی تێدا نییە، هەموو کارێك کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگ دێتەڕێی، ئەم توێژینەوەیەش وەك هەموو توێژینەوەکانی تر دووچاری ئاستەنگ بۆتەوە، لەوانە دەست نەکەوتنی سەرچاوەی پێویست بە زمانە جیاجیاکان تائەم بابەتە بە بیرو بۆچونی جیاجیا دەوڵەمەند بکرێ، جگە لەمانە دەست نەکەوتنی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لەلایەن خودی بەعسەوە لەو بارەیەوە نووسرابوون بەهۆی فەوتاندن‌و سووتاندنیان، بۆیە بە ناچاری بۆ وەرگرتنی هەندێك ووتەی سەرکردەکانی بەعس پەنامان بردۆتە بەر سەرچاوەی دیکەو لەوانەوە وەرمان گرتووە.

بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە ژمارەیەك سەرچاوە بەکار هاتوون کە دەتوانین بۆ چەند بەشێك پۆلێنیان بکەین:–

– ئەو سەرچاوانەی کە لەلایەن خودی سەرکردەکانی بەعسەوە نووسراون‌و بیرو بۆچوونی نەتەوە پەرستانی عەرەب دەخەنە ڕوو لەوانە (میشیل عەفلەق، شبلی العیسمی، فائز ئیسماعیل، الیاس فرح‌و صەدام حسێن...هتد) کە زۆربەیان لەدامەزرێنەرە یەکەمەکانی بەعس بوون.

– ئەو سەرچاوانەی کە بڵاوکراوەی خودی حیزبی بەعس بوون وەك پەیڕەوو پرۆگرام و ئەو کتێب و نامیلکانەی تێڕوانینەکانی بەعسیان لە خۆ گرتووە و بڵاوکراونەتەوە.





– ئەو سەرچاوانەی لەلایەن نووسەرە بێگانەکانەوە نووسراون کەهەندێکیان خۆیان سەردانی کوردستانیان کردووەو زانیاریان لەسەرکردەکانی کوردەوە وەرگرتووە. وەك (جوناثان راندل، کریس کۆچێرا، گوێنتەر دیشنەر...هتد) ژمارەیەکی دیکەش کە لە دەزگە نهێنی‌و موخابەرایەتیەکاندا کاریان کردووە، وەك (هینری کیسنجەرو...هتد).

– هەروەها سوودمان لەیاداشت‌و بیرەوەرییەکانی چەند کەسایەتیەك وەرگرتووە کە ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا گێڕاوە لەوانە (نەوشیروان مستەفا، فاتح رەسوڵ، تالب شەبیب، عەبدلستار تاهر شەریف...هتد).

– ئەو سەرچاوانەی لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە نووسراون‌و بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان بوون وەك (جەلا تاڵەبانی، مەسعود بارزانی).

– هەروەها ئەو سەرچاوانەی کە کۆمەڵێك نووسەر بە شێوەیەکی زانستی نووسیویانەو گرنگیەکی زۆریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی وەك (صلاح خرسان، حامد محمود عیسی، منوچهری پارسادۆست).

ئەم توێژنەوەیەی لەبەر دەست دایە ناوەڕۆکەکەی لە سێ بەشی سەرەکی پێك دێت:–

بەشی یەکەم: تایبەتە بەسەر هەڵدان‌و بڵاوبوونەوەی بیری بەعسیزم‌و ئەمەش دابەش کراوە بەسەر سێ باسی سەرەکیدا:–

باسی یەکەم: لە بارودخی سیاسی عێراق دەدوێت بەر لە دامەزراندنی پارتی بەعس. لەم باسەدا هەوڵدراوە بەکورتی باس لە چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق بکرێت‌و شێوەو پێکهاتەی عێراق خراوەتە ڕوو

دوای جەنگی جیهانی یەکەمو چۆنیەتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبیەوە، هەورەها کورتەیەك لەڕووداوەکانی ئەو ماوەیە خراوەتە ڕوو، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە تایبەت بوون بەعێراقەوە، چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتو وەزارەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقو دانانی مەلیك فەیسەڵ وەك یەکەم مەلیکی عێراقو دواتر باس لەو ڕێکەوتننامانە کراوە کەلەو ماوە مێژووییەدا لەنێوان حکومەتە عێراقییەکانو دەوڵەتی بەریتانیادا مۆرکراون.

باسی دووەم: سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی بیری بەعس دەدوێت، سەرەتا وەك جولانەوەیەکی فکری دەستی بەبلاوبوونەوە کردووە، هەروەها باس لەسەرکردە یەکەمەکانی ئەم پارتە کراوە، لەگەل ئەو بارودۆخەی ئەم پارتە تێیدا گەشەی کردووە، پاشان بلاوبوونەوەیان لەعێراقداو دروست بوونی شانە یەکەمەکانی ئەم پارتە لەناوچە جیاجیاکانداو ئەو کەسانەی کە لێپرسراوێتی ئەم شانانەیان گرتۆتە ئەستۆو ئەو کارو چالاکیانەی ئەنجامیان داوە، هەروەها شێوازی دارشتنی ڕێکخستنەکانی ئەم پارتە ڕوون کراوەتەوە.

باسی سێیەم: لە ئایدیۆلۆژیای بەعس دەدوێت، قۆناغەکانی گەشە کردنو فراوانبوونی ئەو ئایدۆلۆژیەو ڕوونکردنەوەی ئەو پەیامەی بەعس هەڵی گرتبوو کە خۆی لە دروشمە سەرەکیەکانی (یەکێتیو ئازادیو سۆسیالیستی)دا دەبینیەوە.

بەشی دووەم: تایبەتە بە بیری بەعسیزمو کورد، کە لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە:





باسی یەکەم: باس لە پێگە و شوێنی کورد دەکات لە ئایدۆلۆژیای بەعسداو چۆنیەتی ڕوانینی سەرکردەکانی بەعس بەرامبەر بە کورد، بەیەك پارچە تەماشاکردنی خاکی کوردستانو عێراقو بەعەرەب لەقەڵەم دانی کوردستانو بە میوان تەماشا کردنی کورد لەسەر خاکی خۆی.

باسی دووەم: تایبەتە بە خوێندنەوەی کورد بۆ بەعسو هەڵوێستی سیاسی کورد بەرامبەر بە بەعس، ڕوونکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەهەڵوێستی کورددا ڕوویداوە بەرامبەر بە بەعس.

باسی سێیەم: تایبەتە بەشیکردنەوەی دوو جیهانبینی جیاواز کوردو بەعس، ئەو هەولانەی کە داویانە بۆ گفتوگۆ کە ئەویش لە سێ تەوەرە پێك دێت:-

١- باس لە کودەتای ساڵی ١٩٦٣ دەکاتو چۆنیەتی هاتنە سەرکاری بەعسو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورددا.

٢- باس لە کودەتای ١٩٦٨ دەکاتو دووبارە هاتنەوە سەرکاری بەعسو سەرەتایەکی تری پەیوەندی نێوان کوردو بەعسو تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

٣- تایبەتە بەدەست پێ کردنەوەی گفتوگۆو گەیشتن بە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە تیایدا کورد توانی بەشێکی کەمی مافەکانی بەدەست بهێنێ.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە سیاسەتی بەعس لە کوردستانداو ئەمەش لە سێ باسی سەرەکی پێك دێت:-

باسی یەکەم: لەو سێکوچکەیەی بەعسیان دەدوێت کەخۆی لە (بەعەرەبکردنو بەبەعسی کردنو ڕاگواستن)دا دەبینیەوەو سێ بنەمای سەرەکی بوون کە سیاسەتی بەعسیان لەسەر وەستابوو لەپێناوی سڕینەوەی سیمای کوردانەی کوردستان.

باسی دووەم: تایبەتە بە سیاسەتی دەرەوەی بەعسو نەخشی کورد لەو سیاسەتەدا بۆ ڕێك کەوتنو هاریکاری لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بۆ لەناوبردنو سەرکوت کردنی شۆڕشی کورد.

باسی سێیەم: لە چەمکەکانی ئازادی سیاسیو مافی مرۆڤ دەدوێت لە روانگەی بەرنامەو کاری بەعسەوە، لەڕووی سیاسیەوە بەعس وەك تەنها پارت کاری کردووەو ڕێگەی نەداوە بەهیچ پارتێك کە کاری سیاسی بکات، لەڕووی مافی مرۆڤیشەوە پابەندی هیچ یەکێك لەو ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانە نەبووە کە تایبەت بوون بەمافی مرۆڤ و هەموو جۆرە کارێکی نامرۆڤانەی دژ بە کورد ئەنجام داوە.

لە کۆتایی دا ئەنجامی باسەکە بە دەستەوە دراوە لەگەل لیستی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئەم نوسینە سوودیان لێ وەرگیراوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## بەشی یەکەم:

## سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری بەعسیزم



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## باسی یەکەم

# بارودۆخی سیاسی عیراق پێش دامەزراندنی پارتی بەعس

عێراق دەوڵەتێکی تازە دروستکراوە، لە هیچ کاتێکدا دەوڵەتێك بەناوی (عێراق)ەوە لەئارادانەبووە، بگرە عێراق وەك کۆلۆنیایەکی یەکگرتوو، یاخود ویلایەتێکی یەکگرتووش لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا نەبوو، بەڵکو لەچەندین ویلایەت پێکهاتبوو.[١]

عیراقی ئێستەش کە پێکهاتووە لە زەویەکانی هەرسێ ویلایەتی (بەصرەو بەغدادو موسڵ)، پێش جەنگی یەکەم بەشێك بوو لە ئیمپراتۆیەتی عوسمانی، دواتر ئەم بەشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە

[1] ئەمین قادر مینە: سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، چ٢، ١٩٩٢، ل٧٩.





نێوەراستی سەدەی حەڤدەوە بوو بەهۆکارێکی زۆر گرنگ لەسیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، چونکە هەر دەوڵەتێك بەرژەوەندیەکی فراوانی لەم هەرێمەدا هەبوو.[٢] بەتایبەتی بەریتانیا پێش هاتنە ناوەوەی بەچەند سەدەیەك بەیەکێك لەو هێزە ئیستعمارییە گرنگانە دادەنرێت، کەبیری لەم ناوچەیە کردبۆوە ، بۆئەوەی وەك ناوچەیەکی نفوز و دەسەڵاتی خۆی بەکاری بهێنێ.[٣]

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش سەرەتا لە ڕێگەی دروستکردنی پێوەندی بازرگانیەوە دەستی کرد بە خۆ نزیك کردنەوە، ئەمەش بەدامەزراندنی کۆمپانیاو بنکەی بازرگانی تیایدا، ئەم کارە بووە هۆی درووست بوونی دەسەڵاتی سیاسی بۆیان.[٤]

گرنگی ئەم ناوچەیە ئەوکاتە زیاتر دەرکەوت، کە بەریتانیا لەبوونی لێشاوی کانە نەوتی یەکان دڵنیا بوو ، بەتایبەتی لەویلایەتەکانی موسڵ و بەغدادا، ئەمە جگە لەبوونی توانایەکی کشتوکاڵی فراوان و بەرژەوەندییە سیاسیو سەربازیەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، کەوای لێکرد هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدات کەپارێزگاری لەئیمپراتۆریەتەکەی دەکەن لەرۆژهەڵاتدا.[٥]

[2] کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات حرب العالمیة الاولی، ت/ محمد مەلا کریم، ط٢، بغداد،١٩٨٤، ل١٣.

[3] عبدالرحمن البزاز: العراق من الاحتلال حتی الاستقلال، دار البراق، ط٤، لندن، ١٩٩٧، ل٤٧.

[4] کمال مظهر احمد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[5] جاسم محمد حسن العدول،طالب محمد وهیم، غانم محمد الحفو، عونی عبدالرحمن السجادی: تاریخ الوطن العربي المعاصر، دار الکتب للنشر، جامعة موصل، ١٩٨٦، ل٤٦.

تێکچوونی هاوسەنگی تەرازووی هێزەکانی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە ئیمپرالیستەکانی دنیا، لەئەنجامی بەهێزبوون و گەشەکردنی هەندێکیان و لاوازبوون و گەشەنەکردنی هەندێکی تریاندا بووە هۆیەك کە سەرلەنوێ بیر لەدابەشکردنەوەی دنیا لە نێو خۆیاندا بکەنەوە، لەئەنجامی ئەمەشدا یەکەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، دەوڵەتی عوسمانی ئەوکاتە دەوڵەتێکی فراوان بوو، چووە پاڵ ئەڵمانیاو دەوڵەتەکانی ناوەند، دەوڵەتە سوێندخۆرەکانیش دەمێك بوو بیریان لەوە دەکردەوە قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن بەشێوەیەك بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و ستراتیژیەکانی هەموویان بەجۆرێ بپارێزێ کە مایەی ڕەزامەندی هەموویان بێت، هەر لەم ڕووەوە کەوتنە بەستنی ڕێکەوتنامەو پەیمانی نهێنی لەسەر کەوڵی (پیاوە نەخۆشەکە)ی عوسمانی.[٦]

ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ– سازانۆڤ یەك لەو پەیماننامانە بوو، کە لەنێوان هەریەك لە مارك سایکس–ی بەریتانی و جورج پیکۆ ی فەرەنساوە بەشێوەیەکی فەرمی لە ١٦ی مایسی ١٩١٦ واژۆ کرا.[٧]

لەساڵی ١٩١٧دا شۆرشی ئۆکتۆبەر بنچینەی ڕژێمی ڕووسیای هەڵتەکاندو هەلومەرجێکی نوێ لەسەر ئاستی جیهان هاتەکایەوە، دەوڵەتی تازە دامەزراوی سۆڤیەت هەموو ئەو ڕێکەوتننامەو پەیمانە نهێنیانەی کەپەیوەندیان بەدابەشکردنەوەی دنیاوە هەبوو لەنێوان

[6] ئەمین قادر مینە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

[7] جاسم محمد حسن العدول وأخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.





دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا ئاشکرا کرد، نەك هەرئەوە بەڵکە وازیشی لەهەموو مافەکانی خۆی هێنا کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە پێیدابوو، دەستیشی لەو شوێنانە هەڵگرت.

یەکەمین جەنگی جیهانی بەتێکشکانی ئەڵمانیاو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کۆتایی هات و دەوڵەتی عوسمانی پارچە پارچەکرا، بەریتانیاو فەڕەنساو ئەمەریکا وەك سێ دەوڵەتی زلهێزی دنیا لەمەیدانی جەنگەکە سەرکەوتوو دەرچوون و دنیایان بە پێی سود و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و ستراتیجییەکانی خۆیان سەر لەنوێ دابەشکردەوە.[٨]

بەم جۆرە لەسەر دار و پەردووی دەوڵەتی عوسمانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەندین ماندات و دەوڵەتۆکەی بێ سەروەری و داگیرکەرانەیان پێکهێنا، لەوانە عێراق، سوریا، لبنان، فەڵەستین، ئوردون، عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداو، نەیانهێشت گەلانی ناوچەکە بەئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بگەن، بەڵکو لە نێوان دەسەڵات و نفوزی ئینگلیز و فەرەنسادا دابەشیان کردن، لەوەشدا کورد وەك یەکێك لەنەتەوەکانی ناوچەکە نەك هەر بەئامانجەکانی خۆی نەگەیشت، بەڵکو نەتەوەو نیشتمانەکەیان دابەشکردو بەشێکی خرایە سەر دەوڵەتی ئێستەی عێراق و دۆزی کوردیش بوو بە یەکێك لە پرسە گرنگ و ئاڵۆزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست .[٩]

[8] ئەمین قادر مینە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

[9] یەکێتی نیشتمانی کوردستان: عێراق و مەسەلەی کورد، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٥، ل٢.

ئەم کیانە تازەیە لەسەرەتای درووست بوونیەوە دووچاری کۆمەڵێك کێشە بۆوە، لەپێش هەموو شتێکدا دانیشتوانی ئەو سێ ویلایەتەی عوسمانی لە(بەغداو بەصرەو موسڵ) کە عێراقی لێپێکهاتبوو کیانێکی سیاسی و یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو هەریەك لەو ویلایەتانە جیا دەکرانەوە بەچەند سیمایەکی نەتەوەیی و تایەفەگەری تایبەت بەخۆیان، بۆ نموونە عەرەبەکان کەلەڕووی مەزهەبیەوە دابەشببوون بەسەر شیعەو سوننەدا لەچەند ناوچەیەکی جیاوازدا دەژیان، بەڵام کورد کەزۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵیان پێکدەهێنا، لەڕووی نەتەوەییەوە لە ویلایەتی بەغداو بەصرە تەواو جیاواز بوون.

کێشەی ویلایەتی موسڵ هەر لەسەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بووە کێشەیەکی گرنگ، ئەم کێشەیە بەیەکێك لەکێشە بنەڕەتیەکان لەدرووست بوونی دەوڵەتی عێراقدا دادەنرێت. هەرچەندە ڕەگ و ریشەی ئەم کێشەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام قوڵ بوونەوەی کێشەکە زێتر دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی جەنگی جیهانی و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن بەریتانیاوە، بەتایبەتی دوای ئەو بانگەشانەی کە حکومەتی تورکیا بڵاوی دەکردەوە گوایا ئەم ولایەتە بەشێکە لە وڵاتەکەی.[10]

لە ڕۆژی ٢٤ی تەمموزی١٩٢٣ دا کە ڕۆژی بەستنی ڕێکەوتنامەی لۆزان بوو، تورکیا توانی لەگفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزاندا مەرجەکانی خۆی بەسەر هاوپەیمانانـدا بسەپێنێ، بەوەی کەڕێکەوتننامەی سیڤەریان

[10] جاسم محمد حسن عدول و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.





هەڵوەشاندەوەو داوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەکرد بەسەر ویلایەتی موسڵدا، دواتر هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەم کێشەیە لەپەیڕەوو بەرنامەکانی کۆنگرە دوورخەنەوە.[11] لە بڕگەی دووەم لە ماددەی سێیەمی کۆنگرەی لۆزاندا باس لەدیاریکردنی سنووری نێوان تورکیاو عێراق دەکات بەپێی ڕێکەوتنێك لەماوەی ٩ مانگدا، بەڵام لەحاڵەتی نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێك کێشەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان.[12]

پاش ئەوەی لە ماوەی دیاریکراودا بەریتانیا و تورکیا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، ئەوجا کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی پێکهێنا کە لە ١٩٢٥/١/٢٧دا گەیشتە موسڵ و چەندین سەرچاوەی مێژوویی و جوگرافی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەوروپایی یان خوێندەوە. کۆمیتەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەسێ ناوچەی دیار هەیە:– (عێراقی عەرەبی، جەزیرەو کوردستان، عێراق لەباکورەوە لە هیت–تکریت یا ناوچەی حەمرین تێپەڕ ناکات. نەشتوانرا ئەوە دڵنیا بکرێتەوە کەبەشێك لەو زەوییانەی کێشەی لەسەرە ڕۆژێك لەڕۆژان لەناو عێراقی عەجەمیدا بووبێ، ئەوەی دووپات کردەوە کە لەهەموو ئەدەبیاتی جوگرافیدا هەر لەسەردەمی داگیرکردنی عەربییەوە تا مێژووی لێکۆڵینەوەی کۆمیتەکە لە ١٩٢٥دا ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەرە واتە ویلایەتی موسڵ ڕۆژێك لەڕۆژان نەوا دانراوە نەواش وەسف کراوە, نەواش دەرکەوتووە بەشێك بووبێ لەخاکی عێراق،

[11] شورش حسن عمر: حقوق الشعب الكردى في الدساتير العراقيه، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٩.

[12] فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسل، و/محمد شاکەلی، چاپخانەی خاك، سلیمانی، ١٩٩٩، ل٥٦

لەڕابردووشدا ناوی عێراق لای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ناوێکی ئاشنا نەبووە.[13] لەم پێناوەشدا هەردوو حکومەتی بەریتانی و عێراقی هەوڵیاندا پێکەوە یەکگرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە سوودو قازانجی هەردوولای تێدا بێت، هەرچەندە کورد هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی حکومیان ڕەت دەکردەوە جا عێراقی بووبێت یاخود بیانی، لە هەمان کاتدا لەنیوەی ساڵی ١٩٢٤ەوە پەیوەندی عێراق- بەریتانیا گەیشتە ڕێگەیەکی داخراوو هەر بۆیە بە پیلانی بەریتانیا کۆمەڵەی گەلان لەڕۆژی ١٩٢٥/١٢/١٦دا بڕیاریدا باشووری کوردستان بخرێتە سەر عێراق و لەوکاتەوە تا ئێستە ئەو مەسەلەیە بۆتە یەکێك لەمەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەکانی ئەو دەوڵەتە.[14] پاش ئەوەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا کە ویلایەتی موسڵ لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام بەمەرجێك کە ڕێکەوتننامەیەکی تازە لەگەڵ بەریتانیادا ببەسترێ و ئینتیدابی بەریتانیا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵی تر بەردەوام بێت و عێراق لەو ماوەیەدا لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێت.  لێرەدا عێراق کەوتە نێوان دوو هەڵبژاردنەوە لەنێوان ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتننامەکە،  یاخود لەدەستدانی ویلایەتی موسڵ، بەڵام عیراق دووەم ئیختیاری هەڵبژارد و لە ساڵی ١٩٢٦دا واژۆی لەسەر ڕێکەوتننامە تازەکە کرد، کەئەم ڕێکەوتنە جێی ڕەزامەندی گەل نەبوو، و دواین هەوڵدرا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەویش بەبەستنی ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٢٧. ئەو ڕێککەوتننامەیەی کەبەڵێنێکی ڕوون و ئاشکرای تێدابوو بۆ

[13] ئەمین قادر مینە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦، ٨٧.

[14] ئەمین قادر مینە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.





هەڵبژاردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە بۆ وەرگرتنی لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢دا.[15] پاشان لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا ڕێکەوتنامەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان بەریتانیاو تورکیاو عێراق بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوولا بەپێی هێڵی بروکسل و داواکاری کردن بۆ نەهێشتنی کاری ڕاوو ڕووت لەسەر سنوورەکان و ڕاگرتنی ئەمن و ئاسایش و بەپێی ماددەی ١٤ دەبێت حکومەتی عێراق ١٠٪ی بەرهەمی کۆمپانیای نەوت بدات بە حکومەتی تورکیا.[16]

عێراق لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢ چووە نێو کۆمەڵەی گەلانەوەو بووە (٥٧)ەمین دەوڵەتی ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا.هەرچەندە عیراق لەو مێژووە بە دوواوە بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵێك ڕووداو و ململانێی نێوخۆ لەو وڵاتەدا سەری هەڵدا کە لە ماوەی (١٩٣٢-١٩٣٩) درێژەی کێشا.[17]

[15] ومیض جمال عمر نظمی، شفیق عبدالرزاق، غانم محمد صالح: التطور السياسى المعاصر في العراق، بدون مكان و سنة الطبع، ل١٦٩، ١٧٠.

16 ابراهيم خليل احمد  و جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق المعاصر، جامعة الموصل، ١٩٨٩، ل٤٩.

17 پارتی دیموکراتی کوردستان: شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی موممتاز حەیدەری پارێزراوە) ل٣؛ ابراهيم خليل احمد: تاريخ الوطن العربي الحديث و المعاصر، جامعة الموصل، ١٩٨٩، ل١٦٧.

شا فەیسەل* لەئێوارەی ڕۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٣٣ دا، لە وڵاتی سویسرا بەنەخۆشی مرد.[١٨] بەمردنی شا فەیسەڵو گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن غازی* کوڕیەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٣– ١٩٣٩) دەرگە لەسەر کۆمەڵێك

---

*یەکەم شای دەوڵەتی عێراق بووە کوڕی شاحسینی کوڕی عەلییە لەشار ( الطائف ) لە سعودیە لە دایك بووە، لە ١٩٠٩ گەڕاوەتەوە بۆ حیجاز و لەساڵی ١٩١٣ بووە بەئەندامی (مجلس المبعوثات)ی عوسمانی لەسەر شاری ( جدە ) هەڵبـژێردراوە، ناوی لەشۆڕشی ١٩١٦دا دەرکەوتووە، لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لەدژی دەوڵەتی عوسمانی جەنگاوە، و لەساڵی ١٩١٨ دا هێرشی کردۆتە سەر دیمەشق و داگیری کردووە لە ٥ی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا بۆتە شای سوریا، بەڵام بەهۆی تێك هەڵپژانیەوە لەگەڵ هێزەکانی فەڕەنسادا ١٩٢٠ و شکانی سوریەکان ناچارکرا سوریا بەجێبهێڵێت ماوەیەك لەئیتاڵیاو دواتری لەئینگلتەرا بەسەر بردووە، بەپێی ڕێکەتننامەی قاهیرە بۆشای عێراق پاڵێوراوە، لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ دا کراوە بە شا، و ١٢ ساڵ ماوەتەوە و لە شاری بیرن لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی براوەتەوە بۆ بەغداد و لەپاش خۆی مەلیك غازی کوڕی کراوە بە شا . (یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی ل٧٥٥ ، میر بصري:اعلام السیاسة فی العراق الحدیث,جزء الثانی, ط١, دارالحکمة, لندن,٢٠٠٤. ل٢٠٥ ).

[18] ابراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدي: تاریخ العراق المعاصر ، ل٧٦.

* شا غازی: غازی لە ٢١ی ئازاری ١٩١٢ لە مەککە لەدایك بووە، سەردەمی منداڵی لەژێر سەرپەرشتی باپیری (شەریف حسین کوڕی عەلی) بەسەر بردووە، لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤دا غازی هاتۆتە عێراق و دوای دەرچوونی دەستووری بنەڕەتی عێراق غازی بووە بەجێنشینی فەیصەلی باوکی گرنگی پێدەدا بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، غازی بە پەروەردەیەکی عەرەبی پەروەردە کراوەو مامۆستای تایبەتی بۆ هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٢٦ نێردرا بۆ تەواوکردنی خوێندن لەخوێندنگەی (هارو) لەبەریتانیاو لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨دا گەیشتەوە عێراق، دواتر چۆتە کۆلێژی سەربازیو ئەو خوێندنەی کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر پێگەیشتنی کەسایەتیو دامەزراندنی پەیوەندی کۆمەلایەتی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لەتەمموزی ١٩٣٢دا بەپلەی مولازم دەرچووە، باوکی لەکاتی سەردانی ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، غازی دووجار دەسەڵاتی گرتۆتە دەست لە کاتی ئامادەنەبوونی باوکیدا، جاری یەکەم لە ٥ی حوزەیران تا ٣ی ئابی ١٩٣٣، و جاری دووەم لە ١١ی ئەیلول – ٨ی ئەیلولی ١٩٣٣. ( ابراهیم خلیل احمد، جعفر عباس حمیدی: تأریخ العراق المعاصر، ل٧٥.





ڕووداوی تازە کرایەوە، لەوانە بەکارهێنانی هۆزەکان لەسیاسەتدا بۆ دەست کەوتنی پلەی سیاسیو بەکارهێنانی سوپا بۆ کوژاندنەوەی هەندێك لەو جولانەوە هۆزایەتیە چەکدارانە کەلەناوچە جیاجیاکاندا سەریان هەڵدەدا** و لەماوەی (١٩٣٣–١٩٣٥)دا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە گەورە بوونی هێزی سوپاو تێکەڵ بوونیان بەژیانی سیاسی، ئەمە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەنجامدانی یەکەم کودەتای سەربازی کە بەکر صدقی سەرکردایەتی کرد.[١٩]

لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٦دا (بەکر صدقی)* سەرکردایەتی هێزێکی سوپای کردو بەرەو بەغدا کەوتەڕێو داواکاریەکی پێشکەش بەمەلیك

---

** –وەك هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە نێوان هۆزەکانی (الاکرع، بنی رکاب، ال فتلە)لە ناوچەکانی رمیثة و سوق الشیوخ و بەسرا. جاسم محمد عدول و اخرون: س.پ، ل٧٧–٧٨.

[19] ابراهیم خلیل احمد: تاریخ الوطن العربي الحدیث و المعاصر ، ل١٦٧، ١٦٨.

* بەکر سدقی شەوقی عەسکەری کە دەگەڕێتەوە بۆ دێی (عەسکەر)ی ناحیەی ئاغجەلەر لەبنەماڵەیەکی کوردی لەدایك بووە پاش تەواوو کردنی قوتابخانەی ئامادەیی روشدیەی ، ساڵی ١٩٠٨ لەقوتابخانەی عەسکەری ئەستەمبوڵ دەرچووە و پاشان کۆلێژی ئەرکانی عوسمانی خوێندووە و لەبەرەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداری کردووە، دوای تەواو بوونی جەنگ چووەتە ناو سوپای سوریاوە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لە سوپای عێراقدا بەپلەی (رەئیس ) وەرگیراوە، لەساڵی ١٩٢٨دا بووە بە (عقید) و لەساڵی ١٩٣١دا پلەی زەعیمی وەرگرتووە و کراوەتە سەرکردەی سوپای باکوور، لەساڵی ١٩٣٢ دا بووە بە(ئامر لیوا) و کراوەتە فەرماندەی باشوور، لەساڵی ١٩٣٦یەکەمین کودەتای ئەنجام داو حکومەتەکەی یاسین هاشمی ڕووخاند، تاماوەی نۆمانگ و ٢٠ ڕۆژ حوکمڕانی کرد بەڵام بەپیلانێك کوژرا. گەلێك کتێبی سەربازی داناوە لەوانە : (الطوبوغرافیا١٩٢٧)،(الاستطلاع١٩٢٩)،(دروس تعبویة ١٩٣٠)،(الی رجال الجیش الاحداث١٩٣١) ، (الحروب الجبلیة١٩٣٤)، (یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی,سلێمانی, ٢٠٠٥, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم,ل٢٠١٤) .

غـازی کـردو تیایـدا داوای کردبـوو، کـە وەزارەتـی هـاشمی دەسـت لەکاربکێشێتەوەو وەزارەتێکی نوێ بەسەرکردایەتی (حکمەت سلێمان)[**] پێکبێـت، کەیـەکێك بـوو لـە کەسـایەتیە نـەیارە دیارەکـانو جولێنـەری سەرەکی کودەتاکە، دواتـر مـەلیك داواکاریەکەی قبولّ کـردو وەزارەتێکی نوێ پێکهات.[٢٠] ئەم وەزارەتـە لەسیاسـەتی دەرەوەدا ڕووی کـردە ئێـرانو تورکیاو چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ بەستن، یەك لەوانـە ڕێکەوتننامـەی (سـەعد ئابـاد)[*] بـوو لـەنێوان تورکیـاو ئێـرانو ئەفغانـستان بـۆ پاراسـتنی

---

[**] حکمـت سـلێمان: بـە جولێنـەری کودەتـا سـەربازیەکە دادەنرێـت، خـەڵکی بەغدابووەو خوێنـدنی ئامادەیی لە بەغداد تـەواو کـردووە، و لـە تەمـەنی ٢٠ ساڵیدا چووە بۆ ئەستەمبوّڵ بۆ تـەواو کردنـی خوێندن لە خوێندنگەی (حقوق) دواتر گواستراوەتەوە بۆ خوێندنگەی (مەلـەکی– شـاهانە)ی تایبـەت بەدەرچـوونی فەرمانبـەری کـارگێڕی، لـەکاتی کودەتـای عوسمـانی ١٩٠٨ بەسـەرکردایەتی محمـود شـوکت پاشـا تێکـەڵ بەچـالاکی سیاسـی بـووە لەگـەڵ ئیتحادیـەکان، و لەجـەنگی جیهـانی یەکـەمی بەشداری لەگەڵیانـدا کـردووە و لـەماوەی جەنگدا سـەردانی ئەڵمانیای کـردووەو زۆر سەرسـام بـووە، دواتر کە جەنگ تەواو بـووە گەڕاوەتـەوە بـۆ عێـراق، ئینگلیـز چـەند پلەیـەکی کـارگێڕی داوەتـێ دواتـر یەکێك بووە لەوانـەی کەچـەند جارێـك کورسـی وەزارەتـی وەرگرتـووە بـەبێ ئـەوەی هـیچ تێکچوونێکـی بنەڕەتی یاخود جیاوازیەکی بنەڕەتی ڕووبدات لەگەڵ ئینگلیزداو یەکێك بووە لە دۆستەکانیان.
سـەرەتایەکی تـازە لـەژیانی حکمـت سـلێماندا دەسـتی پێکـرد بەچـوونە پـاڵی حزبـی (أخـاء الـوطنی) کەیاسـین هـاشمی لـە ٣٠ تـشرینی دووەمـی ١٩٣٠دا دایمەزرانـد بـوو و بـوو بەئەنـدامی دەسـتەی کارگێڕی، و لەوەزارەتی گەیلانیدا لە ٢٠ی ئازاری ١٩٣٢دا بۆتە وەزیـری نـاوخۆ، لـەماوەی دەسـەڵاتی ئەمدا شڵەژان لەکاروباری ناوخۆدا ڕوویداوەو دواتر جیـاوازی کەوتۆتـە نێـوان حکمـتو حزبـی أخـاوە لەکاتی دامەزراندنی وەزارەتی یاسین هاشمی دووەم لە ١٧ی ئازاری ١٩٣٥دا. ( أبراهیم خلیل أحمد و جعفر عباس حمیدی: تاریخ العراق المعاصر، ل١٠٣.

[20] ومیض جمال نظمي وأخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧، ١٨٨.

[*] لە ٨یتەمموزی ١٩٣٧ لە کوشکی ( سەعد ئاباد)لە تاران لە نێوان دەوڵەتەکانی ( عێراق ،ئێران ، تورکیاو ئەفغانستان ) بەپشتیوانی بەریتانیا پەیمانی (بەگژیەکدا نەچوون) یان واژۆکرد، کەدواتر





سـنوورو دەسـتدرێژی نەکردنـە سـەر سـنووری یـەکتر.[٢١] دووەمیـان ڕێکەوتننامـەی سـاڵی ١٩٣١ بـوو لـەنێوان عێـراقو ئێـران بـۆ زیـادکردنی سنووری ئـاوی لەنێوانیانـدا.[٢٢] دواتـر ئـەم دەسـەڵاتە دوای تـەواو کردنـی چاکسازییەکانی بەرەو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری سەربازی دەڕۆیشت کە لە ئەنجامـدا دەسـتیان کـرد بەداخـستنی بارەگـەی هەنـدێك لـە حزبـەکانو ڕۆژنامـەکانیانو لێسەندنەوەی ڕەگەزنامـە و دووچارکردنی هەنـدێکیتریان بۆ بەجێهێشتنی وڵات و هەوڵدان بۆ کوشتنیان. ئـەم سیاسـەتانەی بـەکر سـدقیو حکمـەت سـلێمان جێـی ڕەزامەنـدی چینە نـەیارەکان، بەتایبـەتی کۆمەڵەی نەتەوەیی لەنێو سوپادا نـەبوو، دەستیان کرد بە نەخشەکێشان

---

ناوەکەی گۆڕدرا بەسەعد ئاباد، ئەوانەی پەیمانەکەیان واژوو کرد بریتی بوون لە تۆفیق ڕەشید ئاراس وەزیری دەرەوەی تورکیا،عینایەاللە سمیعی وەزیری دەرەوەی ئێران ، فیض محمد خان وەزیری دەرەوەی ئەفغانستان،(ناجی الاصیل) وەزیری دەرەوەی عێراق بەپێی ئەم پەیماننامەیە کێشەکانی نێوانیان چارەسەرکردو چوونە سەنگەری بەرگریەوە دژ بەشۆڕشی کورد ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریان درووست کرد لەوەزیرانی دەرەوە و بڕیایاندا کە گفتگۆ بکەن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بەبەرژەوەندی هاوبەشەوە هەیەو هەروەها ئەو ئەنجوومەنە هەموو ساڵێك جارێك لەو شوێنەی کە ئەنجوومەن دیاری ئەکات کۆبنەوە . وەرگیراوە لە(أز مؤرخین : تاریخ المعاصر الایران تهران،١٣٦٨هـ،ل١٥٣ " أذر میدخت شایخ : سائل مرزي ایران وعراق تاثیر ان در مناسبات دوکشور ،جابخانة سبهر ،تهران،١٣٦٩ه ،١٩١ص)

[21] توفیـق سلطان الیـوزیکی ، د.یحیـی الـدین توفیـق، صـلاح الـدین امـین: دراسـات في الـوطن العربـي الحرکـات الدسـتوریة و الـسیاسیة،ط٣، الموصـل، ١٩٧٥، ل٨٧؛ عبـدالعزیز نـوار: تـاریخ العـرب المعاصـر(مـصر و العـراق)،بـدون سـنة الطبـع، بـیروت،ل٥١٧؛ غـانم محمـد الحفـو و عبـدالفتاح علـي البوتـاني: الکـورد والاحـداث الوطنیـة في العـراق خـلال العهـد الملکـي ١٩٢١–١٩٥٨، ط١، دار سـثیریز، اربیل، ٢٠٠٥،ل٦٠.

[22] عبـدالوهاب حمیـد رشـید: العـراق المعاصـر، ط١، دار المـدی، دیمـشق، ٢٠٠٢، ل٩٠؛ عبـدالعزیز نوار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٧.

بۆ کوشتن و لەنێوبردنی بەکر سدقی، تا لە ١١ی ئابی ١٩٣٧دا لەکاتێکدا کەسەرۆکایەتی وەفدێکی سەربازی دەکرد بۆ تورکیا لەبنکەی ئاسمانی موسڵ، بەیاوەری محمد علی جواد کەسەرۆکی هێزی ئاسمانی بوو پلانی کوشتنەکەیان جێبەجێ کرد، پاشان حکمت سلێمان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە ١٧ی ئابی ١٩٣٧ دا پێشکەش کردو بەم شێوەیە حکومەتی کودەتا کۆتایی پێ هات.[٢٣] لە لایەکی دیکەوە لەشەوی ٣ی نیسانی ١٩٣٩ دا کوژرانی مەلیك غازی بەڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕاگەیەندرا. ئەم ڕووداوە لەبارودۆخێکی نادیاردا ڕوویداو ناجی شەوکەت وەزیری ناوخۆی ئەوکات دەڵێت: "ئەم ڕووداوە لەئەنجامی یاریەکی نالەبارەوە بوو کە (نوری سەعید) * لەپشتیەوە بوو", هەر هەمان شەو

[23] ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدي:تاريخ العراق المعاصر، ل١١١؛ توفيق سلطان اليوزيكي وأخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

* لە بەغداد لە دایك بووە، لە قوتابخانەی جەنگی بەغداد و کۆلێژی سەربازی ئەستەمبوڵ خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٠٦ دەرچووە و چۆتەناو سوپای عوسمانیەوە گەلێ پلەی سەربازی بڕیوە، لەهەڵگیرساندنی شۆڕی عەرەبیدا ١٩١٦ وازی لەسوپای عوسمانی هێناوە و چووەتە ناو هێزەکانی (شەریفی کوڕی حسین) و بەسەرکردایەتی جەنەڕاڵ (ئەلەنبی) سوریای ڕزگار کرد، لە ١٩١٨ وە پەیوەندی بەشافەیسەڵی یەکەمەوە کردووە، لەوکاتەی کەهێشتا لەدیمەشق بووە، لە ١٩١٩ لەگەڵیدا چووە بۆ کۆنگرەی پاریس کەفەیسەڵ گەیشتە عێراق نووری سەعیدی کردە سەرۆك سوپاسالار و پاشان بە وەزیری بەرگری لە ١٩٢٣ – ١٩٣٠ هەر لەو ماوەیەشدا ئەندامی پەرلەمان و پیرانیش بووە، لەساڵی ١٩٣٠ دا سەرۆك وەزیرانی گرتۆتەدەست، هەر لەساڵەدا پەیماننامەیەکی لەگەڵ بەریتانیا بۆماوەی ٢٥ ساڵ ئیمزاکرد، کە عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بە ئەندام وەرگیرا، شەست جار ئیستقالەی داوە و وەزارەتی پێك هێناوەتەوە، لەئەنجامی شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتی لەناو چوە . (یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی ل ١٠٩٢ ).





ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی سازکردو بڕیاریاندا کوڕە تاقانەکەی غازی (فەیسەلی دووەم)* * کەتەمەنی هێشتا منالْ بوو، بکرێتە شای عێراق.[٢٤] لەبەرئەوەی تەمەنی منداڵ بوو پێویستی بەچاودێرێك هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن شاژن عالیەی خێزانی شا فەیسەلەوە وەسیەتێك درا بەدەست ئەنجومەن کەتیایدا هاتبوو شا غازی ئارەزووی لێیە خاڵەکەی (عەبدول ئیلا کوڕی عەلی) بکرێتە چاودێر بەسەر کوڕەکەیەوە، ئەگەر شتێکی لێ بەسەرهات.[٢٥] مردنی لەناکاوی غازیو لەبەر بچووك بوونی تەمەنی کوڕەکەی پەرلەمان بڕیاریدا بەدانانی (عەبدول ئیلا) وەك چاودێر بەسەریەوە، لەو کاتەوە نوری سەعیدو عەبدول ئیلا لەعێراقدا دووکەسی بەهێزبوون، لەگەڵ سەفارەتی بەریتانیا لەبەغدادا لەیەکگەیشتن و گونجانێکی باشیان هەبوو.

هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم لە ١٩٣٩دا هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی دەسەڵاتیان لەعێراقدا، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دابەزینی تووڕەیی خەڵکی دژی ئەوانو ئینگلز لەماوەی جەنگدا، کەبووە هۆی

* * کوڕی شا غازی و کوڕەزای شا فەیسەڵی یەکەم بووە، سێیەم شای بنەماڵەی هاشمی بووە کە لە عێراق دەسەڵاتی گرتبێتەدەست، پاش مردنی شا غازی باوکی لە ١٩٣٩ کراوە بە شای عێراق لەژێر سایەی (عبدالالە) ی خاڵیدا لە ١٩٤٦چووە بۆ بەڕیتانیا بۆ خوێندن و لەقوتابخانەی (ساندردید) دووساڵ خوێندوویەتی و لەگەڵ خاڵیدا سەردانی ئەمریکای کردووە لە ٢ی مایسی ١٩٥٢چووەتە سەرتەخت و لەشۆڕشی ١٤ی تەممووزی١٩٥٨دا کوژراوە .(یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی ل٧٥١،٧٥٠ " میر بصری: اعلام السياسة فی العراق الحديث,جزء الثانی ل٢٠٦ – ٢٠٧ ).

[24] علاء موسى كاظم نورس، عماد عبدالسلام رووف: العراق في التأريخ، بغداد، ١٩٨٣، ل٦٩٣.

[25] ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدي:تاريخ العراق المعاصر ، ل١١٣.

بـەرپابوونی شۆڕشــی ١٩٤١.[٢٦] دوای دەســت لەكاركێـشانەوەی (حكمـت سلێمان) داوا لـە (جميـل مـدفعی)* كـرا، حكومـەتێكی نوێ لـە ١٧ی ئابی ١٩٣٧ پێكبهێنـێ. لێـرەوە دەركـەوتنی سـوپا زۆر بـەڕوونی لـەكاروباری سیاســیدا دەركــەوت. ئــەو سیاســیانەی وڵاتیــان بەجێهێــشتبوو دوای كودەتاكـە گەڕانـەوە كـەپێكهاتبوون لـە نـوری سـعیدو رشـید عـالی گیلانـیو (تـەها هـاشمی)*، ئەمانـە هێزێكـی سیاسـیان پێكهێنـا بـۆ ڕووبەڕوونـەوەی

---

[26] عبدالعزیز نوار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٢، ٥٢٣.

*جمیل كوڕی محمود ئاغای كوڕی عەباسە، لە ١٨٩٠ لەموصڵ لەدایك بووە، باوكی یوز باشی بووە لـە سوپای توركدا، لەتەمـەنی ٦ ساڵیدا بووە كـەباوكی مـردووە و مێـردی خوشكەكەی گرتوویەتیـە خۆی، بـەهۆی بەشـداری كردنـی لەشۆڕشـی حیجـازدا نازنـاوی ( مـدفعی ) وەرگرتـووە، لەسـاڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە عبدالالە كردووە و لەگەڵیدا چۆتە فەڵەستین و ئەردەن و دواتر چووەتە بەسرە، كە لـەژێر دەسـتی بەریتانیەكانـدا بـووە و كاروبـاری ئەوناوچـەیەی گرتۆتەدەسـت و دواتـر چـۆتە بەغـداد و وەزارەتێكـی نوێی پێكهێنـاوە و پـاش مـاوەی ٤٢ مـانگ دەسـتی لـەكار كێشاوەتەوە و نـوری سـەعید شـوێنی گرتۆتـەوە و یـەكێك بـووە لەوانـەی زۆر دژایـەتی شـیوعیەتی كـردوە و بـاوەڕی بـە بـوونی شیوعیەت نەبووە لەعێراقدا . (میر بصری : س.پ, ل٢٦٣ ،٢٦٤) .

* تەها هاشمی لەبەغداد لەدایك بووە، و لەوێش خوێندوویەتی لەساڵی ١٨٩٩ لە ئەستەمبوڵ چووەتە كۆلێـژی جـەنگی و لەسـاڵی ١٩٠٢ دا بەئەفـسەرێكی سـوپای عوسمـانی دەرچـووە و سـەركردایەتی سوپای شەشەمی عوسمانی كردووە لە بەغداد گەلێ پلـەی بـەرزی لـەناو سوپای عوسمانیـدا هـەبووە، هاوبەشی جەنگی لەبەرەكانی دەردەنێل و گالیسیا و شامدا كردووە، شا فەیسەل لەشامدا كردویـەتی بـە سـەرۆكی ئـەركانی جـەنگ، پـاش تێكـچوونی سـوریا گەڕاوەتـەوە بـۆ عێـراق و هاوبەشـی لـە دروستكردنی حكومەتی نیشتمانی عێراقدا كردووە، لـە ساڵی ١٩٢٢ دا كـراوە بـەوەزیری (أشغال) ، گـەلێ پایـەی بووە لـەحكومـەتی عێراقدا، بەئەنـدامی دامەزرێنـەر بۆدانـانی دەسـتوور دانـراوە و پاشـان سـەرۆكایەتی وەزیرانـی گرتۆتەدەسـت، جـارێكی تـریش كـراوە بـە سـەرۆك وەزیـران، بـەڵام بـەهۆی كۆدەتاكەی (بەكر صدقی)یەوە ١٩٣٦ لەسەرحوكم لابراوە و ڕوویكردۆتە سوریاو لەوێوە بۆ بـەیرووت و لەوێ كۆچی دوایی كردووە .(یاسین صابر ساڵح: ئینسكلۆپیدیای گشتی ل ١١٧١).





وەزارەتــی مەدفــەعی، بەتایبــەتی دوای ئــەوەی كــەتوانیان ئەفــسەرە نەتەوەییـەكان بـەلای خۆیانـدا ڕاكێـشن، ئـەم كـارە وای لـە مـدفعی كـرد كـە سنووریكیان بۆ دابنـێ.[٢٧] (رشـید عـالی گیلانـی) ** تـوانی سـەركەوتووبێت لەبەدەستهێنانی لایەنگری سەركردەكانی سوپا (العقداء الاربعة)* و بڕوای خۆیان لەنوری سعید كشاندەوە.[٢٨] لایەنگرانی رشید عالی گیلانـی توانیـان كۆمەڵەیــەكی نهێنــی بــەناوی (لیژنــەی نهێنــی عــەرەبی) پێكبهێــنن كــە دیــارترین ئەندامــەكانی بریتــی بــوون لــە (الحــاج امــین الحــسین مفتــی فەلەستینو رشید عالی گیلانیو یونس سبعاویو ناجی شوكت) ، لیژنەكە بڕیاریـدا بـۆ دروسـتكردنی حزبێكـی ئاشـكرا بـەناوی (حـزب الـشعب) داوایــەك پێــشكەش بكـات، بـۆ ئـەوەی ببێـت بەپەردەپۆشـێك بـۆ لیژنــە نهێنیەكـە، بـەڵام وەزارەتـی نـاوخۆ ئـەو داوایـەی ڕەت كـردەوە، لیژنەكـە كۆبوونەوەیـەكی ئەنجامـدا بـۆ ئـەوەی بڕیارێـك دەربكـەن سـەبارەت بـەو

---

[27] جاسم محمد عدول وأخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

** لەبەغـداد لـەدایك بـووە و یاسـای خوێنـدووە، لەسـەردەمی شـا فەیـصەلی یەكەمـدا لەسـاڵی ١٩٢٤ كراوە بەوەزیری كـار، پاشـان كـراوە بـەوەزیری داد، هـەروەها گـەلێك پلـەی كـاری تـری گرتۆتەدەست، لەوانە سەرۆكی دیوانی شاهانە وسكرتێری یەكەمی شا فەیسەڵی یەكـەم، لـە ساڵی١٩٣٣ داكراوە بـە سـەرۆك وەزیـران، پەیوەنـدی لەگـەڵ ئینگلیـز تێكچووە و سـەركردایەتی شۆڕشـی كـردووە كەناسـراوە بەشۆڕشی گەیلانی، بەڵام زوو كپ كراوەتـەوە، پاشـان بۆئێران هـەڵاتووە و پاشـان چووەتە سعودیەو لـەوێوە بـۆ میـسر و تاپـاش شـۆڕی ١٤تـەموزی ١٩٥٨ گەڕاوەتـەوە بـۆ عێـراق و لەسـاڵی ١٩٦٥ لـە بەیرووت كۆچی دوایی كردووە .(یاسین صابر ساڵح: ئینسكلۆپیدیای گشتی,ل٥١١) .

* العقداء الاربعه: پێكهاتبوون لە (عقید صلاح الدین صباغ و عقید محمد فهمی سعید و عقید محمـود سـلمان و عقیـد كامـل شـبیب) ئەمانـە لـەدواتردا توانیـان كۆمەڵـەی عقـداء الاربعـە پێـك بهێـنن.(محمـد حمدي الجعفري: بريطانيا والعراق حقبة من الصراع ١٩١٤-١٩٥٨، بغداد، ٢٠٠٢، ل٩٣.

[28] علاء موسى كاظم نورس، عماد عبدالسلام رووف: العراق في التأريخ، ل٦٩٦.

ڕوداوانەی لەعێراقدا ڕوودەدەن بەتایبەتی فشاری بەریتانیا بۆ ئەوەی عێراق بچێتە جەنگەوە لەپاڵ بەریتانیا.[29] تەها هاشمی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٤١دا وەزارتێکی نوێی پێکهێناو بڕیارێکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی عقید کامل شبیب لەبەغداد بۆ پلەی سەرۆکی فرقەی یەکەم لە دیوانیە و (سەلاحەدین سەباغ)[*] یش بۆ جەلەولا، ئەم کارە سەرەتایەکی ترسناك بوو بۆ ئەفسەرەکانو پێشیان وابوو ئەم کارە بۆ

29 ابراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدي:تاریخ العراق المعاصر ، ل١٢٢.

* صلاح الدین کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیم کوڕی مصطفی دومیاطیة، بنەڕەتی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سە ر ( صیدا) لەلوبنان . لەساڵی ١٨٩٨ لەموصلْ لەدایك بووە و لەبەیروت خوێندویەتی دواتر چووەتە خوێندنگای سەربازی لەئەستەمبوولْ لە ساڵی ١٩١٧ و بە پلەی ( مولازمی دووەم ) دەرچووە و لە ڕیزی سوپای تورك جەنگاوە و دواتر پەیوەندی کردووە بە سوپای شا فەیسەلەوە لە حیجاز و دوای ڕووخانی حکومەتەکەی فەیسەلْ لەشام لە ساڵی ١٩٢٠ لەشەڕی میسەلون گیراوە و دوور خراوەتەوە بۆ جەزیرەی (ئەرواد) لە دەشتایی لوبنان . لە ١٩٢١ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و پەیوەندی کردووە بە ( دار التدریب العسکری )ەوە لە بەغداد و دواتر هەر لەویْ بۆتە مامۆستاو پاشان لە ١٩٢٧ دا بۆ خولێك نێردراوەتە ئینگلتەرا، پاشان لەساڵی ١٩٣١ پەیوەندیکردووە بە خوێندنگای (ئەرکان)ەوە لە ١٩٣٣ جارێکی تر چۆتە ئینگلتەرا و لە کۆلێژی ارکان لە کامبرلی خوێندوویەتی، وەك مامۆستا لە کۆلێژی ئەرکان لەبەغداد لە ١٩٣٥ دامەزراوە،دواتر خزمەتەکەی چۆتە وەزارەتی معارف بە پلەی مقدم و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی بەدەنی و راهێنانی سەربازی و فتوە بووە. لەساڵی ١٩٣٦ وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەر لەوەزارەتی بەرگری دامەزراوە لەساڵی ١٩٤١ لە دژی بەڕیتانیا جەنگاوە بەڵام پاش سەرنەکەوتنیان لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانی و شەریف شەرەف و ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردە و وەزیرەکاندا بەرەو ئێران هەڵاتن و پاشان بەرەو تورکیا بەڵام گیران و لە ساڵی ١٩٤٥ هێنرانەوە بۆبەغداد و حوکمی لەسێدارەدان درا بەسەریانداو لە گرتووخانەی ابوغریب لە ١٦یئابی ١٩٤٥ جیْ بەجیْ کرا .(میربصیری: س.پ, ل٦٠٩-٦١٠ .)





بێهێزکردنیانەو چوار سەرکردەکە کۆبوونەوەو بڕیارەکەی تەها هاشمیان ڕەتکردەوە.[30]

لەئێوارەی ١ی نیسانی ١٩٤١دا لە سەربازگەی رەشید کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا کە جگە لە رەشید عالی، چوار عەقیدەکە و لیوا امین زکی بریکاری سەرۆکی ئەرکانی سوپا ئامادەبوون، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا حاڵەتی نائاسایی لەسەربازگەی رەشید ڕابگەیەننو کودەتایەك ئەنجام بدەن، تەها هاشمی لەژێر فشاردا ناچاربوو کەدەست لەکارکێشانەوەی خۆی بۆ وەصی بنووسێت.[31] وەصی بەرەو بەسرە هەڵهات و لەویْ هەوڵیدا ئەو هێزە سیاسیو سەربازیانەی کە پشتیوانیان لێدەکرد کۆبکاتەوە، بەڵام لەم هەوڵانەیدا سەرکەوتوو نەبوو بۆیە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ناچاربوون ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٤١ وەصی بگوازنەوە بۆ فەڵەستین و دواتریش بۆ ئوردون.[32] دوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەتی تەها هاشمی حکومەتێکی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی رەشید عالی گەیلانی پێکهاتو ئەم حکومەتە پەیمانێکی دەرکرد کە تیایدا سیاسەتی حکومەتی تازەی ڕاگەیاند، بڵاوبوونەوەی هەواڵی پێکهێنانی حکومەتی بەرگری نیشتمانی کاردانەوەیەکی نیشتمانی گەورەی لێکەوتەوەو جەماوەر ڕژانە سەرشەقامەکانو داوای

30 علاء موسی کاظم نورس و عماد عبدالسلام رؤوف: العراق في التاریخ ، ل٦٩٧؛ محمد حمدی الجعفری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

31 احمد فوزی: المثیر من احداث العراق السیاسیة، بغداد، ١٩٨٨، ل١٣.

32 علاء موسی کاظم نورس، عماد عبدالسلام رووف: العراق في التأریخ، ل٦٩٧.

لابردنی وصی یان دەکردو هوتافیان دژ بە ئینگلیز دەدا، پاش ئەوەی وەصی وڵاتی بەجێهێشت، لە ١٠ی نیسانی ١٩٤١و ئەنجومەن کۆبوونەوەیەکی سازکرد، تیایدا بڕیاریاندا بەدانانی (شەریف شەرەف)* وەك وەصی، یەکەم ئیشی ئەوەبوو داوای لە گەیلانی کرد وەزارەتێکی نوێ لە ١٢ی نیساندا پێك بهێنێ.[٣٣] بەڵام ئەم حکومەتە زۆر درێژەی نەکێشاو توانیان لە ١٩٤١دا دەست بەسەر شۆرشەکەدا بگرن و وەصی لە عەممانەوە گەڕایەوە بۆ بەغدادو وەزارەتێکی نوێی بەسەرۆکایەتی جمیل مدفعی پێکهێنا کە چەندین ڕێو شوێنی توندی گرتەبەرو باری نائاسایی لە وڵاتدا ڕاگەیاند.[٣٤] سەبارەت بەسەرکردەکانی شۆڕش ئەوە بوو دوای ئەوەی نوری سەعید وەزارەتێکی نوێی پێکهێناو لە ٤ی مایسی ١٩٤٢دا حوکمی لەسێدارەدانی دا بەسەر هەریەك لە فەهمی سعیدو** محمود سلێمان و یونس سەبعاوی کامل شبیب و

---

* شەریف شەرەف: کوڕی امیر راجع کوڕی امیر فواز کوڕی ئەمیر ناصر کوڕی امیر عون، کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر مەلیك حسێن کوڕی عەلی، لە طائف لەساڵی ١٨٩١ لەدایك بووە کاتێك کە پلەی سەرپەرشتی (وصایە)ی درایە لەعێراق لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا بووە، دوای سەرنەکەوتنی جوڵانەوەکەی رشید عالی گیلانی شەریف شەرەف لەگەڵ گەیلانیدا گەشتنە سنوورەکانی عێراق –ئێران لە ٢٩ی ئایاری ١٩٤١و ڕوویانکردە تاران وەك پەناهەندەی سیاسی.شەریف شەرەف کورسی دەسەڵاتی بۆ ماوەی (٥٠) ڕۆژ گرتە دەست. (احمد فوزی: مثیر من احداث العراق السیاسە، ل١٧).

33 ابراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدي: تاریخ العراق المعاصر ، ل١٢٣، ١٢٤؛غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني: الکورد والاحداث الوطنیة في العراق، ل٦٨.

34 توفیق سلطان الیوزبکی وأخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

** محمد فەهمی سەعید لەساڵی ١٨٩٨ لەسلێمانی لەدایك بووە، خوێندنگای سەربازی لە ئەستەمبوڵ تەواوکردووە لەڕیزەکانی سوپای تورکیدا بەپلەی مولازم جەنگاوە، لە ساڵی١٩٢٠ دا پەیوەندی کردووە بەسوپای عەرەبی سورییەوە، دوای شەڕی مەیسەلون دوورخراوەتەوە بۆ دورگەی ( ارواد ) لە لوبنان، لە ساڵی١٩٢١ دا روی کردۆتە عێراق و پەیوەندی بەسوپای عێراقەوە کردووە، هو





سەلاحەدین سەباغ دا، لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا سەباغ تەرمەکەی لەسەر وەزارەتی بەرگری هەڵواسرا، و حوکمی جیاجیا بەسەر ژمارەیەکی زۆر لەبەشداربووانی جوڵانەوەکە بەماوەی جیاجیا درا.[٣٥]

سەبارەت بەژیانی پارتایەتی لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك پارتی سیاسی هاتنە سەر شانۆی سیاسی، ئەو پارتە سیاسیانەی لەقۆناغەکانی سەردەمی پاشایەتیدا دەرکەوتن بەوە ناسرابوون کە زوو دەردەکەوتن و زوو لەناو دەچوون.[٣٦] ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بە بۆچوونی ئێمە یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە هەموو جار لەلایەن دەستەبژێری (ئینتیلیگینسیا)ی ئەو سەردەمەوە دادەمەزرا کە دەرچووی قوتابخانەی عوسمانی بوون و لافی ناسیۆنالیستی عەرەبیان لێدەدا لەووڵاتێکدا کە خاوەنی کولتورو ڕەگ و ریشەیەکی نەتەوەیی بووەو بە زۆر لەلایەن داگیرکەرە بەریتانیەکانەوە پێکەوە لکێندرابوون، هۆکارێکی تر بۆ بەدوا یەکداهاتنی ئەو ژمارە زۆرەی وەزارەتەکان دەگەڕێتەوە کە هەر وەزارەتێك کاتێك دەست بەکار دەبوو کۆمەڵێك بنەمای ئازادی و دیموکراسی بڵاودەکردەوەو ڕێگەی دەدا بەکردنەوەی پارتەکان، بەڵام دواتر دەبوون بەدەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و یەك لەدوای یەك پارتەکانیان دادەخست،

---

سالانەی لە عیراق بوو گەلێ پلە و پایەی جیاجیای وەرگرتووە، لە ڕاپەڕینی ١٩٤١دا بەشداری کردووە دوای شکانی ڕاپەڕینەکە بەرەو سنورەکانی ئێران ڕۆیشتووە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ باکووری ئەفریقیاو دواتر هێنراووتەوە بۆ بەغداد لە ٢٥ی ئایاری ١٩٤٢ لە گرتوخانەی أبوغریب حوکمی لەسێدارەدانی بەسەریدا دراوە .(میر بصری : ل ٦١٥ ).

35 ابراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدي:تاریخ العراق المعاصر ، ل١٣٠، ١٣١؛ رغید الصلح: حربا بریطانیا والعراق ١٩٤١–١٩٩١، ط٢، بیروت، ١٩٩٧، ل٢١١.

36 عبدالوهاب حمید رشید: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

جگە لەمە هەر وەزارەتێك كە دادەمەزرا پارتێكی دەكرد بە پاڵپشت بۆ وەزارەتەكەی خۆی و دوای نەمانی ئەو وەزارەتە پارتەكەش كۆتایی پێ دەهات. لەوانە (حزب الوطنی العراقی) كە لە ٢ی ئابی ١٩٢٢دا بەسەرۆكایەتی جعفر ابو تمن دامەزرا، ئەم پارتە درێژبوونەوەی پارتی حەرەس استقلال بوو.[٣٧] هەروەها پارتی (الحر العراقي) كە لە ٣ی ئەیلولی ١٩٢٢دا دامەزراو زمانحاڵی ئەم پارتە ڕۆژنامەی (العاصمە) بوو، پارتی (الآمە) كە لەسەرەتای تەممووزی ١٩٢٤دا دامەزراوە لە ١٩ی ئابی ١٩٢٤دا مۆڵەتی پێدراو یاسین هاشمی وەك سەرۆكی فەخری ئەم پارتە بوو.[٣٨] پارتی (تقدم) كە لە تشرینی یەكەمی ١٩٢٥دا دامەزراوە بەسەرۆكایەتی عبدالمحسن سعدون یەكەم سەرۆكی ئەم پارتە بوو ماوەی چوار جار لەنێوان ساڵەكانی (١٩٢٢، ١٩٢٥، ١٩٢٨، ١٩٢٩)دا بۆتە سەرۆك وەزیران، و بەردەوام بوو لەكاركردن تا ساڵی ١٩٢٩ خۆی كوشت دوای ئەوەی كە بە خیانەت تاوانباركراو چەند ڕۆژنامەیەكیشی دەركرد كەدیارترینیان (اللواء) و(التقدم) بوون.[٣٩] هەروەها پارتی (الشعب) كە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥دا دامەزراوەو یاسین هاشمی سەرۆكی ئەم پارتە بووە، زمانحاڵی ئەم پارتە ڕۆژنامەی (نداء الشعب) بووە كە یەكەم ژمارەی لە

37 ابراهیم خلیل احمد: تاریخ الوطن العربي الحدیث و المعاصر، ل١٦٦؛ جعفر عباس حمیدي: التطورات السیاسیة في العراق ١٩٤١–١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٦، ل١٧٦.

38 عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الاحزاب السیاسة العراقیة،ط١ بیروت– لبنان، ١٩٨٠،ل ٦٧،٦٤،٦١؛ جعفر عباس حمیدي: التطورات السیاسیة في العراق ، ل١٧٧.

39 ابراهیم خلیل احمد: تاریخ الوطن العربي الحدیث و المعاصر ، ل١٦٦.





٢٠ی كانوونی دووەمی ١٩٢٦دا دەرچووە.[٤٠] پارتی (العهد العراقی) لە ١٢ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٠ بەسەرۆكایەتی نوری سەعید دامەزراوەو زمانحاڵی ئەم پارتە ڕۆژنامەیەكی سیاسی ڕۆژانە بوو بەناوی (صدی العهد) و یەكەم ژمارەی لە ٧ی ئابی ١٩٣٠دا دەرچووە، پارتی (الاخاء الوطنی) كە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠دا دامەزراوەو رشید عالی گیلانی باوەڕپێكراوی گشتی بوو، ڕۆژنامەی (الاخاء الوطنی) زمانحاڵی ئەم پارتە بوو. پارتی (الاستقلال) كە لە سالی ١٩٤٦دا مۆڵەتی فەرمی پێدرا و محمد مهدی كبە سەرۆكی ئەم پارتە بوو، رۆژنامەی (لواء) و (صدی لواء الاستقلال)زمانحاڵی ئەم پارتە بوون.[٤١]

پارتی (الاحرار) لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦دا بەسەرۆكایەتی كامل الخضیري دامەزراوە.[٤٢] بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ژیانی پارتایەتی بە شێوەیەكی ئاشكرا لە نێوان سالانی (١٩٣٥–١٩٣٩)دا خامۆش بوو، ئەمەو جگە لە بونی چەندین پارتی نهێنی لەوانە پارتی كۆمۆنیستی عیراقی سالی ١٩٣٤.[٤٣] و چەندین پارتو كۆمەڵەی تر هەبوون كە رۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا گێڕاوە.

40 عبدالجبار حسن الجبوری: الاحزاب والجمعیات السیاسة في القطر العراقي ١٩٠٨–١٩٥٨، بغداد، ١٩٧٧، ل٧١، ٧٢؛عبدالامیر هادی الحكام: تاریخ حزب الاستقلال العراقی ١٩٤٦–١٩٥٨، ، بغداد، ١٩٨٦، ل١٥.

41 عبدالامیر هادی الحكام: تاریخ حزب الاستقلال العراقی، ل٢٩،٢٨، ٣٠.

42 عبدالرزاق الحسنی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠؛ عبدالامیر هادی الحكام: تاریخ حزب الاستقلال العراقی، ل٣٠.

43 جعفر عباس حمیدي: التطورات السیاسیة في العراق، ل١٧٩.

لێرەدا بە هۆی ناسەقامگیری رەوشی سیاسی و دەڵەمەیی ئەو قەوارە بە زۆر دروستکراوەی عیراق بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو کە پارتی بەعس زۆر شارەزاییانە توانی ئەو بۆشاییە بقۆزێتەوە و پارتەکەی پێبگەیەنێت و لە ماوەیەکی بە رێژە کورتدا ببێتە دەسەڵاتێکی سیاسی کاریگەر لە عیراقدا و لە رێگەی کودەتاوە دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنیٚ.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

باسی دووەم

## دامەزراندنی پارتی بەعس

پارتی بەعس سەرەتا وەك جوڵانەوەیەكی فكری دەستی پێكرد، كە لافی تازەگەری لێدەدا.[٤٤] ئەو پارتەی كە دواتر بە (پارتی عەرەبی سۆسیالیست) ناسرا، لە سەرەتاوە بە كۆمەڵەیەكی نهێنی دەستی پیٚ كرد كە رۆشنبیرە نەتەوەخوازەكانی لەخۆ دەگرت.[٤٥] بەڵام تا ئێستەش و تاڕادەیەك مێژووی دروستبوونی ڕوون نیە، تەنانەت بەعسیە كۆنەكانیش لەسەر مێژووی

[44] صلاح العقاد: المشرق العربي المعاصر، مكتب الانجلو المصرية، قاهيره، ١٩٩٣، ل٨٤.

[45] پارتی دیموكراتی كوردستان (مەكتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە): هەڵوێستی حیزبە سیاسیەكانی عیراق لەمەڕ كێشەی كورد ١٩٤٦-١٩٧٠، چ١، ١٩٩٧، ل٦٤.





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

پارتەكەیان یەك راو بۆچوونیان نییە.[٤٦] لەساڵی ١٩٣٩دا سوریا دابەش كرابوو بەهۆی سەرنەكەوتنی ڕێكەوتننامەكان لەگەڵ فەڕەنساو لێسەندنەوەی لیوای ئەسكەندەروونە حكومەت لە بارودۆخێكی ناهەمواردا دەژیا، خەباتی پارتایەتی تەفروتونا ببوو، لەو بارودۆخەدا چەند هەوڵێك درا بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە، یەكێك لەو كۆمەڵانە (حزب القومی العربی) پارتی نەتەوەیی عەرەبی بوو.[٤٧] كە زۆربەی ئەندامانی لە خوێندكاران و لاوان پێكهاتبوون ، سەرۆكی دان پێدانراوی ئەم كۆمەڵەیە دەرچووی زانكۆی سۆربۆنی فەرەنسیو مامۆستای دواناوەندی (زكی الارسوزی) * بوو، یەكەم

[46] حنا بطاطو: العراق، كتاب الثالث، ت/ عفيف الرزاز، ط٢، بيروت، ١٩٩٩، مؤسسة الابحاث العربية، ل٢٩.

[47] أمل ميخائيل بشور: دراسة في تأريخ سوريا السياسى المعاصر، ط١، بدون مكان الطبع، ٢٠٠٣، ل٨٨.

* ئەرسوزی: لە ساڵی ١٨٩٩ لە لیوای ئەسكەندەروونە لە دایك بووە، دەرچووی زانكۆی سۆربۆنو پیشەی مامۆستایی دەكرد و لە دواناوەندی ئەنطاكیە دەرسی وتۆتەوە، كوڕی پارێزەرێكی خاوەن زەویو زاری مامناوەندی ئەنتاكیە بوو، بنەچەی خێزانی لە ئەرسۆزەوە هاتووە كە گوندێكی سەر بەلیوای ئەسكەندەروونەو سەر بەتایەفەی نەسیرییەكان یان عەلەوییەكانە، كە تایەفەیەكی شیعەی توندڕەوە، ئەرسۆزی تاڕادەیەكی زۆر عەلەوی بوو، و لەكتێبەكەیدا (بلیمەتی عەرەب لە زمانەكەیدایە) كە لە ساڵی ١٩٤٢دا چاپ كراوە، لە ئاوێتە كردنێكی داشكاوانەی ئایدیالیزم بە نەسیریەت، مانای نەتەوە بەوە لێكدەداتەوە كە (مانایەكی ئاراستە كراو و داهێنەرانەی هەیە). بەڵام لەڕووی سیاسیەوە ئەرسۆزی سروشتی خۆی لەڕاسیزمەوە وەرگرتووە یان لانیكەم ئەوەیە كە بابەتی ناوەندی ئەو بزاڤە خەستو چڕەی دژی توركەكانی ئەسكەندەروونە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٦و ١٩٣٨دا سەركردایەتی كردو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی كە لە ویلایەتەكەی دەربكرێت، دوای لەدەستدانی لیواكە ئەرسۆزی گواسترایەوە بۆ دیمەشق، لەگەڵ ژمارەیەك لە شوێن كەوتوانیو خوێندكارەكانی لە بەغداد جێگیر بووە و ساڵی ١٩٣٩دا گەڕایەوە بۆ سوریا، ساڵی ١٩٤١ دەسەڵاتی ئینتیداب ئەرسۆزی لە دیمەشق دوورخستەوە، لە ساڵی ١٩٤٣دا وازی لەكاری سیاسی هێناوەو تا ساڵی ١٩٦٧ نەگەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق. (حنا بطاطو: س. پ، ل٣٠؛ أمل ميخائيل: س. ث، ل٨٩؛ بو على

کۆبوونەوەیان  ساڵی ١٩٣٩ لەژێر کاریگەری نەهامەتیەکانی کە ئەو  ساڵە تووشی ئەسکەندەروونە هاتبوو ئەنجامدا.[48]

لەماوەی ئەو  ساڵەدا لەپێناوی دروست کردنی پارتێکی تازەدا، کۆبوونەوەی زۆریان ئەنجام داوە، هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوون،  بەڵام پاش ماوەیەك پارتێکی دیکەی دامەزراند بەناوی (پارتی نەتەوەیی عەرەبی) کە خۆی سەرۆکی بوو.[49]

بۆ ئەندامێتی لەم کۆمەڵەیەدا تەنها یەك مەرجی دانابوو، ئەویش نووسین یاخود وەرگێڕانی کتێبێك بوو کە بەشداری بکات لە ژیانەوەی کەلەپوری عەرەبیدا. لە ساڵی ١٩٣٩ دا کۆمەڵەکەی بۆ دوو بەش دابەشکرد، یەکێکیان سیاسی بوو ناوی نا (حزب التقدمي العربي) پارتی پێشکەوتنخوازی عەرەبی و دووەمیان ڕۆشنبیری بوو بە ناوی (البعث العربي) بوژانەوەی عەرەبی. بەپێی سەرچاوەیەکی تر بەعسی عەرەبی تەنها هەر ناوێك بوو لە کتێبخانەیەکی نابوو کەشوێنی بینینی ئەندامانی گروپەکە بوو،  بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی شوێن کەوتوانی ئەرسوزی زیادی کرد،  بەڵام هەرگیز زۆر نەبوون.[50]

---

یاسین ، محمد جمال باروت، محمد نجاتي طيارة: الاحزاب والحركات القومية العربية، ج١، بدون مكان و سنة الطبع ، ل٢١٢).

48 بطاطو: س. پ، ل٢٩، ٣٠؛شمران عجلي: الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠، ل٢٥.

[49] بو علي ياسين، محمد جمال باروت، محمد نجاتى طيارة: س. پ، ل٢١٢.

[50] بطاطو: س. پ، ل٣١؛ بو على ياسين وأخرون: س. پ، ل٢١٣. شمران عجلي: س. پ،  ل٢٥.





ژمارەی ئەندامانی لە باشترین حاڵەتدا لە (١٢) کەس تێنەدەپەڕی.[51] دروشمی ئەم پارتە بریتی بوو لە (پڵنگێك کە بۆ سەرەوە بەرز دەبۆوەو پەردەیەکی ڕەش دەدڕێنێ کە لەپشتیەوە خۆر هەڵاتبوو).[52] ئەمەش بۆ خۆی لاسایی کردنەوەی نازیو فاشیەت بوو. لە ساڵی ١٩٤٢دا ئەرسوزی وازی لەکاری سیاسی هێناو پارتەکەی کۆتایی هات.[53]

لێرەدا ئەو خاڵە ڕوون نییە، کە بۆچی سەرەنجام لایەنگرانی لێی دورکەوتنەوە، پێدەچێت لەبەر ئەوە بووبێت کە لەڕووی هزریەوە ڕەگەز پەرستیەکەی ئەویان بەلاوە پەسند نەبووبێت یاخود بۆیان دەرکەوتبێت کە وەك پێویست کەسایەتی سەرکردەیەکی سەرکەوتوویان تێدا بەدی نەکردبێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەژاریو دەستکورتیەکەی کە بەسەریدا هاتبوو کەس نەیدەزانی بەچی دەژیا، ئەمانە هەمووی بەشێوەیەکی خراپ کاریان کردبووە سەری، بۆیە خەمۆکی دایگرتبوو زوو هەڵدەچوو و ڕووی ترشو تاڵ بوو، هەرچیەك بێت لە ساڵی ١٩٤٤دا شوێن کەوتوانی بە تەواوی دەستبەرداری بوون.[54]

---

[51] امل ميخائيل بشور: س. پ، ل٨٩.

[52] فائز اسماعيل: بدايات حزب البعث العربي في العراق (١٩٤٤– ١٩٥٠، ١٩٥٠– ١٩٥٣)، ط١، ديمشق– شعلان، ١٩٩٧، ل٤٧.

[53] بو على ياسين: س. پ، ل٢١٣.

[54] حنا بطاطو: س. پ، ل٣١.

**خوێندکارەکانی ئەرسوزی لەدەوری (وهیب غانم) کۆبوونەوەو سالّی ١٩٤٦ لەگەڵ هەڵگرانی بیری (عەفلەق)* و (بیطار)** دا یەکیان گرت.[٥٥]**

* میشیل عەفلەق: میشیل لە سالّی ١٩١٢ لەخێزانێکی مەسیحی ئەرسەدۆکس لە دیمەشق لەدایك بووە، پاش پێگەیشتنی چۆتە زانکۆی سۆربۆن و لەماوەی خوێندنیدا دەستی بەچالاکی سیاسی کردووە، لەگەڵ سەلاحەددین بیتاردا (یەکێتی خوێندکارانی عەرەب) یان دامەزراندووەو پەیوەندیان لەگەڵ خوێندکارانی ولاتە عەرەبییەکان کردووە، باوکی عەفلەق بە حوکمی گەشتە زۆرەکانی و بەهۆی سەفقە بازرگانیەکانیەوە تێکەلاوی پیاوانی هەموو پێڕەوەکان بووە، باوکی ناردوویەتیە دواناوەندیەك لەگەڕەکی تۆمای مەسیحی کە کاهینەکان بەڕێوەیان دەبرد، بەلام عەفلەقی لاو بە بیرکردنەوەی دژ بە تایەفەگەرێتیەوە، ژینگەی باوی ئەوێی بەهیچ جۆرێك پێ لەبار نەبوو، بۆیە هەمیشە لەگەڵ هاوەڵ و مامۆستاکانیدا لەکێشەدا بوو، لە سالّی کۆتاییدا دوای دەمەقالێیەك لەگەڵ بەڕێوەبەردا خۆی گواستەوە بۆ قوتابخانەیەکی ئامادەکاری. عەفلەق لە سالّی ١٩٣٣دا بۆ دیمەشق گەڕایەوە و وانەی مێژووی لە ئامادەیی (تجهیز)دا ووتۆتەوە, لە سالّی ١٩٤٢دا وازی لەپیشەی مامۆستایی هێناوە. (مشیل عفلق: في سبيل البعث، ج١، ل٧-٨ ؛حنا بطاطو: س. پ، ل٣٢، ٣٣؛ د. ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل٢١، ٢٣؛ ابو اسلام احمد عبدالله: صدام حسين، نشأة، التاريخ، الجريمة، ط٢، بيت الحكمة، مصر، ١٩٩٠، ل١٧؛ د.عبدالفتاح على بوتاني: الحيات الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٣، ل٣٤١).

** صلاح الدين بيطار: سەلاحەددین بیتار لە سالّی ١٩١٢دا لەخێزانێکی سوونن مەزهەب لە دیمەشق لە دایك بووە، خێزانەکەی بەدرێژایی دوو سەدە ئیمام و وتار خوێنی مزگەوتەکانی ناوچەکەیان بوو، شێخ سەلیم بیتاری باپیری وەك زانایەکی ئایینی شۆرەتێکی بەرفراوانی هەبوو، تەنانەت لەشارە دوورەکانی وەك قاهیرەو ئەستەمبولیش ناسرا بوو، لە منداڵیدا لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئاراستە ئیسلامی دا خوێندوویەتی و پاشان ڕەوانەی دواناوەندی ئەنبار کراوە کە زۆربەی سەرکردە مندالترەکانی سوریا لەوێ دەرچوون، لە سالّی ١٩٢٩دا لە زانکۆی سۆربۆن ئاشنایەتی لەگەڵ عەفلەقدا پەیدا کردووە، و لە سالّی ١٩٣٤دا گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و بۆتە مامۆستای فیزیا، لە سالّی ١٩٤٢دا وازی لە پیشەی مامۆستایی هێناوەو خۆی تەرخانکردووە بۆ کاری سیاسی. (حنا بطاطو: س. پ، ل٣٢، ٣٣؛ د. ئەلبێرت عیسا: س. پ، ل٢٥؛ سليمان بشير و اخرون: صدام بين





**ئەم دوو کەسایەتیە جولانەوەیەکیان بەناوی (الاحياء العربي) بوژانەوەی عەرەبییەوە دروستکردبوو، کە ببوە جێگەی گرنگی پێدانی و بەهەند وەرگرتن و سەرنج راکێشانی خەڵك بۆی.[٥٦] ئەگەرچی هەردوو دامەزرێنەری سەرەکی خەڵکی هەمان گەڕەك و سەر بەهەمان چینی ئابوری بوون، بەلام لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیاندا ڕێیان لەیەکتری نەکەوتبوو، چونکە بڕینی چاڵی بەردەمیان کە ئایین بوو، سەختتر بوو لە بڕینی چاڵ و تەگەرە ئاساییەکانی نێوان چینەکان، عەفلەق و بیطار لە سالّی ١٩٢٩دا لە زانکۆی سۆربۆن یەکتریان بینیوە، هەر زووش بوون بە دوو هاوڕێی خۆشەویست، لە ئەزموونیشیاندا هاوبەش بوون، کتێبی هەمان کۆمەڵە نووسەریان دەخوێندەوە وەك: (نيچە، ماتزينى، ئەندرێ جيد، رۆمان رۆلان، مارکس و لينين...هى ديکە). عەفلەق لە سالّی ١٩٣٣دا بۆ دیمەشق گەڕایەوە و بیتار سالّی ١٩٣٤ گەڕایەوە.[٥٧] یەکەمیان پسپۆری لە بواری مێژوودا وەرگرت، ئەوی دیکەیان لە بواری فیزیاو بیرکاریدا. دوای گەڕانەوەیان بۆ سوریا نەخشەیەکی فکرییان بۆ جولانەوە نەتەوەییەکەیان کێشا، هەردووکیان کاریگەر بوون بە شەپۆلی شیوعی لەفەڕەنسا و مامەڵەیان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی سوریادا**

الاقوال و الافعال، حزب البعث عن خلال ادبياته (دستور العراق البعثي)، ط١، قاهرة، ١٩٩١، ل٧٣-٧٤.).

[55] بو على ياسين وأخرون: س. پ، ل٢١٣؛ سرهنگ زرهى ستاد، عبدالله رفيعى: صدام ابن غريقه عرب، تهران، ١٣٨٢هـ، ل٦٥.

[56] أمل ميخائيل: س. پ، ل٨٩.

[57] حنا بطاطو، س. پ، ل٣٢، ٣٣.

دەکرد. لە دیمەشق لە دواناوەندی (تجهیز) * لە گەڕەکی مەیدان وانەیان دەوتەوە، ئەڵقەیەکی خوێندکاریان ڕێکخست کە چالاکی ڕۆشنبیری دەگرتە خۆی، لە ساڵی ١٩٣٣دا پەیوەندیان بە حزبی شیوعی کرد و بەشداریان لە دەرکردنی گۆڤاری (الطليعة)دا دەکرد کە روخسارێکی چەپڕەوی هەبوو، عەفلەق لەوێدا ووتارەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە.[٥٨] لەو ماوەیەدا خەمی سەرەکیان مەسەلەی کۆمەڵایەتی بوو، وەك لەوەی زیاتر مەسەلەی نەتەوایەتی بێت، هەستیان بەوە دەکرد زیاتر لەهەر پارتێکی دی لە کۆمۆنیستەکانەوە نزیکن، گەرچی هەرگیز وەك ڕێکخستن پەیوەندیان پێوە نەکردبوو.[٥٩]

بەڵام ئەم پەیوەندیە درێژەی نەکێشا، کاتێك شیوعیەکان پشتگیریان لەڕێکەوتنامەی (فەرەنسی – سوری)** کرد، عەفلەق بەشداری کردنی لە گۆڤارەکەدا ڕاگرت و هەڵوێستێکی زۆر توندی بەرامبەریان وەرگرت، ئەم دابڕان و ترازانە لەگەڵ شیوعیەکاندا فراوانتر بوو.[٦٠]

---

* قوتابخانەیەکی ئامادەکاری حکومی بوو. (هـ. س. پ، ل٣٥).

58 د. أمل میخائیل: س. پ، ل٩٠.

59 حنا بطاطو، س. پ، ل٣٢.

**- ڕێکەوتنامەی نێوان فەرەنسا و سوریا: لە ٩ی ئەیلولی ١٩٣٦دا لە نێوان هاشم الاتاسی سەرۆکی کوتلەی نیشتمانی سوری و (دی مارتیل)ی مەندوبی سامی فەرەنسیدا بەستراو بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە پێوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت دیاری کرا کە ناڕەزاییەکی گەورەی لە نێوان هێزە نیشتمانیەکاندا دروستکرد.(جاسم محمد عدول و اخرون: تاريخ الوطن العربي المعاصر، موصل، ١٩٨٦، ص١٥٨–١٥٩ ).

60 أمل میخائیل: س. پ، ل٩٠.





کۆمەڵەی عەفلەق و بیتار لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٤١دا بەبۆنەی مانگرتنەوە کەمانگێکی خایاند دژی دەسەڵاتی فەرەنسی بەیانێکی ئیمزا کراویان بەناوی (الاحيا العربى)یەوە دەرکرد* لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ناوەکەی گۆڕا بۆ (حزب العربي القومى)، لە نیسانی هەمان ساڵدا بە بۆنەی شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی یەوە بۆ پشتوانی کردن لە شۆڕشەکە، جوڵانەوەی (نصره العراق)** یان پێك هێنا ، ئەم جوڵانەوەیە لە ساڵی ١٩٤١دا پێك دەهات لە میشیل عەفلەق و صلاح الدین بیطارو (٢٥) خوێندکار کە دابەش کرابوون بەسەر چەند ئەڵقەیەکدا. لە ساڵی ١٩٤٣ دا عەفلەق و بیتار دەستیان لەکاری مامۆستایی کێشایەوەو خۆیان تەرخان کرد بۆ کاری سیاسی.[٦١]

جوڵانەوەی (الاحياء العربى) گۆڕا بۆ ڕێکخستنێکی سیاسی دیکە، ئەمەش کاتێك بوو کە عەفلەق و بیتارو جلال سید لەسەر پێکهێنانی ئەو پارتە بەیەك گەیشتن و ناویان نا (البعث العربي) .[٦٢] کە ژمارەی ئەندامانی

---

*– بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٥).

** نصره العراق: ناوی لیژنەیەك بوو کە پێکیان هێنا بوو بۆ پشتیوانی ئەو شۆڕشە، یارمەتی و پیتاکیان بۆ کۆدەکردەوە.

61 شبلى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكى مرحلة الاربعينات التأسيسية ١٩٤٠– ١٩٤٥، دار الطليعة، بيروت، ط٢، ١٩٧٥، ل١٩؛ شبلي العيسمي: تاريخ البعث (فكر و نضال)، بغداد، ١٩٧٦، ل٩–١٠؛ عزالدين دياب: التحليل الاجتماعي لظاهرة الانقسام في الوطن العربي، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٣، ل٢١٧.

62 أمل ميخائيل: س. پ، ل٩٢؛ هادي حسن: دور الحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق في الحركة الوطنية منذ تاسيسه حتى ١٤تموز ١٩٥٨، ط٢، مطبعة معهد الثقافة العالية، بغداد، ١٩٨٤، ل٢٧.

پارتەکەیان لە (١٠) دە کەس کەمتر بوو، هەتا  ساڵی ١٩٤٥ هەر لەو قەبارەیەی خۆیدا مایەوە، ئەوکاتە دەزگەی جێبەجێکردنی (نووسینگەی بەعسی عەرەبی) سیمایەکی دەستە بژێرانەی پێوە بوو. نووسینگەکە لەپاڵ عەفلەق و بیتاردا مەدحەت بیتاریشی گرتەخۆ کە پزیشکێکی خەڵکی دیمەشق بوو، هەروەها جەلال سید کە خاوەن زەوی و زارێکی مامناوەند بوو لە (دیر الزور)ەوە هاتبوو، لە ئایاری ئەو ساڵەدا گروپەکەی ئەرسوزیش دایانە پاڵ پارتەکە.[٦٣]

ئەم چوار کەسە لیژنەیەکی جێ بەجێ کردنیان پێکهێنا کە بەبەیانێك لە ساڵی ١٩٤٢دا  لەدایك بوونی حزبیان ڕاگەیاند.[٦٤]

ووشەی (پارتی بەعسی عەرەبی) بۆ یەکەم جار لە نامەیەکی ناڕەزاییدا هاتووە کە صلاح الدین بیتار لەمێژووی ١٥ی نیسانی ١٩٤٥ دا ئاراستەی ئەنجومەتی (نیابی) کردووە، هەروەها لەهەمان سەرچاوەدا ئاماژە بەوە دەکات، بۆ یەکەم جار ئەم ناوە لە بەیانێکدا هاتووە کە لەڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٤٥ دا دەرچووە کە داوا لە هاووڵاتیان دەکات بۆ جیهادی نیشتمانی و بۆ بەرگری کردن لەسەربەخۆیی سوریا.[٦٥] لە ١٠ی تەمموزی ١٩٤٥ دا میشیل عەفلەق و صەلاحەددین بیتارو مەدحەت بیتار داوایەکی ڕەسمیان پێشکەش بە وەزارەتی نێوخۆ کرد کە ڕێی دامەزراندنی پارتی

---

63 حنا بطاطو: س. پ، ل٣٤.

64 أمل میخائیل: س. پ، ل٩٢.

65 حـزب البعـث العربـي الاشـتراكي:نـضال البعـث، جـزء (١)، ١٩٤٣– ١٩٤٩، بـيروت، ١٩٦٣، دار الطليعة، ل٨٣، ٨٥، ٩٤.





بەعسی عەرەبی یان پێبدرێ،  بەڵام ڕەزامەندیان وەرنەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا لەو مێژووە بە دوواوە  سەرجەم بەیانە ڕەسمیەکان بەناونیشانی (أمة عربية واحدة، ذات ر سالَة خالدة) وە بە واژۆی پارتی بەعسی عەرەبی دەردەچوو،  بەڵام ڕێگە پێدانیان بەشێوەیەکی ڕەسمی تا لابردنی حوکمی سەربازی (ئەدیب شیشکلی) لە  ساڵی ١٩٥٤دا ڕەزامەندی وەرنەگرت.[٦٦]

لە ٣ی تەمموزی ١٩٤٦، ژمارە (١) لە ڕۆژنامەی (البعث)* دەرچوو،[٦٧] کە بووە شێوزایکی زۆر کاریگەر لە خستنەڕووی ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوەکە و ڕوون کردنەوەی ئامانجەکانی کەپێشتر کورت کرابۆوە بەسەر چەند پەخشنامەیەکدا.

بزووتنەوەی بەعسی عەرەبی تا نیسانی ١٩٤٧ هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی نەبووە کە دەسەڵاتی پارت بڕیاری لەسەر دابێت و بەپێی بنەما دەرهاتبێت کە ئاراستە تیۆری و ئامانجە سیاسیەکانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دیاری بکات، هەروەك چۆن هیچ جۆرە پێڕەوێکی ناوخۆیی نەبوو کەسەرکردەو دام و دەزگەکانی دیاری بکات و جولانەوەی نێو خۆی ڕێك بخات، بەڵکو هەموو سامانە تیۆریەکەی کۆمەڵێك وتاری جیا جیا بوو.

---

66 بو علی یاسین وأخرون: س. پ، ل٢١٦.

* –بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧)

67 شبلي العيسمي: تاريخ البعث (فكر و نضال)، ل١٣؛ سرهنگ زرهی ستاد، عبدالله رفیعی: صدام ابن غریقه عرب، ل٦٥.

لەبەهاری ١٩٤٧دا بانگەشەی هەموو ئەندامانی پارتی بەعس کرا، کە لەچەند سەد کەسێك تێنەدەپەڕین بۆ بەستنی کۆنگرەی دامەزراندن لە دیمەشق. * بەمجۆرە لە ٤ی نیسان دا ژمارەیەك ئامادە بوون کە نەدەگەیشتە (٢٠٠) دوو سەد کەسێك، ئەم ژمارەیە نوێنەری زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی سوریا بوون، جگە لەبوونی ژمارەیەك لە نوێنەرانی هەردوو (قطر)هەرێمی ئوردون و لوبنان و لە ڕۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆی سوریا پێك هاتبوو، بەستنی ئەم کۆنگرەیە (٣) ڕۆژی خەیاند.[٦٨] بەڵام لەسەر چاوەیەکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە کۆنگرەی دامەزرێنەر نزیکەی سەد ئەندامی گرتبووە خۆی کە ئەوانیش بریتی بوون لە ڕەگەزپەرستانی پارتەکە. لە نێوان ئەوانەدا یەك کرێکار و یەك جوتیارو دوو (پیشەگەر)، بەڵام ئەوانی تر بریتی بوون لە (٢١) مامۆستاو فەرمانبەرو خوێندکاری ئامادەیی و زانکۆ (٦٠) پارێزەرو (١١) دکتۆر و بازرگان (٤) کەس.[٦٩] و بەیانی کۆتاییان لە ٧ی نیساندا دەرکرد.[٧٠]

کۆنگرە ڕەزامەندی بەخشی بەدەستوور و پەیڕەوی نێوخۆی پارتەکەو دانی بەسەرکردایەتی جێ بەجێ کاری پارتەکەدا نا، عەفلەق بوو بە

---

* –بڕوانە پاشکۆکانی ی ژمارە (٦،٤،٣،٢)

[68] السيد عبدالرزاق الحسنى: تأريخ الاحزاب السياسية العراقية، ل٢٨١–٢٨٢؛ شبلي العيسمي: تاريخ البعث (فكر و نضال)، ل١٤؛سرهنگ زرهى ستاد، عبدالله رفيعى: صدام ابن غريقه عرب، ل٦٥؛ جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق، ل٦٥.

69 بو على ياسين وأخرون: س. پ ، ل٢١٧؛ هادي حسن: س. پ ، ل٣٢؛ محمد علي داهش و سعد غالب: موضوعات مادة الثقافة القومية و الاشتراكية، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧، ل١٢٨.

[70] عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٢..





عەمیدو بیتاریش بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، جەلال سەیدو وەهیب غانمیش بەئەندام پەسند کران.[٧١]

بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی ١٩٤٩دا بەعس پاشەکشەیەکی کاتی بەخۆوە بینی، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەکان دوا بەدوای یەکێك لە ئەزموونەکانی زیندانیکرانی عەفلەق، نامەیەکی* ملکەچی و سەر شۆڕی و خیانەتی ئەویان بڵاوکردبۆوە کە لە ١ی حوزەیراندا بە واژۆی خۆی لە زیندانی (مەززە)وە نووسیبووی و ئاراستەی حوسنی زەعیم کرابوو کە سەرکردەی یەکەمین کودەتای سوریا بوو، ئەو نامەیە ئابڕوچوونێکی ڕەوشتی بوو پێش ئەوەی سیاسی بێت، کە تیایدا میشیل عەفلەق وەك کەسێکی لاواز لە بەرگری کردن لە بیر و باوەڕەکەی پیشان دەدات،[٧٢] تا ئێستەش ئەو هۆیەی پاڵی بەعەفلەقەوە نا ئەم نامەیە بنووسێت جێگەی ڕمڵلێدانە.[٧٣]

پارتی بەعس لە ساڵانی یەکەمیدا لەپێشکەوتنی سیاسیدا نەیتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت، بەڵکو زیاتر ڕۆڵەکەی وەك ڕۆڵێکی

---

[71] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٤.

* لەنامەکەدا هاتووە: "ئێمە ئامادەین رەوتێکی نا لایەنگر بگرینە بەرو زمانی خۆمان بگرین، ئەگەر ئەمە خواستی ئێوە بێت،... سەبارەت بە خۆشمەوە بڕیارمدا بە یەکجاری واز لەسیاسەت بێنم... پێشموایە ئەرکی من کۆتایی هاتووەو شێوازەکەی من بۆ سەردەمی نوێ گونجاو نیە". (حنا بطاطو: س. پ، ل٣٤.

72 راستي: المسالَة الكردية حوائل على طريق الحل الديمقراطي، ط١، مطبعة هاڤيبون، برلين، ٢٠٠٣، ل٧٠.

73 حنا بطاطو: س. پ، ل٣٤.، د.عبدالفتاح على بوتاني: الحيات الحزبية في الموصل...، ل٣٤٣.

لاوەکی مایەوە لەسەر شانۆی سیاسی سوریاو بەسەرکەوتنی ڕاستەقینە نەگەیشت، تا یەکگرتنی پارتەکەی لەگەڵ حزبەکەی (ئەکرەم حۆرانیدا)[*]. [٧٤] لە ٥ی ئازاری ١٩٥٤دا ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتنی هەردوو پارتەکە (پارتی بەعس‌و پارتی عەرەبی ئیشتراکی).[٧٥]

لەسەرکردایەتی نوێدا سیان لەسەرکردەکانی بەعسی نوێ دیاریکران کە بریتی بوون لە (عەفلەق‌و بیتارو جلال سەید)و دوان لەسەرکردەکانی عەرەبی ئیشتراکی کە ئەوانیش (حۆرانی)[**] و (ئەنتۆن مەقدسی)[***]

---

[*] –بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨)

[74] فاضل حسين: الفكر السياسى في العراق المعاصر (١٩١٤– ١٩٥٨)، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ل١٢٣.

[75] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٦، ٣٧؛ محمد منذر: الجبهة والحزب السياسي ، المباديء العامة و منطلقات اساسية، ط١، من منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت لبنان، ٢٠٠٤، ل٧٢؛ سرهنگ زرهی ستاد، عبدالله رفيعی: صدام ابن غريقه عرب، ل٦٥.،

[**] ئەکرەم حۆرانی: لە ساڵی ١٩١٢ لەدایك بووە کوڕی مۆڵکدارێکی دەوڵەمەندی حەمما بوو، بەڵام برایەکی گەورەتری سەروەت‌و سامانەکەیانی بەفیڕۆ دابوو بۆیە ئەو هەرگیز بەشی پێویست پارەی پێنەبوو، لە ساڵانی لاویدا پێویستی بە دەستنوقاوییەکی زۆر بووە، سەرەتا لە حەمما خوێندوویەتی‌و دواتر ڕووی کردۆتە قوتابخانەی تەجهیز لە دیمەشق، دوای تەواو کردنی ئەوێ چۆتە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی یەسوعی، بەڵام ناچار بووە وازی لێبهێنێت لەبەر پەیوەندار بوونی بەهەوڵی دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی سوبحی بەرەکات، کەسەرۆکێکی پێشووی دەوڵەتی سوریاو لایەنگری فەڕەنسیەکان بووە، پاشان ساڵی ١٩٣٦ گەڕایەوەو پەیوەندی کردوە بە پەیمانگەی مافناسیەوە لە دیمەشق و لە ساڵی ١٩٣٨ دا کەوتۆتە ڕێ بۆ حەمما بۆ ئەوەی کاری پارێزەری بکات، ساڵی ١٩٣٦ چووەتە ڕیزی ڕێکخستنی پارتی نەتەوەیی سوری کۆمەڵایەتی، دواتر لێی کشاوەتەوە، بووە بە ئەندام‌و دواتر سەرۆکی پارتی (شباب) کە (عوسمان حورانی) ئامۆزای دیمەزراندبوو ساڵی ١٩٣٨، هەروەها بە هونەری نووسینیش ناوی دەرکردبوو کە وتارەکانی لە گۆڤاری پارتی هەفتەنامەیی (اليقظه)دا بڵاوکردۆتەوە.





بوون.[٧٦] ئیتر لەو کاتەوە ناوی پارتە تازەکە گۆڕا بە (حزب البعث العربی ألاشتراکی).[٧٧]

بنەماکانی یەکگرتنەکەش بەپێی ئەم خاڵانە دیاری کران:–

١– دەستووری پارتی بەعس دەستووری تازەی پارت دەبێت.

٢– ڕێکخستنی پارتی عەرەبی ئیشتراکی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتی بەعسدا یەکدەگرێت.

٣– ناوی پارتی تازە (پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیە)، واتا زیادکردنی ووشەی ئیشتراکی.

٤– ئەکرەم حۆرانی دەچێتە پاڵ سەرکردایەتی باڵای پارت.[٧٨]

بەم شێوەیە بەعس لە کۆمەڵەیەکی بچوکەوە دەستی پێکرد کە چەند مامۆستایەکی دواناوەندی کۆمەڵێك خوێندکاریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە و بوونە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی ئەو پارتەی کە ماوەیەکی

---

هەروەها لە جوڵانەوە سەربازیەکەی ١٩٤١ی عێراقدا بەخۆی‌و چەند ئەفسەرێکی لاوی خەڵکی حەمماوە بەشداریکردوە، لە ساڵی ١٩٤٣دا بەنوێنەری حەمما هەڵبژێردراوە، و بەهاتنی ساڵی ١٩٥٠دا بڕیاریدا ناوی پارتەکەی بگۆڕێت بۆ (حزبی ئیشتراکی عەرەبی) ژمارەی ئەندامەکانی لە ١٠ دە هەزار کەمتر نەبوون. (حنا بطاطو: س. پ، ل٣٥، ٣٦؛ أمل ميخائيل: س. پ، ل٨٥).

[***] بە تایەفە مەسیحیەکی ئەرسەدۆکسی و بە پیشە مامۆستای زانکۆ بوو لەشارۆچکەی یەبرود لەناوچەی قەلەمون دا دەژیا. (حنا بطاطو: س. پ، ل٣٦، ٣٧),

[76] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٦.

[77] فاضل حسين: الفكر السياسى فى العراق المعاصر، ل١٢٤.

[78] بو على ياسين وأخرون: س. پ، ل٢٢٨؛ صباح محمود محمد: حزب البعث العربي الاشتراكي، دراسة موجزة في المؤتمر القومي الاول و الفترة التي تلته حتى عام ١٩٥٤، مجلة كلية الاداب، العدد(٢٤)، كانون الثاني ١٩٧٩،ل٢١٢.

دوور و درێژ لە مێژووی سیاسی عیراقدا رۆڵی خۆی بینی، ئەگەرچی پێمان وانیە بەو ژمارە کەمە بن چونکە ناکرێ دوو مامۆستای دواناوەندی دەست لە پیشەی مامۆستایی بکێشنەوە بۆ کاری سیاسی، لە کاتێکدا ژمارەی ئەندامەکانی (٢٥) خوێندکار بێت، ئەمە جۆرە زیادەڕەویەکی پێوە دیارە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## بڵاوبوونەوەی پارتی بەعس لە عێراقدا

سەرەتاکانی دەرکەوتنی بەعس لەعێراقدا بۆ کۆتایی چلەکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی پارتی بەعس لە سوریادا، میشیل عەفلەق پشنیاری درووست کردنی شانەی نهێنی لە وڵاتە عەرەبییەکانی دراوسێی سوریا کرد، کە عێراقیش یەکێك لەو وڵاتانە بوو. دەرکەوتنی بەعس بە شێوەیەکی دیار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ کاتێك بۆ یەکەم جار لە کتێبخانەکانی عیراقدا دوو نامیلکەی بچوك بینرا، کە ئەوانیش (احاديث في البعث العربي) و (في السياسة العربية) بوون کە بە نێوی بەعسی عەرەبیەوە دەرچوبوون.[٧٩] ڕاستە بوونی هەندێك لە خوێندکارە عێراقییەکان ئەوانەی لە چلەکاندا لە زانکۆی دیمەشق دەیانخوێند یاخود لە بەیروت پەیوەندییان هەبووە بە پارتی بەعسەوەو بەشداری کۆنگرەی دامەزراندنیان لە دیمەشق کردووە، لەو ڕێگەیەوە ئاشنا بوون بە بیروباوەڕ و ئامانجەکانی و خوێندنەوەیان بۆ هەندێك لە بەیانو بڵاوکراوەکانیان و کاریگەریان لەسەریان هەبووە و هەندێکیان بەشداریان لە گواستنەوەی بەشێك لەم بیرە بۆ عێراق لەکاتی گەڕانەوەیاندا کردووە.[٨٠] بەڵام هۆکاری گرنگ لە بڵاوبوونەوەی ئەم پارتە

79 حسن احمد محمد: الفكر الاشتراكي لحزب البعث العربي الاشتراكي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٢، ل١٩٨.

80 شلبى العيسمى: حزب البعث العربي اشتراكى، مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩– ١٩٥٨، ل٢٠٠؛ هادي حسن: س،پ، ل١٢٦.، د.عبدالفتاح على بوتاني: الحيات الحزبية في الموصل...،ل٣٤٤.





دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندکارو مامۆستا سوریانەی کە لەئەسکەندەروونەوە چووبون بۆ عیراق و لە وێدا دەیانخوێند.[٨١] لەنێو ئەو خوێندکارە سوریانە دا (أدهەم مستەفا) بوو کە پەیوەندی بە (ئامۆژگەی باڵای مامۆستایان)ەوە کردبوو، و ساڵی ١٩٤٧ یەکەم شانەی بەعسی لەعێراقدا درووست کرد و بانگەشەی بۆ پارتی بەعس بڵاوکردەوەو کۆبوونەوەی پێ دەکردنو نامیلکەی بەعسی بۆ دەگواستنەوە، و ژمارەیەکی زۆر لە نامیلکەی دەستووری بەعسی عەرەبی دابەشدەکرد.

شایانی باسە (فائیز ئیسماعیل) کە خوێندکارێکی سووری و خەڵکی ئەسکەندەرونە بوو، لە کۆلێژی یاسای عێراقی دەیخوێند کتێبخانەیەکی لە کەرخ بەناوی کتێبخانەی (اليقظه العربيه)ەوە دامەزراند.[٨٢]

واتە بە دەستپێشخەری چەند لاوێکی ئەسکەندەروونە، بەتایبەتی فائز ئیسماعیل کە کوڕی پیشەوەرێکی عەرەبی عەلەوی بوو لەگەڵ وەسفی غانم، کە خوێندکاری پەیمانگەی باڵای مامۆستایانو برای وەهیب غانمی ئەندامی سەرکردایەتی بەعسی سوریابوو، چەند بازنەیەکی سەرەتایی بەعس دامەزرا، لە هەمان کاتدا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەلدانی ئەم پارتەدا سلێمان عیسا کە هۆنەرێکی عارەبی سوننەی حەلەب بوو ڕۆڵی

81 السيد عبدالرزاق حسنى: س. پ، ل٢٨٢؛ عبدالفتاح على بوتاني: الحيات الحزبية في الموصل...،ل٣٤٤،

82 فاضل حسين: الفكر السياسى فى العراق المعاصر ، ل١٢٤؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە): هەلوێستی حیزبە سیاسیەکانی عیراق لەمەڕ کێشەی کورد...، ل٦٤.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرچاوی بینی.[٨٣] دوای ئەوەی فائز ئیسماعیل سەفەری سوریای کرد، (عبدالرحمن الضامن) کە خوێندکارێکی عێراقی بوو لە کۆلێژی یاساو کاروباری نهێنی بەڕێوە دەبرد و (یحیی یاسین) یارمەتی دەدا، بەرپرسی نامە کاری و پەیوەندییەکانی بەمەرکەزو پاراستنی سجلەکان بوو، و (جاسم محمد الحمراء) لێپرسراوی کەڕادە بوو، دواتر لەبەر هۆکاری تەندرووستی عبدالرحمن وازی هێنا و لێپرسراوێتی کەوتە دەست (ابو القاسم محمد كرو) کە یەکێك بوو لە خوێندکارە تونسیەکان لە ئامۆژگەی باڵای مامۆستایان.[٨٤]

لە هەمان کاتدا لە شاری کەربەلا لە لایەن سەعدون حەمادی یەوە وەك کەسایەتیەکی سەربەخۆ کە ئەو دەمە لە بەیروت دەیخوێند یەکەم شانەی لە ساڵی ١٩٤٨ دا دامەزراند بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی بە ڕێکخستنەکانی بەغداوە هەبێت و حەمادی بلاوکراوە حیزبییەکانی لە بەیروتەوە دەناردەوە، لەوانە ڕۆژنامەی (البعث) کە بە بەردەوامی هەفتانە دەگەیشت و بەشێوەیەکی ئاشکرا دەفرۆشرا، جگە لە ڕۆژنامەی (المروة الوثقى) کە لەبەیروت دەردەکرا، بیروباوەڕەکانی بەعسی بەشێوەیەکی ئاشکرا بلاودەکردەوە، سەرەتا ئەم کارکردنەی وەك کەسێتیی سەربەخۆ ئەنجام دەدا، بەلام دواتر شێوەی کارکردنەکە ڕێکخرا و بەسترا بە ڕێکخستنی بەغداوە و ساڵی ١٩٥٢ شمس الدين كاظم ئەندامی

---

[83] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٧، ٤٨؛ شمران عجلي: الخريطة السياسية للمعارضة العراقية،ل٣١.

[84] فاضل حسين: الفكر السياسى فى العراق المعاصر ، ل١٢٥؛حنا بطاطو: س. پ، ل٤٨.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرکردایەتی لق سەرپەرشتی دەکرد.[٨٥] لە ساڵی ١٩٥١دا یەکەم شانەی ڕێکخستنی حزبی لە شاری بەعقوبە لە ڕێگەی ئەندامانی حزب(معاذ عبدالرحيم) کە خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایانی لادێکان بوو پێك هات، لە شاری موسلیش ڕێکخستنی حزب لەو خوێندکارانە پێك هاتبوو کە لە ساڵانی پەنجاکاندا لە پەیمانگە و کۆلیژەکانی بەغدا دەیانخوێند.[٨٦] لە ساڵی ١٩٥١ دا (فؤاد ركابي)* دەسەڵاتی وەرگرتو تاماوەی (٨) ساڵ سەرکردایەتی دەکرد.[٨٧] یەکەمین شتی ئەم ڕێکخراوە نوێیە پێ چەسپاندن بوو لەناو کۆلێجەکانی زانکۆی بەغدادا لە ئەعزەمیە، بەلام وورده وورده دەستڕۆیی خۆی درێژ کردەوە، لە ناصریە لە ساڵی ١٩٥٠ دا لە ڕێگەی (فوئاد رکابی)ەوە ڕێکخستنی بەعس دامەزرا، ساڵی ١٩٥١ لە شاری حلله (عبدالوهاب كريم) ڕێکخستنی ئەو شارەی پێکهێنا و لە شاری سامەراش لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی (عبدالله سلوم السامرائی)ەوە و لە شاری بەسرا لەڕێگەی (وەسفی غانم) و لە شاری کوتیش ساڵی ١٩٥٤ لە ڕێگەی (محمد جميل شلش)ەوە شانە حزبیەکانی بەعس دروست

---

[85] سيد عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٢.

[86] هادي حسن: دور الحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق... ،ل١٢٧.

* رکابی شیعە بوو، خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری بوو، لە ساڵی ١٩٣١دا لە ناسریە لەدایك بووە، باوکی فەرمانبەرێکی هەژاری میری بووە، دایکیشی ئامۆزای دووهەمی ساڵح جەبری سەرەك وەزیران بوو، سەر بەخێزانێکی چینی ناوەڕاست بوو لە هۆزی بەنی رکاب، لەتەمەنی ١٦ یان ١٧ ساڵیدا بوو کە سیاسەت کێشیکرد، ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی کردوە بە حزبەوە. (حنا بطاطو: س. پ، ل٤٨؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە): هەلوێستی حیزبە سیاسیەکانی عیراق لەمەڕ کێشەی کورد...، ل٦٤).

[87] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٨.

کران،[٨٨] زۆربەی ئەوانەی پەیوەندییان پێوە دەکردن خوێندکاری زانکۆو ئامادەییەکان بوون، ئەوانەی لە ڕیزەکانی (سەربەخۆ خوازەکان) نیشتمانپەروەرەکاندا کە دەرەتانێکیان بۆ جۆش و خرۆشیان دەستنەدەکەوت.[٨٩]

هەر لە سەرەتای سالی ١٩٤٨ چەند شانەیەکی بچووکی خوێندکاری پێکهاتبوو کە هەریەکەیان نزیکەی (٥) ئەندامی لەخۆ دەگرت، و یەکەم ئاهەنگی پێوەندارێتیی (انتماء) لە (دار البعثات)ی عەرەبی لە ئەعزەمیە ئەنجام درا.[٩٠]

لە رووی رێکخستنەوە پێکهاتەی پارتەکە بەم شێوەیە بوو: هەموو (٨) یاخود (١٠) بازنەیەك تیپێکیان پێك دەهێنا و چەند ژمارەیەکی دیاری کراو لەم بازنانە کەرتێکیان پێك دەهێنا، هەموو ئەم بازنانە بەتەنیا کۆ دەبوونەوەو دواتر سەرۆکی بازنەکە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە لێپرسراوی پارچەکان دەکردو تیایدا باس لە چالاکی جوڵانەوەکەو ئەندامەکان و پەیوەندیەکانیان و پێگەیشتنیان دەکرا.[٩١]

بونیادی ڕێکخستن سادە بوو، یەکەی بنەڕەتی بریتی بوو لە (فرقە) کە لانیکەم لە (٢) ئەندام پێك دەهات، هەردوو فرقەیان زیاتر (شوعبە) یان پێك دەهێنا، هەر دوو (شعبە)یان زیاتر (فرع)ێکیان پێکدەهێناو لەسەرو

88 هادي حسن: دور الحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق...، ل١٢٨-١٢٩.

89 حنا بطاطو: س. پ، ل٤٨.

90 شلبی العیسمي: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩-١٩٥٨، ل٢٠١.

91 فاضل حسین: الفكر السیاسي في العراق المعاصر، ل١٢٨.





فەرعیشەوە (دەستەی سەرکردایەتی) هەبوو کە لەبنەڕەتدا لە سەرۆکی نووسینگەکانی پارت پێکهاتبوو بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و کرێکاران و وەرزشی و دارایی هەروەها سەرۆك و ئەندامانی نووسینگەی سیاسی هەبوو لەسەروو هەمووشیانەوە (عەمید) هەبوو.[٩٢] پلەکانی حزبیش بریتی بوون لە:

دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی هاوڕێیەتی بە پلەی (مؤید-لایەنگر)، دواتر بەرزدەبێتەوە بۆ پلەی (نصیر-پشتیوان)، دواتر پێشدەکەوێت و هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەندامێتی، دوای ئەوەی بەعسی بە سەرکەوتوویی قۆناغی هەڵبژاردنی ئەندامێتی دەبڕێت دەبێتە ئەندام و ماوەی شەش مانگ لە ژێر تاقیکردنەوەدا دەبێت، پاشان سوێند دەخوات و بە وەفایی خۆی بۆ بەعس دەردەبڕی پاشان دەبوو بە ئەندامی (فرقە) و باوەڕپێکراوی بەعس و بازنەی خەباتی حزبی فراوانتر دەبێت و بەرزدەبێتەوە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی(فرقە) و دواتر بۆ ئەندامی (شعبە) و پاشان بۆ ئەندامی (فرع) و دواتر بۆ ئەندامی (قیادەی قطری)، کاتێك دەبێتە (امین سر للقیادة القطریة) ئەوا دەبێتە ئەندامی (قیادی فرع) کە ئەمەش بەرزترین پلەی سەرکردایەتیە لە حزبدا.[٩٣] ئامانجەکانی ئەم پارتە بە شێوەیەکی گشتی وەك لە بەیانی یەکەمی بەعسدا هاتووە بریتی بوو لە:

92 حنا بطاطو: س. پ، ل٥٠.

93 سلیمان فرحان: مذكرات بعثي سابق، تقدیم/ احمد رائف، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩١، ل٣٩.

١–نوێنەرایەتی کردنی گیانی عەرەبی دژی شیوعیەتی ماددی.

٢–نوێنەرایەتی مێژوویی زیندوی عەرەبی دژی دواکەوتوویی مردوو و پێشکەوتنی دەستکرد.

٣–نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەبی تەواو کە دەربڕی دەستکەوتی تاکەکەسیە دژ بە نەتەوەیی زارەکی کە لەسەر زمان و کۆمەڵێك هەلسوکەوت تێناپەڕێت.

٤–نوێنەرایەتی نامەی عروبە دژ بە پیشەی سیاسی.

٥–نوێنەرایەتی نەوەی عەرەبی نوێ.[94]

چالاکییەکانی حزب لەسەرەتادا لە چەند کارێك تێنەدەپەڕی لەوانە:–

مژدە پێدان بە پرەنسیپەکانی پارت و بڵاوکردنەوەی و درووست کردنی شانەی خوێندکاریو هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی هاوڵاتیان بە ئامانجەکانی بەعسو دروشمەکانی لەڕێگەی نووسین لەسەر دیوار، یاخود لە کاغەز دەیاننوسیو لەهەندێك شوێنو بۆنەدا دابەشیان دەکرد ، و لەڕێگەی بەشداربوون لە ئاهەنگو خۆپیشاندانەکانو هوتاف کێشان بەناوی حزبو دروشمەکانی.[95]

جگە لەوە هەڵواسینی چەند نووسراوێك کە بەدەست نووسرابوو، بەوە حزبیان دەناساند یاخود لە دیواری هەندێك لە کۆلێژەکانو خوێندنگەکان بەشەوو بەنهێنی تەواوەوە، چونکە حزب دەیویست پارێزگاری لە

[94] جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق، ل٦٥٤.

[95] شلبى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩–١٩٥٨، ل٢٠٢.





ئەندامەکانی بکات.[96] بەعس بەشداری لە ئاهەنگە سیاسیەکاندا دەکرد و بەهۆی بارودۆخی کارکردن بەنهێنی، ئەمە وایکرد بوو لە ژێر چەند ناوێکی جیاوازدا کاربکەن، وەك (الشباب العربى فى العراق)و (الاشتراكيون العرب) و (الشباب العربى الجامعى) .[97]

هۆیەکانی چاپ لەسەرەتادا زۆر بەسادەیی دەستی پێکرد، کە پشتی بە لەبەرگرتنەوە بەدەست (استنساخ) دەبەست، یاخود نووسین بە تەباشیر لەسەر جادە.[98] هەندێك لە زانیاریەکان لەقۆناغی یەکەمدا بەدەست دەنووسراو لەسەر چەند نوسخەیەك دواتر ئەندامەکان دەستاو دەستیان پێدەکرد، و هەندێك لە بەیاننامە گشتیەکان تا ساڵی ١٩٥٢ کە ڕۆژنامەکان نەیان دەتوانی بڵاویبکەنەوە بەدەست دەنوسرانو بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکران.[99] بەعس توانی ئامێرێکی ڕۆنیۆیی دەست بکەوێتو یەکەم ڕۆژنامەی بەناوی (العربى الجديد)ەوە دەرکرد. دوو ژمارەی لێدەر کرد دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ (اشتراكى) کە هەندێك لە پیتەکانی ڕۆژنامەکە نەدەخوێندرایەوە.[100] لەوێدا بڵاوکراوەکانی حزبو

[96] عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٣؛ هادي حسن: دور الحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق...،ل١٣١.

[97] فاضل حسين: الفكر السياسي في العراق المعاصر ، ل١٢٩؛ شلبى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩–١٩٥٨، ل٢٠٣؛جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق، ل٦٥٨.

[98] عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٦.

[99] شلبى العيسمي: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩–١٩٥٨، ل٢٠٢.

[100] عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٦؛ شلبى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩–١٩٥٨، ل٢٠٣.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئـەو بەیاننامانـەی کـە بـەهۆی ڕووداوە سیاسـیەکانی عێراقـەوە دەریـان دەکــرد و بڵاویــان دەکــردەوە.[١٠١] بــەعس تــوانی لــە ســاڵی ١٩٥٤دا چاپخانەیەکی دەست بکەوێت کە لەکەربەلا بە (٥٠) دینار کڕیبووی لە لایەن (فوئاد رکابیو علی صالح السعدی)یە وە. لەسەرەتادا لە ماڵی علی صالح السعدی دانرا، دواتر گواسترایەوە بۆ یەکێك لە چاپخانەکان. هەر لـەو ماوەیـەدا بـەعس تـوانی سـوود لـە ڕۆژنامـەی (الحریـە)ی ئاشـکرا وەربگرێت کە خاوەنەکەی (قاسم حمودی) بوو بۆ ماوەیەکی کورت بۆ ڕوون کردنــەوەی ئامانجــەکانی حــزب، و پرەنــسیپەکانی کــە یارمــەتی دەرێکی باش بوو بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵێکی گەورە لە ڕۆشنبیران.[١٠٢] بە شـێوەیەکی گـشتی ئـەدەبیاتی پـارتی بـەعس دەتـوانین بـۆ دوو بەشـی سەرەکی دابەشی بکەین:

١-کۆمەڵێك کتێبی نوسراوی ئاشکرا، ئەم کۆمەڵەیەیان بە شێوەیەکی زۆر پارێزگارانـە نوسـرابوون و ئامـانج لێیـان تـەنها راکێـشانی لایـەنگران بوو، پشتی بە شێوازێکی ئەدەبی بەستبوو و جۆرێك لە جیاوازی تێدابوو.

٢-کتێبـە نهێنیـەکان کـە تـەنها لـە نێوخـۆی بازنـەکانی ڕێکخـستندا دەخوێندرایەوە و نەدەدرا بە کەس، ئەم کتێبە نهێنیانە بە شێوەیەکی زۆر

101 فاضل حسين: الفكر السياسي في العراق المعاصر ، ل١٢٨.

102 عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٦؛ شلبى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩-١٩٥٨، ل٢٠٣.





ڕوون و ئاشـکرا بانگەشـەیان بـۆ ئـەو بـیر و باوەڕانـەیان دەکـرد کـە لـە خەڵکیان دەشاردەوە تا روی راستەقینەیان دیار نەبێت.[١٠٣]

دەسـەڵات تـا پـێش ساڵی ١٩٥٢ هـیچ جـۆرە بایـەخێکی بـە چالاکی بەعـسیەکان نـەدەدا، بۆیـە جۆرێـك لـە ئازادیـان لـە زانکـۆ هـەبوو کـە دەیانتوانی چاوپێکەوتن بەڵکو هەندێك جار کۆڕ و کۆبوونەوە ببەستن دور لە چاودێریو ڕاوەدوونان لە کۆلێژەکانی زانکۆدا، بەڵام دوای ئەو ساڵە حکومەت هەستی بە چالاکی زیادە ڕەوانەیان کردوو درکی بە مەترسی دەسەڵاتیان کرد، بۆیە چاودێریان خستە سەریان.[١٠٤] چالاکی بەعسیەکان سەرنجی دەوروبەری بۆ خۆی ڕاکێشابوو، بۆ نمونە ڕۆژنامەی (الاخبار) لە کانوونی یەکـەمی ساڵی ١٩٥٢دا لـە بابەتێکـدا ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە حزبێکـی سیاسـی بـەناوی پـارتی بەعـسی عـەرەبی لەعێراقـدا درووسـت بووەو چالاکی نایاسایی ئەنجام دەدەن.[١٠٥]

ئەندامـەکانی ئـەم پارتـە ڕۆڵێکـی گرنگیـان هـەبووە لـە ئامـادەکردن بـۆ مانگرتنو خۆپیشاندان، کە شارەکانی عێراقی گرتەوە، لەڕاستیدا یەکەم بەیانی فـەرمی سیاسـی بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپـەڕین لەلایـەن بەعسەوە لـەژێر واژۆی (الـشباب العربـى الجـامعى فى العـراق) دەرچـوو کـە تیایـدا ئیدانـەی

103 سليمان بشير و اخرون: صدام بين الاقوال و الافعال، ل٦٥-٦٦.

104 شلبى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموا والتوسع ١٩٤٩-١٩٥٨، ل٢٠٤.

105 ابراهيم خليل احمد، جعفر عباس حميدى: تاريخ العراق الحديث، ل١٥٤، ١٥٥؛ عبدالرزاق الحسنى: س. پ، ل٢٨٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەست درێژی کردنە سەر خوێندکارانی کۆلیژی دەرمانسازی (صیدلیە) دەکات لەلایەن پۆلیسەوە.[١٠٦]

ئەو بنەما سیاسیە تازە و تایبەتیانەی پارتی بەعس، بنەمای جیاوازی و لێکنەچوونە لە نێوان ووتن و کردار دا لە نێوان تیۆر و بەجێهێناندا، لە چەواشەکردنی خەڵك و هەڵخەڵەتاندن بە دروشمی بریقەدار ، ئەم یاریکردنەی بەعس بە وتە و عەقڵی خەڵکی هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە پیادەکراوە لەوەی لە نێوخۆی پارتەکەیاندا شتێکیان بڵاودەکردەوە و لە دەرەوەش شتێکی تر، بێگومان پارتێکی لەو جۆرە هەرگیز نابێت بە پارتی گەل و جێی متمانەو بڕوای میللەت نابێت.

---

[106] عبدالرزاق الحسنی: س. پ، ل٢٨٤.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## باسی سێیەم

# بنەما ئایدۆلۆژیەکانی پارتی بەعس

دەستور(پەیرەوو پرۆگرام)ی بەعسی ساڵی (١٩٤٧) لەپاڵ نووسینەکانی میشیل عەفلەقدا تا ساڵی ١٩٦٣ بۆ فکری پارتی بەعس سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون، هەرچەندە ئەو دەستوورە کاریگەریەکی زۆری فکری عەفلەقی شانبەشانی فکری (ئەرسوزیو وەهیب غانم)ی بەسەرەوە بوو، بەڵام لەگەل ئەوەشدا کە عەفلەقیەت سەرچاوەیەکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیای پارتی بەعس بووە تا بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی شەشەم لە ساڵی ١٩٦٣دا لەژێرناوی (هەندێ دەرهاویشتەی تیۆری–بعض المنطلقات النظریه)، کەشوێنی عەفلەقو ڕێبازەکەی گرتەوە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بیانسڕێتەوە.[١٠٧] کەواتە لەڕووی

[107] بو علی یاسین و اخرون: الاحزاب والحركات القوميه، ل٢٣٧، ٢٣٨.





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

ئایدیۆلۆژییەوە بەعس تاڕادەیەکی زۆر لەچلەکاندا دەستکردی میشیل عەفلەق بوو، لەقاڵبدانی هزریانەی حیزب بۆ ئەو نزیکە قۆرخ کردنێك بوو. چونکە لەو سەردەمەدا هەموو بەعسیەکان عەفلەقیان بەمامۆستای خۆیان دادەنا، بەڵام (قۆرخ کردنی عەقیدەیی) عەفلەق لەسوریای پەنجاکاندا درزی تێکەوتبوو، ئەمەش لەبەشێکیدا دەگەڕایەوە بۆ فراوانبوونی لەپڕو خێرای ڕیزەکانی بەعس، ئەمە بەسەر یەکێتیی هزرییانەی بەعسیشدا هات. لەگەڵ ساڵی ١٩٥٧دا وەك چاپکراوێکی نێوخۆیی ئەو ڕۆژانە دەڵێت: "بەعسی سوری بوو بە (بابل)ێك لەشەپۆلە ئایدیۆلۆژییە بەگژیەکدا چووەکان، بەڵام لەعێراقدا باوەڕدارانی بەعس تا نیو دەهەی دواتریش تێدەکۆشان لەتوێی لاپەڕەکانی عەفلەقەوە ڕێگە بگرنە بەر، لەبەرچاوی ئەوان عەفلەقو بەعسیزمی ڕەسەن هاوتای یەك بوون".[١٠٨] جگە لەوەی کە ئەو بیروباوەڕانەی کە پارتی بەعس خستبویە ڕوو شتێکی تازە نەبووە، بەڵکو پێش ئەوان کۆمەڵێکی زۆر لەچاکسازەکان ئەو بیرو باوەڕانەیان خستۆتە ڕوو، بۆیە بەعس جگە لە میراتگرێکی ئەو بیروباوەڕانە شتێکی تازەی دانەهێناوە.[١٠٩] لێرەدا مرۆڤ بیروڕایەکی جیاواز لەگەڵ بەشی چەپی بەعس دەبینێ کەپێیان دەوترا (جماعة المنطلقات النظرية) بۆ عەفلەقیەت، بەشی "چەپی بەعس" پێیان وابوو کەئەمە بریتیە لەفکرێك یاخود ئاراستەیەکی سیاسی کە سنووری کەسێکی دیاری کراو تێدەپەڕێنێ، تەنانەت ئەگەر بەشی "ڕاستی بەعس" باشترین

[108] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٧.

[109] أمل میخائیل بشور: س. پ، ل٩٤.

دەربڕی بیرۆکەی بەعسیش بووبێت.[110] بەڵام لەهیچ شوێنێکدا هزرەکانی عەفلــەق بەشــێوەیەکی ڕێکوپێــك دانەڕێــژرابوون، بــەڵکو لــە وتــارە گشتییەکانیو تێبینیە خۆشگۆکانی بەردەمی موریدانیو چەند بابەتێکی کورتدا کەلەژێر فشاری ڕووداوەکاندا نووسرابوون پەرتو بڵاوببوونەوە. تەنانــەت ئەگــەر ئــەم ماددانــەش پێکــەوە کۆبکرێنــەوە گۆشــەنیگایەکی تۆکمـەو تونـدوتۆڵ پێـك نـاهێنن، ئەمـەش پەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە، کـە عەفلـەق زیـاتر مـەیلی لـەوەبووە پـشت بەهەستو بـە (ئیمـان) ببەستێت، زیاتر لەشیکردنەوەو تێخوێندنەوەی ڕاستییەکان، هەروەها پەیوەندیشی هەیە بەزمانی عەفلەقەوە کەنزیك بوو لەزمانی شاعیران، کە زیاتر هێمای تێدایە نەك ڕاشکاوییەکی لۆجیکانە.[111]

ڕاستیەکەی تـا سـەرەتای شەسـتەکان باڵی "چەپ ڕەوەکان"ی حزب نـەیانتوانی ئایدیایـەك دابنـێن و بیکـەن بـە ئەلتـەرناتیڤێکی تـەواو لـەبری ئایدیای عەفلەقیەت.[112] بیری بەعسێتی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ میـشیل عەفلـەق لەسـەر ئـەوە بەنـدە کـە عـەرەب نەتەوەیەکـە خـاوەنی پەیامێکی نەمرە بۆ هەموو ئادەمیزاد.[113]

(أمـة عربيـة واحـدة، ذات ر سـالَة خالـدة) ئەمـە ئـەو دروشمـە بـوو، ئەندامـەکانی بـەعس لـە سـەرەتای دروسـتبوونی پارتەکەیانـەوە بـەردەوام

[110] بو علی یاسین وأخرون: س. پ، ل٢٣٨.

[111] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٧.

[112] بو علی یاسین وأخرون: س. پ، ل٢٣٨.

[113] جەمال نەبەز:بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەلاتی و نە بیری ناسیۆنالیستی رۆژئاواییە، ستۆکهۆڵم- سوید، ١٩٨٤، ل٥٤.





دووبارەیان دەکردەوە، ڕۆژانێك کەبەعس فکرەیەکی بەنرخ بوو لەمێشکی کۆمـەڵێك گـەنجی عەرەبیـدا شـوێنی خـۆی گرتبـوو، بەعـسیەکان ئـەم دروشمەیان لەسەرەتاو کۆتایی کۆبوونەوەکانیاندا بەپێوەو بەمل کەچیەوە دووبـارە دەکـردەوە، هـەموو نوسـراوی پارتەکـەیانو بابەتـە فکریـەکانیانو نامـــەی ڕێکخـــستنەکانیانو لەهـــەموو ڕاپۆرتـــەکانی کۆبوونـــەوەو ئەدەبیاتەکانیانـدا بـەو نـاوەوە دەردەکـرد، لەخۆپیـشاندانو جـەژنو ئاهەنگەکانـدا بـەرز ڕایـان دەگـرت، بەعـسیەکان وایـان هەسـت دەکـرد بـەو کارەیـان کـارێکی پـیرۆز ئـەنجام دەدەن. یەکـەم دەرکـەوتنی ئـەم دروشمـە لەئـەدەبیاتی حزبـدا بـۆ ساڵی ١٩٤٣ دەگەڕێتـەوە. لـەدوای ئـەو ساڵە وە لەهەموو بەیانو بڵاوکراوە نێوخۆییەکانـدا دەردەکـەوت تـا وای لێهـات بـوو ببـو بەنـەریتێك کـە بەعـسیەکان لەسـەرەتاو کۆتـایی کۆبوونەوەکانیانـدا دەیانووتەوە.[114]

بەعـسیەکان پێیـان وایـە (پـەیام) شـتێکی پێویـستە بـۆ گـەل، ومـافی خۆیـــەتی کەهـــەوڵ بـــدات بـــۆ تـــەواو کردنـــی، و پێویـــستە لای گـــەل لەچوارچـێوەی چـالاکی مـاددیو خۆپـەرستی دەرچـێتو بەرزبێتـەوە بـۆ ئاستی ئاراستەکردنی مرۆڤایەتی.[115]

[114] حزب البعث العربي الاشتراكي:المنهاج الثقافي المركزي، كتاب الثانى، بغداد، ١٩٨٧، ل١١٩.

[115] حزب البعث العربي الاشتراكي:المنهاج الثقافي المركزي، كتاب الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٠، ل٦٥" فارس عبداللة: المنظور الفكري عند الرئيس القائد صدام حسين، ج١، ط١، منشورات المكتبة العالمية، بغداد، ١٩٨٦، ل١٨.

میشیل عەفلەق لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە (پەیامی نەمر– الر سالَة الخالدة) دەڵێت:" بەردەوام بە شێوازێکی زۆر سادە وەڵامم دەدانەوە کە (پەیامی نەمر) شارستانیەت و بەهایەکی دیاری کراوە کەعەرەب دەتوانێ لەپاشەڕۆژدا کاتێك دەگەنە ئاستێکی شکۆداری ڕاهێنەر بەدیبهێنن و لەنێو مرۆڤدا بڵاوی کەنەوە، کەچی بینیم ئەوانە نامە بەشتێکی بێ گیانی جیاکراوە دەبینن لەناخی ڕۆڵەکانی گەل و ژیان و ئەزموونەکانیاندا، بۆیە وا وەڵامم دانەوە کەنامەی عەرەبی نەمرە نەك لەپاشەڕۆژدا، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی لەئێستەدا چەسپاوە.[116]

ئەم دروشمە بنچینەییەی بەعس کەبەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی بەرزی کردۆتەوە (نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتووی – خاوەن پەیامێکی نەمر)ە، ئەم دروشمە کەسەردەقی دروشمەکانیەتی، هەرچی چۆنی لێك بدرێتەوە، بیروڕای تەسکی ناسیۆنالیستی لێدادەچۆڕێ. لەلایەکەوە بیری نەژاد پەرستی عەرەب بەو دروشمە بەهێز دەکا، لەلایەکی دیکەوە ئیسلام دەکاتە پەیامی پیرۆزی عەرەب و میللەتانی دیکەش دەکاتە مل کەچی ئەو پەیامە. ئەمە لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژوو عەرەب نەتەوەیەکی یەکگرتووی خاوەن دەوڵەتێکی دڵخوازی یەکگرتووی عەرەبی نەبووە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش چەندین میللەت هەن نەژادو زمان و قەبارەی خۆیانیان پاراستووە.

پارتی بەعس لەجیهانبینیەکی تەسکەوە سەیری مێژووی عەرەب و میللەتانی ترو هەروەها سەیری ئیسلام و ئاین و مەزهەبەکانی تر دەکا،

---

116 میشیل عەفلەق: في سبيل البعث، جزء الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦، ل١١٢.





هەر بۆیە ئەو دروشمەی بەرزکردۆتەوە، دەنا یەکگرتنی هەموو نەتەوەیەك مافێکی ڕەوای دیموکراسی خۆیەتی، بەڵام نەك لەسەر حیسابی نەتەوەو گەلانی تر.[117]

ئامانجەکانی بەعسی عەرەبی کە لە (یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم)دا کورت کراونەتەوە، ئەمانە ئامانجە سەرەکییەکانی بەعسن کەلەگرنگیدا یەکسانن و ناتوانرێت هیچ یەکێك لەمانە دابڕدرێت یاخود دوابخرێت لەیەکتری. شتێکی تر کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە (یەکێتی) بەشێوەیەکی مەعنەوی پەسەند ترە و پێویستە بەعسیەکان خۆیانی لێ گێل نەکەن.[118] ئەم دروشمە بە هاتنە کایەی پارتی بەعس شێوەیەکی فەرمی وەرگرت کە لەکۆنگرەی دامەزرێنەری ١٩٤٧دا بڕیاری لەسەر درا کە لەبنەمای (٣)هەمی سی بنەما سەرەکییەکەی دەستووردا هاتووە: "نەتەوەی عەرەب خاوەن پەیامێکی نەمرە، کەبەشێوەیەکی تازەو تەواو لەقۆناغەکانی مێژوودا خۆی دەنوێنێ، وئامانجی تازەکردنەوەی بەها مرۆڤایەتیەکانە کەپاڵپشتی دەکات لەپێشکەوتنی مرۆڤایەتی و گەشەپێدانی گونجان و هاوکاری لەنێوان گەلاندا.[119]

عەفلەق لەسەر ئەوە پێدادەگرێت، کە (یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم) ئەو ئامانجانەن کەخستوویانەتە بەردەم شوێن کەوتوانی دەستکردی ئەو

---

117 مەلا بەختیار: ئەنفال و ئایدلۆژیەتی (بەعس)، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (١)، ٢٠٠٠، ل٢٤.

118 مشيل عفلق: معركة مصير الواحد، ط٦، بيروت– لبنان، ١٩٧٥، ل٥٩؛ مشيل عەفلەق: في سبيل البعث، ج٢، بغداد، ١٩٨٦، ل٣١؛ صباح محمود محمد: الفكر الاستراتيجي لصدام حسين، مطبعة عشتار، بغداد، ١٩٨٥،ل٣١.

119 حزب البعث العربي الاشتراكي:المنهاج الثقافي المركزي، كتاب الثانى، ل١١٩–١٢٠.

نین، بەڵکو لە گیان و ناخی عەرەبەوە هەڵدەقولێن، تەنها گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانی نەتەوە ناکەن، بەڵکو گوزارشت لەو ڕاستیەش دەکەن کەهەیەتی و هەل و مەرجەکان چەند بەهێزبن ئەو خۆی هەر ڕادەگەیەنێت.

ئەو سێ ئامانجە هەر یەکەیان پەیویستی بەوی تریان هەیە و لەنێوان خۆیاندا یەکتری تەواو دەکەن، بریتین لەهەموویەکی بەشنەکراو، ناتوانرێت هیچ کامیان لەسەر حیسابی دوانەکەی دی بەدیبهێنرێت.[120]

ئەم سیانەکیە یاخود ئەم سێکوچکەیەی بەعس سەرەتا بەم ڕێکخستنە نەبووە، هەروەك (فائز ئیسماعیل) ئاماژەی پێدەکات، تا سالّی ١٩٥٧ ئەم ئامانجە بەدوو شێوازی ڕێکخستنی جیاواز هەبوو کەهەردووکی هی عەفلەق بوون ئەوانیش بریتی بوون لە (حریە، الوحدە، الاشتراکیە)، (حریە- الاشتراکیە- الوحدە) هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، پارتی بەعس هیچ یەکێك لەم ئامانجانەی لەوی تریان بەلاوە گرنگتر نەبووە و هەر لەسەرەتاوە هیچ یەکێکیانی پێش ئەویتر نەخستووە بەهۆی ئەو پەیوەندیەی کەلەنێوان ئەم ئامانجانەدا هەبووە، چونکە هەریەکێك لەمانە تەواوکەری ئەویترە، باسی ئەو پەیوەندیەی کردووە کەلەنێوانیاندا هەیەو پێی وابووە کە هەموویان ئامانجێکن بۆ زیندووکردنەوەی ئوومەی عەرەبی.[121] ئەو پارتەی کە بانگەشەی دەکرد بەوەی کە پارتێکی سیاسیە و خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوە، لەسەر کۆمەڵێك بیر و باوەڕ و بنەما

[120] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٨؛ عبدالجبار عبدالمصطفی: الفکر السیاسی الوسیط والحدیث، ط١، جامعة الموصل، ١٩٨٢، ل١٨١.

[121] بو علی یاسین وأخرون: س. پ، ل٢٤٩.





وەستاوە و دامەزراوە، و هیچ کاتێك باوەڕی بە تاکەکەس نیە، سەلماندی کە پارتێکی تاکڕەوە و هیچ شتێکیان بە لاوە گرنگ نیە تەنها گرتنەدەستی دەسەڵات نەبێت بە هەر نرخێك و بە هەر ڕێگەیەك بێت.[122]

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە پارتی بەعسی دەسەڵاتدار، ڕەگی فەلسەفەی خۆی لەسەروەرێتی نەتەوەی عەرەب و سەرداریێتی ئیسلام و باڵادەستیی سەرکردایەتی خۆیدا بەسەر هەموو میللەتانی دونیای عەرەب و لەناو هەموو هێزەکانی عەرەب و کوردو میللەتانی ناوچەکەدا دەبینێ، بۆیە بەو رقەی بەرامبەر (شعوبیەت)و (مەجوسیەت)و (زەندیقیەت) هەیەتی، کەمەبەستی گەلان و باوەڕەکانی ترە،[123] هەر ئەو رقەی ئاوێتەی ئایدیۆلۆژیەتی مەزنخوازی و دەسەڵاتدارێتی و ئامانجە دوورو نزیکەکانی بەعس کردووە، ئەمەش وایکرد کاتێك بەعس چووە سەر تەخت کاربۆسەپاندنی ئەو ئامانجانەی بکا کە لەئاوێنەی باوەڕەکانی مێژووی عەرەب و ئیسلامدا ڕەنگی داوەتەوە.

[122] ابو اسلام احمد عبدالله: صدام حسین، نشاة, التاریخ, الجریمة,ط٢, بیت الحکمة, مصر, ١٩٩٠, ل٧١.

[123] مەلا بەختیار: ئەنفال و ئایدلۆژیەتی (بەعس)،ل٢٦.

مه کتەبی بیروهۆشیاری

**یەکێتی (الوحدە):-**

بە پێی تێڕوانینی بەعس (الوحدە) واتای یەکێتی عەرەب دەگەیەنێ، ئامرازێك نییە بۆ ئامانجێك، یان شتێکی سوودمەند نییە، ئەوە "مافێکی سروشتیە". بەواتایەکی دی پێویستە گەل لەیەك دەوڵەتدا بژی، ئەمە پێویستیەکی ئاکارییە، لەهەمان کاتیشدا یەکێتیی حەتمیەتێکی مێژووییە، گەل بۆ یەکگرتن و کۆکردنەوەی بەشەکانی مەیلێکی سروشتی لەبەرەنگاری کردن نەهاتووی هەیە، هیچ وڵاتێکی عەرەبی ناتوانێت بەخۆ گۆشەگیرکردنی لەوانی دی مەرجە پێویستییەکانی ژیانی بەدیی بهێنێت، هەموو جیاوازییەکانی نێوان نەوەکانی (گەل) ڕووکەشی ساختەن و لەگەڵ بێداربوونەوەی هۆشی عەرەبیدا دەڕەونەوە.[124]

یەکێتی واتا ئەو چەقەی کەهەموو ئامانجەکانی دیکە لەدەوری کۆدەبنەوە، ئازادی و سۆسیالیزم بەشێوەیەکی تەواو بەدی نایەت تەنها لەچوارچێوەی یەکێتیەکی بەرفراواندا نەبێت، ئەمەش مانای بەکەم زانینی دوو ئامانجەکەی تر نییە، بەڵکوو مانای ئەوەیە کەیەکێتی عەرەبی گرنگیەکی تایبەتی هەیە و بەبێ ئەو شۆڕشە چاوەڕوان کراوە لەواقعدا بەشێوەیەکی لاواز دەردەکەوێت.[125] لەو ڕاپۆرتەدا کەپێشکەش بە کۆنگرەی سێیەمی بەعس کرا، پێناسەیەك بەرچاو دەکەوێ بۆ یەکێتی

[124] حنا بطاطو: س. پ، ل٣٨.

[125] توفیق سلطان الیوزبکی و اخرون: دراسات في الوطن العربي الحرکات الثوریة والسیاسیة، ل٣٥٠، ٣٥١.





عەرەبی کە بەپلەی یەکەم و پێش هەموو شتێك، وەك هەندێ لە نوسەران دەڵێن:" یەکێتی گەلی عەرەبە لە بیرو ڕوح و ئاراستەداو ئەو دوانە واتە ئازادی و سۆسیالیزم ڕێگەو مەبەستی یەکێتیە و یەکێتی زامنێکی گەورەی بەدیهاتنی ئەم ئامانجەیە".[126] بەعس بنەمای (یەکێتی) پێش (سۆسیالیزم) دەخات چونکە پێی وایە ئامانجی یەکەم کە دەبێت بەدی بهێنرێت، هەروەك عەفلەق دەلێت لە بەرزترین پلەدا یەکێتی لە پێشترە لە سۆسیالیزم، و هۆکارێکی بەهێزترە لە هۆکاری ئابوری، چونکە یەکێتی (هزر و کار)ە.[127] ئەوان پێیان وایە کە:"یەکێتی یەکەم شت داوای نەوەیەکی یەکگرتوو دەکات کە دابڕاو و سەربەخۆبێت لە واقیعی پارچەپارچەیی بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش بکات".[128]

بەرای میشیل عەفلەق یەکێتی عەرەبی دەرەنجامی خەباتی گەلی عەرەبی نییە، لەپێناوی ئازادی و سۆسیالیزمدا، بەڵکوو فیکرەیەکی تازەیە، کە پێویستە لەگەڵ ئەو خەباتەدا بڕوات، تواناکانی میللەت کۆکردنەوەیەکی ژمارەیی نیە بۆ پارچەکانی، بەڵکوو کۆکردنەوەیەکی جۆرایەتییە، واتا کۆکردنەوەی تواناکانی عەرەب لەیەك دەوڵەتدا.[129]

هەر بۆیە عەفلەقیەت پێی وایە کە پارتی بەعس پێش هەموو شتێك بە بیروباوەڕەوە دەستی کردووە بەپێویستی خەبات کردن لەپێناو

[126] شبلی العیسمی: حزب البعث العربي الاشتراکی مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩-١٩٥٨، ل٩٣، ٩٤.

[127] محمد منذر: الجبهة والحزب السیاسي ، س. پ ل٧٥.

[128] الیاس فرح: قراءة منهجیة في کتاب في سبیل البعث، ج١، ط١، بیروت، ١٩٨١، ل١٠٩.

[129] میشیل عفلق: معرکة المصیر الواحد، ل٤٣؛ میشیل عفلق: في سبیل البعث، ج٢، ل٢٣٣.

گواستنەوەی دروشمی یەکێتی بۆ بواری پراکتیکی.[١٣٠] لەنامیلکەیەکی فەرمیدا کە ڕاڤەی ئامانجەکانی حزب دەکات، یەکێتی عەرەب لاوازانەو بەپەلە پیرۆزێ دەبەستێتەوە بەچەند فاکتەرێکی خاوەن ئەزموونیەوە( العامل التجريبي)، و یان وەها تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت کە ئەزموونی بن، وەك یەکێتی زمان و مێژووی هاوبەش و ناسنامەی ئەزموونی ئێستەیان هەیەو هەموویان بەدەستی ئیمپریالزمێکەوە دەناڵێنن کە سروشتی هاوبەشیان هەیە، هەروەها پێش بەستنی ئاڵوگۆڕ بەو بەرژەوەندییە داکۆکیەکان و ئابوورییە دەرەبەگایەتیە کشتوکاڵیەکانیان لەبنەڕەتدا، لە هەمان کاتدا سەبارەت بە هاوشێوەیی ژینگەی جوگرافی لێرەدا دەوترێت: لەهەموو وڵاتێکی عەرەبیدا کەنارێك و چیایەك و بیابانێك و دەوارێك و دار خورمایەك و حوشترێك دەبینیت.[١٣١]

پارتی بەعس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکێتی عەرەبی بە مانای کۆکردنەوەی هەرێمە عەرەبییەکان و پێکەوە لکاندنیان نایەت، بەڵکوو بەمانای پێکەوە گرێدانی هەموو هێزو تواناکان و هەڵوەشانەوەیەکی تەواوی بارودۆخی پارچە پارچەیی و هەرێمایەتیە، لەبەر ئەوەی ئەمە شۆڕشێکە بە هەموو ئاست و ماناکانیەوەو دەست دەگرێت بەسەر هەموو ئەو بەرژەوەندیە هەرێمایەتیانەی کە بەدرێژایی سەدەکان بەر فراوان بوون، و شۆڕشێکە ڕووبەڕووی ئەو چینانە

---

١٣٠ میشیل عفلق: في سبيل البعث، ج٢،ل٢٩٥.

١٣١ حنا بطاطو: س. پ، ل٣٨.





دەوەستێت کە دژایەتی یەکێتیەکە دەکەن و لەڕوویدا دەوەستن،[١٣٢] هەروەها بەعس پێی وایە:"بەعسی عەرەبی راستەقینە کامل نابێت ئەگەر سەرجەم هەرێمەکانی عەرەب یەکنەگرێت و هەر پارچەیەك بە تاقیکردنەوەو بەشداریەکەی نەبات بۆ تەواوکردنی تاقیکردنەوەکانی هەرێمەکانی تر، تا ئەو تاقیکردنەوە عەرەبیە لە هەموو روویەکەوە کامل بێت".[١٣٣] بەڵام بەهیچ پلەیەکی بایەخ پێدان جیاوازییە مێژووییەکان ناپشکنرێن و پشت گوێ دەخرێن، هەروەها خۆ لەهەموو ئەو ڕاستیە ئێستەییە پێچەوانە یان دابەش کەراییانەی هەن دەبوێردرێن، هەموو گفتوگۆ کەبەسەر ئەو شتانەدا دەسەپێنرێن کە لەبنکەدان هەروەها لەسەر باوەڕێکی بەڵگە نەویستانەی ئارەزوو کردنی یەکێتی دامەزراون.[١٣٤]

ئەو یەکێتیەی کە بەعس کردبووی بە سروودێك بۆخۆی و کردبووی بەبەرۆکی دروشمەکەیەوە، جیاواز بوو لە مانا تەقلیدیە کۆنەکان بۆ یەکێتی. پارتی بەعس دژی ئەو بۆچوونانە بوو کە پێی وایە یەکێتی قابیلی بەدی هاتنە، تەنها بەنیەتی باش بەگەڕانەوەی میللەت بۆ دۆخی ئاسایی کەپێش بەش بەش بوونی لەسەری بووە، بەعس پێی وایە یەکێتی بەنیەتی باش گەڕانەوە بۆ دواوە درووست نابێت، چونکە بەم شێوەیە شۆڕشگێڕێتی و هاوچەرخی و بلیمەتی لەدەست دەدا، لەبەر ئەوە بەدی هاتنی یەکێتی پێویستی بەکارێکی "شۆڕشگێڕی" ڕێکخراو هەیە و

---

١٣٢ توفيق سلطان اليوزبكي وآخرون: س. پ، ل٣٥١.

١٣٣ الياس فرح: قراءة منهجية في كتاب في سبيل البعث، ل١٠٨.

١٣٤ حنا بطاطو: س. پ، ل٣٨.

بڕوای بەڕێبازێك هەیە کە کۆمەڵێك ئامانجی بنەڕەتی هەبێت.[135] بەعس سور بوو لەسەر ئەو باوەڕەی کە هێزە جەماوەرییە شۆڕشگێڕە ڕێکخراوەیی یەکان ئەو کەرەستە بابەتیانە بێت کە یەکێتیەکە درووست دەکات و دەیپارێزێت و ڕەگی پتەو دەکات لەناو کۆمەڵدا.

لە روانگەی بەعسەوە :"باشترین جۆری یەکێتی و بەهێزترینیان ئەو جۆرەیە کە لەئەنجامی کودەتایەکی شۆڕشگێڕی (انقلابي ثوري) جەماوەری دروست دەبێت و هێزێکی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو بەڕێوەی دەبات، چونکە یەکێتی ئۆرگانی لەنێوان هێزە پێشەنگەکاندا شایستە بوون و توانایەکی زیاتر بەیەکێتیەکە دەبەخشێت، بۆ بڕیاردان لەهەڵوێستە یەکلایی کەرەوەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی پەرت بوون.[136] بەعس پێی وایە یەکێتی کارێکە پێویستی بەخەبات هەیە دژی شێوەکانی پارچە پارچەیی و نەتەوەیی و زاڵ بوونی بەرژەوەندی هەرێمی.[137] هەروەها بەعسیەکان پێیان وایە کەیەکێتی عەرەبی مەرجێکی گرنگە لەمەرجەکانی ڕزگاربوونی عەرەبی و ئازادیش گرەنتی ئەو یەکێتیەیە.[138] بەلآم ئەم دروشمانەی بەعس تەنها بۆ نوسینی سەر کاغەز بوون، خۆ ئەگەرنا هیچیان لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا کۆك و هاوئاهەنگ نەبوون، چونکە پارتی

135 حزب البعث العربي الاشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي: كتاب الثانى، ل١٢٠، ١٢١.

136 توفيق سلطان اليوزبكى وأخرون: س. پ، ل٣٥٢، ٣٥٣؛ الرفيق عبدالكريم ذيب: روح الامة و روح العصر، مجلة الاعداد الحزبي، عدد ١، سنة ١٩٨٤، ل١٨.

137 الياس فرح: مستقبل العمل الثوري العربي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٣، ل٧٢.

138 ماجد سلمان حسين:الفكر القومى الاشتراكى في ممارسات البعث النضالية في مرحلة النشاة، بغداد،١٩٨٤،ل٢٨.





بەعسی خۆی لە بنەڕەتدا پارتێکی (توند ڕەوبووە) وئامانجی گەیشتن بووە بە دەسەڵات لە هەموو هەرێمە عەرەبیەکاندا ئەویش بە چەکدارکردنی لاوان بە شێوەیەکی تایبەتی لە هەموو هەرێمەکانی نیشتمانی عەرەبیدا لە چوارچێوەی شانە و ڕێکخراو و چاندنیان لە هەرێمەکاندا تا توانای ئەوەیان هەبێت کە بە کارێکی کودەتایی هەڵسن.[139]

ئێمە پێمان وایە هیچ کاتێك بەعس هێزێکی شۆڕشگێڕ نەبووە و باوەریشی پێ نەبووە و هەمیشە لە سەنگەری دژ بە شۆڕشگێری و گۆران بەرەو پێشەوە و کراوەیی لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤدا بووە.

لەگۆشە نیگای پارتی بەعسەوە یەکێتی فکرەیەکی بنەڕەتی زیندووەو تیۆری تایبەتی خۆی هەیە، هەروەك چۆن ئازادی و سۆسیالیزم تیۆری خۆیان هەیە، و لەدەستووری یەکەمی بەعسدا ساڵی ١٩٤٧ (یەکێتی ئومەی عەرەبی) وەك یەك لە بنەما سەرەکیەکانی دانراوە: "عەرەب یەك نەتەوەن و مافی سروشتی خۆیەتی کەلەیەك دەوڵەتدا بژین و ئازادە لەئاراستەکردنی چارەنووسی خۆیدا".[140] کەواتە دەتوانین بڵێین بەپێی بیروبۆچونە سیاسییەکانی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، شۆڕش هۆو پڕۆگرامە، بەو واتایەی کە کودەتای ڕیشەیی بریکاری چاکسازی و لیبڕالیەتەو کاری نەتەوەیی پێویستیەکی داواکراوە لەهەر جولانەوەیەکدا

139 سليمان فرحان: يوميات بغداد السرية، التاريخ السري لحزب البعث، ط١، الزهراء للاعلام العربي، القاهرة، ١٩٩١، ل٣٢.

140 عونى عبدالرحمن السبعاوى: موضوعات مادة الثقافة القومية والاشتراكية، جامعة الموصل، ١٩٨٧، ل٤٦، ٤٧؛ بدون أسم مؤلف: البعث العربي الاشتراكى، ط٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل١٦.

بێت.[١٤١] هەروەها لەڕوانگەی بەعسەوە ئەویەکێتییە دووچاری سەرنەکەوتن و شکست هێنان دەبێت، ئەگەر بێت و ناوەڕۆکی سۆسیالیستی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت و لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی دانەمەزرێت کە زامنی جەماوەر بکات لە بەشداری کردنی بزوتنەوەکان، هەروەها هەنگاوەکانی سۆسیالیزم نرخ و بەهای خۆی لەدەست دەدات ئەگەر بکرێت بە ئەلتەرناتیڤی یەکێتی و دیموکراتی.[١٤٢] میشیل عەفلەق پێی وایە کە:" هەریەك لەم ئامانجە شۆڕشگێڕیانەی کە بە ئامانجی هاوچەرخی عەرەبی ناوی دەهێنێت ناتوانرێ بەدی بهێنرێت تەنها لەڕێگەی خەباتی جەماوەری فراوانەوە نەبێت.[١٤٣]

ئەم دروشمانەی بەعس بڵاوی دەکردەوە لە پراکتیکدا تەواوپێچەوانەبوون. نەسۆسیالیزم بوون و نەجەماوەری و نەدیموکراسی ونە یەکێتیان بەو واتایە بەکاردەهێنا کە سەرجەم چین و توێژ و نەتەوە جیاوازەکان بگرێتە خۆ و لە پێناو پێکەوەژیانی برایانە بەڵکو ئەوان باوەڕیان بە سۆسیالیستی عەرەبی هەبوو، جەماوەری ئەوان چەقۆکێش و پیاوکوژ و تۆقێنەرەکانی بەعس بوون، ئەوانە باوەڕیان بە دیموکراسیەتێك هەبوو کە بتوانێت هەموو مافێك بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و هەر خۆشیان سەرکردە و پێشەوا و پێشڕەو بن. بۆ ئەوەی بتوانن لغاوی هەموو هێزێکی

---

141 عبد الجبار عبد المصطفى: س. پ، ل١٨١.

142 شبلى العيسمى: في الثورة العربية، ط٣، مؤسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، بدون سنة، ل٢٢.

143 ميشل عفلق: البعث وتحديات المستقبل، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل١٣.





تر بکەن و دەستەمۆیان بکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن. یەکێتیەکەش هەر لەژێر سەرکردایەتی بەعس و بۆ بەعس بوو، دەنا پیلانیان لە هەموو تێگەیشتنێکی نێوان هێزە ناسسیۆنالیستەکانی تری عەرەب دەگێرا گەر خۆیان سەرکردە و پیلان داڕێژەری نەبونایە.

بێگومان ئەو یەکێتیەی کە پارتی بەعس هەوڵی بەدیهێنانی دەدا بریتیی بوو لەیەکێتیەکی گشتگیری عەرەبی کە هەموو ئەو هەرێمانەی نەتەوەی عەرەبی تێدا دەژی بگرێتە خۆ، ئەو دەوڵەتەی کەعەرەب تێ دەکۆشا بۆ دروست کردنی هەموو نیشتمانی عەرەبی دەگرتەوە، و ئەو پارچە زەوییە فراوانەی کە دەستووری بەعس دیاری کردبوو بریتیی بوو لەپارچە زەویەك کە درێژ دەبێتەوە لەنێوان شاخەکانی تۆرۆس و پشتکوە و کەنداوی بەسرەو دەریای عەرەبی و شاخەکانی حەبەشەو بیابانی گەورەو زەریای ئەتڵەسی و دەریای سپی ناوەڕاست.[١٤٤]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەعسیەکان بەپێی دەستورەکەیان، ئەو وولاتانەی کەلەنێوان ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و چیاکانی پشتکۆدان بەخاکی عەرەب دەدەنە قەڵەم و هەر بەپێی ئەو دەستووره، ئەو کەسەی لەو خاکەدا بژی و باوەڕی بە (بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی) نەبێ دەبێت بکرێتە دەرێ، کەبێگومان ئەو وڵاتە بە (وڵاتی عەرەب) دانراوە، هەموو ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا) و خواروی کوردستان (عێراق) و بەشێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)یش دەگرێتەوە.[١٤٥]

---

144 حزب البعث العربي الاشتراكي: المنهاج الثقافي المركزى، كتاب الاول،بغداد، ١٩٨٥، ل١٠٥.

145 جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٥٨.

ئەو وڵاتەی کە بەم شێوەیە پێناسە کراوە لەلایەن دەستووری بەعسەوە، ئەمڕۆ پێکهاتووە لە (٢٢) دەوڵەت کەهەریەکە لەم دەوڵەتانە سیستەمێکی سیاسی تایبەتی خۆی هەیە، کە کۆیەکی دادوەری و ئابووری و کلتوری و کۆمەڵایەتی دەنوێنێ لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، کەئەندامی کۆمەڵگەی جیهانیە، چۆن و بە چ ڕێگەیەك دەتوانرێت ئەم سنوورە سیاسیانە لابرێت کەلەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا هەن؟ پاشان، کامەیە شەرعیەتی پارتێك کە دەیەوێت ئەم دەوڵەتە بەڕێوە بەرێت؟ تەنانەت بۆ لێکدانەوەیەکی نا لۆژیکی ناگریمانە بکرێن کە ئەم توانەوەیە لە تواناداا بێت، چۆن دەتوانین ئەو وێنەیە بخەینە پێش چاومان کەدەوڵەتێکی بەم قەوارەیە بتوانێ لەلایەن تەنیا یەك ڕێکخراوی سیاسی ببرێ بەڕێوە بەبێ ئەوەی نەبێ بە دەوڵەتێکی (پۆناپارتی) یان (سێزاری) تۆقێنەر.[146]

بەعسیەکان، هەرچەندە هەوڵ دەدەن بۆ یەکێتی عەرەب و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی عەرەبی یەك ڕەنگی ئەو تۆ، کە کوردیش بە (گەل و خاکییەوە) تیایدا بتوێتەوە و ببێت بە پارچەیەکی دانەبڕاو لە نەتەوەو خاکی عەرەب، بەڵام تا ئێستە بەکردەوە بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە هیچیان پێ نەکراوە، ئەگەرچی گەلێك شوێنی کوردستانیان کردووە بەعەرەبستان، وادیارە هەر لەپاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی میسرو سوریا لە ساڵی ١٩٦١دا، و مەسەلەی (یەکێتی عەرەب) و دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب زۆر ئاڵۆزکاوتر بووە لەجاران، بەتایبەتی بەشێوەی

---

[146] ئەلبێرت عیسا: س. پ ، ل١٥٣.





(یەکێتی گشتگیری سەنترالیستانە) .[147] بۆیە لێرەدا جۆرە پاشەکشەیەکمان بۆ دەردەکەوێت لەیەکێتی گشتگیری عەرەبدا کە بەعسیەکان هەر لەسەرەتاوە بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەوەی کە (نیشتمانی عەرەبی یەکەیەکی بەش نەکراوە)، دەبینین ئەم دروشمە لە ساڵەکانی دواتردا گۆڕانی بەسەردا دێت کە دەتوانین بەپێی ساڵ تێگەیشتنی بەعسیەکان بۆ یەکێتی بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم (١٩٤٠- ١٩٥٠) ئەم قۆناغە بەو چەمکە دیاری دەکرێت کەدەیانووت "دەبێت یەکێتی عەرەبی بەدی بهێنرێت بەهەر نرخێك بێت".

لەقۆناغی دووەمدا (١٩٥٥- ١٩٥٨) جەختیان لەسەر خەبات کردن دەکردەوە دژی ئیستعمارو ڕۆڵی جەماوەر تیایدا، بەڵام دوای سەرنەکەوتنی یەکێتی نێوان میسرو سوریا، دروشمی بەعس مەودایەکی تری وەرگرت کە بریتی بوو لە "بەدیهێنانی دیموکراتی و نەتەوەیی کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ یەکێتی".[148]

لەکاتێکدا ئەو دیموکراتیەتەی کە بەعس باسی لێوە دەکات تەواو پێچەوانەی مانای ڕاستەقینەی دیموکراتیە کە گەل هیچ جۆرە ئازادییەکی نەبوو لە هەڵبژاردن و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی نەتەوەکەی،

---

[147] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٦٩.

[148] مصطفی دندشلي: مساهمه نقد الحرکات السياسية في الوطن العربي، حزب البعث العربي الاشتراكي ١٩٤٠- ١٩٦٣، ج١، الايدولوجيا والتاريخ السياسی، ط١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٩، ل٩٢.

بەپێچەوانەوە بەعس بروای بە هەڵبژاردن نەبوو چونکە پێی وابوو ئەوە تەسلیم بوونە بە نەیارەکانی.

لەبەر ئەوە تا ئێستەش هیچ هێزێکی دیکە لەنێو گەلی عەرەبدا دروست نەبووە کە بتوانێ هەموو عەرەب لە دەوڵەتێکی ناسیۆنالدا کۆبکاتەوە، لەبەر ئەوەی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەك بیرێکی ناسیۆنالیستانەی یەك نەگرتوو بە پچڕ پچڕی ماوەتەوە.[١٤٩]

[149] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٧٠.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

**ئازادی ( الحريه ):-**

لەبیری بەعسیزمدا ئازادی بریتی‌یە لە ڕێگە خۆش کردن لەبەردەم هاووڵاتیاندا بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان و هەڵسو کەوت کردن بەبێ فشاری نەریتە سەپێندراوەکان، لەو شتانەی پەیوەندیان بەکاروباری کۆمەڵگەکەیانەوە هەیە. ئازادی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و بنەمایەکی گرنگە لەبنەما تیۆرییە نەتەوەییەکان لە درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتوو خواز کە بتوانێ ژیانێکی سەربەرزانە بۆ تاکی عەرەبی دابین بکات.[150]

ئازادی مانای ئازادی گەلە لەبەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕزگاری ببێت لە کۆنترۆڵی بیانی و فەرمانڕەوای ستەمکاری لۆکاڵ. گەل "مافێکی سروشتی" هەیە بۆ سەروەری، سەروەری نەتەوەیی هاوتای سەروەری میللییە. هیچ بەهەڵە داچوونێکیش لەوەدا نیە کە بەعس بەشێوەیەکی تیۆری پەیوەست بێت بەدەوڵەتی "دیموکراسییەوە". گەل تەنها خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە لەدەوڵەتێکی عەرەبیشدا پێویستە لقی جێبەجێ کاری فەرمانڕەوایی بەرپرس بێت لەبەردەمی دەستەی یاسادانان‌دا کەپێویستە گەل بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵی ببژێرێت و پێویستە دیموکراسی هەبێت.[151] پارتی بەعس پێی وایە کە گرنگیەکی زۆر بە بابەتی ئازادی دەدات و لەدەستوورەکەیدا بوژانەوەی

150 حزب البعث العربي الاشتراكي: المنهاج الثقافي المركزى، كتاب الاول ،ل١١١.

151 حنا بطاطو: س. پ، ل٤١.





مه كتەبی بیر و هۆشیاری

نەتەوەی عەرەبی بە گونجاو دادەنێت لەگەڵ گەشەی سەربەستی تاك دا. سەربەستی تاك بەبۆچوونی بەعس بریتییە لە سەربەخۆ بوونی تاکی عەرەبی لەهەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە دەبێتە هۆی دەست بەسەرداگرتن و تۆقاندن،[152] بەڵام ئازادی لای پارتی بەعس بەمانای ئازادی گەل لەڕادەربڕین نایەت، بەڵکوو بەمەبەستی ڕزگاربوون یاخود ئازاد بوونە لەداگیرکاری.[153]

لەڕوانگەی بەعسەوە ئازادی نەتەوەیی دەبێ شان بەشانی ڕزگارکردنی نیشتمانی عەرەب بڕوات. ئەگەر وابێت واتە ئەگەر ئازادی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی نەتەوەو نیشتمان شان بەشانی یەکتری بڕۆن ئەوا دەبێ ئازادی کەسی کەم بێتەوەو ملکەچی بۆ ئیمپێرەتیڤی بەرژەوەندی نەتەوەیی بکات.[154] ئازادی مانای ئازادی تاکی عەرەبیش دەگەیەنێت، وادیارە عەفلەق لەمامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم بابەتەدا ناو بەناو مەیلی لەوەبووە جەخت لەسەر "نەتەوە" یان "گەل" یاخود "زۆرترین ژمارە" بکاتەوە. ئەوەی وای لە پارتی بەعس کرد کە دروشمی ئازادی بخاتە سەر دروشمە بنەڕەتیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو ڕۆژانەدا زۆربەی هەرێمە عەرەبییەکان لەژێر دەستی داگیرکەر دابوون و دانیشتوانی ئەم هەرێمانە بەدەست ستەم و چەوسانەوە دەیان ناڵاند، هەموو جۆرە ئازادییەکیان لێ سەندبوونەوە بۆ بەردەوامی دانی دەسەڵات بەسەریاندا،

152 شبلى العيسمى: حزب البعث العربي الاشتراكى مرحلة النمو و التوسع، ل١٠٣.

153 محمد العباسى: حزب البعث، التاريخ، الفكر، التطبيق، قاهرة، ١٩٩٢، ل١٤٩.

154 ئەلبیرت عیسا: س. پ، ل١٥٥.

جگەلەمەش لەم هەرێمانەی کە سەربەخۆییەکی بەناویان وەرگرتبوو، سەرکردە عەرەبەکان خۆیان گەلیان دەچەوساندەوەو هاوپەیمانەتیان لەگەڵ داگیرکەردا بەستبوو، ئەمانە هۆکاری بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی لای پارتی بەعس بوون،[155] بەڵام ئایا پارتی بەعس ئازادی وەك مانا تەواوەکەی خۆی پێڕەو کردووە لەدەسەڵاتدا؟ یاخود لەڕوانگەی خۆیەوە واتایەکی تری بەئازادی بەخشیوە ؟ لە راستیدا ئازادی لای بەعس لەوە هەڵقوڵاوە کە گەیشتنە بە حوکمڕانی خۆیو بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی، لەکاتێکدا کە بەعس بڕوای بەفکرەی لینینیە کەدەڵێت: "بەرژەوەندی جەماوەر دەبێ بەڕێگەیەکی ڕاست بێت لەڕێگەی ڕێکخستنی حزبەوە کە ئەو داواکەری بەرژەوەندی جەماوەرە.[156] لەمادەی دووەمی دەستووری بەعسدا هاتووە:"ئازادی ئاخاوتنو ئازادی کۆبوونەوەو ئازادی باوەڕو ئازادی هونەر شتی پیرۆزنو هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت لێیان کەم بکاتەوە".[157] دیارە ئەم داڕشتنانە جۆرە بەهایەکی ڕەها، یاخود بۆ ماوەیی دەدەن بە ئازادییە کەسییەکان، لەبری تاك بانگەشە دەکەن کە نەتەوەو دەوڵەت ناتوانن لەگەڵیاندا ناتەبا بن، بەڵام نەتوانینی ناکۆك بوون بەتاڵ دەبێتەوە.

لەچەند بەندێکی دیکەدا، لە بڕگەی (٤)ی ماددەی (٢)ی دەستووردا هاتووە: دەوڵەت بەرپرس دەبێت لەئازادی ئاخاوتنو بڵاوکردنەوەو

[155] حزب البعث العربي الاشتراكي: المنهاج الثقافي المركزى، كتاب الاول، ل١١١.
[156] محمد العباسى: س. پ، ل١٥٠.
[157] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٢؛ سليمان بشير و اخرون: صدام بين الاقوال و الافعال، ل٧٦.





کۆبوونەوە... لەتوێی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی عەرەبیدا... . لێرەدا جارێکیتر ئازادی تاك سنووردار کرا، ئازادی لای عەفلەق زیاتر لەچەمکێکی هەیە، ئازادی لەدەرەوەدا بەرامبەر داگیرکەرێکی بیانی، و ئازادی لەناوخۆدا بەرامبەر سیستەمێکی داگیرکەر، هەندێکجار هەموو مانای ئازادی لەڕستەیەکدا کۆدەکاتەوە کە بریتییە لە ڕزگاربوون لەدەستی ئیستعمار.

لەڕاستیدا زاڵترین مەیل لای عەفلەق بریتی بوو لە سنووردارکردنی ئازادی تاکی عەرەب کە پەیوەستە بەڕۆحی نەتەوەکەیەوە، وێڕای سووربوونی لەسەر ئەوەی تاك بنچینەو گرنگترین شتە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەپێویستە لەسەر تاك وەك تاکێك لەنەتەوەدا ئەو مەرجانە بهێنێتە دی کەپەیوەستی نەتەوەیی دەیان سەپێنێت.[158] لەگەڵ زۆری ماناکانی ئازادی لای عەفلەق، کەچی مرۆڤ سەرسام دەبێت بەنەبوونی دیموکراتی، ئەمەش شتێکە مرۆڤ ناتوانێ بەئاسانی لێی تێ بگات و ناتوانین لەمانای ئازادی میللەت بگەین تەنها بەگەڕانەوە نەبێت بۆ لایەنی بنەڕەتی لەفکری عەفلەقدا ئەویش "نەتەوایەتیو نامەی نەمرە"، پرسەکە لای عەفلەق بریتیە لەیەك بابەت، ئەویش زیندووکردنەوەیە بۆ گیانی نەتەوایەتی یان بەئاگاهێنانی گیانی نەتەوایەتی عەرەب.[159] تەمو مژاوی لای عەفلەق لەپەیوەندیدا بەچەمکی ئازادییەوە ناڕەوێتەوە هەروەك لەپەیوەندییەکانی دیکەشدا هەیە، لەوەش

[158] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٢.
[159] بو على ياسين: س. پ، ل٢٥٣، ٢٥٤.

زیاتر، لێوردبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی هزرەکان یان هەوڵدانێك بۆ پێکهێنانی ناواخنی جیا جیاو سازاندنی نێوانیان لە ئارادا نیە، هەروەها بیرکردنەوەیەکیش لەبابەتەکان بۆ گەیشتن بەئامانج لەگۆڕێدا نییە.[١٦٠]

بەم شێوەیە تەسك کردنەوەی ئازادی تاکە کەس لەپێناوی خزمەتی نەتەوەو ڕۆڵی لاوەکی تاکەکەس بەرامبەر نەتەوەو پەیوەندی ڕۆحی تاکەکەسی عەرەب، کە بەستراوەتەوە بەنەتەوەی عەرەب، دەمان باتە سەر ڕێگەی لۆژیکێکی تایبەتی ملکەچ بوون بۆ بەعس کەدەبێت بەپێناسەی نەتەوەی عەرەب. ئازادی بەو شێوەیەی کە بەعس حیسابی بۆدەکات، "دەبێتە بەرهەمی بەرپرسێتی مۆراڵی هاونیشتمانی عەرەب کە بریتییە لە ملکەچ بوونێکی بێ مەرج و تەواووبێ هاوتا بۆهەستو ویستی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست".[١٦١]

کەواتە لێرەدا دەگەڕێینەوە ئەو دەرەنجامانەی کە بچوك کردنەوەی واتای ئازادی بۆ ملکەچ کردن بۆ پارتێك و نەتەوەیەك خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی مانای ئازادییە، چونکە لە شیکارکردنی ئازادیدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئازادی بە هیچ جۆرێك تاکرەوی و سەپاندن قبول ناکات، ئەمەش بە پێچەوانەی هاوکێشە سیاسیەکەی پارتی بەعسەوەیە وەك لە دروشمەکانیدا بانگەشەی بۆ دەکات.

[160] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٢، ٤٣.

[161] ئەلبیرت عیسا: س. پ، ل١٥٧، ١٥٨.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

**سۆسیالیزم (الاشتراکیه):-**

پارتی بەعس بەوە خۆی دەداتە قەڵەم، کە پارتێکی شۆڕشگێڕەو سۆسیالیستی بە پێویستیەکی هەرە گرنگ دادەنێت بۆ بەدیهێنانی ئازادی نەتەوەی عەرەبو یەکگرتنی، لەبەر ئەمە لەپێشەوەی ئەرکە خەباتکاریەکانیەوە، بڵاوکردنەوەی بیرو بەهاو نەریتی سۆسیالیستیانە دێت، هەروەها لەڕێگەی پراکتیکە خەبات کاریەکانیەوە لەهەموو بوارو مەیدانەکاندا بیانهێنێتە دی، هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی بەگوێرەی پێداویستی هەموو قۆناغێك، هەرکاتێو لەهەر پارچەیەکی نیشتمانی عەرەبدا ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە لەئاسۆیەکی یەکگرتوویەوە وای بۆ دەچێ کە جێگیرکردنی سیستەمی سۆسیالیستی عەرەبی تەواو لەسایەی دەوڵەتی یەکگرتوودا نەبێت نایەتەدی.[١٦٢] ئەو نووسینو وتارانەی کەلە ساڵەکانی یەکەمی دروست بوونی بەعسدا ئەبینرا گرنگی دەدا بەڕوون کردنەوەی مانای نەتەوایەتیو یەکێتیو تایبەتمەندی نەتەوەی عەرەبو سەربەخۆ بوونی، بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی گەلو پارێزگاری کردن لەئازادییەکانی تاك و کۆمەڵو پاراستنی دەستوورو ڕەوشی تێکۆشانو کودەتا کردن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی لە سۆسیالیستی نەدەکرد تا ساڵی ١٩٤٤ کە لەنامیلکەیەکدا بەناونیشانی "نەتەوەی عەرەب و

162 شۆڕشی ١٧ی تەمموز تاقی کردنەوەو ئاسۆ، ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، قطری عێراق، کانوونی دووەمی ١٩٧٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥، ل١٠٧.





مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

هەڵوێستی بەرامبەر بە کۆمۆنیزم"دا بڵاوکردەوە، ئیدی لێرەوە بایەخ دان بەلایەنی سۆسیالیستی لەسەر ئاستی تیۆریو خەباتگێڕی دەستی کرد بەدەرکەوتنو لەناوەڕاستی چلەکاندا لەدوای کۆنگرەی دامەزرێنەر شێوەیەکی فەرمی وەرگرت.[١٦٣]

سۆسیالیزم لەڕووی پرنسیپەوە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش بەدی نایەت بەبێ گواستنەوەی خاوەندارێتی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان، واتە کارگەو کێڵگە گەورەکانو چالاکی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بۆ موڵکایەتی گشتی بۆ گەل. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکی سۆسیالیزم لەدروست کردنی ئەم پەیڕەوە کۆمەلایەتیەدا ئامادەکردنی دۆخێکی بابەتیانەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فکریو ڕۆشنبیریو سیاسیی تازەیە کە مرۆڤ ڕزگار دەکات لەهەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەو دەست بەسەرداگرتن، و دەرفەتی پێ دەدات بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆییو خۆشگوزەرانیو هێزو تواناکانی دەخاتە گەڕو بۆ داهێنان ڕێگەی پێ دەدات،[١٦٤] میشیل عەفلەق پێی وایە ئەو سۆسیالیزمەی کە ئەوان بنیادیان ناوە سۆسیالیزمێکی پۆزەتیڤی (ایجابي)ە و چەندین جیاوازی هەیە لەو سۆسیالیزمەی کە لە کۆمەلگەی ئەوروپای ڕۆژئاواییدا گەشەی کردووە. عەرەب میللەتێکی ترەو بەردەوام لە پێشوازی ژیانێکی نوێدایە و خەبات دەکات بۆ تەواوکردنی ئازادی و یەکێتیەکەی و لە هەمان کاتدا ئەو نێوەندە نێگەتیڤەی نیە کە مارکس

163 شبلی العیسمی: حزب البعث العربي الاشتراکی مرحلة النمو و التوسع، ل١٥٢، ١٥٣.

164 حزب البعث العربي الاشتراكي: المنهاج الثقافي المركزی، کتاب الاول، ل١٢٥.

دەیوتەوە کە هیچ شتێك نازانێت دەربارەی بنەما و بنەڕەت و (روح) گیان.[١٦٥] بەعس لە ساتە وەختێکی مێژووییدا ئەرکی سەرەکی بیرۆکەی تایبەتمەندێتی جیاکردنەوەی پارتەکەی بوو لە هێزە چەپەکانی دیکە، لە پێش هەمووشیانەوە لە کۆمۆنیستەکان. بەعس و کۆمۆنیستەکان و چەپەکانی دیکە خوازیاری سۆسیالیزم بوون، بۆیە بۆ ئەوەی خۆی لە هێزەکانی دیکە جیاکاتەوە و تایبەتمەندبێت، بەعس راستەوخۆ گرێدرابوو بەتایبەتمەندێتی ئەو سۆسیالیزمەوە کە دەیخواست پیادەی بکات.[١٦٦] کەواتە ئەو سۆسیالیزمەی کە بەعس بانگەشەی بۆ دەکات پێی وایە لە قوڵایی نەتەوەی عەرەبەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام ناکۆکی بنەڕەتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە سۆسیالیزمەکەی پەیوەست نیە بەلێکدانەوەی مەتریالستانەی ژیانەوە، بەڵکوو بەو گۆشە نیگایەوە دەڕوانێت کەلەشەستەکاندا زۆر لە حیزبیە ئەندامەکانی گوێزایانەوە بۆ لای چەپ، ئەویش پێگەی خۆی ڕاست کردەوەو هەر دەیوتەوە"من دژی مارکسیزم نیم، بەڵام بەعس سۆسیالیزمی زانستی کۆکراوەیە لەگەڵ ڕۆحدا". دووەمین جیاوازی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا ئەوەیە سۆسیالیزمەکەی ئەو فەلسەفەی یەکەم نییە، ئەو تێڕوانینەی تەواوی ژیان ئاراستە دەکات، بەڵکوو لقێکە ملکەچی سەرچاوەیەکە کە ئەویش بیرۆکەی نەتەوایەتیە، لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمەکەی بەعس

---

[165] مشیل عفلق: البعث و الاشتراکیة، ط١، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت، ١٩٧٣، ل٢٦.

[166] مەریوان وریا قانیع: بەعسناسی بەعس و ئێستە، www.rahand.com





لەبنەڕەتدا نەتەوەییە، بۆیە ناتوانێت ببێت بەفاکتەری دابەش بوون و کێشمە کێشی نێوخۆیی.[١٦٧] ئەو سۆسیالیزمەی کەبەعس کردوویەتی بەیەکێك لەو دروشمە سێ کوچکەیەکەی خۆی بریتیە لە پڕۆگرامێکی تا ئەندازەیەك "سۆسیالانە" نەك سۆسیالیستانە، ئەم پڕۆگرامە لەڕێی "ناسیۆنالیزەکردن"ی گەلێك پڕۆژەی بازرگانی و دارایی و پیشەسازی گەورەوە سەرمایەداری مۆنۆپۆلیستانەی دەوڵەت کە بەتەنها خۆیان خاوەنین و زۆر بەهێزیان دەکات و کەمێکیش خۆشگوزەرانی ئابووری بەچینی ووردە بۆرژوا دەبەخشێ، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی ڕژێمەکە دادپەروەرانەیە یان نەخشەیەکی ئابووریانەی بابەتانە کێشراوە کە وڵاتی لەچاو لێکەری کوێرانەی دەوڵەتە پیشەسازەکانی ئەوروپا دوور خستۆتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەسەرمایەی ژێر زەویداو ملیاردی پەترۆڵی بەدەستەوەیە.[١٦٨] میشیل عەفلەق ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان لەڕووی پرەنسیپی سۆسیالیستەوە هیچ جۆرە جیاوازییەکیان نیە، بەڵکوو لەسەر شێوازی ڕێگەکەی جیاوازیان هەیە، و ئەو بۆشاییەی کەپێویستە لەژیانیاندا داگیری بکات، بەهیچ شێوەیەك بەوە ڕازی نابن کە نەتەوەکەیان قۆناغێکی بەپەلەبێت لەقۆناغەکانی گەشەکردنی ئابووری، وەك سۆسیالیستی ڕۆژئاوایی بانگەشەی بۆ دەکات، و دەیانەوێت کە سۆسیالیزم بگونجێت لەگەڵ

---

[167] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٣؛ صدام حسین: موقفنا من النظریة الشیوعیة، مجلة الاعداد الحزبي، عدد ١، سنة ١٩٨٤، ل٤٧.

[168] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٥٧.

نەتەوەکەیانداو نەبێتە هۆیەك بۆ پیلان گێڕی لەسەر نیشتمانیان، بەڵکوو دەیانەوێت کە سۆسیالیزم خزمەت بە مەسەلەی نەتەوایەتیان بکات.[169] هەروەها پارتی بەعس خوێندنەوەیەکی زانستی دەکات بۆ ئەو سۆسیالیزمەی کە خۆی پەیڕەوی دەکات، بەو پێیەی کە سۆسیالیزمی عەرەبی لەچوارچێوە فەلسەفی و بنەما سەرەکییەکانیەوە هاتووە، لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی شیکاری زانستی سەرتاپای گشتگیر بۆ هەموو جیاوازیەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی لەڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.[170]

هەروەها مارکسیەکان و بەعسیەکان دیسان لەسەر چەمکی موڵکایەتی ناکۆکن، لە لایەکەوە بەپێی "مانیفێستی کۆمۆنیست" دەتوانرێت تیوری کۆمۆنیستەکان لەیەك ڕستەدا کورت بکرێتەوە کە پووچەڵ کردنەوەی موڵکایەتی تایبەتە، بەڵام دەستووری بەعس ڕادەگەیەنێت کە موڵکایەتی و میرات بریتین لەدوو مافی سروشتی و بەردەوام بوونیان لە دوو توێی سنوورەکانی بەرژەوەندی نەتەوایەتیدا زامن دەکرێت چاویش دەبڕێتە ئەوەی لەئایندەدا دەوڵەت نزمترین ئاستی موڵکایەتی زەوی بۆ هەموو هاوولاتیان دابین بکات.[171] ئەم پارتە هەرچەندە خۆی بە سۆسیالیزم دەداتە قەڵەم، بەڵام تا ئێستە نەخشەیەکی سنوور دیاری بۆ

[169] میشیل عفلق: في سبيل البعث، ج١،ل٢٨٨؛ مشيل عفلق: البعث و الاشتراكية،ل٣١.

[170] محسن احمد محمد: الفكر الاشتراكى الحزب البعث العربي الاشتراكى، دار الحرية للطباعة،بغداد، ١٩٨٢، ل٢٢٤.

[171] حنا بطاطو: س. پ، ل٤٤.





ئەو سۆسیالیزمە دانەناوە کەباسی دەکات و تا ئێستەش نەیتوانیوە خۆی لەبیری شۆڤێنانەو تەنگە تیلکانەی هوردە بۆرژوای عەرەبی ڕزگار بکات.[172]

[172] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٤٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی دووەم: بەعسیزم و کورد



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### باسی یەکەم

## کورد لە ئایدیۆلۆژیای بەعسدا

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە، کورد لەپێناو سەلماندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانیدا لەخەباتێکی بێ پسانەوەدا بووە، حکومەتی عێراقیش لەهەوڵدانی بێ پچراندا بووە بۆ سەرکوت کردنی سەرجەم جولانەوە شۆڕشگێڕەکانی کورد. حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بەردەوام لە هەوڵدانی ئەوەدابوون کە مەسەلەی کورد تەواو بچووك بکرێتەوە و نرخ و بەهاو قورساییەکی ئەوتۆی لە بواری دەوڵەتاندا نەبێت، وەك کارتێکی فشار بەکارهاتووەو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاواش هەر بەمەسەلەیەکی ناوخۆییان لەقەڵەم داوە، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەل حکومەتی عیراق بە کێشەیەکی ناوخۆیان وەسف دەکرد، بۆیە رژێمەکانی عێراقیش





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەئارەزووی خۆیان وەك کێڵگەی تاقیکردنەوەی زانستی شەڕو کوشت و کوشتار مامەلەو تەماشایان کردووە.

کاربەدەستانی عێراق هیچ کاتێك نەیان ویستووە لەهۆکاری ڕاستەقینەی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردو ناڕەزایی و بێزاری و هەراسانی خەڵکی کوردستان بگەن، هەرگیز نەیان ویستووە بەڕاست و درووست گیروگرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی گەلی کورد بزانن و ڕەگوڕیشەی مەسەلەی کورد بدۆزنەوەو چارەسەری عادیلانەی بکەن. لە نێو ریزی کاربەدەستانی عیراقدا چونی بەعسییەکان بۆ سەر تەختی دەسەلات نیشانەی ڕووداوێکی شووم بوو بۆ کوردان، چونکە لەنێو هەموو ئەو ڕژێمانەدا کە لەدوای ڕووخانی پاشایەتی هاشمییەوە دەسەلاتیان گرتبووە دەست، بەعسییەکان سەرسەخترین و خوێن ڕیژترین دەسەلاتداری عیراقی بوون بەرامبەر کورد.

بەعس لەسەرەتای درووست بوونیەوە لەسەر بناغەیەکی نەتەوەیی تەسك دامەزراوەو بیرو ڕاو کردەوەکانی لەبیرو ڕاو کردەوەکانی نازی و فاشیستەکانەوە نزیك تر بووە وەك لەهەر دەستەو تاقمێکی تر.[1] فاشیەت هێزێك درووستی دەکات کە لەخۆی رادەبینێت تەواوی کۆمەڵگە بخاتە دوای دروشمەکانی خۆیەوەو لەهەست کردن بە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوهێزەی بەشێوەیەك لە غروری خۆیدا نوقم بووە، پێیوایە پێویستی بەهیچ جۆرە ژیانێك لەگەڵ هێزەکانی تردا نییە، کانگەی هەرە

[1] بێ ناوی نوسەر: چەند راستیەکی مێژوویی لە بارەی بەعسەوە، گۆڤاری کادر، ژمارە (٢٣)، ئابی ١٩٧٤، ل٦.

گـەورەی دیکتاتۆریـەت‌و فاشـیەت لـەو بڕوایـەوە هەڵـدەقوڵێت، کاتێـك هێزێکـی سیاسـی دەگاتـە ئـەو باوەڕەی کـە ئـەو زۆرینەیـەکی هێنـد مـەزن درووسـت دەکـات و دەتوانێـت بـۆ ماوەیـەکی درێـژ هـەموو ئەجێنـدەکانی خـۆی بەسـەر مێـژوو و کۆمەڵگـەو هەنـدێك جـار بەسـەر تـەواوی دنیاشـدا بسەپێنێت. هەر بۆیە فاشیەت دیاردەیەکە لەمێگەل جودا نابێتەوە، بەهیچ و کـەم تەماشـا کردنـی کەمایەتیـەکانیش، بەشـێکی گرنگـی پێـك هاتەکەیەتی.[٢] دیاردەی تۆتالیتاری بەعس یەکێکە لەو دیاردە جیاکراوە و دیارانـە کـە لـە مێـژووی عیراقـدا بـە درێـژایی ماوەیـەکی مێـژوویی دا دەرکەوت، تەنها یەك جیاکاری گەورەی ئەم تۆتالیتاریە ئەوەیە کە توانی بـوونی شـتەکان و خـەلك و کردەوەکـان لـە مێـژووی خۆیـدا بـسڕێتەوە.[٣] دەبێت بەعسیزم وەك چەمکێکی تایبـەتی تۆتالیتارانـەی دەسـەڵاتدارێتی لەجیهاندا ببینین‌و ڕاڤەی بکـەین‌و تێبگـەین، هـەروەك چۆن تۆتالیتـاریزم لـەخۆرئاوای سـەرمایەداری فاشـیزم‌و نازیزمـدا بەرهـەمی هێنـا، ئـاواش لەجیهانی سێەم داو بەتایبـەتی لـەجیهانی عـەرەبی‌و ئیسلامیدا فۆرمێکی تایبەتی دەسەڵاتدارێتی بەرهەمهێنا کەناوی (بەعسیزم)ە.[٤] کەواتـە بـەعس هێزێکـی فاشـییە، نـەبوون بەفاشـیەت مانـای ئـەوە نیـە کـە دیموکراسـی‌و ڕێزی مافەکانی مرۆڤ دەگرێ‌و ئەو دەسـەڵاتەی کەهەیـەتی بەشێوەیەکی خـراپ بـەکاری ناهێنـێ، دەسـەڵاتێك بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە دەسـەڵاتێکی

[٢] بەختیار عەلی: خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە ووتار، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٥، ل٤، ٥.

[٣] میثم الجنابي: العراق و معاصرة المستقبل، دار المدى للثقافة و النشر، دیمشق، ٢٠٠٤، ل٢٦٥.

[٤] ئاراس فەتاح: بەعسیزم پڕۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تـەواو نـەبوو، گۆڤاری سـەردەمی ڕەخنـە، ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، پایزی ٢٠٠٥، دەزگەی چاپ‌و پەخشی سەردەم، ل٩٩.





دیموکراسـی‌و ڕێـزی مـرۆڤ و کۆمەڵگـەو ژیـان بگرێـت‌و بەشـێوەیەکی یەکسان مامەڵـە لەگـەل هاووڵاتیانـدا بکـات، ئەوەنـدە بـەس نییـە لەبـەعس بچێت، بـەڵکوو دەبێـت هـەڵگری زۆر کارەکتـەری دیکـە بێـت کـە دەکەونـە ئـەودیوی لـە بـەعس نەچـوونەوە.[٥] لـەم گۆشـە نیگایانـەوە بەشـێکی ئـەو میتۆدە لێکچوانەی بەعس لەگەڵ فۆرمە دەسەڵاتدارێتیەکانی لـە نموونـەی فاشیزم یان نازیزم، بەتایبەتی وونبوون‌و غیابی خوێندنەوەیـەکی تایبـەتـە بـۆ دەسـەڵاتدارێتی دەوڵـەتی بـەعس، کـە دەتوانرێـت بـە (بەعـسیزم) نـاو زەدبکرێت.[٦] بـەعس کەهـەڵگری بیروبـاوەڕێکی ڕەگـەز پەرسـتی بـووە، هـەر لـەڕۆژانی یەکەمـەوە بـەوە جیاکراوەتـەوە، کـە هـەوڵی لێـك چـوونیان داوە بـەبیروباوەڕی نـازی‌و فاشـی خوێنمـژ، وەرگرتنـی بنـەما سـەرەکییەکانیان، بەتایبـەتی کتێبـەکانی فەیلەسـوفەکانی ئـەڵمان، ئەوانـەی کـەبیروباوەڕی پـاکی خوێنیـان هـەڵگرتبوو لـەنێو نەتـەوەکانی تـردا.[٧] بـۆ وێنـە (زەکـی ئەرسوزی) کەیەکێك بـووە لەدامەزرێنـەرە یەکەمینـەکانی بـەعس، بـەردەوام ئـەوەی ڕاگەیانـدووە کـە: " تـەنها عـەرەب کۆمەڵـە مـرۆڤێکن کـە بـەپاکی ماونەتـەوە لەسـەر بـەهای گیـانی کـە لـە بـاوکی مـرۆڤ (ئـادەم)ەوە بۆیـان ماوەتەوە".[٨] ئەم پڕۆژەیەی بەعسییەکان هەڵیان هێناوە توڕدانەوەی کورد

[٥] مەریوان ووریا قانع: شوناس‌و ئاڵۆزی، چەند ووتارێك دژی دۆگماتیزم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٥٥-٢٥٦.

[٦] بەختیار عەلی: خوێنەری کوشندە ، ل٥.

[٧] بێ ناوی نوسەر: چەند راستیەکی مێژوویی لە بارەی بەعسەوە، گۆڤاری کادر،ل٩.

[٨] عبدلله حنا: من الاتجاهات الفكرية في سورياو لبنان في النصف الاول من القرن العشرين، بيروت، بەبێ ساڵی چاپ، ل٨٥؛ على صالح ميرانى: الحركة القومية الكردية في كوردستان- سوريا ١٩٤٦-١٩٧٠، ط١، اربيل، ٢٠٠٤، ل١٩٤.

بوو لەپێناو پاراستنی (من)ێکی عەرەبییانەی (خاوێن)دا کە ڕەگەز پەرستیەکەی بواری پێ نەدەدا قبووڵی هەبوونی کورد لە بەرامبەر خۆیدا بکات.[9] ئەم ڕەگەز پەرستیەی بەعس لەعێراقدا ڕەگو ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، کە بۆ ساڵانی یەکەمی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێتەوە کە لەبارودۆخێکی نا سروشتیو نادروستدا لەچوارچێوەی گۆڕانکاریە جیۆسیاسیو هەرێمی و نێو دەوڵەتیە فراوانەکاندا دروست بوو بوو، بۆ وێنە چەمکی (شعوبیەت) کە جێگەیەکی سەرەکی لە فکری بەعسو پیادەکردنیدا داگیر کردووە، ئەم چەمکەیان لە بیرمەندە توندڕەوەکانی فکری عەرەبی وەرگرتووە کە لەپێشەنگیاندا (ساطع الحصري)یە.[10] کە بەدامەزرێنەری تیۆری نەتەوەی عەرەبی تازە دادەنرێت زۆر سەرسام بووە بە بۆچوونەکانی (نیچە)و ڕۆمانسیەکانی ئەڵمان.[11] بەعس پێی وابووە لە بەرایی ئیسلامەوە، هەر نەتەوەیەك بەرگری لەخۆی کردبێ، یان بە خواهشت پێشوازی لە سوپای ئیسلامی نەکردبێ، یاخود شارستانیەت، مێژوو، زمان، کولتوورو باوەڕەکانی خۆی پاراستبێ، ئەو میللەتانە تێکڕا بەعس بە شعوبیان دەزانێ، شعوبیش خراپترین ناتۆرەی بەعسە کە دەیداتە پاڵ ئەو میللەتانەی لەبەرامبەر شاڵاوی شۆڤێنیانەی عەرەب لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئێستە خۆیان پاراستووە. بەعس ڕیزەکانی خۆیو سوپای عێراقو لایەنگرانی لەناو نەتەوەی عەرەبدا بە ڕقێکی ئەستوور بەرامبەر (شعوبیەت) پەروەردە کردووە.

---

9 ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین، گۆڤاری کوردستان، ژمارە (٢)، هاوینی ٢٠٠٣، تاران، ل٦٧.

10 سعد بشير اسكندر: الكرد الفيليون و حزب البعث ١٩٦٣– ٢٠٠٣، بلا مكان الطبع، ل٨٦–٨٧.

11 سمير خليل: جمهورية الخوف، ت. احمد رائف، ط٣، قاهره، ١٩٩١، ل٢٤٠– ٢٤١.





تویژەری عێراقی (حسن علوی) دەڵێت: "تۆمەتی شعوبی، مەبەست لەهەموو ئەو کەسانەیە کە دژایەتی (عروبە) دەکەن، ئەم وشەیە لەلایەن عەرەبە توندڕەوە ڕەگەز پەرستەکانەوە بەکار دەهات.[12] ئەم ووشەیە واتە (شعوبی) وشەیەکی نەگونجاوو رق لێبوونەوەیەکی ڕەگەز پەرستانەی عەرەبە بەرامبەر بەنەتەوەکانی تر.[13] (خیرالله تلفاح) کە یەکێك بوو لە بەعسییە سەختگیرەکانو خاڵی (سەدام حسەین)ە لە کتێبێکدا بەنێوی (الشعوبية عدو العرب الأول) واتە (شعوبیەت دوژمنی یەکەمی عەرەبە)، هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ بیری نەتەوەیی عەرەب نین بە (شعوبی) لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: عەرەب لەهەموو نەتەوەکانی تری جیهان بەرزترەو ئەو قسەیەش بەدرۆ دەزانێ کە دەڵێ: "لە ئیسلامەتیدا عەرەبو عەجەم نیە".[14] بەعس بەم شێوەیە (شعوبیەت) لێك دەداتەوە: "بزوتنەوەی گەلانی غەیرە عەرەبە، هەوڵ دەدات شارستانیەتو دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەب لەناو ببات، ململانێیەکی شارستانیو ڕووناکبیریو ئایینی فراوانی ئاشکرایە، کەوابێ بزووتنەوەی دەستەیەکی دیاریکراو یان چینێکی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو هەوڵێکە خەڵکی جیاجیا داویانە بۆ بەرپەرچدانەوەی کولتوری هەڵچووی عەرەب.[15] لەبەر ئەوە بەعس هەموو قسەکردنێك لەبارەی نەتەوەیەکی تر لەنیشتمانی عەرەبو پارت و هەموو نەتەوەو کەمایەتیەکانی تری غەیری عەرەبی بە شعوبیەتو کیناوی

---

12 وەرگیراوە لە سعد بشير اسكندر:: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

13 سمير خليل: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧.

14 وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کورد...، ل٥٤.

15 مەلا بەختیار: ئەنفال و ئایدۆلۆژیەتی بەعس...، ل٢٤– ٢٥.

داناوە.[16] هەر بۆیە عێراق لەوەتەی دامەزراوە تا ئێستە بەچاوی غەریبو گومان لێکراوو پیلان گێڕو یاخیو بێگانە سەیری هاوولاتی کوردی کردووە و دەکات، لە کاتێکدا کورد هەزاران ساڵە لەسەر خاکی باوو باپیرانی خۆیو لە نیشتمانی نەتەوەیی خۆیدا دانیشتووەو ئەژی، لەبەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانی دا هیچی لە عەرەبی عێراقی کەمتر نەبووە. رژێمی بەعس لە روانگەیەکی شۆڤێنیستی و رەگەزپەرستانەوە دەیڕوانیە مەسەلەی کورد و جولانەوە شۆڕشگێڕانەکەی، بۆیە بە گوێرەی ستراتیجێکی دیاریکراو و بە پێی تاکتیك و نەخشە و پلانێکی وورد دەیویست نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستانی ژێر دەسەلاتی خۆی(کوردستانی عیراق) لە ناو ببات و خاکی کوردستان بەتەواوی داگیر و زەوت بکات بە نیازی ئەوەی مەترسی کورد لەسەر پاشەڕۆژی دەوڵەتی عیراق نەهێڵێ و زەمینەی جیابونەوە بۆ جولانەوەی رزگاری کوردستان لە عیراقدا ساز نەبێ.

مادەکانی (٢تا ٤) لەپڕۆژە دەستورەکەی حکومەتی عێراقی ساڵەکانی (١٩٦٨) و (١٩٧٠)دا باس لەوە دەکات کە: "عێراق بەشێکی نیشتمانی عەرەبەو کار بۆ بەدیهێنانی یەکێتی هەمە لایەنەی عەرەب ئەکاو، عێراق یەکەیەکی لەپارچە پارچە بوون نەهاتووەو لەژێر هیچ بارو زوورفێکدا

[16] الحزب الديمقراطي الكوردستاني (المكتب السياسي)، في موقف البعث اليميني الحاكم في العراق من (الديمقراطية) و (البرلمان)، كردستان، ١٩٦٩، ل٢٤.





دەست لەهیچ بەشێکی هەڵناگرێ"[17] ئەم مادانەی پڕۆژە دەستورەکەی حکومەت، تەواو پێچەوانەی واقعن، چونکە لەڕاستیدا عێراق بەتەنیا بەشێك نیە لە نیشتمانی عەرەب، بەڵکوو خاکی عێراق بریتییە لەپێکەوە گرێدانی بەشێکی نیشتمانی عەرەب لەگەڵ بەشێکی نیشتمانی کوردو خەڵکەکەشی بریتییە لەبەشێکی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ بەشێکی نەتەوەی کوردو چەند کەمینە نەتەوەیەکی ترو بە زۆر لەچوارچێوەی عێراقدا لەقاڵبدراون.

هەر سەبارەت بەو بیرە شۆڤینیەی بەعس رۆژنامەیەکی بەیروتی لە سەرزاری حزبی بەعسەوە وتارێکی لە ٤ی شوباتی ١٩٥٩دا بلاوکردووەتەوە و تیایدا ئایدیۆلۆژیەتی بەعس و سیاسەتەکەی بەرامبەر مەسەلەی کورد روون دەکاتەوەو لەوێدا هاتووە:"گەلی عەرەبی ئەو کەمایەتیانەی سەربەست کردووە لە هەڵبژاردنی مانەوە لە نیشتمانی عەرەبیدا یا کۆچ کردن بۆ ولاتەکانیان...، نەتەوەی عەرەب پشتگیری لە خەباتی کوردەکان دەکات لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام سنوری ئەو دەوڵەتە کوێیە؟ هەڵبەت ئەو سنورەی کە نەتەوەی کورد دەگرێتەوە لە کوردستاندا بریتی یە لە بەشێکی تورکیا و ئیران.بەمە نەتەوەی عەرەبی زۆر خۆشحال دەبێت بە بوونی دراوسێیەکی هاوڕێی ولاتی کوردستانی دیموکراتی ئازادکراو... کە ئامادە نیە بەشێك لە

[17] پەیمانگەی نێودەوڵەتی یاساکانی مافی مرۆڤ، کۆلیژی یاسای زانکۆی دیپۆل :دەستورە عیراقیەکان، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی بە پێی پێوەرەکانی مافە دەستورییە نێو دەوڵەتیەکان، ٢٠٠٥، ل١١٨-١١٩.

ولاٌتەکەی ببرێت و بیدات بە کەسانی تر".[18] لێرەدا دەردەکەوێت کە بەعس هەرگیز باشوری کوردستانی بە زۆرلکێنراو بە بەشێك لە کوردستان و دانیشتوانەکەیشی بە بەشێك لە نەتەوەی کورد نازانێت.

هەروەك (طالب شبیب) * ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوەی بەعس دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەڵێت: "ئێمە تێگەیشتنی گشتیمان بۆ کورد وابوو کە ئەوان ڕەوویان بۆ سەر خاکی عەرەب کردبێ و هاتبن تا لە وولاٌتەکەیاندا میوانیان بن. کەڕاستیەکەشی وانەبوو، چونکە کوردەکان نەتەوەیەکی ڕەسەنن لەعێراقداو ماوەیەکی هێجگار زۆر بەر لە عوسمانییەکان و بگرە پێش هەندێ لە کۆچکەرە عەرەبەکانیش لەعێراقدا ژیاون.[19] بێگومان ڕاو بۆچوونی پارتی بەعس و ڕەوتە نەتەوەییەکانی تری عەرەب ئەوکاتە لای زۆر کەس ڕوون و ئاشکرا

[18] وەرگیراوە لە: میڤان عارف عبدالرحمن بادي: الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق، ١٩٥٨-١٩٦٣، دار سپيرێز ، اربيل ٢٠٠٥، ل١٥١.

* ساڵی ١٩٣٥ لە رومیثة لەدایك بووە ، زەمالەی خوێندنی لەبواری ئەندازیاری لە لەندەن بۆ دەرچووە لەوێ سەرۆکایەتی پەیوەندی خوێندکاری عەرەبی کردووە ،دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد لەساڵی ١٩٥٨ وەك ئەفسەری ( إحتياط ) لە بنکەی ڕەشیدی ئاسمانی کاری کردووە هەر لەهەمان ساڵدا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حیزبی بەعس هەرێمی عێرا ق، لە١٩٥٩دا بۆتە ئەندامی قیادەی قەومی لە ١٩٦٣ دا بۆتە وەزیری دەرەوە دواتر دورخراوەتەوە بۆ بەیرووت و قاهیرە، کاری دیبلۆماسی بۆماوەی ١ ساڵ کردووە باڵوێز بووە لە ئەنقەرە و بۆن و لەندەن، و نوێنەری هەمیشەیی عێراق بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان،دواتر بووەتە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی صدام و بەشداری لە دامەزراندنی ڕێکخراودا کردووە .(علي كريم سعيد: حركة ٨ شباط ١٩٦٣ من حوار المفاهيم الى حوار الدم مراجعات في ذاكرة طاليب شبيب).

[19] على كريم سعيد: عراق ٨ شباط ١٩٦٣ من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، ط٣، بغداد، ٢٠٠٥، مطبعة المعارف، ل٢٤٧.





بوو، چونکە لەڕۆژنامەو بلاٌوکراوەو نووسینەکانی خۆیاندا نەیاندەشاردەوە هەر ڕێك وەك ئەوەی تاڵیب شەبیب باسی لێوە دەکات، بەلاٌم ئایا ئەو ناڕاستیەی خۆیانیان کەی بۆ دەرکەوتووە؟ دوای ئەوەی لە مانگ و ڕۆژو سەعاتی خۆیاندا دەسەلاٌتەکەیان لەبارچوو یاخود پێشتر؟ چونکە نابێ سەرکردایەتی پارتێکی سیاسی وولاٌتێك ئەو زانیاریانەی نەبێت لە چۆنێتی و پێکهاتەی وولاٌتەکەی، بەتایبەتی ئەو کاتەی تاڵیب شەبیب وەزیری دەرەوەی عێراق بووە هەر چل ساڵێك بەسەردامەزراندنی عیراقدا تێپەڕیبوو.[20]

قوڵکردنەوەی ئەو چەمکەی گوایە کورد لەسەر خاکی خۆی ناژی بەڵکو میوانە لە سەر خاکی عەرەب، بۆیە دەوڵەتی عەرەبی عیراقی هەقی خۆیەتی دەریان بکات و رایانگوێزێ لە ناوچە ستراتیجی و نەوتاوییەکان نەیانهێڵێ، چونکە بوونەتە مایەی سەریەشە بۆ (عەرەبی خانە خوێ).[21] لەلایەکی دیکەشەوە عەبدولعەزیز دووری، کە لە کۆبوونەوەیەکی ناسیۆنالیستە عەرەبەکاندا لەنیسانی ١٩٦٥دا لە قاهیرە ووتبووی: "تا ئێستە هیچ دەوڵەت و میرنشینێکی کوردی نەبووەو نێوی کوردستانیش شتێکی تازەیە".[22] ئەمانە ئەو بۆچونە دۆگما و وشکهەلاٌتووە بەعسێتیەیە کە نایانەوێ دان بە هیچ یەکێك لە گەلە ناعەرەبەکانی ئەو نێوچەیەدا بنێن کە خۆیان پێی دەڵێن:"جیهانی عەرەبی" کە لە راستیدا بەر لە پرۆسەی بە

[20] ساڵح محمد ئەمین: سەرنج و بەدواداچونێکی یاداشتەکانی تالیب شەبیب، گۆڤاری باسکار، ژمارە (٣)، لندن، هاوینی ١٩٩٩، ل٥٢، ٥٣.

[21] ئەمین قادر مینە:ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان،ل١١٦

[22] وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی، ل٦٢.

ئیسلام کردنی گەلانی ئەو نێوچەیە تەنها عەرەبێکیش لەوێدا بوونی نەبوو. تەنانەت صەدام حسێن لە کوردستان و لەبەردەم جەماوەری کورددا لە جەژنی نەورۆزدا سەرەڕای نێو بردنی ووشەی (کوردو کوردستان)و گەلی کورد، ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە کورد بەبەشێك لە عێراق دادەنێ و عێراقیش بەبەشێك لە نیشتمانی عەرەب دەداتە قەڵەم.[٢٣] صەدام دەڵێت: "مێژووەکەتان دەهێنمە یادتان(مەبەستی لە مێژووی کوردە)، هەموو سەرکردەکانی عێراق لەوانە ئەوانەی فەڵەستینیان لەسەردەمە کۆنەکاندا ڕزگار کردبوو عێراقی بوون، هەندێکیان لە باکوری عێراق بوون، هەندێکی تریشیان هی ئێرە بوون لە خاکی کوردستان بوون، بەڵام بۆ قودس ڕۆیشتن... نەچوونە قودس بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین کەتەنیا نوێنەری کوردن و نەچوونە فەڵەستین پێش ئیسلامەتی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین کەتەنیا نوێنەری کوردن و لەبەر ئەوەی کە کوردن و بەس، بەڵکوو چوونە قودس تا فەڵەستین ڕزگار بکەن بەناوی کوردی عێراقەوە کەبەشێکن لەگەلێك بەناوی گەلی عێراق، ئەم گەلەش بەچەند پەیوەندی یەك و بیروباوەڕێکی ئاشکرا بەهەموو نیشتمانی عەرەبەوە بەستراوە".[٢٤] ئەمە سەرەڕای چاوپۆشین لەقەبارەی دیموگرافیای ئەم نەتەوەیە لە کۆمەڵگەی عێراقیداو بەچاوپۆشین لە قەبارەی سیاسی دانیشتوانەکەی کە مافی خۆیەتی بە ئازادی ڕادەربڕین بە زمانەکەی و ئەو بیروباوەڕەی کە بڕوای پێیەتی، هەروەك مافی خۆیەتی کەڕێکخستن و

[23] صدام حسين: من خطاب صدام حسين في التجمع الجماهيري في منطقة قشقولي بمحافظة السليمانية بتاريخ ١٩٧٩/٣/٢١، مجلة الحكم الذاتي، العدد ٤، السنة الرابعة، ١٩٧٩، ل٥.

[24] صدام حسين: المسار الانساني للبعث، جامعة الموصل، بەبێ ساڵ، ل١٢.





دامەزراوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی دامەزرێنێت لەچوارچێوەی ئەو یاسایەی کەڕێکی دەخات. و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە جیاوازیەك و دوو نەتەوەی جیاوازو دووپارچە زەوی جیاواز عێراق بەیەك عێراق و یەك پارێزگە لەقەڵەم دەدەن و پێیان وایە عێراق بۆتە یەك شارو یەك گوند، لەسەرەوە تا خوارەوە جیاوازیش بارێکی کوت و پڕیە لەزەوی عێراقدا. ئەویش بارێکی بچووکی هونەریەو بارێکی جەماوەری نیە.[٢٥] هەروەها صەدام حسێن لە وتارێکی تریدا لەبەردەم جەماوەردا بەبێ ئاماژەکردن بە بوونی هیچ نەتەوەیەك و لەقەڵەم دانی هەموو نەتەوەکان بەعێراقی عەرەبی دەڵێت: "ئێمە جارێکی تر لەبەردەم ئێوەدا، هەروەك چۆن حیزبەکەتان لە بەیاننامەی یەکەمی شۆڕشەکەی و لە ١٧ی تەممووزداو لە ٣٠ تەممووزدا جاڕیداوە، جاڕ دەدەینەوە کە عێراق بۆ ئێوەو بۆ نەوەی عەرەبەو بەغەیری ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب کەس لەسەر خاکی عێراق جێی نابێتەوە".[٢٦] * هەموو بڵاوکراوەو بەیاننامەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لەهەرێمی عێراقدا، کە لەماوەی نێوان

[25] ووتاری صدام حسين لە ڕۆژی ١٩٨٢/٢/٢٤دا لە پارێزگەی سلێمانی، ل١٤.

[26] صدام حسين: گەل سەرچاوەی هێزو بەخششە، دار افاق عربيه، بغداد، بەبێ ساڵ، ل١١.

* بەڵام نەتەوە پەرستانی عەرەب دەبێت زۆر بە ئاشکراو واقیع بینانەو بە جورئەتەوە پێ لەسەر ئەو ڕاستیە داگرن کە عێراق بەتەنیا بەشێکی نیشتمانی عەرەب و دانیشتوانەکەشی هەموویان بەشێکی نەتەوەی عەرەب نین، نەسەلماندنی ئەم ڕاستیە پڕشنگدارەو هەوڵدان بۆ سەپاندنی پێچەوانەکەی ئەگەرچی گەورەترین زیان بەیەکێتی عێراق دەگەیەنێ، زەبرێکی کاریگەریش دەدات لە ئامانجە نەتەوەییەکانی عەرەب و بەڵگەنامە مێژوویی و جوگرافی و دیموگرافی و ئارکیۆلۆژیەکانیش دژی ئەوەن کە عێراق بەم پێکهاتە نەتەوەیی و جوگرافیاییەی ئێستەیەوە، بەشێك بێت لەنیشتمانی عەرەب.(مەحمود ڕەزا: لەپێناوی دیموکراتیزەکردنی حوکم لە عێراقدا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١١، ١٢).

حوزەیرانی ١٩٥٣و ئابی ١٩٦١دا دەرچوون‌و لە زنجیرەی (نضال البعث)دا کۆکراونەتەوە کێشەی کوردیان وەك کێشەیەکی نەتەوەیی نێوخۆ لەعێراقدا باس نەکردووە و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەو بارەیەوە پێشکەش نەکردووە یاخود هەڵوێستی مەبدەئیانەی خۆی بەرامبەر بەم کێشە نەتەوەییە دەرنەخستووە. لەڕوویەکی تری هەڵوێستی بەعسدا بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر، بەعس پێی وایە کە یەکێتیەکی درووست کردووە لەنێوان نەتەوەو مرۆڤایەتیداو کاری نەتەوەی عەرەب پیرۆز ڕاگرتنی هەستی نەتەوایەتی یە لای گەلانی ترو عروبە بە مرۆڤایەتی دادەنێت و بیری بەعس بەدەستەبەری زامنی بۆ نەتەوەکانی تر دادەنێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەگەز پەرستی نەبێتەوە بەبۆچوونی خۆیان فکرەیەکی کراوەو پێشکەوتوو مرۆڤایەتیان هەیە.[٢٧] ئەمە لەکاتێکدا تەواو پێچەوانەی بۆ چوونی بیرمەندەکانی عەرەبە کە لەوەسف کردنی عەرەب بە جوانترین شێوە هیچ درێغیەکیان نەکردووە، بەلاّم بەرامبەر بەڕیسواکردن‌و بەکەم زانینی سەرجەم میللەتانی تروشێواندنی مێژوویان ئەوا بە خراپترین شێوە کاریان بۆ کردووە، بۆ وێنە (زەکی ئەرسوزی) لەیەکێك لە وتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە گەلی کورد بژێوی خۆیان لەسەر زبڵدانەکان دابین دەکەن‌و بە جرج ناوی بردوون.[٢٨] هەروەها (هانی

---

[27] حامد احمد الورد: الانسان وبناء مجتمع في فكر وتجربة حزب البعث الاشتراکی، بغداد، ١٩٨٤، ل٥٥.

[28] حازم صاغیه: قومیو المشرق العربي من درابغوس الی غارودی، بیروت، ٢٠٠٠، ل٩٤.





ئەلفەکیکی)[*]، ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی بەعس و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عیراقدا لە لێدوانێکیدا لە شوباتی ١٩٦٣دا سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی بەعس دەربارەی مەسەلەی کورد دەڵێت: "لەناو کلتوری سیاسی و فیکری حزبداو لەناو ئەدەبیاتی بیری نەتەوەی عەرەبیشدا، هیچ گرنگی پێدانێ یاخود دانپیانانێك بەمەسەلەی نەتەوەیی و کەمینە ڕەگەزی‌و ئاینی و مەزهەبیەکان دا نیە، بیریشم نایەت سەبارەت بە کورد بۆچوون‌و دیدێك یاخود لێکۆڵینەوەیەکی حزبم خوێندبێتەوە، جگە لەو لێدوانە کورتەی ساڵی ١٩٥٥ نەبێت کە عەفلەق دابووی و تیایدا ئاماژەی بە کوردی عێراق‌و مەسیحیەکانی لوبنان‌و بەربەرەکانی مەغریب کردبووی، ئەوەشی دەربڕیبوو کە ئیستغلال کردنی ئابووری‌و پڕوپاگەندەی کۆلۆنیالیزمی وای کردووە ئەوانە هەست بە زوڵم‌و نامۆیی و ترس بکەن لە عروبە".[٢٩] هەر بۆ تواندنەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوایەتی عەرەبیدا بەعس لە کۆنگرەی نەتەوەیی خۆیدا باس لەوە دەکات کە: "سەبارەت بەو نەتەوانەی کە قورساییەکی ڕیژەییان لە

---

[*] لە سالی ١٩٣٦دا لە بەغدا لەدایك بووە, سالی ١٩٥٤ چۆتە ریزی حیزبی بەعسەوە لەساڵی ١٩٦٣ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە, هەروەها ئەندامی قیادەی قطری سوری بووە دوای کۆنگرەی قەومی پێنجەم تا ساڵی ١٩٦٣, لە ساڵی ١٩٦٤ لە بەعس جیابۆتەوە, لەگەڵ یاسین الحافظ و حمدی عبد الحمید و چەند کەسێکی تردا پارتی (البعث الیساری) یان پێك هێناوە دواتر پارتی ( العمال الثوری) لە ساڵی ١٩٦٥, دوای گەرانەوەی بەعس ساڵی ١٩٦٨ دەیان جار گیراوە تا ئەو کاتەی عێراقی بەجێهێشتووە ساڵی ١٩٧٩.(هانی الفکیکی: اوکار الهزیمة , تجربتی فی حزب البعث العراقی مؤسسة المنار, قم_ صفائیة, ط٢, بدون سنة الطبع).

[29] هانی الفکیکی: أوکار الهزیمة تجریتی في حزب البعث العراقی، ط٢، قم، ١٩٩٢، ل٢٩٤، ٢٩٥.

دانیشتواندا هەیەو لەچوارچێوەی نیشتمانی عەرەبدا دەژین، زمان‌و هێمایەکی ئەوتۆیان هەیە کەهەندێ جیاوازیان تێدایە لەگەڵ زمان‌و هێمای نەتەوەیی عەرەبدا، وەك نەتەوەی کورد دەبێ خسوسیەتی نەتەوەیی ناوخۆیان قووبوڵ بکەین‌و هەر ناکۆکیەك کە لەنێوان ئەم نەتەوانەو بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا هەن چارەسەر بکرێت، چونکە ئەم جۆرە نەتەوانە زمان‌و هێمای جیاجیان لە زمان‌و هێمای نەتەوەی عەرەب هەیەو لەهەمان کاتدا هەڵەیە کە بەنەتەوەی جیاواز لەنەتەوەی عەرەب دابنرێن بەو ئەندازەیەی کە جیاوازی لەگەڵ نەتەوەی فارس یا هیند یا نەتەوەی دیکەدا هەیە".[30] بەعس هەمیشە هەوڵی بەگژداچوونەوەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی داوە، جا ئەمە چ لە رێگەی لاوازکردن و پەکخستنی یاخود هەوڵدان بۆ ناو زڕاندن و شێواندنی ناوەڕۆکە دیموکراتیە شۆڕشگێڕەکەی بوبێت بە خستنە پاڵی تۆمەتی : بەکرێگیراو، کۆنەپەرست و دار و دەستەی زایۆنیزم وبەکرێگیراوی سۆڤیەت و ...هتد.

بەعس نەك هەر ڕێگەی بە کورد نەدەدا، کە مافە سروشتیەکانی خۆی بەدی بهێنێت، ئەوەتا بزوتنەوەی کورد بەداردەستی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدات‌و دەڵێت: "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەعێراقدا، هەر چەندە هەندێ ئاڵۆزی مێژوویی لا گەڵاڵە بووە لەگەڵ ئەو شوێنەوارو خڵتەو دوورە پەرێزیە کۆنە پەرستانەیەی تیایدا بوو، کەهەندێکیان پەیوەندیەکی

[30] پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، سەرکردایەتی نەتەوەیی: مەسەلەی کەمایەتی یە نەتەوەیی یەکان لە نیشتمانی عەرەبدا، پانزەهەمین کۆنگرەی نەتەوەیی، بغداد، دار الحریە، ١٩٧٩، ل٧، ٨؛ جەلال تاڵەبانی: گفتوگۆیەکی جددی لەگەڵ صبحی عبدالحمیدو هاوڕێیانی، و. جەوهەر کرمانج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤.





ئاشکرایان بەدام‌و دەزگە ئیمپریالیستی‌و کۆنەپەرستەکانەوە هەیە".[31] لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە "ئیمپریالیزم لە وڵاتدا بە لەڕەگ‌و ڕیشە هەڵکێشانی زمان‌و پۆرگێك لەسەرووی شاخەکانەوە تێك شکا، کەمەبەستی تێکڕای شۆڕش بوو لەهەرێمی عێراقدا، لەبەر ئەوە بەڕاستی سیفەتی پۆرگی بەکرێ گیراوی بەسەردا دەسەپێنێ نەك تەنیا پۆرگی لەڕێ لادان بوو لە بەرزایی شاخەکان‌و بەس، بەڵکوو پۆرگی لەڕێ لادان بوو لە دژی شۆڕش‌و گشت بیروباوەڕەکانی سیاسەت‌و لەڕێڕەوەکەی بەشێوەیەکی گشتی‌و دژی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بەهەموو پۆلە جیاکانیەوە".[32] بەعس بەجۆرێك پڕوپاگەندەی دژی شۆڕشی کورد لە دەزگەو ڕاگەیاندنەکانیدا بڵاوکردبۆوە کە گوایا ئەوە شەڕی کوردو ڕژێمی عێراق نیە بۆ سەندنی مافی خۆیان، بەڵکو ئەوە شەڕی کوردو عەرەبە کە کوردەکان دەیانەوێت خاکی عەرەب داگیر بکەن. بۆیە پێویستە هەموو عەرەب لە عێراقدا هاوکاری سوپای عێراقی بکەن بۆ لێدانی ئەو بەکرێ گیراوانە".[33] هەر لێرەدا زۆر راشکاوانە سەدام حوسین هانی عەرەب دەدات دژ بە کورد و جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان و کورد بە میوانی عەرەب دادەنێ و ئەو چەمکە لای عەرەب دەوروژێنێ کە کورد

[31] راپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی قطری عێراق کانوونی دووەمی ١٩٧٤، شۆڕشی ١٧ی تەموز تاقی کردنەوەو ئاسۆ، دار الحریە، بغداد، ١٩٧٥، ل٨٥.

[32] صدام حسین: پتەوی بیروباوەڕ لەکاتی بەرەییدا، دار الحریە، بغداد، ١٩٨٢، ل١١، ١٢.

[33] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول بنیاتننان‌و هەڵتەکاندن ١٩٦١– ١٩٧٥، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٩٥، ٩٦.

مەترسی بۆ سەر پاشەڕۆژی عەرەب دروستدەکات، و دەیەوێ خاکەکەی پارچە پارچە بکات و توشی چەرمەسەری بکات.

سەدام حسێن لە وتەیەکیدا ئاماژە بە خەباتی کورد دەدات کە:" لەڕێی ڕاست لایان داوەو ڕاستەوخۆ بوونەتە بەکرێ گیراوی بێگانەو لەوانەی کە بە خۆیان ئەڵێن بەرهەڵستکارو لەدەرەوەی وولات بەنانە ڕەقەی بێگانە ئەژین".[٣٤] بەعس لەم ڕوانگە تەسك بیناناوە لایان وایە داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد گێچەڵە بەنەتەوەو نیشتمانی عەرەبو خزمەتی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم دەکات.

لەڕۆژی ١٩٦٣/٣/٦دا وەزیری دەرەوەی عێراق (تالیب شبیب) بەم جۆرە وەلامی داخوازییەکانی کوردی داوەتەوە: "ئەو داخوازیانەی بارزانی بەلای ئێمەوە پەلپو بیانوو گرتنەو ڕێگە گرتنە لەئاشتی و جێگەی شكو گومانیشە لە بارزانیو پارتی، کە نایانەوێ یەکیەتی عێراقو نەتەوەی عەرەبی بپارێزن، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە پێویستە چاو لە داخوازییەکانیان بپۆشنو پشتگیری لە شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان بکەن و ئەگەر بارزانیو پارتی هەر سووربن لەسەر ئەو داخوازیە بیانوگرانەیە، ئێمە ناچار دەبین کە بەتوندی دژیان بوەستین، بۆ تواناو دەسەلاتو هێزی سوپای عێراقیش زۆر ئاسانە تێکشکاندنیان.[٣٥]

لە لایەکی دیکەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی بەعسدا هاتووە:"سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەب پێی وایە کاتێ لەگەڵ

[34] صدام حسین: خاسیەتی نەتەوەیی ناوخۆ بارێکی قووڵتری خۆبەستنەوەیە بەنیشتمانەوە، دار الحریە، بغداد، ١٩٨٢، ل١١، ١٢.

[35] ئیبراهیم جلال: س، پ، ل٩٧.





سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەچوارچێوەی بەیاننامەی یانزەی مارتدا بڕیاری هاوکاری کردنی دا، هەرگیز ئەو هەڵە کاریانەی پشت گوێ نەخستووە کەهەندێ لایەنی ئەو پارتییە لەسەری ڕۆیشتوون لەگەڵ پەیوەندی یە گومان لێکراوەکانیاندا بەدەستەو دایەرەکانی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستەکانەوە".[٣٦] هەروەها(عبدالرزاق محمود) کە یەکێك بوو لە گەورە ئەفسەرەکانی نێو سوپای عیراق، دەڵێت: "وەك هەریەکێك لەگەورە سەربازەکان لە سوپای عێراقدا هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی ڕوونم نەبوو لەسەر سروشتی شۆڕشی کوردیو هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی یاخود هەر زانیاریەك دەربارەی مێژووی کێشەی کوردو پێشکەوتنەکانی، ئێمە جەنگاوەرە کوردەکانمان تەنها وەك داردەستو گێرە شێوێن دەناسی کەهێزێکی بیانی دەیان جولێنێت لەپێناوی شێواندنی ئاسایشو هێمنی لەعێراقدا، و گوتنی ووشەی کوردستان لەلامان زۆر گران بوو، ئێمە بەڕاستی پێمان وابوو کە شۆڕشگێڕە کوردەکان دەیانەوێت ئیسرائیلی دووەم لە باکوری عێراقدا دروست بکەن کە عبدالسلام عارف* زۆربەی جار لەکاتی وتارەکانیدا لە

[36] راپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، ، ل٨٦.

* عبدالسلام محمد عارف لەبەغداد لەساڵی ١٩١٢ دا لە دایك بووە، لەساڵی ١٩٣١ لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە و پاشان کۆلێژی ئەرکانی لەساڵی ١٩٥١ تەواو کردووە ، بەشداری لەجەنگی عێراقی بەریتانیدا لە ساڵی ١٩٤٦ کردووە و هەروەها جەنگی فەڵەستینی ساڵی ١٩٤٨ و دواتر لەساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادیخواز، لەشۆڕی ١٩٥٨دا بەشداری کردووە و بووە بەجێگری سەرەك وەزیران و وەزیری ناوخۆ بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ عبدالکریم قاسمدا تێکچووە و بەمەش عبدالسلام عارف دوور خرایەوە، پاشان لەهەوڵێکدا بۆلابردنی عبدالکریم قاسم دەستگیرکرا و درایە دادگا و فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا درا بەڵام جێبەجێ

بەرامبەر گەورە سەربازەکاندا ئەم بیرو ڕایەی دەربڕیووە.[٣٧] ئەمە ئەوە دەردەخات کە بەعس نەبڕوای بەبوونی کوردستان هەیە نە بەنەتەوەی کورد. بەلای بەعسەوە کوردستانی ژێردەستەی عێراق بەشێکە لەخاکی عەرەبو کوردیش لەو خاکە میوانە، بەعس کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم دادەنێت.[٣٨] بۆیە کەسایەتی ناجێگیرو سایکۆلۆجیەتی ئارەزوو کردن بە تۆڵە سەندنەوە، و پەیوەست نەبوون بە ئامانجە نیشتمانیو نەتەوەییو مرۆڤایەتییەکانو نەبوونی متمانە بە بەرامبەر و گومانی خراپ، ئەمانە ببوونە سیمایەکی سەرەکی لە سیماکانی سیاسەتی عێراقی.[٣٩] لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا (عبدالرحمن البزاز) سەرۆکی وەزیران لەسەردەمی دەسەلاتی عبدالرحمان عارفدا ڕایگەیاند: "ئێمە ڕێز لەنەتەوەو زمانی کوردی دەگرین... ئێمە دان دەنێین بەمافی کورددا، بەلام ئەوەش ڕەت دەکەینەوە کە واز لەبەشێکی خاکی نیشتمان بهێنین".[٤٠] هەروەها وەزیری بەرگری عێراق عبدالعزیز العقیلی کە دژ بەپێدانی هەموو جۆرە ئیمتیازێك بوو بۆ کورد، هەر یەکە لەڕۆژهەلاتو

نەکراو عبدالکریم قاسم پاش دووساڵ و نیو لێی خۆش بوو، لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا کرا بە سەرۆك کۆمار و پلەی سەربازی (موشیری)پێدرا. لەفڕۆکەیەکی سەربازیدا کەوتەخوارەوە و کۆچی دوایی کرد .

(یاسین صابر سالْح: ئینسکلۆپیدیای گشتی ،ل٧١١ ؛ علاء جاسم محمد الحربی :س. پ ل٣٩،٣٨).

37 عبدالفتاح علی البوتانی: الحركة القومية الكوردية التحررية، ط١، اربيل، ٢٠٠٤، ل٣٨٧.

38 بێ ناوی نوسەر: چەند راستیەکی مێژوویی لە بارەی بەعسەوە، گۆڤاری کادر،ژ(٢٣)، ل٧.

39 حسن علوي: العراق دولة المنظمة السريه، بلا مكان سنة الطبع، ل٨٣.

40 حامد محمود عیسی: القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطانی الى الغزو الامريكی ١٩١٤-٢٠٠٤، ط١، قاهیره، ٢٠٠٥، عربية للطباعة والنشر، ل٣٤٤.





ڕۆژئاوا تاوانبار دەکات بەوەی یارمەتی هەڵگەڕاوەکان دەدەن کە دەیانەوێت ئیسرائیلێك لە باکووری وولاتیاندا دروست بکەن وەك ئەوەی لەساڵی ١٩٤٨دا لەفەڵەستین درووستیان کرد. داوا لەئێران دەکات کە سنوورەکانی داخات بەڕووی ئەوانەی کە لەیاسا دەرچوون.[٤١] لە بارەی تۆمەتبارکردنی کوردستان وەك ئیسرائیلی دووەم، مام جەلال وەلامێکی ئەم بۆچوونە دەداتەوە و دەڵێت:"چاك بیرمە کاتێك یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیم گرت، خوالێخۆشبوو جەمال عبدالناصر ئامۆژگاری کردم و وتی ئەم خاڵە روون بکەوە بۆ جیهانی عەرەبی کە هیچ لێکچونێك نیە لەنێوان ئێوە و ئیسرائیلدا، یەکەم: ئێوە گەلێکی رەسەنن لە ناوچەکەدا، دووەم: ئێوە موسوڵمانن، سێیەم: ئێوە بەرهەڵستکاری نەتەوەی عەرەبی و جولانەوەی عەرەبی نین، ئەمە چەکێکە بەدەست عەرەبە توندڕەوەکانەوە کە لەبارەی کوردەوە دەدوێن و دەڵێن کوردستان ئیسرائیلی دووەمە، ئێمە ئیسرائیلی دووەم نین، بەڵکو ئێمە فەلەستینی دووەمین".[٤٢] بەعسیەکان لە سیاسەتیاندا بەرامبەر بە کورد یەك دەنگ نەبوونو لەبیرو بۆچووندا جیاوازیان هەبووە ، مەدەنیەکان پاڵپشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوون لەڕێگەی گفتوگۆو دانووستانەوە، لەهەمان کاتدا هەندێك لە گەورە سەرکردەکانی سوپا هەموو جۆرە چارەسەرێکی دروستیان ڕەت

41 حامد محمود عیسی: القضية الكردية في العراق ...، ل ٣٤٥.

42 تحاور مام جلال عبر فضائيةLBC اللبنانية قامت ببثها هيئة تحرير صحيفة النهار، ليلة ٢٥-١٩٩٨/١١/٢٦،بێ شوێن و سالی چاپ.

دەکـردەوە.[٤٣] بۆیـە سیاسـەتی بـەعس بەرامبـەر بـە کـورد لـە خولگەیـەکی نـاجێگیردا دەخولایـەوە بـەوەی بـە زارەکـی شـتێکیان دەوت و لـە پراکتیکیشدا شتێکی دیکـە، لـەم بارەیـەوە مـام جـەلال هەلوێستی (حازم جواد) و (علی صالح السعدی) لە بارەی کێشەی کوردەوە روون دەکاتـەوە و دەڵێـت: "لـە سـاڵی ١٩٦٣دا دوای ئـەوەی حـازم جـەواد گـوێی لـە بـیر و بۆچوونەکانمان گرت وتـی: کێشەی کـورد تـەنها بـە ئۆتۆنـۆمی چارەسـەر نـاکرێ، بـەلکو کیانێـك کـە پێویـستە نـاو بنـرێ(کۆمـاری کوردسـتانی سـەربەخۆ). و جاروبـار بـە زمـانێکی تـر دووبـارەی دەکـردەوەو دەیـوت: ئێوەش وەك ئێمە باوەڕتان بە سۆسیالیزم هەیە، وەك چۆن ئێمە ئارەزومان لـە بنیادنـانی کۆمـارێکی عیراقیـی سۆسیالیـستییە، پێویـستە ئێـوەش دەوڵـەتێکی کوردسـتانیی سۆسیالیـستیی راسـتەوخۆتان هـەبێت". مـام جـەلالیش وەڵامـی داوەتـەوە و دەڵێـت: "نیـوەی ئـەوەمان دەوێـت کـە ئێـوە دەیڵێن".[٤٤] لـە کۆبوونەوەیـەکی دوو قۆڵیـدا کـە بـەنهێنی لـەنێوان نوێنـەری پـارتی (صـالح یوسـفی) و نوێنـەری بەعـسی ئەمینـداری گـشتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی (علی صالح سعدی) پێش هاتنـە سـەر حوکمی بەعس بەسترا، علی صالح سعدی بەڵێنی زارەکی بـە صـالح یوسفی دابـوو کـە لـەنێوان پـارتیو بەعـسدا لامەرکـەزی جـارێکی تـر بـاس ناکرێتـەوە، چونکە ئەو نـاوە نازنـاوە لەسـەردەمی قاسمـەوە بـەدناو بووە، بـەڵکو دەبێ

[43] عثمان الرواندوزی المحامی: استجواب صدام حسین رجل التنقضات، دار الاندیه، لندن، ٢٠٠٢، ل٢١١.

[44] علي كريم سعيد: البيرية المسلحة، حركة حسن السريع و قطار الموت ١٩٦٣، ط٢، دار البراق، لندن–بغداد، بدون سنة الطبع، ل٢٦٦.





مافی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا لـە حوکمی بەعسیان دا جێبەجێ بکـرێ، کەچـی چـەندین ڕۆژ بەسـەر کودەتـادا تێپـەڕی، بـەڵام نـە نـاوی وەزیرێکی کوردو تەنانەت رستە باسێکی مەسەلەی کوردیش لە وێستگە و ڕادیـۆو تەلـەفزیۆنی بەعـسیدا بڵاونەکرایـەوە، بـەڵکو بەسـەدان دۆسـتو لایەنگری پارتی بەتۆمەتی شیوعێتی خرانە زیندانەوە.[٤٥]

ئـەم جـۆرە سیاسـەتەی بـەعس کـە خەسـڵەتێکی دژەکـوردی هـەبووە، سـەرجەمی ئەندامـەکانیان بـەو بـیرە دۆگمایـە پـەروەردە دەکـرد کـە هەریەکەیان لەوی دیکەیان زێتر توندڕەوتر بووە بەرامبەر مەسەلەی کورد، هەر بۆ وێنە ئەو بەعسیانە پێیان وابوو"ئەگەرچی لەناوبردنی یاخیبوان بۆ ئێمە گرنگیەکی گەورەی هەیە بەڵام ئەمە تاکە ئامانجی ئێمە نیە، ئەمە پێشەکیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی زۆر گرنگتر و قوڵتر و فراوانتر، ئەرکی سەرەکی لەوەدایە کە بتوانین لە هەموو بەشێکی خاکی عیراقدا شۆڕش بکەین و ناوەرۆکەکەی و مەبەستەکەی بگەیەنێتە هەموو تاکە کەسێك بە پێویـستی بـوون و گـرنگ بـوونی ئـەو گۆڕانکاریانـە بـسەلمێنین کـە روو دەدەن، بـۆ ئـەوەی ناوچـەکانی بـاکور ببێتـە بەشـێکی لـە جیـا نـەهاتووی عیراق و نەبێتە پێچەوانەی بە عەرەبی بوونی سیادەی دەوڵەت".[٤٦]

شـایەنی باسـە دامەزرێنـەری بـیری بەعـسێتی میـشیل عەفلـەق هـەر لـە کۆنـەوە کـوردی بـە کەمایـەتی یـەکی ڕەگـەزی دانـاوە نـەك بەگـەلێك یـان

[45] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٩٥، ٩٦.

[46] دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخەی (ی.ن.ك) تیایدا لەدایك بوو، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ١٩، حوزەیرانی ٢٠٠٠،ل١٣.

نەتەوەیەك یا هیچ نەبێ بە کەمایەتیەکی ناسیۆنال.[٤٧] میشیل عەفلەق لە وتارێکی دا کە لە ئایاری ١٩٦٩دا لە ژێر ناونیشانی (تێڕوانینی سەرۆکی دامەزرێنەر بۆ کێشەی کورد)دا دەڵێت:"بە درێژایی سەدەکانی رابردوو کوردەکان هاووڵاتی عەرەبی موسوڵمان بوون وەك عەرەبە موسولمانەکان هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا نەبوو، کاتێك کە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەوڵەتێکی یاخود چەند دەولەتێکی عەرەبی ئیسلامیان پێك دەهێنا، و لە سەدەی نوێ دا دەوڵەتە داگیر کەرەکان دەستیان کرد بە دۆزینەوەی جیاوازی و هۆکاری جیاکاری لە نێوان عەرەب و کورددا، لە رێگەی کنەکردن لە جیاکاریە مێژوویی و زمانەوانی و رەگەزیەکانی کورد بۆ ئەوەی ئەمە پلەیەك بێت بۆ دابەشبوون لە ولاتانی ناوچەکەدا، کە ئەم دەولەتانە پیلان دەکێشن بۆ داگیرکاریەکەیان لە سەدەکانی رابردووەوە".[٤٨]

لەو دەقەدا ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە (سەرکردەی دامەزرێنەر) ئینکاری لە بوونی کورد دەکات وەك گەلێکی سەربەخۆ، و دان بە نەتەوەی کورددا نانێت وەك نەتەوەیەکی جیاواز و دیاردەیەکی مێژوویی، لە خەباتی خۆشیدا ئەوەی لێکداوەتەوە کە کورد تا لە ژێر دەستی دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامیدا بژین ئەوا بەردەوام لە هەوڵی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی تەواو نابن و لە قۆناغی لەبیرچوونی زمانی نەتەوەیی رۆشنبیریان دەبن، بەڵام داگیرکەر کێشەکەیانی وروژاندووە و کاری زۆری کردووە لەسەر

[٤٧] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی...، ل٥٨.

[٤٨] احادیث الامین العام میشیل عفلق خلال زیارته لبغداد، ایار ١٩٦٩. ، صلاح سعدالله: المسألة الکوردیة في العراق، ط٢، دار المثنی ، ٢٠٠٣، ل١٠٩-١١٠.





دۆزینەوەی جیاوازی رەگەزی و زمانەوانی، بەم شێوەیە کێشەی کورد لە عیراقدا سەری هەڵداوە، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەم تێڕوانینە نازانستیە ناڕاستە رەگەزپەرستی پەتی ئاشکرادەکات، ئامادەبوونێکی خۆییە بۆ تێکەڵکردنی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا، ئەگەر ئەم دیاردەیە تازەیە و تازە هاتبێتە مەیدان لەگەڵ فراوانبوونی داگیرکاری، ئەوا ئەو بۆچوونە دەبێتە هۆی سڕینەوەی سەرجەم جولانەوە نەتەوەییەکانی تر لە ناوچەکە و جیهاندا،ئەمەش دەبێتە هۆی درۆزانیەکی گەورە ئەگەر بەسەر کورددا جێبەجێ بکرێت.[٤٩]

بەعسیەکان لە هەموو رێگەیەکەوە هەوڵی بە عەرەبکردنی کورد و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیان داوە، بۆ وێنە: وەزیری بەرگری (عبدالعزیز العقیلی) لەووتەیەکدا کە دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد بوو، ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە کێشەی کورد ناتوانرێ چارەسەر بکرێت تەنها لەرێگەی جەنگەوە نەبێت، هەروەها دەڵێت:"رێگەی گفتوگۆ بەگەورەترین هەڵە دادەنرێت و لەگەڵ دەستوری کاتیدا ناتەبایە، پێویست بەیەك خستنی هێزەکان دەکات بۆ دەست گرتن بەسەر یاخی بووانی بارزانی دا".[٥٠]

ئەم سیاسەتەی بەعس هیچ جۆرە گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە کە نەبڕوایان بە مەسەلەی کورد هەبووە و نەئامادەش بوون دان بەمافی کورددا بنێن.

[٤٩] هوشیار زیباري: الموقف الایدولوجي لحزب البعث العفلقي من القومیة الکوردیة، مجلة الثقافة الکوردیة، عدد ١، اوکتوبر١٩٨٨، یصدرها المرکز الثقافي الکوردي في لندن، ل١٠.

[٥٠] عثمان الرواندوزی المحامی: س. پ، ل٢١٣.

بەعسیەکان کە هەڵگری ئەو بیرە دۆگما شۆڤێنیزیە بوون، کەچی لە هەمان کاتدا خۆیان بەهێزێکی دیموکرات لەقەڵەم دەداو پێیان وابوو حزب و شۆڕش باوەڕێکی ڕاستگۆیانەیان بە دیموکراسیەت و بوونی ڕاستگۆیی قووڵ هەیە لەنێوان سەرکردایەتی و جەماوەردا.[٥١] ئەو دیموکراتیەی کە پشت ئەستور بێت بە داننان بە پرەنسیپەکانی دەسەڵاتی گەل، ئازادی و یەکسانی هاوڵاتیان لە بەرامبەر یاسادا، ئازادی دروستکردنی ڕێکخراو و پارتی سیاسی، ئازادی وشە، ئازادی رەخنەگرتن لە حکومەت، ئەوا نە مێژووی عیراق ئەم جۆرە دیموکراتیەتەی بەخۆوە بینیوە و نە بەعسیەکانیش ئەم جۆرە دیموکراتیەتەیان قبول بووە. نەك هەر ئەوە بەڵکو بە خەیاڵیشیاندا نەهاتووە.[٥٢]

لەڕاستیدا بیری بەعسیزم بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراویان هەبوو بۆ نەهێشتنی کوردستان، بۆ ئەمەش دەیانوویست هەل‌ومەرجێکی ماددی وا بخولقێنن تا لەلایەکەوە بیری سەربەخۆیی کوردستان لە مێشکی کورد دەربهێنن و لەلایەکی تریشەوە رێ لەدرووست بوونی کوردستان بگرن بەکردەوە.[٥٣] سەدام حسین ئەم ڕاستیە ناشارێتەوەو دەڵێت: "کاروبارەکانمان لەهەموو عێراقدا لەبنەڕەتی ئەو باری سەرنجەوەیە کە دەربارەی مەسەلەی برایەتیەك دەمانەوێ هەتا هەتایی بێ نەك برایەتیەکی

[51] صدام حسین: بڕوای ئێمە لە ویژدانی نەتەوەو لە کەلەپوری دێرینیەوە هەڵقووڵاوە، بغداد، ١٩٨١، ل٢١.

[52] دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخەی کە (ی.ن.ك)تیایدا لەدایك بوو، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژ١٩، ل١٠-١١.

[53] جەمال نەبەز: بیر نەتەوەیی کوردی، ل٦٤.





وا شایانی جیابوونەوە بێ، برایەتی لەیەك نیشتمانداو هەتا هەتایە، لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەوەیە کە ڕۆژگار هۆی ماددی وابهێنرێتە کایەوە مەسەلەی جیابوونەوە هەرگیز نەگونجاوبێ... واتە مەسەلەی یەکێتی هەتا هەتایی بێ لە ویژدانی کوردا لەناو گەلی عێراقماندا و لەعەقڵی کوردێکی هاونیشتمانی عێراقدا".[٥٤] کەواتە ئەوەی دڵسۆزی برایەتی کوردو عەرەب و هەموو گەلانی دنیایەو دۆستی ڕاستەقینەیانە با پشتگیری یاساکانی پەرەسەندن و پێشکەوتن و ئاشتی بکات کە هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی سروشت و تایبەتیەکانی، یاسای پەرەسەندنی تایبەتی خۆی هەیە. بانگەشەی برایەتیەك لەسەر ئیسك و پروسکی ژن و منداڵ و پیرو گەنج، لەسەر ژیان و بوون و نەبوونی کوردبێ ئەو برایەتیەی کە دژی سەربەخۆیی کوردستانە، عێراقێکی بەهێزی یەکگرتووی دەوێ نەك لەلایەن کوردەوە، بەڵکوو لەلایەن هەر عەرەبێکی پێشکەوتوو خوازەوە نەفرین دەکرێت و ئەو برایەتیە پڕ شەرمەزاریە بۆ کورد رسوا دەکرێ.[٥٥] هەروەها بەپێی بنەما سەرەکیەکانی کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کە لەڕاگەیاندنی یەکەمیاندا، دەقێکی تێدایە سەبارەت بەپیرۆزکردنی برایەتی نێوان کوردو عەرەب و ڕێزگرتنی مافەکانی گەلی کوردو کەمایەتیەکانی تر، و ئامادەیی نیشان دەدات بەپێدانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزی و چەسپاندنی ئەم دەقە لەهەردوو دەستووری کاتی و هەمیشەییدا.[٥٦]

[54] صدام حسین: باوەڕمان بە ئۆتۆنۆمی هەرگیز لەق نابێ، دار الحریە، بغداد، ١٩٧٦، ل٢١.

[55] ئازاد: س. پ، ل١٩.

[56] مجید خدوري: العراق جمهوری، ط١، ایران، بلا مکان الطبع، ل٣٩٥.

هەر لەپاڵ ئەو برایەتیەدا بەهەرچیەك پێی کرابێ دەستی لە کورد نەپاراستووە،* لە گرتن و کوشتن و ڕاگواستن‌و بە عارەب‌و بەعسی کردن و وێران کردنی نیشتمانەکەی. رژێمی بەعس هەمیشە بە چاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە سەیری کوردیان کردووە و لە پێناوی لاوازکردن و قڕکردنی دا خۆیان لە هیچ شێوازێکی نامرۆڤانە نەپاراستووە، چ بە لەناوبردن و و ڕاگواستن و تەعریب یاخود شێوازەکانی قڕکردن بوو بێت. بۆ وێنە، نووسەرێکی بەعسی سوری وەك (منذر الموصلی) لەکتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان خۆیان وایان کردووە کێشەکەیان چارەسەر نەکرێت‌و لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا یەك نەگرێتەوە بەوەی نیشتمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆی ئازادو یەکگرتوویان هەبێت بەسنورە مێژووییەکەی خۆیەوە.[٥٧] لەکاتێکدا بیرۆکەی نەك نیشتمانێکی سەربەخۆ، بەڵکوو بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیش زۆر نەگونجاو بووە لەگەڵ تیۆری بەعس دا کە خۆی لەیەکێتی عەرەبیدا دەبینێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کەهیچ ڕاگەیاندنێکی ئاشکرایان ڕانەگەیاندووە کە دەربڕی نیەتی حزب بوو بێت بەرامبەر بە کورد.[٥٨] ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عروبە) کەسەرجەم باڵە

* عەرەبە فرسان وەلیدە تالانچیەکانی ساڵی ١٩٦٣ لەهێرش‌و پەلامارەکانیاندا دەیانووت: "أحن العرب اهل الغیره... نطرد الاکراد من هالدیره) یان (احن البدو، وین العدو). لە راستیدا کارەساتە کورد چاوەڕێی ئەمانە بکات برایەتی لەگەڵدا بکەن، شێتیە بەناوی ئینتەرناسیۆنال‌و پێکەوە بوون‌و برایەتیەوە، کورد بیەوێ حەقیقەتەکانی ئەو ئاغاو غولامیە بەدنیا بناسێنێ، برایەتی کوردو عەرەب لە درۆیەکی شاخدار بەولاوە هیچی تر نەبووە درۆیەك کە لەسایەیدا خوێنێکی بێ ڕادەڕژاوە.

[57] منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق (البعث و الاكراد)، ط١، ديمشق، بيروت، ٢٠٠٢، ل١٣.

[58] ماريون وبيتر سلوجلت: العراق الحديث من الثورة الى دكتاتورية، مراجعة وتقديم: احمد رائف، ت/ مركز دراسات والترجمة،ط١، قاهيره، ١٩٩٢، ل١٥٨.





چەکدارو بێ چەکەکانی نەتەوەپەرستی عەرەب دەگرێتە خۆی، ئەوەی نەکرابێ‌و نەشیابێ بە کوردییان کردووە، زیاتر لە چل ساڵ کورد داوای مافی مرۆیی‌و نەتەوەییەکانی دەکرد، بەڵام گوێیان لێ نەگیرا لەپرۆسەیەکی مێژوویی چەند ساڵەدا کورد داوای لامەرکەزی‌و ئۆتۆنۆمی یان دووبارە دەکردەوە کەچی گوێیان لێ نەدەگیرا، تیمساحی عروبە لەعێراقدا ساڵەهایە لەحاڵەتی فرمێسك رشتنەوە چۆتە قۆناغی دەمگرتنەوە بۆ موجامەلەو پاشەکشێ‌و قووتدان‌و هەڵلوشینی ئەو مافانەی کەلەسەرانسەری جیهاندا نکوڵی کردنیان دەبێتە شورەیی‌و نەنگی.

بەعس لەو ڕۆژەوەی حوکمی بەدەست هێناوە سیاسیەتی زەوت کردنی ئازادی یەکانی گرتۆتە بەر، مافە سیاسی‌و دیموکراتیەکانی‌و مرۆڤی کۆت‌و بەند کردووەو بەسەرکوت کردن‌و داپلۆسین، یان لەبەکارهێنانی هەر ئامرازێکی تر کەمتەرخەمی نەکردووە بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردو بێ هێزکردنی‌و لەناوبردنی هیواو ئاواتەکانی‌و مافە نەتەوایەتیەکانی ئەم گەلە، ئەمیش لە ڕێ ی چەندین هۆی ناشیرین‌و نا لەبارو ناڕێکەوە کەمایەی شورەییە.[٥٩]

کورد کە بەڕاستی لە وڵاتی خۆیدا ئاوارەیەو لەم سەدەیەدا تەنیا دەتوانێت بەسەر سوڕمانەوە لەو سەروەت‌و سامانە رامێنێت کە کۆمەڵانی عەرەب لەڕێی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بەختی دەکەن، ئەم خەڵکە کە

[59] محمد هماوەندی: راگواستنی کوردو زامدارکردنی دیموکراتیەت لە کوردستان، چ١، کەرکوك– لندن، ٢٠٠٤، بلاوکراوەکانی هماوەند بۆچاپ‌و بلاوکردنەوە، ل٥٣.

لەنەوتی خۆیان بێ بەش کراون و لە وولاتێکدا نەمر نەژی دەیانژیێنن و جل و بەرگی نەتەوەیی یان لەبەر دادەدرێنن و پەیڤین بە زمانی زگماکیان لێ بەربەست دەکەن و لەبنەڕەترین مافی مرۆڤایەتی بێ بەهرەن، و لەسەردەم و شوێنی جیاوازدا کەوتونەتە ژێر تەوژمی چەوساندنەوەی توندوتیژ.[60]

لەو رونکردنەوانەی سەرەوەدا ئەو راستیە دەسەلمێنرێ کە بەعس وەك پارتێکی تۆتالیتێری ئۆتۆریتێر، نەك تەنها بڕوای بە گەل و هیچ گروپ و رێکخستنێکی سیاسی عیراقی نەبوو، بەڵکو لە نێو خودی پارتەکەی خۆشیاندا هیچ جۆرە ئەمانەت و بڕوابونێك بە یەکدی نەبووە و ژیانی سەرلەبەری ئەندامانی پارتەکە لە مەترسیدا بووە کە رۆژێك دێت تیرۆری پارتەکەیان خۆشیان دەگرێتەوە، ئەوجا چ جایەکی ئەوەی کە رێکخستنێکی سیاسی یان بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی کوردی جێ ی بڕوا و متمانەیان بووبێت.

بەشێوەیەکی گشتی کورد لەدید و فەلسەفەی بەعسەوە:

- کورد نابێ دەولەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ.
- هەوڵی تواندنەوەی دەدرێت.
- بەتوندی سەرکوت دەکرێ.
- کولتورەکەی دەشێوێندرێت.

[60] جاناتان رەندل: بەم هەمووە تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و/ سەلاحەدیین دەشتی، چ۱، ۲۰۰۳، ل٤.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**باسی دووەم**

## خوێندنەوەی کورد بۆ بەعسیزم

کێشەی کورد لە عیراقدا دوو دیاردەی هەیە، دیاردەی یەکەم: شێوەیەکی سیاسی لەخۆ گرتووە کە ئەویش کاریگەری سیاسەتی داگیرکاری دواکەوتووە لەسەری، بەڵام دیاردەی دووەم خەباتی گەلی کوردە لە پێناوی ئازادی و مافی چارەنوسدا.[٦١] کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش خاوەنی مەسەلەیەکی گرنگ بوون، ئەویش مەسەلەی نەتەوایەتی بوو، ئەرك و فرمانی نیشتمانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانیش هەر ئەو ئەرك و فرمانە بوو کە بەرگری لە نیشتمان و خەڵکی کوردستانی پێ بکەن.

61 جلال الطالباني: حول القضية الكوردية في العراق، منشورات دار ارارات للثقافة والنشر، بدون مكان و سنة الطبع، ل١٣.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوای جەنگی جیهانی دووەم گەلانی ژێر دەستە بە مەبەستی دەستەبەرکردن و بە دەستهێنانی مافەکانیان کەوتبوونە هەوڵ و تەقەلادان ، گەلی کوردیش هیوایەکی گەورەی لا دروست ببوو، کە حکومەتی عێراق بەدەنگ داواکارییەکانییەوە بچێت. پەیدابوونی پارتی بەعس لە ساڵی ١٩٤٧ دا لە سەردەمێکدابوو کە بیری نەتەوایەتی، هەستی نیشتمانپەروەری و بزوتنەوەی رزگاریخوازی دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران لە برەو دابوو، لە ناو کوردیشدا لەو سەردەمانەدا رێکخراو و حیزب وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و پارتی دیموکراتی کورد لە کوردستانی عیراق و پێشتریش حیزبی هیوا و کۆمەڵەی (ژ.ك) و شۆرش و رزگاری لە ناو خەڵکدا رەگ و ریشەیان هەبوو، خەڵك بە پەرۆشەوە لە ریزەکانی ئەواندا خەباتیان دەکرد. هەر لەو کاتەوە سێ پارتی چەپڕەو نەیاری سەرەکی بە سیستێمی پاشایەتیو دەسەڵاتی بەریتانیابوون لە عێراقدا، ئەو سێ پارتەش کە چالاکییان نهێنی بوو بریتی بوون لە (پارتی کۆمۆنیستی عێراقی) کە لەڕیزەکانیدا عەرەبو کوردو کەمایەتییەکانی تر ئاوێتەی ببوون، (پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق) کە گشت ئەندامانی کورد بوون، و (پارتی دیموکراتی میللی) بەڕابەرایەتی کامل چادرچی کە کۆمەڵێك چەپ ڕەوی عەرەبی لەبەر تێکۆشەریی خودی ڕابەرەکەی لێی کۆببوونەوە.[٦٢]

62 مەهدی محمد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، ١٩٤٥– ١٩٥٨، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٣٨، ١٣٩؛ مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت،و/کوردۆ عەلی، بەشی یەکەم، چ٤، سلیمانی،٢٠٠٣ ل٥٩.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٦دا لەسـەر خواسـتی بارزانی بەچەشنی پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێران دروست ببوو، کە لەپرۆگرامیدا باوەڕی بە مارکسی– لینینیزم هەبوو، بێگومان ئامانجی تێکۆشان بوو لەپێناو ناساندنی پێناسەی نەتەوەیی و دابینکردنی مافی چارەنووس بۆ کورد. بەڵام ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەو قۆناغەی پارتی تەنها گرێدراوی عێراق بوو، ئەویش ڕزگاربوون بوو لەژێر دەستی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستی و هێنانە سەر تەختی رژێمێکی دیموکراتی، پاشان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی کوردو عەرەبدا بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستانی عێراق.[٦٣] ئاشکرایە هەڵوێستی جیاجیای رێکخراو و پارتەکانی کوردستان لەسەر هەر مەسەلەیەك ئەنجامی رێبازی سیاسی جیاجیای ئایدیۆلۆژی چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری بوو، بۆیە نوێنەری هەر چینە بە پێی جیهانبینی و تێڕوانین و رەچاوکردنی بەرژەوەندی چینەکەی خۆی سەیری روداو و مێژووی میللەتەکەی خۆی دەکات و دۆست و دوژمنان لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئینجا دەکەوێتە دەستنیشانکردنی رێبازی سیاسی و گونجاو لەگەڵ بۆچونەکانیدا.[٦٤] (مام جەلال) بەم شێوەیە وەسفی جولانەوەی نەتەوایەتی ئەو قۆناغە

63 ژیریار چالیاند ، کەندال، عبدالرحمن قاسملو، مستەفا نازدار، عیسمەت شەریف وانلی، ئارچی رۆزفلت، کامەران قەرەداغی، ئەلیزا مارکوس، بیلل فریلیك: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، (کورد و کوردستان)، و/ م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨،ل ٢٨١؛ ئەوان و. ئەندرسن، خەلیل هـ. رەشیدیان: عیراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەلاتی ناوەراست، و/ فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٥.

64 یەکێتی نیشتمانیی کوردستان:ئایە مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەك، چ٢، ١٩٨٣، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ل٩.





دەکات:"جولانەوەی نەتەوایەتی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی دوواکەوتوو دەستی پێکرد، کۆمەڵگەیەکی نیوە کۆلۆنیالی، لەبەر ئەوە لە لایەك لەم جولانەوەیەدا نوێنەرانی دوو چینی هاوچەرخ بونی نەبوو، بۆرژوا و پرۆلیتاریا، لە لایەکی تریشەوە نەبوونی ژمارەیەکی پێویست لە رۆشنبیران و خەڵکی خوێندەوار، خەسلەتی ئەم جولانەوەیە ئاپۆرەی خەڵکی نەخوێندەوار بوو کە لە ژێر کاریگەرێتی سەرۆکی خاوەن ئافتۆریتێت، کە بە رۆحێکی ناسیۆنالیستانە هەلکەوتبوون، ئەو سەرۆك خێلانەی وەك شێخ مەحمود بەرزنجی و شێخ ئەحمەد بارزانی".[٦٥] بیروڕای تالەبانی رێك ئەو هۆیانە بوون، کە بوونە مایەی زۆر لەسەرخۆ فۆرمەلە بوونی هۆشیاری نەتەوایەتی لە جولانەوەی نەتەوایەتی کوردی دا لە بەردەم دارشتنی سیاسەتێکی روون و دیاریکراوی کوردی.[٦٦]

کۆدەتای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ توانی دەسەڵاتی (٣٧)ساڵەی پاشایەتی لە عیراقدا کۆتایی پێ بێنێ و لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك ئەنجام بە دەست بێنێ، کە کورد لەمێژووی رابردووی لەسنووری عێراقدا ئەم جۆرە دەستکەوتانەی بەدەست نەکەوتبوو، وەك ناوەڕۆکی خاڵی سێیەم لەدەستووری کاتی و ماوەدان بەگەڕانەوەی بارزانی و گشت ئەو هاوەڵانەی ماوەی (١٢) ساڵ لە وڵات دوور خرابوونەوە، دەرهێنانی عێراق لە پەیمانی بەغدا کە خاك و گەلی کوردستانیان بەیەکێك لە دوژمنە سەرەکییەکانی دەژمارد، هەروەها بواردان بەپارتی دیموکراتی کوردستان

65 جلال الطالباني: حول القضية الكوردية في العراق، ل٢٣.

66 د.دلیر ئەحمەد: ئەو بارودۆخەی (ی.ن.ك)تیایدا لە دایك بوو، رێبازی نوێ، ژ١٩، ل١٠.

وەك پارتێکی نیشتمانی بکەوێتە کارکردن بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی سەرەکی پارتی و چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەی تر بە زمانی کوردی بڵاوکرانەوە. ڕژێمی تازەی عێراق بەڵێنی بە کورد دا، کە بۆ یەکەمجار لە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیدا وەك برا ئاماژەیان بۆ کرا، کە بارودۆخی سیاسیان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ڕێکبخرێ، هەروەها بەڵێنی ئەوەیان درایێ کە لەئایندەدا خودموختاریان بدرێتێ و ڕێگە بدرێت زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسمی بەکاربێت، هەروەها بەڵێنی کردنەوەی ژمارەیەك قوتابخانەو دەزگەی ڕۆشنبیری کوردییان پێدرا.[٦٧] دوو ڕۆژ دوای کۆدێتاکە، لە ١٦ی تەمموزدا پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بەیانێکی[*] دەرکردو هەموو توانایەکی خۆی خستە

---

[67] گوینتەر دێشنەر: کورد، گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، و/ حەمە کەریم عارف، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ٢١٣، ٢١٤؛ د.ئەوان و. ئەندرسن، د.خەلیل هە. رەشیدیان: عیراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەلاتی ناوەراست، و/ فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٥-٦٦.

[*] پارتی لەبەیاننامەکەیدا ڕوونی کردەوە کەوا: "پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەکاتێکدا ئەرکە مێژووییەکانی خۆی ڕەچاو دەکات لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورددا، بەوپەڕی سەراحەتەوە ڕای دەگەیەنێ کەوا بەهێزبوونی بزووتنەوەی گەلی عەرەبی ڕزگاریخوازو سەرکەوتن و ڕزگاربوونی عێراق لەچنگی ڕژێمی مەلەکی چەپەڵ و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری ڕزگاریخوازو کشانەوەی لەپەیمانی بەغدا، کە تیرەکانی ئاراستەی ناوجەرگی نەتەوەی کورد کردبوو، هەموو ئەمانە پتەوترین بناغە دادەمەزرێنێ بۆ دروستکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و ئازادی و یەکسانی لەنێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا، بۆیە پارتیمان بڕیاری دا بەهەموو توانایەکی تێبکۆشێ بۆ پارێزگاری کردن لە کۆماری عێراق و چەسپاندنی و گەشەکردنی، بۆ ئەنجام دانی ئەم مەبەستەش هەموو تواناکانی و هێزەکانی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە پیرۆزەو هەموو ئەندامانی و لایەنگرانی ئامادەن ببنە سەربازو گیانیان بەخت بکەن لەپێناو کۆماری عێراق و بەرەنگاری کردنی ئیستعمارو پیلانەکانی و





ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٤ی تەمموزو لایەنگری شۆڕشەکەی کرد.[٦٨] بەهۆی ئەم سەرکەوتنەوە گەلی کورد بۆ ماوەی دوو ساڵێك جۆرە ئازادییەکی بۆ ڕەخساو ژیانی سیاسی و کولتووری و نەتەوەیی لە کوردستاندا بوژانەوەیەکی نوێیان بە خۆوە بینی.لەساڵانی سەرەتای دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمدا[*] پەیوەندی هێمنی و پێکەوە گونجاندن لەنێوان حکومەت و کورددا پەرەی سەند. قاسم و بارزانی کەوەك پاڵەوانێك دوای دوانزە ساڵ ئاوارەیی سۆڤیەت گەڕابۆوە بۆ عێراق، گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کەپێویستە هاریکاری یەکتر بکەن بەمەبەستی بێدەست کردن و بێتواناکردنی نەیارە تایبەتیەکانیان، نەیارە ناوخۆییەکانی قاسم بریتی بوون لە کۆمۆنیست و بەعسی و ناسریەکان،

---

کلکەکانی". (عبدالستار تاهیر شەریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا (یادداشت) ١٩٣٥-١٩٩٧، ب١، چ١، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل٤٨).

[68] عبدالستار تاهر شەریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا، ل٤٨.

[*] ناوی عبدالکریم قاسم محمد(الزبیدی)یە لەشاری بەغداد لەخێزانێکی هەژار لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی هەرلەبەغداد تەواو کردووە، بۆ ماوەی ساڵێك ١٩٣١ – ١٩٣٢ بووە بەمامۆستا دوای ئەوە لەساڵی ١٩٣٢ چووەتە کۆلێژی سەربازی و لەساڵی ١٩٣٤دا دەرچووە بووەتە ئەفسەر لەسوپای عێراقی بەپلەی (مولازمی دووەم)، لەساڵی ١٩٤١ لە کۆلێژی ئەرکان دەرچووە لە ١٩٥٥ گەیشتووە بەپلەی ( زعیم رکن )، لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٦٣ بووەو بە ( فریق رکن ) و لەگەلێك جەنگ و چالاکی سەربازی وەك فەڵەستین و فورات و بەرزان و زێبار...تاد بەشداری کردووە لە دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بووە بەسەرکردەی گشتی سوپاو سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری، لەئەنجامی کودەتای ٨ی‌شوباتی ١٩٦٣ بەدەستی بەعسیەکان لە بەغداد گوللەباران کرا . (یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی,ل٧١٤ ؛ علاء جاسم محمد الحربي : رجال العراق الجمهوري، ط١، بغداد، ٢٠٠٥ ل١٣ ، ١٤ ، ١٥ ، ٢٠ ، ،مطبعة جعفر العصامي) .

هەروەها عەرەبە نەتەوەییەکان.[٦٩] بارزانی هەوڵێکی زۆری دەدا قاسم لەخۆی ڕازی بکاتو کارێکی وا نەکات دڵی برەنجێ. بەڵام ئەم پەیوەندیە تا سەر بەردەوام نەبوو هەر زوو عەبدولکەریم قاسم بەهۆی کاریگەر بوونی بە بیروباوەڕی عەرەبە شۆڤێنییەکانو ئەوانەی دژی چارەسەرکردنی کێشەکە بوون بەڕێگەی ئاشتیانەو ناکۆکی نێوان کوردو قاسم دەگاتە ڕادەیەك کەچەند ڕێوشوێنێکی خراپ دەرهەق بە کورد بگرنەبەر، هەر لەداخستنی ڕۆژنامەوە تا دەگاتە درووست کردنی گیروگرفتی تر. بۆیە وورده وورده لادانی قاسم لەو بەڵێنانەی کە لەدەستووری کاتیدا بە گەلی کوردی دابوو، وای لەپارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە بیر لەگۆڕینی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە قاسمو داکۆکی کردنی پتر لەمافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بکەنەوە، بەتایبەتی کە هەڵوێستو بیروڕای قاسمیان لەڕێگەی هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە پەیوەندییەکی توندیان لەگەڵ قاسم دا هەبوو بۆ ڕوون بۆوە.[٧٠] لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتی بۆرژوای عەرەبی بە جۆرێکی شۆڤینیانە کەوتە داپلۆسینی نەتەوەی کورد و بەمەش سەرەتای تێکشکانی شۆڕشی تەمموز دەستی پێکرد.[٧١] سیاسەتی تاکڕەوی عەبدولکەریم قاسمو نەسەلماندنی مافە دیموکراسیەکانی عێراقو کوردستان، هاندەری سەرەکی بوون بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١). لەلایەکی دیکەوە بەرەی حیزبە نەتەوەییەکانی عەرەب لەعێراقدا

[69] نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و/ عەتا قەرەداغی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٨٣.
[70] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ،ل٤٩.
[71] ڕەفیق سابیر: بەرەو مێژوو، چاپخانەی مەنسور، سوید، ١٩٩١، ل٨٥.





لەژێر دروشمی (یا اعداء الشیوعیة اتحدوا) ڕێك کەوتبوون کە ڕژێمی قاسم بڕوخێنن، ئەگەرچی بەئاشکرا لەبەیانو بڵاوکراوەکانی خۆیاندا هێرشیان دەکردە سەر شۆڕشی کورد و بەیاخیبونێکی کۆنەپەرستو (شعوبی) دەستکردی قاسمیان دا ئەنا بۆ دوورخستنەوەو لێدانی ئەفسەرە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب، بەڵام لەهەمان کاتدا بەنهێنی پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراندبوون.[٧٢]

پێش ئەوەی بە عسییەکان بچنە سەر کار (تاهیر یەحیا)* لە ڕێگەی (کەریم قەرەنی) لەگەڵ مەکتەبی سیاسی (پدك) پەیوەندی دروستکردو لەسەر ئەوە پێك هاتبوون کە بزووتنەوەی نەتەوە پەرستەکانی عەرەب هەر کارێکیان کرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم، جوڵانەوەی کورد دژیان

72 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ، ل٦٦، ٦٧؛ میڤان عارف عبدالرحمن بادي: الحركة القومية الكوردية...، ل١٥٢.

* لەساڵی ١٩٤٨ دا لە جەنگی فەڵەستیندا بەشداری کردووە و مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە ساڵی ١٩٥٥ بۆتە ( ئامر کەتیبەی دەبابە ) و دواتر پەیوەندی کردووە بەئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە و بۆتە ئەندام لەلیژنەی باڵای ڕێکخستنندا، بەڵام ساڵی ١٩٥٧ خانەنشینکراوە بەهۆی گومان لێکردنیەوە لەلایەن پیاوانی شاوە، دوای شۆڕی ١٤ی تەمموز بووە بەبەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و پاشان لەگەڵ عبدالکریم قاسم تێکچووە، لەڕاپەڕینی ( شەواف )دا بەشداری کردووە بۆ لادانی عبدالکریم قاسم، دواتر احمد حسن بکر توانیویەتی ڕازیبکات وکاری لەگەڵ بکات و بچێتە نێو ڕیزی حیزبی بەعس و لەکۆدەتاکەی ١٩٦٣ دا بەشداری کردووە و سەرکردایەتی ئەو دەبابانەی کردووە کە سەربازگەی ڕەشیدیان گرت، و پلەی سەرۆك( ارکان الجیش)ی وەرگرت بەوەکالەت و دوای دوومانگ لە کۆدەتاش بووەتەبەعسی و بۆتە ئەندامی ( مجلس قيادة الثورة )، دوای کودەتاکەی عبدالسلام عارف لە ١٨ نیسانی ١٩٦٣ بووە بە سەرۆکی وەزیران، لە ١٩٦٤ دەستی لە کار کێشاوەتەوە. دواتر لەسەرداوای عبدالرحمن عارف هەستاوە بە پێکهێنانی وەزارەت لە ١٩٦٨ ، دوای کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ گیراوە بۆ ماوەی دووساڵ دواتر ئازاد کراوە . (علاء جاسم محمد الحربي :س. پ ،ل٥٤ ، ٥٥ ، ٥٦).

ڕانەوەستیّ و ئەوانیش لەیەکەمین بەیاندا دان بە مافی نەتەوەیی کورددا دەنێن لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی.[٧٣] لەم دەمەدا کورد ببوو بەهێزێکی سوپایی گرنگ، عێراقیش لەڕووی ئاینی و سیاسی و نەتەوەییەوە حاڵی شلۆق ببوو، کورد ئەم گۆڕانکارییەی ڕژێمیان بەدەرفەت دەزانی بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی سیاسی لەعێراقدا، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان ژێراو ژێر پەیوەندییان لەگەڵ گەورە لێپرسراوێکی باڵی سیاسی پارتی بەعسدا لەقۆناغی خۆئامادەکردندا بۆ ئەم کۆدەتایە کردبوو، ئەو ڕۆژە بڕیاردرابوو کە کورد پشتیوانی ڕژێمی ئایندەی بەعس بکات و ئەوانیش لەبری ئەمە دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراقدا بنێن.[٧٤] ئەگەرچی پارتی لەگەل کۆدەتاچیەکانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا بڕیاری هاوکاریکردنی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی دژ بەم بڕیارەش هەبوو، کۆمەلێکیان پێیان وابوو ئەو کۆدەتایە دژی شیوعیەت و دیموکراتیەتە و حکومەتی لەم چەشنەش کێشەی کورد چارەسەر ناکات و دان بە مافەکانی گەلی کورددا نانێت.[٧٥] ئەم سەوداو مامەڵەیەی پێش کۆدەتاکە تا کویّ ڕۆیشتووەو بە کویّ گەیشتووە ئاشکرا نەبوو. لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا نەتەوەییەکانی عەرەب بە کۆدەتایەکی خوێناوی هاتنە سەر کار. عەبدولسەلام عارف بوو بەسەر کۆمارو ئەحمەد حەسەن بەکر

[73] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ، ل٦٧؛ کاوس قفطان: الحركة التحررية الكوردية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، ط١، سليمانية، ٢٠٠٤، ل٢١١؛ خالدة عبدالقهار: سكرتيرة صدام تتكلم، تقديم/احمد رائف، ط١، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩٠، ل٦٢.

[74] گوینتەر دێشنەر: س. پ، ل٢٢٣.

[75] ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆلم، سوید، ١٩٩٧، ل١٨٧.





بەسەرۆك وەزیران، بەیانی یەکەمیان خوێندەوە، بەڵام باسی ئۆتۆنۆمی تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا (صالح یوسفی) لێپرسراوی پارتی لە بەغداو ئەندامی مەکتەبی ساسیی بەناوی پارتیەوە بروسکەیەکی پشتیوانی بۆ سەرانی کۆدەتاکە لێدا.[٧٦] لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٣دا، واتە دوو ڕۆژ دوای کۆدەتاکە، (صالح یوسفی) بەنێوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردەوە، بروسکەیەکی پیرۆزبایی* بۆ ڕژێمی نویّ ناردو داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کرد.[٧٧] گەر بەراوردێکی ئەو دوو بۆچوونەی بەعسییەکان و پارتی بکەین زۆر بەسادەیی لەوە دەگەین کە بەعسییەکان چەند شارەزاییانەو بەپلان بۆ مەسەلەکەی خۆیان لە چوونە سەر حوکم جولاونەتەوەو پارتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە بەبیّ بەدەستەوەدانی تەنیا یەك بەڵگەش، پارتیش چەند بڕوای بەبەڵێنێکی دەمی بەعسییەکان کردووەو هەموو توانایەکی خۆی تەرخان کردووە بۆ سەرکەوتنی بەعسیەکان.

پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کە هاوبەشی سەرەکی و بە توانای نێو حکومەتەکەی کۆدەتاچیەکان بوو بە پڕوپاگەندەو بەڵێنی درۆو هەڵخەڵەتاندن و هێورکردنەوەی باری کوردستان بەشێوەیەکی کاتی ڕایانگەیاند کە مافی گەلی کوردستان دەدەن و چارە بۆ کێشەکەی

[76] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٦٧.

* -بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

[77] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و/ کوردۆ، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، ل٢٢٠؛فاتح رەسوڵ: بنچینەی بیرۆکەی چەپ...، ل٣٣٦.

دەدۆزنـــەوە.[78] پــارتی دیمــوکراتی کوردســـتانیش هێنــدە بڕوایــان بــە عبدالسلامو بەعسیەکان هەبوو تەنانەت پێیان وابوو کە شۆڕشی کورد بە نەمانی حوکمی قاسم دەگاتە ئامانجەکانی خۆی، بەو بیانوەی کە پێش چوونە سەر حوکمی بەعسییەکان داوایان لە پارتی کردبوو کە ناوی شەش هەڵبژاردەی خۆیان بدەن بە بەعسیەکان بۆ ئەوەی لە هاتنە سەر حوکمدا بەشداری وەزارەتەکەی بەعسیەکان بکەن،[79] پارتی ئێجگار گەشبین بوو بەپێوەندی نێوان خۆیانو بەعس، بەڕادەیەك کە بارزانی وتبووی هەندێك لەئێمە لەبەعسیەکان بەعسی ترن،[80] بەڵام کورد زۆر درەنگتر بەوەی زانی کە (تاهیر یەحیا)و بەعسی فەندوفێڵیان لەگەڵدا کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا کورد هەر کۆڵی نەدا لەهەوڵدان لەگەڵ بەعسدا، بەعسیش بەردەوام خەریکی خۆ کۆکردنەوەو خۆ بەهێز کردن بوو، ئیدی وەك هەموو جارێ بێ ویستی کورد شەڕ دەستیپێکردۆتەوەو بەعسیەکان ڕەوە عەرەبیان بە هۆسەوە بەرداوەتە گیانی کورد. ئەو هۆسانەی کە بەدووەکانیان بەشێوەیەك هاندا بوو کە کورد بەدوژمنی سەرەکی بزانن.[81] بەپێچەوانەوە خودی بارزانی بۆچوونی جیاواز بوو هەروەك ئەحمەد بانیخێلانی لەبیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "چەند جارێك لەهاوڕێیانی سەرکردایەتی خۆمانم ئەبیست کە لەچاوپێکەوتنێکی نێوان بارزانیو سەدامدا ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژئاوایی لەبارزانی پرسی بوو: کە

[78] فاتح رەسوڵ: بنچینەی بیرۆکەی چەپ...، ل٣٣٨.
[79] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٩٥.
[80] ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، ل٣٠٩.
[81] لەتیف فاتیح، مەجید ساڵح: س. پ، ل٢٧.





ئاسۆی مەسەلەی کوردو پێوەندی نێوان ئێوەو بەعس پاش بەیانی ئازار چۆن دەبینی؟ بارزانی هەر ئەوەندی وتبوو: داوای وەڵامی ئەو پرسیارە لە سەدام بکە، چونکە وەڵامەکە لای ئەوە".[82] ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بارزانی هەر لەسەرەتاوە لە نیازپاکی سەدامو بەعس بەگومان بووە.

بەڵام کورد هەرگیز شەڕخواز نەبووە، شەڕێك نەبووبێ بە توشیەوە و ناچار نەکرابێت و بۆ مافی خۆی نەبێ، ئامادە نەبووە لە پێناوی هیچ نیازێکی دیکەدا فیشەك بە کەسەوە بنێت، چاویان لە داگیرکردن و کۆست خستنە ڕێی هیچ کەس و هیچ میللەتێك نەبووە. هەموو کات ویستویانە لە ئەنجامی گفتوگۆی سیاسیانە و بوونی زمانی ژیری و لۆجیکیانە لە نێوانیاندا کێشە ڕەواکەیان چارەسەر بکەن، چارەسەرێك کە ویست و ئاواتی میللەتەکەیان بێ و ببێتە بناغەیەکی پتەو بۆ پێشکەوتن.

ناکۆکی نێوان کوردو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، سەرەڕای گۆڕانی ڕژێمەکانیش هەروەك خۆی مابوەوە، ئیدی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم تا عەبدولسەلامو عەبدولرەحمان عارفی برای لە ساڵی ١٩٦٦و تا دەگاتە ئەحمەد حەسەن بەکر. (بیر نهارد لیبیرمان)ی ڕۆژنامەوانی نەمساوی لە گۆڤاری (یانەی نوێ)دا بەم جۆرە باسی ئەو بارودۆخەی کردووە: "حاڵەتەکە لە ئەوەڵەوە بە گفتوگۆ دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەست پێ دەکات، ئەوجا نۆرەی چەند هێرشێکی کۆچکردنو ڕاگوێزان دێت، پاشان هێرشی ئاسمانی دەست پێ دەکاتو

[82] ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، ل٣٠٩.

لەئەنجامدا شەڕی سەختو بەرفراوان هەڵدەگیرسێت"[٨٣]. ئەمە ببووە ڕێبازێك لەو سەردەمەداو تۆوی جەللادو قوربانی، تۆوکردنی گیانی داگیرکاری چاندووە، قسە کردن لەسەر ئەم بڕگەیە بۆخۆی قسەکردنە لەسەر بریندارکردنی مرۆڤی کورد، مرۆڤێك بە درێژایی مێژوو بەدوای ئازادیدا دەگەڕێتو لەدواجاردا هەر دەبێت دەستی لێ گیربێتو نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە دواجار ئەو مرۆڤە، تەنانەت بەداوای لێبوردنێکیش ئاسوودە دەبێت.[٨٤] نەتەوەی کورد بە گشتی و بزوتنەوە نیشتمانیە ڕزگاریخوازەکەی بە تایبەتی ڕووبەڕووی مەترسیەکی ئەوتۆ ببۆوە کە هەرەشەی لەسەرجەمی بوونی نەتەوەییان دەکرد، ئەو مەترسیەش لە لایەکەوە لەوەدابوو کە ڕژێمە شۆڤێنیە داگیرکەرەکانی کوردستان بە پێی پیلانێکی فراوان هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی فیزیکی و ڕوحی گەلی کوردیان دەدا، بەهۆی نەبوونی دیموکراسی و نزمی ئاستی سیاسی و ڕادەی شارستانی کۆمەڵگەکانیانەوە، لەوەدەچێ توانیبێتیان هۆشیاری کۆمەلایەتی زۆربەی خەڵکی تێکبدەن تا ئەو ڕادەیەی بە ئەفیونی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی گێژیان بکەن، لەلایەکی ترەوە ئەو مەترسیە لەوەدابوو کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد لە گێژاوی تەنگ و چەڵەمەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژیا. سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیە مەزنە جۆربەجۆرانەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دابوویان، کەچی هێشتا بزوتنەوەکەیان بە گشتی نەببوو ببووە

[٨٣] وەرگیراوە لە گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل٢٣٦.

[٨٤] لەتیف فاتح، مەجید ساڵح: س. پ، ل٣١.





ئەو چۆنایەتیە یەکگرتووە نوێیەی کە بە پێی پرۆگرامێکی زانستی ئامانجو ستراتیجی خۆی دابڕێژێ.[٨٥]

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراقدا لە پێشەکی ئەو کێشە نیشتمانیانە دێت کە عیراق دووچاری بووە، بە تایبەتی کە نەتوانراوە لە کێشەکەیان تێبگەن، بەڵکو ئارەزووی ڕاستەقینەیان نەبووە بۆ چارەسەرکردن و دانانی چارەسەرێکی گونجاو کە وای کردووە دووچاری توندوتیژی ببنەوە و لە بری گفتوگۆی برایەتی و بابەتی کە سروشتی کێشەکە ئەوەی دەخواست خواست و مافێکی ڕەوابوو بۆ بەشێکی خاکی عیراق.[٨٦] تەیاری کوردی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی سەرکردایەتی دەکرا، ڕێبازی ئەم تەیارە ئاشکرا بوو، لەپەیڕەوو پڕۆگرامی نێوخۆییدا بۆ یەکسانی لەنێوان کوردو عەرەبداو دەستەبەر بوونی هاوتایی نەتەوایەتیان لە وولاتی عێراقدا، لەڕووی نەتەوایەتیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەوە تێدەکۆشا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم تەیارە سەربەخۆییو سروشتی کوردایەتی خۆی هەبوو، بەلام لەهەمان کاتدا باڵێك بووە لەهێزە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەی پێشکەوتن خوازی عێراق، کە زۆربەی هیواو ئامانجەکانی لەگەڵ تەیاری دیموکراسی کۆیان ئەکاتەوە، چونکە ئەویش هەوڵی ئەوەی دەدا کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لەناو کۆمەڵدا بێنێتە کایەوە کەهاوتا بێت لەگەڵ بەهێزکردنی کەسایەتی کوردی، بۆیە هاوپەیمانی کردنی ئەم تەیارە لەگەڵ تەیارەکانی تردا

[٨٥] ڕەفیق سابیر: بەرەو مێژوو، ل٦٥-٦٦.

[٨٦] سعد البزاز: الاكراد في المسألة العراقية، عمان، ١٩٩٧، ل١٤٤،١٤٣.

گرتۆتە بەر.[87] ئەمەش لە ئەنجامی هەستکردنی بووە بە سۆزی نیشتمانی و یەکبوونی مەسەلەی کورد، کە بێگومان ئەم یەکبونی مەسەلەیەش ببوە هەلیك بۆ هەڵتەکاندنی ئەو سنورە دەستکردانەی کە زیانێکی گەورەی بە داگیرکەران دەگەیاند و نەخشەکانیانی هەڵدەوەشاندەوە، بۆیە بە درێژایی مێژوو هاوکاری و پیلانی تواندنەوەیان بۆ سەرکوت کردنی هەموو پارچەکانی کوردستان داناوە.[88] هەمیشە تێڕوانینی کار بەدەستانی عێراق بۆ کورد وەك مەترسیەك بووە بۆ سەر عێراق و نەتەوەو نیشتمانی عەرەب، لەبەرامبەر ئەمەشدا، تێڕوانینی شۆڕشی کورد بۆ کاربەدەستانی عێراق وەك مەترسیەکی کوشندە بووە بۆ سەر ماف و بوونی گەلی کوردو خاکی کوردستان تا دەهات ئەو دوژمنایەتیە قوڵتر دەبوو.[89] ڕووداوەکانی کوردستان ئەوە دەردەخەن کە هەرچەندە کورد ئامانجەکانی خۆی بەدی نەهێناوەو لەناو شکست خواردن و چەوسانەوەدا ماوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ملی بۆ هەوڵی بەعێراقی کردن نە لەسەر شێوەی ئینگلیزو نەلەسەر شێوەی بۆرژوای عێراقی و عەرەبی دا نەنواندووە، و ڕەتی کردۆتەوە و بەهەموو شێوەیەکیش بۆی لوابێت بەگژیاندا چۆتەوە.[90] پەیوەندی نێوان ڕژێمی عێراق لەگەڵ کوردستاندا پەیوەندی نێوان داگیرکاری عێراقی و عەرەبە لەگەڵ کوردستانی داگیرکراودا، بۆیە نەك هەر

[87] پارتی دیموکراتی کوردستان: سەرکردایەتی کاتی: ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، ل٥.

[88] یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەك: ل١٢.

[89] یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: عێراق و مەسەلەی کورد، ل٩.

[90] مەحمود مەلا عزەت: ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی تەقەلای بەعێراقی کردنی کوردو مەسەلەی کوردستان، ب١، سوید، ئابی ١٩٨٧، ل٧٣-٧٤.





لە باشوری کوردستان، بەڵکوو هەموو کوردێك مافی هەموو جۆرە دژایەتیەکی ئەو داگیرکەرەی هەبوو کە لەکوردستاندایەو ئازادە لەداگیر کەر بدات و دەریبکات، کورد مافی خۆی و ئەرکی سەرشانی بوو کە دژی ئەو دڕندانە بێت، ئازادیش بوون لەدەربڕینی ئەو دژایەتییەو لەگرتنەبەری هەر ڕێگەیەك کە زیاتر لە ئامانجەکانی نزیك بکاتەوە. کورد لە عیراقدا مافی وەك هاووڵاتیەکی عەرەب نەبووە، مافی سیاسی فەرامۆشکراوە و مافی تاکە کەسیشی لە یاسادا نەپارێزراو بوو بۆیە سەیر نییە ئەگەر کورد لە عیراقدا هەستی عیراقیبوونی نەبوبێت. لەمێژووی دەوڵەتی عێراقدا هیچ ڕژێمێك هێندەی بەعس لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا، کوردی بەمەترسی بۆسەر دەسەڵات و پاشەڕۆژی عێراق نەزانیووە، بۆیە لەپێناوی بەگژداچوونەوەی ئەو مەترسیە لەسەردەمی یەکەم و دووەمی دەسەڵاتیدا جەنگێکی بێبڕانەوەی بۆ تەفرو تونا کردنی هێزی مرۆیی کورد پیادە کردوو بەشێوەیەکی سیستێماتیکیش کەوتبووە دەستنیشان کردن و سنووردارکردنی ژمارەی کورد، ئەویش بەسێ ڕێگەی جیاواز، یەکەمیان بە عەرەب کردن و دووەمیان ڕاگواستن و سێیەمیشیان قڕکردن بوو.[91] شەڕی چەند ساڵەی نێوان کورد و بەعس حاڵەتێکی دەروونی سەیری لە ناوکورد و عەرەب لە عیرقدا دروست کردووە. عەرەب بەو گیانە پەروەردە دەکرا کە کورد دوژمنی عیراق و عەرەبە، کورد مرۆڤ کوژ و مرۆڤ خۆرن و هەرگیز وێنەیەکی راست و دروستی کوردیان لە عەرەبی عیراق

[91] خەبات عەبدوڵڵا: بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چ١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٩٣.

نەگەیانـدووە. لـە لایـەکی تـرەوە کـورد هـەردەم زولم و زۆری حکومـەتی بەعسی بە چاوی خۆی دیوە و پێویستی بە کەس نەبووە بۆی باس بکات، هـەرگیز کورد توانـای ئـەوەی نـەبووە کـە حـوکمی عـیراق بکات و غـەدر لـە عەرەبی عیراق بکات، بەڵکو ئەو ڕقەی بە جۆرێکی تر دەربڕیوە.[٩٢]

کوردیش ڕێبازی سیاسیو خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی پشت بەگـەل بەسـتووی فـرە جـۆرو فـرە شـێوە بـووە، شـان بەشـانی هێزەکـانی پێـشکەوتنخوازیو شۆڕشـگێڕی تـری عێـراق بـۆ ڕووخانـدنی حـوکمی دیکتـاتۆری لـەپێناوی بـەدیهێنانی سـەربەخۆیی تـەواوی عێـراقو دیموکراسی ڕەسەن بۆ گەلی عێراقو ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراقو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی تری شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی عێراقـی بـەهاوکاری لەگـەڵ هێـزە شۆڕشـگێڕەکانی تـری کوردایـەتی لەبەشـەکانی تـری کوردسـتانو هێـزە پێـشکەوتنخوازەکانی گـەلانی ڕۆژهـەڵات، دژی ئیمپریـالیزمو حوکمـە کۆنەرپەرسـتە دیکتاتۆریـەکانی دوژمن بەگەلانی ڕۆژهەڵات هەر درێژەدانە بە ڕێبازی سیاسیانە بە نێوی خـەباتی چـەکداری، بـەکارهێنانی زەبروزەنگـی شۆڕشـگێڕانە و هێـزی پێشمەرگە بۆ جێبەجێکردنی هەمان ئامانج و داخوازی.[٩٣] گەلی کورد بە تاقیکردنـەوە تـاڵ و خوێناوییـەکانی خـۆی بـۆی دەرکـەوتووە کەمینـە

[92] شـۆرش حـاجی رسـول: ئـەنفالی کـورد و دەوڵـەتی عـیراق، چ٢،چـاپخانەی دەرون، سـلێمانی، ٢٠٠٣،ل٢١-٢٢

[93] جـەلال تاڵـەبانی: جۆشـدانی خـەبات دژی ئیمپریـالیزمو فاشـیزمو نۆکـەرانیان بـۆ سـەربەخۆییو دیموکراسیو ئۆتۆنۆمی، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەورۆزی ١٩٨٠، ل٦٣-٦٤.





دەسـەڵاتدارە کۆنەپەرسـتەکان نـاتوانن بـە هـیچ شـێوەیەك کێـشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکەن، جەماوەر بە شارەزایی خۆی هـەموو پـەیمان وقسە لوسـەکانی رژێمـە بۆرژوازیـەکانی بـۆ ئاشـکرا و ڕوون بـوو بـووەوە، چاك لە فێڵ و تەڵەکەبازیەکانیان شارەزا بوو بوو.دەیزانـی هـەر هەنگاوێك کـە دەینێـت بـۆ لـەناو بـردن و تواندنـەوەی گـەلی کـوردە نـەك لـە پێنـاوی بەدیهێنانی مافە رەواکانی.[٩٤] ئەمانـە لـە هەڵوێستە ڕوونـەکانی گـەلی کورد بووە، لەوەتەی شۆڕشی کوردستان هەڵگیرساوە، هـەر لەئەیلولی ١٩٦١ەوە هەمیشە گفتوگۆ ناو بەناو هاتۆتە کایەوە، بەجۆرێك کە بۆتە دیاردەیەکی نـاو شۆڕشـی کوردسـتان هۆکارەکانیـشی دەگەڕێتـەوە بـۆ دروشمـی شۆڕشـەکە کـە هـەر داوای ئۆتۆنـۆمی لـە حکومـەت کـردووەو سروشـتی شۆڕشـەکە هـەر کوردسـتانی بـووەو نەبۆتـە شۆڕشـێکی عێراقـی سەرتاسەریو هەلومەرجی دەرەوە کەڕێگەیان نەداوە بەپساندنی پـەرژینی ئۆتۆنـۆمیو سروشـتی دیکتـاتۆری دەسـەڵاتدارەکانو زاڵ بـوونی بیروڕای شـۆڤێنی، یـان تـەنگیی نەتەوایـەتی لـەناو جوڵانـەوەکانی عەرەبیـدا کـە هەمیـشە جیابوونـەوەیان بـە تۆمـەتو تـاوان لەقەڵـەم داوەو تـەرازووی هێزەکانیش وایان کردووە کە هەردوولایەنەکە هـەر ناچاری یـەك ببنـەوەو بکەونـەوە گفتوگـۆ سـەبارە ت بـەوەی کـە هـیچ لایـەنێکیان نـەیتوانیووە لایەنەکەی تر بەتەواوی بشکێنێتو ببەزێنێت.[٩٥] بزوتنەوەی رزگاریخوازی

[94] بالیسان: گفتوگۆ وەك بنەڕەتێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، گۆڤاری هەڵوێست، ژ٣، خولی دووەم، لەندەن، ١٩٨٧، ل٧٣-٧٤.

[95] جـەلال تاڵـەبانی: ڕاپـۆرتی سیاسـی، پەسـندکراوی یەکـەمین کـۆنگری گـشتی یـەکێتی نیـشتمانی کوردستان، ٢٧/١-١٤/٢/١٩٩٢، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ١٩٩٢، ل٥٨.

کورد لە عیراقدا کە لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ەوە شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی هەلگیرساندووە، هەموو ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەی دیموکراتیانەیان لە میللەتی کورد گرتبوو، کە بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات و بەشداری لە ولاتدا بکات بە پێی ماددەی (٣)ی دەستوری کاتی بۆیە هەمیشە دواڕێگەی بە ناچاری دەست دانە چەك بووە.[96] گەلی کورد لە کوردستاندا بەدرێژایی مێژوو لەناو خەباتو فیداکاری سەختدا، لەناو مەینەتیو دژواری شۆڕشو خەباتدا ژیاوە، ڕێگە نەماوە تاقی نەکاتەوە، بگرە لەبێ هێزیو ساتەکانی نوچدانو نوشستیدا بەرامبەر ناحەزو دوژمن وەستاوە، داشکانی کردووەو دەست بەرداری زۆر مافی خۆی بووە و کاری زۆری بۆ برایەتیو هاوخەباتیو دۆستایەتی کردووە و زۆر خۆی بە برا بچووك داناوە، بەڵام هیچیان فریای نەکەوتوون، زۆر شتی لە دژی ئارەزوو خواستی خۆی کردووە، بەڵام ملی بۆ تواندنەوەو بۆ بە عەرەب کردنو بۆ بەعس کردن دانەنواندووە.[97] هەر لە ساڵەکانی ١٩٦٣، ١٩٦٤، ١٩٧٠ دا کاتێك کابینە لە دوای کابینە پەیوەندیان بە پارتیەوە کردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، هەمیشە پارتی پێشوازی گەرمی لەو پەیوەندیانە کردووە، بەڵام ئەوان نەیان ویستووە کێشەی کورد بەرەو چارەسەرێکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە بەرن.[98] بارزانی لە ووتەیەکیدا

[96] پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق: راپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی دەیەمین کۆنگرە لە ٢-١٩٨٩/١٢/١٢، ل٣٩.

[97] مەحمود مەلا عزەت: ڕەگو ڕیشەی مێژوویی... ، ل٨١.

[98] پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق: راپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی دەیەمین کۆنگرە لە٢-١٩٨٩/١٢/١٢، ل٣٩.





دەڵێت: "من پێم وانیە بە ئاشتی بگەینە ئۆتۆنۆمی لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی عێراق لەخەونیشدا بیر لەوە ناکاتەوە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی ئەوتۆمان بداتێ، کە حکومەت ناچار دەبێت گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات، مەبەستی ئەوەیە لەم ناوچە تەسکەدا گەمارۆمان بدات کە ئێستە بەزەبری چەك بەرگری لێ دەکەین، بەڵام ئەم ناوچەیە تەنها بەشێکی بچووکی کوردستانە.... دەست لەناوچەکانی تر هەڵناگرین هەرچیەك ڕووبدات، چونکە خۆمان بەبەرپرس دەزانین بەرامبەر بەو کوردانەی لەو ناوچانەدا دەژین بەهەمان ئەندازەی کە لەبەردەم مێژووی گەلەکەمان هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەین".[99] چونکە بەعس هەرگیز ملی بۆ دیاریکردنی سنووری نێوچەی ئۆتۆنۆمی نەدەداو کورد داوای مەڵبەندە پڕ نەوتەکانی کەرکوکو خانەقینی دەکرد، کە ئەو دەم زۆربەی دانیشتوانیان کورد بوون، و ڕژێم بەهەموو توانایەوە بەربەرەکانی ئەو داوایەی دەکرد، نەیدەویست دەست بەرداری پڕ خێروبێرترین نێوچەکان ببێت.[100] د.مەحمود عوسمان دەڵێ: "ئەو کاتە لەو بڕوایەدا نەبووین کە بەعس دان بەمافە سەرەکییەکانی کورددا بنێت وەك چۆن ئێمە دەمانویست".[101]

لەو سەرەتایەدا گەلی کورد هەمیشە لەگەڵ خەباتی چەکداریدا ڕێگەی دیبلۆماسیو کاری سیاسیانەشی کردبووە ئامرازێکی تری خەبات بۆ

[99] گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل٢٦٥.

[100] مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل٦٣.

[101] على كريم سعيد: عراق ٨ شباط ١٩٦٣، من حوار المفاهيم الى حوار الدم، ص٢٥٢.

بەدیهێنانی ئامانجەکانی.[102] بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کورد سەدەیەك زیاترە، بە پێی تێگەیشتنی زانستی، دەستی پێکراوە و لەو سەدەیەشدا گۆڕان وگەشەکردنی قوڵ و بنەڕەتی بەسەر شێوە و ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەدا هاتووە، لە ڕووی ناسینی دۆست و دوژمن و ناسینی سروشتی ناکۆکیەکان و ناسینی شێوازی خەبات و تێکۆشانی قۆناغی جۆراوجۆر.[103] پاش ئەوەی لە ١٩٦٣/٢/١٣دا مام جەلال وەك نوێنەری کورد چوو بۆ قاهیرەو چاوی بە جەمال عەبدولناصر کەوت، لەو گەشتەدا ئەو ڕاستیە بۆ نوێنەری کورد دەرکەوت کە ئەویش درۆزانیو دووڕوویی بەعسیەکان بوو بەرامبەر کێشەی کورد، دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی لە قاهیرە بە کۆمەڵێك بیروڕای باشی عەبدولناصر بەرامبەر مەسەلەی کوردو لە کۆڕێکی ڕۆژنامەوانیدا جەلال تاڵەبانی ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەعسو عەبدولسەلام هیچ نیازێکی چارەسەری کێشەی کوردییان نیە،[104] چونکە کاتێك لەسەرەتای ١٩٦٣دا عێراقو سوریاو میسر لە قاهیرە گفتوگۆیان بۆ یەکێتی عەرەب دەست پێ کرد.[105] لەلایەکەوە بیانوویان بۆ جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەی داخوازی کورد دەگێڕایەوە بۆ بارودۆخی کۆبوونەوەی قاهیرەو وەرگرتنی ڕەزامەندی میسرو سوریاش لەلایەکی ترەوە کاتێك عەبدولناصر داوای بەشداری کردنی نوێنەری کوردی دەکرد لە کۆبوونەوە

102 مەحمود مەلا عزەت: ڕەگو ڕیشەی مێژوویی....،ل٦٤.

103 نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩ سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٢..

104 وەرگیراوە لە ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل١٠٠، ١٠١.

105 وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، ل٢٢١.





سێ قۆڵییەکە، عێراق دژی ئەو بۆ چوونە وەستاو کێشەی کوردیان بەمەسەلەیەکی تایبەت بەنێوخۆی عێراق باس دەکرد.[106] بەعس ستراتیژیەکی یەك توخمو تاکتیکێکی ڕوونی نەبوو کە پاشان بووە هۆی دووبەرەکی نێو حزبەکەشیان تادواتر سیاسەتی تەنگهەڵچنینی کوردو شۆڕشە ئازادیخوازانەکەی گرتەبەر، چونکە بەعس نەیدەویست دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە کەرکوكو خانەقینو نێوچەی ئێزدیەکان خاکی بێ چەندو چوونی کوردن.[107] سەرکردایەتی کوردیش بەو مەبەستەی کە بۆ بزووتنەوە چەکداریەکەی بەچاکی زانیووەو دەست پێشکەری دانووساندنی کردووە لەگەڵ کۆدەتاچییەکاندا.[108] بۆیە بەعسیش جار لەدوای جار زیاتر پێی لەسەر داخوازییەکانی کورد دادەگرتو کەمتری دەکردەوە، ئاکاری ئەمەش گەیشتە ئەو ڕادەیەی لەبری ئەوەی ئەو مافە زەوت کراوانە بداتەوە بە کورد دەیویست ئەو دەستکەوتەی بەدەستی هێنابوو لێ بستێنێتەوە، ئەوەش لەسەر حیسابی سەرەتاو بیروباوەڕو ڕابردوو دوا ڕۆژی کورد، تەنانەت هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە بڵێن کەرکوك کوتومت وەك کەربەلایەو عەرەبە، و تەنانەت قبوڵیشیان نەبوو دوای بخەن بۆ دواڕۆژ، بەڵکوو تەنها یەك هەق بە کورد ڕەوا دەبینن ئەویش هەقی فرمێسك ڕشتنە بۆ کەرکوك وەك ئەوان بۆ ئەندەلوسی دەڕێژن.[109]

106 وەرگیراوە لە ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل١٠١.

107 جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، ل٢٢٣.

108 مەلا بەختیار: کۆبەندی چەند بابەتێك، ١٩٨٧-١٩٩٣، سلێمانی،١٩٩٩، ل٢٠٥.

109 جەلال تاڵەبانی: ڕاپۆرتی سیاسی، ل٥٩.

سەنگی دانووستاندن هەر بەوە سووك بووە کە شۆڕش خۆی داوای دانووستان و گفتوگۆی لە کودەتاچییەکان کردووە، ئەگەر لەسەرەتاشەوە بەرنامەی پارتی تێروتەسەلیش بووبێ ئەوا سەرەنجامی دانیشتنەکان گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە بۆ ڕژێم دەرکەوتووە ئەم دەستپێشکەریەی پارتی بۆ دانووسەندن قابیلی سەپاندنی ڕێککەوتنامەیەکی لاوازە، چونکە لەکاتی دانوسەندندا مەترسیەکی گەورەیە دوژمن دڵنیا بێت شۆڕش ئامادەی پاشەکشەو سازشە.[110] کەواتە مەسەلەی گفتوگۆکردن لەگەڵ کورددا تەنها کڵاوبازی و فریوێکی ڕژێمی بەعس بووە، تا بتوانێت کورد بەدەمەوە بگرێت. خۆی دژیان تەیار بکات و هێزو گوڕێك پەیدا بکات.[111] بۆیە کورد ناچار دەبوون شەڕ بکەن گەر ڕێگەیەکی تریان پێ نەدرایە بۆ چارەسەری کێشەکە ئەم شەڕو پێکدادانەش چارەسەری کێشەکەیان نەدەکرد، چونکە خەباتی کورد تا ئەو کاتە بەردەوام دەبوو کەنەتەوەکەیان سەربەخۆ بێت و چارەسەری کێشەکەیان لە کوردستانی سەربەخۆدابوو.[112] لە یادداشتێکی فەرمیدا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە هەر هەنگاوێك نەتەوەی عەرەب بەرەو ئامانجەکانی بیهاوێژێ پێویستە هاوشانیش فراوانبوونێکی زیاتر سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی کورد بەخۆوە بگرێ.[113] لەساڵی ١٩٦٨ەوە بەشێکی گەورەی حیکایەتی کورد لەعێراقدا تەنازوولی

[110] مەلا بەختیار: کۆبەندی چەند بابەتێك، ل٢٠٥، ٢٠٦.

[111] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، ل٢٢٣.

[112] جەلال تاڵەبانی: گفتوگۆیەکی جیدی لەگەڵ صبحی عبدالحمیدو هاوڕێکانی، ل٧٦.

[113] هەمان سەرچاوە، ل٢١.





حکومەت بووە لەسەر کاغەزو بەڵێنی ڕووکەش و ڕێککەوتن بووە لەسەر ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، پاشان پاشگەزبوونەوەو خیانەتی بەدوادا هاتووە، ئینجا دەستی بەنیشتەجێ کردنەوەو بەعەرەب کردن و ڕاگواستن کردۆتەوە بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام سنووری دیاریکردۆتەوەو شارو گوندەکانی لەناو بردووە.[114] جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "ئێمە لە تاوانبارکردنمان بە جودا خوازو هەوڵدان بۆ وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد ناترسین و وەڵامیشمان بۆی ئەوەیە ئەمە تۆمەت خستنە پالێکە ڕەتی ناکەینەوەو شەڕەفێکیشە بانگەشەی بۆ ناکەین، چونکە جودابوونەوە بەشێکە لەمافی چارەی خۆنووسین بۆیە مافێکی ڕەوای خۆمانە، بەڵام مافی چارەی خۆنووسین لەپاڵ جودا بوونەوەدا مافی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەش دەگرێتەوە کە ئێمە ئەوەمان بۆ گەلەکەمان هەڵبژارد ئەویش لەبەر ئەو هۆیانە نە لەترسی تۆمەت خستنە پاڵ و نە لەترسی شەڕە سەرکوتکەرو سەپێنراوەکان، ئەوانەی کەهیچ گەلێك لەگەلانی سەرزەمین پێی نەبڕابوو گەیشتە شەڕی قات و قڕکەر لە لای گەلی کورد".[115] لەکاتێکدا پارتی بەعس لایەنی سەرەکی بووە لەو ڕێککەوتنامانەی کە لەگەڵ شۆڕشی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستاندا مۆری دەکرد، هەر ئەویش نەخشەی ئەو دژە ڕەوتەی دەکێشا کەتێکڕای ڕێکردنی لەوکاتەوە تا کۆتایی دەسەڵاتیان ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵاتی حوکمڕان و پارتی بەعسیان چیان لەدەست هاتبێ بۆ دابڕینی

[114] کنعان مەکییە: دڵڕەقی و بێدەنگی، و/ حەمە ڕەشید، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل١٨٩.

[115] جەلال تاڵەبانی: گفتوگۆیەکی جیدی لەگەڵ صبحی عبدالحمیدو هاوڕێکانی، ل٣٦.

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە جەماوەری گەلی کوردو بۆلێدانی ئەو سەرکردایەتیە بەهەر هۆیەك بێتو بەدزێوترینو ناپەسەندترین شێوە کردویانە،[116] چونکە بەعس باش لەکێشەی کوردستان دەگەیشتو تەنانەت خاڵە بەهێزو لاوازەکانو خواستو ئامانجەکانیشی دەزانی، و زۆربەشیانی بەمەترسی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب دەزانی، کەواتە ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە بەعس هەرگیز ئەو مافو خواستانەی نەسەلماندووەو دانی پێدا نەدەنا. کوردیش ڕووبەڕووی هەموو ئەو تاوانانە دەبۆوە لەسەر دەستی (هێزێك) کە لەلایەن سەرکردایەتیەکی عەرەبیەوە سەرکردایەتی دەکراو خۆی بەنەتەوە پەرست دەزانی.

پارتی بەعس هەر لەسەرەتاوەو لەناو مامەڵەکردنیدا، عێراقییانە خۆی دەردەخست هەرچەندە عەربچێتی خۆی نەدەشاردەوە، تاخۆی جێگیر کردو خۆی دەرخستو بەئاشکرا کەوتە جێ بەجێکردنی نەخشەی بەعەرەبکردن و راگواستن و بەبەعسیکردن لەخراپترین شێوەی داگیرکاریدا هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەیی کوردی خستۆتەکار.[117] بە تەماشاکردنی نایەکسانی لە نێو کورد و عەرەبدا هەمیشە کوردی والێکردووە زیاترپێ لەسەر داواکاریەکانی خۆی داگرێ تا بۆشی کرابێت بەرپەرچی کردەوەکانی بەعسی داوەتەوە، چونکە بۆ هاولاٚتیەکی عیراقی بۆی هەبێ هەموو عیراق بە خاك و گەل و سەربەخۆیی و سەروەری و سامانە سروشتیەکەیەوە ببات و لە ناو کیانێکی گەورەتردا بیتوێنێتەوە و

[116] مسعود بارزانی: بارزانیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ب٣، ب٢، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٨.

[117] محمود مەلا عزەت: ڕەگو ڕیشەی مێژوویی، ل٥٦.





دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ.کەچی بۆ هاولاٚتیەکی دیکەی عیراقی نەشیاوە بەشە عیراقیەکەی خۆی نەك هەمووی، کە رۆژێ لە رۆژان خاکێکی عەرەبی نەبووە و بەڵکو بە سەلماندنی لیژنەی پشکنینی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، عیراقیش نەبووە، بۆ ئەوەی  دەوڵەتی خۆی لەسەر دابمەزرێنێ، تەنها لەبەر ئەوەی یەکەمیان عەرەبە و دووەمیان کوردە.[118] لەبەرامبەردا بارزانی سوور بووە لەسەر پتەوکردنی برایەتی نێوان کوردو عەرەب، بۆیە بواری هیچ کردەوەیەکی زیانبەخش یان هیچ هەنگاوێکی خراپی لەدژی عەرەب نەدەداو بارزانی هەرگیز دەرفەتی هیچ کام لە حکومەتە یەك لەدوای یەکدا هاتووەکانی عێراقی نەدەدا بتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو شەڕەی هەڵگیرساوە شەڕی نێوان عەرەبو کوردە، بگرە هەمیشە دەیوتەوە شەڕی ئێمە لە دژی گەلی عەرەب نیە لە دژی ڕژێمێکە کە جەورو ستەمەکانی کوردو عەرەبی وەك یەك گرتووەتەوە.[119] پارتی هەمیشە دروشمی برایەتی لەنێوان کورد و عەرەبدا هەڵگرتووە و هەوڵی بەشداریکردنی داوە لەگەڵ پارتە دیموکراتیەکانی عیراقدا بۆ پشتیوانی کردنی جولانەوە رزگاریخوازیە عەرەبیەکان بە پێی توانای خۆی، لەگەڵ ئەو هێزە نیشتمانیە عیراقیانەی کە هەڵوێستێکی راست و رەوانیان هەبووە بەرامبەر بە کێشەی کورد، کە زیاتر ئەو برایەتیەی بەرز و بەهێزتر کردووە و بەو شێوەیە پارتی لە سەرجەم جولانەوە و راپەڕینە جەماوەریەکاندا بەشداری کردووە کە لە دامەزراندنیەوە رویداوە بە پێی

[118] جەلال تالەبانی: گفتوگۆیەکی جیددی لەگەل ...، ل ٤١-٤٢

[119] مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد،ب٣،ب٢، ل٢٠٠.

تواناى خۆى لەگەڵ پارت و هێزەکانى تر لە پێناوى بەدیهێنانى سەربەخۆیى عیراق و دامەزراندنى عیراقێکى دیموکراتى.[120] گەڵاڵەکردنى ناسنامەى کورد لەعێراقدا بەهەر شێوەیەك بووبێت رژێمى عێراق ئەوەى بەگیانى جوداخوازى‌و شۆڤێنى‌و ڕەگەزپەرستى لەقەڵەم دەدا، لە کۆتاییدا بەکارێکى تاوانکارى‌و خیانەتى دادەنا، بۆیە سوپاو دەزگەى هەواڵگەرى پێیان وابوو ئەو کەسەى ڕەفتارى کوردانە بکات یا ئەو کەسەى تۆمەتێکى لەو جۆرەى بۆ هەڵبەسترێت پێویستە حکومەت سزاى قورسى بدات.[121]

على صالح السعدى کە یەکێك لەسەرکردە باڵا دەستەکانى بەعس بوو لە ١٩٦٣/٦/١٥ لە کۆنگرەیەکى ڕۆژنامەگەریدا دەڵێت: "شەڕى باکورى عێراق تەنها ٢-٣ مانگێك دەخایەنێت هۆى درێژەدانى جەنگى دژى کورد بەم هۆش‌و گۆشەوە شى دەکەینەوە، ئێمە یەك ئینجیان دەدەینێ‌و ئەوان داواى پارچەیەکى تەواو دەکەن".[122] هەر سەبارەت بەمە مام جەلال دەڵێت:"لێرەدا دەتوانین بڵێین گەر بەڕاستى ئێمەش عێراقیین‌و لەماف‌و ئەرکەکاندا یەکسانین ئەوا بۆمان هەیە ئەوەى ئێوە دەیڵێن ئێمەش بیڵێین بۆمان هەیە ئەوەى بۆ ئێوە ڕەوایە داواى بکەن ئێمەش داواى بکەین. بۆچى بۆ عێراقییەك ئەشێ داواى تواندنەوەى کیانى عێراقى بکات‌و وەك دەوڵەتێکى سەربەخۆ کۆتایى پێ بێنێ، بەڵام بۆ عێراقییەکى دیکە بۆى نیە داواى جودا بوونەوەى بەشەکەى خۆى بکات لەو کیانەدا بۆ ئەوەى مافى چارەى خۆنووسینى لەسەر پێك بێنێ، ئایا ئەوە پێشێلکردنێکى

[120] جلال الطالباني: کردستان و الحرکة القومیة الکردیة، ل٢٧٥، ٢٧٧.
[121] وەرگیراوە لە کنعان مەکییە: س. پ، ل١٨٩، ١٩٠.
[122] وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەى، ل٢٢٥.





زەق‌و ئاشکراو ڕاشکاوى بیروباوەڕى یەکسانى نیە لەنێوان هاوولاتیاندا".[123] لەگەڵ ئەوەشدا کورد هەرگیز دژایەتى نەتەوەیى عەرەبیان نەکردووەو هەمیشەش پشتگیرى کێشە ڕەواکەیان کردووە لەڕزگاربوون‌و یەکگرتن، و هەردەم ئەوەیان ووتووە کە هەرسەرکەوتنێك نەتەوەى عەرەب بەدەستى بهێنێت سەرکەوتنە بۆ نەتەوەى کورد، بەڵام ئەوەشى ووتووە کەهەموو سەرکەوتنێکى نەتەوەى کوردى پێشکەوتنخواز سەرکەوتنیشە بۆ نەتەوەى عەرەب.[124] لەناو بارى سەربەخۆیى سەردەمى میرنشین‌و قەوارە خۆماڵییەکان‌و پاشەڕۆژێکى ڕەخسیووى تر بۆ دامەزراندنى  دەوڵەتى تایبەتى کوردستان، گەلی کورد ملى بۆ واقیعى داگیرکردن‌و ململانێى نابەرامبەر دانەنواندووە هەر چەندە قەوارەى سیاسیى‌و هێزى ڕێکخراو و بەتواناى ئەوتۆى نەبووە.[125] جولانەوەى شۆڕشگێڕانەى گەلی کورد جولانەوەیەکى رزگاریخوازانەى فراوانترین بەشى کۆمەلانى خەڵکى کوردستان بوو لەپێناو دەرباز بوون لە چەوساندنەوەى چینایەتى و نەتەوایەتى و سەربەستى گەلی کورد لە دیاریکردنى چارەنوسى خۆیدا، جولانەوەیەك بوو دژى چەوسانەوەو دواکەوتنى کۆمەڵایەتى و ئەڵقەیەکى لە پسان نەهاتووى شۆڕشى رزگارى نیشتمانى گەلانى دنیا بووە.  سەربارى ناکۆکیەکانى نێو بزوتنەوەکە و تەنگوچەڵەمەى فیکرى و سیاسى ئەو هێزانەى سەرکردایەتیان دەکرد ئەو راستیە ناگۆڕێ کەئەم بزوتنەوەیە بەرهەمێکى سروشتى پێداویستیە

[123] جەلال تاڵەبانى: گفتوگۆیەکى جدى...، ل٤٠، ٤١.
[124] هەمان سەرچاوەى پێشوو ، ل٦٠، ٦١.
[125] محمود مەلا عزەت، ڕەگ‌و ڕیشەى مێژوویى، ل٥٦.

بابەتیەکانی ژیانی ئابوری و نەتەوەیی و سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان بووە. وەك هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە بنچینەدا بە هۆی ناکۆکی توندی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی کۆلۆنیالی و نیمچە کۆلۆنیالی بێگانەوە سەری هەڵداوە، بەو ئامانجەی ئەو ناکۆکیە چارەسەر بکات کە هەموو رێگەیەکی لە رووی گەشەکردنی ئابوری, کۆمەڵایەتی, سیاسی, کولتوری گەلی کورد بریبوو.[126] کێشەی کوردستان کێشەی کەسێك یان پارتێك نەبووە تا دیموکراسیەتو هەڵبژاردنو مەسەلەی دەستووریو پەرلەمانییەکان چارەسەری بکات. دۆزی کورد جەوهەرەکەی ڕزگارکردنی خاكو نەتەوەیەو پەیوەندی بەمافی چارەنووسیو سەربەخۆیی یەوە هەیە، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە وەك مەسەلەیەکی مێژوویی و نەژادی بخرایەتە قاڵب بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی، نەك بۆ پێکەوە گوزەراندن لەگەڵ نەتەوەو دەسەڵاتدارەکاندا خەباتی بکردایە، ئەوا ئەمڕۆ نەفسیەتی داگیرکەرانی کوردستان بەجۆرێك ڕادەهات کە لەڕوانگەی مەسەلەیەکی سەربەخۆی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دۆزەکەدا بکەنو جیهانیش بەچاوێکی واقعیانەتر دەیڕوانیە داخوازی کوردان. لەبەر ئەوە کێشەی نەتەوایەتی کێشەیەکی سیاسیە و پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەیە بە ئاراستەی دانپێدانان بە کیانی نەتەوەکان و مافە نەتەوایەتیەکانی و روشنبیریەکانیان کە زیاتر ئەم هەڵوێست و ئاراستە فکریانە بەشێوەیەکی زۆر روون لەبەرنامەو پرۆگرامی پارتی بەعس لە

[126] رەفیق سابیر: بەرەو مێژوو, ل٦٨.





عێراقدا دەردەکەوێت.[127] ئەو عێراقەی کە کورد دەیەوێ پێویستە عێراقێك بێت بە تەواوی بەدەربێ لە چەوسانەوەی تایەفی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و جیاوازی کردن لە نێو هاوڵاتیاندا, عێراقێك بێت بە بیروباوەری ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ شورە کرابێ، دژی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت بێت جا هەر شێوەیەکی هەبێت و هەر رەنگێك بێت, عێراقێکی کۆماری دیموکراسی پەرلەمانی فیدرالی فرەلایەنی یەکگرتوو, تەنیا بەوە دەتوانرێ پارێزگاری لە کۆمەڵگەی یەکێتی نیشتمانی راستەقینە بکرێ، پارێزگاری لە کۆمەڵگەی شارستانی تەباو برایەتی بەهێزو پێکەوە گونجاو بکرێ[128] تەنانەت ئەگەر نکۆڵی لە بوونی کێشەی کوردیش بکرێت دیسانەوە کێشەی کورد کۆتایی پێنایەو بەزیندوێتی دەمێنێتەوە.[129]

لەراستیدا خوێندنەوەی کورد بۆ بەعسیزم خۆی لە دوو جەمسەری سەرەکیدا دەبینێتەوە کە دەشێ بەم جۆرە پۆلینیان بکەین:

١- تێڕوانینی هێزە نیشتیمانی و دیموکراسیە کوردستانیەکان کە پێیان وابوو بەعس هێزێکی ناسیۆنالیستی نیشتمانی عەرەبە و لە چەند باڵێك پێکهاتووە و دەتوانرێ سود لە ململانێ و ناکۆکی باڵەکانی چەپ و راستی وەربگیرێ و لە توانای چەپەکانیاندایە دان بنێن بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا...هتد.

[127] هوشیار زیباری: الموقف الایدویولوجی لحزب البعث العفلقی من القومیة الکردیة, مجلة الثقافة الکردیة, عدد(١), تشرین الاول ١٩٨٨, ل١١.

[128] جەلال تاڵەبانی: گفتوگۆیەکی جیدی لەگەڵ , ل٩٠.

[129] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان, وەرگێرانی/ سەردار محەمەد,سلێمانی, ٢٠٠١, ل٢٢٤.

مەکتەبی بیروهۆشیاری





٢– تێڕوانینی هێزە ناسیۆنالیسە کوردەکان. کەپێیان وابوو بەعس لەبنەچەدا هێزێکی رەگەزپەرستی فاشی دیکتاتۆری عەرەبە و داگیرکەری کوردستانەو بەهیچ جۆرێك ناتوانێ مرۆڤ دۆستانە بروانێتە کێشەی کورد و خاکی کوردستان بەبەشێك لە خاکی عەرەب دادەنێ و هیچ کاتێك ناتوانن ببنە برا بۆ کورد تا لەسۆنگەی داگیرکەرەوە بروانێتە کوردستان.

بۆیە گروپی یەکەم هەمیشە دەرگای گفتوو گۆی والآبوو, ئەگەرچی جیاوازیەکیش هەبوو لە تێروانینی ئەو گروپە بۆ بەعسی ١٩٦٣ و بەعسی دوای ١٩٦٣, بەلآم گروپی دووەم مەگەر لە ژێر فشاری یەکەمدا ملی دابێ دەنا هەمیشە بەد گومان بووە. رەنگە زێدەرۆیش نەبێ گەر بلێین زۆرینەی هەرە زۆری خەلکی کوردستان لە ناخەوە و بەئەزموونی خۆیان وەك بەشی دووەم بیریان کردۆتەوە, ئەگەرچی لەرووی رێکخستنیشەوە سەر بەگروپی یەکەم بوون.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باسی سێیەم:

# دوو جیهانبینی جیاواز (بەعس - کورد) و هەوڵەکانی گفتوگۆ

### یەکەم: کۆدەتای ساڵی ١٩٦٣

کۆدەتای* بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا بۆ کوردی باشوری کوردستان بە یەکێك لە ساڵە رەش و شومەکان دادەنرێت. لە راستیدا ئەو هەل‌و

* - پێناسەی زانستی کۆدەتا بریتیە لە کارێکی کوت‌و پڕو توندو تیژ کە کۆمەڵە کەسانێك لەنێوخۆی دەوڵەتدا پێی هەڵدەستن و لەزۆربەی کاتدا سەر بەسوپان و دژ بە دەسەڵاتی شەرعی ئەنجامی دەدەن‌و دەسەلات هەڵدەگێڕنەوەو خۆیان دەسەلات دەگرنە دەست بۆ ئەوەی گۆرانکاریەکی بنەرەتی لە سیستێمی ئابووری کۆمەلایەتی سیاسیدا رووبدات، ئەمەش بەپێی پلانێك ئەنجام دەدرێت کەپێشتر بۆی داڕێژراوە. کۆدەتا چەند شێوەیەکی هەیە، لە هەندێ حاڵەتدا دێتە ناوەوە بۆ ئەوەی ئەو دەسەلاتە بسەپێنێ کە خۆی دەیەوێ بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە دەسەلاتدا بکات، یاخود سوپا بەهێزێکی زۆر دێتە ناوەوەو دەسەلات دەگرێتە دەست‌و لەهەندێ جاردا کۆدەتا ڕوودەدات بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر سوپا.(عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، ط٤، ج١، ١٩٩٩، ل٣٧٢، ٣٧٣.).





مەرجەی کە کۆدەتای ١٩٦٣/٢/٨ی تێدا ڕوویدا تەم‌و مژاوی بوو. ئایا نەخشی سەربازی‌و مەدەنییەکان لەو کۆدەتایەدا چی بوو؟ چۆن بوو؟ ئەم کۆدەتایە لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکی کەم ئەزموونەوە رویدا کە لەلای خەڵکی تاڕادەیەك نەناسراو بوون، پێویستیان بەکەسایەتیەکی بەرجەستە هەبوو، ئەمانە کەلەسەرخەباتی نهێنی ڕاهاتبوون، هێشتا توانا و لێهاتوویی ئەوەیان نەبوو کە ئاوا بە زوویی دەسەڵات بگرنە دەست تا ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانیان لە زیندانندا بوو.[130] بێ گومان کۆدەتایەکی لەو شێوەیە هەروا کت‌و پڕو لەناکاو ئەنجام نەدرا، بەڵکوو دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هۆکار بوو کە بووە مایەی ڕەخساندنی هەل‌ومەرجی بەرپابوونی ئەم کۆدەتایە، جگە لەوە کردەیەکی سەربازی لەو شێوەیە پێویستی بە پلانێکی داڕێژراو هەبوو.

بارودۆخی عێراق دوای چوار ساڵ لەبەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ زۆر تێك چوو بوو، لەلایەنی ئابوورییەوە قورسایی گوزەران لەسەر چینە ڕەنج کێشەکان زۆر زیادی کردبوو، ئەو پلانە ئابوورییەی کە دراسە کرابوو هیچ جۆرە ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، ئەو چاکسازییە کشتوکاڵییەی کە شۆڕش ڕایگەیاندبوو بەجێ نەهێنرا، لەبواری سیاسیشدا ئازادی‌و دیموکراتیەت خەفە کراو هیچ یەکێك لەو بەڵێنیانەی کە شۆڕش پێشکەشی کردبوو نەهاتنەدی لە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەل‌و دەسەڵاتی سەربازی تا دەهات زیاتر دەبوو.

[130] کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و/ حەمە کەریم عارف، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل٢٩٥.

سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم پێش هەموو شتێك گەورەترین هۆکار بوو بۆ سەرکەوتنی کۆدەتاکە، چونکە خاوەنی سیاسەتێکی دیاری کراو نەبوو، نەیتوانی بەسەر هەموو چین و توێژەکاندا زاڵ بێت، بەڵکوو هەموو پارتە سیاسییەکانی ناو عێراقی کردبوو بە دوژمنی خۆی.[131] قاسم کەتووشی گومان ببوو، هەموو خەمێکی پاراستنی پێگەی خۆی بوو، بۆیە بەناچاری بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و پووچەڵ کردنەوەی کاری بانگەشەکەرانی دەسەڵات کەوتە تێك بەردانی پارت و گروپە سیاسییەکان. بۆیە قاسم دڵی کرمێ ببوو، نەی دەویست گەل دەستی بەئازادی و سەربەستی و یەکێتی و خێروخۆشی کۆمار ڕابگا، لەبەڵێنەکانی ماف و دەستکەوتە سەرەتاییەکان پەشیمان بۆوەو لەڕێبازی شۆڕش لای داو دەستی دایە سیاسەتی تاك گەرایی و جیاوازی و مل هوڕی و دیکتاتۆری دژی گەلی کوردو بۆ کورد قڕان کەوتە خۆو لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١دا وەك ئاگری بێ ئامان هێرشی توندوتیژی زەمینی و ئاسمانی کردە سەر کوردو بەزۆر شەڕی بەسەردا سەپاندن.[132] یەکەمین نیشانەی گرژی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردو عەرەب دەرکەوت، کاتێك ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە قاسم کرد کە مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە دەستووری کاتی دا بچەسپێنێ، بەڵام قاسم لەلایەن عەبدولسەلام عارف و ناسیۆنالیستەکانی دیکەی عەرەب کەدەیانوویست بچنە نێو (کۆماری یەکگرتوویی عەرەب) لەژێر

[131] میرزا محمد امین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد، ب٢، سلێمانی، ١٩٨٨، ل٢٢.

[132] ئۆرخانی غالب: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٣، ١٤.





گوشار دابوو، ناسیۆنالیستەکانی عەرەب دژی ئەو مامەڵە بەڕووکەش باشەی قاسم بوون لەگەڵ کورد، بەتایبەتی پێشوازی کردنی بارزانی و هاتنەوەی بۆ وڵات.[133] لەبەدبەختی کورد ئەو لیبڕالییەتە هێندەی نەخایاند کە چنگی قاسم لە کورسی گیر بوو، بوو بە دیکتاتۆرێکی سوپا دۆست و لەگشت بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوەو یەك لەدوای یەك کەوتە لێدانی پارتەکان، پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە هەمیشە نایاسایی بووە لە ١١ی تەممووزی ١٩٥٩ بەدواوە قەدەغە کرایەوەو لە(١٩٦٠)یش نۆرەی کورد هات.[134] ئەم پڕۆگرامە دژ بە دیموکراتیەی قاسم کۆمەڵێك دەرەنجامی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپی لێ کەوتەوە و خەبات دژ بەم دەسەڵاتە سەری هەڵدا.[135] جگە لەم هۆکارانە بێ گومان کۆمەڵێك هۆکاری نێو دەوڵەتیش ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لەڕووخانی ڕژێمی قاسمدا،پارتی بەعس کە بە یارمەتی و هاوکاری دەوڵەتانی ئەوروپا چووبووە سەر حوکم و ئەو دەوڵەتانە بە مەبەستی بەرژەوەندی خۆیان دایان مەزراندبوو، یەکێك لەو و وڵاتانە ئەمەریکا بوو کە ڕووخانی قاسمی زۆر بەلاوە گرنگ بوو، چونکە سنورێکی بۆ نفوزی سۆڤیەت دادەنا.[136] ئەمانە ڕۆڵی گەورەیان لەهاتنە سەر حوکمی بەعس لەعێراقدا هەبوو، هەروەك

[133] Daved macdowall, amodern history of the kurds,i.b.tauris.p303.

[134] ژیرارد چالیاند و ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، ، ل٢٨٢؛ باڤیچ: کوردستان و مەسەلەی کورد، و/ عبدالخالید صابر، چ١، چاپخانەی شڤان، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٨٦.

[135] ماجد عبدالرضا: مسالَة الكردية في العراق الى ١٩٦١، بغداد، ١٩٧٠، ل١٠١.

[136] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل٦٨؛ معاذ حسن: البعث صناعة غربية جاهزة، طهران،١٤٠٢هـ، ل٨-٩؛ عليرضا شيخ عطار: كردها و قدرتها منطقه اى و خرا منطقه اى، جلد اول، چ١، مركز تحقيقات استراتيژيك، طهران، ١٣٨٢هـ، ل١٤٨.

فوئاد رکابی دەڵێت: "ئێمە (واتە پارتی بەعس) گەیشتینە دەسەڵات بەشەمەندەفەری ئەنگلۆ- ئەمەریکی".[137] بۆیە پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست هەر لەو کاتەوە هەوڵی دا ئەم لاوازییە بقۆزێتەوەو خۆی بۆ لەناوبردنی قاسمو ڕژێمەکەی سازو ئامادە بکاتو کار بۆ ئەو ئامانجە بکات.[138]

بەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ چەند ئەفسەرێکی سوپای سەر بەپارتی بەعس کۆدەتایەکیان ئەنجامدا، بەمەش قۆناغێکی تر لەمێژووی عێراقدا دەستپێکرد، لەڕووی کۆدەتای سەربازییەوە عێراق بوو بە دەوڵەمەندترین وولات لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئەو پارتی بەعسەی کە لەدیمەشق دامەزراو ڕۆڵێکی کاریگەری لەمێژووی گەلی کورددا بینی. خۆی بە پارتێکی ناسیۆنال سۆسیالیست دەزانی کە لەپێناوی بوژاندنەوەی نەتەوەی عەرەبدا کاری دەکرد، ئەم پارتە لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەستو دوای ساڵێك لە سوریاش دەسەڵاتیان گرتە دەست.[139] پارتی بەعس لە سەرەتادا ئاوات و ئارەزووەکانی باڵی ڕەگەزپەرستانەی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازی ناوەنجی عەرەبی ئەنواند لە پێناوی یەکخستنی هەموو نەتەوە و نیشتمانی عەرەبدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی عەرەبی نەتەوەپەرستی گەورە و فراواندا کە سەروەریەکانی

[137] حسن علوی: العراق دولة منظمة سرية، لندن، ١٩٩٠، ل٢٧؛ حسن سعید: نواطیر الغرب، بیروت، ١٩٩٢،ل٤٠.

[138] ئاریان ئیبراهیم محمد: رۆژنامەی برایی-برایەتی (١٩٦٧-١٩٧٤) رۆلی لە پێشخستنی ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٠، ل٥٩.

[139] د. گوینتەر دێشنەر: س.پ، ل٢٣٣؛ سرهنگ زرهی ستاد، عبدالله رفیعی: صدام ابن غریقه عرب، ل٦٨.





ڕابردووی ئیمپراتۆریەتە عەرەبییەکان زیندوو بکاتەوە و لە دنیای سەردەمدا شوێنێکی زل بگرێت، بەڵام پارتی بەعس خۆی نەك هەر بە ئەلتەرناتیڤی پارتە شیوعیەکانی وڵاتانی عەرەب دادەنا، بەڵکو ئایدیۆلۆژی بەعسی بە ئەلتەرناتیڤی ئایدۆلۆژیی مارکسیزم- لینینیزم دادەنا لەوەی کە ئاوات و ئارەزووەکانی ڕەگەزپەرستی عەرەب دەربڕێ.[140] قاسم لەناو وەزارەتی بەرگریدا بوو کە هێزی کۆدەتاچییەکان بە فرۆکەو تانکەوە پەلاماریان دا هەرچەندە بەرگری لەخۆی کرد، بەڵام لەئەنجامدا هێزی کۆدەتا چییەکان خۆیان کرد بە نێو وەزارەتی بەرگریداو قاسمیان گرت.[141] قاسم لە ١٩٦٣/٢/٩دا دەستگیر کراو پاش دادگایەکی (٥) خولەکی گوللە بارانکرا.[142] سەرکردایەتی بەعس ئەنجومەنێکیان دامەزراند بەنێوی (ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتی شۆڕش).[143] بەم شێوەیە لە ڕێگەی شێواز و تاکتیکە تایبەتیەکانی خۆیانەوە وەك ڕۆچوونە نێو سوپا و هاوکاری لەگەل کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب و نۆکەرانی ئیمپریالیزم و کۆدەتا و پیلانگێڕان و دەسبڕین و پاشقۆلگرتن، بلاوکردنەوەی ترس و تیرۆر، هەڵگرتنی دروشمی بریقەداری بۆش و هەڵخەڵەتێنەر و...هتد.توانی

[140] ئەمین قادر مینە: س.پ، ل٦٧.

[141] ادمون غریب: الحرکە القومیە الکردیە، بیروت، ١٩٧٣، ل٦٧؛ د. گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل٢٣٣؛ طالب الحسن: اغتیال الحقیقة عبدالسلام عارف و اشکالیة الکتابة في تاریخه السیاسي، ط١، بغداد، ٢٠٠٤، ل١٣.

[142] جەمال نەبەز: کوردستانو شۆرشەکەی، ل٢١٨؛ درك کینان: کورد و کوردستان، و/ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی روون، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨٦.

[143] نادر ئینیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل٩٠.

دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و دەوڵەت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئیتر سروشتی چینایەتیی بە جۆرێکی بنەڕەتی گۆڕا و لە ژێردەستەوە بوو بە دەسەڵاتدار و کاربەدەست.[144] سوودیان لەو بارە وەرگرت کە دوژمنی کوردو لەهەمان کاتیشیدا دوژمنی پارتی کۆمۆنیست بوون، ڕژێمەکەی عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر کە هەردووکیان جەنەڕاڵ بوون، یەکەمیان بوو بەسەرۆك کۆمارو دووەمیان بوو بەسەرۆك وەزیران. هەر لەسەرەتاوە قاسمیان بە کوژراوی لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە پیشانی خەڵك دا، بۆ ئەوەی ئیدی کەس زاتی ئەوە نەکات بجولێتەوە.[145] بەعسییەکان لەیەکەم هەفتەی هاتنە سەرحوکمیان سیاسەتی خۆیان بەرامبەر پارتی کۆمۆنیستی عێراقی ئاشکرا کردوو کەوتنە ڕاونان و گرتن و کوشتن و لێدانی ڕێکخستنەکانیان لەناو سوپاو دەرەوەی سوپادا،[146] چونکە ڕووخانی قاسم خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی (ڕاوی کۆمۆنیستان) بوو.[147] ئەو کۆمۆنیستانەی لەسەردەمی قاسمدا دژی شۆڕشی کورد وەستابوونەوە پاش کۆدەتا پۆل پۆل بۆ کوردستان هەڵدەهاتن تا پەنا بدرێن و بپارێزرێن کە زۆرچاك و میوان دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، زۆر ئەفسەرو پلەداری عەرەبیش لەترسی زەبرو زەنگ و تۆقاندنی ڕژێمی بەعس بەچەکەوە بۆ کوردستانی ئازاد

---

[144] ئەمین قادر مینە: س.پ، ل٦٧.

[145] لەتیف فاتح، مەجید صالح: کورد قوڕان، ل٢٦.

[146] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل١١٨؛ صلاح الخرسان: صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث (الحركات الماركسية) ١٩٢٠-١٩٩٠، بيروت، ٢٠٠١، ل١٠٤، ١٠٥.

[147] کریس کۆچێرا: س. پ، ل٢٩٢.





هەڵدەهاتن و دەچوونە پاڵ شۆڕشی کوردەوە.[148] بەعسییەکان لەماوەیەکی کورتدا شیوعیەکانیان پاکتاو کردو، نەتەوەییەکانی هاوخەباتی خۆیان لەکار دورخستەوە. دەیانویست تا بەتەواوی جێگیر دەبن و هێزەکانی خۆیان ڕێك دەخەنەوە خۆیان لە گێچەڵی کورد بێ لایەن بکەن.[149]

سەبارەت بە کورد و ڕۆڵی لە کۆدەتای بەعسیەکاندا،* سەرەڕای بۆچوونی خراپی بەعسییەکان سەبارەت بەنەتەوەی کوردو شۆڕشەکەی کە بەکۆمەڵێ خواستی ڕەگەزپەرستی و گومانلێکراو بەناوی شۆڕشی کوردەوە ناوزەد کردووە کە گوایا مەبەستی دابەشکردنی خاکی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی خەباتی عەرەبی یە لەگەڵ ئەم بۆچوونەشدا لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا پەیوەندییان دامەزراند.[150] سەرکردەکانی کۆدەتا بەر لەجولانەوەکەیان لەگەڵ سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد ڕێك کەوتبوون لەسەر ئەوەی لە بەیانەکانی یەکەمی کۆدەتادا مافی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بسەلمێنن بەرامبەر بە پشتیوانی جولانەوەی کورد لە کۆدەتای بەعسییەکان.[151] بەعسییەکان پێش کۆدەتاکەیان لەکۆتایی ١٩٦٢دا، پەیوەندییان بە کوردەوە کردبوو. (تاهیر یەحیا) بۆ (برایم ئەحمەد)ی سکرتێری ئەوکاتەی پارتی دیموکرات نووسیبووی بە چ مەرجێك شۆڕشی کورد پشتگیری لە کۆدەتایەکی دژ بە

---

[148] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، ل٢١٧، ٢١٨.

[149] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل٦٨.

* -بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٨).

[150] عزيز الحاج: القضية الكردية في العراق، تاريخ والافاق، ط١، ١٩٩٤، ل٣٤.

[151] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل٦٧؛ عليرضا شيخ عطار: کردها، ل١٤٨.

قاسم دەکات؟ پارتی لە ١٩٦٢/٤/٢٨دا وەڵامیان داوەتەوە بە (بە پاداشتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق)*.[١٥٢] لەدوای ڕووخانی قاسم، کورد کەوتە دۆخێکی واوە کە هاوکاری بکات لەگەڵ ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتی شۆڕش‌و دەوڵەتێك کە سەرۆك کۆمارو وەزیرانی لە عەبدولسەلام عارف‌و ئەحمەد حەسەن بەکری بەعسی پێك هاتبوو.[١٥٣] لە ١٩٦٣/٢/٨دا کاتێك ڕووخانی قاسم ڕاگەیەندرا لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕ لەهەموو کوردستان ڕاگەیەندرا.[١٥٤]

پارتی بەڕەسمی پێشوازی لە کۆدەتاکە کردوو داوای شەڕ ڕاگرتن‌و ئازادکردنی دیلەکانی شەڕو قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی کرد و

---

* لە نامەکەدا هاتووە:"گەلەکەمان لە پشت شۆڕشە چەکدارییەکەیەوە داوای جیابوونەوە لە کۆماری عیراق ناکات، وەك زۆر لە دوژمنان ئاماژەی پێدەکەن، بەڵکو خەبات دەکات دژی چەوسانەوە و خوێن ڕشتن لەپێناوی عیراقێکی دیموکراتی سەربەخۆ و یەکێتی و برایەتی بۆ گەلی کوردو کیانە نەتەوەییەکەی زامن بکات... بۆیە پێویستە بگەینە لەیەك گەیشتنێکی تەواو بەدانپیّدانان بەحوکمی زاتی بۆ هەرێمی کوردستان وە پێویستە حکومەتی نیشتمانی ئەمە لەیەکەم بەیانیدا بۆگەلی عێراق رابگەیەنێ وە پلەی حاکمی گشتی یاخود سەرۆکی وەزیرانی کوردستان بۆ مصطفی بارزانی بێت........".( پارتی دیموکراتی کوردستان: شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) ل١٣).

152 جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، ل٢١٩، ٢٢٠؛ پارتی دیموکراتی کوردستان: شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) ل١٣.

153 Daved macdowall, amodern history of the kurds,i.b.tauris.p313.

154 ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٩٤.





لە هەمان کاتدا لادان‌و سزادانی کەسانێکی کرد کە بەرپرسی ئەشکەنجەو ئازاردانی کورد بوون.[١٥٥]

پاش ڕاگەیاندنی ئاگربڕی یەك لایەنە لەلایەن بارزانیەوە، کورد لەحاڵێکدا کە گوێیان بەڕادیۆوە نابوو، بەتاسەوە چاوەڕوانی خوێندنەوەی بەیاننامەی ئۆتۆنۆمی بوون، بەڵام بەیاننامەکان** یەك لەدوای یەك خوێندرانەوەو هیچ هەواڵێك لەبارەی ئۆتۆنۆمیەوە نەبوو.[١٥٦] بارزانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٩ جەلال تاڵەبانی‌و ساڵح یوسفی ناردە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەرانی بەعسدا.[١٥٧] بۆ تاقیکردنەوەی نیازی حکومەتـ یەکەمین پەیوەندی زۆر بەفێڵ‌و تەڵەکەبازی دەبێت، جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا لەبەهاری ١٩٦٢دا کەخۆی لەنێوان ئەفسەرانی ئازادو کوردەکاندا بوو، زۆر عوزر خوایی دێنێتەوە کە ئەگەر ئەو پەیمان‌و بەڵێنانەی بە کورد دراون جێبەجێ نەکراون هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەك لە ناسیۆنالیستان هاتوونەتە نێو ئەنجومەنەوەو زۆریان کەیف بە ئۆتۆنۆمی کوردستان نایەت.[١٥٨]

نوێنەرانی پارتی چەند خاڵێکیان بەنێوی پڕۆژەی لامەرکەزی کەلەناوەڕۆکدا پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی** بوو خستە بەردەم نوێنەرانی ڕژێم،

---

155 Daved macdowall, amodern history of the kurds,i.b.tauris.p313.

* بروانە پاشکۆی ژمارە(١٠).

156 کریس کۆچێرا: کورد ە سەدەی نۆزدە و بیستدا، ل٢٩٢، ٢٩٣.

157 ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٩٦.

158 کریس کۆچێرا: س. پ، ل٢٩٦.

** بروانە پاشکۆی ژمارە (١٢).

بەڵام ئەوان نەك هەر بەو پڕۆژەیە قایل نەبوون، بەڵكوو داوایان لەنوێنەرانی پارتی كرد كە جارێ پەلە لەپڕۆژەكەیان نەكەن، چونكە گرنگتر لەوە هەنگاونانە بۆ پڕۆژەی یەكێتی نەتەوەیی عەرەبیو یەكێتی نێوان عێراقو میسرو سوریا.[١٥٩] هەر لەوكاتەدا خۆ گێل كردن لە (ئۆتۆنۆمی) بۆ كورد لەچوارچێوەی جولانەوەی دژ بە ڕژێم دا هەڵەیەكی گەورەبوو تەنیا ئەو هێزانە قازانجیان لێ دەكرد كە دەیانوویست گەلی كورد لەسەركردایەتیەكی شۆڕشگێڕ بێ بەش بكەنو دووره پەرێزی ڕابگرن.[١٦٠]

لەنامەیەكی سەركردایەتی شۆڕشی كورددا بۆ لێژنەی ناوچەی رانیە هاتووه: "ڕژێمی عێراق بەبیانووی وتووێژە سێ قۆڵیەكەی نێوان عێراقو سوریاو میسر لە قاهیرەدا بۆ پێكهێنانی یەكیەتی نێوان ئەو سێ و وڵاتە داوامان لێدەكات كە جارێ پێ لەسەر جێبەجێ كردنی داخوازیەكانی خۆمان دا نەگرینو پڕۆژەكەشمان بەجۆرێكی وا فۆرمەڵەی داڕێژین كەنەبێتە كۆسپ لەبەردەم یەكیەتی نەتەوەیی عەرەبیدا. ڕژێمی عێراقیش دیسان داوا لەنوێنەرمان جەلال تاڵەبانی دەكات كە بچێتە قاهیرەو سەردانی سەرۆك جمال عبدالناصر بكات تا لەڕای ئەویش لەسەر مەسەلەی كورد بگات، چونكە گەر وتووێژی قاهیرە سەبارەت بە (كۆماری عەرەبی یەكگرتوو) سەركەوێ دەبێ مەسەلەی كوردیش لەچوارچێوەی كۆماری یەكگرتووی عەربیدا چارەسەر بكرێ".[١٦١]

159 ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٩٦.
160 د. عبدالرحمن قاسملوو: كوردستانو كورد، و/ عبدالله حسن زادە، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٩٤.
161 ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل١٠٠.





كورد ئەو بەهانەیەی حكومەتیان بڕیو دوو ڕۆژ دوای ئەوە جەلال تاڵەبانی سەرۆكی وەفدی پارتی لەگەڵ حكومەت بەرەو قاهیرە كەوتنە ڕێ، بەمەبەستی بینینی جەمال عبدالناصر و پشتیوانی كردن لە عەرەب و لە هەمان كاتدا چونیان بۆ جەزائیر و بینینی ئەحمەد بن بیلا.[١٦٢] بەڵام گەورەترین سەرسامی بەلای ئەندامانی عەرەبی شاندی عێراقەوە ئەوە بوو كە ناسر بەدڵو بەگیان لایەنی كوردەكانی گرتو ووتی: "چ كەسێك ناتوانێ نكوڵی لە بوونی نەتەوەی كورد بكات، ئەم میللەتە مافی خۆی هەیەو یەكێك لەم مافانەی داواكردنی ئۆتۆنۆمیە".[١٦٣]

شاندی عێراقی لەجەزائیریش تووشی هەمان سەرسامی بوونو سەرۆك بن بلا وتی: "من بەرلەوەی عەرەب بم مرۆڤم، من ئاگام لەم مەسەلەیە هەیە، ئێمە بەخۆشمان لەپێناوی  وڵاتەكەماندا خەباتمان كرد".[١٦٤] لەبەر ئەوە جولانەوەی كوردی سەرەڕای گیروگرفتەكانی ناوخۆی ببوو بەفاكتەرێكی گرنگ لە سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەی عێراقدا هەروەك عەبدولڕەحمان بەزاز لە كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەوانیدا وتبووی: "ئەگەر چل پەنجا كورد بەشاخەوە بمێنێت گیروگرفتەكە هەردەمێنێ".[١٦٥]

162 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان یەكتری دەشكێنن ، ل٦٨.
163 كریس كۆچیرا: س. پ، ل٢٩٦.
164 هەمان سەرچاوە، ل٢٩٧.
165 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان یەكتری دەشكێنن ، ل٩١.

بەعس ئەو بەڵێنەی بە کوردیان دابوو سەبارەت بەمافی ئۆتۆنۆمی بە بیانووی نالەباری هەلومەرجی سیاسیو ناڕازی بوونی ناصرو ناصریەکان یەکەمین پەیمانشکێنیان بوو کە لەگەڵ کورددا کردیان.[166]

لەسەرەتای نیسانی ١٩٦٣دا عێراقو سوریاو میسر لە قاهیرە گفتوگۆیان بۆ یەکێتی عەرەب دەست پێ کرد ئەمە دڵە ڕاوکێی نوێ ی بۆ کورد هێنایە پێش، لەو گفتوگۆیانەدا هەندێ کوردیش لەنێو وەفدی عێراقیدا بوون، تا داخوازییەکانی شۆڕشی کورد بخەنە پێش چاو، جەلال تاڵەبانی سەرۆکی وەفدە کوردییەکە لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣ دا بیرخەرەوەیەکی لەو بارەیەوە پێشکەش کرد تیایدا هاتووە "لەحاڵەتێکدا گەر عێراق لەم بارودۆخەی ئێستایدا بمێنێتەوە، ئەوا کورد لەو مافانە زیاتر داوا ناکات کە ڕژێمی عێراق لە ١٩٦٣/٣/١١دا دەست نیشانی کردوون، خۆ ئەگەر عێراق بچێتە نێو فیدارسیۆنێکی عارەبانە، ئەوا دەبێت کورد ڕژێمێکی ئۆتۆنۆمی بەرفراوانی بۆ دیاری بکرێت، بەڵام ئەگەر عێراق لەگەڵ دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبدا یەکیەتیەکی تەواوی پێك هێناو خۆی تێدا تواندەوە ئەوا دەبێت کوردی عێراقی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە یەك گرتووەدا وەك پارێزگەیەك کە بوونو قەوارەی بپارێزێت، پابەند بێتو بیر لە جودا بوونەوە نەکرێتەوە".[167]

لەڕاستیدا گفتوگۆ سێ قۆڵییەکەی (میسرو سوریاو عێراق) لەقاهیرە ئەوەی نیشان دەدا کە سەرانی بەعسی بەغدا گەمەیەکی دوولایەنەیان

---

[166] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٨.

[167] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، ل٢٢٢.





دەکردو هەرگیز نیازو مەبەستیان نەبووە بەڕاستی لەگەڵ کورددا ڕێك بکەون.[168] بەپێچەوانەوە لەدوای کۆدەتای ساڵی ١٩٦٣ چەوسانەوەی کورد زۆر زیاتر بوو، زۆر بە خراپی بەرامبەر بەوانەی کە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەبوو دەجولانەوە تووشی شاڵاوێکی توندوتیژیو تۆقاندنی بەردەوام ببوون لەگەڵ ڕەشبگیری هەزارانی ترو دەرکردنی خەڵکێکی یەکجار زۆر لەسەر ماڵو حاڵی خۆیان.[169]

بارزانی بۆ یەکەم جار داخوازیو بیروبۆچوونو تێگەیشتنی کوردی لەبارەی ئۆتۆنۆمیەوە بەشێوەیەکی ورد خستە ڕوو لەشێوەی جۆرە هۆشدارییەکدا تەسلیم بە دەوڵەتی عێراقی کردبوو، بەو مەرجەی کە ئەگەر ئەم داخوازییانە لەماوەی (٣) ڕۆژدا وەڵام نەدرایەوە ئەوا شەڕ دەست پێ دەکاتەوە، دەوڵەتی بەغدا سەری لەم زیادە داخوازییەی کوردان سوڕماو ڕایگەیاند کە ئەم داخوازییانە قابیلی دانوستان نیە. لەڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٦٣دا تالیب شەبیب وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراقو یەکێك لەڕێبەرانی "باڵی ڕاستی" بەعسیان ڕایدەگەیەنێ "باسی ئۆتۆنۆمی نییە، تا ئێستەش لە زیادە لەگەڵ ئەم یاخیانەدا دانوسەندنمان کردووە، ئەگەر بارزانی نەیەوێ سازشمان لەگەڵدا بکات ئەوا لەماوەیەکی کەمداو بۆ هەمیشە کۆتایی بە شۆڕشەکەی دێنین".[170] عارفی سەر کۆماری عێراق بە ڕۆژنامەیەکی لوبنانی گوتبوو: "بەو زووانە کێشەی

---

[168] کریس کۆچێرا: س. پ، ل٣٠١.

[169] نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك، و/ مەریوان حوسێن چیمەنی، سلێمانی، ٢٠٠٣، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، ل٤٨.

[170] کریس کۆچێرا: س. پ، ل٢٢٩، ٣٠٠.

کورد کۆتایی پێ دێت... سەردەمی دان بەخۆداگرتن و گفتوگۆ لەگەڵ کورددا بەسەر چوو".[171]

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ڕادیۆی بەغدا هۆشداری دایە کورد و جەنگاوەرە ئازادیخوازەکانی کوردی بە جوداخوازو سەر بە کۆمۆنیست و زایۆنیست نێو بردو هەڕەشەی مردنی لەهەریەکێك دەکرد کە پشتگیری لە بارزانی بکات و خەڵاتێکی (١٠) هەزار دیناری بۆ سەری بارزانی تەرخان کرد.[172] بەم جۆرە حکومەتی بەعس دەستی بەکردەوە سەربازییەکانی کردەوە لەدژی شۆڕشی کورد، لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا* حکومەت نوێنەرانی کوردی دەستگیرکردو داوای ئەوەشی کرد کە بارزانی و هێزەکانی لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا خۆیان بەدەستەوە بدەن، لەهەمان ڕۆژیشدا هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر پێگەکانی کوردو تا سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٦٤ شەڕ درێژەی کێشا.[173]

پەلاماری دڕندانەی بەعسیان بۆ سەر کوردستان، بۆردومان کردنی شارو شارۆچکەو دێهاتەکان و ڕەشە کوژی بەکۆمەڵ و تۆقاندن و ڕاونانی خەڵکی لەشارو لادێدا، ڕەشبگیری خەڵکی لەلایەك و لێدان و قەدەغەکردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان لەعێراق و لە کوردستانیش بەشێکی سیاسەتی بەعسیان بوو بەمەبەستی دامەزراندنی تاك دەسەڵاتی خۆیان

[171] وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، ل٢٢٥.

[172] هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣، ٢٢٤.

* بۆ زانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە(١٧).

[173] محمد عومەر مەولود: فیدرالیەت و پیادەکردنی لە عیراقدا، و/ محمد عومەر مەولود و عومەر ئیبراهیم عەزیز، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٦، ل١٤٢.





لەسەرانسەری عێراقداو پاشان تێکشاندنی شۆڕشی کوردستان. بەڵام هەر هەموو ئەمانە ئەنجامێکی تەواو پێچەوانەی نەخشەکەی بەعسیان دابە دەستەوە، جەلال تاڵەبانیش ئەوکاتەی نوێنەری کورد بوو دەیوت: "جەنگی بەعسی دژ بە کورد ڕەفتارێکە لەشێوەی قڕکردنی جووەکان لەلایەن هیتلەرەوە، تاڵەبانی زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "تا لەنێو نەبرێین، هاوکاری لەگەڵ هەموو لایەکدا دەکەین هەتا لەگەڵ شەیتانیشدا".[174] لەبەر ئەوەی کورد لەعێراقدا بەشێکی جیا نەکراوەیە لە نەتەوەی کورد لەهەموو کوردستاندا، بۆیە ئۆتۆنۆمی لەسەر بناغەی یەککگرتنی بەدڵخوازو برایانە لەخەباتدا لەگەڵ هەل و مەرجی ئەو کات ڕێگە چارەیەکی کاتی بوو بۆ هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب ڕێکدەکەوت، خزمەتی قازانجی هەردوو نەتەوەی دەکرد، بەڵام ئەو دروشمە چارەسەرکردنێکی یەکجاری نەبوو کە جێگەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بگرێتەوە، بەڵکو ئەو چارەسەرکردنە هۆیەکی گرنگ بوو بۆ ڕزگاری گەلی کوردو بەدیهێنانی یەکێتییەکی نەتەوایەتی و ئامادەکردنی هەل و مەرجی لەبار بۆئەوەی گەلی کوردیش بتوانێ مافی خۆی لەدیاریکردنی چارەنووسی دا بەکاربهێنێ کە بریتی‌یە لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەموو کوردستان.[175]

لەدیدارێکی نێوان بارزانی و شاندێکی عێراقی دا لە ١٩٦٣/٣/٤دا، تاهیر یەحیا ئەوەی ڕوون کردەوە کە کوردو عەرەب هەمیشە (دوو

[174] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، ل٢٢٦، ٢٢٧؛ ئیبراهیم جەلال:خوارووی کوردستان...، ل١١١.

[175] عبدالرحمن قاسملوو: س. پ، ل٣٠٨.

نەتەوەی تەبا بوون)، بارزانی بەشێوازە تایبەتییەکەی خۆی وەڵامی دەداتەوە و دەلێت: "منو تۆ هەردووکمان سەر بەتیرەی بەشەرین... لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ناوت تایەرەو من ناوم مستەفایە، ئیدی بێ سودە ئەگەر بڵێین دوو مرۆڤی تایبەتی نین، کە هەریەکە کەسایەتی تایبەتی خۆی نییە".[176]

حکومەتە شەڕخوازە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق سیاسەتی سەرکوتانەوەو دەستدرێژیو پشێویو هەرانانەوەیان پەیڕەو دەکرد، رۆڵێکی ئێجگار ناجوامێرانەیان لە چاندنی ترسو بگرەو بکوژی جەماوەری ڕەشو ڕووت و پێشمەرگەی کوردستاندا بینی. لەئەنجامی ژێرکەوتنی هێزی سەربازیو لاوازی سیاسی ناچار دەکران تکای تەقە وەستانو گفتوگۆ لە شۆڕش بکەنو سوود لەکات وەرگرن، لەهەمان کاتیشدا دەکەوتنە کۆشش بۆ جاشو بەکرێ گرتنو خۆکۆکردنەوە. حکومەتی بەعس جارێکی تر لە خەملاندنی ئاستی هێزی بزووتنەوەی کورد شکستی هێنا.[177]

لەمانگی ١٩٦٣/١٠ بەدواوە، باڵی "چەپی بەعس" بەڕێبەرایەتی عەلی ساڵح سەعدی یاریدەدەری سەرۆك وەزیرانو نەیاری ناسرو باڵی ڕاستی بەعس بەڕێبەرایەتی تاڵیب شەبیبو حازم جەوادی وەزیری نێوخۆ دووچاری ناکۆکیو دووبەرەکییەکی توند بوون.[178] ئەم ناکۆکیو جیاوازییە گەورەیەی نێوان بەعسو (عەبدولسەلام عارف) و جەنەڕاڵەکانی سوپای عێراقی هێندە توندو تیژبوو کە حوکمڕانی

[176] وەرگیراوە لە کریس کۆچێرا: س. پ، ل٢٩٨.

[177] د.سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة الكوردية، ط١، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٥، ل٩٦.

[178] کریس کۆچێرا: س. پ، ل٣١٣.





هاوبەشیان لە ١٠ مانگ زیاتری نەخایاند.[179] ڕۆژی ١٩٦٣/١٠/١٨ عارفو کۆمەڵێك لە جەنەڕاڵەکانی سوپای عێراق دەستیان بەسەر دەوڵەتی عێراقدا گرتو دەسەڵاتی بەعسیان ڕووخاند، ڕیزەکانی سوپای عێراقی لەرزۆك کردوو ڕژێمی عارفیش زۆری لا مەبەست بوو بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی لە حوکمداو پاکتاو کردنی دەسەڵاتی بەعسیان لەهەموو ڕوویەکەوە لانی کەم تاماوەیەك یەکێك لەبەرەکانی شەڕی خۆی ڕابگرێ، واتە لەلایەکەوە شەڕ لەگەڵ کوردو لەلایەکی ترەوە شەڕ لەگەڵ بەعس.[180] بارزانی جارێکی دیکە خراپ لێکدانەوەی سیاسی خۆی نیشان دا لە ٨ی شوباتی ١٩٦٤ دا ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتی بەنێوی خۆی نەك وەك ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ عارف دا مۆر کرد*.[181] ئەم ڕێککەوتننامەیە بووە مایەی نارەزایی ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی پارتیو لەشۆڕش جیا بوونەوە.[182] ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی دەستبەجێ ڕایانگەیاند: "مەلا مستەفا مۆری خۆی خستووەتە سەر ڕێککەوتنامەیەك کە تیایدا نەك هەرباسی ئۆتۆنۆمی کە بنچینەی ئەو شتە بوو کە کورد لەپێناوی دا شەڕیان

[179] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل١٢٥.

[180] هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

* بۆ زانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە(١٩, ٢٠)

[181] Daved macdowall: amodern history of the kurds,i.b.tauris, London, 2000.p315, 316.

[182] ديفيد ادامسن و جرجيس فتح الله: الحرب الكوردية و انشقاق ١٩٦٤، ط٢، اربيل، ١٩٩٩، ل٥٨–٥٩؛ عبدالفتاح علي بوتاني: وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ، اربيل، ٢٠٠١، ل٢٤٣، ٢٥٨.

کردبوو، بەڵکوو ئیدارەی زاتیش ناوی نەهاتبوو، لەم ڕێککەوتنامەیەدا هەتا ناوی کوردستان دیار نەبوو لەباتی ئەوە وشەی(شیمال) نووسرابوو تا لەگەڵ زەوقی عەرەبە ناسیۆنالیستەکاندا بگونجێ، ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی ڕەخنەیان لەو خراپ لێکدانەوەو مامەڵە یەك لایەنە گرت.[183] بارزانی بە هەمان شێوە و شێوازی تایبەتی خۆی بۆ پاکانەی ئەم بڕیارەی خۆی ئەم هەقایەتەی دەکردە بەڵگە "جارێك لە دیلێك کە بە درەختێکەوە بەسترابوو... دەپرسن چ ئارەزویەکت هەیە؟ وەڵامی دایەوە و وتی لەم درەختەم بکەنەوە و بمبەن لەو درەختەم کە هەنگاوێك دوورتر بوو ببەستنەوە" دیلەکە بینی پاسەوانەکەی ئەم داوا بێ سودەی پێ سەیرە، وتی:"بۆیە ئەم داوایەم کرد تا بتوانم سێ شەقاوێك بڕۆم". هەڵبەتە لەم هەقایەتەدا دیلەکە کوردە و سێ شەقاوەکە ماوەی ئەو ئاگر بڕەیە کە لە نێوان کورد و بەغدایە ئەنجام دەدرێ.[184]

وتووێژ لێرەوە دەستی پێکرد، ئەم وتووێژانەش هەروەك زۆرێك لەوتوێژەکانی دواتر لەسەر کێشەی کەرکوك شکستیان خوارد، ئەو دەوڵەتانەی کە لەبەغدا بەدوای یەکدا هاتنە سەر دەسەڵات تێکڕا خواستی کوردانیان لەسەر کەرکوك و نەوتەکەی بردەوە پاش.[185] ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، شتێکی چاوەڕووان کراو بوو هەروەك ڕۆژنامەکانی ئەوروپا هەر زوو، واتە لەسەرەتای جەنگی کوردو بەعس دا پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە چارەنووسی ڕژێمی بەعس لەچارەنووسی قاسم چاکتر نابێت، سەر

183 Daved macdowall: amodern history of the kurds, p315, 316.

184 کریس کۆچێرا: س. پ، ل٣١٩.

185 جاناتان ڕەندل: بەم هەمووە تاوانەوە لێبووردنی چی، ل٢٠٨.





لەنوێ گفتوگۆ لەنێوان کوردو ڕژێمی عارفدا دەستی پێکردەوە کە لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ دا بەدانپێدانانی مافی نەتەوایەتی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا کۆتایی هات، ئەو مافە دەبوایە لەگەڵ دەستووری کاتی عێراقدا هاوجووت کرابا بۆ ئەو مەبەستەش کوردیش تەقەی ڕاگرت.[186] بەڵام ئەو دەستوورە مەسەلەی کوردی بەشێوەیەکی وا فەرامۆش کردبوو کە سیاسەتمەدارێکی عارەبی وەك (کامل چادرچی)، سەرۆکی (حزب الوطني الديمقراطي) بێنێتە وەڵامو لە ١٩٦٤/٦/٢دا بیرخەرەوەیەك بەڕژێمی عارف بدات و بڵێت:"دەستووری نوێ، کێشەی کوردی لەگەڵ هەموو تێکچڕژاوی و ئاڵۆزییەکی دا هەروا هێشتۆتەوە، چاکتر وایە ڕێكو ڕەوان دانی پێدا بنرێتو مەوداو چارەسەری گونجاوی بۆ دەست نیشان بکرێت".[187]

کاتێك عەبدولسەلام بارگەی بەرەو نەمان تێك نا لەنێو فڕۆکەی هیلۆکۆپتەردا بوو کە دێوی مەرگ دەستی نایە بینە قاقای کەوڵی لەبەردا ڕنیو فڕۆکەکە لە ئاسماندا گڕی تێبەربوو بوو بە قەرە بڕووت، (عەبدولڕەحمان) *ی برای کرایە سەرۆك کۆمار، لەبەدیو گەندەیی و بێ

186 جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، ل٢٣٦.

187 هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦.

* برای عبدالسلام عارفی سەرۆکی پێشووی عێراق بووە، دوای ئەویش کراوە بەسەرۆك کۆمار، لەکۆلێژی سەربازی و ئەرکان دەرچووە، لەسوپادا پلەی بەرزبۆتەوەو کراوە بەجێگری سەرۆکی ئەرکان لەساڵی ١٩٦٦دا بەسەرۆکایەتی وەفدێك سەردانی مۆسکۆ ی کردووە، بە مەبەستی چەك کڕین بۆ سوپای عێراق و لەنیسانی ئەو ساڵەدا ( عبدالسلام )ی برای لە فڕۆکە کەوتۆتە خوارەوەو مردووە عبدالرحمن لە جێگای بووە بەسەرك کۆمار و پلەی سەربازی گەیشتۆتە ( فريق ) و بەسەردان چووە بۆ وڵاتی میصر و کوەیت و تورکیا، لەئەنجامی کوّدەتای حیزبی بەعسی ساڵی ١٩٦٨

فــەڕی و دڵ ڕەشــی دا لــەبرای خــۆی کــەمتر نــەبوو دەرگــەی برایــی و یەکــسانی و ئاکــاری نیــشتمان و بەخــشندەیی لــەڕووی مــرۆڤ داخــست و ئەوەندەی پێیکرا وولاتی قوڕدا.[188]

---

لەسەرۆك کۆماری لابراو ڕووی کردۆتە تورکیا.(یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی ، ل٧١٠)
.

[188] ئورخانی غالب: س. پ، ل١٥.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## دووەم: کۆدەتای ساڵی ١٩٦٨

عێراق وەك دەوڵەتو قەوارەی سیاسی بەرهەمی هەڵەیەکی مێژوویی یان ڕێککەوتنێکی مێژووییە، نەك بەرهەمی ڕاستی یان پێداویستییەکی مێژوویی، هەروەها عێراق بەرژەوەندیو ئیرادەیەکی دەرەکی دروستیان کردووە، نەك بەرژەوەندیو ئیرادەی گەلێکی هاو مێژوو، هاوکلتور، هاوئامانجو هاوچارەنووس. عێراق لە کۆمەڵێك گرووپی نەتەوەیی، ئیتنیکیو مەزهەبی جۆراوجۆر دروست کرا، بێ ئەوەی زەمینەی هاوبەشی مێژووییو کلتوری، هەستی ئینتیمای هاوبەش یان هاریکاری نەتەوەیی لە نێوانیاندا بووبێت، بۆیە قەیرانی عێراق پێش هەرشتێك





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لێرەوە دەست پێ دەکات.[١٨٩] لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتییو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، ڕووبەڕووی تۆتالیتاریترینو وەحشی ترین ڕژێم بوونەوە، کە ئەویش پارتی بەعسی عەرەبی عەفلەقی بوو، لەم ماوەیەدا هەموو پێك هێنەرە سەرەکییەکانی ژیان لە واقعی عێراقیدا گورزی جەرگ بڕیان لەلایەن بەعسەوە بەرکەوت.[١٩٠] دەوڵەتی عێراق لەباتی ئەوەی ئەم قەیرانە چارەسەر بکات قەیرانەکەی گۆڕی بەئاژاوەگێڕی، چونکە بەدرێژایی مێژووی خۆی، نەیتوانی گەلانی عێراق لەدەوری بەرژەوەندییەکی هاوبەشو ئامانجێکی هاوبەشو پێناسەیەکی هاوبەش کۆبکاتەوە، دەوڵەت لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدات پێناسەیەکی تایبەتی بۆ وولاتێکی فرە نەتەوەو فرە کلتور دابڕێژێت، بەردەوام هەوڵی داوە پێناسەی عەرەبی بەسەر عێراقو گەلەکانیدا بچەسپێنێت، لەجیاتی ئەوەی دەربڕی بەرژەوەندی هەمووان بێتو بەپێی دەستوور مافو یەکسانی هاوولاتیان دەستەبەر بکات تەنیا دەوڵەتی گرووپێك، کەمایەتیەکی عەرەبی– سونی بووە. لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدات تەبایيو هاریکاری نەتەوەیی لەنێوان گەلانی عێراقدا دروستو بەهێز بکات، خۆی ئەوانی زیاتر لێك دابڕیووە، کێشە نەتەوەییو مەزهەبیەکانی نێوانیانی توندتر کردووە.[١٩١] هەر بۆیە دەبینین

---

[189] ڕەفیق سابیر: عێراق دیموکراتیزەکردنی یان هەڵوەشاندنەوە، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلیمانی، ٢٠٠٥، ، ل٧.

[190] بەختیار جەبار: پەیوەندی بەعسیزم بەناسیۆنالیزمەوە، گۆڤاری (نوێکار)، ژمارە (١)، بەهاری ٢٠٠٦، ل٣٦.

[191] ڕەفیق سابیر: عێراق، دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە، ل٧، ٨.

ئەو دەسەڵاتو ئایدیۆلۆژیایانەی کە بەقورسی کاریان بۆ ئەم خەسڵەتەی ناسیۆنالیزم کردووە کە خەسڵەتێکی ترسناکە لەدواجاردا بونەتە دیکتاتۆری گەورە لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە زیاد لەنەتەوەیەکی تیا بووە، وەك نازیزم هەڵدەستێت بە توانەوەی نەتەوەی جولەکە لە پرۆسەی هۆلۆکۆستدا، یان بەعسیزمو بەعس یەکیکە لەو فکرەو ئایدۆلۆژیانەی کە زۆر ڕوونو ئاشکرا لەسەر ئەم خەسڵەتەی ناسیۆنالیزم کاری کردووە.[192] بۆیە بەهۆی لاوازی عارف لە دەسەڵاتدا، بێهێزی پێگەی لەناو سوپادا، نەبوونی پارتێکی سیاسی پاڵپشت بۆ عارفو کێشەی شیعە لەخوارووی عێراقو بێ هیوایی لای نەتەوەییەکانی عەرەبی لە عارفو تەشەنەکردنی کێشەی نێوان عێراقو ئێرانو پارچە پارچە بوونی سوپای عێراقی، کەبەشێکی لە کوردستاندا قەتیس کردبوو و بەشێکی لە ئەردەن مابووەوە کە بۆ شەڕی ئیسرائیل ڕۆیشتبوون، ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر بوونە مایەی ڕووخانی عارفو چوونە سەرکاری بەعسیان.[193] لەماوە نێوان ساڵانی ١٩٦٣– ١٩٦٨دا بەعسی لادراو لەسەر حوکم، دەستی کردبۆوە بەکارکردنو ڕێکخستنەوەی هێزەکانی خۆیو هەموو هێزێکی لە سوپاو لایەنگرانی لە کۆشکی کۆماری کۆ کردبۆوە بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا جارێکی تر و بەتەواوی توانی ئەم هەوڵە بەئەنجام بگەیەنێ، بەتایبەتی کاتێك حوکمی عارفی واتە هەردوو برا عەبدولسەلامو عەبدولڕەحمان نەیانتوانی بەو

[192] بەختیار جەبار: پەیوەندی بەعسیزم بەناسیۆنالیزمەوە ، ل٤٠.

[193] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٢٤٢.





ئاراستەیەدا بڕۆن کە بەشداری دەکات لەبەدی هێنانی دیموکراتی لە وڵاتدا، بەڵکو سیاسەتی تاك ڕەوانەو چەوسێنەرانەیان پەیڕەو دەکردو بەشداریان لە حوکمی فەساددا دەکرد کە وڵاتی بەرەو خراپی برد بوو.[194] لەبەر ئەم هۆیانە لە بەهاری ١٩٦٨دا چەند جەنەڕاڵێکی عێراقی نوسراوێکیان ئاڕاستەی سەرۆك عارف کردبوو، لەم نووسراوەدا بەتوندی ڕەخنەیان لەڕژێمەکەی گرتبوو، تێیدا ڕوونیان کردبۆوە کە ئەو ڕژێمە بڕواو متمانەی گەلی لەدەست داوە بەپێویستیان زانیووە کە چارەسەرێك بۆ کێشەو گیرو گرفتەکانی ناوخۆ بدۆزنەوە.[195] لەو ماوەیەدا هەلی لەبار بۆ باڵی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست ڕەخسا، بەبیانووی ئەوەی گوایە تێدەکۆشن عێراق لەگێژاوو قەیران ڕزگار بکەن، لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپا ڕێککەوتن، لە نێوانیاندا کۆنەپەرستو گومانلێکراو هەبوون.[196] پارتی بەعس کە بۆ جاری دووەم لە تەمموزی ١٩٦٨دا بە کودەتایەکی دوو قۆناغی دەسەڵاتیان گرتە دەست.[197] لە ١٩٦٨/٧/١٧ بەعسیەکان بۆ جاری دووەم چوونە سەر دەسەڵات، بەپشتیوانی عەبدولڕەزاق نایف سەرۆکی دووەمی سوپاو جەنەڕاڵ عەبوودی فەرماندەی گاردی سەرۆکایەتی کۆمارو سەر بەڕێکخراوی ئەفسەرانی ناسیۆنالیست، کودەتایەکیان لە عەبدولڕەحمان

[194] كاظم حبيب: لمحات من نضال التحرر الوطني لشعب الكردي في كردستان العراق، اربيل، ٢٠٠٥، ل٥٠٣؛ كاظم حبيب: الاستبداد و القسوة في العراق، سليماني، ٢٠٠٥، ل٤١١.

[195] ڕوینە لومبورن: کورد گەلێکی بێ وڵات، و/ ئەمجەد شاکەلی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل٥٤.

[196] فاتح ڕەسوڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، ل٣٤٧.

[197] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکانی یەکتری دەشکێنن، ل٩؛ سرهنگ زرهی ستاد، عبدالله رفيعي: صدام ابن غريقه عرب، ل٧٧.

کـردو پاشـان لەفڕۆکەیەکـدا ناردیـان بـۆ لەنـدەن و ئـەم کودەتایـەش بـە کودەتای سپی ناسراوە.[١٩٨]

کاتێ دەسەڵاتیان گرتە دەست، (ئەحمەد حەسەن بەکر) بووە سەرۆک کۆمـارو عەبـدولرەزاق نـایف وەزارەتـی پێکهێنـا کـە بـە پیـاوی ئینگلیـز بـەناوبانگ بـوو،[١٩٩] بـەڵام دواتـر عەقیـد نـایف دوورخرایـەوە و جەنـەراڵ ئەحمەد حەسەن بەکر هەموو دەسەڵاتێکی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و حکومـەتێکی تـری دامەزرانـد کـە (حـەردان تکریتـی) * بـوو بـە وەزیـری بـەرگری و جەنـەڕاڵ (عـەمماش) * * بـوو بـە وەزیـری نـاوخۆ، بـەم جـۆرە

---

[198] ریباز: قەندیل بەغدای هەژاند، هەولێر، ١٩٩٣، ل١٨؛ گوینتەر دنیشتەر: کورد گەلی لەخشتەی براوی غەدر لێ کراو ، ل٢٥٠؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠دا، ل٣٤٣؛ ادیث وائي، ایف، بیزوز: العراق دراسة في علاقات الخارجیة ١٩١٥-١٩٧٥، ت/عبدالجید حسیب القیسي، ج٢،ط١، بدون مکان الطبع، ١٩٨٩، ل٨٥- ٨٦؛ خالدة عبدالقهار: سکرتیرة صدام تتکلم...، ل٦٣.

[199] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٤٣.

* لەکۆدەتای ساڵی ١٩٦٣ دا ڕۆڵی هەبووە و بۆتە سەرکردەی هێزی ئاسمانی، بەهۆی ناکۆکی لەنێو حیزبی بەعس و ناکۆکی لەنێوان باڵی ڕاست و چەپی بەعس دا، وڵاتی بەجێهێشتووە و چووەتە ئیسپانیا،لە کودەتای عبدالسلام عارفدا بۆتە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگری، ساڵی ١٩٦٤ بۆتە سەفیری عێراق لە سوید، دواتر ئەو پلەیەی لێ سەندراوەتەوە بەهۆی ئەو شاڵاوەی کە عبدالسلام دژی بەعسیەکان گرتیە بەر کە دەیانویست کودەتای لێبکەن، لەدەرەوە مایەوە تا لەسەردەمی عبدالرحمن عارف دا هاتۆتەوە . (علاء جاسم محمد الحربی :س. پ ، ل ٧٧ ، ٧٨ ، ٧٩) .

* * لەبەغداد لەدایك بووە، فێرگەی ئامادەیی هەر لەوێ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥دا چووەتە کۆلێژی ئەرکان و چەند پلەو پایەیەکی گرتۆتەدەست، بووەتە بەڕێوەبەری ( شعبة الثالثة ) لە وەزارەتی بەرگری ، دوای ئەوە بەهۆی بیرو باوەڕی سیاسی یەوە دوو جار زیندانی کراوە، لەکودەتای ساڵی ١٩٦٣دا کراوەتە وەزیری بەرگری و سەرکردەی گشتی سوپای عێراق، پاشان دوور خراوەتەوە، لە کودەتای دووەمی بەعس ساڵی ١٩٦٨دا کراوەتە وەزیری ناوخۆ پاشان بە جێگری





بەعس دوای شکستیەکەیان لە ساڵی ١٩٦٣دا، بەپێنج ساڵ چوونەوە سەر حـوکمو لـە دەسـەڵاتدا مانـەوە.[٢٠٠] گرتنەوەدەسـتی دەسـەڵات لـە لایـەن بەعـسیەکانەوە ترسـێکی گـەورەی خـستە دڵـی کـوردەوە، چـونکە کـورد ئـەزمونێکی تـاڵی لەگـەڵ حـوکمی بەعـسدا هـەبووە، بۆیـە چـاوەڕێی کارەساتی گەورەی لە سەردەمی بەعسدا دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان بەعس بـە تیۆریایـەکی تـر بەرنامـەی کـار و پیلانـەکانی خـۆی داڕشـت، سـەرانی بـەعس چاویان لـەوە بڕیبـوو کـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر حـوکم بکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لەسـەر دوو پایـە نەخـشەکانیان داڕشـتبوو، یەکـەمیان: خۆبـەهێزکردن بـوو لـە نـاوەوە، دووەم: پـەیداکردنی پاڵپـشتی بەهێز بوو لـە دەرەوە.[٢٠١] بـەعس کاتێك دووەم جار گەیشتەوە دەسـەڵات بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی ڕاگەیاند، کە لەناوەڕۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لە بەرنامە بنەڕەتی و چالاکیە گشتییەکانیدا نەبوو، بـەڵام بەچـەند گۆڕانکارییـەك جیا دەکرایـەوە.[٢٠٢] بۆیـە کاتێك چوونە سـەر کورسـی دەسـەڵات، وەك سـاڵی ١٩٦٣ نەجوڵانـەوەو لەسـەرەتاوە ڕووی ڕاسـتەقینەی خۆیـان پیـشان نـەدا، بـەڵکوو ئـەم جـارە خۆیـان بەچـەپێکی پەڕگیر (یساری متطرف) دایە قەڵەمو کەوتنە باسـی مـافی چینی کرێکارو بەربـەرەکانێی کۆنـە پەرسـتی و ئیمپریـالیزمو زایـۆنیزمو مـافی گـەلی

---

سەرۆك کۆمار و پاشان بەباڵوێزی عێراق لەمۆسکۆ و دواجار لەپاریس وهلنسکی ، پاشان هەرلەوێ کۆچی دوایی کردووە، (یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی,ل٦٨٧) .

[200] کریس کۆچێرا: س. پ، ل٣٤٤.

[201] شۆڕش حاجی رسول: ئەنفال، ل٢٦.

[202] کاظم حبیب: لمحات من نضال حرکة التحرر الوطني للشعب الکردي،، ل٥٣، ٥٤.

فەڵەستین و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەئاشتی.[٢٠٣] ئەم جارەیان کە لەسەرەتادا دەسەڵاتیان گرتە دەست، گوایا سوودیان لە ئەزموون و پراکتیک و شکستەکانی پێشوویان وەرگرتووە و ئەو تاوان و هەڵە گەورانەی کە لەدوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ بە قووڵی تێی کەوتبوون، جارێکی تر دووپاتی ناکەنەوەو لەهەموو ڕوویەکەوە تێدەکۆشن باری عێراق بگۆڕن و بۆ پێشەوەی بەرن، ئەو کێشەو ناکۆکی و جیاوازییانەی هەن، چارەسەریان بۆ بدۆزنەوەو فرە لایەنی حیزبایەتی ڕابگەیەنن و گیراوە سیاسیەکان بەردەدەن و کۆمەڵێك کاری لەو بابەتەیان ڕاگەیاند،[٢٠٤] لەبەیانی یەکەمی کودەتادا بەعس بەڵێنی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا دابوو، ڕاستیەکەشی دەسەڵاتی بەعسی لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندی ئابووری و سیاسی و دیبلۆماسی دا، جەنگی لەگەڵ سۆڤیەت و وولاتانی سۆسیالیستی دا ڕاگرت و دانی بە ئەڵمانیای دیموکرات و بە کۆماری کاتی ڤێتنام داناو لە ناوخۆی ولاتیشدا هەوڵی سەودا کردنی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست و نەتەوەییەکانی عەرەب و چارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردی دا. هەرچەندە لەبەیانی یەکەمی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)دا، کە ئەلبەکر دیمەزراندبوو هیچ ئاماژەیەك بۆ مەسەلەی کورد نەکرابوو، بەڵام لەهەندێ بڕیارو هەنگاوی دواتردا بەشدارییەکی باشی کرد لە سووك کردنی کێشەو تەنگژەی نێوان کوردو حکومەتی ناوەندیدا کەبەلای زۆربەی چاودێرانەوە مایەی

[203] جەمال نەبەز: ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩، ل١٣.

[204] فاتح رەسوڵ: بنچینەی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، ل٣٤٧.





سەرسامی بوو.[٢٠٥] بەعس هەرگیز بێ پراگماتیزم نەبوو، کاتێك پارتەکەی چووەوە سەر حوکم زۆر لاواز بوو، و نەیدەویست لەگەڵ سەرهەڵدانێکی تاقەتبەردا بکەوێتە ململانێ، بۆیە لە دوای ١٩٦٨ ەوە زمانی پیاهەڵدان و بریقەداری پان عەرەبی بۆ هەولێکی تازە لە پێناو قەوارەی عیراقێکی یەکگرتوو تورڕدرا، کە بە هۆیەوە کورد وەك شەریك قبول بکرێن.[٢٠٦] بەعس لەو کاتەدا دەیویست خۆی تووشی شەڕی ناوخۆ نەکات، بۆیە درێژەی بەپەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو باڵی (مەلایی و جەلالی)دا و لە وەزارەتەکەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکردا سێ کورسی وزاری دانێ، دوو وەزیری باڵی مەلایی و وەزیرێکیش بۆ باڵی جەلالی و بەڵێنیشی دا بەجێ بەجێ کردنی (١٢) ماددەکەی ئەلبەزاز،* ئەم سیاسەتەی بەعس جۆرە پێش بڕکێیەکی لەنێوان مەلایی و جەلالی دا دروست کردبوو لەڕووی ڕاگەیاندنەوە بۆ فشاری زیاتر خستنە سەر بەعس بۆ بەدیهینانی

[205] گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل٢٥٠؛ کاظم حبیب: الاستبداد و القسوة في العراق، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٤١٣.

206 Human rights watch/ middle east, iraqs crime of genocide, the anfal campaign against the kurds,p22, 23.

* سەرۆك وەزیرنی عیراق دەربارەی پێدانی لامەرکەزی بە کوردستان،ساڵی ١٩٦٦ دەقی رێککەوتنامەیەکی لە تەلەفزیۆن و رادیۆی بەغداوە راگەیاند، رێکەوتنەکە لە ١٢ بڕگە پێکهاتبوو،لەوانە ( زمانی کوردی لە کوردستاندا پەیڕەو بکرێت، بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆی کوردستان بەدەست کوردەوە بێت، هێزەکانی پێشمەرگە بکرێنە پاسەوانی سنور، گیراو و بەندکراوە کوردەکان ئازادبکرێن، شاری دهۆك بکرێتە مەڵبەندی پارێزگای دهۆك، فەرمانبەری دەرکراوی کورد بۆ سەر کاری خۆیان بگەڕێنرێنەوە... هتد.) (فوئاد تاهیر سادق: هۆشیاری مێژوویی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٩٣–١٩٤؛ باڤیچ: کوردستان و مەسەلەی کورد، و/ عبدالخالید صابر، چ١، چاپخانەی شڤان، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٨٨).

دەستکەوتی پتر.[207] لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٨دا سەرکردەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەبڵاوکراوەیەکیدا لەژێر ناوی (لەبارەی مەسەلەی کورد- عێراق)ەوە بیروڕای خۆی بەرامبەر بەمەسەلەی کورد دەربڕی تێیدا وتبووی: " کورد لەعێراق دا بەشێکە لەنەتەوەی کورد کە لەخاکی کوردستانی دابەش کراو دا ئەژیو هەروەك نەتەوە کەمایەتییەکانی تر مافی ڕەوای خۆی هەیە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی کە مافی جودابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووش دەگرێتەوە مەسەلەی کورد تەنها لەڕێگەی ڕووخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆریە کۆنە پەرستەکانو دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریانەوە چارەسەر دەکرێت، ئەگینا بزووتنەوەی کوردی چەندین سەرکەوتنو دەست کەوتی لەپێش ئەم ئامانجە بەدەست هێناوە، بەڵام هەمیشە ئەو دەستکەوتانەی تووشی دەست درێژی بوونو بەرەو لەدەست چوون بوون".[208] بەعسیەکان لە لایەن خۆیانەوە ئاماژەیان بەوە کردبوو کە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی لای ئەوان دوای چوونە سەر دەسەڵاتیان لە ساڵی ١٩٦٨دا مەسەلەیەکی سەرەکیەو لەناخی بیروو باوەڕییانەوە پەیدا بووە و ئەمەش وایان لەسەرکردەکانی شۆڕش دەکرد کە لەگەڵیاندا بکەونە گفتوگۆکردن.[209] بەعس ئەمجارەیان ویستی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی خۆی بەجۆرێك داڕێژێ کە هەم خۆی لەکێشەکانی نێوخۆ بپارێزیو هەم

---

[207] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٤٣؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل٩٦.

[208] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی)، ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بەبێ ساڵو شوێنی چاپ، ل٣٤.

[209] هەمان سەرچاوە، ل٦٠.





لەدەرەوەش پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئۆردوگای سۆڤیەتو سۆسیالیستی دا باش بکات.[210] ئەو دەمە بەعس هێشتا خۆی جێگیر نەکردبوو، نەیئەتوانی، یاخود نەیدەویست هێزەکانی خۆی بەشەڕی کوردستانەوە خەریك بکات، بۆیە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩دا لە بواری مافەکانی کورددا هەندێ هەنگاوی نا.[211] وەك کردنی نەورۆز بە جەژنێکی فەرمی لە عێراقداو کردنی خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە سەرەتایی یەکانداو دەرکردنی چەند گۆڤارێك بە کوردی لەلایەن حکومەت خۆیەوە و دامەزراندنی زانکۆیەك لە سلیمانی، ئامانجیان ئەوە بوو کە جەماوەری کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە کورد بەو مافانە هەڵ نەخەڵەتاوون،[212] بەڵام زۆری نەخایاند پەردەیان لەسەر ڕووی خۆیان لاداو کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر گەلی کوردستانو درێژەیان بەشەڕو وێرانکردنەکانیاندا، گەلی کوردستانیش جوامێرانە بەرگریان لە ماف و بوونی خۆیان کردو ڕۆژگارو پارسەنگی شەڕو پێکدادانەکان بە خواستو ئارەزووی بەعسیەکان نەشکایەوە. دواتر لەئاکامی هەوڵو کۆششی خێرخوازانی ناوەوەو دەرەوەی عێراقدا، حکومەتی بەعس گەیشتە سەر ئەو بڕوایەی کە ناتوانێت بەئاگرو ئاسن شۆڕشی گەلی کوردستان لەناوبەرێت.[213] بەعس لەسەر زاری حەردان تکریتیەوە دان بەو

---

[210] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٤٣.

[211] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٩٧.

[212] جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد، سوید، ١٩٨٥، ل٦١؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٩٧.

[213] فاتیح رەسوڵ: بنچینەی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، ل٣٤٨.

ڕاستیەدا دەنێت و دەڵێت: "لەواقیعدا کوردەکان لەماوەی یەك سەدەی تەواودا بەخۆڕاگرتنی پاڵەوانانەیان توانیان تا ئەو ڕادەیە ڕژێم بە چۆك دابهێنن کە ئیتر وامان لێهاتبوو ئەگەر جەنگ بەردەوام بوایە لەوە دەترساین کە بەغداش بکەوێتە بەردەستی بارزانی... ڕێژەی قوربانیانی سوپای عێراق لەماوەی مانگێك پێش بەیاننامەی ١١ی ئازار لە هەر هەفتەیەکدا بگاتە ٣٦٢ کوژراوو بریندار".[٢١٤]

بەعس کۆنگرەیەکی بەست و یەکێك لەباسەکانی کۆنگرە تایبەت بوو بە کوردو جۆری چارەسەرکردنی کێشەکەی و داوایان لە باڵی مەکتەبی سیاسی(پدك) کرد پڕۆژەیەکیان بەنووسراوی بۆ ئامادە بکەن لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان دەربارەی چارەسەری کێشەی کورد، لەم پڕۆژەیەدا کە ئامادەیان کردبوو ئاماژە بەوە کرابوو کە چارەسەری بنەڕەتی کێشەی کورد بەوە دەکرێ دان بەمافی نەتەوەیی کورددا بنێن لەسەر بنچینەی ئازادی بڕیاردانی چارەنووس کە لە قۆناغی ئێستەدا کورد بەشێوەی ئۆتۆنۆمی بەکاری دەهێنێت، یەکێ لە بەعسییەکان کە پڕۆژەکەی بینیبوو وتبووی: "ئەمانە بەچەك و پارەو ئازووقەی ئێمە شەڕ دەکەن و داوای مافی چارەنووس ئەکەن، ئەگەر سەرچاوەیەکی تری یارمەتی دانیان هەبوایە ئەبوو داوای چییان بکردایە".[٢١٥] دیارە هەریەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و دەوڵەتی عێراق لە ووتوێژەکانی نیوانیاندا چاودێری لایەنی دووربینی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد، کورد پێیان

214 رشيد ملا: الحقيقة الخفية لصدام التكريتي، بدون مكان و سنة الطبع، ل٨٧.

215 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٩٩.





لەسەر هێنانەدی گشت داخوازیەکانی خۆیان دا دەگرت و عێراقییەکانیش ئامادەبوون ئەو مافانەیان پێ بدەن کە بەرژەوەندی وولاتەکەیان نەخاتە مەترسییەوە.[٢١٦] هەڵوێستی نەتەوە پەرستە شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستەکانی عەرەب هەر بەناوبردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ نەتەوەی کورد شێتگیر دەبوون و ئەوە بە لایەنگیری نەتەوایەتی و جیابوونەوە خوازی و گەلێ ناوو ناتۆرەی تر یان دادەنا. لە لایەکی دیکەوە هەر چەندە دەستەی هوردە بۆرژوای کورد بەوپەڕی هەوڵ و زۆر بەسەرگەرمی یەوە دژی جیابوونەوە خوازی دەوەستا، بەڵام هێشتا هەر لەتۆمەتی جیابوونەوە خوازی چ لەلایەن چەپەکانی عەرەب و چ لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ڕزگاری نەدەبوو، ئەم تۆمەتە بە تایبەتی لە سەردەمی قاسمدا زوو زوو دەخرانە پاڵ وورده بۆرژوازی کوردی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەوە گوناهبار دەکران گوایە دەیانەوێت دەوڵەتێك بەیارمەتی ئەمەریکا دامەزرێنێ.[٢١٧] لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ جۆرێك ئۆتۆنۆمی بەچارەسەرێکی نموونەیی بۆ کێشەی نەتەوەیی دەوڵەتە فرە نەتەوەکان دانانرێت، یەکسانیش لەنێو کۆمەڵە جیاجیاکانی هیچ دەوڵەتێکدا نایەتەدی گەر گشت لایەنەکان بەیەکەوە بەشداری لە بنیاتنانی کۆڵەگە سەرەکیەکانی دەسەڵات لەو دەوڵەتەدا نەکەن. کەواتە ئۆتۆنۆمی چارەسەریەکی سەرکەوتووی کێشەی نەتەوایەتی نییە.[٢١٨] لەڕاستیدا هەڵگرتنی درووشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ

216 حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، ل٢٠٤.

217 جەمال نەبەز: ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد، ، ل٢٣.

218 سۆران عیزەددین فەیزی: دوو قۆناغی مێژوویی لە ڕوانگەی یاساییەوە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٨.

عێراق قسەیەکی زیادەبوو، چونکە ئۆتۆنۆمی خۆی بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە دیموکراسی، لەبەر ئەوە گەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕژێمێکی دیموکراسی لەم وولاتەدا هاتە کایەوە، ئەوکاتە بەهەموو دڵنیاییەوە یەکێك لەو مافە سەرەکیانەی کە ئەو ڕژێمە دەیدا ئۆتۆنۆمی کورد دەبێ.[219] هەروەها لە باسی دیموکراسیدا بەعسییەکان بەڕاشکاوی وتبوویان: "ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕین بە شۆڕش هاتوینەتە سەر حوکم، باوەڕمان بە دیموکراسی ڕۆژئاوایی و دیموکراسی لیبراڵ نییە، هەڵبژاردنی گشتی واتە تەسلیم کردنی حوکم بە کۆنە پەرستەکان".[220] بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٨ هەمان یا زۆربەی هەمان گروپی ١٩٦٣ بوون بە سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکریشەوە، بۆ ئەوەی بواری هەناسەدان بۆ کەسی تر نەهێڵنەوە، زۆرترین خەڵکی سیاسی و دیاری سەر گۆڕەپانی سیاسەتیان لەناودا بوو. پارتی بەعسیان ناونا حیزبی قائیدو تەواوی بارگەو بنەی حیزبە ڕەسەنەکانیان پێچایەوەو بەفراوانترین شێوە کەوتنە پاکتاوی ڕەگەزی، ڕوبەری باشووری کوردستانی یان بەشێوەیەکی ترسناك هێنایەوە یەك، تا بتوانن لە هەرسات و کاتێکدا بیانەوێت کۆت و بەندی خەڵکەکەی بکەن.[221] بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش هەوڵ دراوە پرسی کوردو کێشەی نێوان کوردو دەوڵەتی عێراق پێی پارسەنگ (بالانس)ی هێز چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە هاوتاییەك لەنێوان هەردوولا یەندا نەبووە، کێشەکە ئاڵۆزترو خوێناویتر بووە، هەموو

219 جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد، ل٧٨.

220 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٠١.

221 لەتیف فاتح، مەجید ساڵح: کورد قڕان، ل٢٧.





ئەو ڕێگە چارەسەرانەی چ لەلایەن دەوڵەتی عێراق و هێزە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقەوە، یان لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی کوردەوە پێشنیار کراون، نەك بە پەیوەندی لەگەڵ هەق و دادپەروەری و مافی یەکسانبوون، لایەنی عێراقی لە دەوڵەتەوە بۆ قوربانیانی دەوڵەت، خۆی لە کورد بە بەهێزتر زانیووە، هەموو وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی و زۆرینەی ولاتانی دیکەی دنیای لەپشت بووە، لەبەر ئەوەی هەق لە عەقڵییەتی ئەواندا لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوا مافی کورد لەو سنورەدا دیاری کراوە کە ئەوان ویستویانە، نەك ئەوەی کە کورد خۆی دەیخوازێت، لەبەرامبەر ئەوەدا لایەنی کوردی لایەنی لاوازی کێشەکە بووە.[222] دەستەی فەرمانڕەوایی بەعسی عەفلەقی– تکریتی دەستی دایەوە بە سیاسەتی سەرکوت کردن و دەمار توندی و هەڕەشەکردن لەگەڵ کورددا، تەواوی هێزو توانای ماددی و مەعنەوی لەڕێگەی نەمانی ڕەگەزو بنچینەی میللەت و تواندنەوەی نەتەوەی کورددا بەکارهێنا.[223] ماوەی زستانی ١٩٦٨– ١٩٦٩ تەوژمێکی توندی شەڕی بەدوادا هات.[224]

بەعسییەکان دوای ئەوەی دەستیان کردەوە بەهێرش و پەلامار بۆ سەر کورد، تا گەنجینەی دەوڵەتیان هەموو بەتاڵ کردو شکستەکانیان لەمەیدانی شەڕو ناکۆکی ناوخۆی سەرکردایەتی یان پاڵی پێوەنان بۆ گرتنەبەری ڕێگەی تر.[225] سەرکردایەتی بەعس لەنێو خۆیاندا لە ململانێی

222 ڕەفیق سابیر: عێراق دیموکراتیزەکردنی، ل٣٩، ٤٠.

223 ئۆرخانی غالب: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٦.

224 سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة الكوردية...، ل٩٦.

225 پارتی دیموکراتی (سەرکردایەتی کاتی): س. پ، ل٣٨.

دەسەڵاتدا بوون، لەسەر جۆری ڕەفتارکردن لەگەڵ جوڵانەوەی کورد ناکوك بوون، سەدام حسێن کە تازە خەریك بوو لەناو بەعسدا جێگە بە هاوڕێکانی لێژ بکاو دەسەڵات بگرێتە دەست، دەیویست کارتی کورد بۆ بەهێزکردنی شوێنی خۆی بەکاربهێنێ.[226]

حکومەتی بەعس لەنێو خۆیاندا سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی کوردو یەکلایی کردنەوەی ئەو مەترسیە نێو خۆییە ببوون بە دوو بەشەوە:–

بەشێکیان کە زۆربەی جەنەڕاڵە سوپاییەکانی ناو بەعس بوون پێیان وابوو کە دەبێت تەنها ڕێگەی شەڕو هێرش‌و پەلامار بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەشێکی تریان کە زۆربەیان کەسە سیاسی‌و سوپاییەکان‌و بەشێکی کەم لە جەنەڕاڵەکان بوون‌و لەسەرویانەوە سەدام حسێن ڕایان وابوو کە بەشەڕ ناتوانن نەخشە ستراتیژییەکانی خۆیان بەرامبەر کێشەی کوردو لەناو بردنی بارزانی جێ بەجێ بکەن.[227] نەخشەکێشانی ئەم سیاسەتەی بەعس باوەڕیان هێنابوو کە ئەمە بەتەنها نایان گەیەنێتە ئامانجە ڕەواکانیان.[228] لەمەیدانی شەڕدا ڕۆژ بەڕۆژ هەڵمەتی پێشمەرگە باڵای دەکردو لەسەرکەوتن‌و بەرەوپێشەوە چووندا خۆی دەنواندو ئاوات‌و ئامانجەکانی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان سەر لەنوێ سەوز دەبوونەوەو بۆ دۆست‌و دوژمنی دەرخستبوو کە میللەتی کورد خاوەنی مافی نەتەوەیی یەو

226 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل٩٨، ٩٩.

227 ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٤٩.

228 پارتی دیموکراتی (سەرکردایەتی کاتی): س. پ، ل٦٢.





هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرێ، دەوڵەتی ناوەندی بەعس لەبەردەم خواست‌و ئیرادەی هێزی گەلدا خۆی پێ نەگیراو داوای ئاگربەست‌و گفتوگۆی لە شۆڕش کرد، بۆ ماوەیەك هەڵوێستی خۆی گۆڕی‌و کەوتە وتوێژ‌و ئاشتبوونەوە بەنهێنی دەستی پێ کرد.[229] پاش ئەوەی فەرمانڕەوا بەعسیەکان بۆیان ڕوون بۆوە کە ناتوانن شۆڕشی کورد لەناو ببەن، ووردە ووردە پەنایان بۆ ئەو ڕێگایانە برد کە دەبنە هۆی دابڕینی گەلی کوردو قڕکردنی‌و هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بەتەواوی وەك گەلێك لەناوی ببەن، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سوپای عێراق بۆچی ئەو هەموو ژمارە زۆرە کارە قڕ کەرە ڕەگەز پەرستانەی ئەنجام دەدا هەر ئەمەش بوو مەبەستیان لەپیادەکردنی سیاسەتی خاك سوتاندن.[230] بۆیە ناچار تاکتیکی تریان گرتە بەرو زەمینە سازی کراو کەوتنە گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، سەدام حسێن کە ئەوکات جێگری سەرۆك کۆمار بوو، سەردانی (ناوپردان)ی کرد و ڕۆژی ١١/٣/١٩٧٠ ڕێککەوتننامەی لەگەڵ بارزانیدا مۆرکردو کۆتایی بە شەڕ هات،[231] چونکە بەعس نەیتوانی ئەو دەوڵەتە بە هێز بکات‌و زەمینەی پتەوی ئەو عێراقەی مەبەستیان بوو بهێنێتە ئاراوە، بۆیە یەکێك لە هۆیە هەرە گرنگەکانی لاوازی‌و بێ ئارامی‌و نەچەسپینی عێراق وەك وڵات‌و گەل‌و دەوڵەت، مەسەلەی کورد و چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد بوو، سیاسەتمەدارانی

229 ئۆرخانی غالب: س. پ، ل١٧، ١٨.

230 مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، ب١، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٢٧.

231 فاتح ڕەسوڵ: بنچینەی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، ل٣٤٨.

عێراق وایان دەزانی کە مەسەلەکە مەسەلەی ڕۆژو کاتە، ئەگینا ئەو ڕۆژە لەبەردەمدابوو کە مەبەستەکانیان بهێننەدی، بەتایبەتی بیریان لەوە نەدەکردەوە کە جارێکی تر کورد دەست بداتەوە چەكو لەڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارییەوە داوای مافەکانی بکات. چاکتر وایە مەسەلەی ناسیۆنال لە نیشتمانی عەرەبدا لەسەر بنچینەیەکی ڕاست چارەسەر بکرێ، لەسەر بنچینەی لەیەك گەیشتنو مافی بڕیاری چارەنووس، کاتێك هەر کۆمەڵێك مافی ئەوەی هەبێت کە ببێتە گەلێکی سەربەخۆ، واتە ئەو کۆمەڵە مافی بڕیاری چارەنووسی هەبێت.[232]

[232] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی ...، ل٧٨.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## سێیەم:

## بەیاننامەی 11ی ئازاری ١٩٧٠- ١٩٧٤

دانووسەندن لە نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و کاربەدەستاندا وەك شـێوازێك بـۆ تێکـشکاندنی شۆڕشـی کـورد لـە لایـەنی بەعـسەوە بـەکارهاتووە، ئەگەرچـی ئـەزموونی نەتـەوەیی کـورد بـە درێـژایی سـەدەی رابردوو لەگەل دانووسەندنا گەلێك تاڵ و ناخۆش بوو، چونکە بریتی بووە لـە پیلانگێـڕی و غـەدر و پاشـقولگرتن.[٢٣٣] لـەم بارەیـەوە حـەردان تکریتـی دەڵێـت: "مـەرامی ئێمـە لـە دانوسـەندن هـەر داشـکانێك کـە مـەلا مـستەفا

233 نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، ل٦٢.





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەیوویـست بیبەخـشین، بـۆ ئـەوە بـوو هـەوڵ بـدەین کـە دەسـتی بەسـەردا بگرین یاخود کۆدەتایەکی سەربازی لەدژی ئەنجام بدەین".[٢٣٤]

فاکتـەرە گرنگـەکانی کارتێکـەر لـە گفتوگـۆی نێـوان ڕژێمـی عێراقـی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان گەلێك کاریگەربوون لە ڕەخساندنی ئەو بارودۆخەو سازکردنی هەلێکی لەبار بۆ درووست بوونی ئاشتیەکی کاتی کە نزیکەی چوار ساڵ پتری خایاندو لەهەناوی خۆشیدا گـەلێ گۆڕانکـاری لەسـەر کوردسـتانی خـوارووی هێنایـە کایـەوە. لـە دەستپێکی شۆڕشـەوە تـا ئـازاری ١٩٧٥ چـەند جارێـك لـە نێـوان دەوڵـەتی عـیراق و سـەرکردایەتی بزوتنـەوەی نەتـەوەیی کـورددا گفتوگـۆ ئـەنجام دراوە، هـەر هـەموویان لەگـەل شـێوە جیاوازیەکـدا ئەنجامـەکانیان وەك یـەك بـوون، ئـەنجامی دانپێـدانان و پاشـگەزبونەوە، ئـەنجامی سـەرەتا و سـەرزارەکی بـۆ ئامـادەیی چارەسـەری کێـشەکە بـە ڕێگەیـەکی سیاسـی، دوایـی هێـرش کردنـە سـەر کـورد، ئەنجامی مانـدووبوون و خراپـی بـاری سـەربازی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و کـەلك وەرگـرتن لـە کـات، دیـسان چـاکبوونەوەی دۆخـی هەمەلایەنـەی دەوڵـەت و هاتنـەوە مەیـدان.[٢٣٥] لەدەست پێکردنی شۆڕشـەوە تـا ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ نـاو بەناو گفتوگۆو ئـاگر بەسـت ڕاگەیەنـدراوە، بـەڵام لەهـەمووی درێژخایـەنترو بـەرفراوانتر وتووێژی ساڵی ١٩٧٠ بووە کە بۆ ئەو نێوان خۆش بوونە چوار ساڵیان ماوە دیاریکرد. جارێکیتر نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چوونە

234 حەردان تکریتی: باندیك دزو پیاوکوژ بووین...، ل٨٨.

235 بالیسان: گفتوگۆ وەك بنەڕەتێك بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد، گۆڤاری هەلوێست ، ١٩٨٧، ژ٣، ل٥٩.

نێو گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بەعسی فەرمانڕەوادا، ئەو گفتوگۆیەی ئەنجامەکەی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو، کەچارەسەرکردنی ئاشتیو دیموکراسیانەی پرسی کوردی لەسەر بنەمای دانانی بەمافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی کۆماری عێراقو بەشداری کردنی میللەتی کورد لەچوارچێوەی بارستایی خۆی لە نەخشە بۆ کێشانو دیاریکردنی سیاسەتی وولات لەسەر بنەمای دیموکراسیدا گرتە خۆی.[٢٣٦] بەیانی ١١ی ئازار گەورەترین دەستکەوتی بزاڤی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو لەو دەمەدا، چونکە یەکەمجار بوو لە مێژووی دەوڵەتی عیراقدا کە بە رەسمی مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانی کورد بسەلمێنرێت، یەکەم جار بوو بەری رەنجی خەبات و تێکۆشانی رۆڵەکانی گەلی کورد ببێتە دەستکەوتێکی مادی و مەعنەوی بۆ هەموو گەلی کورد.[٢٣٧]

بێگومان ڕووداوێکی لەو جۆرە وەك ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازارو گۆڕانی هەڵوێستی بەعسو بڕیاردان بۆ چوونە نێو گفتوگۆوە کۆمەڵێك هۆکاری بابەتیو خۆیی ڕۆڵی تێدا بینووە، چونکە بەرجەستە بوونی ڕێککەوتننامەیەکی وەك ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار ڕووداوێکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارە بوو کە پارتی بەعس تیایدا گوزەری دەکرد، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا بزووتنەوەی کوردیش دووچاری کۆمەڵێك قەیران ببوو. ئەم هۆکارانە بووە هۆی ناچارکردنی

---

[236] مەسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاری کورد، ب٣، ب٢، ل١١٦، ١١٧.

[237] شۆڕش حاجی رسول: ئەنفال، ل٢٩.





هەردوولا بۆ دانووسەندنو گەیشتن بەڕێککەوتننامەیەکی وەك ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار.

یەکێك لەو فاکتەرانە بەیانی ئازاری دروست کردپەیدا بوونی ململانێیەکی شاراوە بوو لەنێو خۆی سەرکردایەتی پارتی دەسەڵاتداردا و دابەش بوونیان بۆ دوو بەش باڵی مەدەنیو باڵی سەربازی، باڵی سەربازی پارتی بەعس پێیان وابوو دەتوانن کێشەکانیان لەگەڵ کورددا لەڕێگەی شەڕەوە چارەسەر بکەن و بەپێچەوانەی باڵی مەدەنیەوە کە لەگەڵ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوون، ئەمە تاڕادەیەك ببوە هۆی لاوازی لەنێو خۆی دەسەڵاتدا.[٢٣٨]

فاکتەرێکی تر بریتی بوو لە یەکێتی سۆڤیەت کە بەچەندین داوی سیاسیو ئابووریو ڕۆشنبیریو سەربازییەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ عێراقدا توندو تۆڵ کردبوو، و سەبارەت بەبوونی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی وەك پاڵپشت لەگەڵ بارزانیدا، و بۆ دابڕانی بارزانی لە ئێرانو بازنەی (ئێران– ئەمەریکا– ئیسرائیل)، کەوتە هەوڵدان لەگەڵ سەرانی بەعس لەلایەكو لەگەڵ بارزانیش لەلایەکی ترەوە بۆ لێك نزیك کردنەوەیانو گرتنە بەری ڕێگەی گفتوگۆ.[٢٣٩] بارزانیش پێویستی بە پشوودان بوو بۆ ئەوەی نەیارەکانی کە ببوون بەهێزێکی سیاسیو چەکداری گەورە پاکتاو بکات.[٢٤٠]

---

[238] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، ط١،، بيروت، ٢٠٠١ل١٧٥، ١٧٦.

[239] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٤٩.

[240] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٠٠.

فاکتەرێکی تری مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە ڕاکێشانی ڕای دنیای دەرەوە بوو بۆ لای خۆیان تا بەپێش کەوتن خوازو دیموکراتیان بزانن و زەبر لێدان لەبەر هەڵستکاری عێراق بەگشتی و ئەفسەرە گەورەکانی نێو سوپا بەتایبەتی فاکتەرێکی تر بوو کە لەو کاتەدا شەڕ لەگەڵ کورددا ڕابگرن، پێدانی پارەو ئۆتۆمبێل و قۆنتەرات بە لێپرسراوانی شۆڕش تا بیریان بەلای شۆڕشەوە نەمێنێ و زیاتر بیر لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بکەنەوە، هەروەها تێکڕای پەیوەندی نێوان شارو سەرکردایەتی شۆڕش ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێزو کڕینی چەك و تفاق هۆیەکی تری مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە بوو.[241] بەم شێوەیەو لەژێر کاریگەری ئەو فاکتەرانەدا هەردوولا مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئازاریان بەڕووداوێکی مێژوویی ژماردو جەژنیان بۆ گێڕا. لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەدا بەکر گووتی: "وا گەلی کوردو عەرەبمان بوونەوە بەخاوەن یەکێتیەکەمان، بناغەی پەیوەندی نێوانمان لەمڕۆ بەدواوە پتەوتر دەبێت و هەرگیز لەقبوونی نیە".[242] بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تین و تەوژمێکی زۆری دا بەبزووتنەوەی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا، کاربەدەستانی عێراق لە بەیانی ئازاردا مافی نەتەوەیی کوردیان لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی سەلماند. پ. د. ك لە عێراقدا گرنگی یەکی گەورەی پەیدا کردو بە ئاشکرا کەوتە چالاکی، ڕۆژنامەی (التآخی) جارێکی تر دەرچووەوەو (٥) کورد خرانە وەزارەتەوە چەند کوردێکی تر کرانە وەکیلی وەزارەت،

[241] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، هەولێر، ١٩٩٣، ل١٨، ١٩.

[242] ژیرار چالیاندو ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت، ل٢٨٩.





چەندین فەرمانبەری گەورە لە ئەندامانی پارتی دانران، لە وانە (٣) پارێزگاری سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەروەها (٦) فەوجی (حەرەس حدود) پاسەوانی سنوور لە پێشمەرگە پێك هێنران، چەندین خوێندکاری کورد لە کولیژەکانی سەربازی و پۆلیس وەرگیران، چەند کەسێك بە بالوێز دانران. چوار ساڵی نێوان ئازاری ١٩٧٠–١٩٧٤ بۆ کورد بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێشوو، بە ماوەیەکی زێڕین دادەنرێت، لەو ماوەیەدا تاڕادەیەك ئاشتی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، زەبروزەنگی حکومەت تا ڕادەیەك نەمابوو، باری ئابووری و ئاوەدانی، خوێندن، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری و ئەدەبی بوژانەوەیەکی باشیان بە خۆوە بینی. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی سۆڤیەتی زۆر بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لەم ڕێککەوتننامەیە کرد لە بروسکەیەکدا سەرۆکی سۆڤیەت کە ئاراستەی سەرۆکی عێراقی کردبوو ئاماژەی بەو ڕووداوە گرنگە کردبوو بەوەی کە سنوورێکی کۆتایی داناوە بۆ جەنگ و کوشتار لەعێراقدا.[243] بەڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، کورد بوو بە هۆیەکی کاریگەر لەڕووداوەکانی داهاتوو لەعێراقدا، هەروەها جیهانیش دانی نا بەڕەوایی کێشەی کورددا.[244]

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بەیاننامەیە زۆر لە کێشە بنەڕەتیەکانی نێوان کورد و حکومەتی یەکلا نەکردبۆوە، لە هەمان کاتدا سروشتی سیاسی حکومەتی بەعس نەگۆڕابوو. پەیوەندی نێوان کوردو حکومەتی بەعس

[243] جلیلی جلیل، م. س لازاریف، أ. حسرتیان، شاکر ومحویان، اولغا جیغالینا: الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ت/ عبدی حاجی، ط١/ بیروت، ١٩٩٢، ل٢٤٢.

[244] جلال الطالبانی: کردستان والحرکة القومیة الکردیة، ل٣٦١.

دوای دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازار بەشێوەیەکی هێمنانەو لەیەك گەیشتن نەدەڕۆشت، بەڵکوو زیاتر لەشێوەی ململانێ و پێکدادانی تایبەتی دا خۆی دەنواند. هەر لە سەرەتاوە دووجار هەوڵی کوشتنی بارزانی درا، یەکەمیان لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٧١دا لەکاتی پێشوزای کردنی لەوەفدێکی زانایانی ئاینی لە بارەگاکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران. دووەمیان لە ١٦ی تەمموزی ١٩٧٢دا بوو، تەنها لە ناوەڕاستی ١٩٧٣دا بەعسیەکان دانیان بەم دوو پیلانە داناو نەخشەکێشان و جێ بەجێ کردنی ئەو پلانەیان خستە ئەستۆی نازم گزاری سەرۆکی خەدەماتی ئەمن و پاشان لەناویان برد.[٢٤٥]

ئەم کارە بووە هۆی تێك چوونی پەیوەندی نێوان هەردوولاو ڕژێمی عێراق لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا ١٩٧٠– ١٩٧٤ جگە لەمافە فەرهەنگییەکانی گەلی کورد ئەویش بەنیوە چڵی، ئیدی گوێی خۆی لە مافە سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی و کۆمەلایەتی یەکانی کورد کەڕ کردبوو، پارتی و بارزانیش بەبوونی چەند وەزیرێك لە حکومەتی ناوەندو بەدەستەوەگرتنی چەند بەڕێوەبەرایەتیەك لە سلێمانی و هەولێر خۆی خەریك کردبوو هیچ هەوڵ و دەستپێشکەرییەکی نەکرد بۆ دەستبەسەراگرتنی دەزگەکانی ئاسایشی ناو شارەکان و هەنگاونان بۆ

[245] حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط منذ بدایتها حتی سنة ١٩٩١، قاهیرة، ١٩٩٢، ل٢٨٨، ٢٢٩؛ مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازی کورد ، ل١٢١؛ عدنان المفتي: الاکراد والعلاقات العربیة الکوردیة، مرکز المحروسة، بدون مکان الطبع، ١٩٩٨، ل١٤٧؛ رشید ملا: الحقیقة الخفیة، ل٨٨–٨٩.





هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بەپێی ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیەی کە لەسەری ڕێککەوتبوون.

ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار لەچاو ئەو گفتوگۆیانەی لە ساڵانی (١٩٦١)ەوە کراون گرنگترین ڕێککەوتننامەی دانپێدانراوی ڕژێمی عێراق بووە بە هەندێك مافەکانی گەلی کورددا،[٢٤٦] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتنامەکە زۆر لەوە زیاتر گەورە کراوە، لەڕاستیشدا وا نیە یاخود ڕوونتر بڵێین: ڕاستە لەچاو گفتوگۆکانی ڕابردوودا ئەم ڕێککەوتننامەیە گرنگە، بەڵام ئەو کاریگەرییەی ڕێککەوتننامەکە هێندەی پەیوەندی بە هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکەوە هەبوو، هێندە پێوەندی بەگەوهەری خودی ڕێککەوتننامەکەوە نەبوو. چوار ساڵ دانووسەندن دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگەو ئامادەکردنی بۆ ڕۆژێکی پێویست لەڕووی فکرییەوە ووشیاریان بکەنەوە، و مەشقی باشیان پێ بکەن، و حاڵ و گوزەرانیان چاك بکەن، کەچی بەپێچەوانەوە هەر گوێشیان بە پێشمەرگە نەدەدا، هەر بۆیە پاش کۆتایی دانووسەندن پێشمەرگە گیانی شەڕکردنی لاواز بووبوو، چونکە دەیزانی چی لێکراوە لەڕۆژانی خۆشیدا، زۆربەی پێشمەرگەکان لە شەقامەکاندا دەسوڕانەوە بێ ئەوەی هیچ کەسێك لێیان بپرسێتەوە.[٢٤٧] بەیاننامەی ئازار هەموو شتێکی لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا یەکالا نەکردبۆوە، زۆر لە کێشە بنەڕەتیەکانی بابەتی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی

[246] سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة الکوردیة، ل١٣٧.

[247] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ، ل٢١.

دەزگەکان و بارودۆخی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەجێهێلرابوون بۆ دانووسەندنی دواتر. بڕیاردرا کە ماوەی چوارساڵ گفتوگۆ لەسەر کێشە و وردەکاریەکانی نێوان کورد و حکومەتی عیراق بکرێت و پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی گەلاڵە بکرێت، تا کورد لە سنوری کوردستاندا حوکمی خۆی بکات.[248]

لەڕاستیدا بەعسیەکان سەرەنجامی لاوازی ئابووری سیاسیو سوپایی خۆیان بەتایبەتی پاش تاقیکردنەوە کورتەکانیان لەشەڕی چەند مانگەی ساڵی ١٩٦٩دا ناچار بەگفتوگۆی ساڵی ١٩٧٠ بوونو پێی قایل بوون بەو پڕۆژە ئۆتۆنۆمییەی لەگەڵ بارزانیدا لەسەری ڕێککەوتبوون، و دەیانوویست بەماوەی ئەو چوار ساڵەی کە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە دانرا بوو، بە نەشەڕو نە ئاشتی بەرنە سەرو کات بەدەست بێنن بۆ خۆ بەهێزکردنو دەربازبوون لەو قەیرانە، نەك بەگیانی بڕوا بوون بەچارەسەری کێشەی ڕەوای گەلی کورد.

لە ڕاستیدا بەعس ڕژێمێکی گەلێك بە ئەزموون بووە، کاتێك ڕێککەوتننامەی ئازاری ئیمزا کرد باش ئەو ڕاستیەی دەزانی، بەیاننامەکە لەڕووی پراکتیکییەوە چ کارێك دەکاتە سەر دۆخی عێراقو کوردستانو چەندیش ڕۆڵی پارتیو بارزانی لە جیهانو ناوچەکەو لەناو کورددا بەرز دەکاتەوە، بۆیە دەبینین لەڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاردا سێ مەسەلەی هەرە گرنگ بە ئەنقەستو بەمەبەست فەرامۆش کرابوون:-

[248] شۆڕش حاجی رسول: ئەنفال، ل٢٩.





١- بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراقو دوورخستنەوەی سیاسەتی تاکڕەوی.

٢- باسنەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد.

٣- دان پێدانەنانی ڕۆڵی پارتی لەناو بزووتنەوەی کورددا لە چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی کورددا.[249] هەرچەندە پارتی زۆر لە مێژ بوو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو دیموکراسی بۆ عێراقی کردبوو بە دروشمی سەرەکی خۆی، کەچی لەم گفتوگۆیانەدا وەفدی کوردی لەهەردوو مەسەلەی: ئۆتۆنۆمیو دیموکراسی دا بازی بەسەر چەند سەرەتایەکی بنەڕەتی دا دابوو. لە باسی ئۆتۆنۆمیدا بەعس دانی نابوو بە مافی کورددا لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام مەسەلە گرنگەکانی هەڵگیرابوون بۆ ساڵانی دوایی، لەو گفتوگۆیانەدا باسی یاسایی ئۆتۆنۆمیو ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەکرابوو، دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا چیەو دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا کامانەن؟ کوردستانی عێراق کوێیەو لە کوێ دا تەواو ئەبێ؟. دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانرا بوو بکەوێتە دوای سەرژمێری گشتی تا بەو پێیەی زۆرایەتی هەر جێگەیەك کە کورد بووە بخرێتە ناوی، دیاری کردنی چارەنووسی ناوچەکانی کەرکوكو خانەقینو شەنگارو زۆر شوێنی تر هەڵگیرابوون بۆ دوای دەرکەوتنی ئەنجامی سەرژمێریەکە.[250] بەعسییەکان بەڕاشکاویو بێ شاردنەوە ڕایان وابوو کە بڕوایان بە دیموکراتی

[249] مەلا بەختیار: کۆبەندی چەند بابەتێك، ل٢١٢.

[250] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٠١، ١٠٢.

ڕۆژئاوایی و هیچ جۆرە دیموکراتیەکی تر نیە، جگە لەو دیموکراتیەتەی خۆیان، و هەمیشە دووپاتیان دەکردەوە کە ئەوان بەخەبات و شۆڕش و قوربانیدان هاتوونەتە سەر حوکم و ڕێگەش نادەن بە هاوبەشی کردنی هیچ پارت و لایەنێکی تر لە حوکمدا لەگەڵیان بن.[٢٥١] بۆیە سەرەڕای ئەوەی پارتی بەدرێژایی مێژووی خۆی دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق بەرز کردبۆوە، بەڵام کاتێك بڕیاری سیاسی و سەربازی لە شۆڕشی ئەیلول بەدواوە کەوتۆتە دەستی پارتی، بۆ تاقە جارێکیش لە هیچ دانووسەندنێکدا بارزانی و سەرکردایەتی پارتی سوور نەبوون لەسەر دابینکردنی دیموکراسی و بەبێ هیچ زەمانەتێك لەسەر دیموکراسی، ئامادەی ڕێککەوتن بوون لەگەڵ حکومەتەکانی دژی دیموکراسی عێراق لە حکومەتی قاسمەوە تا پارتی بەعس.[٢٥٢] ڕێککەوتننامەی ئازار زۆر بەڕوونی جۆرو شێوەی حوکمی زاتی کە بڕیاربوو دیاری بکرێت دیاری نەکردبوو، هەروەها ئەو ناوچەیەشی دیاری نەکردبوو کە ئەم حوکمە دەیگرێتەوە.[٢٥٣] بارزانیش لەو کاتانەدا تەنگاو بوو، پێویستی بە پشوودان هەبوو، دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی و شتی لەو بابەتانە لەو کاتەدا ئەوەیان نەدەهێنا شەڕیان لەسەر بکات بەتایبەتی چونکە ڕێککەوتنەکە دوژمنەکانی ئەوی تەواو ئەکردو، دەستکەوتی زۆری بۆ دابین ئەکرد.[٢٥٤]

---

[251] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٧٩.

[252] مەلا بەختیار: کۆبەندی چەند بابەتێك ل٢١٤، ٢١٥.

[253] شێرکۆ فتح الله عمر: الحزب الدیمقراطی الکردستانی حرکة النصر والقومی الکردیة في العراق ١٩٤٦– ١٩٧٥، سلیمانیة، ٢٠٠٤، ل٢١٩.

[254] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٠٢.





هەروەها دیاری نەکردنی سنوورێکی دیارو ئاشکرای نێوچەی ئۆتۆنۆمی لەپڕۆژەکەدا، کەبەمەش بەشێکی زۆری ناوچەی موسڵ و خانەقین و مەندەلی و کەرکوك و ناوچەکانی نێوان کەرکوك و حەمرین بەدەربوون لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کەرکوك لەو پرسەیەدا بە هەڵواسراوی مایەوەو دانرا بۆ مشتومڕ لەسەرکردن و پاشان هەردوولا بەوە قایل بوون کە شارێکی بێ لایەن نە کوردی و نەعەرەبی بێ و دواجاریش لە کوردستانیش جیا کرایەوە. لەپڕۆژەکەدا پارتی سنووری ئۆتۆنۆمی و ئاسایشی نێوخۆی ئۆتۆنۆمی خستەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند، واتە سوپای عێراق و (ئەمن و ئیستخبارات)ی عێراقی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەبن و هیچ دەسەڵاتێکی حوکمی ئۆتۆنۆمیان لەسەر نابێ.[٢٥٥] لانی کەم لە چوار ساڵی نەشەر نە ئاشتیدا تا دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد هەموو حکومەتەکانی عێراق بەجیاوازی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و پەیوەندی عەرەبی و جیهانییەوە، ئامادە نەبوون کێشەی کورد چارەسەر بکەن و لەهیچ دانووسەندنێکدا ڕاستگۆ نەبوون، و هەموو چەشنە نەرمیەکی پارتی و بارزانیش بۆ دەست پێشکەری دانووستان یان بۆ تەقەوەستان، لەلایەن حکومەتە کین لەدڵەکانەوە بەرامبەر بە کورد خراپ لێك دراوەتەوەو کراونەتە خاڵێکی لاوازی شۆڕشی ئەیلول، بۆیە هەمیشە حکومەتەکان لە دانووسەندنەکاندا مەرجیان سەپاندووەو پاشەکشەیان بە پارتی کردووە، هەروەها سیاسەتی دیبلۆماسی کورد لە دانوسەندنەکاندا لاواز بووەو نەخشەی وردو هەمەلایەنە بۆ چۆنێتی سەرخستنی

---

[255] ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل٢٧٨.

دانووسـەندنەکان دیـاری نـەکراون، بۆیـە جارێك پـڕۆژەی پاش پێشکەش کــراون‌و جــارێکیش بــەیانی لاواز.[٢٥٦] ئەمــەش وای لەدەســەڵات کــرد بەمەبەسـتی جێبـەجێکردنی سیاسـەتی شـۆڤێنییانەیی‌و خولقانـدنی ڕق‌و کینە لەنێوان ڕۆڵەکانی نیشتمانی یەك پارچەدا، هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی پاش دەرچوونی بەیاننامەی ئادارەوە زنجیرەیەك کاری ڕەگەز پەرستانەی لەدژی هاوولاتیانی کورد لەهەموولایەکی عێراقدا جێ بەجێکرد، بەجۆرێك لەهەموو ئەو سەردەمانەی بەسەر عێراقدا ڕابردبوو شتی وا نەکراوە، وەك سیاسـەتی گـۆڕینی بـاری نەتـەوەیی‌و بـە عـارەب کردنـی هەنـدێ ناوچـە دەسـتی پـێ کـرد، ئەمـەش دووبـارە کردنەوەیـەکی دزێـوو چـڕی هـەمان سیاسەت بوو کە پارتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا لـە کـەرکوك جـێ بـەجـێی کردبوو، بەڵام ئەمجارە سیاسەتی بەعس قەزاکانی خانەقین‌و شەنگاریشی گرتەوە.[٢٥٧] لەلایەکی دیکەوە دەستەو تاقمە کۆنەپەرستەکانی نێو ڕژێمـی بەعسی دەسەڵاتدار هەوڵیان دەدا کوردە فەیلییـەکان کە زێتر لـە دوو سـەد ساڵ بوو نیشتەجێی بەغدا بوون، بەبیانووی ئەوەی گوایـە لـە (ڕەچـەڵکی ئێـران)یـن‌و ڕەگەزنامـەی عێراقییـان لێ بسـتێنێتەوە، هـەر بـەم بیـانووە زۆر کوردی فـەیلی تـوڕدرانـە ئـەو دیـو سنوورەوە، بـەڵام دواجار پـارتی تـوانی بـەعس ڕازی بکـات کـە ڕەگەزنامـەی عێراقـی بـە کـوردە فەیلییـەکان بـدات، بەڵام ئەو بڕیارە نوسراوە لەلایەن ڕژێمەوە پشت گوێ خرا.[٢٥٨] یـەکێکی تـر لەهەڵەو کەم‌و کورتیەکانی سەرکردایەتی شۆڕش زوو باوەڕ کردن بوو بـە

[256] مەلا بەختیار: کۆبەندی چەند بابەتێك ، ل٢١٥.

[257] مسعود بارزانی: س. پ، ل١٢١.

[258] جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی، ل٣٣١، ٣٣٢؛ ئۆرخانی غالب: س. پ، ل٢٥، ٢٦.





پـەیمانی دوژمنـان‌و چـاوەڕێکردنی وەدیهێنـانی ئـەو پـیلان‌و پـەیمان‌و ڕێککەوتنانــە کــە ئەمــەش گــەلێك جــار ببــووە هــۆی پێــشێلکردنەوەی بـەردەوامی چالاکی‌و خـەبات‌و بزووتنـەوەو جموجـۆڵی ڕیـزو لایەنـەکانی سـەنگەری خـەباتی ڕزگـاری‌و چـاوەڕوانکردنی بارودۆخەکـە بـۆ ئـەوەی بزانرێ بڕیاری دوژمن چی دەبێت، لەو لاشەوە دوژمن خۆی کۆکردۆتـەوەو تەواو خۆی کۆکتر و بەهێزترو پڕ چەکتر کردۆتـەوەو بە گورزی سـەنگین‌و گورچکبڕەوە هاتۆتە بەر ماڵی کوردو دەستەو یەخەو جارێکی دی بەرماڵی لێ گرتوون. هەمیشە دانوسەندن وەك تیغێکی دوو دەم بەکارهێنراوە، هـەم کورد ویستویەتی بەکاری بهێنێ بۆ دەربڕینی خواست و ویست و ئێش و ئازارەکانی، هەم دەسەڵاتداران ویستویانە بەکاری بهێنن بۆ تێکشکاندنی شۆڕشــی کــورد. ئــیتر یــان بــە پــیلان گێــڕان و گــرتن و لــەناوبردنی سەرکردەکانی شۆڕشـەکە یـان بـە کـڕین و سـوك کردنیـان و کوژاندنـەوەی شۆڕشـەکەیان.[٢٥٩] بـەیانی ١١ی ئـازار لەسـەر کاغـەز پڕبـوو لـە بـەڵێن، کـە ددانی یاسایی بە کورددا نابوو، بـەڵام بڕیـاردانی لـە سـەرو بـەری ناوچـەی کوردسـتان بـە هەڵواسـراوی مـابووەوە بـۆ سـەرژمێرێکی نـوێ، بێگومـان سـەرژمێریەکی وا کـە زۆرینـەی کـوردی بـە بـەهێزی لـە شـاری کـەرکوك و کێڵگــە نەوتیــەکانی دەوروبەریــدا پیــشان دەدا، هــەروەها لــە ناوچــەی خانەقینی پڕ نەوت، بەڵام هیچ مێژوویەك بۆ سەرژمێریەك دانەنرا تا ساڵی

[259] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل٦٢؛ ئاسۆ گەرمیانی: دەوڵـەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستەمێکی فیدراڵی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٧، ٥٨

١٩٧٧، ئەو کاتەش ئۆتۆنۆمیەکە زایە بووبوو.[٢٦٠] یەکێك لە ئەندامانی سەرکردەی بەعس بە گۆڤارێکی بەیرووتی ووتبوو کە ئەوان بەهۆی بەیانی ئازارەوە بارزانی بێ هێز دەکەن و لەکاتی ئاهەنگی ئیمزا کردنی ڕێککەوتنەکەدا ڕۆژنامەنووسێکی میسری لە پارێزگاری کەرکوکی پرسی بوو: "ئایا سەرژمێری دەکەن؟ پارێزگار لەوەڵامدا ووتبووی: هەتا کاتی ئەو سەرژماردنە دێت شێوەی ژمارەی دانیشتوان دەگۆڕێت".[٢٦١] عەبدولڕەحمان قاسملوو لە وتەیەکیدا دەڵێت: "کوردەکانی ئێراق هەتا ئێرە چیان وەدەست نەهێناوە، چونکە لە سیاسەتدا پتر کەوتوونەتە شوێن پێی هەستو هەتا ئاوەز، ئەوان یان هەموو شتیکیان دەویست یان هیچ شتێك، هەموو شتێکیان یان ڕەش ڕەش دەبینی یان سپی سپی... لە سیاسەتدا ناتوانی یا رەش ڕەش بی یان سپی سپی".[٢٦٢] لێرەدا دەکرێت چەند پرسیارێك بووروژێنین ئایا بەیاننامەی ١١ی ئازار بۆ کورد نیشانەی بەرپابوونی ئاشتی بوو؟ ئایا ئەمە پاش سەدان ساڵ چەوساندنەوەو تالاَنو حاشاکردن لە ناسنامەی نەتەوەییو دووبەرەکیو تەفرەقەنانەوە لەڕیزیانداو کۆچاندنو ڕاگوێزانو هەوڵی قڕکردنیان نەهاتبووە ئاراوە؟ ئایا ئەمە کتبێکی نوێ نەبوو لە مێژووی کورددا؟ تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار هەر بەو چاویلکەیەش تەماشایان

260- Human rights watch/ middle east, iraqs crime of genocide, the anfal campaign against the kurds,p23.

261 وەرگیراوە لە: پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی): ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد،ل٦١.

262 جاناتان ڕەندڵ: بەم هەموو تاوانەوە لێبورودنی چی، ل٢١٢.





دەکرد، کەچی بارزانی بۆ خۆشی لە تەعلقێکدا لەسەر بەیانی نێو براو دەڵێ: "چاوەڕوان دەکەین، تا ببینین سبیەنێ چ لەگەڵ خۆیدا دێنێ".[٢٦٣]

جگە لەمانە دەستێوەردانی پەیتا پەیتای دوژمنانیش زۆر جار بووەتە هۆی نوشستهێنانی شۆڕشو جاری واش هەبووە وای کردووە، نەیهێشتووە کورد بپەرژێتە سەر ئەوەی کە حیسابێك بۆ دوژمنانی بچووكو گەورەی خۆی بکاتو بیری داڕشتنی سەنگەری پاراستنی خۆیو بەرژەوەندییەکانیشی زوو پێ نەکراوەتەوە، یان کاتێك هەڵپەی بۆ کردووەو بیری لێ کردۆتەوە جەنگ لەبەردەمیماڵەکەیدا دەستەویەخەی کردۆتەوەو یەخەی پێ گرتوون، ئیتر فریای ئەوە نەکەوتوون چۆن بارودۆخەکە بپارێزنو دەسەڵاتی دەوڵەتو ئالاَی قەلاَیان هەر بەشەکاوەیی بمێنێتەوە، ناچار پەنایان بردۆتە بەر شاخو سەر لەنوێ دەستیان بە درێژەی خەباتوو کۆڵنەدان داوەتەوە. لە راستیشدا لەناو میللەتاندا نەتەوەی کورد لە هەموویان زیاتر ئۆتۆنۆمی کردبووە ستراتیجی سێ چارەکە سەدەی خۆیو زیاتر لەوان قوربانی لەپێناوی ئەوەدا داوە، بەڵکوو پلەی جۆراوجۆری مافی گەلانی پێ ڕەوا ببینن‌و نەتەوە سەردەستەکانیشی کردۆتە ئاغای خۆی ئینجا خەبات لەپێناوی ئۆتۆنۆمی لەبەرامبەر بۆرژوای نامۆ بەدیموکراسی نەتەوە سەردەستەکانی ڕۆژهەلاَت بێهودە بووە.[٢٦٤] لە رۆژی ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا حکومەتی عیراق بەیانێکی کرچ و کاڵی بلاَو کردەوەکە زۆر لایەنی گرنگی پێکهاتنەکەی

263 گوینتەر دیشنەر: کورد گەلێکی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، ل٢٥٣.

264 مەلا بەختیار: کۆبەندی چەند بابەتێك، ل٢١٨؛ ئاسۆ گەرمیانی: س. پ، ل٥٧.

١١ی ئازاری ١٩٧٠ی فەرامۆش کردبوو، چەند کێشەیەکی بنەڕەتی لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقیدا بە چارەسەرنەکراوی مابوونەوە، هەروەها حکومەتی عیراق پارتی و بارزانی بە نۆکەری بێگانە دایە قەڵەم و جارێکی تر لە کوردستاندا تەپڵی شەڕ لێدرایەوە.[٢٦٥] پارتی بەعس کە ئومێدی بەیارمەتی ڕووس لە هەموو کاتێك قایمتر بوو بوژاوەو بۆ نەمانی شۆڕش خۆی چەکدارو ئامادە کرد، لەساڵی ١٩٧٤دا بە زۆری زۆرداری ئاشی شەڕی دەگێڕاو تەقەو پێك هەڵپژان دامەزرایەوە. کەچی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەو هەموو هێرش و پەلامارە دڕندانەیەی هێشتا نەیتوانی بەڕێگەی شەڕو بەکارهێنانی توانای سوپایی مەبەستەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕش بەدەست بهێنێت، بۆیە کەوتنە بەکارهێنانی دوانەخشەی ستراتیژی خۆیان کەئەوە دوایین وەرەقەیان بوو لەڕووی گرتنە بەری تەقەلای سیاسی و دیبلۆماسیانە بۆ لەبار بردنی شۆڕشی کورد بەکاری بهێنن. ئەویش پەنابردن بوو بۆ ئێران و لەکاتی کۆبوونەوەی ساڵانەی سەرانی ئۆپیك لە ٤- ٦ ی ئازاری ١٩٧٥ دا عێراق و ئێران (سەدام حسێن و شا) بەناوبژیوانی (هەواری بومیدیەن)ی سەرۆکی جەزائیر بەیەك گەیشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. دوای وتووێژەکانیان سەرانی هەردوو دەوڵەت بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ دا بڵاوکردەوە کە بەڕێککەوتنی جەزائیر ناسراوە.[٢٦٦]

---

[265] شۆڕش حاجی رسولْ: ئەنفال، ل٣١.

[266] سەروەر عبدالرحمن عمر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٠.





بارزانی دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕش و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ١٩ی ئازاردا ئەنجامداو تیایدا بڕیاری هەرەسیدا، کە ئەمەش گەورەترین کارەسات بوو لەمێژووی نوێی گەلی کورداو تا هەتایە شوێنەواری هەردەمێنێ و لەنێوان ١٩ بۆ ٢٦ی ئازار کۆتایی بە شۆڕشی کورد هات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**بەشی سێیەم:**

# سیاسەتی بەعس لە کوردستاندا





مەکتەبی بیروهۆشیاری

باسی یەکەم

## سێ کوچکەی بەعسیان

## (ڕاگواستن، بەعەرەب کردن، بە بەعسی کردن)

سێ کوچکەی ڕاگواستن، بەعەرەب کردن، بە بەعسی کردن سێ مەترسین کە لە باشوری کوردستاندا هەڕەشەیان لەبوونی نەتەوەی کورد کردووە، بە درێژایی مێژوو سیاسەتی شۆڤێنیانەو ڕەگەز پەرستانەی ڕژێمی بەعس لەسەر ئەو بنەمایە دروست کرابوو. کورد دەست درێژی بۆ هیچ لایەك نەکردووە، تەنها داوای ئازادیو سەربەستیو سەربەخۆیی کردووە لەو وولاتانەی کەداگیرکەر بوون، هەر لەبەر ئەوەش بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە پەلامار ئەدرانو بەهەموو شێوەیەك هەولی لەناو بردنیان دراوە، بەکوشتنو ئازارو ئەشکەنجە، بێدەرامەتی، لێبڕینی خۆراك، بەعەرەب کردن، دێهاتو شار سووتاندن، ناوگۆڕینی گەڕەكو جێگەکانیان.



ئەم سیاسەتەی بەعس دەرەنجامی بڕیارێکی سەرپێیی یاخود تاکتیکی نەبوو، بەڵکوو بەقوڵی لەبیروبۆچوونو لێکدانەوەی بەعسدا ڕەگی خۆی داکوتا بوو، قوڵاییەکی ستراتیجی هەبوو، کە لە باشوری کوردستاندا ڕووی لەتواندنەوەی نەتەوەی کورد بوو لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبداو سڕینەوەی دوا شوێنەواری کوردستانی بوونی ئەم پارچەیەی نیشتمانی کورد، کە بەزۆرو بەپێی نەخشەیەکی ئیمپریالیستانە بە عێراقی عەرەبییەوە لکێنرا. لە مێژووی کۆن و نوێدا هیچ ڕژێمێك بە وێنەی بەعس سیاسەتی جینۆسایدی دژ بە گروپە ئیتنی و ئایینی و ئاینزاکان پێڕەو نەکردووە، جگە لە ئەڵمانیای هیتلەری و فاشیەکانی ئیتالیا نەبێت کە پەنایان بۆ ئەم سیاسەتە بردووە، بەڵام ئەوەی بەعس ئەنجامی داوە لەدژی کورد دەبێتە وانەیەکی فەرامۆش نەکراو بۆ هەموو ئەو ڕژێمە تاکڕەوو تۆتالیتارە ڕەگەزپەرستانەی لەدوای بەعس جڵەوی دەسەڵات لەهەر کونجێکی ئەم جیهانە پانو بەرینەدا دەگرنە دەست.

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

### ١- ڕاگواستن (تەرحیل):

چەمکی (کۆچپێکردن، تاراندن، ڕاگواستن) ئەم سێ چەمکە جیاوازن لەیەکتر لەرووی ماناوە، بەڵام لەبنەڕەتدا یەکن لە رووی پراکتیکەوە، ڕژێمی بەعس هەر سێ ڕێگەکەی گرتەبەر دژ بە میللەتی کورد. چەمکی ڕاگواستن بەمانای گواستنەوەی جیۆگرافی یان شوێن گۆڕینی بە زۆر دەگەیەنێ، لەڕێی بەکارهێنانی تۆقاندنو پاڵەپەستۆ خستنە سەرو هێز بەکارهێنانەوە دەبێت کە گۆڕینی هەمیشەیی لە جێنیشتە بوونو ماڵی ئاسایی لەیەکەیەکی جیوگرافی بە یەکەیەکی جیۆگرافی تر لەخۆ بگرێت.[١] ڕاگواستن یاخود دەرکردنی بەزۆر، چونکە بەردەوام ڕژێم ئەو خەڵکانەی لەبەردەم دوو ئەگەردا ڕادەگرت، ئەگەری یەکەم: دەرکردنی بێ کۆتو مەرجو دەستگرتن بوو بەسەر سەروەتو سامانو خانو و زەویدا. ئەگەری دووەم: هەڵگرتنی ناسنامەی عەرەبی بوو یاخود خۆکردنە عەرەب، هەرکەسێك کە بڕیاری دەرکردنی دەردەچوو، ئەگەر مل کەچی یەکێك لەو دوو ئەگەرە نەبوایە، کە هەردەبوو ببێت، ئەوا تووشی لێدانو سزاو زیندانی کردنو سوکایەتی پێکردن دەبۆوە.[٢] ئەو ڕاگواستنەی بەعس پیادەی دەکرد، وەك زۆربەی ئەو تاوانو کردە دزێوانەی دیکەی جیاواز و تاك بوو لە شێوەدا، بەعس لە داهێنانی تەکتیکی نوێو دزێوترین

---

[1] سلێمان عبداللە: ڕاگواستنی گوندنشینەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٢)، کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩، ل٤؛ ئەمیر خوا کەرەم محەمەد: ڕەوشی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابووری ڕاگوێزراوان، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (١)، ساڵی پێنجەم، هاوینی ٢٠٠٣، ل٥٣.

[2] لەتیف فاتح، مجید ساڵح: کورد قڕان، ل٣٧.





شێوازەکانی ڕاوەدوونانو کۆچپێکردنو ڕاگواستندا دەست پێشخەر بووە، نەك ڕاگواستن وەك کردەوەیەکی ئەبستراکتو ڕووت، بەڵکوو ڕاگواستن وەك سیاسەتی بەرماوەو میراتی ڕژێمە تۆتالیتارە جیهانیەکانە کە بەدرێژایی مێژوو بۆ بەعس ماوەتەوەو ئەویش ئەو ئەزموونەی ئەوانی بەتەکنیكو میکانیزمی نوێوە پیادە کردووە، کەواتە بەعس بەردێکی دیکەی خستۆتە سەر دیواری تۆتالیتاریزمو ئەزموونەکانی ڕەگەزپەرستی دەوڵەمەندتر کردووە.[٣] پارتی بەعس ئەوەی ڕاگەیاندبوو کەیەکێك لەمەبەستەکانی ڕاگواستنی کورد بریتییە لەبەهێزکردنی چالاکییە ئیدارییەکانی دەزگەی دەوڵەتو باشترکردنی دۆخی ژیانی کورد، کەناوی ئەو شوێنانەی نابوو (دێهاتی هاوچەرخ)، کوردیش بەو جێگایانەیان دەگوت: (ئۆردوگای زۆرە ملێ) ئەم ئۆردوگایانە لەناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراقو هەندێکیشیان لە کوردستان بوون، بەڵام لەڕاستیدا حکومەتی عێراق مەبەستی کۆنتڕۆڵکردنی کورد بوو، کە دەیویست لە سیاسەتو تێکەڵاوی یەکتر دووریان بخاتەوە.[٤] پرۆسەی دەرکردنو ڕاگواستن لەناوچەکانی پارێزگەی کەرکوکدا مێژووییەکی دێرینی هەیە، هەر لەساڵی ١٨٥٠و لەسەردەمی حوکمڕانی عوسمانیەکاندا، سیاسەتی هاندانی نیشتەجێ کردنی خێڵە عەرەبە کۆچەرییەکان لە ناوچەکەدا پەیڕەو کراوە، بەتایبەتی لەساڵەکانی (١٨٦٩- ١٨٧٢) سەردەمی مەدحەت پاشای والی بەغداو دوای دامەزراندنی حکومەتی فەیسەل

---

[3] مراد حەکیم محەمەد: ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عیراق لە سەردەمی بەعسدا سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٢، ١٠٣.

[4] دلێر ئەحمەد: ئەوبارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)ی تێدا لەدایك بوو، ل١٣.

لەساڵی ١٩٢١داو لکاندنی ویلایەتی موصڵ بەدەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی ١٩٢٦دا، دواتریش حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی ڕاگواستنی ناوچە کوردیەکانیان دەست پێ کردووە، بە مەبەستی شێواندنی پێکهاتەو سیمای نەتەوایەتی دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان، بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب بێت و لەسەر حیسابی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری ناوچەکە بێت،[5] بەڵام هەنگاوی پراکتیکی بۆ ڕاگواستن و نیشتەجێ کردنی عەرەب لەپارێزگەی کەرکوکدا لەساڵی (١٩٣٧)ەوە دەستی پێ کردووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەلیك غازیو وەزارەتی یاسین هاشمی دا لەژێر ناوی (یەکەکانی بەرهەم هێنانی زەویو زار)، نزیکەی (٢٠) هەزار خێزانی عەرەبی لەناوچەی حەویجەو ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان داقوق و دووزخورماتوو، نیشتەجێ کرد، لەشێوەی دروست کردنی ئۆردوگای نیشتەجێ کردن لەسەر ڕێگەی کەرکوك– بەغدادو لەناو شارەکاندا.[6]

پاش ئەم هەنگاوە ڕاگواستن و بەعەرەب کردن بوو بەپرۆگرامی ڕژێمی بەعس و سیاسەتێکی جێگیرو نەخشەیەکی داڕێژراو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جی بەجێ دەکرا، لەساڵی ١٩٦٣ەوە دەسەڵاتی بەعس دەستی کرد بەجی بەجێ کردنی سیاسەتی نوێ لەڕێکخستن و حوکمی مافی ڕەگەزنامەی عێراقی و یاسادانەری عێراقی لەداڕشتنی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقیدا، لەژمارەیەك بنەمای یاسایی گشتی لایداو حکومەت لەو

[5] د. خلیل اسماعیل محمد: بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی دەرووبەری، ڕۆژنامەی برایەتی،ژمارە (٣٣٠٩)، ل٧.

[6] ئەمیر خوا کەرەم محەمەد: ڕەوشی دەروونی و کۆمەڵایەتی ، ل٥٧.





ڕێگەیەوە دەستی کرد بەچڕکردنی ڕاگواستنی کورد لەناوچەی کەرکوك.[7] سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرە ملێ ی کورد پایەیەکی گرنگی لەداڕشتنی هێڵە گشتییەکانی ئەمنی ستراتیجیی عێراقدا گرتووە، هەربۆیە کاتێك لەساڵی ١٩٦٣دا بەعسییەکان بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، دەست بەجێ دەستیان کرد بەڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچە نەوتاوییەکانی کەرکوك و هەولێرو گەلێ ناوچەی تریش بەر ئەو شاڵاوە کەوتن.[8] ئەم قۆناغەی ڕاگواستنی کورد لەساڵی ١٩٦٣ەوە دەست پێ دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی بەعس لەیەکەم حوکمڕانیدا تەنها (٩) مانگ لەدەسەڵاتدا مایەوەو نەیتوانی لەو ماوە کەمەدا هەموو خەونەکانی بهێنێتەدی، ئەگەرچی لەو ماوەیەشدا کەمی نەکردو هەر لەدەستپێکی فەرمانڕەواییەکەیدا سەلماندی کەسیاسەتێکی ترسناکی بۆ ڕاگواستنی کورد داڕشتووە.[9] یەکەم هەنگاوی بەعس روخاندنی گەرەکی(جمهوری)* کوردی بوو. دانیشتوانەکەی بریتی بوون لە جەماوەری کوردی کۆشش کەرو کرێکارو پاڵە، کاری وێران کردن و رووخاندنی ماڵەکان بەسەر خاوەنەکانیاندا لەساتەکانی کازیوەی دەم بەیانا لەژێر کۆنترۆڵ و

[7] محمد هماوەندی: راگواستنی کوردو زامدارکردنی دیموکراتیەت ، ل١٧.

[8] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی ، ل١٤٤.

[9] مراد حەکیم محەمەد: ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد ، ل١١٧.

* لەسەردەمی دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم)دا ڕێگە درا بە خەڵکە دەست کورت و هەژارەکان لەئازادیو نێوان ئیسکان و یادگارو شۆریجە چەند هەزار خانویەك دروست بکەن، ئەم خانوانە ناونران (جەمهوری) ئاماژە بە جمهوریەتی عێراق و پشتگیریەکەی. (لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، ل٦٦).

چاودێری گاردی حەرەس قەومییەکاندا دەستی پێ کرد.[10] تەنها لەو ماوە کەمەی ساڵی ١٩٦٣دا نزیکەی (٤٠) هەزار هاووڵاتی کوردی لەشاری کەرکوك ڕاگوێزران، ئەمە جگە لەشارەکانی تر.[11] هەر لەو ماوەیەدا لە ١٩٦٣/٦/١١دا سوپاو حەرەس قەومییەکان لەقەزای دوبز کەئەوکات ناحیە بوو (٢٢) گوندی کوردیان داگیر کردو عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردن،** بەعس زۆر بەجیدی دەیڕوانیە مەسەلەی گۆڕینی دیموگرافیای عێراق و هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەو شوێنانەی ئەوان بەگرنگیان زانیووە ڕێژەی کوردی لێ کەم بکەنەوە، ئەمەش بەشێك بوو لە ئایدۆلۆژیای شۆڤێنیانەی بەعس. لەساڵی ١٩٦٣و ساڵەکانی دواتردا ژمارەی ئەو گوندانەی کە نزیکی چاڵە نەوتەکان بوون چۆڵ کران و عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرا، زیاتر لە (٧١) گوند دەبوو.[12] هەروەها هەر لەساڵی ١٩٦٣دا (١٣) گوند سوتێنراو تەخت کران،** نزیکەی (٨) هەزار

[10] محمد هماوەندی: ڕاگواستنی کوردو زامدارکردنی دیموکراتیەت، ل١٨.

[11] لەتیف فاتح، مجید سالح: کورد قڕان، ل٣٩.

* - کە ئەوانیش گوندەکانی: (قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قوشقایە، قەڵای عەربەت، هەنجیرەی بچووك، قوتانی خەلیفە، قوتانی کوردەکان، مامە، عەلە غێر، شیرناو، تەقتەق، کونە ڕێوی، گورگە چاڵ، شێخان، باجوان، سێ کانیان، شۆڕاو، نادر ئاوا، دڕکەی کوردان، چەخماخە، مەلحە) بوون، لەناحیەی سەرگەڕان کە دواتر کرا بە قودس و لەهەولێرەوە خرایە سەر کەرکوك و (١٤) گوند تەعریب کران و کوردەکانیان تیا دەرکراو عەشیرەتی بەدووی عەرەبیانی بەسەرۆکایەتی (عەواس سەدیر بەنی قورسی عەرەبی) تیا نیشتەجێ کرا.( لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٤؛ مراد حەکیم محەمەد: ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد، ل١١٧، ١١٨).

[12] شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: ئەنفالی کوردو دەوڵەتی عێراق، ل٢٧.





خێزانی کوردیان لە کەرکوك دەرکرد.[13] جگە لەمانە بەعس لەکاتی هێرش و پەلامارو تاڵان و سووتاندن و گرتن و کوشتن و ڕەشبگیرییەکانییدا، لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣– ١٩٧٦) بۆ سەر کوردستان و بەتایبەتی لەڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەی کەندێناوەی قەزای مەخموردا، بەڵگەنامەکانی تاپۆی زەوی و زار (قۆچانی ڕەش)یان دەسووتاند یان دەیان برد بۆ نەهێشتن و شوێن بزرکردنی هەر بەڵگەیەك یاخود نیشانەیەك کە کوردبوونی خاکەکەی بسەلمێنێ.[14] هەروەها لەدرێژەی شاڵاوی بە عەرەبکردنی بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٣دا ناوچەی کەندێناوەی بەشێوەیەکی فراوان گرتەوە، لەکۆی (٧٢) گوندی ئەم ناوچەیە زیاتر لە ٣٢ گوندی سووتاندوو تاڵان و بڕۆی کردو نزیکەی (٣٠٠) کەس لە جوتیارانی بێ دیفاعی ناوچەکە لە کونجی بەندیخانەکانی عێراق ئاخێنران، ئەم شاڵاوەش لەتۆڵەی تێکشکانی داگیرکەری عێراقی بوو لەشەڕی دارە خورمای بناری چیای بڵباس (قەرەچووغ) کە لە ١٩٦٣/٦/١٣دا ڕوویداو پاشان (٢٥) گوندی ئەم ناوچەیە بەخێڵە دواکەوتووەکانی عەرەبی (شەمەر) جێ نشین کراو تاکۆتایی ساڵی ١٩٦٧

** کە بریتی بوون لە گوندەکانی (خدرجە، گاوەرە، کەنداڵ لەناحیەی دیبەگە،، هەروەها دارەخورما، حەسەن بڵباس، حاجی شێخان و لاوەر لەهەمان ناحیەدا. لەناحیەی قەرە حەسەن گوندەکانی پەنجا عەلی، مەحمود ئاوا، لەناحیەی شوان گوندەکانی قزڵقایە، وەلی پاشا، لەناحیەی قەرە هەنجیر سۆنە گۆلی و یاروەلی).( ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق ل٢١٢.)

[13] لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٤.

[14] محمد سعید سۆفی: قەزای مەخمورو دەشتی هەولێر لەناو پاکتاو کردنی ڕەگەزیدا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٣)ی ساڵی چوارەم، زستانی ٢٠٠٣، ل٥٠.

دریژەی کێشا.[15] ئەو خێڵە عەرەبانەی کە هێنرابوونە ناوچەکە، دەستیان کردبوو بەدەست درێژیو هێرشو پەلامار، هەروەها مەڕانە سەندنو بەر خانەو پەرێزانە، سوخرەو بێکاری، بیانوو پێگرتن، ئەم خێڵانە دوای ئەوەی دڵنیابوون لەڕەفتاری دوژمنکارانەی سەرانی دەوڵەت بۆ گەلی کورد، ئەوانیش بێ پەروا دوژمنایەتی خۆیان ڕاشکاوانەتر دەرخستو ئاشکرا کرد، ببوون بە بەشێك لەڕژێمو هاوکاریو هەم ئاهەنگی سوپای داگیرکەری عێراق.[16] کاتێك بەعسییەکان بۆ جاری دووەم لە تەمموزی ١٩٦٨دا دەسەڵاتی سیاسیان گرتە دەست، بەشێوەیەکی هەمەلایەنترو قوڵترو بەرفراوانترو چڕتر کەوتنە داڕشتنی نەخشەو پلانی ڕاگواستنی ناوچە کوردنشینەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ملیار دیناریان خەرج کرد.[17] بۆیە پاش دەسەڵات گرتنەوە دەست بەردەوام ئەو شوێنو ناوچانەی ڕاگواستن دەیانیگرتەوە بریتی بوون لەو ناوچانەی کە هێڵی تەماس بوون لەنێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا، وەك ناوچەکانی (مەندەلی، خانەقین، جەلەولا، شەنگارو شێخانو تێکڕای ئەو ناوچانەش کەسەر بەپارێزگەی کەرکوك بوون). بەعس هەوڵی ئەوەی دەدا کەمەرێکی تەواوی عەرەبی لە دەوروبەری بەغداو کەرکوكو موسڵ درووست بکات، و هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو سێ شارەی داوە، تەنها لەشاری بەغدا

---

[15] کاوە نادر: کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستنو بەعەرەبکردندا، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٩.

[16] محەمەد سەعید سۆفی: قەزای مەخمورو دەشتی هەولێر، ل٦٠.

[17] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی ، ل١٤٤.





لەساڵی ١٩٦٨ بەدواوە نزیکەی (٢٢) هەزار کوردی فەیلی دەرکرد.[18] زیاتر لە (٢٠٠) هەزاری دیکەش راگوێزران و دەرکران، دەست بەسەر ماڵو سەرمایەیاندا گیرا، ئەویش بەتۆمەتی ئێرانی بوونیان، هەروەها دەرکردنی هەموو ئەو کوردانەی کە تۆمەتی ئێرانی بوونیان دابووە پاڵیان کە لەشارو شارۆچکەکانی عێراقدا نیشتەجێ ببوون، وەك بەغداو بەسرەو عەممارە و بەدرەو مەندەلیو شارەبانو خانەقین.[19] لەساڵی ١٩٧٠داو پاش ماوەیەکی کورت لە ئیمزا کردنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، نزیکەی (٦٠٠) یەکەی نیشتەجێ کردن لە گۆڕەپانی بەرامبەر بەگەڕەکی ئازادیو گەڕەکی ئیسکان کە دوو گەڕکی کوردنشین بوون لە نزیك ڕێگەی گشتی نێوان کەرکوكو سلێمانی دروست کراو ناویان لێنا (الكرامە)، لەگەڵ درووست کردنی کەمپێکی سەربازی لەنزیك گەڕەکی ناوبراو بەمەبەستی پارێزگاری کردنی دانیشتوانەکەی، هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢- ١٩٧٣دا ڕژێم (٥٠) یەکەی نیشتەجێی دیکەی درووست کرد لەنزیك گەڕەکی (الكرامە)و ناوی نا (المثنى)، ئەم گەڕەکە (٣) کیلۆمەتر دوور بوو لە کۆگاکانی فیرقەی دوو، لەسەر ڕێگەی کەرکوك- یاروەلی.[20] لەمانگی سێپتەمبەری ١٩٧١دا رژێمی عێراق نزیکەی (٥٠) هەزار کوردی فەیلی بەرەو سنوورەکانی ئێران ڕاپێچ کردو لەساڵی ١٩٧٢ەوە سەدان خێزانی

---

[18] شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: ئەنفال، ، ل٢٧؛ طه بابان: عالم الكورد المرعب، الكتاب الاول،ط١، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٢، ل٢٥٩.

[19] ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی، ل١٤٢ ؛ لەتیف فاتحو مەجید ساڵح: کورد قڕان، ، ل٤١، ٤٢.

[20] نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك، ل٥٥.

لەچوارده گوند* دەرکرد.[٢١] لەساڵی ١٩٧٤یشدا (١٥) گوندی هەردوو هۆزی داودەو کاکەیی تاپۆ کرایە سەر عەرەبەکان‌و کوردی لێ دەرکرا. ساڵی ١٩٧٣ بەبێ هیچ هۆیەکی تەندروستی، هۆشیاری، سیاسی (١١٨) کرێکار لە کۆمپانیای نەوت دەرکران‌و عەرەبیان لەجێگە دانرا. تەنیا لەناحیەی دوبز (٢٩) گوند کە ژمارەی خێزانی ١٧ گوندیان ٧٨١ خێزان بوو ڕاگوێزران، ئەمە جگە لە گوندەکانی یاروەلی‌و سۆنە گولی‌و گوندەکانی قەرەحەسەن‌و...هتد.[٢٢] بەعس ڕاگوێزانی کردبوو بەیەکێ لەپایە سەرەکییەکانی ستراتیجی‌ی کوردیی خۆی، بەتایبەتی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەپەلە کەوتنە جێبەجێ کردنی. هەرچەندە لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٠– ١٩٧٤) لەحاڵەتێکی ئاگر بەستدا بوون لەگەڵ کورددا، کەچی بەعس دەستی لەسیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی نەبوردوو و بەقورسترین شێوە کەوتە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی، تەنانەت خودی (صەدام حسێن) کە ئەوکات جێگری (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو، بەشداری لەو هەڵمەتە نەگریسەدا کردووەو کاتی هاتنی بۆ کەرکوك بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێ بەسەر بەیانی ١١ی ئازاردا بنچینەی گەڕەکی (وحده– حریه)ی دانا کە بووە بنچینەی شێواندنی سیمای کوردنشینی

* -کە بریتین لە گوندەکانی (حەشیشە، دەڵسی گەورە، دەڵسی بچووك، ڕەبحاوە، گرد رابیعە، تەل مەغار، ئەرغوون، سێکانی، کەراکرە، کەریمیە، سەی محەمەد. هەر لەم ساڵەدا لەناحیەی داقوقی سەر بەپارێزگای تکریت چوار گوندی ئەبو سەراج، چاووگە، مەتارە، ئەبو لاگەنین بۆ چەمچەماڵ‌و سێپاراتە ڕاگوێزران.( مراد حەکیم محەمەد: ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان، ل١٢٢، ١٢٣).

[21] مراد حەکیم محەمەد: ه.س، ل١٢٢، ١٢٣.

[22] لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٨١، ٨٢.





کەرکوك.[٢٣] ڕژێمی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٩ تا ساڵانی هەشتاکان نزیکەی (٢١٨) گوندی لەپارێزگای کەرکوکدا ڕاگوێزاوە کە دەکاتە (١١,٦٩٤) خێزانی کورد لەمەش (٣٧٪)ی ڕاگوێزراوەکانی کوردە.[٢٤]

لەگەڵ هەموو ئەو سیاسەتانەی کە بەعس بەرامبەر بە کوردی ئەنجام داوە، لەساڵی ١٩٦٨دا (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی بەعس، بەیاننامەیەکی* بۆ گەلی کورد بڵاوکردەوە کە خۆی لەهەموو ئەو دەست درێژییانەی کراوەتە سەر مافی کورد بێ بەری دەکات، بەڵکوو هەموو ئەو گوناهانەی خستۆتە ئەستۆی هەوڵ‌و سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرست‌و زایۆنیزم.[٢٥] مرۆڤ نازانێ بەکامیان باوەڕ بکات بەو بەیاننامە شۆڕشگێڕە ڕەسمیانەی کە بڵاویان کردۆتەوە، یاخود ئەوەی کەلەسەر خاك ڕوویدەداو ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی)بەعسەوە دەردەچوون کەناوەڕۆکەکەیان سەراپا بۆ ڕاگواستنی کورد بوو، هەمووشی یەك سەرچاوەی هەبوو فەرمانی یەك سوڵتان بوو کە

[23] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، ل٧٩.

[24] خلیل اسماعیل: البعد القومي للتغیرات في الحدود الاداریة لمحافظة كركوك، اربیل، ١٩٩٧، ل٢٤.

* لەبەیاننامەکەدا هاتووە: "سیاسەتی تەماوی‌و نادیار کۆتایی هات، باوەڕهێنانی شۆڕش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆتە شتێکی ئاشکراو ڕوون... ئیمپریالیزم هەستی بەو مەترسیە کردووە، بۆیە نۆکەران‌و بەکرێ گیراوانی خۆی دەجولێنێ بۆ گێرە شێوێنی‌و بەربەست دانانی لەبەردەم ڕەوتی شۆڕشی (حەڤدەی تەمموز)، بۆیە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کەسەرکردایەتی شۆڕش خاوەنی وەعدو بەڵێنەکانی خۆیان نین‌و کار بۆ تەعریب‌و ڕاگواستنی دانیشتوان بۆ ناوچەکانی تر دەکەن". (محمد هماوەندی: ڕاگواستنی کوردو زامدار کردنی دیموکراتیەت، ل٥٠).

[25] محمد هماوەندی: ه.س، ل٥٠.

بۆ مەبەستێکی خراپ بوو. ئەو سیاسەتە کە تەنها بۆ ڕاگواستنی کورد بەکاری دەهێناو بەنیازی سڕینەوەی ژیانو بوونی کورد لەو ناوچانە پەیڕەوی دەکرد، لەدوای ڕاگواستنی خەڵکەکە گوندەکانیانی بە شۆڤڵو تی ئێن تی دەتەقاندەوەو کانیو بیرو کارێزەکانیشیان دەتەقاندەوە یان پڕیان دەکردەوە، تەنانەت دارو درەختو ڕەزو باخەکانیشیان دەسووتاند، لەهەندێك شوێن نەوتیان دەکردە ژێر ڕەگی دارە گەورەکان، بەمەش حکومەتی عێراق دەیویست شوێنەواری ژیان لەو گوندانەدا نەهێڵێت و کارێك بکات کە کەس بەتەمای گەڕانەوە نەبێت بۆ گوندەکانیان.

ئەنجامی ئەم جۆرە ڕاگواستنە کە بەخێرایيو وەحشیانە دەهاتە بەرچاو بووە هۆی درووست بوونی روحی بەرەنگاری لەناو خەڵکی دێهاتەکانی کوردستاندا، ئەمەش ئامانجی سیاسەتی بەعس بوو کە بەئامرازی تیرۆرو گرتنو دوورخستنەوە هەوڵی دەدا بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەرجەم کوردە نەتەوەیی و دڵسۆز و دیموکراتخوازەکان و سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە دابڕن.

بۆیە گەلی کورد جگە لەخەباتی چەکدارانەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرسەختانەی ڕژێم هیچ دەرفەتێکی تری لەبەردەمدا نەمایەوە، تا داخوازیە ڕەواکانی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام چونکە دەوڵەتی عێراق خاوەنی توانایەکی زۆری ئابووريو مرۆیيو سوپایی ئەوتۆ بوو کە بەراورد نەدەکرا لەگەڵ ئەو ئیمکانیاتە ئابووريو مرۆیيو پێشمەرگەيیە کەمەی لەبەردەست شۆڕشی کورددا بوو، بۆیە هەمیشە جۆری ستراتیجيو جەنگی شۆڕشی کورد لەجۆری ململانێی زۆرانبازی لاواز بووە دژی بەهێز. سەدام حسێن لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی





(العراق) سەبارەت بەکێشەی ڕاگواستن بەم جۆرە دواوە: "هەندێ کاری ئیداری لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەت کراوە کە پەیوەندی هەیە بەجێگە گۆڕینی ژیانی هەندێ لە هاووڵاتیان کە لەهەندێ ناوچەی سنووری دەژیان کە ئەم ناوچانە شوێنی گرنگو ستراتیجین لەعێراقدا، هەروەها ئەو کاروانەی دوایی کەپەنابەر بوون لە ئێرانو گەڕانەوە ووڵات لەناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق نیشتەجێ کراون".[٢٦] بەم جۆرە ڕژێمی بەعسی کۆلۆنیالیست هەموو هەوڵو تەقەلای خۆی بۆ سڕینەوەی سیمای کوردانەی ئەو ناوچانە خستۆتەگەڕو لەو پێناوەشدا سەدان ملیۆن دیناری خەرج کردووە.

## ٢- بەعەرەبکردن:-

سیاسەتی بەعەرەبکردنی کورد و کوردستان، چوکڵەیەکی تری سێ کوچکەی (ڕاگواستن، بەعەرەب کردن، بە بەعسی کردن)ەکەی رژێمی بەغدا بوو، کەڕوو لەهەڵلوشینی خاکی کوردستانو تواندنەوەی نەتەوەیی کوردە، ڕوو لەوەیە نیشتمانی کورد بکاتە خاکی مێژوویی عەرەبو بەشێکیش لە کورد بەعەرەب لەقەڵەم بدا، تا لەلایەکەوە چەند بۆی دەکرێو بۆی دەلوێ کوردستانی عێراق پارچە پارچە بکاتو بەعەرەبی بکاو لەلایەکی تریشەوە دیمۆگرافی کوردستانو عێراق بگۆڕێ بەوەی بەشێك لەنەتەوەی کورد بکاتە عەرەب. واتە بەعەرەب کردن ئەوپەڕی بیری

[26] دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخە سیاسيو کۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)، ل١٢.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

شۆڤێنیزمی بەعس و حکومەتی عێراقە کە بەدرێژایی دەسەڵاتی پرۆسەی بەعەرەب کردنی خاك و خەڵکی جێبەجێکردووە.

بەعەرەب کردن واتە نیشتەجێ کردنی تاك و کۆمەڵ لە هەرێمی کوردستاندا و بنیادنانی شوێنی نیشتەجێبوونی عەرەبیە بۆیان، هەروەها مانای گۆڕینی ناوی شارو گوندو شوێنی نیشتەجێ بوون، نووسینگەو دامەزراوە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکانە بۆ عەرەبی، ئەمەش بەمانای گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی دێت بۆ بەرژەوەندی عەرەبی. مەسەلەی تەعریب کردنی ناوچەکانی کوردستان ئامانجێکی هەرە سەرەکی دەسەڵاتدارە عەرەبییەکانی ناوچەکە بووە لەسەردەمە جیاوازەکانی حوکمڕانیاندا، واتا ئەم بەعەرەب کردنە زۆر کۆنەو هەر لەسەردەمی داگیرکارییە ئیسلامیەکانەوە بە تایبەتی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابەوە (٦٣٤-٦٤٤ز) کە (بەفتوحاتی ئیسلامی ناسراوە) هەوڵەکانی بەعەرەب کردن دەست پێ دەکات،[27] هۆزە عەرەبەکان و بەتایبەتی هۆزە کۆچەرییەکان، کۆچ دەکەن بۆ عێراق و پاشان بەرەو ناوچەکانی کوردستان دێن، بەتایبەتی ناوچەی موسل و تێیدا نیشتەجێ دەبن.[28] ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی دروستکراو لەفەیسەڵەوە بۆ سەدام، جگە لەشەڕی بەئاشکراو کوشت و بڕی کوردان بەنهێنی و لەژێرەوەش هەردەم لەهەوڵی سڕینەوەی دیرۆك و زمان و داب و کلتورو کەلەپوری نەتەوەی

[27] شوان عوسمان مستەفا: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، سلێمانی،٢٠٠٢،ل٢٣٢.

[28] ناهیدە جەمال تاڵەبانی: ڕاگواستن و بەعەرەب کردن لەقەزای کفریدا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٣)، ساڵی پێنجەم، زستانی ٢٠٠٤، ل١٠؛ خليل اسماعيل محمد: مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق،اربيل، ٢٠٠١، ل٤.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

کورددا بوون و لەجێیدا نەخش کردنی دیرۆك و زمان و داب و کولتورو کەلەپوری عەرەب.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردستان هەر زادەی بیرولێکدانەوەی بەعس نیە، بەڵکوو سیاسەتێکی لەمێژینەی کار بەدەستە سیاسی و سوپاییەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و بگرە پێشتریشە، بەڵام بەعس جیا لەهەر ڕژێمێکی تری عێراق لەڕوانگەیەکی ستراتیجییەوە بۆ مەسەلەی بەعەرەب کردنی کوردستان و کورد چووە، هەمەلایەنەتر بیری لێکردۆتەوە، هێڵە گشتییەکانی ئەم سیاسەتەی داڕشتووە، توندوتیژترو دڕندانەتر و بەرفراوانتر جێبەجێ کردووە.

دەکرێ پرۆسەی بەعەرەب کردنی کوردستان بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین:

<u>قۆناغی یەکەم:</u> پێش درووست بوونی دەوڵەتی عێراق، لەسەردەمی مەمالیك و مەدحەت پاشادا کە لەپێناوی هەندێ ڕیفۆرمدا چەند خێڵێکی ڕەوەندی عەرەبی لە کوردستاندا نیشتەجێ کران، ئەو شوێنانەش بریتی بوون لە (دەشتەکانی مەندەلی و بە لەدروزو قزلربات و چەند تیرەیەك لە خێڵەکانی (ڕەبیعە)، ئیبن ئەوس و جبور نیشتەجێ کران)، هەروەها لەدەشتی نێوان کفری و دووز تا ئاوە سپی خێڵی بەیاتی بەڕەگەز مەغۆل تێکەڵ بە خێڵە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە بوون.[29] چەند تیرەیەکی

[29] کاوە نادر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، گۆڤاری سەرخۆبوون، ژمارە (٧-٨)، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٩، ٣٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

(کرێوی‌و لهێب) لە دەشتەکانی قەرەتەپە نیشتەجێ کران، لەناوچەی حەویجەی نێوان زێ بچوک‌و ئاوە سپی هەندێك لە خێڵی عوبێدی تێدا نیشتەجێ کران، لەدەشتی قەراج‌و گەیارەو شەرگات هەندێ لەمەڕ لەوەڕینەکانی عەرەبی (شەممەرو ئەبو حەمران‌و تەیی‌و جبور)، نیشتەجێ کران و لەناوچە جوداکانی موسلیش، هەندێك لە خێڵی تەیی‌و شەممەر نیشتەجێ کران.[٣٠]

<u>قۆناغی دووەم:</u> ئەم قۆناغە سەرتاسەری سەردەمی پاشایەتی عێراق دەگرێتەوە، دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق نە قولاییەکی مێژوویی و نە سوپایەکی بەهێزو مۆدێرن و نە ئابووریەکی بەهێز و توانایەکی مرۆیی ئەوتۆی لەبەردەستدا بوو، لەبەر ئەوە سیاسەتی بەعەرەب کردن لەم قۆناغەدا لە ڕێیەکی توندوتیژانەوە نەبوو، بەڵکە بەشێنەیی‌و لەسەرخۆ و بەخشکەیی ئەنجام دراوە، هەندێ ناوچەی کەمی گرتۆتەخۆ کەدرێژە پێدان‌و تەواوکەری قۆناغی یەکەمی بەعەرەب کردن‌و چەسپاندنی بیری عێراقچێتی بووە لەمێشکی کورددا، تا بەو دەوڵەتە تازەیەو ژیان لەچوارچێوەی دا قایل بن.[٣١] دیارترین ئەو ناوچانەی کە تەعریب کراون لەوماوەیەدا (موسڵ، خانەقین، کەرکوك‌و شارەبان) بوون. لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥– ١٩٥٨) چەندین خێڵاتی عەرەبی لە (حمدانی‌و کلیبات) لە

30 شیخ صدیق: پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد لە مێژوودا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٥؛ کاوە نادر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی‌و ڕاگواستن‌و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، ل٣٠.

31 ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق، ل٢٣٦.





پڕۆژەکانی حەویجەو شەنگارو لەتیفیەو دوجێلە نیشتەجێ کران.[٣٢] ئۆردووگای تایبەتیان بۆ دروست کردن، لەداقوق بەمانە دەڵێن (١٠) هەزاری، واتە لەو کاتەدا هەر خێزانێك بڕی (١٠) هەزاریان لە ڕژێم وەردەگرت، لەبەرئەوەی عەرەبن‌و هاتوونەتە سەر خاکی کورد، بۆیە دەبێ پادداشت بکرێن.[٣٣] لەچلەکاندا هەزاران کەس لەخەڵکی مەندەلی‌و خانەقین‌و قەرەخان (جەلەولا)و لە کوت (بەدرە و جەسان) بەبیانوی ئێرانی بوون ئاودیوی ئێران کران‌و عەرەبی دواکەوتوویان لە شوێنیان نیشتەجێ کرد، هەروەها بەشێك لەناوچەکانی موسڵ بەر شالاوی بەعەرەب کردن کەوت، ناوچەی قەراج زیاتر بەعەرەب کراو خێڵی (سنبس)یان بۆ هێناو لەگەل بەشێك لەهۆزەکانی تر.[٣٤] هەروەها لەناوچەی موسڵ (شەنگارو خەزەر) بەر شالاوی بەعەرەب کردن کەوتن‌و تەنانەت ژمارەی نیشتەجێ تازەکانی عەرەب لەساڵانی (١٩٥٣– ١٩٥٦)دا گەیشتە ٤٠٠ گوند و نزیکەی ١٧٢ گوندی دیکە لە خودی ناحیەی شەنگاردا بەعەرەب کران.[٣٥] هەر لەو ماوەیەدا حکومەتی پاشایەتی ڕایگەیاندبوو کە بەنیازی نیشتەجێ کردنی خێڵە کۆچەرییەکانە، بۆیە چەند کەسێك لە کورد وەك حامد بەگی جاف داوایان لە حکومەت کرد کەبەشێك لە عەشیرەتی جاف کە کۆچەری بوون و لەکەلارو کفری دابوون بگوازرێنەوە بۆ حەویجەو

32 کاوە نادر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی‌و ڕاگواستن‌و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، ل٣٠؛ ئەمیر خواکەرەم: رەوشی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی ڕاگوێزراوان، ل٧١.

33 کاوە نادر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی‌و ڕاگواستن‌و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، ل٧١.

34 ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق، ل٢٣٦.

35 شیخ صدیق: پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد لە مێژوودا، ل٢٦" کاوە نادر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی‌و ڕاگواستن‌و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، ل٣٠.

لەوێ نیشتەجێ بکرێن، بەڵام یاسین هاشمی گوێی بەو داوایە نەداو لەجیاتی کورد عەرەبی هێنا لەبەرامبەردا حامد بەگی جاف کە قائمقامی چەمچەماڵ بوو دەستی لەکار کێشایەوە.[٣٦]

**قۆناغی سێیەم:** سەردەمی نێوان (١٩٥٨– ١٩٦٣) دەگرێتەوە، ئەگەرچی ماوەی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم کورت بوو و سیاسەتی بەعەرەب کردن تا ئەندازەیەکی زۆر کەم ببۆوە، بەڵام بوونی هەر هەبووەو ئەوانەی دەورانی پاشایەتی هەڵنەوەشاوەتەوە، بۆ نموونە لەناوچەکانی زەمارو شەنگارو ناوچەکانی سنووری عێراق‌و سووریا چەند خێڵێکی عەرەبی هێنایە سەر زەوی‌و زاری کوردان.[٣٧]

**قۆناغی چوارەم:** کە ساڵەکانی (١٩٦٣– ١٩٨٧) دەگرێتەوە پڕمەترسی ترین قۆناغە سەبارەت بەگەلی کورد، چونکە لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەم سیاسەتە جێبەجێ کراوەو توانای سوپایی‌و دارایی زۆریشی بۆ تەرخان کراوە.[٣٨]

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی‌و چوونە سەر حوکمی بەعسییەکان، بارودۆخ لەعێراقدا بەرەو ئاراستەیەکی دیکە ڕۆیشت‌و بەرەگەز پەرستی‌و پاکتاوکردنی نەژادی گەلی کورد ناسرا، شەڕی بەردەوامی دەوڵەت لەدژی گەلی کورد، دژوارترین شێوازەکانی سەرکوت کردن‌و کوشتن‌و لەناو بردنیان بەکارهێناوە.[٣٩] ئەگەرچی بەعس لەماوەی

36 لەتیف فاتح، مەجید ساڵح: کورد قڕان،ل٣٥.

37 کاوە نادر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی‌و ڕاگواستن‌و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، ل٣٠، ٣١.

38 ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق ، ل٢٣٨.

39 محەمەد رەئووف عەزیز: ئەنفال‌و ڕەهەندە سیۆسیۆلۆجیەکان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٢.





یەکەمی دەسەڵاتیدا تەنها (٩) مانگ لەسەر دەسەڵات مایەوە، بەڵام لەو ماوە کەمەی دەسەڵاتیدا توانی گەلێ ناوچەی کوردستان ڕاگوێزێت‌و بەعەرەبی بکات، کە گرنگترین ئەو ناوچانە کەرکوك بوو.* لەئەنجامی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە ١٩٦٣/٦/١١ تا ١٩٦٣/٧/٢٣، سەرجەم (٨٧٥) گوند وێران کرا، هەروەك لە ڕاپۆرتی ژمارە (٢٤)ی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی لەلەندەن دا هاتووە کە ڕژێمی عێراق لەنێوان ساڵەکانی (١٩٦٠– ١٩٧٠)دا نزیکەی (٤) هەزار ماڵی کوردی لە (٧٠٠) گونددا وێران کردووە، (٣٠٠) هەزار کەسیش ئاوارە بوونەو (٦٠٠) هەزاریش شەهیدو بریندار بوون،[٤١] بەڵام دوای گەڕانەوەی بەعس بۆ سەر حوکم لە ١٩٦٨دا گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان ئاراستەیەکی تری وەرگرت، ڕژێمی تازە پلانێکی نوێی بۆ سیاسەتی خۆی داڕشت، کە ئامانجی سەرەکی گۆڕینێکی ڕیشەیی بوو لەباری نەتەوەییدا، بەتایبەتی

* -(لەقەزای دووبز گوندەکانی قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قوشقایە، قەڵای عەربەت، هەنجیرەی بچووك، قوتانی خەلیفە، قوتانی کوردەکان، سێکانیان، شۆراوە، باجوان، گورگەچاڵ، شێخان، نادر ئاوا، دڕکەی کوردان، عەلاغێر، مامە، شیر ناو، تەقتەق، کونەڕێوی، چەخماخە، مەڵحە. لەناحیەی سەرگەڕان گوندەکانی جاستان، دەربەند، سەر بەشاخ، بەرکانە، عەولا فات، سارەلو، شناغە، دڕکەی گەورە، دڕکەی بچوك، چەرت، کێشمە، تەل هەلالە، گەزوە شان، گەڕاو) ئەم ناوچانە بە عەرەب کران‌و خێڵی بەدوی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرا. لەقەزای مەخمور لە ناحیەی کەندێناوە گوندەکانی (کەندار، گاوەرە، خدرجە، چیخلۆك، دێمە کار، جانە، چەغەمیرە، تیکالۆ، عاڵلا، کەنداڵە قەڵ، بیرە بات، جاستان، پەڕکانە، دەربەند، تووچ، غەرابە، گا بەڵەکە، چەرت، حاجی شێخان، دارە خورما، حەمە بڵباس، خۆشاو، دەرمانـاوە) (ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق, ل٢٣٨؛ کاوە نادر: کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن‌و بەعەرەبکردندا، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٤.).

41 وەرگیراوە لە محەمەد رەئووف عەزیز: ئەنفال‌و ڕەهەندە سیۆسیۆلۆجیەکان، ل٤٤.

مه کتەبی بیرو هۆشیاری

له كەركوكدا.[٤٢] لەساڵی ١٩٦٨دا دەست كرا به جی بەجێ كردنی پرۆسەی بەعەرەب كردنی كەركوك. عەرەب ئەوەی كردووه به دروشمو لەجیهانیشدا بەگشتی باوەو چەسپاوه كه (نەوت چەكێكی زۆر كاریگەره، بۆیه لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزرێنراوه لەناوەڕاستی ساڵانی بیستەكانەوه بڕیار بەدەستەكانی عێراق لەهەوڵی تەعریب كردنی كەركوك دا بوونو لەچوارچێوەی یەك پلانو نەخشەی ستراتیجیی گشتیدا كاریان بۆ كردووەو هەمیشه تەواوكەری یەكتر بوون، لەپێناو پارسەنگ كردنی تەرازووی باری نەتەوەیی كەركوك بەلای بەرژەوەندی باڵای عەرەبیدا، بەمەبەستی مسۆگەركردنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب لەسەر كیانی كوردستان بەپێی ئایدیۆلۆژیای خۆیان تا كورد توانای نەبێت چەكی نەوت بەكاربهێنێ، چونكه چەكێكی زۆر كاریگەرەو یەك لەبنەماكانی دروست بوونی دەوڵەتی كوردی لێ بەدەست دەهێنرێت.[٤٣]

بەعس لەپێناو بەعەرەب كردنی شاری كەركوكدا بە زۆره ملێ دانیشتوانەكەی لەزێدی باوو باپیرانیان دەردەكردن و لەپاش سوكایەتی پێكردنێكی زۆر بێ ویژدانانه ڕەوانەی ناوچەكانی تری دەكردن، هەزاران كورد ماڵو لانەیان لێ تێك دەدراو دەست بەسەر سامانو ماڵیاندا دەگیرا. لەم پێناوەشدا بەعس هەڵدەستا بەگۆڕینی ناوی شارۆچكەو گەڕەكو

---

[42]نوری طالبانی: كانت مدينة كركوك جزءا من اماراتی اردلان وبابان، مجلة كركوك، عدد (٢)، سنة (٤)، ٢٠٠٢، ل١٦٥.

[43] ئەحمەد عەزیز: كوردستانیەتی كەركوك لە ئنسكلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریكا، گۆڤاری كەركوك، ژماره (٤)، ساڵی چوارەم، بەهاری ٢٠٠٣، ل٦١، ٦٢؛ ناهیده جەمال تاڵەبانی: ڕاگواستنو بەعەرەب كردن لەقەزای كفریدا، گۆڤاری كەركوك، ژ(٣)، ل١٠.





مه کتەبی بیرو هۆشیاری

شەقامو قوتابخانەو شوێنه گشتیەكان كه كوردی بوون، و ناوی عەرەبیو مێژووی ئیسلامیان لەجێیان دادەنا. لەوانه گۆڕینی ناوی پارێزگای كەركوك بۆ (التأميم) بەهۆی خۆماڵی كردنی كۆمپانیا بیانییەكانی نەوت كه له عێراقدا كاریان دەكرد، بەڵام مەبەستی سەرەكی لەم گۆڕینەدا بە عەرەب كردنی ناوی پارێزگەكەبوو، چونكه پرۆسەی خۆماڵی كردنەكە هەموو كۆمپانیاكانی نەوتی دەگرتەوه كه لەعێراقدا كاریان دەكرد نەك هەر تەنها كەركوك.[٤٤] هەروەها گۆڕینی ناوەكانی شۆڕیجه بۆ رسالةو ڕەحیماوە- اندلس، قەره هەنجیر- ربيعا، ساحه احمد ئاغا- ساحة البعث، اخور حسين- اخی حسين، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبژاردنی ناوی نەتەوەیی عەرەبی لەو جێنشینانەی كه دروست دەكران بۆ عەرەبه هاوردەكان، وەك (قادسية، النصر، الوحدة، العروبة) كەلەسەر ئەرزی كورد بەشێوەیەكی نایاسایی دروست دەكران یاخود بەپارەیەكی زۆر كەم لەخاوەنەكانی دەكڕران ، دوایی دابەش دەكرا بەسەر عەرەبداو پێدانی پاره بۆ دروست كردنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، كه تەنها مەبەستیان گۆڕینی باری دیموگرافی بوو لەناوچەكەدا.[٤٥]

بەعەرەب كردن بوارەكانی ڕۆشنبیریو خوێندنیشی گرتبۆوه، بەرنامەی پەروەردەی خوێندن بە ڕوحێكی بەعسیانه كاری بۆ دەكرا تەنانەت زمانی كوردی وەك زمانێكی فەرمی لە كوردستاندا پشتگوێ خراو لەزۆربەی قوتابخانەكانو كۆلیجەكانی كوردستان زمانی عەرەبی

---

[44] نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەبكردنی كەركوك، ل٦٣.

[45] جليل محمد شريف: الاثار الاجتماعية للتغير الديموغرافی كركوك نموذجا، گۆڤاری كەركوك ، ژماره (١)، ساڵی حەوتەم، هاوینی ٢٠٠٥، ل٢٠٣.

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

سەپێنرابوو.[46] هەروەها گواستنەوەی سەرجەم فەرمانبەرە بچووك‌و كرێكارە كوردەكان كە لەشوێنە جیاوازەكانی دەوڵەتدا كاریان دەكرد بۆ دەرەوەی كەركوك‌و هێنانی عەرەب بۆ جێگەیان‌و ئەو فەرمانبەرە كوردەی كە كەركوكی بەجێ دەهێشت بۆی نەبوو بگەڕێتەوە بۆ كەركوك تا دوای ئەوەی خانەنشین دەكرا یاخود وازی لەكارەكەی دەهێنا بەهەر هۆیەكەوە بوایە.[47] بەپێی نوسوراوێكی وەزارەتی نەوت ژمارە (١٨٠٣) لە ١٩٧٤/٢/١٤دا فەرمانی گواستنەوەی (٢٨) ئەندازیارو كرێكاری میكانیكی كوردی لەكارگەی دەرهێنانی گۆگردی كەركوكەوە بۆ سلێمانی‌و هەولێر دەركردووە، هەر لەو زانیاریانەدا ئاماژە بۆ لیستەیەكی دیكەی گواستنەوەی كرێكارانی كوردی دەزگەی تەلەگراف‌و پۆستەو تەلەفۆن لە كەركوكەوە بۆ شارەكانی دیكە كراوە.[48] لەهەمان كاتدا قەدەغەكردنی فرۆشتنی زەوی‌و زار بەغەیری عەرەب یاخود قەدەغەكردنی كڕینی زەوی‌و خانوو لەلایەن كوردەوە بەهیچ شێوەیەك، هەروەها دائیرەی شارەوانی ئەوەی قەدەغە كردبوو كە مۆڵەت بدات بۆ دروستكردنی یاخود چاككردنەوەی خانوو، تەنانەت ئەگەر پێویستی بەچاككردنەوەش هەبێ.[49] جگەلەوە درووست

46 دلێر ئەحمەد: ئەوبارودۆخە سیاسی‌و كۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)ی تێدا لەدایك بوو، ل١٤.

47 نوری طالبانی: كانت مدینة كركوك جزءا من اماراتی اردلان وبابان، ل١٦٦.

48 وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی برایەتی: بەردەوام كرێكارانی كوردی كەركوك دوور دەخرێنەوە، ژمارە ٢٦/٨٦، ڕۆژی شەممە، ١٩٧٤/٣/٢، ل١.

49 نوری طالبانی: كانت مدینة كركوك جزءا من اماراتی اردلان وبابان، مجلة كركوك، ع(٢)، ل١٦٦.





مه کته‌بی بیروهۆشیاری

كردنی دەیان گەڕەكی عەرەبی لە كەركوك یەكێكی تر بوو لەسیاسەتەكانی بەعەرەب كردنی كوردستان.[*]

زۆربەی ئەو ناوچانەی كە لەو ماوەیەدا بەعەرەب كرابوون بریتی بوون لەناوچە نەوتیەكانی (كەركوك، موسڵ، باقوبە، دهۆك، هەولێر) بەبیانووی ئەوەی ئەو ناوچانە مەترسی دەرەكی‌و نێوخۆ لەسەر دوا ڕۆژی عێراق درووست دەكەن،

لەساڵی ١٩٦٥دا دیاردەیەك بەڕوونی بەرچاو دەكەوت ئەویش گەشەكردنێكی خێرای دانیشتوانی حەویجەبوو كە ساڵانە نزیكەی ٦٪ ئەم ڕێژەیە سێ بەرامبەری ڕێژەكانی گەشەی دانیشتوانی پارێزگەكە بوو، هەروەها پێكهێنانی ناحییەكانی ئامرلی‌و سلێمان بەگ‌و لكاندنیان بەقەزای دوز خورماتووەوە، و قرتاندنی ناحییەكانی پێبازو شێروانە لەقەزای كفری‌و لكاندنیان بەقەزای كەلارەوە.[50]

پاش بەستنی ڕێككەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان عێراق‌و ئێراندا كۆمەڵێك گۆڕانكاری ڕوویدا لەوانە لكاندنی قەزای دووز بە تكریتەوە (صلاح الدین) بێجگە لەناحیەی داقوق كە خرایە سەر قەزای كەركوك، هەروەها لكاندنی قەزای كفری بە دیالەو لكاندنی چەمچەماڵ‌و كەلار بە سلێمانیەوە.[51]

* - لەوانەش گەڕەكەكانی (حی الكرامة، حی المثنی، عمل الشعبي، حی الضباط، حي البعث، حي الواسط، دور السكك، حي غرناطة، حي الاشتراكي، حي الحجاج، دور الامن، دور الضباط، حي قتيبة، ...هتد)( لەتیف فاتح فەرەج: كوردو كەركوك، ل٧٥.).

50 ئەمیر خوا كەرەم محەمەد: ه.س،ل٧٨.

51 ه.س.پ، ل٧١، ٧٩.

ئامانجی سەرەکی ڕژێم بە ئاشکرا بۆ دابڕینی ئەو قەزا کوردییانە بوو لەپارێزگەی کەرکوك تا بیسەلمێنێ کە کورد لەو شارەدا کەمایەتییە. هەروەك لە ووتەیەکی (عەلی حەسەن مەجید)دا دەردەکەوێ کاتێك دەبێت بە لێپرسراوی (مکتب تنظیم الشمال) دەڵێ: "کەمن هاتم ڕێژەی عەرەبو تورکمان لە کەرکوکدا لە ٥١٪ زۆرتر نەبوو، پێش هەموو شتێك من ٦ ملیۆن دینارم سەرف کرد تا گەیشتمە ئەو ئاستە، بەڵام ئەو هەموو عەرەبەمان هێناوە، ڕێژەکەیان گەیاندە ٦٠٪ دواتر بڕیارێکمان دەرکرد ڕێگەم نەدا کورد لە کەرکوکدا کار بکات، هەروەها لە نزیکی شارو گوندەکانی دەوروبەری دا... هەرکەسێك بگیرایە دەبوایە بێ دوو دڵی بکوژرایە ".[٥٢]

### ٣- بەبەعسی کردن (تبعیس):

سیاسەتی بەبەعسی کردن لایەنێکی دیکەی سیاسەتە شۆڤێنیەکانی سێکوچکەی بەعسیەکانە بۆ شێواندنی بیری نەتەوایەتیو سڕینەوەی هەستی نیشتمانی لەلای ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بەلای بەعسەوە جەماوەر وەك ئامراژە بۆ تەواوی ئەو بنکە حیزبیە بەکاردێت، کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەون تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی ترازاندنی هەردوو زاراوەی حیزبو جەماوەر چ لەڕووی تیۆریەوە یاخود لەڕووی پراکتیکییەوە

52 وەرگیراوە لە: محەمەد رەئوف عەزیز: ئەنفالو ڕەهەندە سیۆسیۆلۆجیەکانی، ل٥٠؛ ئەحمەد عەزیز: کوردستانیەتی کەرکوك، ئنسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا، گۆڤاری کەرکوك، ل٦٢، ٦٣.





دەبێتە شتێك کەنەتوانرێ لێك جودا بکرێتەوەو گۆڕینی ئەم زاراوەیە بۆ زاراوەیەکی سەرەکی تەنیا بەمەبەستی حاشاکردن دێت لە ئینتیما بۆ کەمایەتی کە سیفەتی هەرە گەورەی کولتوری فاشییەتە.

بەعس لەگەڵ چوونە سەر کورسی دەسەڵات ئازادی سیاسی حیزبی قەدەغە کردو کەوتە ڕاوەدونانی نا بەعسیەکانو ئازادی سیاسی ئاشکرای تەنیا بە پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی ڕەوا دەبینێ، هەرچەندە بەعس ئەوەی بەڕەوا نەدەبینی کەناوی حیزبەکەی بگۆڕێو بیکا بە (پارتی بەعسی عێراقی سۆسیالیستی) لەبەر خاتری کوردو کەمایەتیەکانی تر، کەچی بە ڕەوای دەزانی بەزۆر گەلانی ناعەرەب ڕاکێشێتە نێو پارتەکەیەوە.[٥٣]

بەعساندن بەلای پارتی بەعسی عەفلەقیەوە شێوەیەك بووە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبو پاراستنی ئاسایشی پارتی بەعسو تواندنەوەی نەتەوەکانی تر لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبیدا، بەعس ئاسایشی بەم جۆرە بەکارهێناوە (بۆ مانەوەی خۆتو بەگژاچوونەوەی مەترسی سەرکوتی بەرامبەرەکەت بکە).[٥٤] هەر چەندە سیاسەتی بە بەعسی کردن لەساڵی ١٩٦٣ەوە سەری هەڵداوە، بەڵام پەرەسەندنی بەشێوەیەکی فراوانو توندوتیژ لەپاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلولەوە دەستی پێ کردووە.

53 بەختیار عەلی: خوێنەری کوشندە، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨؛ لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٨.

54 لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٨.

بەبەعسی کردن خەسڵەتێکی تۆتالیتاری گشتی هەبوو، هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە کاربەدەستو فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون، ئەوەی پابەندی مەرجەکانی ڕژێم نەبووایە دووچاری بێ کاریو دەرکردن لەکار دەبۆوە، بێ گومان ئەم سیاسەتەی ڕژێم تەواوی خەڵکی بێ لایەنیشی گرتبۆوە، بوون بەبەعسی ئیجباری بوو، ئەوانەی دژی بەبەعسی بوونیش بوون فشاریان لەسەر بوو، چونکە ئەرکی پەروەردەییان لە ئەستۆ بوو.[٥٥] بەعس بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا کە زۆرترین ژمارەی کورد بکات بەبەعسی،[*] ئەم شاڵاوەش بەتایبەتی لە ڕیزەکانی خوێندکارانو لاوانو مامۆستایاندا بەڕادەیەکی زۆر پێڕەو دەکرا،بەر لەوانە دەزگاکانی سوپاو پۆلیس و شوێنە گرنگەکانی تری گرتەوە. ئەو هەوڵانەو هەڕەشەی تۆقاندن لە لایەك، و لەلایەکی تریشەوە لەخشتە بردنو پاداشتیان لەگەڵ دابوو، هەروەها هەوڵێکی زۆریش لەگەڵ ئەوانەدا دەدرا کە لەدوای هەرەس تەسلیم ببوونەوە بۆ ئەوەی بیانکەن بەبەعسیو نۆکەری خۆیان.[٥٦**] بۆیە دەستە دەستە فەرمانبەرو کرێکارو مامۆستاو خوێندکارو کاسبکارو جوتیارو موختاری کورد بانگ دەکرانو هەڕەشەی دەرکردنو نان بڕانیان لێدە کرا، یان پلەو پایەو ئیش پێدانیان دەخستنە بەردەم،

---

[55] دلێر ئەحمەد: ئەوبارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)ی تێدا لەدایك بوو، ل١٥.

* –ئەمە لاسایی کردنەوەیەکی کتومتی حزبی راستاخیزی شای ئیران بوو کە لە ماوەی یەك رۆژدا پێنج ملیۆن ئیرانی کردە ئەندامی ئەو حیزبە.

**–بریارێك دەرچوو لەلایەن رژێمەوە کە ئەوانەی سەر بەشۆرش بوون و گەرابوونەوە و خۆیان دابوو بەدەست هێزەکانی دەوڵەتەوە" العائدون الی صف الوطنی" بۆیان نیە هیچ چالاکیەکی سیاسی بکەن ئەو جا کەوتنە بەر فشاری بەبەعسی کردن.

[56] شۆڕش حاجی رەسوڵ: ئەنفالی کوردو دەوڵەتی عێراق، ل٣٥.





تەنها بۆ ئەوەی ببن بەبەعسیو ئەوەی لەم خۆماندوو کردنو زەبرو زەنگ نواندنەشدا بۆیان دەکرا بەبەعسی بریتی بوون لەچەند سەد کوردێك کە لەکۆمەڵی کوردەواریدا بە گەندو گو و پۆخلەواتی حیزبو تاقمەکانی تری کۆمەڵ ناسرابوون،[٥٧] چونکە زۆرێك لەو سەرۆك خێڵانەی کە هەمیشە لەگەڵ ڕژێم بوونو چەکیشیان بۆ هەڵگرتبوون، و زۆریش خزمەتیان کردبوون، چاویان لەوە بوو کەوا ڕژێم چاودێری تایبەتی ئەوان بکاتو ناوچەکانیان رانەگوێزرێ، بەڵام ڕژێمی بەغدا، دەستی نەپاراست نەك هەر لە رۆڵە دڵسۆزو شۆڕشگێڕەکانی گەل، بەڵکوو هەموو دانیشتوانی کوردستانو تەنانەت هەموو جاشو سیخوڕ و بەکرێ گیراوانی خۆیشی گرتەوە.[٥٨] بە بەعسی کردنی شارو چارۆچکەکانی کوردستان لەسەر چەند بنەمایەك دەکرا لەوانە، دامەزراندنی بەعسیە عەرەبەکان لەدامو دەزگەکان، هەروەها بەعساندنی خوێندنو دابەش کردنی گەڕەکەکان لەسەر بنەمای یەکەی حیزبیو بەعساندنی بەزۆر.[٥٩] ئەم بەبەعسی کردنەی کورد بۆ ئەوە نەبوو تا رژێم هەوڵ بدات دۆستایەتی کورد بۆخۆی دابین بکاتو لەقینی بێگانەو تەفرە خواردن بیان پارێزێ، یاخود دوژمنانی عێراق لەخشتەیان بەرنو بیانکەنەوە بەگژ حوکمی عێراقدا، بەڵکو لە راستیدا بۆ بەگژاچوونو لاوازکردنی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانو

---

[57] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوەو لەناو بازنەدا، ل٤٩.

[58] حیزبی سۆسیالیستی کوردستان: دەزگەی راگەیاندنی ناوەندی، جاشایەتی لە کوردستاندا، ١٩٨٠، ل٨.

[59] لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٨.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تێکدانی شیرازەی کۆمەڵی کوردەواری بوو.[٦٠] مەرسوم لەدوای مەرسوم بڵاویان دەکردەوە کە بۆ هیچ لایەنێك نیە کاری سیاسی لەناو کوردا ئەنجام بداتو بۆ هەر کوردێکیش لەناو پارتی بەعسدا نەبێت قەدەغەیە کاری سیاسی ئەنجام بدات.[٦١]

بەعس گرنگیەکی زۆری بەلاوان دەدا تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت کار بکاتە سەر کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە سەدام حسێن پێی وابوو کە هەوڵو تێکۆشانی بەعسییەکان لەیەك سەنگەری چالاکییدا کۆ بکرێتەوە، ئەویش لەناو چینی کرێکاران و بەتایبەتی لەناو توێژی لاواندا کەپێیان وایە ئەمە گرنگییەکی زۆری دەبێت بەتایبەتی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، هەر لەنێو توێژەکانی لاواندا دەتوانێت ڕێگرییەکانی بەردەم ئێستەو دواڕۆژ لەنێو ببرێت، چونکە بچووك گەورە دەبێتو دەبێت بەبەعسی، و کەسانی تریش لەنێو چینەکانی تردا گەورە دەبنو هەڵگری هەمان بۆچوون دەبنو ئەوانەی دەمرن هیچ شتێك لەپاش خۆیان بەجێ ناهێڵن، بەو شێوەیە بەتێپەڕبوونی کات دەبینین بزووتنەوەکانی تری غەیرە بەعس جێگەیەکی کەمتریان گرتووە لەنێوەندی جەماوەرداو کاریگەرییان کەمتر بۆتەوە لەچاو ئێستەو ڕابردوودا.[٦٢] ڕژێمی بەعس هەر لەپێناوی زیاتر بەعساندنی کوردستاندا خوێندنگەو قوتابخانەکانیشی لەو هێرشە بێ

[٦٠] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوەو لەناو بازنەدا، ل٥١.

[٦١] فاتح رەسولّ: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ب١، سوید، ١٩٩، ل٣١، ٣٢.

[62] صدام حسین: مؤشرات العمل في المنطقة الحكم الذاتی،، ١٩٧٥/١٢/٧، نص حديث الرفيق صدام حسين نائب امين سر القطر الى كوادر الحزب في فرع الشمال بتاريخ ١٩٧٥/١٢/٧. بدون مكان و سنة الطبع، ل٣٧، ٣٨.





بەش نەکردبوو، لەسەرەتاییەوە تا دەگاتە کۆلێژ، بێ ڕەچاوکردنی تەمەن لەڕێگای (طلائعو فتوەو سەربازگەی هاوینەی خوێندکارانەوە) کەوتە بەعساندنی منداڵو گەنجو لاوەکان، خودی صەدام حسێن بۆ ڕاکێشانی لاوانو خوێندکاران بۆ ڕیزی بەعس دەڵێت: "نكسب الشباب لنضمن المستقبل"واتا لاوان بەدەست دێنین تا ئایندە مسۆگەر بکەین.[٦٣] ڕژێمی بەعس هەر بەوە وازی نەهێنا کە مامۆستا کوردەکان بکات بەبەعسی، بەڵکوو بۆ زیاتر بەبەعسی کردنی خوێندکاری کورد وردە وردە کەوتە هێنانی مامۆستای عەرەبی بەعسی بۆ خوێندنگەکانی کوردستان بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی بڕیاری بەزۆر بە بەعسی کردنی تەواوی خوێندکارانی کورد.[٦٤]

بەعس پرۆگرامێکی تازەی داڕشتبوو کە لەگەڵ فکرەو ئایدیای سیاسی خۆی هاوجووت بوو، بەگوێرەی ئەم پرۆگرامە مامۆستایان دەبوایە بە بیروباوەڕی بەعسیانە بیر بکەنەوەو نەوەی تازەش بە بیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەبی بەعسی پەروەردە بکەن. هەر بە ئامانجی جێ بەجێ کردنی ئەم پلانە حکومەتی بەعس دەستی کردبوو بە درووستکردنو دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی (طلائع، شبیبە، فتوة) کە هەموویان ڕێکخراوی لاوانو هەرزەکاران بوون بەنیازی بەبەعس کردنیان، پارەو پولێکی زۆری بۆ تەرخان کردبوون.[٦٥] لە زۆربەی پەیمانگاو کۆلێژەکاندا

[63] وەرگیراوە لە لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٩.

[64] جەمال شێخ نوری: وێرانکاریو تاوانەکانی بەعس لەبیرەوەریەکانمدا،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٩.

[65] دلێر ئەحمەد: ئەوبارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)ی تێدا لەدایك بوو، ل١٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەرجی وەرگرتن ئەوە بوو کە خوێندکار پشتگیری پارتی بەعسی پێ بێت، هونەرە جوانەکان‌و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان مەرجی سەرەکییان بۆ وەرگرتنی خوێندکار ئەوە بوو بەعسی بێت، بەم هۆیەوە دەیان خوێندکار هیواو ئاواتەکانیان دەکوژراو نەیان دەتوانی درێژە بەپرۆسەی خوێندن بدەن، سەربازگەی هاوینەی خوێندکاران کە ڕژێم لە هاویندا بۆ مەشقی خوێندکاران لەشێوەی مەشقی سەربازی‌و چالاکی سەربازی دەیکردەوە، هەر خوێندکارێك بەشداری نەکردبایە ئەوا دەردەکراو بە ئاسانی وەرنەئەگیرایەوە.[٦٦]

شان بەشانی ئەو هەنگاوانەش کە درەهەق بە کورد دەکران دەست کرا بەدەستکاری کردنی بەرنامەکانی خوێندن‌و ڕادیۆو تەلەفزیۆن‌و گۆڤارو ڕۆژنامەکان، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە فەرهەنگ‌و مێژووی کورد بشێوێنیٚ‌و فەرهەنگی بەعس بئاخنێتە مێشکی لاوانەوە، هەروەها دەستی کرد بەمەشقی (طلائع و فتوة) لەهەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا تا بتوانرێت هەر لە منداڵییەوە کورد بوونی خۆیان لەبیر بەرنەوەو فەرهەنگی بەعس لەمێشکیاندا بچەسپێنن، بۆ ئەوەی ئەو کارە سەربگرێت دەست کرا بە بەعسی کردنی مامۆستایان‌و دەزگەکانی خوێندن‌و پەروەردە، هەر خوێندکارێکی کورد ڕووی بکردایەتە خانەی مامۆستایان‌و بۆ ئەوەی وەربگیرێت لەپێشدا دەبوایە فۆڕمی بەبەعسی بوون ئیمزا بکات، جگەلەوە لە زۆر فەرمانگەو دام‌و دەزگەکانی دەوڵەتیشدا بۆ ئەوەی کورد کارێکی پێ بدرێت ناچار دەکرا ببێ بە بەعسی‌و لەهەموو فەرمانگەکانیشدا

[66] لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل٧٩.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەعسییەکیان بەناوی (ضابط الامن)ەوە دەکردە کوێخایان. جگە لەوەش کە بۆ پلەبەرزکردنەوە دەبوایە بەر لەهەموو شتێك ببوایە بەبەعسی.

هەزاران ئەفسەرو سیخورو پۆلیسی نهێنی، کە پێشتر بە بیروباوەڕی شۆڤێنیانەی عەرەبی پەروەردە کرابوون‌و مەشقی تایبەتیان پێ کرابوو دەنێردرانە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ئەوانە بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکانی بەعس چەندین جۆرە خەڵات‌و ئیمتیازاتیان پێ دەدرا، وەك ئۆتۆمۆبێل، خانوو، خەڵاتی ژن هێنان‌و چەندین شتی تری لەو جۆرە.[٦٧] ئەمانە لەلایەن دەزگاو مامۆستای تایبەتەوە فێری زمانی کوردی و چۆنیەتی تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگای کوردی دەکران بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و شێواندنی.

بەبەعسی کردن پەیوەندی بەنەخشەی ئەمنی ستراتیجی ڕژێمەوە هەیە، ئەو ئەمنی ستراتیجیە کە لەڕوانگەیەکی شۆڤێنییەوە ڕووی کردبووە کەم کردنەوەی دەربەدەرکردن‌و تواندنەوەی کوردو سڕینەوەی شوێنەواری کوردستانی‌و نەتەوەیی‌و ناوچەکانی، چونکە کاربەدەستانی عێراق بڕوایان بە کورد نەبووەو متمانەیان پێی نەبووە، بەچاوی خائین‌و نیشتمان فرۆش‌و پیاوی بێگانە سەیریان کردووە، لەبەر ئەوە ئەوەندەی بۆیان لوابێ لەبری ڕازی کردنی کوردو سەلماندنی مافە ڕەواکانی، کەوتبونە وێزەی کورد گوایە بۆ ئەوەی مەترسی کورد لەسەر پاشەڕۆژی

[67] دلێر ئەحمەد: ئەوبارودۆخە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)ی تێدا لەدایك بوو، ل١٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

عێراق دوور بخەنەوە، و خەریکی ڕاگوێزان‌و دەرکردنی کورد و بەبەعسی کردن‌و شێواندنی فەرهەنگی بوون.[٦٨]

[68] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوەو لەناو بازنەدا، ل٥٠، ٥١.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باسی دووەم

# بارودۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستان لەیاسا دەستوریەکانی بەعسدا

تایبەتمەندێتی حکومەتی بەعس لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە ئەو دامو دەزگە تازەیەی عێراق، شێوەو ڕەفتارو کاریان لەدژایەتی کردنی شۆڕشی کوردستان جیاوازە لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆیاندا، ڕژێمی بەعس لەجیاتی ئەوەی ئینکارکردنی بوونی نەتەوەی کورد بکەنە بنچینەی سیاسەتی لەناوبردنی کوردو داگیرکردنی تەواوی کوردستان هاتوون بەشێوەیەکی ساختەکاریانە دانیان بەبوونی نەتەوەی





کوردو مافەکانی داناوەو جۆرەها دەزگەی کارتۆنیان بۆ دامەزراندووە، کە ئەمانەیان کردبوو بەپەردەی بنچینەی سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کوردو داگیرکردنی وولاتەکەی. کینەو بوغزی نەتەوەیی کاربەدەستانو دانانی مەسەلەی کورد بە مەترسی بۆ سەر خۆیانو نەتەوەو نیشتمانی عەرەب، وای لێکردبوون کە هەمیشە لەهەوڵدانی بەردەوام دابن بۆ تواندنەوەی گەلی کوردو شێواندنی فەرهەنگو مێژوو نەریتو دابو دەستووری کوردیو داگیرکردنی خاکەکەی و هەڵلوشینی چاو چنۆکانەی سەروەتو سامانی کوردستانو بەری ڕەنجی خەڵکەکەی.

لە ڕاستیدا کورد بە هەژارترین گەل دادەنرێت کە لە بچوکترین مەرجەکانی ژیانو پێشکەوتنو خوێندنو فێربوون بەزمانی دایکی بێ بەش کرابوو، کە ئەوە مافی هەموو مرۆڤێکە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە تا پێشکەوتنو ئاستی زانستی بەرز بکاتەوەو فێری خوێندنو نووسین بێت. سەدام حسێن لەووتەیەکیدا لەبارەی پەروەردەو فێرکردنەوە دەڵێت: "پێویستە لەسەرمان کە زیاتر جەخت بکەینە سەر مێژووی عەرەبی ئیسلامیمان، و گرنگیەکی زۆر دیارو بەرچاوی پێبدەن، چونکە مێژووی ئیسلامی مێژووی عەرەبە لەبنەڕەتدا، سەرباری ڕۆڵی نامەو ئاراستەکانی کە مێژووی ڕۆژهەلاتە لەشارستانیەتی عەرەبیدا، بۆیە پێویستە لەسەرمان گرنگی پێبدەین، ... ئەو بیرۆکەیە لەمێشکی خوێندکاردا دەربکەین کە دەڵێت باوو باپیرانمان لەپێناوی دەستکەوتدا جەنگاونو فتوحاتی ئیسلامیش بەشێك بووە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت".[٦٩] بێ گومان

[69] صدام حسين: الثورة والتربية الوطنية، ط١، تموز، ١٩٧٧، بغداد، ل١٦، ١٧.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کاری زانستو فێرکردنو پێشکەوتن لە کوردستاندا جیا نەبووە لە فێرکردن لەعێراقداو شوێنەواری ڕاگواستنو تەعریبی پێوە دیار بووە، خوێندن بەگشتی لەعێراقدا لەو بارودۆخە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیە بەدەر نەبووە, بەدەست هێنانی خوێندنو فێربوونێکی فراوان لەسەر بنەمای دیموکراتیو سەربەخۆیی بوونی نەبووە.[٧٠] ئەگەرچی ناو بەناو لەژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا بەرنامەی خوێندن گۆڕانی بەسەردا دەهات، بەڵام ئەم گۆڕانە زیاتر بۆ ئەوە بوو کە گرنگی زیاتر بە مێژووی عەرەب دەدراو زمانو کلتوری عەرەبی گرنگیەکی زیاتری پێدەدرا، ئەویش لەسەر بنەمای ئامانجێکی سەرەکی بوو بۆ جووڵاندنو بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی عەرەبیو چەسپاندنی لەنێو مێشكو دڵی منداڵان لە قوتابخانەکاندا، ئەنجامی نێگەتیڤی ئەم بەرنامە پەروەردەییە نوێیە بریتی بوو لە بەلاوەنانی خوێندنی کلتورو زمانی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی عێراقی کە ئەو بەشە سەرەکیەش کورد بوو.[٧١] لەراپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی هەرێمیی بەعسدا باس لە نەخشە کێشانی سیاسەتی پەروەردەیی دەکات لەهەرێمی عێراقداو ئامانجە بنەڕەتیەکانی بەم شێوەیە خستۆتەڕوو:– "پەلەکردن بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی خێراو ڕیشەییو گشتگیر بەپێی ئارەزووەکانی حیزبو ئامانجە نەتەوەییو سۆسیالیستەکانی حیزب، وەك تاقکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لەهەرێمی عێراقی دا لەجولانەوەی شۆڕشگێڕی عەرەبیدا".[٧٢]

---

[70] أ. ب: عن التعليم في كردستان العراق، ايار ١٩٨٦، مطبعة خەبات، ل ر.

[71] نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل١٠٢.

[72] الیاس فرح: في الثقافة و الحضارة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ل١٢٠.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەر لەگرتنە دەستی دەسەڵاتەوە، ڕژێمی بەعس دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی بۆ پسپۆڕانی پەروەردە تا بتوانن پرۆگرامی خوێندنگەیی بگونجێنن لەگەڵ پێداویستیەکانی پرۆسەی "گۆڕان بەسەرکردایەتی حیزب"، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی هەبوو بەجێبەجێکردنی "پرۆگرامی نوێ" کەلەسەر هەر ئاستێك لە دایەنگەوە بۆ زانکۆ، سەرچاوە بگرێ لە پرەنسیپی حیزبو شۆڕشدا.[٧٣] لەدەستووری بەعسدا هاتوە:– "ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریان لەسەر سیاسەتی پەروەردەیی پارتدا بەوەی کەپێویستە هەموو دیاردەکانی ژیانی پەروەردەیی بەڕوانگەیەکی نەتەوەیی عەرەبی بۆیە بکرێت...هەروەها درووست کردنی خوێندنگەو زانکۆی عەرەبی کە زمانی عەرەبی تیایدا زمانی فەرمی بێت".[٧٤]

سیاسەتی حکومەتی عێراقی لە بواری فێرکردندا، ئامانجی پێشێلکردنی مافی کوردو خستنە پەراوێزەوە بوو لەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسیو ئابووریو ڕۆشنبیری، بڵاوکردنەوەی فێرکردن بەزمانی کوردی لەناوچە کوردییەکاندا یەکێك بووە لەو چوار مەرجەکەی کە کۆمەڵەی گەلان دایناب‌وو* و حکومەتی عێراق ڕەزامەندی خۆی لەسەر

---

[73] ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، ل١٢٣.

[74] حزب البعث العربي الاشتراكي: ايمان راسخ، ط٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل٢١.

* مەرجەکان بریتین لە:

١– ئەم سەرزەمینە بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بمێنێتەوە.

٢– بایەخو گرنگی بدرێتە ویستی کوردەکان بەدانانی کاربەدەستی کورد لەدادگاو قوتابخانەکاندا.

٣– زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت.

دەربڕیبوو، بەڵام لەپاش ئەوەوە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ئەوەی پێیان کرابێ لەومەیدانەدا کەمتەرخەمیان نەکردووە بۆ نەهێشتنی خوێندن بەزمانی کوردی. بەو شێوەیە سیستەمی نوێی خوێندن کە حکومەتی عێراقی بەڕێوەی دەبرد رۆڵی هەر ئەوە نەبوو کە گرنگیەکی زۆر بە خوێندنی کلتورو زمانی عەرەبی بدرێت لەسەر حیسابی بابەتەکانی تر، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا بەشداریی لە ئەفسانەی (یەکبوونی) هەرێمیو ئیتنیکی عێراقدا دەکرد، لەپاڵ ئەمانەشدا کورد هەستیان دەکرد کە بەشی تەواوی خۆیان لە بودجەی بواری پەروەردەو فێرکردن نادرێتێ. هەر بۆ ئەو مەبەستە زۆربەی داهاتی خوێندن بۆ خوێندنگە غەیرە کوردیەکان تەرخان دەکرا، تەنانەت لەناو شاری کەرکوکدا یەك خوێندنگەی کوردی نەبووە، ئەمەش یەکێك بووە لەسیاسەتەکانی حکومەتی بەعس بۆ زیاتر تەعریب کردنی شاری کەرکوك.[٧٥] ئەگەرچی بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ یەکێك لەبەندەکانی تایبەت بوو بەزمانی کوردی کەشان بەشانی زمانی عەرەبی زمانێکی ڕەسمی بێت لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوونو زمانی پەروەردەو فێرکردن بێ لەو ناوچانەو زمانی کوردی وەك زمانی دووهەم لەسەرتاسەری عێراقدا بخوێندرێ، هەروەها بەهۆی ئەو دواکەوتوییەی کە بەسەر گەلی کوردا هاتبوو

٤- ئەگەر لەگەڵ تەواوبوونی پەیمانی عێراق- بەریتانیا ئینتیدابەکە کۆتایی پێ بهێنرێتو کوردەکان نەتوانن بەڕێوەبەرایەتیەکی نێوخۆی بۆخۆیان پێکبهێنن، ئەوا زۆربەیان دەسەڵاتی تورکیا لەدەسەڵاتی عەرەب پێ باشتر دەبێت. (عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق وهو التقرير الذى رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠ ايلول ١٩٢٤، مطبعة الحكومة البغداد، ل١١١).

[75] جەبار قادر: السياسات الحكومية في كركوك خلال العهد الملكى (١٩٢١- ١٩٥٨)، كركوك مدينة القوميات المتأخيه، ط١، لندن، ٢٠٠٢، ل١٧٣.





لەڕووی فەرهەنگیو پەروەردەوە قەرەبوو بکرێتەوە.[٧٦] جگەلەمە ڕێگە بەدرووست کردنی ڕێکخراوی خوێندکارانو لاوانو ژنانو مامۆستایان بدرێ و کردنەوەی پەخشی بەرنامەی کوردی لەتەلەفزیۆنی کەرکوك زیاتر بکرێت تا ئەوکاتەی کە وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بەبڵاوکردنەوەی زمانی کوردی دادەمەزرێت.[٧٧] ئەگەرچی هەردوو نەخشە دوانزە خاڵییەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز لەساڵی ١٩٦٦داو بەیانی ئازاری ١٩٧٠ ڕێوشوێنی هەمەلایەنەیان دەربارەی دابینکردنی پێداویستیەکانی کەلتورو زمانی کوردی تێدا بووە، بەڵام بەربەستە سیاسیەکان ڕێگەیان لەجێبەجێکردنی هەر چاککردنێکی بنەڕەتی پەروەردە لە کوردستاندا گرتبوو، سەرباری پتەوکردنی روحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بیرکردنەوەی ئەو ناسیۆنالیستەو ڕژێمەکەی لەداگیرکردنو بوونی بەرامبەری سەلمێنەرو پیادەکەری یەکێتی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر حیسابی لاوازکردنی ئەوانیترو بەلاوەنانیان بووە.

لەمەش بترازێ بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریو زانیاری خەڵك بەکارە ناشرینەکانی بەعس چەندین ڕێگەی گرتبووە بەر لەوانە:-

١- قەدەغەکردنی بڵاوەکراوەو کتێب لەوانە کتێبی ئیسلامیو ڕۆشنبیریو نەتەوەییو ئەوانەی کە ستایشی ڕژێمەکەیان نەدەکرد.

[76] ئیبراهیم جەلال: خواررووی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٢٦٥.

[77] جلیل جلیلل و اخرون: س.پ، ل٢٤١؛ ئیبراهیم جەلال: خواررووی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول، ل٢٦٤.

٢- ڕۆژنامەو کاری ڕۆژنامەوانی داخراو بوو، تەنها بۆ لایەنگرانی بەعس سەرپشك کرابوو.

لەکاتێکدا مادەی (٣٩)ی ساڵی ١٩٦٨ لە دەقی دەستووردا هاتووە کە: "ئازادی بیروڕاو لێکۆڵینەوەی زانستی پارێزراوەو هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە ڕای خۆی دەربڕێت و بڵاوی بکاتەوە بە گوتن یان بەنووسین یان بەوێنەو هەرشتێکی تر لەچوارچێوەی یاسادا"، هەروەها مادەی (٣٢) ساڵی ١٩٦٨ دەڵێت: "ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە لەچوارچێوەی یاسادا پارێزراوە".[٧٨]

٣-گرتن و زیندانی کردن و ئازاردانی ڕۆشنبیران، ئەوانەی بەرەنگاری بەعس دەبوونەوەو ئامادە نەبوون لە نووسینەکانیاندا ستایشی بەعس بکەن.

٤- قەدەغەکردنی سەفەرکردن بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز لە مامۆستایانی زانکۆو پزیشك و ئەندازیار، یاخود هەندێك جار ناچار دەبوون کە پارەیەکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی پاسپۆرتێکی ساختەیان دەست بکەوێت.

٥- قەدەغەکردنی گەشت کردنی ڕۆشنبیران و ئەدیبان بۆ بەشداری کردن لە ڤێستیڤاڵ و کۆنگرەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری یاخود پێگەیشتنی داوەتنامەی ڕەسمی و لەهەموو سەیرتر دەرکردنی بڕیارێك لە وەزارەتی

[78] پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافەکانی مرۆڤ : دەستورە عێراقیەکان و لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاری بەبێ پێوەرەکانی مافە دەستورییە نێو دەوڵەتیەکان، لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافەکانی مرۆڤ، کۆمیتەی مافی مرۆڤ، زانکۆی دی بۆڵی، چ١، چاپخانەی بینایی،٢٠٠٥، ل١٣٢.





ڕۆشنبیری کە داوای لە لایەنە ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی عێراق دەکرد کەناو دیاری نەکرێت و تەنها ژمارە دەست نیشان بکرێت ئەمەش بۆ ئەوەی دەست و پێوەندەکانی خۆیان بنێرن.[٧٩] ئەمانە و گەلێك ڕێگرتنی دیکە.

بەعس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لەخوێندنگەکاندا وانەی مێژووی عەرەبی بخوێندرێت و لەم بارەیەوە سەدام حسێن دەڵێت: "کاتێك ئێمە لەسەرەتایی یاخود لەناوەندی و دواناوەندیدا بووین، جەختمان لەسەر مێژووی ئەورووپا دەکرد زیاتر لەوەی کە مێژووی عەرەب بخوێنین، ئێمە دەمانەوێ خوێندکار پێش هەموو شتێك مێژووی عەرەب بزانێت و مێژووی عێراق تێبگات، لەمێژووی کۆن و نوێی عێراق وەك بەشێکی نیشتمانی عەرەب، دواتر باس لە مێژوو دەکەین و ئاراستەکانی دیاری دەکەین ئەو چوارچێوەیەی کە خوێندکارو مرۆڤی پێ گەشە دەکات لەنێو کۆمەڵگەدا، بەئاراستەی بنەماکانی حیزب، لەوانەش خەبات لەپێناوی یەکێتی نەتەوەی عەرەبی و بەهێزکردنی یەکێتی عێراق".[٨٠] واتا بە پێی ئەم بەرنامەیە بەعس لە کلکەوە پیایدا دێت و سەرەو خوار بەرنامەکەی جێبەجێ دەکات.

بەعس پێی وایە جەنگ لەگەڵ داگیرکەرو ئیسرائیل دەتوانرێ لە بنیادنانی تاکی عەرەبی و نەوەی شۆڕشگێر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت،

[79] مصطفی المهاجر: حالة حقوق الانسان و حرياته ولاساسية في العراق، تقرير الثقافى، وقائع ندوه حاله حقوق الانسان وحرياتة الاساسية في العراق، ط١، ١٩٩٧، الجمعية العراقية الحقوق الانسان، فرع سوريا،ل٧٥.

[80] صدام حسين: الثورة والتربية الوطنية، ل٢١.

ئەویش بەوەی کە لە زانکۆکاندا بیرۆکەی خەبات و گیانی فیداکاری بچێنرێت و نەوەی شۆڕشگێڕی عەرەبی پەروەردە بکات، و ئەگەر زانکۆکان یاخود ڕۆشنبیری زانکۆیی نەیتوانی ئەو ئەرکە مێژووییە بگرێتە دەست کە بەعس ئەو جۆرە پەروەردەیە بەئەرکێکی مێژوویی دەداتە قەڵەم، ئەوکات زانکۆ دەبێتە هۆکاری شێواندن و تێکدەرو لەکار کەوتن.[81] هەر بۆیە بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران چەندین سەربازگەی خوێندکاری دەکردەوە کە لەو سەربازگانە مەشقیان پێ دەکرا، (ئەحمەد حەسەن بەکر) لە وتەیەکیدا لەیەکێك لەو سەربازگانە لە ١٩٧٤/٧/٩ دا دەڵێت: "ئەم سەربازگانە لاوەکانمان فێری ئارامی و چالاکی و قوربانی دان و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی دەکەن و وایان لێدەکەن کە لەکارەکان نزیك ببنەوە".[82] جگە لەمانە بەعس داوا لە ئەندامانی حیزبەکەی دەکات کە خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، چونکە ئەوان لەگەڵ مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزدا کار دەکەن، لەم بارەیەوە (صدام حسین) دەڵێت: "ئەی هاوڕێیان، کارەکەتان داواتان لێدەکات کەوا خۆتان ڕۆشنبیر بکەن، چونکە ئێوە لەگەڵ کێشەیەکی ئاڵۆزدا کار دەکەن لەکێڵگەیەکی پڕ لە میندا، لێرە لە بەغداد کێڵگەی مینی لێ نییە بەو چڕیەی کە لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا مینی لێیە، لەوێدا (واتا ناوچەی حوکمی زاتی) ئاڵۆزیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەییەکان زیاترە وەك لە بەغدادی پایتەختدا، بۆیە تا ڕێژەی ئەو مینانە زیاد نەکات، کارەکە داواتان لێ دەکات کە پسپۆر بن لەو بوارەدا،

[81] الياس فرح: التربية والسياسة، بيروت، ط١، ١٩٧٥، ل٣٠.

[82] مكتب الثقافة والاعلام المركزى في الاتحاد الوطني الطلبة العراق، الطلبة والتنمية، ل١٦.





بۆیە چەکی دەستتان ڕۆشنبیریەکەتانەو لێرەدا مەبەست لە ڕۆشنبیری تەنها کتێب نیە، چونکە کتێب تەنها ڕێگەیەك نیە بۆ ڕۆشنبیری".[83] سەدام حسێن لەوتەیەکیدا دەڵێت: "لەپەروەردەی نیشتمانیدا دەبێ باسی حوکمی زاتی بکەین و کاتێك ڕووبەڕووی حوکمی زاتی دەبینەوە نابێت لە قسەکردندا لەسەر ووردەکاری زێدە ڕەوی بکەین کەپێویست ناکات، بۆ ئەوەی وانەکەین کە شێوەی کارگێڕی حوکمی زاتی جیاکاری بکات لەنێوان کوردو عەرەب لەعێراقدا، بۆ نموونە کاتێك باس لە فۆلکلۆری عێراق دەکەین پێویست ناکات باس لە فۆلکلۆری کوردی بکەین".[84]

بەم شێوەیە بەعس بەرنامەی ئەوەی داڕشتبوو کە کۆمەڵگەی کوردی لە بونیادەوە هەڵتەکێنێ، لە لایەکەوە پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کەوا مافەکانی کوردیان دابین کردووە و کورد و عەرەب لە عیراقدا هاوتان، لە لایەکی تریشەوە کوردستانی بە کێڵگەیەکی پڕ لە مین وەسف کردووە و دەیەوێت بە هۆی رۆشنبیری بەعسیزمەوە چارەسەری بکات لەوەی کە پەروەردە و کولتور و داب و نەریتی کوردی بشێوێنێ و پەروەردەیەکی عەرەبی بە سەردا بسەپێنێ، گیانی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی کورد بکوژێ و بیری بەعسیزم لە نێو کوردا بچێنێت.

[83] صدام حسين: مؤشرات العمل في منطقة الحكم الذاتى، ١٩٧٥/١٢/٧، ل٢١.

[84] صدام حسين: حول كتابة التاريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ل١٧.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ئازادی سیاسی

بەپێی مادەی ٤٢ لە دەستووری کاتی بەعسییەکاندا مەرسوم لە دوای مەرسوم بڵاویان دەکردەوە، بۆ هیچ لایەنێك نەبوو کاری سیاسی لەناو کوردا بکات، و قەدەغەبوو لەناو پارتی بەعسدا نەبێت کاری سیاسی بکات، هەر کوردێك بێ مۆڵەتی بەعس چەکی هەڵگرتایە راستەوخۆ لە سێدارە دەدرا. جگە لەمانە هەرکەسێك لەو سنورە دەرچوایە بە لەسێدارەدان سزا دەدرا.[٨٥]

ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی دەستووری عیراقین کە باس لە ئازادی سیاسی دەکات، بۆ نموونە لە مادەی ١٩ی ساڵی ١٩٦٤دا دەقی یاساکە دەڵێت: "عێراقیەکان یەکسانن لەماف و ئەرکە گشتیەکاندا بەبێ جیاوازیکردن بەهۆی ڕەگەزیان بنەچە یان زمان یان ئایین یان هەر هۆکارێکی دی ئەم دەستوورە دان بەمافی نەتەوەیی کورددا دەنێ لەچوارچێوەی گەلی عێراقی یەکگرتووی نەتەوەیی پراکتیکدا" هەروەها لە مادەی (٢١) ساڵی ١٩٦٨دا دەقی یاساکە دەڵێت: "عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن لەماف و ئەرکەکاندا جیاوازی ناکرێ لە نێوانیاندا بەهۆی ڕەگەز یان بنەچە یان زمان یان ئایین هەمووشیان هاوکارن لە پاراستنی قەوارەی نیشتماندا بەعەرەب و کوردەوە، ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لەچوراچێوەی یەکێتی عێراقدا.[٨٦]

[85] فاتح رەسوڵ: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کورد،ب١، ل٣١.

[86] دەستورە عێراقیەکان و ...، ل١٢٥.





هەروەها لە مادەی (١٩)ی ساڵی ١٩٧٠دا هاتووە: "هەموو هاووڵاتیەك یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی کردن بەهۆی ڕەگەزیان بنەچە یان زمان یان پێگەی کۆمەڵایەتی یان ئاینی هەروەها دابین کردنی هەل بۆ هەموو هاووڵاتیان دابینکراوە لە سنووری یاسادا".[٨٧]

لەکاتێکدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە ببووە پەراوێزخستنی کورد نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی بووە لەنێوان نەتەوەکانی عێراقدا کە لە بچوکترین مافی بەکارهێنانی زمانی دایکەوە دەست پێدەکات تا سەرجەم مافەکانی تر. ئەمانە خۆی لەخۆیدا سەرپێچیەکی تەواوی مادەکانی دەستووری عێراقین، هەر بۆ سڕینەوەی ئەم مادەی دەستوورە لە مادەی (٢٠٠) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩دا هاتووە "هەریەکە لەرابەرە مەزهەبیەکان سزا دەدرێت بەماوەیەك کە لە (١٧) ساڵ زیاتر نەبێت، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی دەستووری بنەڕەتی یاخود ڕێکخەرە بنەڕەتیەکانی دەستەی کۆمەڵایەتی یاخود هەڵگێڕانەوەی نیزامی دەوڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری".[٨٨] واتە بەعس گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی نیزامی دەوڵەت بەهەڵەیەکی گەورە دەزانێ و سزای زیندانی کردنی بۆ داناوە. پارتی بەعس سزای لەسێدارەدانی دەرکردووە بەسەر هەرکەسێکدا کەبەعسی بووبێ لە پارتێکی تری جیا لە پارتی بەعس کاردەکات و کاری پارتایەتی بەهەموو شێوەیەك قەدەغە کردبوو، بۆ نموونە لە دەستووری (١٩٧٤)دا گۆڕانکاریەك لە دەستووردا کراو بەم

[87] دەستورە عێراقیەکان و...، ل١٢٥.

[88] احمد رائف: حقوق الانسان في العراق، من تقارير المنظمه العربية لحقوق الانسان، قاهره، بدون سنة الطبع، ل٧.

شێوەیە مافی پارتایەتی قەدەغە کردووە لە هاووڵاتیان: "هەر کەسێك لایەنگری پارتی بەعس یاخود ئەندامی بەعس بووەو دوای پچڕانی پەیوەندی بەپارتی بەعسەوە بوبێتە لایەنگری هەر لایەنێکی حیزبی یاخود سیاسی یاخود کار بکات لەپێناوی بەرژەوەندی ئەو لایەنەو بۆ ئەوان کار بکات ئەوا سزا دەدرێت بە لەسێدارەدان".[89] ئەگەرچی بەعس بۆ چاوبەستنەوەی خەڵك چەندین پارتی کارتۆنی دروووست کردبوو بەناوی کوردەوە، هیچ یەکێك لەو پارتانە دەربڕی مافە ڕەواکانی گەلی کورد نەبوو، بەڵکوو تەنها وەك پارتێکی دەسکەلایی حکومەت دەجووڵانەوەو کاریان تەنها پیا هەڵدان و ستایش کردنی حکومەتی بەعس* بوو.[90]

[89] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

* – لەوانە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو کە بەستنی کۆنگرەی نۆیەمیدا بەم شێوەیە باس لەکارو چالاکییەکانی خۆیان دەکەن: "لیژنەی ئامادەکردن پێك هات و هەوڵێکی دڵسۆزانەی دا بۆ بەستنی کۆنگرەی نۆیەم، هەتا دەزگە سەرکردایەتیەکان بەپێی یاسای ناوخۆ شێوەی شەرعی و ڕەوای خۆی وەربگرێت و ئەو بیروباوەڕانە لە یاساو پڕۆگرامدا دانراون جێگیرو پتەو بکرێت و دەست لەناو دەست هەموو پارت و هێزو ڕەگەزە نیشتمانی و نەتەوەیی یە پێشکەوتنخوازەکاندا لەپێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی عێراقماندا، ئەو دەستکەوتانەی کە بەرهەمی تێکۆشانە، بەتایبەتی ئەوەی کە پاش شۆڕشی ١٧– ٣٠ی تەمووزی پێشکەوتنخواز هاتوونەتەدی". (**پارتی دیموکراتی کوردستان: کاروبارەکانی کۆنگرەی نۆیەم کە لە ٦–٧ی مایسی ١٩٧٦ لە بەغدا بەسترا، بغداد، ١٩٧٧، چاپخانەی دار العراق**، ل٤، ٥). بە پێی ئەم وتەیە کە لێی ورد دەبینەوە ئەم پارتە (واتە پارتی دیموکراتی کوردستان/کارتۆنی و دەسکردی بەعس) کە لە ژێر سایە و ڕێنمایی بەعسدا دروست بووە، ئەوەندەی تەعبیری لە خواستەکانی بەعس دەکرد، بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە خواست و مافەکانی کوردەوە نەبووە و وەك لقێکی بەعس لە کوردستاندا دیاربووە و کاری کردووە و ناسراوە.





جگە لەمانە ڕێگە نەدان بە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەکاتێکدا لەدەقی دەستووری عێراقیدا لە مادەی (٣٣)دا هاتووە کە دەڵێت: "ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەو سەندیکا بەشێوازی یاسایی و لەسەر بنەمای نیشتمانی لەچوارچێوەی یاسادا پارێزراوە".[91]

هەروەها لە مادەی (٢٩)ی ساڵی ١٩٧٠دا هاتووە کە: "دەستوور مافی ئازادی بیروڕاو بڵاوکردنەوەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و دامەزراندنی پارتی سیاسی و سەندیکاو کۆمەڵە بەپێی مەبەستەکانی دەستوور یاسا دامەزراوەو دەپارێزرێت و دەوڵەتیش کار دەکات بۆ فەراهەم کردنی ئەو ئامرازانەی پێویستن بۆ پیادەکردنی ئازادییەکانی لەگەڵ ڕێبازی نەتەوە پەرستی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشدا دەگونجێت".[92]

لەڕاستیدا سەندیکاکان جگە لەدام و دەزگەیەکی سیخوری هیچی تر نەبوون و بۆ سەر شۆڕکردنی رای گشتی و هەموویان تەنها ڕێکخراوێکی وێنەیی بوون بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە گەیاندنی پەیامی بەعس بۆ هەموو مرۆڤێك و هەموو شوێنێك، لەبەر ئەوە لەسەندیکاکاندا تەنها یەك کەس ڕۆڵی هەبوو کە ئەویش کرێگرتەی بەعس بوو کاری یەکەم و گرنگی بریتی بوو لە جی بەجێ کردنی بڕیارەکانی و

[90] پارتی دیموکراتی کوردستان: کاروبارەکانی کۆنگرەی نۆیەم کە لە ٦–٧ی مایسی ١٩٧٦ لە بەغدا بەسترا، بغداد، ١٩٧٧، چاپخانەی دار العراق، ل٤، ٥.

[91] دەستوورە عێراقیەکان، ل١٣٢.

[92] دەستوورە عێراقیەکان، ل١٣٢.

بەهیچ شێوەیەك ئازادی هەڵبژاردن لەسەندیکای کرێکاران‌و خوێندکاران و ئەوانی تردا نەبوو.[٩٣]

تەنها لە ماوەیەکی کورتدا ئەویش لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازارو لەسەر ئاستی عێراق، ڕێکخراوە دیموکراتیە عێراقییەکان، (یەکێتی گشتی کرێکارانی عێراق، جوتیاران، قوتابیان، ئافرەتان،...تاد) بەرەسمی مۆڵەتیان پێ درابوو هەڵدەسوڕان. ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستانیش ئەندامی ئەو ڕێکخراوە سەراپاییانەی عێراق بوون، بەڵام سەربەخۆیی کوردستانیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەوەی شێوەو شێوازی کاری ڕێکخراوەیی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستان لەژێر کاریگەری دەوڵەتی مەرکەزیدا هەڵندەسوڕان ئەمە لەکاتێکدا، سەندیکاکان‌و یەکێتییەکانی عێراق هیچ جۆرە پێزێکی دیموکراسیان نەبوو، وەك دەزگەیەکی پاساوچی ڕژێم دەجولانەوە، بەپێچەوانەی ئەمە کە لەکوردستاندا زەمینەیەکی سیاسی باش ڕەخسابوو بەهۆی بالا دەستی سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بکەونە خۆیان (قوتابیان، مامۆستایان، ژنان، نوسەران، لاوان) هەڵسوراوترین ڕێکخراوی دیموکراتی بەرچاو بوون ئینجا جوتیاران‌و کرێکاران....هتد.[٩٤]

بەڵام جارێکی تر دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا، دیسانەوە بەعس کەوتەوە ویزەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییە

[93] ج.ل.البغدادی: بعث في القفص الاتهام،ط١، بغداد، ١٩٧٩، ل٥٨.

[94] مەلا بەختیار: لەمەڕ ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی باشووری کوردستان،چ١،سلیمانی، ١٩٩٨، ل٣٩، ٤٠.





کوردستانیەکان، چونکە ئەم ڕێکخراوانە ڕێکخراوی ڕەسەن بوون و لەو ململانێیەدا لە نێوان شۆڕشی کورد و دەوڵەتی مەرکەزی عیراقدا لایەنی شۆڕشیان گرت، بەڵام لەوە بە دوواوە و دیسانەوە هێدی هێدی ئەم ڕێکخراوانەش لە شارەکاندا لە لایەن بەعسەوە کۆنترۆڵ کران و ئیدی لە ڕێکخراوێکی بەعسی زیاتر هیچی تر نەبوون.

## مافی مرۆڤ

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا بڕیاری دا بەپێکهێنانی لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەو کۆمەڵەیە رازی بوو لەسەر چەند ڕێککەوتنامەیەك سەبارەت بە مافی مرۆڤ و دەوڵەتانی ئەندام واژۆیان کرد لەوانەش:-

١- ڕێککەوتننامەی نێو دەوڵەتی بۆ لابردنی هەموو جۆرە جیاوازییەکی ڕەگەزی.

٢- ڕێککەوتننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری.

٣- ڕێککەوتننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی‌و سیاسی.

ئەگەرچی عێراق ئەو سی ڕێککەوتننامەی واژۆ کردوو پێویست بوو لەسەری کە پەیوەست بێت بەدەقەکانی ڕێککەوتننامەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمایەتیەکان لەعێراقدا دەیاننالاند بەدەست چەوسانەوەو بێ

بەش بوون‌و توندوتیژی دەرهەق بەمافەکانی مرۆڤ.[95] هەرچەندە لە مادەی (٢٤)ی دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٦٨دا هاتووە: "نابێ کەس دەستگیر بکرێ یان دەستبەسەر بکرێت یان بەند بکرێت یان بپشکنرێ، بەپێی یاسا نەبێت".[96] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین حاڵەتی لەسێدارەدان‌و کوشتنی بە کۆمەڵ‌و بۆمبارانی ناوچە کوردیەکان‌و تەقە کردن لە خۆپیشاندەران‌و خوێندکاران‌و کوشتنی مەدەنی‌و ژن‌و منداڵ و تیرۆرکردنی کەسایەتیە سیاسییەکان‌و تەنانەت ئەوانەش کە لەدەرەوەی عێراقدا دەژیان‌و مردن لەژێر ئەشکەنجەدا لە سیما دیارەکانی سیاسەتی عێراق بوو بەرامبەر بە مرۆڤ . هەروەها گرتنی خەڵکی بێ تاوان و بەبێ لێپرسینەوە زیندانی کردنیان بەشێوەیەکی نامرۆڤانەو فراندن‌و زیندانیکردن لەسەربازگەکاندا پێشلکاریەکی تری مافی مرۆڤ بوو لەعێراقدا.[97]

بەعس لە عێراقدا دیکتاتۆریەتێکی پۆلیسی بوو بەسەر هەموو کەسێکەوە، تەنانەت لەنێو خودی خێزانەکانیشدا چاودێری دەکراو لە خوێندنگەکاندا مناڵەکان چاودێری‌و لێپرسینەوەیان دەربارەی خێزان لێدەکرا، هەر لە مناڵێکی بچووکی باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی سەرەتایی.

---

[95] العراق والمجتمع الدول: اصدار لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق، سورية، ديمشق، ١٩٩١، ل٢٤.

[96] دەستووره عێراقیەکان، ل١٢٥.

[97] مضاهر الانتهاكات حقوق الانسان في العراق، بەبی ساڵ‌و شوێنی چاپ، ل٢٨، ٢٩.





رژێمی بەعس چەندین دادگەی وێنەیی کە ناسرابوو بەدادگەی تایبەتی درووست کردبوو کە وێنەیەکی شێواوی دادگەیی سیاسی بوون، ئەم دادگایانە کۆمەڵێك بڕیاری خراپی دەردەکرد، تێرۆر و تاوان‌و حوکمی لەسێدارە دانی کوێرانەیان دەردەکرد کە ئەم دیاردەیە بەرادەیەکی زۆر دوای کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ بەشێوەیەکی فراوان پێك هێنران، ئامانج لەو کارانە تیرۆرکردنی خەڵك‌و چاندنی ترس‌و دڵە ڕاوکێ بوو لە دڵی هاووڵاتیاندا.[98] بۆ نموونە دادگەی (الثورة) لە بەغداد بەپێی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٦٨ دامەزرابوو کە دادگەیەکی تایبەتی هەمیشەیی بوو، کە پێشتر دادوەرەکان لەکۆشکی کۆماری کۆدەبوونەوە لێژنەیەکیان پێکهێنابوو بەناوی (لجنة السلامة الوطنية) کە دەیڕوانیە ئەو کێشانەی کە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی تاونباران بکرایەتەوە، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا بەبەرگریکردن لەبەردەم دادگەدا، دادگەیەکی سەربازیش لە کەرکوکدا دامەزرابوو، ئەم دادگایە بۆ مەبەستی دادگایی کردنی کورد بوو کە لەبنکەی سەربازی کەرکوکدا دەبەسترا.[99] ئەو کەسانەی کە وەك ئەندامی ئەو دادگایە دەست نیشان دەکران هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نەبوو، تەنانەت زۆر لەوانەی کە لەسێدارە دەدران بەبێ ئاگاداری ئەندامانی دادگا دەکران‌و لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعس خۆیانەوە جێ

---

[98] شيخ جواد الصالحى: المحاكم الصورية في العراق، مقال من وقائع ندوة حقوق الانسان وحرياته الاساسية في العراق، جمعية حقوق الانسان – فرع سوريا، ط١، ١٩٩٧، ل٣١.

[99] احمد رائف: حقوق الانسان في العراق، ل١٧؛ جمعية الحقوقيين العراقيين: بلاد الخوف و ارض الرعب، دراسة في جمهورية صدام،تقديم/ احمد رائف ، ط١، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩١، ل٣١؛ عبدالحميد العباسي: صفحات سوداء من بعث العراق، ج١، ط١، بدون مكان الطبع، ١٩٨٤، ل١٥٩.

بـەجێ دەکـراو تـەنها داوای واژۆی کۆتـایی یـان لێ دەکـران.[100] ئەمـە لەکاتێکدا دەقی یاسای مادەی (٢١)ی دەستوری ساڵی ١٩٧٠ دەڵێت: "نە تـاوان هەیـە و نـە سـزا تـەنها بـەپێی یاسـا نـەبێت‌و سـزایش تـەنها بـۆ ئـەو کارانەیـە کـە لـەکاتی ئەنجامدانیانـدا یاسـا بـە تاوانیـان دەزانێـت، نابێـت سزایش لەو سزایە توندتر بێت کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا هـەموار کراوە".[101] لەکاتێکدا لە زیندانەکانی بەعسدا جۆرەها شێوازی ئازاردانی گیانی‌و دەروونی دژ بە زیندانیە سیاسییەکان بەکاردەهات بۆ دانپێدانان‌و واژۆ کردنی بەڵێننامە بۆ وازهێنان لەبیرو باوەڕەکانیان‌و وازهێنان لـەکاری سیاسـی‌و پەیوەنـدی کـردن بـە ڕیزەکـانی بەعـسەوە.[102] هـەروەها دەقـی مــادەی (٢٠) لــە دەســتووری ١٩٧٠ دەڵێــت: "دانیــشتنەکانی دادگــا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبێت، تـەنها لەحاڵەتێکـدا نـەبێت کـە دادگا بڕیـار بدات بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوە بچێت".[103]

بەڵام لە راستیدا زۆربـەی دانیشتنەکانی دادگـە نهێنـی بـوون و زۆربـەی ئـەو لەسـێدارە دان‌و کوشـتنانە تـەنها بـۆ ئەوانـە بـوو کـە نـەیاری حـوکمی بەعـسی دەسـەڵاتدار بـوون، تەنانـەت ئـەو کەسانەشـی دەگرتـەوە کەلـەنێو خۆی پارتی بەعسدا بوون‌و بەعس ئیشی پـێ نـەبوون و دەیـان کوشـتن.[104] یـاخود گرتنـی هاووڵاتیـان بـۆ ماوەیـەکی زۆر بـەبێ ئەوەی هـیچ تـاوانێکی

[100] شيخ جواد الصالحي: المحاكم الصورية في العراق، ل٣١.

[101] دەستورە عێراقیەکان و...، ل١٣٠.

[102] عبدالحميد العباسي: صفحات سوداء من بعث العراق، ل٣١.

[103] دەستورە عێراقیەکان و...، ل١٣٠.

[104] العراق والمجتمع الدولي: اصرار الجنة الدفاع من حقوق الانسان في العراق، سورية، ديمشق، ١٩٩١، ل١٨.





ڕووبەڕووبێتەوە یاخود ڕەوانەی دادگا کرابێت ئەمانە بۆ چەندین ساڵ لـە زیندانەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد.[105]

[105] جمعية الحقوقيين العراقيين: بلاد الخوف و ارض الرعب، ل٣١.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باسی سێیەم

# کورد لەسیاسەتی دەرەوەی بەعسدا

کارێکی ئاسایییە و بگرە پێویستو ناچارییە، کە هەموو دەوڵەتێك چوارچێوەی ئاسایشی خۆی دابڕێژێ تا بتوانێ خۆی لەهێرشی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هێزو دەوڵەتانی ترو نفوزی بێگانەو پیلان گێڕییان بپارێزێ، یەکێتی خاكو گەلەکەیو سەربەخۆیی وولاتەکەی جێگیر بکا، هەر لەبەر ئەوەشە هیچ دەوڵەتێك نییە لە دنیادا کە بایەخ بەمەسەلەی ئاسایشی خۆی نەدات، ئیتر سروشتی چینایەتی دەوڵەتەکەو جۆری ڕژێمەکەی هەرجۆرێك بێت، کۆنەپەرست بێ یا پێشکەوتنخواز،





دیکتاتۆری بێ یا دیموکرات، سۆسیالیست بێ یا سەرمایەدار.[١٠٦] تێگەیشتنی بەعسیانە بۆ ئاسایشی دەرەکی لە دوای کودەتای ١٧- ٣٠ی تەمموز لە لایەن سەدام حسێنەوە هێڵە گشتیەکانی و کلیلە بنەڕەتیەکانی دیاری کردووەو لە ووتەیەکیدا دەڵێت: "زەمینەی فکریو سیاسەتی پەیوەندیمان پێوەی وەستاوە لەسەر ڕزگاربوونو سەربەخۆیی تەواو بنیادنانی کەسایەتیو دەست گرتن بەسەر پارچە پارچەییو بەدیهێنانی یەکێتیو هەڵوەشاندنەوەی بەرژەوەندی ئیمپریالیو بنیاتنانی کۆمەڵی سۆسیالیستی و ببین بەگەورەی خۆمان".[١٠٧] بۆیە لێرەدا دەبینین ئەو ڕێو شوێنانەی ڕژێمی بەعس دەیگرێتەبەر، لەباری سەرنجی بەعسەوە، لەپێناوی بەدیهێنانو پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی عێراقو لەپێناوی بەدیهێنانو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی دایە.

لەکاتێکدا ئاسایشی ستراتیجی لەچەندین فاکتەر پێکدێت کەڕەنگە گرنگترینیان مەسەلەی یەکێتی ریزەکانی خەڵکی ناو سنوری دەوڵەتەکە بێ، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە ناکۆکی نەتەوەییو ئاینیو مەزهەبیو چینایەتی ناو دانیشتوانی دەوڵەتەکە بەشێوەیەکی وا چارەسەر بکات کە پاشەڕۆژی دەوڵەتەکەو یەکێتی خەڵكو قەڵەمڕەوەکەی نەخاتە مەترسیەوەو ناکۆکیەکان والێ نەکرێت کە ببێتە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو تێکچوونی یەکێتی گەلو وولاتو هێزو دەوڵەتانی

[106] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناوبازنەدا، ل٤٢، ٤٣.

[107] وەرگیراوە لە ثامر کامل محمد: فی الامن الخارجی العراقی والستراتیجیە ، بغداد، ١٩٨٥، ل٨٥.

بێگانەش بتوانن دەستی تێ وەربدەن و سوودی لێ وەربگرن.[108] مەترسیە دەرەکیەکانی بەعس بریتی بوون لەو کێشەو گیروگرفتە سنووری و چارەنووس سازانەی کە دەوڵەتی عێراق بە میرات لە دەوڵەتی عوسمانیەوە بۆی مابۆوە، چونکە دەوڵەتی عێراق لەسەر کەلاوەی بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرابوو، هەروەها ئەو مەترسیانەی دەگرتەوە کە لەئەنجامی گۆڕانکاریە جیهانییەکانی دوای یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتبوون.

هەروەك وتراوە کە عێراق (مەتحەفی ئەجناس)ە واتا مۆزەخانەی رەگەزەکانە، واتە وولاتێکی فرەنەتەوەو فرە چین و فرە دین و فرە مەزهەبە، بەو پێیەش هەڵبەتە گیروگرفت و ناکۆکی جۆراو جۆری تێدا دەبێت، بەتایبەتی عێراق لەهەلومەرجی دوای شەڕی جیهانی یەکەم بەپێ ی ویست و ئیرادەی عەرەبی و کوردو دانیشتوانی تری عێراق لە دامەزراندن و پێکهێنانیدا نەخۆی وەك دەوڵەتێکی کۆن و داب و نەریتێکی شارستانی کۆن و دێرینی هەبووە، و نەسەرەتاو پرەنسیپەکانی دامەزراندنی پەیوەندی ئارەزوومەندانەو دیموکراتی نوێی ئەم سەردەمەیان تێدا ڕەچاو کراوە، لەبەر ئەوە گیروگرفتەکان هەموویان بەچارەسەر نەکراوی مابوونەوەو تۆوی تەقینەوە لە هەناویاندا بووە.[109] هەمیشە کێشەی کورد لەنێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا گەورەترین گرفتی سیاسی درووست کردووەو مەترسی خستۆتە سەر ئەمنی ستراتیجی، بەتایبەتی ئەو

108 نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناوبازنەدا،ل٤٣ ؛ ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق، ل١٠١.

109 نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناوبازنەدا، ل٤٣.





دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تا ڕۆژێ لەڕۆژان کوردستانیان لەکیس نەچێ و نەتەوەی کورد نەتوانێ لەژێر چنگیان دەرچێ و ڕزگاری ببێ و کاتێ ناکۆکیەکانی نێوانیان دەتەقیەوە هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر هەوڵی دەدا زیاتر دەست لە شۆڕشی کورد وەربدات و گڕی ئاگرەکە دژی دەوڵەتەکەی دیکەی بەرامبەری خۆش بکات، کاتێك داگیرکەران کارەکانی خۆیان بە کورد جێ بەجێ دەکرد ئیدی دەستیان لێ بەردەداو پشتیان تێدەکردن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کورد دۆست و دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی بەچاکی نەناسیووە.[110]

پێگەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی بەعسدا دوو ئاراستەی بە خۆوە بینیوە، یەکیان خۆی لە هەموو ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنامانەدا دەبینێتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستاندا بەستویەتی بە مەبەستی لێدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و لاوازکردنی، و لە هەمان کاتدا هەموو ئەو ڕێککەوتنە دوو قۆڵی و سێ قۆڵیانەی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا دژ بە کورد ئەنجامی داون. دووەمیشیان بە ڕووکەش نیشاندانی سیاسەتێك بوو بە جیهانی دەرەوە، گوایە بەعس سەرجەم مافەکانی کوردی سەلماندووە کە خۆی لە ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکەدا دەبینیەوە. هەروەك چەندین شاندی لە کوردە خۆفرۆشەکان پێکدەهێنا و دەیناردنە دەرەوە بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن بۆ بەعس و بیانو هێنانەوە بۆ سیاسەتەکانی، لەوەدا کە وەك نوێنەری کورد دەیناساندن، جگە لەوە هەرکاتێك کە شاندێکی بێگانە سەردانی عیراقیان

110 حوسێن محەمەد عەزیز: کوردو شۆڕش و هەلی مێژوویی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١١٤، ١١٥.

بکردایە دەیبردن بۆ کوردستان و دام و دەزگە کارتۆنیەکەی ئۆتۆنۆمی پێ نیشان دەدان، گوایە لە سایەی بەعسدا کورد بە مافەکانی خۆی شاد بووە. لەمەش بترازێ سەرانی بەعس لەکاتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنوس و کەناڵە بیانیەکاندا بە شێوازێکی چەواشەکارانە سەبارەت بە دۆزی کورد بۆیان دەدوان و وایاندەردەخست کە لەعیراقدا کورد و عەرەب هیچ جیاوازیەکیان نیە و کوردستانیان وەك بەهەشتێك نیشان دەدا. واتە ئەگەر دەوڵەتانی تری داگیرکەری کوردستان سیاسەتەکانیان لەسەر یەك قاچ وەستابێ، کە ئەویش خۆی لە زەبر و زەنگ و کوشت و بڕی کورددا بینیبێتەوە، بەعس لەسەر دوو قاچ ڕاوی کوردی دەکرد، یەکیان زەبر و زەنگ و ئەوی تریشیان ڕوێکی ساختەکاری و خەڵەتاندنی ڕای گشتی بوو.

کاتێك ڕژێمی بەعس نەیتوانی لەڕێی شەڕەوە دژ ی کورد سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوجا کەوتە تەقەلای سیاسیو دیبلۆماسیانە بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد. ئەویش هاریکاریکردنی بوو لەگەڵ وولاتانی دەرەوەداو پیلانگێڕی دژ بە کورد کە لەبەرامبەر ئەو مەرامەیدا ئامادە بووە تەنازولی زۆر گەورە بکات، بۆ نمونە:

## ئێران:-

ناکۆکیەکانی نێوان عێراق و ئێران لە نیوەی دوەمی سەدەی رابردوودا ببووە یەك لە کێشە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسایشی ستراتیژی عیراق و گەلانی عارەبی خستبووە مەترسیەوە، کە لەڕاستیدا ئەمەش هەر درێژبوونەوەی پاشماوە و سەرهەڵدانەوەی بەشێك لە ململانێ





کۆنەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بووە لە ناوچەکەدا. دوای درووست بوونی دەوڵەتی نوێی عێراق، ئێران کە ئەو دەمە ئەندام بوو لە کۆمەڵەی گەلاندا ئامادە نەبوو دان بنێ بە عێراقدا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئێران لەم هەڵوێستەیدا چاوی لەوە بوو کە چەند ئیمتیازاتێکی دەست بکەوێت، وەك دان پێدانانی عێراق بەمافەکانی ئێران لە (شەتولعەرەب)دا کە هەر لەکۆنەوە ناکۆکیان لەسەر هەبووە، هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی بیانی لەناوچەکەدا.[111]

پاش ئەوەی هەردوو لایەن بڕیاری ئاڵو گۆڕکردنی دیپلۆماسیەتیان دا، شا فەیسەڵی عیراق لە ١٩٣٢دا بە مەبەستی پتەوکردنی پێوەندیەکانیان سەردانی ئیرانی کرد و لە دانیشتنێکی نێوان هەردوو لایاندا جەخت لەسەر سیاسەتێکی هاوبەشانە بەرامبەر مەسەلەی کورد کرایەوە.[112] لەمەش بترازێ لە ٤ی تەمموزی ١٩٣٧دا ڕێککەوتننامەیەك دەربارەی کێشە سنوریەکانی هەردوولا مۆرکرا. بەڵام ئەم نزیك بوونەوەیەی نێوانیان هەروەك خۆی نەمایەوە، چونکە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عیراقدا و خۆ کشانەوەی لە پەیمانی بەغدا و زیادبوونی هێزە چەپڕەوەکان و نزیك بوونەوەیان لە دەسەڵاتی عەبدول کەریم قاسم پێوەندیەکانی نێوانیان کزی و لەق بونی تێکەوت، بەڵام دوای ئەوەی بەعسیەکان لە ١٩٦٣دا چوونە سەر تەختی دەسەڵات، ئیدی پێوەندیەکانی نێوان عیراق و ئیران زێتر بەرەو گرژی و ئاڵۆزبوون چوو.

---

[111] جابر ابراهیم الراوي: الغاء الاتفاقیة العراقیة- الایرانیة، بغداد، ١٩٨٠، ل٥١.

[112] رجاء حسین الخطاب: العلاقات العراقیة- الفارسیة ١٨٤٧- ١٩٨١، بغداد، ١٩٨١، ل٤.

دوای کودەتای ١٩٦٨ی بەعسییەکان چەند جارێك دانیشتن لەنێوان عێراق‌و ئێراندا کراوە بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی پێنجەم لەڕێککەوتننامەی سنوری ١٩٣٧و ماددەی پڕۆتۆکۆلەکەی، بەڵام بەهۆی جیاوازی بۆ چوونەوە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، دوایین کۆبوونەوەی نێوانیان لە ئازاری ١٩٦٩دا ئەنجام دا.[113] بەڵام ئێران لەساڵی ١٩٦٩دا لەلایەن خۆیەوە ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ی هەڵوەشاندەوە بەناوی ئەوەی کە پەیمانێکی ناڕەوایەو داخوازییەکانی ئێرانی نەهێناوەتەدی، هەر بۆیە ئەم کێشەیە بەچارەسەر نەکراوی مایەوە تا ساڵی ١٩٧٥.[114] مەسەلەی کوردو شۆڕشەکانی بە درێژایی نیو سەدە بەر چارەنووسی گەمەی سیاسەتی ئێران‌و دەوروبەرەکەی کەوتبوو، ئێران کە لەماوەی ١٤ ساڵی شۆڕشی ئەیلولی باشووری کوردستاندا خۆی کردبووە دۆست‌و لەسەر کەرەوەی کەچی ئەنجامی ئەو دۆستایەتیەی بەڕێکەوتنامەیەکی وەك ئەوەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦دا کۆتایی پێهێنا، کە دەستکەوتی چواردە ساڵی قوربانی‌و وێرانی کوردستانی کردەوە بەهیچ، نەك هەر ئەوە بەڵکە گەورەترین زیانی لە بزوتنەوەی ناسیۆنالانەی کوردی دا لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا.[115] ڕژێمی تاران کە دەیویست دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی کەنداوی فارسدا پەیدا بکات، ئامادە بوو جگە لە شەڕی ئاشکرا

[113] عبدالرزاق محمد اسود: موسوعة الحرب العراقية الايرانية، المجلد الاول، ط١، بيرو لبنان، ١٩٨٤، ل٣٩.

[114] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق، ل١٠٥.

[115] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە بەرامبەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٥، توێژنەوەیەکی بڵاونەکراوە، ل٥، ٦.، جمعية الحقوقيين العراقيين: بلاد الخوف و ارض الرعب، ل٢٤.





پەنا بۆ هەر کارێکی دیکە ببات لە پێناوی روخانی ڕژێمی بەعسی یان لاوازکردنیدا، ڕژێمی بەعسیش هەر بەهەمان شێوە کاری بۆ ڕووخان یان لاوازکردنی ئێران دەکرد، بۆیە هەر لە راستیدا شۆڕشی کوردستان تایبەتمەندی یەکی گرنگی بۆ شای ئێران هەبوو، چونکە باشترین ڕێگە بوو بۆ لاوازکردنی ڕژێمی بەعس و پەکخستنی توانای ئابوری و مرۆیی کە بۆ شای ئیران ئەم رێگەیە کەمی تێدەچوو، کەمتریش مایەی ناو زڕانبوو، ئەویش بەدانی هەندێ کۆمەك‌و هاوکاری بەجەنەڕاڵ بارزانی.[116] پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤دا ئێران خۆی وەك تاقە پشت‌و پەنای شۆڕشی کورد ناساند، گومان لەوەدا نیە کە ئیران ڕۆڵی هەرە گەورەی بینی لەو تراژیدیایانەی دوای شەڕی جیهانی دووەم کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتبوو، بەتایبەتی لەخەباتی کورددا لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا کە لە چوارچێوەی بەرفراوانترین بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی باشووری کوردستاندا خۆی دەبینیەوە، ئەمە بۆخۆی باشترین‌و لەبارترین دەرفەت بوو بۆ ئیران کە لەم ڕێیەوە بکەوێتە ململانێ و ناکۆکی یە لەمێژینەکەی لەگەل دەوڵەتی عیراقدا یەکلایی بکاتەوە.[117] شا هیچ جۆرە دەستکەوتێکی لەڕێککەوتنی کورد – بەعسدا لە ئازاری ١٩٧٠دا نەبینی، بەڵکو پێویستی بە کورد بوو لە ململانێ دا لەگەڵ عێراقدا بێت بۆ ئەوەی خواستە ئەرزی‌و سیاسیەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنی.[118] لە هەمان کاتدا دەوڵەتی عێراق بەر بڵاوی یارمەتی ئێرانی

[116] کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، ل٣٤٩.

[117] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل٦.

[118] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل١١٠.

بۆ کورد دەبینی، هەوڵی دەدا قەناعەت بە ئێران بکات کە ئەم یارمەتیانە ببڕی، هەر بەم بۆنەیەوە شاندێکی عێراقی بەوپەڕی نهێنی دەچێت بۆ تاران و لەوێ چاویان بە (ئەمیر عەباس هوەیدا)ی سەرۆك وەزیری ئێران دەکەوێت، لەو دیدارەدا عێراقییەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ئامادەن هەموو ئیمتیازاتێك بدەن، بەمەرجێ کە ئێران سنووری خۆی دابخات، لەوەڵامدا هوەیدا پێی گوتن کە ناتوانن سنوور دابخەن.[119] ئەم هەڵوێستەی ئێران مانای ئەوە نەبووە کەلەبەر خاتری کورد نەیویستووە سنوور دابخات، بەڵکو وەك لە یاداشتنامەی ٢٢ی مارسی ١٩٧٤ی ئاژانسی نهێنی ئەمریکا، لە (ڕاپۆرتی پایك) دا هاتووە کە "شا کۆمەك بە کوردانی وەك قاقەزی یاری بەدەستەوە گرت تا لەقوماری بەرامبەر بە هاوڕێکەیدا بیخاتە گەڕ" هەروەها دەڵێت: "ئێمە لەو باوەڕەدایین شا پێیخۆشنە بووە کیشوەرێکی سەربەخۆی کوردی درووست بێت، ئاواتی ئێران و هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە بوو ئەنجامی بارودۆخی کوردان بەلایەکدا بشکێنن ئەوان بەکەمتر لەیەکێك لەشێوەکانی سەربەخۆی دەستبەردار نەبن، تا لەئەنجامدا لاوازبوونی عێراق لەبەرژەوەندی ئەوان بگەڕێتەوە. چی ئێران و چی وڵاتە یەکگرتووەکان حەزیان بەهیچ جۆرە چارەسەرێك نەبوو بۆ ئەو کێشەیە".[120] ئەم مامەڵەیەی ئێران عێراقی ناچار کرد بیر لە تاکتیکی نوێ بکاتەوە بۆ تێکدانی شۆڕشی کورد.

[119] کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، ل٣٥٤.

[120] ژیرارد چالیاندو ئەوانی تر: گەلێکی پەژمووردەو نیشتمانی پەرت، ل٣١٢.





بۆ ئەم مەبەستە رژێمی بەعس هەوڵی دا کۆمەڵێك چاوپێکەوتنی نهێنی لە نێوان نوێنەرانی عێراق و ئیراندا ئەنجام بدرێ لە هەریەکێك لە وڵاتەکانی میسر و ئوردن و تورکیا و جەزائیر بە ئاگاداری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە دوا کۆبوونەوەکانی ولاتانی ئەندام لە ئۆپیکدا کە لە ١٩٧٥/٣/٦دا لە جەزائیر بەڕێوە چوو، چارەنوسی شۆڕشی کورد بە تەواوی لە چاوپێکەوتنەکەی نێوان سەدام و شای ئێراندا کۆتایی پێهات.

ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ژێر ناوی لابەلا کردنی کێشەکانی سنووردا بوو، بەڵام لەڕاستیدا سەودایەك بوو بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردو مەینەتیەکی نەتەوەیی گەورەی بەسەردا هێنا.[121] لەچاوپێکەوتنێکدا (محمد حسنێن هەیکەل) لەگەڵ شای ئێراندا بەم جۆرە سەبارەت بە کوردستان دوابوو: "بەدڵنیاییەوە ئێمە یارمەتی شۆڕشی کوردیمان دا، تا قۆناغی کۆتایی، ئێمە تاکە کەس بووین کە یارمەتیمان دەدان، و کاتێك یارمەتیەکەمان ڕاگرت، شۆڕش هەرەسی هێنا، و لەڕاستیدا من هەرگیز ئارەزووم لە ژیاندنەوەی کێشەی کورد نەبووە، چونکە کەمایەتیەکی گەورەی کوردی لەئێراندا هەیە، بەڵام دەم ویست لێدانێك بدەم بەڕووی حکومەتی بەغدادا، ئەو کارەی کوردستان نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن دۆلاری تێچوو".[122] هەر بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئێران و عێراق سنوورەکانی خۆیان قایم کرد، ئێران ئاگاداری کوردە پەنابەرەکانی

[121] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل١١١.

[122] حامد محمود عیسى: القضية الكردية في العراق، ل٣٧٢.

لە ئێران کردەوە کەنابێ چالاکی سیاسی بنوێنن، بەڵکوو دەبێ جورمەتی ڕێککەوتنەکەی جەزائیر بگرن و ئیش و کاری سیاسی نەکەن و دژی عێراق نەجولێنەوە.[۱۲۳] بۆیە سەبارەت بەو ڕێککەوتنە ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە لەشای پرسی بوو "لەوانەیە ئێوە لەسەر حیسابی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ڕێك کەون؟ شا لەوەڵامدا ووتبووی: "ئێمە هیچ کاتێك نیازمان نیە کوردەکان بفرۆشین، بەڵام دیارە کاتێك دوولایەن پێك دێن، لایەنی سێیەم دەبێ شتێك بدۆڕێنێ".[۱۲٤]

لەمەش بترازێ شای ئێران بەردەوام دژ بەو بۆچوونانە بوو کەڕەخنەیان لەسیاسەتەکەی دەگرت بەرامبەر شۆڕشی کورد، ئەو هەمیشە لەوەڵامدا دەیووت: "کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ئێمەیان بەخیانەتکار تاوانبار دەکرد، بەڵام هەرچۆنێك بێت کوردستانێکی سەربەخۆ باشیەکی بۆ ئێمە تێدا نەبوو".[۱۲٥]

## تورکیا:-

سیاسەتی تورکیا لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژرابوو کە بەرەنگاری هەموو جۆرە چالاکیەکی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد ببێتەوە جا چ لە وولاتەکەیدا بوایە یاخود لە وولاتە دراوسێکانیدا، بۆ نموونە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا باش نەبوو تا سۆڤیەت دڵنیای کردەوە کە وازی

---

123 کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل٩.

124 عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی دووەم، ب. ش، ١٩٩٦، ل٩٦.

125 جاناتان رەندل: س.پ، ل٢٥٢؛ د.خالد سليمان الهنداوي: القضية الكردية و الحل المنشود التاريخ الواقع–المستقبل، ط١، الاوائل للنشر و التوزيع، ديمشق، ٢٠٠٦، ل٢٦.





لە پشتیوانی کردنی کورد هێناوە.[۱۲٦] لە لایەکی دیکەوە ڕژێمی بەعسی عێراق لە لێکۆلینەوە نهێنیەکانی دامودەزگە ئەمنی و ستراتیژیەکانیدا تورکیای بە مەترسیەکی گەورە و چاوەڕوان کراو دادەنا. بە بۆچوونی بەعس مەترسی تورکیا بۆ سەر ئەمنی ستراتیژی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە. یەکێك لەو خاڵانە کێشەی ویلایەتی موسڵە کە لەساڵی ١٩٢٦دا لابەلا کراوەتەوە، بەڵام تورکیا بەتەواوەتی دانی پیا نەناو تا چەند ساڵێکی دواتریش ویلایەتی موسڵ لە دەستووری دەوڵەتی تورکیادا بەبەشێك لەخاکی تورکیا دراوەتە قەڵەم، بۆیە ڕژێمی بەعس هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەی کردووە کە تورکیا داوای بکاتەوەو ئەم کێشەیە وای کردووە عێراق هەمیشە لەژێر گوشاری تورکیادا بێت و چەندین ڕێککەوتنامەی دوو قۆڵی لەگەڵدا مۆر بکات.[۱۲۷] زۆربەی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لەنێوان عێراق و تورکیادا مۆرکراون خاڵی نێو کۆی نێوان ڕێککەوتننامەکانیان لەدژایەتیکردنی کێشەی کوردو تواندنەوەی نەتەوەی کوردو بەگژاچوونەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان پێکهاتووە.[۱۲۸] لە هەمان کاتدا هەر بە وێنەی ئێران، تورکیاش دەیتوانی ڕۆژێك لەڕۆژان وەك کارتێکی فشار کوردەکانی باشور بەکاری بهێنێ و یارمەتیان بدات بۆ جیابوونەوە لەدەوڵەتی عێراق. لەبەر ئەوەی تورکیا بەرژەوەندیەکی زۆری لە عێراقدا هەبوو، بۆیە هەرکاتێك ئەو

---

126 محمود الدرة: القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦، ل٤٠٣.

127 ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق، ل١٠٩.

128 حوسێن محەمەد عەزیز: کوردو شۆڕش و هەلی مێژوویی، ل٣٢.

بەرژەوەندیانەی بکەو تنایە مەترسیەوە گوشاری بۆ عێراق دەهێنا.[129]

جگە لەمانە هەردوو دەوڵەت یەك مەترسیان هەبوو ئەویش کێشەی کورد بوو بۆیە لەو بارەیەوە چەندین ڕێککەوتننامەیان مۆرکردووە وەك:-

- ڕێککەوتننامەی ١٩٢٦/٥/١١ دوای ئەوەی باشوری کوردستانیان بە عێراقەوە لکاند. بەریتانیا و عێراق و تورکیا بۆ ڕێکخستنی پێوەندی نێوان خۆیان پەیمانێکیان لە ٩ی کانونی دووەمی ١٩٣٢دا مۆرکرد.

- لە ٨ی ئوگەستی ١٩٣٧ پەیمانی سەعد ئابادیان مۆرکرد کە برگەی ٧ی ئەو پەیمانە دژ بە کورد بوو.

- لە ٢٩ی ئازاری ١٩٤٦دا لەنێوان تورکیاو عێراقدا ڕێککەوتننامەی (الصداقە و حسن الجوار) پروتۆکۆڵەکە لە پاشکۆکانی بەسترا، کە دووەمیان بەناونیشانی هاوکاری دوولایەنە لەکاروباری ئاسایشدا بوو.[130]

- ڕێککەوتننامەی ١٩٥٥ لەگەڵ تورکیادا بۆ جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی پەیمانی ١٩٤٦ بوو.

- پەیمانی بەغدا لەنێوان (عێراق، تورکیا، ئێران، پاکستان)دا لەساڵی ١٩٥٥دا.[131] سەرجەم ئەم ڕێککەوتننامانە بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوانیان و ڕێگە گرتن بوو لەشۆڕشی کورد.

زێتر مەترسیەکانی تورکیا پاش لەنێوبردنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عیراقدا دەستی پێکرد، کە ئەودەمە ڕژێمی نوێی عیراق هێزە دیموکراتەکانی لە خۆی نزیك کردەوە و لە دەستوری کاتیشدا کورد و

[129] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق، ل١١٠.

[130] -http// www. Akramhorani.com/110.net, p12 of 14.

[131] حوسێن محەمەد عەزیز: کوردو شۆڕش و هەڵی مێژوویی، ل٣٢، ٣٣.





عەرەبی وەك دوو نەتەوەی سەرەکی و هاوبەشی لە عیراقدا ناساند و لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتیشدا بەرەو نزیك بوونەوە دەچوو. بەڵام پاش ئەوەی بەعسیەکان لە ١٩٦٣دا دەسەڵاتیان وەرگرت، وردە وردە مەترسیەکانی تورکیا بەرەو رەوینەوە چوو، بەتایبەتی کە بەعس بڕیاری دا دان بە مافەکانی کورددا نەنێ و لە هەمان کاتدا ئەنجامدانی زنجیرەیەك لە کۆبوونەوە لە نێوان نوێنەرانی عیراق و تورکیا و ئێراندا بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سوپایی دژ بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

هەروەك تورکیا لەڕۆژنامەی (دنیا) لەڕۆژی ٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا زۆر بە راشکاوانە نووسیبووی: "ئێمە یەك مەترسیمان لەسەرەو رووبەڕووی یەك هەڕەشە دەبینەوە، ... ئێران و تورکیاو عێراق یەك چارەنووسیان هەیەو پێویستە هاوکاری یەکتر بکەن".[132] لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت مەترسی سەر ئەم وولاتانە کوردەو کورد بەهەڕەشەیەکی گەورە دەزانن بۆ سەر وولاتەکانیان، دوای رووخانی دەسەڵاتی یەکەمی بەعس و دەسەڵات گرتنە دەستی عەبدولسەلام عارف، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا خاو بووەوە، بەڵام لەساڵی ١٩٦٥دا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عێراق لەڕووی ئابووریو بازرگانیو ڕۆشنبیریەوە بەرەو پێشەوە چوو، هەر ئەودەمە بەرپرسانی تورکیاو عێراق گەیشتنە تاوتوێ کردنی بەرژەوەندیەکانی نێوانیان کە پەیوەندی بەنەیارە کوردەکانی ناوچە

[132] دلیر اسماعیل حەقی شاوەیس: شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی گەلی کورددا، گۆڤاری گولان،ژ(٢٩)، لە ٢٠٠٠/٩/٧، ل١٤.

مه كته‌بی بیر و هۆشیاری

سـنوریەکانی نێوانیـان هـەبوو.[١٣٣] لەلایـەکی دیکـەوە تورکیـا بـەردەوام لەڕێگەی پێوەندیە دیبلۆماسیەکانیدا لەگـەڵ ڕژێمـی شـادا نـاڕەزایی خۆی بەرامبەر هاریکاری ئێران بۆ شۆڕشی کورد دەربڕیووەو داوای لێ کردوون کە واز لەو پشتگیری کردنەی کوردان بێنێ و سەرنجی ئێرانیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ژمارەیەکی زۆر کورد لە تورکیاو ئێران دەژین کە ئەمەش مەترسیەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەوان.[١٣٤] بەڵام ئێران تورکیای لەوە دڵنیاکردبوو کە دەست تێوەردان و یارمەتیدانی کوردەکانی باشوری کوردستان تەنها بە مەبەستی لەنێوبردنی شۆڕشەکەیانە، کەواتە بزوتنەوەی کوردایەتی ببووە خاڵێکی هاوبەش کە ئێران و تورکیا و عیراقی کۆکردبووەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕژێمی بەکر–سەدام بایەخێکی زۆریان بە پێوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا دەدا، بۆ وێنە لە ڕۆژی ٨ی ئەیلولی ١٩٧٤دا بەبۆنەی ئاهەنگی ساڵڕۆژی دامەزراندنی  پارتی بەعسەوە سەدام حوسێن وتارێکی خوێندەوەو تێیدا بەگەرمی بۆ تورکیای ڕوون کردەوە کە نەوتی عێراقییان بەنرخێکی هەرزان پێدەدات و وتی: "ئێمە تورکیامان خستۆتە پلەی یەکەم، واتە یەکێکە لە وڵاتانی دۆست نەك ئەوانەی پلەی دوو، هەر بەو پێیەش تا ئێستە نەوتمان بۆ ڕەوانە کردووەو گشت خواستێکی داهاتووشیان پەسەند کراوە.[١٣٥] ئەوجا تورکیا وەك

133 ابراهيم خليل و د.خليل على مراد: ايران و توركيا، دراسة في تاريخ الحديث و المعاصر، موصل، ١٩٩٢، ل٢٢٦.

134 کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١١.

135 وەرگیراوە لە ژیرارد چالیاندو ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، ل٣١٦؛ جمعية الحقوقيين العراقيين: بلاد الخوف و ارض الرعب، ل٧٤.





مه كته‌بی بیر و هۆشیاری

یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە گەورەترین پارچەی خاکی کوردستان و گەلەکەی ژێر دەستە کردووە نەك پشتیوانی لەچارەسەرێکی عادیلانەی کێشەی کورد نەکردوە بەلکو لەبەرنامەکانی کارکردنیدا بەردەوام دژ بەشۆڕشی ئەیلول بووە و ئەم سیاسەتەش ئەو کاتە ئاشکرا دەبێت کە دەیەوێت ئێران لە شۆڕشەکە دووربخاتەوە لەبری ئەوە تەبایی و پێوەندیەکی دۆستانەو هاوسێیانە لەنێوان عێراق و ئێراندا دروست بکاتەوە، تەنانەت بەر لەبەستنی پەیمانی جەزائیر چەند کۆبوونەوەیەکیشی لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە بۆ ڕێکخستن کە لە ١٦ تا ١٩٧٥/١/٢٠ی خایاند.[١٣٦]

لەبەر ئەوە تورکیا بەدرێژایی جەنگ سنوورەکانی خۆی و عێراقی توند داخست لەدوای کارەساتەکەی هەرەسی ١٩٧٥یش کاتێ کورد پەنای بۆ سنوورەکانی تورکیا برد، تورکیا ڕێگای پێ نەدان بچنە ناو خاکەکەیەوەو دەری کردن.[١٣٧] هەر لەدوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەچەند ڕۆژێك، تورکیا لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا ڕێککەوتن و بە دوو قۆڵی لەشکری بەرفراوانیان کردە سەر خوارووی کوردستان و کەوتنە گیانی پێشمەرگەکان و کاولکردنی ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی گومانی هەبوونی پێشمەرگەی لێ بکرایە.[١٣٨]

136 کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١١.

137 ژیرارد چالیاندو ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، ل٣١٦.

138 کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٢.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**سۆڤیەت:-**

لێك نزیك بوونەوەی ڕژێمی عێراق‌و سۆڤیەت بەخێرایی لەبەهێز بووندا بوو، ڕژێم بەشێوەیەکی وا کە لەوەو پێش ڕووی نەدابوو باوەشی بۆ سۆڤیەت کردبۆوەو ڕێککەوتنێکیشی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا بەست.[139] لە ٧ی نیسانی ١٩٧٢دا وەفدێکی سۆڤیەتی بەسەرۆکایەتی (الیکسێی کۆسیگین)ی سەرۆکی وەزیرانی سۆڤیەت گەیشتە بەغداد،[140] لە ٩ی نیساندا عێراق‌و یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکارییان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ئیمزا کرد، ئەمە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لە بوارەکانی ستراتیژی و سوپایی و ئابوری و بازرگانی و کولتوریدا سەرکەوتنێکی گەورەبوو، لە هەمان کاتیشدا دەستی لە پەترۆڵی عێراق گیر کرد، وسوودی گەورەی لێ وەر ئەگرت، هەروەها نزیکەی هەموو چەك‌و تفاقی جەنگی عێراق لەو ئەکردرا، ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەی ئابووری لەعێراقدا دەست کەوتبوو، کەشتیە جەنگیەکانی سۆڤیەت دەرگەی کەنداویان بۆ کرابووەوە.[141] لەچاوپێکەوتنێکدا سەدام حسێن ئاماژە بەوە دەکات‌و دەڵێت: "ئێمە لەساڵی ١٩٧٢دا ڕێککەوتننامەی هاوکاریمان لەگەڵ سۆڤیەتدا مۆرکردو

---

139 مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی ٣، بەشی دووەم، ل٩١.

140 اديث وائي، ايف، بيزوز: العراق دراسة في علاقات الخارجية ، ل١٩٨.

141 نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل١٠٨؛ اديث وائي، ايف، بيزوز: العراق دراسة في علاقات الخارجية ، ل١٩٨.





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

پابەندین بەو دۆستایەتیە، چونکە بەرژەوەندیمان لەوەدایە کە دۆستی سۆڤیەت بین".[142]

هاوکاری نێوان عێراق‌و سۆڤیەت لەو سنوورەدا نەوەستاو چووە مەیدانی سیاسیشەوە، کرێملن هانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی دا لەگەڵ پارتی بەعسی حوکمڕاندا، بچێتە نێو بەرەیەك ئەوەش لە ١٧ی تەمموزی ١٩٧٣ دا جێ بەجێ بوو، بەم چوونە ناو بەرەیەوە لەگەڵ بەعس، شیوعیەکان ئەو پەیوەندیە برایەتیەیان نەهێشت کە چەندین ساڵ بەپارتی دیموکراتی کوردستانی بەستبوونەوەو خۆشیان خستە باوەشی بەعسەوە.[143] لە هەمان کاتدا سۆڤیەتیەکان دەیانوویست بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێك بخەن‌و پارتی بچێتە نێو ئەو بەرەیەی کە درووستیان کردبوو.[144] ئەم پەیماننامەیەی نێوان سۆڤێت و عیراق هۆکارێکی گەورەبوو کەوالە بارزانی بکات زێتر بەرەو ئیران و ئەمریکا نزیك ببێتەوە. لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە ئیران لەو پەیمانامەیە نیگەران بوو، بەڵام دەرفەتێکی لەبارتری بۆ خوڵقا تا لە ڕێی شۆڕشی کوردەوە حکومەتی عیراق لاواز بکات و مەرجەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێ.[145]

بەدرێژایی چوار ساڵ نە شەڕو نە ئاشتی سۆڤیەت گوشاری بۆ کورد دەهێنا کەلەگەڵ بەعس ڕێك بکەوێت کەچی بەپێچەوانەوە هیچ گوشارێکی بۆ بەعس نە دەبرد کە بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازار جێبەجێ بکات،

---

142 صدام حسين: البعث و الثورة و الانسان، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ل٢٠.

143 مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی ٣، بەشی دووەم، ل٩٣.

144 د. کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل٢٢.

145Daved macdowall: amodern history of the kurds.p331.

ئـەوەش ئـەو ڕاسـتیەی دەردەخـست کـە بـێ کـەمو زیـاد کـورد ئـەبێ بەمەرجەکانی بەعس ڕازی بێ، بی ئـەوەی بـەعس بەڵێنـەکانی بەرامبـەر بـە کورد جێبـە جێ بکات. پەیوەنـدی پتـەوی نێـوان عێـراقو سۆڤیەتو لـەو لاشەوە توند گرێدانی بارزانی بە ئێرانو ئەمەریکاوە وای کردبوو کە زیاتر درز بکەوێتـە نێـوان پێوەندیـەکانی سـۆڤیەتو شۆڕشـی کـوردەوەو ڕاسـتەوخۆ ببنـە نـەیاری یـەکتر.[١٤٦] ئەمـەش لـە لێداونـەکانی بـارزانی دا دەردەکەوێت کە دەڵێت: "ئێمە فاکتـەرێکی گرنگین لە ڕۆژهـەڵاتی ناڤینـدا کـە لەبـەردەم دەسـەڵاتی سۆڤیەتی دەوەستینو سـوپای عێراقـی دۆسـتو هاوپەیمانی سۆڤیەت خەریك دەکەین... ئێمە ئامادەین هـەر کارێك لەگـەڵ سیاسەتی ئەمەریکا لـەم ناوچەیەدا بگونجێت بیکـەین ئەگـەر ئەمـەریکا لـە گورگـان بمـان پارێزێت، خـۆ ئەگـەر کۆمـەکی پێویستو کاریگـەر بکرێت ئـەوا دەتـوانین کانگـەکانی نـەوتی کـەرکوك بگـرینو تەسـلیم بەیـەکێك لـە کۆمپانیاکـانی نـەوتی ئەمـەریکای بکـەین".[١٤٧] ئەمـە یـەکێك بـوو لـەو هۆکارانـەی وای لـە سۆڤیەت کرد بەتـەواوی پشتی عێراق بگرێتو کورد پشتگوێ بخات، و لەململانێی کوردی– عێراقی دا ئیتر سۆڤیەت قورسایی خـستە پـاڵ حکومـەتی عێـراقو لـە ئـازاری ١٩٧٤دا کاتێـك جـەنگی کوردسـتان هەڵگیرسـایەوە، پـشتیوانی سیاسـیو جـەنگی ئاشـکرای لـە حکومەتی عێراق دەکرد دژ بە بزووتنەوەی کورد.[١٤٨] لەگەرمەی شـەڕەکانی (١٩٧٤)ی نێوان سوپای عێراقو شۆڕشی کورددا شای ئێران سـەردانی

[146] کەمال عەلی، سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل٢٣.
[147] گوێنتەر دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، ل٢٨٤.
[148] کەمال عەلی، سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل٢٣.





مۆسـکۆی کـرد، یـەکێك لەبابەتـەکانی گفتوگـۆی سـۆڤێتی – ئێرانـی مەسەلەی ناکۆکی عێراقی– ئێرانی بوو، لەوێدا (پۆد گۆڕنی) داوای لە شا کـرد بـە ئاشـتی کێـشەکانی لەگـەڵ عێراقـدا چارەسـەر بکـات. دیـارە ڕێککـەوتنی عێـراق– ئێـران لـەو کاتـەدا کـە بزووتنـەوەی کـورد گرەوێکـی چارەنووسی لەسەر ناکۆکیەکان کردبوو، گورزێکی کوشندەی لێ ئەدا.[١٤٩] چەکی پێشکەوتووی سۆڤیەت بێ ژمارە بەسەر عێراقدا دابارىو عێراق چـەکی پێشکەوتووی وای درایـە تەنانـەت بـەو وڵاتانەشـنەدرابوو کـە لـە خولگەی سۆڤیەتدا دەسوڕانەوە، وەك باڵـەفڕی TU22و سۆخۆیو مێگی ٢٥و تـۆپی ئەنـدازە ١٣٠ملـمو ١٥٢ ملـمو مووشـەکی سـامو تـانکی T62 کەدوایین جۆری خۆی بوو.[١٥٠] جگـە لـەوەش ئـەو هەوڵانـە زۆر بـەربڵاوبوون کـە ژمارەیـەك لـە ئەفسەرانی ڕوس و کـادیری سـوپایی و فڕۆکـەوانی یـان هاوکاری سوپای عیراق بوون و سەرپەرشتی ئەو چەكو بوردومانانـەیان دەکرد کە لەکوردستاندا بەکاردەهات.[١٥١]

لەلایەکی دیکەوە لەگەرمەی جەنگی دژ بـە کورددا، حشع کـە پـەیڕەوی بێ چەنو چوونی لە سیاسەتی سۆڤێتیەوە دەکرد چ بەچەكو چ بەڕێگـەی سیاسیو پروپاگەندە بەتوندی دژی بزووتنەوەی کورد ڕاوەستا، یـەکێتی سۆڤیەتیش سەرەڕای ئەوەی چەکی درێـژە پێدانی جەنگی بۆ حکومـەتی عێراقی دابین دەکرد. لەدەزگەکانی ڕاگەیاندنی خۆیـەوە دژی بزووتنـەوەی کـورد دەدواو پـشتیوانی لـە حکومـەتی عێـراق دەکـرد، بـەدوای ئەویـشدا

[149] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ، ل١١١.
[150] مسعود بارزانی: بارزانیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی ٣، بەشی دووەم، ل٩٣.
[151] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنووس)، ل٥٢٠.

هەموو دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتو پارتە کۆمۆنیستەکانی دنیا دژی ڕاوەستان.[152] بەم شێوەیە لە ئاست هەرەس هێنانی شۆڕشی کورددا ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا خۆیان کەڕ کردو هەردوولا ناڕاستەوخۆ دەستیان تێدا بوو، دوای هەرەس هێنانی شۆڕشیش سۆڤیەت بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی ئەو سیاسەتانەی کە عێراق بۆ تەواو بنەبڕ کردنی شۆڕشی کوردو پاکتاو کردنی ڕەگەزی لە کوردستانی عێراقدا پێڕەوی دەکردو حشع-یش ڕاستەوخۆ بەشدار بوو لەچەسپاندنی ئەو سیاسەتەدا، چونکە لەگەڵ بەعسدا لایەنێکی بەشداربووی (بەرەی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی عێراقی) بوو.[153]

**ئەمەریکا:-**

لە ڕاستیدا شتێك لە فایلی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا نەبوو بە نێوی مەسەلەی کورد. هاوپەیمانێتی ئەمەریکا لەگەل ئێران و تورکیادا کە لە هەردوو ئەو وڵاتانەدا ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی تێدا دەژی و هیچ کاتێك لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا نەبوو کە هاوکاری شۆڕشی کورد بکات، بەڵام کاتێك ئەمەریکا بینی کە نفوزی سۆڤیەت لەناوچەکەدا ڕوو لەزیاد بوونە بۆیە لە مانگی ئایاری ١٩٧٢دا بڕیاری پشتگیری کردنی* ئێرانی

[152] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن،ل١١١.

[153] کەمال عەلی، سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل٢٦.

* -ئیران داوای لە ئەمەریکا کرد پشتیوانی مادی پێشکەش بە کوردەکانی عیراق بکات و دواجار ئەمەریکا بڕی ١٦ ملیۆن دۆلاری بە کورد بەخشی.





دا.[154] بەتایبەتی دوای خۆماڵی کردنی نەوت کەزیانێکی زۆری بەبەرژەوەندی ئەمەریکا گەیاند، لێرەوە ئەمەریکا هەوڵیدا کە کارتی کورد بەکاربهێنێ دژی عێراق، لەراپۆرتێکی لیژنەی (پایك)دا هاتووە: "کەئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا (ڕیچارد نیکسۆن) لەساڵی ١٩٧٢دا وەڵامی پێشنیارەکەی شای ئێرانی داوەتەوە بەیارمەتی دانی جولانەوەی کوردی بەپارەو چەك".[155] هەروەها لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە کە ئەمەریکاو شای ئێران ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە جولانەوەی کوردی بمێنێ بەبێ ئەوەی بگاتە ڕادەی سەرکەوتن، تەنها لەپێناو لاواز کردنی حکومەتی عێراق.[156] دێڤید ماکداول پێی وایە بڕواکردن و پێوەندیەکانی بارزانی بە ئەمەریکاوە ساویلکانە بوو، کاتێك بارزانی بۆ خۆی لەوبارەیەوە ئاشکرای دەکات و دەڵێت: "ئێمە داخوازی زامن کردنی ئەمەریکیەکان بووین، متمانەمان بە شا نەبوو، ئەگەر گفتی ئەمەریکا نەبوایە، ئێمە بەو شێوەیە کارمان نەدەکرد".[157] ڕاپۆرتی پایك باس لەهەڵوێستی ئەمەریکا دەکات کە ئاگاداری بەستنی پەیمانی جەزائیر بووەو دەڵێت: "زۆر دەمێك بوو ئاژانسی نهێنگری ئەمەریکا دەیزانی کە هاوپەیمانەکەمان (شا) کاتێك پشتی ئەو گرۆنەتەوەییە (کورد) بەردەدات

[154] Daved macdowall: amodern history of the kurds.p331.

[155] محمد السماك: الاقليات بين العروبة و الاسلام، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٠، ل٤٤؛ عليرضا شيخ عطار: كردها، ل١٥٥.

[156] ريبوار كريم محمود: العلاقات العراقية-الامريكية منذ عام ١٩٨٩ و افاقها المستقبلية، رسالة ماجستير، ٢٠٠٦، ل٢٤.

[157] Daved macdowall: amodern history of the kurds.p332.

کە لەگەڵ دوژمنەکەی (عێراق)دا لەسەر کێشەی سنوور ڕێکبکەون"و هەروەها لە یاداشتنامەیەکی ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٢ی ئاژانسی نهێنگری ئەمەریکا دەڵێت: "هاوپەیمانەکەمان (شا) پاش دوو مانگ لەو پێشنیارەی سەبارەت بە کۆمەکی کوردەکان دای بە ئێمە لەڕێگەی شالیارێکی دەرەوەی سێهەمدا دوژمنەکەی خۆی بەئاشکرا ئاگادار کردەوە کە ئەگەر بێت و ئەو ئامادەبێت ڕێککەوتننامە کۆنەکەی لەسەر سنووری هەردولایانە هەڵوەشێنێتەوە ئەوسا ئەم بە گێڕانەوەی ئاشتی بۆ هەرێم قایلە".[١٥٨] بەڵام سیاسەتی ئەمەریکا بەشێوەیەکی زۆر ڕوون دەرکەوتبوو کە بەم شێوەیە بوو، چ ئێران و چ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بە ئومێد بوون سوود لەو بارودۆخە بێ چارەسەرەی ناوخۆی عێراق وەربگرن، بەهۆی نەدانی (نیوە ئۆتۆنۆمی) بە کوردەکان، ئەتوانن ئەو بارودۆخە لاواز بکەن، چونکە نە ئێران و نە ئەمەریکا پێیان خۆش نەبوو مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێ.[١٥٩] بۆیە کاتێك شەڕ هەڵگیرسا ئەو کۆمەك و یارمەتیانەی کە ئەمەریکی و ئێرانییەکان بەڵێنیان دابوو بە کوردی بدەن، لەهەفتەی چوارەمی شەڕەکەوە ئەو شتانەی کە لەسنووری ئێرانەوە دەهاتن بەشێوەیەکی پچڕ پچڕو وەجبەی کەم دەگەیشتن، دیار بوو هیچ نیازێکیان نەبوو، کە کورد بگەیەنرێتە ئاستێك بتوانێ بنکەیەکی لۆجیکی بۆ خۆی ڕۆبنێ و یەدەگی خۆی هەبێ، مەبەست لەمەش ئەوە بوو کە چاویان

158 ژیراو چالیاندو ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، ل٣١٤، ٣١٥.

159 Daved macdowall: amodern history of the kurds.p332





لەدەستی ئێران و ئەمەریکا بێت و نەتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆو کارا لەشەڕەکاندا بجولێن.[١٦٠]

بێگومان هەر لەگەڵ بەستنی پەیمانی جەزائیردا ئیدی کۆتایی بە پشتگیری ئەمەریکا بۆ کورد هات. ئەو بەڵێنانەی کە ئەمەریکاش بە کوردی دابوو وەك بڵقی سەر ئاویان لێهات، چونکە واشنتۆن بڕیاری دا پشتیوانی لەو هەڵوێستەی تاران بکات کە بە بارزانی راگەیەنراو داوای لێ کرابوو شەڕ ڕابگرێ، هەروەها دوا بەدوای ئەوە لە ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٨دا رادیۆی دەنگی ئەمەریکا راگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای بڵاوکردەوە کە: "کوردە شۆڕشگێڕەکان داوایان کردووە ئەمەریکا لە کێشەکەیان بپرسێتەوەو یاریدەیان بدات، بەڵام وەڵامی وەزارەت بۆیان ئەوە بوو کە ئەوە کێشەیەکی نێوخۆی عێراقەو ئەمەریکا خۆی لەقەرەی نادا".[١٦١] گومانی تێدا نیە کە (کیسنجەر)* پڕۆژەکەی شای سەبارەت بە کورد پەسەند کردبوو، چونکە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە کوردەکان تەنها کارتی قومارن یان تەنها پوولی خەرجن.[١٦٢] بارزانی لە نامەیەکدا بۆ کیسنجەر دەڵێ: "ئێمە پێمان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئیلتیزامێکی ئەخلاقی و مەسئولیەتی سیاسیان لە ئەستۆدایە دەرهەق بە گەلی کورد حکومەتەکەتان بەخۆی گفت و بەڵێنی داوە وابێ هەر لەو پێوە دانگەوە تکا لەڕێزدارتان دەکەین بەزووترین کات کارێك بکەن و فریامان

160 گوێنتە دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، ل٣٣١.

161 کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٨.

* –هنری کیسنجەر: راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بوو.

162 ژیرارد چالیاندو ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، ل٣١٥.

بکەون".[١٦٣] بەلاّم بارزانی هیچ وەلاّمێکی لەو بارەیەوە دەست نەکەوت، کەچی نا ئەخلاقیەتی سیاسی و بەرژەوەندی ئەمەریکاو هاوکارانی بەرامبەر کوردی ژێر دەستە هەر لەلایەن کیسنجەر خۆیەوە ئاشکرا دەبێت، کاتێك دەڵێ: "ئێمە زوڵمێکی گەورەمان لە کورد کرد، لەکاتێکدا دەبوایە عێراق دژی سوریا بوەستێت، شەڕمان بە کورد راگرت و پشتمان تێیان کرد".[١٦٤] د. گوێنتەر دیشنەر لە دوادیمانەی ڕۆژنامەوانی کە لەگەڵ بارزانیدا کردبووی لەناو خاکی کوردستانداو لە ڕۆژنامەی جیهاندا بلاّوی کردبۆوە، لەوەلاّمی پرسیارێکدا دەربارەی گەورەترین هەڵەی شەخسی کە خۆی کردبێتی، پاش تێڕامانێك بەدەنگێکی کەسەردار ژەنەڕاڵ وەلاّمی دابۆوە: "گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەیە کە متمانەم بە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کردو باوەڕم بەو گفت و بەڵێنانە کرد کەپێی داین".[١٦٥]

### وولاّتە عەرەبیەکان:-

پێویستە لێرەدا جەخت لەسەر ئەو راستیی یە بکەینەوە کە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی نەبووە بە ئاشکراو بێ مەرام دانی بە بوونی نەتەوەی کورددا نابێ، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی نەبووە عێراق و سووریا بە (هەردوو پارچەکەی کوردستان)یشەوە بە (خاك و گەلە)کەیەوە، بە دوو پارچە لە نیشتمانی عەرەبی نەزانێ، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی نەبووە، دان بەمافی

---

[163] گوێنتەر دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو،ل٣٤٢.

[164] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٩.

[165] گوێنتە دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، ل٣٤٤، ٣٤٥.





چارەنووسی نەتەوەی کورددا بنێ و بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ قایلبێ، هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان، دژی پارچە پارچەکردنی عێراق و سووریان. جگە لە عێراق و سوریا، کە بەدوو دەوڵەتی عەرەبی دادەنرێن و بە خاك و گەلەکانیانەوە بەبەشێ لە نەتەوەی عەرەب دەژمێردرێت، لەهەمان کاتیشدا لای کورد وەك دوو دەوڵەتی داگیرکەری دوو پارچەی کوردستان تەماشا دەکرێت.[١٦٦] لەم بۆچوونە شۆڤێنیستانەیەدا ولاّتانی عەرەب هاودەنگ و هاوڕای ڕژێمە جۆراو جۆرەکانی عێراق بوون، ئەگەرچی لەلایەکەوە جاروبار کەمایەتییەکی کولتوریان بەپێی بەرنامەیەکی کاتی داڕێژراوەو کورد بەشەریکە بەشی عەرەب لە عێراقدا دانی پێدا نرابێ و لەلایەکی دیکە هەندێك لە وولاّتانی وەك میسرو سوریاو لیبیا بەمەبەستی سیاسیانەی خۆیان دژ بە عێراق لەسەر کەرەوەیەکی کاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوبێتن، بەلاّم ئەمانە (لیبیا)ی لێدەرچێ هیچ شتێك لەو ڕاستیە ناگۆڕن کە دژی مافە ڕەواکانی کوردن و زۆر بەتوندی دژ بە لەق کردنی یەکێتی خاکی عێراقن کە بەبەشێکی گرنگی نیشتمانی عەرەبی دادەنێن ئەو دەوڵەتانە لەچەپەوە بۆ ڕاست، لە ئیسلامەوە بۆ عیلمانی، سەرجەمی بزووتنەوە نەتەوایەتی و ئیسلامیەکانیشیان، تەنانەت گەلە عارەبەکانیش هەر هەموویان بەبیرێکی دۆگمای وشکەلاّتووەوە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کوردو مەسەلەکەی وەرگرتووە، لەبەر ئەوە گەر سەردەمانێك دەوڵەتێکی عەرەبی یاخود ڕێکخراوێکی نەتەوەیی یان ئیسلامی باسی لە مەسەلەی کورد بە ئیجابی

---

[166] حوسێن محەمەد عەزیز: کوردو شۆڕش و هەلی مێژوویی، ل١٢٤.

کردبێ، ئەوا بێ شك بێ مەبەست نەبووەو سوودێکی زۆریان لەمەسەلەی کورددا لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان وەرگرتووە.[١٦٧] بۆ وێنە حکومەتی سوریا کە خاوەن سروشتێکی بەعسی بوو پشتیوانی لە حکومەتی بەعسی عێراقی کردووەو لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورددا، ڕایگەیاند کە هەموو توانایەکی سەربازی خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە، و ئەمەشی بە کردەوە سەلماند،[١٦٨] بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی بەعس لیوایەکی سەربازی سووری بەسەرکردایەتی (عقید فهد شاعر) لە کوردستانی عێراقدا چووە مەیدانی شەڕەوە، ئەگەرچی ئەم کارە بەسەریاندا شکایەوە.[١٦٩]

حکومەتی سوریا هیچ هەڵوێستی خۆی دژی شۆڕشی کورد نەگۆڕی، و لەساڵی ١٩٦٦دا بەیانێکی دەرکردوو تیایدا باسی لە یارمەتی ئێرانی کردبوو بۆ کوردەکان و داوای لە ئێران کردبوو لەپاڵ حکومەتی عێراقدا بوەستێت.[١٧٠] پاش تێکچوونی پێوەندی هەردوو بەعس و سەرهەڵدانی ناکۆکی توندو تیژ لەنێوانیاندا کەوتنە پیلانگێڕان لەیەکتری، ناکۆکی نێوان هەردوو سەرکردایەتی پارتی بەعس بەتەواوی خەست ببۆوەو بەعسیە سوریەکان دەیانویست لەڕێی شۆڕشی کوردەوە ئەو باڵەی

---

[167] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٣.

[168] محمود الدرة: القضية الكردية في العراق، ل٤٠٨.

[169] محمد احسان: كردستان و دوامة الحرب، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠، ل٥٦، ٥٧؛ علي كريم سعيد: العراق البيرية المسلحة، ل١٦١.

[170] محمود الدرة: القضية الكردية في العراق، ل٤٠٨.





بەعسی عیراق لاواز بکەن، بۆیە سەدام حوسێن لەڕاگەیاندنێکی ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٢١ی دا بەئاشکرا ئەوەی دەربڕی کەیەکێك لە حکومەتەکانی عەرەب یارمەتی کورد ئەدا، و نارەزایی خۆی لەبەرامبەر دەربڕی کە مەبەستیش لەم دەوڵەتە سوریا بوو.[١٧١] بەڵام هەڵوێستی گەورە دەوڵەتی میسری عەرەبی بەرامبەر بە کورد و بزوتنەوە ئازادیخوازانەکەی ئەوا بە تەواوی لە ساڵی ١٩٧٥دا ئاشکرا دەبێت. ئەو دەمەی شەڕی چارەنوسسازانەی نێوان کورد و ڕژێمی بەعس بەردەوام دەبێت، لەوکاتەدا میسر هەوڵەکانی بۆ نزیك بوونەوەو ئاشت کردنەوەی ئێران و عێراق تەرخان کردبوو. لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی میسر بێ مەبەست نەبوو، بەڵکوو لەو ڕووەوە سەرچاوەی دەگرت کە نائارامی دۆخی نێوخۆی عێراق لەڕووی ستراتیژیەوە لەبەرژەوەندی نەبوو، چونکە نەیدەویست کە سوپای عێراق بەشەری نێو خۆوە خەریك بێت لەکاتێکدا مەسەلەیەکی لەوە گەورەتر سەرجەمی ووڵاتانی عەرەبی بەخۆیەوە خەریك کردبوو، ئەویش شەڕی دژ بە ئیسرائیل بوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە میسر لەو ناوبژیوانی کردنەدا یارمەتیەکی لە نەوتی ئێران مسۆگەر کرد.[١٧٢] جگە لەمانە ئەنوەر سادات پێی وابوو بەو هەوڵە دەتوانێت شك و گومان لەسەر خۆی لابەرێت لە پێوەندیەکانی لەگەل ئیسرائیل و ئەمەریکادا، کە لەلایەن هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبیەکان و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و ڕێکخراوە

---

[171] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنووس)، ل٦٠٢؛ کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٦.

[172] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٤.

ئیسلامییەکانەوە بە چاوی تاوان و لەباربەری شۆڕشی فەلەستینەوە سەیریان دەکرد.[١٧٣]

**سعودیەو ئەردەن:-**

حکومەتی بەزاز لە پێناو ڕاگرتنی پشتیوانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد هەوڵێکی زۆری دا، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە شا حسینی ئوردن و شا فەیسەڵی سعودی کرد کە لە باشکردنەوەی پەیوەندیەکانی حکومەتەکەی لەگەڵ ئێراندا ناوبژیوانی بکەن، بەڵام هەوڵەکانی هەردوو مەلیك بێ ئەنجام مایەوە.[١٧٤] لەلایەکی دیکەوە سعودیەو ئەردەن لەباربردنی شۆڕشی کوردیان بەفاکتەرێك دەزانی بۆ کوژاندنەوەو لەباربردنی شۆڕشی (ظفار).[١٧٥] لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا کە ئەنجوومەنی نەتەوەیی و وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی عەرەب لە (رباط)ی پایتەختی مەغریب کۆبوونەوە، لەوێدا لەکێشەی کوردو عێراق و ئێران دوان، بڕیاریاندا کە (شا حسێن)ی ئەردەن و ئەنوەر سادات و مەلیکی حیجاز ببن بە مەئموری ئەوەی بکەونە نێوان (ئێران و کوردو عێراق)و (ئێران و عێراق)یش بەیەکەوە ئاشت بکەنەوە.[١٧٦]

[173] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل٣٩٠.
[174] محمود الدرة: القضية الكردية في العراق، ل٤١٤.
[175] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل٣٨٩.
[176] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٥.





**جەزائیر:-**

سیاسەتی جەزائیر بەرامبەر ڕژێمی بەعسی عیراق پشتیوانی و هاوکاریکردنبوو. ڕۆژنامەی (الجماهیر) لەمێژووی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ووتارێکی بەناونیشانی (داگیرکەرو دەرەبەگ لەپشتی هەڵگەڕانەوەی بارزانیەوەن)، لەوێدا دەڵێت: "حکومەتی عێراق لەهەموو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردە، توانای گەشەپێدانی نێوخۆی لە بوارەکانی خوێندن و کشتوکاڵ و تەندروستی و شارەوانیدا بۆ دابین کردوون، بەڵام لایەنگرانی بارزانی کە هەڵگری بیری شۆڤێنیستانەن بەمە ڕازی نەبوون و داوای دامەزراندنی جێگرێکی کوردی بە سەرۆك کۆمارو جێگری سەرۆك وەزیرانی کوردی و جێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانیان دەکرد".[١٧٧] دەوڵەتی جەزائیر کە ڕۆڵێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆی بینی لەپێکهاتنی هەردوو دەوڵەتی (عێراق و ئێران)و لەباربردنی شۆڕشی کورددا، لەکۆبوونەوەی سەرانی ئۆپیك لەجەزائیر (٤-١٩٧٥/٣/٦)دا سەرۆکی ئەو وولاتە (هەواری بومیدیەن) پێشنیازی دانوسەندن و چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوولایانی کرد و لەدوا ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا هەردوولایان ڕێکەوتننامەی ئاشتی یان ڕاگەیاند، تەنانەت جەزائیر لەو کۆمیتە هاوبەشانەشدا ئەندام بوو کە عێراق و ئێران بۆ دیاری کردنی خاڵە سنوریەکان و جێ بەجێ کردنی بەندەکانی پەیمانەکە درووستیان کردبوو.[١٧٨] هەواری بومیدیەن لە بۆچونێکی دوورەوە سەیری

[177] محمود الدرة: القضية الكردية في العراق، ل٤٠٩، ٤١١.
[178] کەمال عەلی و سەروەر عبدالرحمن عمر: هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە ...، ل١٥.

یەکبونەوەی عێراق‌و ئێرانی دەکرد، پێی وابوو بەدرێژەدانی ئەو ناکۆکیەو لەڕێگـەی شۆڕشـی کـوردەوە هـەردوو زلهێزەکـە (ئەمـەریکا و سـۆڤیەت) هـەوڵی زیـاتر دەسـت تێـوەردان‌و چـوونە نێـو ناوچـەی دەریـای سـپی ناوەڕاست بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی شا دەماری ئاوی‌و ئابووری ناوچەکە دەدەن.[١٧٩]

[179] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول، ل٣٩٠.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێك کە لەم خاڵانەدا دەیانخەینە ڕوو:-

١- بارودۆخی ئەو کاتەی عێراق بەشێوەیەکی وا تێك چوو بوو کە بۆشاییەکی سیاسی لەو ولاتەدا دروست بێت و کۆمەڵێك لە دەستە و گرۆی سیاسی بێنە مەیدانی کارکردنەوە و لەماوەیەکی کورتدا هێزێکی گەورە کۆ بکەنەوەو دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، بەتایبەتی ئەو ژمارە زۆرەی حکومەت و وەزارەتەکان نەیانتوانیوە وەك پێویست ڕەوشی هێمنی عێراق بپارێزن.

٢- پارتی بەعس دەرئەنجامی بارودۆخێکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی بوو، بەهەموو شێوەیەك هەوڵی کۆکردنەوەی دەستە و گروپی لاوانیان دەداو بەبیرو باوەڕێکی نەتەوەیی ڕەگەز پەرستانە و دروشمی بریقەدار پەروەردەیان دەکردن، دروشمی یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم کرابووە یەك لە دروشمە ستراتیژیەکانی بەعس کە لە هەموو مانگرتن و خۆپیشاندان و چالاکیەکانیاندا بەرزیان دەکردەوە و بەمەش سەرنجی زۆرینەی لاوان و خوێندکارەکانیان بەلای خۆیاندا رادەکێشا و لەم ڕێیەوە توانیان لە ماوەیەکی بە ڕێژە کورتدا جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ پارتەکەیان پەیدا بکەن.

٣- گۆش کردنی نەوەی عەرەبی بەو ئایدیۆلۆژیەتە بیرێکی نەتەوەیی شۆڤێنی وای دروست کردبوو کە عەرەب بەتاکە نەتەوەو تاکەڕەگەز





مه کتەبی بیر و هۆشیاری

دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ بدرێت بۆ یەکگرتنی هەموو بەشەکانی نیشتمانی عەرەب لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا و لە چوارچێوەی دروشمی (امة عربية واحدة زات رسالة خالدة).

٤- بەووردبوونەوە لە فکری بەعس ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەعس نەك کورد بە نەتەوە دانانێت، بەڵکوو ئامادە نەبووە وەك کەمە نەتەوەش دانی پێدابنێت، چونکە ئەوان پێیان وابووە کورد مێوانەو هاتۆتە سەر خاکی عەرەب و لەهەر ئان و ساتێکدا دەبێت ئەو نیشتمانە بۆ عەرەب بەجێ بهێڵێت، لەهەمان کاتدا شۆڕشی کوردی بەدەستکردی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەداو بە شۆڕشێکی ئازادیخوازی نەتەوەیی دانەدەنا و هەوڵی دەدا لەژێر ئەو دروشمە ڕەنگاو ڕەنگە ساختە کاریانەدا، وەك برایەتی نێوان کوردو عەرەب یەك ئایینی و یەك نیشتمانی، کورد لە خشتە بەرێت.

٥- کورد هەمیشە لەپێناوی گەیشتن بە مافەکانی ئامادە بوو دەست بۆ هەموو هێزێك ڕابکێشێت گەر ئامادەیی تێدا بووبێت بۆ چەسپاندنی مافەکانی، هەر بۆیە کورد لەسەرەتادا هەڵوێستی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەعسدا گرتەبەر، دواتر بەهۆی پاشگەز بوونەوەی بەعس ناچار بوو هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورد هەموو جۆرە ڕێگەیەکی تاقی کردۆتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی.

٦- بەعس کە لەڕێگەی کودەتاوە توانی بگاتە ترۆپکی دەسەڵات، بەڵام بەهۆی ئەو سیاسەتە تاکڕەویەی کە سیستێمێکی تۆتالیتارانەیان لەسەر بونیادنابوو، نەك هەر نەیانتوانی هیچ یەکێك لە دروشمە ستراتیژیەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵکو وەك حیزبێکی دیکتاتۆر چارەنوسی

کتێبی بیرو هۆشیاری

خۆیان و گەل و ولاتێکیان بەرەو تراژیدیایەك برد کە لە مێژووی هاوچەرخ دا وێنەی نەبووە.

٧- لە ئەنجامە سیاسەتی داگیرکارانەی ئیمپریالیزم و هەڵەو کەم و کورتی هێزە دیموکراتخواز و شۆرشگێرەکاندا بەعس وەك هێزێکی رەگەز پەرستی بەرچاو تەنگ توانی ببێتە هێزێکی سیاسی و ببێتە هاوپەیمانی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستان بۆلێدانی هێزە دیموکراتخوازەکان و دەسەڵاتی سیاسی قۆرخ بکات .

٨- ئەگەرچی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ توانی بەشێکی مافەکانی کورد دەستەبەر بکاتو بۆ ماوەیەك ئاشتی بخاتە کوردستانەوە، بەڵام لە ماوەی ئە شەڕ نە ئاشتیدا بەعس خەریکی خۆ کۆکردنەوەو خۆ بەهێز کردنەوە بوو، بەپێچەوانەوە سەرکردایەتی کورد پشتی لێکردبوۆوە کە ئەمەش هۆیەکی کاریگەر بوو لە تێکشکاندنو ساردبوونەوەی شۆرشگێرە کوردەکان.

٩- بەعس لەپەیرەو کردنی سیاسەتیدا بۆ توانەوەو سرینەوەی مۆرکی نەتەوەیی بوونی کورد جۆرەها شێوزای گرتبووە بەر، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردبووە بەر ڕاگواستنو بەعەرەب کردنی کورد، لەو سەرژمێریانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەعس لە پلانەکانیدا هەوڵی دابوو بەهەموو شێوەیەك کورد بن بڕ بکات.

١٠- کورد هەمیشە وەك کارتێکی فشاری نێو دەوڵەتی بەکارهاتووەو لەسەر ئەو پێگەیەش بەعس ویستوویەتی سیاسەتی خۆی دابڕێژێو ئامادە بووە جۆرەها سازشی گەورە بکات بۆ بەرامبەرەکەی لەپێناوی خامۆش کردنی شۆرشی کوردو کۆتایی پێهێنانی، لەلایەکی دیکەوە





کتێبی بیرو هۆشیاری

سیاسەتی خۆی بەجۆرێك بەدەوڵەتانی دەرەوە نیشان داوە کە بەهەموو شێوازێك ئامادە بووە مافەکانی کورد بداتو وەك پارتێکی دیموکرات و مرۆڤ دۆست گوایا ئەوان تەنها دەوڵەتن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە دەتوانن کێشەیەکی نەتەوەیی ئاڵۆز چارەسەر بکەن.

بەڵام تا ئێستە مێژوو ئەوەی نەخستۆتە بەردەست کە پارتێکی نەتەوەیی شۆڤینی دیکتاتۆر توانیبێتی کێشەی نەتەوەیەکی بن دەست چارەسەر بکات کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە کێشەیەکی دیموکراتی و مرۆڤانە.

بۆیە دەکرێ بووترێ، پارتی بەعس وەك رێکخستنێکی سیاسی و سیستمێکی دەوڵەتی ئەو پارت و سیستێمە نەبوو کە کێشەیەکی گرنگی کوردی چارەسەر بکات و لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتیش نەدەبوو هیچ ئومێدێك لەسەر ئەو رژێمە تۆتالیتارە هەڵبچنێ. کێشەی نەتەوەیەکی ژێردەستەی خاك داگیرکراو دەکرێ تەنها لە چوارچێوەی سیستێمێکی دیموکراتیانەدا چارەی بکرێ، خۆ ئەگەر نا ئەو کێشەیە هەروەك خۆی بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە تا ئەودەمەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەو مەسەلانەدا گۆڕانکاری بەسەردێ و بە بڕیارێکی خۆیان دەتوانن مافی ئەو گەلە دەستەبەر بکەن و چارەنوسیان دەستنیشان بکەن.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی

**ئۆرخانی غالب:**

١. شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، چاپخانەی هەلوێست لەندەن، ١٩٩٠.

**ئاریان ئیبراهیم محمد:**

٢. ڕۆژنامەی برایی-برایەتی (١٩٦٧-١٩٧٤) ڕۆلی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠.

**ئازاد:**

٣. ئەفسانەی عێراقێکی دیموکراسی یان سەربەخۆیی کوردو عەرەب، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی زانستە سیاسیەکانی کوردستان، بێ شوێنی چاپ، ئەیلولی ١٩٩٣.

**ئاسۆ گەرمیانی:**

٤. دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان سیستەمێکی فیدراڵی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ئەلبێرت عیسا( دکتۆر):**

٥. خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، چاپخانەی دەروون، سلێمانی، ٢٠٠٤.





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**ئەمین قادر مینە:**

٦. ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

**ئەوان و. ئەندرسن( دکتۆر)، د. خەلیل هە رەشیدیان:**

٧. عیراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، و/ فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ئیبراهیم جەلال:**

٨. خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، بنیاتنان و هەڵتەکاندن (١٩٦١- ١٩٧٥)، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٩.

**باڤیچ( پرۆفیسۆر):**

٩. کوردستان و مەسەلەی کورد، و/ عبدالخالید صابر، چ١، چاپخانەی شڤان، سلیمانی، ٢٠٠٦.

**بەختیار عەلی:**

١٠. خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**جاناتان راندل:**

١١. بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و/ سەلاحەدیین ئاشتی، چ١، ٢٠٠٣.

**جەلال تاڵەبانی:**

١٢. جۆشــدانی خــەبات دژی ئیمپریــالیزمو فاشــیزمو نۆکــەرانیان بــۆ ســـەربەخۆیی و دیموکراســـی و ئۆتۆنـــۆمی، لـــەبڵاوکراوەکانی یـــەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەورۆزی ١٩٨٠،

١٣. ڕاپـۆرتی سیاسـی، پەسـندکراوی یەکـەمین کـۆنگری گـشتی یـەکێتی نیـشتمانی کوردســتان، ٢٧/١-١٤/٢/١٩٩٢، لـەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامــەی کوردستانی نوێ، ١٩٩٢.

١٤. گفتوگۆیــەکی جــددی لەگــەڵ صــبحی عبدالحمیــدو هاوڕێیــانی، و. جەوهـەر کرمـانج، چ١،لـە بڵاوکراوەکـانی شـارەوانی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**جەمال نەبەز( دکتۆر):**

١٥. ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری شـەڕی عیراق و ئێرانـدا، لـە بڵاوکراوەکـانی ئـەکادێمیای کـوردی بـۆ زانـست و هونـەر، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩.

١٦. دۆزی ناسیۆناڵی کورد، ئۆتۆنۆمی یا کوردستانی سەربەخۆ یا بڕیاری چــارەنوس لــە ئازادیــدا بــۆ ئــازادی، لــە بلاوکراوەکــانی ڕێکخــراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ، چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

١٧. کوردسـتانو شۆڕشـەکەی، و/ کـوردۆ، لـە بلاوکراوەکـانی ڕێکخـراوی خوێنــدکارانی سۆسیالیــستی کــورد لــە ئــەوروپا ، چــاپەمەنی ئــازاد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥.







١٨. بـیری نەتـەوەیی کـوردی نـە بـیری قەومیـەتی ڕۆژهـەڵاتی و نـە بـیری ناسیۆنالیـستی ڕۆژئاواییـە، لـە بلاوکراوەکـانی ڕێکخـراوی خوێندکارانی سۆسیالیـستی کـورد لـە ئـەوروپا، چـاپەمەنی ئـازاد، سـتۆکهۆڵم- سـوید، ١٩٨٤.

**جویس بلو( دکتۆر):**

١٩. دۆزی کـورد، و/کـارزان محمـد، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٤.

**حەسەن ئەرفەع:**

٢٠. کوردەکـان، و/ سـەردار محەمـەد، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

**حسین محمد عزیز( دکتۆر):**

٢١. خولانـەوە لەبازنـەیـەکی بۆشـدا، دەقی چاوپێکەوتن لەگـەل جـەرجیس فتح الله، چ١، سوید، ١٩٩٧.

٢٢. کوردو شۆڕشو هەڵی مێژوویی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠.

**حیکمەت محەمەد کەریم ( مەلا بەختیار):**

٢٣. شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم، چ٣، هەولێر، ١٩٩٤.

٢٤. کۆبەندی چەند بابەتێك (١٩٨٧- ١٩٩٣)، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢٥. لەمەڕ ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی باشوری کوردستان، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨.

**خەبات عەبدوڵڵا:**

٢٦. بنـەما تیۆریـەکانی جوگرافیـای عەسـکەری کوردسـتانی باشـوور، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.

**درك كينان:**

٢٧. كــورد و كوردســـتان، و/ئەبوبــەكر خۆشــناو، چــاپخانەی روون، سلێمانی، ١٩٩٩.

**ژێرێارد چالیاند ، کەندال، عبـدالرحمن قـاسملو، مـستەفا نـازدار، عیـسمەت شەریف وانلی، ئارچی رۆزفلـت، کامـەران قـەرەداغی، ئـەلیزا مـارکوس، بیلـل فریلیك:**

٢٨. گـەلێکی بـەژموردەو نیـشتمانی پـەرت، (کـورد و کوردسـتان)، و/ م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨،

**رەفیق سابیر:**

٢٩. بەرەو مێژوو، چاپخانەی مەنسور، سویدا، ١٩٩١.

٣٠. عێـراق دیمـوکراتیزەکردنی یـان هەڵوەشـاندنەوە، لـەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلیمانی،٢٠٠٥.

**روینە لومبون (دکتۆر):**

٣١. کورد گەلێکی بێ وولات، و/ ئەمجەد شاکەلی، ستۆکهۆلم، ١٩٩٤.

**سۆران عیزەددین فەیزی:**

٣٢. دوو قۆناغی مێژوویی لە ڕوانگەی یاساییەوە، هەولێر، ٢٠٠٦.

**سەروەر عبدالرحمن عومەر:**

٣٣. یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان دامەزرانـدنو دەسـت پـێ کردنـەوەی شۆڕش (١٩٧٥– ١٩٧٦) سلێمانی، ٢٠٠٢.

**شۆڕش حاجی رەسوڵ:**

٣٤. ئـەنفالی کـوردو دەوڵـەتی عێـراق، چ٢، چـاپخانەی روون، سـلێمانی، ٢٠٠٣.





**شوان عوسمان مستەفا:**

٣٥. کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، سلێمانی،٢٠٠٢.

**شیخ صدیق:**

٣٦. پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد لـە مێژوودا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولیر، ٢٠٠٥.

**صدام حسین:**

٣٧. باوەڕمان بە ئۆتۆنۆمی هەرگیز لەق نابێ، دار الحریە، بغداد، ١٩٧٦.

٣٨. بڕوای ئێمە لە ویژدانی نەتەوەو لە کەلەپوری دێرینیەوە هەڵقووڵاوە، دار الحریە، بغداد، ١٩٨١.

٣٩. پتەوی بیروباوەڕ لەکاتی بەرەییدا، دار الحریە، بغداد، ١٩٨٢.

٤٠. خاسـیەتی نەتـەوەیی نـاوخۆ بـارێکی قـووڵتری خۆبەسـتنەوەیە بەنیشتمانەوە، دار الحریە، بغداد، ١٩٨٢.

٤١. گەل سەرچاوەی هێزو بەخششە، دار افاق عربیە، بغداد، بێ سالی چاپ.

٤٢. ووتاری صدام حسین لە رۆژی ١٩٨٢/٢/٢٤دا لە پارێزگای سلێمانی.

**عبدالرحمن قاسملوو(دکتۆر):**

٤٣. کوردستان و کورد، و/ عبداللە حسن زادە، چ٢، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦.

**عبدالله حسن زاده:**

٤٤. نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی دووەم، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**عبدالله قەرەداغی ( مەلا عەلی ):**

٤٥. ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**فاتح رەسوڵ:**

٤٦. بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، چ١، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١.

**فاضل حسین:**

کێشەی ویلایەتی موسل، و/محمد شاکەلی، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩.

**کاوە نادر:**

٤٧. کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا، لە بلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا، هەولێر، ٢٠٠١.

**کریس کۆچێرا:**

٤٨. کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، و/ حەمە کەریم عارف، چ١، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٣،

**کنعان مەکییە:**

٤٩. دڵرەقی و بێدەنگی، و/ حەمە رەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی،٢٠٠٥.

**گوێنتەر دیشنەر( دکتۆر):**

٥٠. کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، و/ حەمە کەریم عارف، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**لەتیف فاتح، مەجید سالح:**

٥١. کورد قرِان، بەرگی یەکەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، چاپخانەی تیشک،

**مارتن ڤان برۆنەسن:**

٥٢. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و/کوردۆ، چ٤، ب١، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**مارف عومەر گوڵ( دکتۆر):**

٥٣. جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتی دا، چ٣، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**محمد عومەر مەولود( دکتۆر):**

٥٤. فیدرالیەت و پیادەکردنی لە عیراقدا، و/ د.محمد عومەر مەولود و د.عومەر ئیبراهیم عەزیز، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٦.

**مەحمود رەزا:**

٥٥. لەپێناوی دیموکراتیزەکردنی حوکم لە عێراقدا، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**مەحمودی مەلا عزەت:**

٥٦. رەگ و ریشەی مێژوویی تەقەلای بە عێراقی کردنی کوردو مەسەلەی کوردستان، ب١، سوید، ئابی ١٩٨٧.

**مەریون ووریا ڤانع:**

٥٧. شوناس و ئاڵۆزی، چەند ووتارێک دژی دۆگماتیزم، چاپ ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٤.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**مەسعود بارزانی:**

٥٨. بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤.

٥٩. بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤.

**مەهدی محمد قادر:**

٦٠. پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، ١٩٤٥– ١٩٥٨، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**محمد رؤوف عزیز:**

٦١. ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی، چ١، سلێمانی،٢٠٠٥.

**محمد هماوەندی( دکتۆر):**

٦٢. ڕاگواستنی کوردو زامدارکردنی دیموکراتیەت لە کوردستاندا، دەزگای هماوەندی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، کرکوك– لندن، ٢٠٠٤.

**مراد حەکیم محەمەد:**

٦٣. ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعسدا،، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سلێمانی، ٢٠٠٤.

**منوچهر پارسادوست( دکتۆر):**

٦٤. ناکۆکی ئێران – عێراق، و/ محسن علی، لە بلاوکراوەکانی بەشی هۆشیاری مەلبەندی ڕێکخستنی سلێمانی ی.ن.ك، سلێمانی، ١٩٩٥،





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نادر ئینتیسار:**

٦٥. ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و/ عەتا قەرەداغی، چ١، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣،

**نەژاد عەزیز سورمێ:**

٦٦. درەختی بنکۆڵ کراو، چ١، کوردستان، ١٩٩٥.

**نوری تاڵەبانی( دکتۆر):**

٦٧. سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك، و/ مەریوان حوسێن چیمەنی، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**یاسین صابر صالح:**

٦٨. ئینسکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

## دووەم:کتێب بە زمانی عەرەبی

**ابراهیم خلیل احمد( الدكتور):**

٦٩. تاريخ الوطن العربي الحديث و المعاصر، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٨٧.

**ابراهیم خلیل احمد( الدكتور)، د. جعفر عباس حميدي:**

٧٠. تاريخ العراق المعاصر،مطبعة التعليم العالي في الموصل، موصل، ١٩٨٩.

**ابراهیم خلیل احمد( الدكتور) و د. خيل على مراد:**

٧١. ايران و تورکيا (دراسة في تأريخ الحديث والمعاصر، موصل، ١٩٩٢.

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**ابو اسلام احمد عبدالله:**

٧٢. صدام حسين، نشأة، التاريخ، الجريمة، ط٢، بيت الحكمة، مصر، ١٩٩٠.

**احمد رائف:**

٧٣. حقوق الانسان في العراق، من تقارير المنظمة العربية لحقوق الانسان، زهراء اعلام العربي، قاهره، بدون سنة الطبع.

**احمد فوزي:**

٧٤. المثير من احداث العراق السياسية، بغداد، ١٩٨٨.

**ادمون غريب:**

٧٥. الحركه القوميه الكرديه، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣.

**اديث وائي، ايف، بيزوز:**

٧٦. العـراق دراسـه في علاقـات الخارجيـه ١٩١٥-١٩٧٥، ت/عبدالجيـد حسيب القيسى، ج٢،گ١، بدون مكان الگبع، ١٩٨٩.

**أمل ميخائيل بشور(الدكتور):**

٧٧. دراسة في تـأريخ سـوريا السياسى المعاصـر، ط١، توزيـع جـروس بروس، بدون مكان الطبع، ٢٠٠٣.

**ا.پ:**

٧٨. عن التعليم في كردستان العراق، مطبعة خه‌بات، ايار ١٩٨٦.

**بدون أسم مؤلف:**

٧٩. البعث العربي الاشتراكى، ط٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.





مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

**بدون اسم مؤلف:**

٨٠. مظاهر الانتهاكات حقوق الانسان في العراق، بدون مكان و سنة الطبع.

**بو علي ياسين، محمد جمال باروت، محمد نجاتى طيارة:**

٨١. الاحزاب والحركات القومية العربية، ج١،مركز العربي للدراسات الاستراتيجية، بدون مكان و سنة الطبع.

**توفيق سلطان اليوزبكى(الدكتور)، د. يحيى الدين توفيق، صلاح الدين امين:**

٨٢. دراسات في الوطن العربي الحركات الثورية والسياسية،مطبعة جامعة الموصل، ط٣،موصل، ١٩٧٥.

**ثامر كامل محمد:**

٨٣. في الامن الخارجي العراقى واستراتيجيه تحقيقه، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.

**ج. ل. البغدادي:**

٨٤. بعث العراق في قفص الاتهام، ط١، دار الحقيقة، بغداد، ١٩٧٩.

٨٥. **جابر ابراهيم الرواي(الدكتور):**

٨٦. الغـاء الاتفاقيـه العراقيـه – الايرانيـه لعـام ١٩٧٥ في ضـوء القـانوون الدولى، بغداد، ١٩٨٠.

**جاسم محمد حسن العدول، د. طالب محمد وهيم، د. غانم محمد الحفو، عونى عبدالرحمن السجادى:**

٨٧. تاريخ الوطن العربي المعاصر، مطبعة جامعة الموصل، موصل، ١٩٨٦.

**جبار قادر(الدكتور):**

٨٨. السياسات الحكومية في كركوك خلال العهد الملكى (١٩٢١- ١٩٥٨)، كركوك مدينة القوميات المنأخيه، ط١، لندن ، ٢٠٠٢.

**جعفر عباس حميدي:**

٨٩. التطورات السياسية في العراق ١٩٤١-١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٦.

**جلال الطالباني:**

٩٠. حول القضية الكوردية في العراق،ط٢، منشورات دار ارارات للثقافة والنشر، بدون مكان الطبع،١٩٩٦.

٩١. كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة لطباعة و النشر، بيروت، ١٩٧١.

٩٢. تحاور مام جلال عبر فضائيةLBC اللبنانية قامت ببثها هيئة تحرير صحيفة النهار، ليلة ٢٥-٢٦/١١/١٩٩٨، السليمانية،١٩٩٨.

**جليل جليلل، م. س لازاريف، حسرتيان، شاكر ومحويان، أولغاجيغالينا:**

٩٣. حركة الكردية في عصر الحديث، ت/ د. عبدي حاجى، دار الرازي للطباعة و النشر، لبنان- بيروت، ١٩٩٢ .

**جمال بابان**

٩٤. اعلام كرد العراق، سليماني، ٢٠٠٦.

**حازم صاغية:**

٩٥. قوميو المشرق العربي من درابغوس الى غارودى، بيروت، ٢٠٠٠.

**حامد احمد الورد:**

٩٦. الانسان وبناء مجتمع في فكر وتجربة حزب البعث الاشتراكى، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤.





**حامد محمود عيسى( الدكتور):**

٩٧. المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولي، قاهرة، ١٩٩٢.

٩٨. القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطانى الى الغزوا الامريكى ١٩١٤- ٢٠٠٤، ط١،عربية للطباعة و النشر، قاهره، ٢٠٠٥.

**حسن احمد محمد:**

٩٩. الفكر الاشتراكي لحزب البعث العربي الاشتراكي، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٢.

**حسن سعيد:**

١٠٠. نواطير الغرب، بيروت، ١٩٩٢.

**حسن علوي:**

١٠١. العراق دولة المنظمة السريه، بدون مكان و سنة الطبع.

**حنا بطاطو:**

١٠٢. العراق، كتاب الثالث، الشيوعيون و البعثيون و الضباط الاحرار،ت/ عفيف الرزاز، ط٢، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩.

**خالد سليمان الهنداوي( دكتور):**

١٠٣. القضية الكردية و الحل المنشود التاريخ الواقع-المستقبل، ط١، الاوائل للنشر و التوزيع، ديمشق، ٢٠٠٦.

**خالدة عبدالقهار:**

١٠٤. سكرتيرة صدام تتكلم، تقديم/احمد رائف، ط١، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩٠.

**خليل اسماعيل محمد( الدكتور):**

١٠٥. المجتمع المدنى ومستقبل الاثنيات في العراق، من منشورات مكتب الفكر و التوعية للاتحاد الوطني الكوردستاني، سليَمانى، ٢٠٠٤.

١٠٦. مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، اربيل، ٢٠٠١.

١٠٧. البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك، وزارة الثقافة والاعلام، منشورات مجلة كاروان، اربيل، ١٩٩٧.

**ديفيد ادامسن و جرجيس فتح الله:**

١٠٨. الحرب الكوردية و انشقاق ١٩٦٤، ط٢، مطبعة التربية، اربيل، ١٩٩٩.

**راستي( دكتور):**

١٠٩. المسألة الكردية حوائل على طريق الحل الديمقراطي، ط١، مطبعة هاڤيبون، برلين، ٢٠٠٣.

**رجاء حسين الخطاب:**

١١٠. العلاقات العراقية- الفارسية ١٨٤٧- ١٩٨١، دار الحرية، بغداد، ١٩٨١.

**رشيد ملا:**

١١١. الحقيقة الخفية لصدام التكريتي، بدون مكان و سنة الطبع.

**رغيد الصلح:**

١١٢. حربا بريطانيا والعراق ١٩٤١-١٩٩١، ط٢، بيروت، ١٩٩٧.

**سعد البزاز:**

١١٣. الاكراد في المسالة العراقية،الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦.





**سعد بشير اسكندر( الدكتور):**

١١٤. الكرد الفيليون و حزب البعث ١٩٦٣- ٢٠٠٣، من منشورات مكتب الفكر و التوعية للاتحاد الوطني الكوردستاني،سليماني،٢٠٠٤.

**سعد ناجي جواد( دكتور):**

١١٥. دراسات في المسألة الكوردية، ط١، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٥.

١١٦. العراق و المسألة الكوردية ١٩٥٨-١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠.

**سليمان بشير( دكتور) و اخرون:**

١١٧. صدام بين الاقوال و الافعال، حزب البعث عن خلال ادبياته (دستور العراق البعثي)، ط١، الزهراء الاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩١.

**سمير خليل:**

١١٨. جمهورية الخوف، ت/ احمد رائف، ط٣، الزهراء للاعلام العربي، قاهيرة، ١٩٩١.

**سيدر رياض الزبيدى:**

١١٩. تصفيه الخصوم السياسيين، مقال من وقائع ندوة حقوق الانسان وحرياته الاساسية في العراق، جمعية العراقية لحقوق الانسان- فرع سوريا، ط١، ١٩٩٧.

**شبلى العيسمى:**

١٢٠. حزب البعث العربي الاشتراكى مرحلة الاربعينات التأسيسية ١٩٤٠- ١٩٤٥، ط٢،دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٥.

١٢١. حزب البعث العربي الاشتراكى، بغداد، ١٩٨٧.

١٢٢. في الثورة العربية، بيروت، ط٢، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،١٩٧١.

١٢٣. حزب البعث العربي اشتراكى، مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩- ١٩٥٨، ط٣، دار الشوؤون للثقافة العامة (أفاق عربية) بغداد، ١٩٨٧.

١٢٤. تاريخ البعث (فكر و نضال)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٦.

**شمران عجلي:**

١٢٥. الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠.

**شورش حسن عمر:**

١٢٦. حقوق الشعب الكردى في الدساتير العراقيه، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، سليّمانى، ٢٠٠٥.

**شيخ جواد الصالحى:**

١٢٧. المحاكم الصورية في العراق، مقال من وقائع ندوة حقوق الانسان وحرياته الاساسية في العراق، جمعية العراقية لحقوق الانسان- فرع سوريا، ط١، ١٩٩٧.

**شێرکۆ فتح اللة عمر(الدكتور):**

١٢٨. الحزب الديمقراطى الكردستانى حركة النصر والقومى الكردية في العراق ١٩٤٦- ١٩٧٥، سليمانية، ٢٠٠٤.

**صباح محمود محمد( دكتور):**

١٢٩. الفكر الاستراتيجي لصدام حسين، مطبعة عشتار، بغداد، ١٩٨٥.





**صدام حسين:**

١٣٠. الثورة والتربية الوطنية، ط١، دار الحرية للطباعة، بغداد، تموز، ١٩٧٧.

١٣١. المسار الانساني البعث، جامعة الموصل، بدون سنة الطبع.

١٣٢. مؤشرات العمل في المنظقة الحكم الذاتى، ٧/١٢/١٩٧٥، نص حديث ارفيق صدام حسين نائب امين سر القطر الى كوادر الحزب في فرع الشمال بتاريخ ٧/١٢/١٩٧٥. بدون مكان و سنة الطبع.

١٣٣. البعث و الثورة و الانسان، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

١٣٤. حول كتابة التاريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

**صلاح الخرسان:**

١٣٥. التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق١٩٤٦-٢٠٠١، ط١، مؤسسة البلاغ للطباعة و النشر، بيروت، ٢٠٠١.

١٣٦. صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث (الحركات الماركسية) ١٩٢٠-١٩٩٠، مؤسسة المعارف للمطبوعات، بيروت، ٢٠٠١.

**صلاح الدين الخرسان:**

١٣٧. تصفيه خصوم السياسيين، مقال من وقائع ندوة حقوق الانسان وحرياته الاساسية في العراق، جمعية العراقية لحقوق الانسان- فرع سوريا، ط١، ١٩٩٧.

**صلاح سعدالله:**

١٣٨. السألة الكوردية في العراق، ط٢، دار المثنى ، ٢٠٠٣.

**صلاح العقاد(الدكتور):**

١٣٩. المشرق العربي المعاصر، مكتب الانجلو المصرية، القاهره، ١٩٩٣.

**طالب الحسن:**

١٤٠. اغتيال الحقيقة عبدالسلام عارف و اشكالية الكتابة في تاريخه السياسي، ط١، بغداد، ٢٠٠٤.

**طه بابان:**

١٤١. عالم الكورد المرعب، الكتاب الاول،ط١، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٢.

**عبدالامير هادي الحكام(الدكتور):**

١٤٢. تاريخ حزب الاستقلال العراقي ١٩٤٦-١٩٥٨، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

**عبدالجبار حسن الجبورى:**

١٤٣. الاحزاب والجمعيات السياسة في القطر العراقي ١٩٠٨-١٩٥٨، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

**عبدالجبار عبدالمصطفى:**

١٤٤. الفكر السياسى الوسيط والحديث، ط١، مطبعة جامعة الموصل، موصل، ١٩٨٢.

**عبدالجبار حيدر:**

١٤٥. المسألة الكوردية في الوثائق العراقية، المشكلة، احل، النتيجة، رسالة ماجستير غير منشورة، ١٩٨٢.





**عبدالحميد العباسي:**

١٤٦. صفحات سوداء من بعث العراق، ج١، ط١، بدون مكان الطبع، ١٩٨٤.

**عبدالرحمن البزاز:**

١٤٧. العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، دار البراق، ط٤، لندن، ١٩٩٧.

**عبدالرزاق الحسنى:**

١٤٨. تاريخ الاحزاب السياسة العراقية، بيروت- لبنان، ١٩٨٠،

**عبدالرزاق محمد اسود:**

١٤٩. موسوعة الحرب العراقية الايرانية، المجلد الاول، ط١،دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٨٤.

**عبدالعزيز النوار:**

١٥٠. تاريخ العرب المعاصر، (مصر والعراق)،بيروت، بدون سنة الطبع.

**عبدالفتاح على البوتانى(الدكتور):**

١٥١. الحركة القومية الكوردية التحررية، ط١، دار سپيريز للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠٤.

١٥٢. الحيات الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٣.

١٥٣. وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، مؤسسة موكريانى للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠١.

**عبدالوهاب الكيالى(الدكتور):**

١٥٤. موسوعة السياسة، ط٤، ج١،المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٩٩.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**عبدالوهاب حميد رشيد( الدكتور ):**

١٥٥. العراق المعاصر، ط١، دار المدى، ديمشق، ٢٠٠٢.

**عبدللة حنا:**

١٥٦. من الاتجاهات الفكرية في سورياو لبنان في النصف الاول من القرن العشرين، بيروت، بدون سنة الطبع.

**عثمان الرواندوزى المحامى:**

١٥٧. استجواب صدام حسين رجل التنقضات، دار الاندلسيه، لندن، ٢٠٠٢.

**عدنان المفتي:**

١٥٨. الاكراد والعلاقات العربية الكوردية، مركز المحروسة، بدون مكان الطبع، ١٩٩٨.

**عزالدين دياب:**

١٥٩. التحليل الاجتماعي لظاهرة الانقسام في الوطن العربي، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٣.

**عزيز الحاج( الدكتور ):**

١٦٠. القضية الكردية في العراق، تاريخ والافاق، ط١،المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٩٤.

**عزيز حسن البارزانى:**

١٦١. الحركة القومية الكرديه التحرريه في كردستان العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، دار سپيريز للطباعة و النشر، هەولێر، ٢٠٠٢.

**على صالح ميرانى:**

١٦٢. الحركة القومية الكردية في كوردستان- سوريا ١٩٤٦- ١٩٧٠، ط١، اربيل، ٢٠٠٤.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**علي كريم سعيد( دكتور ):**

١٦٣. عراق ٨ شباط ١٩٦٣ من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، ط٣، مطبعة المعارف، بغداد، ٢٠٠٥.

١٦٤. العراق البيرية المسلحة، حركة حسن السريع و قطار الموت ١٩٦٣، ط٢، دار البراق، بغداد، بدون سنة الطبع.

**عونى الداوودى:**

١٦٥. كركوك رحلة في ذاكرة التاريخ، المراجعة والتقيدم، د. نورى طالبانى، ط١، من منشورات مكتب الفكر و التوعية للاتحاد الوطني الكوردستاني، سليمانية، ٢٠٠٤.

**عونى عبدالرحمن السبعاوى:**

١٦٦. موضوعات مادة الثقافة القومية والاشتراكية، مطبعة جامعة صلاح الدين، ١٩٨٧.

**غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني:**

١٦٧. الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١- ١٩٥٨، ط١، دار سپيريز، اربيل، ٢٠٠٥،ل٦٠.

**فائز اسماعيل:**

١٦٨. بدايات حزب البعث العربي في العراق (١٩٤٤- ١٩٥٠، ١٩٥٠- ١٩٥٣)، ط١، دمشق، ١٩٩٧.

**فارس عبدالله:**

١٦٩. المنظور الفكري عند الرئيس القائد صدام حسين، ج١، ط١، منشورات المكتبة العالمية، بغداد، ١٩٨٦.

**فاضل حسين( الدكتور):**

١٧٠. الفكر السياسى في العراق المعاصر (١٩١٤– ١٩٥٨)، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤.

**كاظم حبيب( الدكتور):**

١٧١. لمحات من نضال التحرر الوطنى لشعب الكردى في كردستان العراق، دار اراس، اربيل، ٢٠٠٥.

١٧٢. الاستبداد و القسوة في العراق، سليمانى، ٢٠٠٥.

**كمال مظهر احمد:**

١٧٣. كردستان في سنوات حرب العالمية الاولى، ت/ محمد مەلا كريم، ط٢، بغداد، ١٩٨٤.

**كاوس قفطان( دكتور):**

١٧٤. الحركة التحررية الكوردية في كوردستان العراق ١٩٥٨–١٩٦٤، ط١، سليمانية، ٢٠٠٤.

**ماجد سلمان حسين:**

١٧٥. الفكر القومى الاشتراكى في ممارسات البعث النضالية في مرحلة النشاة، منشورات دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٤.

**ماجد عبدالرضا( الدكتور):**

١٧٦. مسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١، بغداد، ١٩٧٠.

**ماريون وبيتر سلوجلت:**

١٧٧. العراق الحديث من الثورة الى دكتاتورية، مراجعة وتقديم: احمد رائف، ت/ مركز دراسات والترجمة، الزهراء للاعلام العربي، قاهره، ط١، ١٩٩٢.





**مجيد خدوري( الدكتور):**

١٧٨. العراق جمهورى، ط١، انتشارات الشريف الرضى، مطبعة امير، قم، ١٩٩٧.

**محسن احمد محمد:**

١٧٩. الفكر الاشتراكى لحزب البعث العربي الاشتراكى، دار الحرية للطباعة. بغداد، ١٩٨٢.

**محمد احسان( دكتور):**

١٨٠. كردستان و دوامة الحرب، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠.

**محمد السماك:**

١٨١. الاقليات بين العروبة و الاسلام، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٠.

**محمد العباسى:**

١٨٢. حزب البعث، التاريخ، الفكر، التطبيق، الزهراء الاعلام العربى، قاهرة، ١٩٩٢.

**محمد علي داهش و سعد غالب:**

١٨٣. موضوعات مادة الثقافة القومية و الاشتراكية، جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٧.

١٨٤.

**محمد حمدى الجعفرى:**

١٨٥. بريطانيا والعراق حقبة من الصراع ١٩١٤– ١٩٥٨، بغداد، ٢٠٠٢.

**محمود الدرة:**

١٨٦. القضية الكردية في العراق، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦.

**محمد منذر( دكتور ):**

١٨٧. الجبهة والحزب السياسي ، المباديء العامة و منطلقات اساسية، ط١، من منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت لبنان، ٢٠٠٤.

**مصطفى المهاجر:**

١٨٨. حالة حقوق الانسان و حرياته ولاساسية في العراق، تقرير الثقافى، وقائع ندوه حاله حقوق الانسان وحرياتة الاساسية في العراق، الجمعية العراقية الحقوق الانسان، فرع سوريا، ط١، ١٩٩٧.

**مصطفى دندشلي( الدكتور ):**

١٨٩. مساهمه في نقد الحركات السياسية في الوطن العربي، حزب البعث العربي الاشتراكي ١٩٤٠– ١٩٦٣، ج١، الايدولوجيا والتاريخ السياسى، ط١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٩.

**مصطفى عبدالقادر النجار( الدكتور ):**

١٩٠. العراق في التأريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣.

**معاذ حسن:**

١٩١. البعث صناعة غربية جاهزة، ط١، تهران، ١٤٠٢ه.

**منذر الموصلي:**

١٩٢. القضية الكردية في العراق (البعث و الاكراد)، ط١، دمشق، بيروت، ٢٠٠٢.

**ميثم الجنابي:**

١٩٣. العراق و معاصرة المستقبل، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، ٢٠٠٤.

**مير بصري:**

١٩٤. اعلام السياسة في العراق الحديث، ج٢، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٤.





**ميشل عفلق:**

١٩٥. البعث وتحديات المستقبل، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

١٩٦. في سبيل البعث، جزء الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦.

١٩٧. معركة مصير الواحد، بيروت– لبنان، ١٩٧٥

١٩٨. احاديث الامين العام ميشيل عفلق خلال زيارته لبغداد، ايار ١٩٦٩.

١٩٩. في سبيل البعث، ج٢، بغداد، ١٩٨٦، دار الحرية للطباعة.

٢٠٠. البعث و الاشتراكية، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٧٣.

**ميڤان عارف عبدالرحمن بادي:**

٢٠١. الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق، ١٩٥٨– ١٩٦٣، دار سپيريز ، اربيل ٢٠٠٥.

**نورى عبدالحميد العانى( الدكتور ) وأخرون:**

٢٠٢. تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهورى، ط١، بغداد، ٢٠٠٠.

**نوري نجم المرسومي:**

٢٠٣. في فكر القائد صدام حسين، بغداد، ٢٠٠٠.

**هادي حسن:**

٢٠٤. دور الحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق في الحركة الوطنية منذ تاسيسه حتى ١٤تموز ١٩٥٨، ط٢، مطبعة معهد الثقافة العالية، بغداد، ١٩٨٤.

**وميض جمال عمر نظمى( الدكتور )، د. شفيق عبدالرزاق، د. غانم محمد صالح:**

٢٠٥. التطور السياسى المعاصر في العراق، بغداد، بدون سنة الطبع.

**الياس فرح(الدكتور):**

٢٠٦. التربية والسياسة، ط١، دار الطليعة، بيروت، نيسان ١٩٧٥.

٢٠٧. مستقبل العمل الثوري العربي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٣،

٢٠٨. حول ايدولوجية الثورة العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٦،

٢٠٩. في الثقافة و الحضارة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

٢١٠. قراءة منهجية في كتاب في سبيل البعث، ج١، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٨١.

## سێیەم: کتێب بە زمانی فارسی

**سرهنگ زرهی ستاد،**

٢١١. عبداللة رفيعى: صدام ابن غريقة عرب، تهران، ١٣٨٢هـ.

**عليرضا شيخ عطار:**

٢١٢. كردها و قدرتها منطقه اى و خرا منطقه اى، جلد اول، ض١، مركز تحقيقات استراتيژيك، طهران، ١٣٨٢هـ.

**أز مؤرخين :**

٢١٣. تاريخ المعاصر الايران تهران،١٣٦٨هـ.

**أذر ميدخت شايخ :**

٢١٤. مسائل مرزي ايران وعراق تاثير ان در مناسبات دوكشور ،جابخانة سبهر، تهران،١٣٦٩هـ.





## چوارەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی

215. Daved macdowall: amodern history of the kurds,i.b.tauris, London, 2000.

216. Human rights watch/ middle east, iraqs crime of genocide, the anfal campaign against the kurds, New Haven and London, printed in the U.S.A, 1992.

## پێنجەم: بیرەوەری و یادداشتەکان بە زمانی کوردی

**ئەحمەد بانیخێلانی:**

٢١٧. بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆلم، سوید، ١٩٩٧.

**جەمال شێخ نوری:**

٢١٨. وێرانکاریو تاوانەکانی بەعس لەبیرەوەریەکانمدا، چ١، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**حەردان تکریتی:**

٢١٩. باندیك دزو پیاوکوژ بووین لە پشت میلیشیا تیرۆریستیەکانی سەددامەوە، لێکۆلینەوەی ئەحمەد رائف، و/ئاسۆ، بێ سال و شوێنی چاپ.

**ریباز:**

٢٢٠. قەنـدیل بەغـدای هەژانـد، بـەرگی یەکـەم، چـاپخانەی زانکـۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٣.

**عبدالستار تاهر شەریف(دکتۆر):**

٢٢١. ململانێ لەگەڵ ژیاندا (یادداشت) ١٩٣٥-١٩٧١، بەشی یەکەم، چ١، کەرکوك، ٢٠٠٥.

**فاتح رەسوڵ:**

٢٢٢. چەند لاپەرەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کورد، چ١، ب١، سوید، ١٩٩١.

**مەحمود سەنگاوی:**

٢٢٣. بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**میرزا محمد امین مەنگوری:**

٢٢٤. بەسـەرهاتی سیاسـی کـورد، لـە ١٩٥٨/٧/١٤ تـا ١٩٨٥، بـەرگی یەکـەم، روداوەکـانی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٥٨ تـا سـاڵی ١٩٧٠، چـاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨.

**نەوشیروان مستەفا ئەمین:**

٢٢٥. لە کەناری دانوبەوە بۆ خری ناو زەنگ، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢٢٦. پەنجـەکان یـەکتری دەشـکێنن، دیـوی نـاوەوەی روداوەکـانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢٢٧. خولانـەوە لـە ناوبازنـەدا، دیـوی نـاوەوەی روداوەکـانی کوردسـتانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩





## شەشەم: بیرەوەری و یادداشتەکان بە زمانی عەرەبی

**سلیمان فرحان:**

٢٢٨. مذكرات بعثي سابق، تقديم/ احمد رائف، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩١.

٢٢٩. يوميات بغداد السرية، التاريخ السري لحزب البعث، ط١، الزهراء للاعلام العربي، القاهرة، ١٩٩١.

**هانی الفکیکی:**

٢٣٠. أوكار الهزيمة تجربتي في حزب البعث العراقي، ط٢، مؤسسة المنار، قم، ١٩٩٢.

## حەوتەم: بلاوکراوەی پارت و کۆمەڵە و رێکخراوەکان بـە زمـانی کوردی

**پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی:**

٢٣١. راپـۆرتی سیاسـی هەشـتەمین کـۆنگرەی قطـری پـارتی بەعـسی سۆسیالیستی عەرەبی قطری عێراق کانوونی دووەمی ١٩٧٤، شۆڕشی ١٧ی تەموز تاقی کردنەوەو ئاسۆ، دار الحریه، بغداد، ١٩٧٥،

٢٣٢. مەسـەلەی کەمایـەتی یـە نەتـەوەیی یـەکان لـە نیـشتمانی عەرەبـدا، پانزەهەمین کۆنگرەی نەتەوەیی، بغداد، دار الحریه، ١٩٧٩.

٢٣٣. شۆڕشـی ١٧ی تـەمموز تـاقی کردنـەوەو ئاسـۆ، راپـۆرتی سیاسـی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، قطری عێراق، کانوونی دووەمی ١٩٧٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥.

**پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی):**

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

٢٣٤. ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیول و بەرنامەی نویێ ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١١-١٥ی ئابی ١٩٧٦ پەسند کراوە، بێ شوێن و ساڵی چاپ.

**پارتی دیموکراتی کوردستان:**

٢٣٥. کاروبارەکانی کۆنگرەی نۆهەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ٦-٧ی مایسی ١٩٧٦ لە بەغدا بەسترا، چاپخانەی دار العراق، بغداد، ١٩٧٧. (تێبینی: ئەمە ئەو پارتە بوو کە لەگەل بەعسدا لە بەرەدابو نەك پارتی دیموکراتی کوردستانی بارزانی)

**پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق:**

٢٣٦. ڕاپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی دەیەمین کۆنگرە لە ٢-١٩٨٩/١٢/١٢.

٢٣٧. هەڵوێستی حیزبە سیاسیەکانی عیراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦-١٩٧٠، چ١، ١٩٩٧.

٢٣٨. شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) .

**پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافەکانی مرۆڤ :**

٢٣٩. دەستورە عێراقیەکان و لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاری بەبێ پێوەرەکانی مافە دەستورییە نێو دەوڵەتیەکان، لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافەکانی مرۆڤ، کۆمیتەی مافی مرۆڤ، زانکۆی دی پۆل، چ١، چاپخانەی بینایی،٢٠٠٥.





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**حیزبی سۆسیالیستی کوردستان:**

٢٤٠. دیاردەی جاشایەتی لە کوردستاندا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی شەهید سەیدا سالح یوسفی،١٩٨٠.

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان:**

٢٤١. کەرکوك و سیاسەتی تەعریب، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ئازاری، ١٩٨٥.

٢٤٢. ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەك، چ٢، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٣.

٢٤٣. عێراق و مەسەلەی کورد، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٥.

## هەشتەم: بلاوکراوەی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بە زمانی عەرەبی

**جمعية الحقوقيين العراقيين:**

٢٤٤. بلاد الخوف و ارض الرعب، دراسة في جمهورية صدام،تقديم/ احمد رائف ، ط١، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩١.

**حزب البعث العربي الاشتراكي:**

٢٤٥. المنهاج الثقافي المركزى، كتاب الاول،دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.

٢٤٦. المنهاج الثقافي المركزي، كتاب الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٠.

٢٤٧. المنهاج الثقافي المركزي، كتاب الثانى، دار الحرية للطباعة. بغداد، ١٩٨٧.

٢٤٨. نـضال البعـث، جـزء (١٩، ١٩٤٣– ، دار الطليعـة ١٩٤٩، بـيروت، ١٩٦٣.

٢٤٩. ايمان راسخ، ط٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

**الحزب الشيوعي العراقي:**

٢٥٠. الآنهيار، ط١، نيقوسيا، ١٩٨٥.

**الحزب الديمقراطي الكوردستاني (المكتب السياسي):**

٢٥١. في موقـف البعـث اليمـيني الحـاكم في العـراق مـن (الديمقراطيـة) و (البرلمان)، كردستان، ١٩٦٩.

٢٥٢. التقرير السياسي و القرارات السياسية و البلاغ الختامي للمؤتمر التاسـع للحـزب الـديمقراطي الكوردسـتاني– العـراق المنعقـد في تـشرين الثاني ١٩٧٩، بدون مكان الطبع، ١٩٨٢.

**عصبة الامم:**

٢٥٣. مسألة الحدود بين تركيـة والعراق وهـو التقريـر الـذى رفعتـه البعثـة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠ ايلول ١٩٢٤، مطبعة الحكومة البغداد.

**لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق :**

٢٥٤. العراق والمجتمع الدولي ، سورية، ديمشق، ١٩٩١.

**مكتب الثقافة والاعلام المركزي في الاتحاد الوطني لطلبة العراق:**

٢٥٥. الطلبة والتنمية، بدون سنة طبع ومكان.





## نۆیەم: گۆڤار بە زمانی کوردی

**ئاراس فەتاح:**

٢٥٦. بەعسیزم پڕۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواو نەبوو، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، پایزی ٢٠٠٥.

**ئاوات عبدالخالق:**

٢٥٧. تەرحیل و تەعریبی کەرکوك، سیاسەتێك بۆ شێواندنی ڕاستییەکان مەرگێك بۆ روحی ئاوارەکان، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٣)، ساڵی سێیەم، زستانی ٢٠٠٢.

**ئەحمەد عەزیز:**

٢٥٨. کوردستانیەتی کەرکوك، لە ئنسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٤)، ساڵی چوارەم، بەهاری ٢٠٠٣.

**ئەسغەر جەعفەر وەلدانی:**

٢٥٩. تورکیاو باکوری عێراق، و/ موسڵح عبدوالقەهار ئیروانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٩)، ١٩٩٨.

**ئەمیر خوا کەرەم محەمەد:**

٢٦٠. ڕەوشی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕاگوێزراوان، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (١)، ساڵی پێنجەم، هاوینی ٢٠٠٣.

**دلێر اسماعیل حەقی شاوەیس (دکتۆر):**

٢٦١. شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ لاپەڕەیەکی پڕشنگدارە لەمێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا، گولان (گۆڤار)، ژمارە (٢٩)، ٢٠٠٠/٩/٧.

**پالیسان:**

٢٦٢. گفتوگۆ وەك بنەڕەتێك بۆ چارەسەر كردنی مەسەلەی كورد، گۆڤاری هەلوێست، ژ٣، خولی دووەم، لەندەن، ١٩٨٧.

**بەختیار جەبار:**

٢٦٣. پەیوەندی بەعسیزم بەناسیۆنالیزمەوە، گۆڤاری (نوێكار)، بەشی ڕاگەیاندن و ڕوناكبیری مەلبەندی (٢)ی ڕێكخستنی سلێمانی، ژمارە (١)، بەهاری ٢٠٠٦.

**پارتی دیموكراتی كوردستان:**

٢٦٤. چەند ڕاستیەكی مێژوویی دەربارەی بەعسەوە، گۆڤاری كادر، ژمارە (٢٣)، سالی شەشەم، ئابی ١٩٧٤.

**جەلال تاڵەبانی:**

٢٦٥. دەربارەی كێشەی كورد لەعێراقدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژمارە (١-٥)، نیسانی ١٩٩٨.

**دلێر ئەحمەد( دكتۆر):**

٢٦٦. ئەوبارودۆخە سیاسی و كۆمەڵایەتیەی (ی. ن. ك)ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، حوزەیرانی ٢٠٠٠.

**ڕێبوار سیوەیلی:**

٢٦٧. قەفەسی ئاسنین، گۆڤاری كوردستان، وەرزنامەیەكی تیۆری ئەدەبی كلتوریە، ژمارە (٢)، تاران، هاوینی ٢٠٠٣.

**ساڵح محمد ئەمین:**

٢٦٨. سەرنج و بەدواداچونێكی یاداشتەكانی تالیب شەبیب، گۆڤاری باسكار، ژمارە (٣)، لندن، هاوینی ١٩٩٩.





**سلێمان عبدالله:**

٢٦٩. ڕاگواستنی گوندنشینەكان لەهەرێمی كوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٢)، كۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩،

**كاوە نادر:**

٢٧٠. كۆلۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبكردنی باشووری كوردستان، گۆڤاری سەرخۆبوون، ژمارە (٧-٨)، هەولێر، ٢٠٠١.

**لەتیف فاتح فەرەج:**

٢٧١. كوردو كەركوك، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ئۆكتۆبەری ١٩٩٧.

**مەلا بەختیار:**

٢٧٢. ئەنفال و ئایدلۆجیەتی بەعس، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (١)، ٢٠٠٠.

**محمد سعید سۆفی:**

٢٧٣. قەزای مەخمورو دەشتی هەولێر لەناو پاكتاو كردنی ڕەگەزیدا، گۆڤاری كەركوك، ژمارە (٣)ی ساڵی چوارەم، زستانی ٢٠٠٣.

**ناهیدە جەمال تاڵەبانی:**

٢٧٤. ڕاگواستن و بەعەرەب كردن لەقەزای كفریدا، گۆڤاری كەركوك، ژمارە (٣)، ساڵی پێنجەم، زستانی ٢٠٠٤.

**هنری كیسنجەر:**

٢٧٥. كارەساتی كوردەكان، و/سەباحی غالب، گۆڤاری باسكار، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٩٩،

## دەیەم: گۆڤار بە زمانی عەرەبی

**جليل محمد شريف:**

٢٧٦. الاثار الاجتماعية للتغير الديموغرافي كركوك نموذجا، مجلة كركوك، عدد (١)، سنة السابعة، ٢٠٠٥.

**د. نوری طالبانی:**

٢٧٧. كانت مدينة كركوك جزءا من اماراتى اردلان وبابان، مجلة كركوك، عدد (٢)، سنة الرابعة، ٢٠٠٢.

**الرفيق عبدالكريم ذيب:**

٢٧٨. روح الامة و روح العصر، مجلة الاعداد الحزبي، عدد ١، سنة ١٩٨٤.

**صباح محمود محمد( دكتور):**

٢٧٩. حزب البعث العربي الاشتراكي، دراسة موجزة في المؤتمر القومي الاول و الفترة التي تلته حتى عام ١٩٥٤، مجلة كلية الاداب، العدد(٢٤)، كانون الثاني ١٩٧٩.

**صدام حسين:**

٢٨٠. من خطاب صدام حسين في التجمع الجماهيري في منطقة قشقولي بمحافظة السليمانية بتاريخ ١٩٧٩/٣/٢١، مجلة الحكم الذاتي، العدد ٤، السنة الرابعة، ١٩٧٩.

٢٨١. موقفنا من النظرية الشيوعية، مجلة الاعداد الحزبي، عدد ١، سنة ١٩٨٤.





**هوشيار زيباري:**

٢٨٢. الموقف الايدولوجي لحزب البعث العفلقي من القومية الكوردية، مجلة الثقافة الكوردية، عدد ١، اوكتوبر١٩٨٨، يصدرها المركز الثقافي الكوردي في لندن.

## یانزەهەم: ڕۆژنامە بە زمانی کوردی

٢٨٣. ڕۆژنامــەی برایــەتی: بــەردەوام کرێکــارانی کــوردی کــەرکوك دوور دەخرێنەوە، ژمارە ٢٦/٨٦، ڕۆژی شەممە، ١٩٧٤/٣/٢.

**خليل اسماعيل محمد( دکتۆر):**

٢٨٤. بەعــەرەبکردنی کــەرکوك و ناوچــەکانی دەوروبــەری، ڕۆژنامــەی برایەتی، هەولێر، ژمارە (٣٣٠٩).

## دوانزەهەم: نامەی زانکۆیی بە زمانی کوردی

**واحد عمر محی الدين:**

٢٨٥. دانوستانەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، نامەی دکتۆرا، بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٥.

## سیانزەهەم: نامەی زانکۆیی بە زمانی عەرەبی

**ريبوار كريم محمود:**

٢٨٦. العلاقات العراقية-الامريكية منذ عام ١٩٨٩ و افاقها المستقبلية، رسالة ماجستير، ٢٠٠٦.

## چواردەهەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

**مەریوان وریا قانیع:**

٢٨٧. بەعسناسی، بەعس و ئێستا، www.rahand.com

288. -http// www. Akramhorani.com/110.net, p12 of 14.

## پانزەهەم: توێژینەوەی بلاونەکراوە

**کەمال عەلی( دکتۆر)، سەروەر عبدالرحمن عمر:**

٢٨٩. هەلۆێستی دەولەتانی دەرەوە بەرامبەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٥، توێژنەوەیەکی بلاونەکراوە.

## شانزەهەم: دەستنوس

**میرزا مەنگوڕی:**

٢٩٠. بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنووس)،


مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## الملخص باللغة العربية

في بداية حقبة الأربعينات و في ظل ألاوضاع السورية المتأخرة ظهرت حركة شوفينية باسم (حركة البعث العربي)، وقد بداة هذه الحركة نشاطاتها بمعاداة القوميات الأخرى في المنطقة و من ضمنها الكورد، و منذ إلحاق القسري لجنوب كوردستان بالدولة العراقية المصطنعة الفتية، كان البعث ينظر إلى الشعب الكوردي و أرضه كجزء لا يتجزأ من الأمة العربية و الوطن العربي.

وقد بداة سياستهم المعادية للشعب الكوردي بشكل جلي منذ أن اعتلوا السلطة، وقد سلكوا عدة طرق لتنفيذ سياساتهم ضد الكورد، منها التهجير القسري والتعريب و تغير الهوية الكوردية و أتباع سياسة التطهير العرقي و الابادة الجماعية، و مع هذا رفع البعث العديد من الشعارات لتنفيذ سياساته، مثل وحدة التاريخ و وحدة المصير و الوطن...الخ لكي يفرضوا رسالتهم المتمثلة في (الرسالة الخالدة) للأمة العربية، لأنهم كانوا يظنون بأن العرب هم النخبة و الشعب السائد من الناحية الفكرية و القوى الذهنية، ولم يكن هذا سوى أسطورة جعل منها البعث منطلقا فكريا لنشاطاته، و العراق الديمقراطي كانت صلما آخر من أحلام البعث، لأننا لو نظرنا إلى تاريخ الشرق الأوسط القديم و الحديث لن نعثر على أي أثر لدولة باسم دولة العراق، لأن العراق بمكوناته القومية و الدينية و المذهبية





و بحدوده الحالية عبارة عن كيان مصطنع حديث المنشأ، لذا كانت مسألة صهر القوميات وجمعها في قالب مصطنع عبارة عن محض خيال.

لم يقف الكورد ساكنا أمام التغيرات الجارية في المنطقة، بل سلك درب النضال في سبيل نيل حقوقه الشرعية وقد ضحى من أجل مطالبه وقدم الكثير في سبيل حريته.

وقد كان أهمية الموضوع تكمن في جوهر الموضوع نفسه ألا وهي تحليل ذهنية البعث ونظرته للقوميات الأخرى في المنطقة و محاولاته لطمس هوية تلك القوميات في المنطقة، هذا بغض النظر عن عدم وجود أية دراسة مستقلة و مستفيضة لتحليل الفكر ألبعثي كفكرة منتشرة ومماثلة للفكر الفاشي و النازي وقد لعب دورا كبيرا وسجل سفرا دموما في تاريخ شعوب المنطقة.

وكان ديدننا في أجراء هذه الدراسة هي تعريف وتحليل فترة تاريخية مليئة بالكوارث و الويلات للشعب الكوردي ومط اللثام عن حزب سياسي كرس برامج عمله على حساب الشعوب الأخرى من اجل فرض (عرق عربي طاهر) كما يزعمون على الأقوام والأجناس الأخرى.

وقد قسمنا البحث على ثلاثة فصول كالأتي:

الفصل الأول: خصصنا هذا الفصل لدراسة نشوء الفكر ألبعثي وانتشاره وقد قسمناه إلى ثلاثة مباحث.

المبحث الأول: يتحدث هذا المبحث عن أوضاع العراق السياسية قبل تأسيس حزب البعث ويتطرق إلى تأسيس الدولة العراقية والتغيرات اللاحقة بشكل موجز.

المبحث الثاني: يتحدث عن نشوء الفكر البعثي وتأسيسه كحركة فكرية في أول الأمر ومن ثم كيفية انتشاره في العراق.

المبحث الثالث: أفردنا هذا المبحث للحديث عن أيديولوجية البعث و كيفية نموه و انتشاره، والثالوث البعثي (وحدة، حرية، اشتراكية).

أما الفصل الثاني فقد خصصناه لدراسة البعث و الكورد ويتكون من ثلاثة مباحث:

المبحث الأول: يتحدث عن الكورد من المنظور البعثي وأيديولوجيا لبعث و وجهة نظر قياداته الشعب الكوردي.

المبحث الثاني: يتحدث عن البعث من المنظور الكوردي وقرأة الكورد للبعث وموقفهم السياسي تجاه البعث.

المبحث الثالث: يختص بدراسة وتحليل منظورين مختلفين، الكورد والبعث، والجهود المبذولة للتفاوض وينقسم بدوره إلى ثلاثة محاور.

١-يتحدث عن انقلاب عام ١٩٦٣ و كيفية وصول البعث إلى السلطة وعلاقاتهم مع الكورد.

٢-يتحدث عن انقلاب عام ١٩٦٨ و وصول البعث الى السلطة للمرة الثانية وبداية أخرى للعلاقة بين الكورد والبعث.





٣-يتحدث عن بدء المفاوضات من جديد وصولا إلى عقد اتفاقية ١١/ آذار/١٩٧٠.

أما الفصل الثالث والأخير فقد خصصناه للحديث عن تنفيذ سياسات البعث في كوردستان وينقسم إلى ثلاث مباحث رئيسية:

المبحث الأول: يتحدث عن الحرية السياسية و حقوق الإنسان.

المبحث الثاني: خصص للحديث عن ثالوث سياسة البعث تجاه الكورد ألا وهي (التعريب، التبعيث، الترحيل).

المبحث الثالث: يتحدث عن سياسة حزب البعث الخارجية و أثر الكورد في هذه السياسة، من اجل التعاون وعقد الاتفاقيات مع العالم الخارجي للقضاء على الكورد و سحق الثورة الكوردية.

وقد استفدنا من الكثير من المصادر والمراجع التي تتحدث عن حزب البعث ويمط اللثام عن جوانبه السلبية والايجابية...مثل:

- المصادر المؤلفة من قبل مفكريي و قياديي حزب البعث والتي تبين وجهة نظر القوميين العرب، مثل (ميشيل عفلق، شبلي العيسمي، فائز إسماعيل، اليأس فرح، صدام حسين...الخ).

-منشورات و أدبيات البعث، مثل برنامج ونظام الحزب الداخلي، الكتب و الكتيبات التي تبين وجهات نظر البعثيين.

-مؤلفات والتحقيقات الصحفية التي أجريت من قبل الكتاب والاجانب الذين زاروا كوردستان واستقوا معلوماتهم من القيادات

الكوردية، مثل: (جوناثان راندل، كريس كوچيرا، گوينتەر ديشنەر،...الخ).

-هذا وبالإضافة إلى عدد آخر من الأشخاص الذين استقوا معلوماتهم من المؤسسات السرية و المخابراتية، أمثال ( هنري كيسنجر...الخ).

-المصادر المؤلفة ن قبل القادة الكورد السياسيون والذين كانوا المشاركين الفعليين والمساهمين في الأحداث، مثل(جلال الطالباني، مسعود البرزاني).

-مذكرات عدد من الشخصيات البارزة في الأحداث، أمثال (نوشيروان مصطفى، فاتح رسول، طالب شبيب، عبد الستار طاهر شريف...الخ).

-مؤلفات بعض الكتاب الأكاديميين والمكتومة بأسلوب علمي رصين و ذا أهمية لكتابة البحوث التاريخية، مثل: (صلاح الخرسان، حامد محمود عيسى، منوچهر پارسادوست...الخ).

كتێبی بیروهۆشیاری



كتێبی بیروهۆشیاری

# دەكۆمێنتەكان

١- داواكاری ڕێگە پێدان بۆ چونە نێو پارتی بەعس.

٢- داوەت نامە پارتی بەعس بۆ ئامادەبوون لە یەكەمین كۆنگرەی پارتدا.

٣- كارتی ڕێگەپێدان بۆ ئامادەبوون لە یەكەمین كۆنگرەدا.

٤- ڕێوشوێنەكانی بەستنی یەكەمین كۆنگرەی بەعس.

٥- یەكەمین بەیاننامەی پارتی بەعس كە بەنێوی(احیاء العربی)ەوە بڵاوكراوەتەوە بەنێونیشانی(اهداف والغایات).

٦- بەیاننامەی پارتی بەعس سەبارەت بەبڕیارەكانی كۆنگرەی یەكەم.

٧- یەكەمین ژمارەی ڕۆژنامەی( البعث).

٨- ڕێگە پێدان سەبارەت بەیەكگرتنی هەردوو پارتی بەعس و پارتی العربی الاشتراكی.

٩- بەیاننامەی بەعس لە ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا.

١٠- بەیاننامە یەكەمی شۆڕشی ٨ی شوباتی ١٩٦٣.

١١- بروسكەی پیرۆزبایی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ سەرانی كودەتاكەی ١٩٦٣.





١٢- بیرخەرەوەیەك كەلەلایەن كوردەوە پێشكەش بە حكومەتی بەعس كراوە لە نیسانی ١٩٦٣.

١٣- داواكارییەكانی نوێنەرانی كورد دەربارەی مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد.

١٤- داواكاریەكانی كورد كە پێشكەش بەوەفدی بەعس كراوە لە كانی ماران لە سەرەتای ١٩٦٣.

١٥- ڕێككەوتننامەی ١٩٦٣.

١٦- پرۆژەی لامەركەزی كە بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا خستویەتیە ڕوو.

١٧- بەیاننامەی پارتی بەعس سەبارەت بەدەست پێكردنەوەی بزاڤی سەربازی لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

١٨- هەڵوێستی پارتی دیموكراتی كوردستان سەبارەت بە كودەتای ١٩٦٣.

١٩- بروسكەی ڕاگرتنی شەر لەلایەن بارزانیەوە دوا كودەتاكەی عبد السەلام عارف.

٢٠- یەكەم ڕێككەوتننامەی بارزانی لەگەڵ حكومەتی عبد السلام عارف.

٢١- نامەی عبد الرزاق نایف بۆ بارزانی سەبارەت بەدۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ كێشە چارەسەر نەكراوەكانی نیوان هەردوولا.

٢٢- نامە ئەحمەد حەسەن بەکر بۆ بارزانی سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکان.

٢٣- نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ پارتی دیموکرات سەبارەت بەخستنە ڕووی هەڵوێستی سۆڤیەت و چەند زانیارییەك لەسەر خۆئامادەکردنەکانی بەعس.

٢٤- نامەی بارزانی بۆ ئەلیکسی کۆسیگن سەبارەت بە کێشەی کورد.

٢٥- نامەی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە خستنەڕووی هەڵوێستی کورد.

٢٦- نامەی بارزانی بۆ سەدام حسین سەبارەت بە هەڵسوکەوتەکانی بەعس.

٢٧- نامەی جەلال تاڵبانی بۆ بارزانی سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بەکورد.

٢٨- نامەی سەدام بۆ بارزانی سەبارەت بەرێوشوێنی گفتوگۆکانی نێوانیان وگەیشتن بە شێوەی ئۆتۆنۆمی.

٢٩- نامەی د. مەحموود عوسمان سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی کورد لەپیلانگێریەکەی جەزائیر.

٣٠- نامەی سەدام بۆ پەنابەرانی کورد لە ئێران دوای هەرەسی ١٩٧٥, لێبوردنی گشتی.

کتێبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# پاشکۆ



مەكتەبی بیروهۆشیاری

# Summary

In the initial of four teeth and while Syria was in a critical situation a nationalist movement under the name of the (Arab Baath Movement) emerged, opposing the other nations was one of the initial works of this movement in the area, including Kurdish people. While the south of Kurdistan and its soil was attached to Iraq, which was established by Britain, the Baath Party considered Kurdish people as Arab nation.

Whereas the Ba`ath party took power, at mostly dedicated its policy to opposite the Kurdish people , used various means to destroy the Kurdish people and occupying its country, as displacement, Arabization , changing its identification, Genocide , capturing and mass killing. In spite of that this Party raised various mottos to implement its will like one history and fate…etc, to impose its believe under the name of Immortal Letter ( Risala Khalida) , introduced it as immortal and common letter for humanitarian, because they were believed that Arab is pioneer of the other nations in the area , in the fields of believe and thinking and this is focal point of the Baath ideology , establishing a democrat Iraq is another dream of the Baath Party, whereas through reviewing the history of middle east there were no country in the name of Iraq in the old and new history, because Iraq with its new frame, people, religions ,ethnics, is hard matter for putting all this different nations in a an imaginary country.

Kurd as second nation in this area was not kept silent and started a sequence revolution to gain its rights, so a lot of Kurdish people sacrificed for this believe.

The reason that encouraged us to choose this subject relates to its importuncy , which consists of analyzing the Ba`ath Party





believe towards the minority and its plan to remove the national identification of the other nations in this area, in spite of this reason there are no public research about the analyzing of the Ba`ath Party ideology which looks like the Nazism and fascisms as it was met a grate role in the history and wrote a bloody history in the nation's history, especially in the old history.

Our aim is introducing and analyzing an era which is full of disasters for the Kurdish people, to discuss about a party that set up its plan on account of another nations in the area and for imposing the (clean Arab) ethnic on the another nations.

Hereunder the content of the research:-

Fist part: It is about Political situation of Iraq before founding the Baath Party and talks about the establishment of Iraqi state as well as the changes were happened in that time.

Second part: It is about the way of arousing and establishment of the Ba`ath Party believe, at the beginning it was appeared as an Ideological movement then its spread in Iraq.

Third part: It is about the Ba`ath Party Ideology and developing their Ideology as well as its main mottos which were consisted of (Union, Freedom, Socialism).

Second Part: it is about Ba`athisim and Kurd, this part consists of three another parts:-

First part: it is about Kurd in the Baath Party Ideology and the intentions of the Baath leaders towards the Kurd as well.

Second part: it is about believe and position of Kurd towards the Ba`ath Party.

Third part: it is about tow different point of views of Kurd and Ba`ath party, and the attempts used for negotiation consisted of three parts:-

1. It is about the coup d'etat of 1963, the means of taking power by the Ba`ath party and their relations with Kurd.

2. It is about coup d’etat of 1968, and re-taking power by the Ba`ath party for the second time, beginning of new relations with Kurd.
3. It’s about the negotiation and the arrival to the declaration of March.11, 1970.

Third part: it is about the foreign policy of the Ba`ath Party and the Kurdish role in that policy, to make agreement with the foreign country’s to gain their support to their policy for suppressing and destroying the Kurdish revolution.

In the meantime this research depended on a number of the different original sources which presents the negative and positive sides of the Ba`ath Party .Hereunder some examples of that sources:-

- The sources which were written by the Ba`ath Party leaders in which were presented Natihonalism believes as (Michel Aflaq , Shibli Aysami,Fayez Ismail , Alias Farah and Saddam Hussein…etc), and most of them were from the founder of the Ba`ath Party.
- The sources which were from the Ba`ath Party publications as the mentioned party believes and plans as well as the booklets and books which are about the mentioned party believes.
- Writing and reportages of the foreign writers whom were visited Kurdistan and received information from the Kurdish leaders, like (Jonathan Randill, Chris Cochera , Gwentar Dishnar…etc), as well as another number of writers whom were worked in the secret and intelligence service as (Henry Kisnjar….etc).
- The sources which were written by the Kurdish leaders and directly participated in the incidents as ( Jalal Talabani and Masud Barzani).






- Memorandums of a number of the personalities who have role in the incidents as ( Nawshirwan Mustafa , Fatih Rasul, Talib Shabeeb and Abed al-Sitar Taheer Shareif….etc).
- Writing of a number of the writers which were written scientifically as ( Salah Khurasan , Hamid Mahmoud Isa , Manuchahri Parsadost…etc).

End

## دەکۆمێنتی (١)



البعث العربي
منظمة قومية انقلابية
١٣٥٩ هـ - ١٩٤٠ م

امة عربية واحدة    ذات رسالة خالدة

طلب انتساب

الفرع ............ الرقم ............
الاسم ............ العنوان الدائم ............
المهنة ............ العنوان المؤقت ............
الولادة ............ الانتماء الحزبي ............

بعد اطلاعي على مبادئ الحزب ونظامه الداخلي اطلب قبولي في عداد اعضائه.

التاريخ ............ التوقيع ............


**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents





## دەکۆمێنتی (٢)



حزب
البعث العربي

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

المؤتمر الاول لحزب البعث العربي
١٣٦٦ هـ - ١٩٤٧ م
الرقم ١٦٩
بطاقة خاصة بالاعضاء تسمح لهم بحضور كافة الجلسات

السيد
الفرع دمشق
التاريخ ١٩٤٧


اللجنة التحضيرية للمؤتمر

البعث العربي

**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents

**دەکۆمێنتی ژمارە (٣)**



حزب البعث العربي — امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة

اللجنة التحضيرية للمؤتمر

الاخ [handwritten] المحترم

تحية عربية

وبعد، فان اللجنة التحضيرية لمؤتمر حزب البعث العربي الاول، بعد ان لمست الضرورة الماسة والحاجة الملحة لعقد المؤتمر في اقرب وقت، وحرصا منها على مصلحة الحزب وتلبية لما تقتضيه مصلحة الامة من الوصول الى النتائج المتوخاة من عقد المؤتمر وبعد ان درست كل الاحتمالات والضرورات، قررت ان يكون الموعد الحتمي للمؤتمر في الايام الثلاثة التالية :

اليوم الاول : الجمعة في ٤ نيسان ١٩٤٧

اليوم الثاني : السبت في ٥ نيسان ١٩٤٧

اليوم الثالث: الاحد في ٦ نيسان ١٩٤٧ ويصادف يوم عطلة رسمية

لذا فان اللجنة التحضيرية تامل حضوركم الى دمشق في الموعد المعين دون تخلف او ابطاء لكي يتمكن الحزب من ان يخطو هذه الخطوة الحاسمة في حياته .

هذا وان اللجنة التحضيرية ستعمل على ارسال برنامج اعمال المؤتمر ومكانه وكل المعلومات المتعلقة به في الايام القليلة المقبلة .

وتفضلوا بقبول اخلص تحياتنا .

دمشق ٢٣ - ٤ - ١٣٦٦

١٦ - ٣ - ١٩٤٧

حزب البعث العربي دمشق

اللجنة التحضيرية

لمؤتمر حزب البعث العربي

مواعيد المؤتمر

سەرچاوە: فائز اسماعيل:بدايات حزب البعث العربي في العراق (١٩٤٤- ١٩٥٠، ١٩٥٠- ١٩٥٣)، ط١، دمشق، ١٩٩٧.





**دەکۆمێنتی (٤)**



مكتب البعث العربي — امة عربية واحدة ، ذات رسالة خالدة

اللجنة التحضيرية للمؤتمر

نظام المؤتمر

— يدير جلسات المؤتمر رئيس يتخذ قرار بتسميته في الجلسة الاولى

— على المؤتمر ان يبت في الابحاث الواردة في جدول الاعمال في الجلسات المحددة لها ويتمتع رئيس المؤتمر بكافة الصلاحيات ليدير النقاش ويتهيه بالشكل الذي يراه مناسبا لتأمين هذه الغاية .

— تعرض على التصويت اولا المشاريع والتقارير والمقترحات المقدمة من اللجنة التنفيذية الحالية ، واذا لم تنل الاكثرية المطلقة تعرض مقترحات الاعضاء ، وعندئذ يعمل بالاقتراح الذي نال الاكثرية النسبية .

— تعتبر سائر جلسات المؤتمر قانونية ، مهما بلغ عدد الحاضرين .

— يسمي اعضاء المؤتمر في الجلسة الاولى ثلاثة امناء للسر يشرفون على تنظيم ضبوط الجلسات وعمليات الانتخاب وعلى سير المؤتمر وتنظيمه وينسقون المقترحات المقدمة من الاعضاء ويرجع اليهم في كافة الامور المتعلقة بالمؤتمر .


— لا يعرض على التصويت سوى المقترحات الخطية ، ويجب ان تتوفر في هذه الاقتراحات امكانية حلولها مكان المشاريع او المواد او التقارير المراد تعديلها .

— يوقع رئيس المؤتمر وامناء السر الثلاثة على ضبوط المؤتمر ، وتعتبر هذه الضبوط نهائية ، لا تقبل الطعن بصحة ما ورد فيها .

**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents

## دەکۆمێنتی ژمارە (٥)



٢

اهداف وغايات

(أ)

- حزب البعث العربي هو حزب عربي ليس في اسمه وفي غايته المثالية فحسب، بل ايضا في واقعه وتنظيمه واسلوب عمله فهو قد وجد ليكون له فروع في سائر الاقطار العربية وهو لا يعالج السياسة القطرية (ومنها السياسة السورية) الا من وجهة نظر المصلحة العربية العليا .
- هدفه تحرير العرب في جميع اقطارهم من كل انواع الاستعمار الاجنبي وتسليم الامة العربية في دولة مستقلة واحدة قائمة على الفكرة القومية العربية في سبيل تحقيق نهضة حديثة شاملة وبعث الرسالة العربية الخالدة .
- الفكرة القومية العربية هي الايمان العميق بأن الشعب العربي عريق بين الشعوب في نبله وتعشقه الحرية وان له عبقرية خاصة وحيوية متجددة تحفزه باستمرار الى اظهار نشاطه وكفاءته في اعمال الفكر والعمران وميادين البطولة

٣

ليكشف من عبقريته ويثبت شخصيته على اكمل صورة تتمثل فيها الانسانية الصحيحة .

العربي هو من كانت لغته العربية وعاش في الارض العربية او تطلع الى الحياة فيها وتشبعت روحه بالقومية العربية والولاء الخالص لامة العرب وتاريخهم المجيد في الماضي، وكان في ايمانه بوحدة مصيره معهم يتشوف الى مستقبل حقيق بهذا الماضي، ولم يشرك في ولائه امة او فكرة اخرى، ثم كانت اعماله منسجمة مع عقيدته .

غير العرب من الاقليات القومية التي لا يمكن ان تندمج في المجموع العربي وتتعرب بصورة تامة تخضع لقوانين خاصة تحدد حقوقها وواجباتها بصورة تمنعها من الاضرار بمصالح العرب، وهي تظل معتبرة اجنبية [illegible] حق الدولة العربية في كل حين ان تخرج من يضر بمصلحتها منها، ويحظر عليها تشكيل مدارس وانشاء منظمات وصحف بلغتها او الدعوة الى قوميتها .

[illegible] الاقليات التي يجوز تعريبها هي التي سكنت الارض

سەرچاوە: فائز اسماعيل:بدايات حزب البعث العربي في العراق (١٩٤٤- ١٩٥٠، ١٩٥٠- ١٩٥٣)، ط١، دمشق، ١٩٩٧.





## دەکۆمێنتی (٦)



### بيان عن مقررات مؤتمر ( البعث العربي ) الاول

**فكرة عربية اشتراكية انقلابية — وعمل واحد شعبي نضالي**

ارادة العرب هي ان يعيشوا احرارا في دولة واحدة وان يجدوا جميع الامم تتمتع مثلهم بالحرية .

كان المؤتمر الذي عقده حزب البعث العربي في الاسبوع الماضي حدثا بارزا في تاريخ الحركة العربية الناشئة في سوريا ومختلف اقطار العرب . فقد كان يضم جيلا واعيا من الشباب العربي الجديد ، المؤمن بامته العظيمة ، وامكانيات شعبه الحي . والعامل على تحرير العرب لاداء رسالة خالدة للانسانية .

وقد بدأ المؤتمر بخطاب الأفتتاح الذي استعرض حركة البعث العربي منذ نشأتها الاولى في ظروف صعبة قاسية ، الى المرحلة الخطيرة التي هي فيها .

**بيان سياسي** : ثم تلي مشروع بيان سياسي عن اوضاع البلاد العربية في هذه المرحلة النضالية المؤلمة من تاريخ الامة العربية . وتباحث المؤتمرون في مشاكل الاقطار العربية التي هي في الواقع مشكلة واحدة ، لان الهدف الاول من وجود العرب السياسي هو صيانة مصلحة عربية واحدة ، تعتبر نقطة البداية في كل خطوة يخطوها العرب في نضالهم السياسي للتحرر من الاستعمار ولانشاء كيان وطني عربي حر واحد بين شعوب العالم .

وقد بحث المؤتمرون في الخطوات الاولى التي يمكن ان يخطوها العرب في سبيل حل مشكلتهم . وانتهوا الى اقرار بيان سياسي

**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents

**دەکۆمێنتی (٧)**



البعث

الاربعاء
٤ شعبان سنة ١٣٦٥
٣ تموز سنة ١٩٤٦
العدد ١

بذور البعث

حتى عمال اميركا يؤيدون اليهود!

نقابات العمال تستنكر نداء بريطانيا وتطالب بادخال ١٠٠ الف يهودي

أول عدد
من جريدة البعث

في يوم الأربعاء الثالث من تموز عام 1946 صدر العدد الأول من صحيفة البعث وهي صحيفة يومية سياسية ناطقة باسم حزب البعث العربي الإشتراكي وتعد من أهم ومن أقدم الصحف الصادرة في سورية والتي لازالت مستمرة في الصدور حتى الآن.
وفي يوم الأربعاء الثالث من تموز عام 1996 صادف العيد الذهبي لهذه الصحيفة والتي مضى على تأسيسها حاليا 55 عاما قضتها حاملة راية النضال على الصعد المحلية والعربية والدولية.


**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents

**دەکۆمێنتی (٨)**







الجمهورية السورية
وزارة الداخلية
رقم ٦٠٩٠٦/٦/١٠
التاريخ ١٩٥٤/٧/٢٧

الموضوع: حول اندماج حزبين.

الى رئاسة حزب البعث العربي

يرجى اعلامنا بالذا كنتم تنوون الاحتفاظ بدستور حزبكم ونظامه الداخلي الى جانب دستور الحزب العربي الاشتراكي ونظامه الداخلي ام انكم ستضعون دستورا ونظاما داخليا جديدين لاتحاد الحزبين .. كي نوعز الى الموظفين والقوام المقام ذوي العلاقة في اعطاء الايصالات اللازمة بانشاء الفروع التي قد ترون انشاءها لاتحاد حزبكم والحزب العربي الاشتراكي

وزير الداخلية


صورة الى:

محافظة حلب ـ بالاشارة الى كتابها ١/١٦٧٢ في ١٩٥٤/٦/١٦
محافظة درعا ـ بالاشارة الى كتابها ١٢٠٣/ص في ١٩٥٤/٦/٢١
محافظة ......
قيادة الدرك العامة
المديرية العامة للشرطة والامن العام
الشعبة السياسية

**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents

## دەکۆمێنتی (٩)



١٤ تموز ١٩٥٩ .

أمة عربية واحدة — ذات رسالة خالدة

في الذكرى الأولى لثورة ١٤ تموز

يحتفل اليوم شعبنا بأسره بالذكرى الأولى لثورتنا المظفرة ثورة الرابع عشر من تموز .. ففي مثل هذا اليوم من العام الماضي أنزل جيشنا ضربته الرائعة بأخطر حصن للاستعمار والرجعية في بلادنا العربية وقاد معركة الشعب في ثورة عبرت عن تطلعه للحرية، وحققت له أهدافه في التحرر من حكم الطغيان الأسود الذي فرضته الرجعية الحاكمة الفاسدة وحطمت قيود الاستعمار الثقيلة التي كبلت عراقنا الحبيب زمناً طويلا وزعزعت سيطرة الاستعمار التي فرضها عن طريق حلف بغداد وسائر الارتباطات والاتفاقيات الاستعمارية الأخرى ، وضيعت على أعداء العرب احلامهم في عزل العراق عن الأمة العربية واستخدامه كنقطة انطلاق ووثوب تهدد حركة التحرر العربي.ولذلك كان التفاف الشعب حول الجيش منذ اللحظة الأولى لقيام الثورة أروع تعبير عن الآمال العظام التي وضعها شعبنا في ثورته المباركة واقوى سلاح ساعد على نجـــاح الثورة وبث الرعب في نفوس اعدائها وسهل أمامها سبيل التقدم السريع .

وشعبنا اذ يستقبل ذكرى ثورته الجبارة ليتذكر برارة ايام الظلام والحقد والارهاب التي فرضتها زمرة الحكم المباد. يتذكر السجون والمعتقلات .. يتذكر

**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents





## دەکۆمێنتی (١٠)



البيــان الثوري الاول
لثورة ١٤ رمضــان الخالدة

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الشعب العراقي الكريم .

لقد تم بعون الله القضاء على حكم عدو الشعب عبد الكريم قاسم ، وزمرته المستهترة التي سخرت موارد البلد لتأمين شهواتها وتأمين مصالحها فصادرت الحريات وداست الكرامات وخانت الامة وعطلت القـوانين واضطهدت المواطنين ابناء الشعب الكرام .

قامت ثورة الرابع عشر من تموز لتحرير وطننا من الاوضاع الاستعمارية المتمثلة في الحكم الملـكي ، وسيطرة الاقطاع وسياسة التبعية ولتحقيق اوضاع ديمقراطية ينعم فيها الشعب بحياة كريمة ولكن عدو الله وعـدوكم المجرم الخداع استغل شعبه والمخدع بكل الوسائل الدنيئة والاساليب الاجرامية لاقامة حكمه الاسود الذي افقر البلاد وصدع الوحدة الوطنيـة وعزل العراق عن ركب العروبة المتحررة وطعن اماني شعبنا القومية .

ايهـا المواطنون .

ان حرصنا على سلامة وطننا ووحدة شعبنا ومستقبل اجيالنا وايماننـا باهداف ثورة تموز العظيمة قد حملنا مسؤولية القضاء على الطغمة الفاسدة التي تسلطت على ثورة الشعب والجيش فاوقفت مسيرتها وعطلت انطلاقتها ، وقد تم ذلك بمؤازرة كافة القوات المسلحة الوطنية وتأييد جماهير الشعب .

ابنـاء الشعب الكرام .

ان ظاهرة الانتفاضة التي قام بها الشعب والجيش من اجل مواصلة المسيرة الظافرة لثورة تموز المجيدة لا بد لهـا من انجاز هدفين الاول تحقيق وحدة الشعب الوطنية والثاني تحقيق المشاركة الجماهيرية في توجيه الحكم وادارته ولا بد لانجاز هذين الهدفين الاثنين من اطلاق الحريات وتعزيز مبـدأ سيادة القـانون .

ان قيادة الثورة المتمثلة بالمجلس الوطني لقيادة الثورة اذ تؤمن بهـذا وتعمل على تحقيقه ، تؤمن كذلك بما يزخر فيه هذا الشعب من روح وطنيـة وثابة وما يتحلى به من عزم ثوري وما يتصف به من وعي عميق . لذا فنحن نأمل ان يترفع المواطنون في هـذا اليوم المبارك عن التشاكل والاحقاد وان يعملوا جميعا على ترسيخ وحدتهم الوطنية وتقوية التفافهم حول اهـداف ثورة تموز المجيدة وان لايفسحوا منفذا لعميل او مفسد مأجـور يسعى فيه بالتفرقة .

ايها المواطنون .

ان المجلس الوطني لقيادة الثورة يعمل على اقامة حكومـة وطنية من المخلصين من ابناء الشعب ومن المخلصين من ابناء هـذا الوطن ، وستكون سياسة حكومة الثورة وفقا لاهداف ثورة تموز المجيدة لذا فان الحكومة ستعمل على اطلاق الحريات الديمقراطية وتعزيز مبدأ سيادة القانون وتحقيق وحدة الشعب الوطنية بما يتطلب لها من تعزيز الاخوة العربية الكردية وبما يضمن مصالحها القومية ويقوي نضالها المشترك ضد الاستعمار واحترام حقوق الاقليات وتمكينها من المساهمة في الحياة الوطنية كما انها تتمسك بمبدأ الامم المتحدة والالتزام بالعهود والمواثيق الدولية والمساهمة في تدعيم السلام العالمي . ومكافحة الاستعمار بانتهاج سياسة عدم الانحياز والالتزام بمقررات مؤتمر باندونغ وتشجيع الحركات الوطنية المعادية للاستعمـار وتأييدها كما ان قيادة الثورة تعاهد الشعب على العمل نحو استكمال الوحدة العربية وتحقيق وحدة كفاح عربي ضد الاستعمار والاوضاع الاستعمارية في الوطن العربي ، والعمـل على استرجاع فلسطين المحتلة وتحافظ علـى المكتسبات التقدمية للجماهير وفي مقدمتها قانون الاصلاح الزراعي وتطويره لمصلحة الشعب واقامة اقتصاد وطني يهدف الى تصنيع البلد ، وزيادة امكانياته المادية والثقافية كما سيؤمن تدفق البترول الى الخارج .

ايهـا الشعب الكريم .

انا نعاهد الله ونعاهدكم ان نكون مخلصين لجمهوريتنا امينين على مبادئها مضحين في سبيلها وكلنا امل وثقة بان ابناء شعبنا الكرام سيكونون وحـدة متراصة للمحافظة على هذه المبادىء والسير قدما في طريق التقدم والرقي والله ولي التوفيق .

في ١٤ رمضان ١٣٨٢ هجرية — المجلس الوطني لقيادة الثورة
٨ شباط ١٩٦٣ ميلادية

**سەرچاوە:**

www.baath-party.org\images\documents

# دەکۆمێنتی ژمارە (١١)

بروسکەی پارتی

## بە جێ بەجێکردن داخوازییەکانی گەلەکەمان برایەتی کوردو عەرەب پتەو وە بنچینەی کۆمارەکەمان ئەچەسپێ

بۆ - سیادەتی سەرەك كۆماری بەڕێز.
- ئە نجومەنی نیشتیمانی سەرکردەی شۆڕش.
- سیادەتی سەرەك وەزیرانی بەڕێز.
- سیادەتی وەزیری دەوڵەت فواد عارف ی بەڕێز.
- سیادەتی وەزیری کشتوکاڵ بابە علی شێخ محمودی بەڕێز.

لەم کاتە گرنگەی مێژوی کۆماری عێراق، کۆماری کوردو عەرەبدا، کە پیرۆزبایی ئەکەین لەگەلەکەمان بە عەرەب و کوردو کەمایەتی‌یە براکانەوە بە بۆنەی لابردنی دیکتاتۆریتی گوناهباری قاسمەوە ئەو دیکتاتۆریەتەی کە خوێنی پاکی شەهیدەکانمانی ڕشت، ئەمانەوێ لێتانی دووبارە بکەینەوە کە ئێمە هیچ ڕۆژێ لە ڕۆژان شەڕمان نەویستووە بگرە ئەوساش و ئێستاش داواکاری مافی خۆمانین، ئێستاکە ئێوەش دوای سەرکەوتنتان لە ڕووخانی قەڵای زوڵم و زۆردار، فرمانێکی زۆر گرنگی بەپەلەتان وا لەپێشە کە ئەویش تێکۆشانە بۆ چارەکردنی کێشەی کوردستان بە چەشنێکی برایانەو دیموکراتیانە بۆ پاراستنی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوانی هەردوو گەلەکەمان وە بەربەستکردنی ڕشتنی خوێنی نازداری کوردو عەرەب لەبەرئەوە لامان وایە کەوا هاویشتنی هەنگاوی ئیجابی گورج وگۆڵ بۆ ئەم فرمانە کارێکە دەسکەوتی هەموو گەلی عێراقە پێویستی دەکات وە هەموو دواکەوتنێك لەم پێکهێنانەدا بە خوێن و ئازارو ئەرکێکی زۆر ئەکەوێتە سەر گەلەکانمان کەئەمەش هەل هەڵئەخات بۆ ئیمپریالیستەکان و دوژمنەکانی کۆمارەکەمان. بۆیە داواتان لێ ئەکەین کە خێرا وەستاندنی تەقەکردن وەبڕاندنەوەی شەڕوشۆڕ لە کوردستان بڵاو بکەنەوە وە ئاگاداری هێزەکانی چەکداری عێراق بکەن کە بگەڕێنەوە بۆ بارەگاکانی جارانیان، وە هەموو ئەو گیراوو بەندیانە بەربدرێن کە بەبیانوی بەشداربوونی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆوە لە شۆڕشی گەلەکەماندا دژی دیکتاتۆریەتی قاسم تووشی زۆرلێکردن بوون، لەگەڵ گێڕانەوەی دوورخراوەکان وە گەڕانەوەی کوردە نەقڵکراوەکان بۆ کوردستان وە بژاردنەوەی زەرەرو زیان وە دروستکردنەوەی ئەو دێو جێیانەی کە بەهۆی هێرشی خوێناوی دیکتاتۆرییەوە وێران کراون وە دوورخستنەوەو سزادانی ئەو کاربەدەستانەی کە ببوون بەداردەستی قاسمی دیکتاتۆری هاربوزۆر ئازاردان و زۆرلێکردن وە بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە لەنێو ڕۆڵەکانی گەلی عێراقدا بۆ چەسپاندنی پایەی دیکتاتۆریەتە لەقیوەکەی، هەروەها داواتان لێدەکەین کە بەگورجی بە چەشنێکی ڕەسمی و ئاشکرا دان بەوەدابنێن کە گەلی کورد حەقی هەیە بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی شاد ببێ لە شێوەی ئۆتۆنۆمی‌یەکدا (حوکمی زاتی) لە نێو چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا، لەگەڵ ناردنی وەفدێکی ڕەسمی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بناغەو ناوەڕۆك بۆ پتەوکردنی پەیوەندی





خەباتی برایانەی نێوان گەلانی کوردو عەرەب وە دامەزراندنی لەسەر بنچینەیەکی پتەولە هاریکاری سەربەست و وەکیەك کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەیشتن بەئازادی و دیموکراتی وە تاقە ڕێیەکی بێترسە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتی‌یەکانی هەموومان.

گەلی عێراق و سوپا ئازاکەی وە پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان و خێزان و کەسوکارەکانیان لەگەڵ خێزانی شەهیدو لێقەوماوەکان هەموویان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەم داخوازی‌یە عادیلانەیەن بەگورجی تاوەکو ئاشتی و ئاسایش بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆشەویستمان.

بژی یەکێتی خەباتی گەلانی کوردو عەرەب لە پێناوی بەجێ گەیاندنی ئامانجە نیشتمانی‌یەکان و ئاواتە نەتەوەیی‌یەکانیاندا.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**١٩٦٣/٢/١٠**

**سەرچاوە**:شازین هێرش: بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٥٨- ١٩٦٣، بەرگی یەکەم،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.

# دەکۆمێنتی ژمارە (١٢)

مـذكره قدمت الى حكومه البعث فى نيسان / ١٩٦٣ :-

ان كل مخلص للاخوه العربيه الكرديه وحريصه على الرابطه التى تربط الشعبين الشقيقين ببعضهما منذ فجر الاسلام لا يستطيع الا السعى فى سبيل وسيله لادامه هذه الرابطه الاخويه وارساء التعايـش بينهما على اسس قويه راسخـــه . وحقائق التاريخ تعلمنا ان اكمل صوره للارتباط الاخوى بين الشعبين هى التى تقوم على اساس الاتحاد الاختيارى بينهما بعيدا عن الضم والدمج القسرى الذى يولد عبر الزمن الا المشاكل والمآسى والمنازعات . ولا يكون للاتحـاد الاختيارى الاخوى معنا اذا يقسم على اساس الاعتراف بحقوق الامم المكونه له بتعايشها معا وتمكينها من ممارسه تلك الحقوق داخل كيان العام ويدلنا واقع الدول الحديثه على ان الحكم القومى الخاص الذى تمارسه القوميات للتأخيـه فى اداره مرافقها السياسيه والاقتصاديه والثقافيه والاجتماعيه ضمن اطار الحكم الاتحادى العام خير ضمان كفيـل بادامه الاتحاد الاختيارى بينهما بجانب كونه جوهر هذا الاتحاد واساسه الوطيـد . واما اتحادات سويسرا وجيكوسلوفاكيا ويوغوسلافيا والهنـد ونيجيريا الا شواهد على اغنيه الاتحاد الاختيارى كاساس لسلامه الحكم وكضمان لوحده الدوله . وقد بلغ من وضوح الفائده لهذا الاتحاد الاختيارى ان امما متحدا نسه قوميا اخذت به باعتباره شكلا رائعا للحكم الديمقراطى وتعبيرا صادقا عن الارتباط الطوعى كما هو الحال فى المانيا الاتحاديه وايطاليا والبرازيل وبريطانيا والولايات المتحده وما سيكون شأن الجمهوريه العربيه المتحده لاقطار مصر وسوريا والعـــراق .

اننا نجد الدوله فى احقاب التاريخ وفى الواقع الراهن على ان تتمتع القوميات العائشه فى ظل دوله واحده بحقوقها القوميه عن طريق مجالسها التشريعيه والتنفيذيه الخاصه بها لا يقف جدواه عند انسجامه مع مناطق وحده الدوله وتماسكها فقط بل يتجاوزه الى تمتين تلك الوحده وتقويتها وتغذيتها بزاد السخاء وشد اجزائها وابنائها بعضهـم الى بعض شدا وثيقا محكما . فعلى ضوء الحقائق المتقدمه نقول بثقـه وايمان ان موافقه حكومه الجمهوريه على هذا المشروع هى اسهام جدى متانى تعزيز الوحده العراقيـه الصادقه وترسيخ الاخوه العربيه الكرديه وتحصينها بوجه العوامل التخريبيه باصحاب الهوى فى الداخل والخارج وانها اذا اقرت هذا المشروع تكون عند مستوى مسؤوليتها فى صون تراث الاخوه العربيه الكرديه الموكول اليها من ضمير التاريخ وتسلمه الى الاجيال القادمه اوضح منها دليلا واهدى دليلا وافضل بدواعى الخلود . اننا لنأمـل ان مجلس قياده الثوره المنبثق عن ثوره تعتقد به ذات ناصعه وتصميـم سيكون وفيا لعهده المعلن عنه مرارا على لسان قادته باحترامه الحقوق القوميه المشروعه للشعب الكردى ...





نفســـه . ويفتح بذلك عهدا جديدا لروابط الاخوه التاريخيه بين الشعبين العربى والكردى واقامتها على اساس متينه من الصداقه والوضوح واللــه من وراء القصـــــــد .

١ ) الجمهوريه العراقيه دوله موحده مؤلفه من قوميتين رئيسيتين العربيه والكرديه المتمتعتين بحقوق متساويه ، وقد عبرتا عن ارادتهما استنادا الى حق تقرير المصير فى العيش معا .

٢ ) يتضمن الدستور العراقى نصوصا لجهاز تشريعى اعلى للجمهوريه العراقيه ولرئيس الجمهوريه والحكومه

التنفيـــــذى .

٤ – يقوم المجلس التنفيذى بممارسه السلطه التنفيذيه فى حدود الجهاز القومى الوارده فى الفقره الفقره الثانيه اعلاه ، وينفذ القوانين التى تصدرها الحكومه المركزيه بقدر علاقتها بكردستان وله تعيين موظفى اجهزه الاداره والدوائر الاخرى فى المنطقه ، ويكـون مسؤولا امام المجلس التشريعى فى كافه اعمالـــــه .

٥ – الماليـــه الجهاز القومى لكردستان وتتكون مــــــن :

١ – الموارد المحليه والضرائب والرسوم التى تجبى داخل كردستان .

٢ – حصه كردستان بنسبه عدد سكانها الى عدد سكان العراق من واردات النفط والكمارك والمطارات والموانئ والمصايف والبنوك الحكوميه والسكك والبرق والبريد والتلفزيون على ان تخصم منها مصاريف الرئاسه والدفاع والخارجيه واصدار العمله واداره وزاره النفط والبرق والبرق والبريد والتلفونات واداره المصايف بنسبه عدد سكانها الى سكان العراق ونفقات السكك الحديديه والطرق العامه بنسبه طول مسافتها فى كردستان الى مسافتها فى العراق الـعراق .

٣ – القروض الداخليه والقروض والمساعدات غير العسكريه التى ستحصل عليها كردستان .

٤ – واردات التبـغ والمصايف والغابـــــات .

٥ – تعتبر كردستان مساهمه بحصه تعادل نسبه سكانها الى سكان العراق فى المؤسسات والمشاريع العامه والمصالح ذات النفع العـــام .

٦ – تشمل منطقه كردستان الويه السليمانيه واربيل وكركوك والاقضيه والنواحى التى تسكنها اكثريه كرديه فى لوائى موصل وديالـــى .

٧ – يكون نائب رئيس الجمهوريه كرديا وينتخبه شعب كردستان بالطريقه التى ينتخب بها رئيس الجمهوريه .

٨ – يتضمن دستور الجهاز القومى لمنطقه كردستان الحقوق الثقافيه والاجتماعيـــه والاقتصاديه والحريات الديمقراطيه والدنيه للمواطنيـــن من الاقليات كالتركمـــان والاثوريين والكلدان والارمن وغيرهم من الطوائف الدينيه والعنصريه مع ضمان مساواتهـم التامه فى الحقوق والواجبات مع ابناء القوميتين العربيه والكرديه وضمان تمثيلهـــم فى المجلسين التشريعى والتنفيذى والاجهزه المختلفه ( بنسبه ) عادلـه .

((مواد عامة))

أ ـ يشمل الشعب

١ ـ يمثل شعب كردستان في المجلس الوطني العراقي بعدد من النواب يتناسب مع نسبه سكان كردستان الى سكان العراق .

٢ ـ يكون لشعب كردستان عدد من الوزراء المركزيه يتناسب مع نسبه سكان كردستان الى سكان العراق .

٣ ـ تكون نسبه موظفي الاكراد في الوزارات المركزيه متناسبه مع نسبه سكان كردستان الى سكان العراق .

٤ ـ أ ـ يقبل في جامعتـه بغداد والمعاهد العاليه العراقيه عدد من طلاب كردستان يتناسب مع نسبه سكانها الى العراق .

ب ـ ترسل الحكومه سنويا من البعثات والزمالات والمنح الخارجيه عددا من طلاب كردستان يتناسب مع نسبه سكانها الى العراق .

٥ ـ يحتفظ الجيش العراقي باسمه وفي حاله تبديل اسمه يطلق على القسم الكردي منه اسم ( فيلق كردستان ) ويتكون هذا الفيلق من تجمع الجنود والمراتب والضباط الموجودين في الجيش العراقي من اهالي كردستان .

٦ ـ يكون احد معاوني رئيس اركان الجيش كرديا .

٧ ـ يؤدي ابناء كردستان خدمه العلم فيها ويعاد الضباط وضباط الصف المفصولين لاسباب سياسيه قوميه الى الجيش العراقي ويعادون الى وحدات الجيش المعسكره في كردستان .

٨ ـ يقبل فـي كليات ـ العسكريه والشرطه والاركان والطيران والمؤسسات العسكريه الاخرى عدد من الطـلاب يتناسب مع نسبه سكانها الـى سكان العراق .

٩ ـ للحكومه المركزيه حق ارسال قوات اضافيه الى مناطق كردستان فـي حاله التعرض لهجوم خارجي او وجود تهديد حقيقي بالاعتداء الخارجي على الجمهوريه العراقيه ، وفي غير هذه الحالات يجب اخذ موافقه المجلس التشريعي والتنفيذي في كردستان على ان لا يحرم مضمون هذه الماده قيام الجيش العراقي بتمريناته وفرضياته لمـده معقولـه .

١٠ ـ يكون قيام قطعات الجيش العراقي بالحركات العسكريه التعبويه داخل كردستان بموافقه مجلسها التشريعي او بناء طلب المجلس التنفيـذي .

١١ ـ يعتبر باطلا كل نص تشريعي مهما كان مصدره اذا كان من شأنه تقييد حقوق الشعب الكردي القوميه والديموقراطيه وتضييق مجالات التمتع بهـا .

١٢ ـ يكون اعلان الاحكام العرفيه في كردستان في غير حالات اعلان الحرب او وجود خطر حقيقي بالعدوان الاجنبي بموافقه المجلس التشريعـي .

١٣ ـ يكلف احد الوزراء الحاليين بتأليف المجلس التنفيذي المؤقت ليمارس صلاحيات المجلس التشريعي مؤقتا ويجري انتخابات عامه خلال فتره لا تتجاوز اربعه اشهر لانتخاب المجلس التشريعي .

١٤ ـ ازاله اثار حكم الطاغيه بتعويض جميع المتضررين نتيجه ثوره كردستان تعويضا عادلا سريعا في فتره





لا تتجاوز اربعـه اشهـر .

١٥ ـ في حاله تبدل الجنسيه العراقيه الى عربيه تنص وثائق شهاده الميلاد ودفاتر النفوس وجوازات السفر على كون حاملها كردستانيا في الجمهوريه العربيه المتحده اذا كان من مواطني كردستان وكرديا اذا كان من اصل كـردي .

١٦ ـ عند تبديل العلـم العـراقي او شعار الدوله العراقيه تضاف اليهـا علامه اشاره كرديه .

سەرچـاوە:پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عـیراق: شۆڕشـی کوردسـتانی عـیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیـەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) .

# دەکۆمێنتی ژمارە (١٣)

## پێشنیارەکانی وەفدی کورد کە پێشکەشی کرد بە حکومەتی عێراق دەربارەی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی‌گەلی کورد

ئەوی دڵسۆز بێت بۆ برایەتی کوردو عەرەب. وە هەوڵ بدات بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کوردو عەرەب کە لە بەرەبەیانی ئیسلامێتی‌یەوە ئەو پەیوەندی‌یە هەیە پێویستە لە کاتی ئیشکردنا هیچ ڕێگایەك نەگرێت باشترین ڕێگا نەبێت بۆ دەوام کردنی ئەو برایەتی‌یەو جێ گیرکردنی ژیان لە نێوان ئەو دوو گەلەدا لەسەر بنچینەیەکی بەهێز.

ڕاستیە مێژوویی‌یەکان بۆمان دەرئەخەن کە تەواوترین شێوەی پەیوەندی برایەتی لە نێوان گەلاندا ئەوەیە کەلەسەر بنچینەی یەکێتی (اختیاری) لە بەینیاندا دامەزرابێت وە دوور بێ لە هەوڵدان بۆ تواندنەوەی زۆرە ملێی. کە ئەم جۆرە تواندنەوەیە بە درێژایی ڕۆژگار هیچ ئەنجامێکی نەبووە جگە لە پەیدا کردنی گیروگرفت و ناسۆرو ناکۆکی. یەکێتی ئیختیاری برایانە مەعنایەکی مەوزووعی نابێت ئەگەر بێتو لەسەر بنچینەی دان پیانان بە مافی ئەو نەتەوانەدا پێك نەیەت کە بەیەکەوە ئەژین بێتوو ڕێگە نەدات بە بەجێهێنانی مافی ئەو نەتەوانە لە چوارچێوەی قەبارەی گشتی ئەو یەکێتی‌یەدا. دەوڵەتە نوێ‌یەکان پیشانی ئەدەن کەوا ئەو حوکمی نەتەوایەتی‌یە تایبەتی‌یەی نەتەوە براکان پێکی ئەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووری و زانیاری و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی حوکمی یەکێتی گشتیدا باشترین هۆیە بۆ دەوام کردنی ئەو یەکێتی‌یە ئیختیاری‌یە لە نێوانیاندا. سەرەڕای ئەمەش ئەمە جەوهەری یەکێتی‌یەکە خۆیەتی وە بنچینەی پتەویەتی. یەکێتی‌یەکانی سویسراو یوغوسلافیا چیکوسلۆڤاکیا و هیندستان و نیجیریا نمونەن بۆ ئەوەی کە یەکێتی ئیختیاری زۆر باشە وەك بنچینەیەك بۆ سەلامەتی حوکم وە پاراستنی یەکێتی دەوڵەت. سودی ئەم جۆرە یەکێتی‌یە ئەمەندە ئاشکراو دیارە کە هەندێك گەلی چوون یەکیش لە نەتەوایەتیدا کردویانە بە شێوەیەکی جوان بۆ حوکمی دیموکراتیان وە پەیوەندیەکی ڕاست وەکو لە ئەڵمانیای یەکێتی وە ئیتاڵیا و بەرازیل وە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەرئەکەوێت. وە وەکو لە پێکهێنانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا دەرئەکەوێت کە لە میسرو سوریا و عێراق پێك دێت.

بە پێی گەلێك بەڵگەی مێژوویی دەرئەکەوێت کەوا ئەو نەتەوانەی پێکەوە لە سایەی یەك دەوڵەتدا ئەژین مافی نەتەوایەتی خۆیان بەکار بێنن لە ڕێی ئەنجومەنی تشریعی و تەنفیزی خۆیانەوە تەنیا نەك هەر سوودی هەیە لە ڕووی گونجاوی‌یەوە لەگەڵ یەکێتی دەوڵەتدا بەڵکو ئەشبێت بە هۆی بەهێزکردن و پەروەردە کردنی ئەو یەکێتی‌یەش وە ئەبێت بە شیرازەیەك بۆ پێکەوە بەستنی پارچەکانی ئەو دەوڵەتەو هاووڵاتیانی لەگەڵ یەکدا بە شێوەیەکی توند بەهێز.

لەسەر ڕووناکی ئەو ڕاستیانەی کە پێشکەشمان کرد بەهەموو باوەڕێکمانەوە ئەڵێینکەوا بڕیاردانی حکومەتی جمهوری لەسەر ئەم پرۆژەیەمان بەشدار بوونێکی بەهێزە لەلایەن حکومەتەوە دەربارەی بەهێزکردنی یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق وە پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب وە پاراستنی لە بێ‌هێزی و کەلەبەر تێبوون لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا. ئەگەر بێتوو حکومەت بڕیار لەسەر ئەم پرۆژەیە بدات واتای ئەوەیە برایەتی کوردو عەرەب ئەپارێزی کە لەلایەن مێژووەوە پێی سپێردراوە. وە حکومەت ئەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئەم بەرهەمە پێشکەش بکات بە وەچەی دواڕۆژ وەك ڕووناکترین بەرنامەو ڕاسترین ڕێگا .وەك کردەوەیەکی نەمر.

هیوادارین کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە شۆڕشێکی بیروباوەڕێتی خاوەن فەلسەفەو بەرنامەیەکەوە هەڵقوڵاوە بەوەفا بێت دەربارەی ئەو پەیمانەی کە گەلێك جار سەرکردەکانی داویانە وەئەم وەفایەش لەوەدا ئەبێت کە مافی نەتەوایەتی ڕەوای کورد بە چاوی





ڕێزەوە سەیر بکەن کە یەکێك لەو مافانە مافی دواڕۆژ دانانە (حق تقرير المصير) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بڕیاردانیا لەسەر ئەم پرۆژەیە وەفادار ئەبێت بەرامبەر بەو پەیمانەی داوێتی و بەجێ هێنانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی ......... سەردەمێکی ........ سەبارەت بە پەیوەندی مێژوویی برایەتی کوردو عەرەب ........ئەو برایەتی‌یە لەسەر بنچینەیەکی ئاشکراو ڕاست وتن (الصراحه).

خوا ئاگاداری مەبەستە.

**یەکەم**

کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتوو بێت کە پێکهاتبێت لە دوو نەتەوە سەرەکی‌یەکە کە کوردو عەرەبن وە مافی چونیەکی‌یان هەبێت وە ئەم دوو نەتەوەیە ئیرادەی خۆیان دەربڕیوە لە پێکەوە ژیانیان لەسەر بنچینەی مافی دواڕۆژ دانان (حق تقرير المصير).

**دووەم**

دەستوری عێراقی چەند مادەیەکی تیا بێت بۆ هەیئەتی تەشریعی بەرزی کۆمار وە سەرۆکی کۆمار وەحکومەت. وە هەروەها دەستوور جیهازی نەتەوایەتی ڕێك بخات دەربارەی بەجێ هێنانی مافی نەتەوایەتی کورد لە کاروباری تەشریعی و تەنفیزی و قەزائیدا لە ناوچەی کوردستان.

**سێیەم**

**ئەم کاروبارانەی خوارەوە لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بێت**

١-سەرۆکایەتی دەوڵەت

٢-کاروباری دەرەوە کە لەمانەی خوارەوە پێك دێت

٣- ١- نوێنەرێتی سیاسی و قونسولی تجاری

٤- ب-پەیمان بەستن و ڕێك کەوتنی دووەلی

٥-ج- کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان

-د- اعلان کردنی شەڕو وە بەستنی ئاشتی (صلح)

١- بەرگری نیشتمانی (هێزی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی)

٢- پارەو سکە لێدان

کارو باری نەوت

١- گوومرگ

٢- میناو فڕۆکەخانەی دووەلی

٣- بروسکەو پۆستەو تەلفون

٤- ڕێگەی شەمەنەفەرو ڕێگەی گشتی سەرەکی

٥- کاروباری جنسی‌یە

٦- ڕێکخستنی میزانی‌یەی گشتی دەوڵەت

٧- بەڕێوەبردنی ئیستگەی رادیۆو تەلەفیزیۆنی مەرکەزی

٨-هێزی ئەتۆم

**چوارەم**

١- گەلی کورد مافی نەتەوایەتی خۆی لە ڕێگەی ئەنجومەنێکی تەنفیزی‌یەوە بەکار بێنێت کە لە ئەنجومەنێکی تەشریعی‌یەوە هەڵقوڵابێت. وە ئەو ئەنجومەنە تەشریعی‌یە لەلایەن دانیشتووانی کوردستانەوە بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی و سەربەست و ڕاستەوخۆ هەڵبژێرت.

**٢- ئەو جیهازە نەتەوایەتی‌یەی لە بەندی دوودا باس کرا ئەم جۆرە کاروبارانەی خوارەوەی پێ بسپێردرێت :-**

(کاروباری ناوخۆ- الداخلیە-دادگەری- العدل- پەروەردەوفێربوون. تەندروستی. کشت‌وکاڵ. توتن. شارەوانی‌یەکان. کاروباری کۆمەڵایەتی و ئیشکردن. ئاوەدان کردنەوەو هاوینە هەوارەکان) وە هەرشتێکی تر کە پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی ڕادەی خۆش گوزەرانی و کۆمەڵایەتی وگەشەکردنی ئابووری‌یەوە هەیە.وە ئەو شتانەش کە لە دەسەڵاتی حکومەتی نەکراون...

ئەنجومەنی تەشریعی هەموو قانونێکی پێویست دابنێت دەربارەی ....ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دووەم گریدا لەسەرەوە باسمان کرد. وە ئەنجومەنی تەشریعی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی هەڵبژێرێت وە دەسەڵاتیشی بێت کە باوەڕ لەو ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی بسێنێت.

٣- ئەنجومەنی تەنفیزی لە سنووری دەسەڵاتەکانی جیهازی نەتەوایەتی‌دا کە لە دووەم گریدا لەسەرەوە باسمان کرد ئەبێ کاروبار بەرێت بەڕێوە. وە ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی تەشریعی دەریان ئەکات ئەبێ ئەنجومەنی تەنفیزی جێبەجێیان بکات. وە هەروەها ئەو قانون و یاسا گشتی‌یانەی کە حکومەتی مەرکەزی دەریان ئەکات ئەبێ بەپێی ئەندازەی پەیوەندیان بە کوردستانەوە ئەنجومەنی تەنفیزی جێبەجێیان بکات.وە ئەنجومەنی تەنفیزی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەری (اداری) وەهی دائیرەکانی تریش لە ناوچەکەی خۆیدا دابنێت. وە لە هەموو کاروبارێکیا بەرامبەر ئەنجومەنی تەشریعی لێ پرسراوبێت.

**پێنجەم**

**مالیەی جیهازی نەتەوایەتی ناوچەی کوردستان پێك دێت لەمانە :-**

-١- بەرووبوومو سامانی ناخۆ وە ئەو باجو ڕەسمانەی کە لە کوردستاندا وەرئەگیرێت.

-٢- بەشی کوردستان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی لە بەراوردکردنا لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی عێراق لەم شتانەی خوارەوە.

(دەستکەوتی نەوت، گوومرگ، فڕۆکەخانە، مینا، مەصرەفەکان و بانکی حکومی، ڕێگای شەمەنەفەر، بروسکەو پۆستەو تەلفون) وە لەمانە بەشی مەسرەفی سەرۆکایەتی و بەرگری و کاروباری دەرەوەو پارە دەرکردن و بەڕێوەبردنی وەزارەتی نەوت و بروسکەو پۆستەو تەلەفون و بەڕێوەبردنی مانگەکان بەگوێرەی بەراوردی‌ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ هی عێراقدا.وە مەسرەفی ڕێگای شەمەنەفەر وە ڕێگای گشتی بە ئەندازەی درێژی ئەو ڕێگایانە لە کوردستاندا لەگەڵ بەراوردکردنیان لەگەڵ درێژی ڕێگاکان لە عێراقدا لێی هەڵبگیرێت.

-٣- بەشی کوردستان لە یارمەتی و قەرزی دەرەوە کە حکومەت وەری ئەگرێت وە ئەم بەشە هەر بەپێی ئەو ئەندازەیەی پێشوو بێت.

-٤- قەرزی ناوخۆو قەرزو یارمەتی (بێجگە لەهی سووپایی) کە کوردستان دەستی ئەکەوێت.

-٥- دەستکەوتی توتن و هاوینە هەوارو دارستانەکان.





-٦- بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە بەراوردکردنیا لەگەڵ دانیشتوانی عێراق کوردستان بە خاوەن بەش دابنرێت لە دامەزراوەکان و پرۆژەکان و ئەو بەرژەوەندی‌یانەی کە سوودی گشتی‌یان تێدایە.

**شەشەم**

ناوچەی کوردستان بریتی بێت لە لیوای سلیمانی و کەرکووك و هەولێرو ئەو قەزاو ناحیانەی لیوای موصل و دیالە کە زۆربەیان کوردن.

**حەوتەم**

یاریدەدەری سەرۆکی کۆماری عێراق کورد بێت وەگەلی کوردستان هەڵی ببژێرێتبەو ڕێگایەی کە سەرۆکی کۆماری عێراق پیی هەڵ ئەبژێردرێت.

**هەشتەم**

دەستووری جیهازی نەتەوایەتی ناوچەی کوردستان مافی خوێندەواری و زانیاری (السقافی) وە کۆمەڵایەتی و ئابووری‌وە سەربەستی و دیموکراتی و دینی بۆ هاووڵاتی‌یە کەمایەتی‌یەکانی تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەن و وەدەستە دینی‌یەکان و ڕەگەزی‌یەکانی تری تیا بێت لەگەڵ مسۆگەرکردنی چونیەکی تەواویانا لە ماف و ئەرك و پێویستیدا وەك هاوڵاتیانی نەتەوەی کوردو عەرەب وە مافی ئەوەیان هەبێت کەلە ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی وەجیهازەکانی تردا بە نیسبەتێکی عادیلانە نوێنەریان هەبێت.

(**چەند مادەیەکی گشتی**)

(١) گەلی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا نوێنەری هەبێت بە ئەندازەی بەراوردکردنی‌ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ هی عێراقدا.

(٢) گەلی کوردستان ژمارەی بەئەندازەی بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ هی عێراقدا وەزیرانی (.) مەرکەزیدا.

(٣) ژمارەی فەرمانبەرانی کورد بە وەزارەتە مەرکەزیەکاندا بەپێی ئەندازەی بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ هی عێراقدا بێت.

(٤) لە جامیعەی بەغداد وە دانیشگا بەرزەکانی عێراقدا ژمارەی قوتابیانی کوردستان بەپێی نیسبەتی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ هی عێراقدا ڕێك بێت.

(٥) یەکێك لە ......سەرۆکی ئەرکانی سوپا کورد بێت.

(٦) سوپای عیراقی ناوی خۆی بمێنێت، وە ئەگەر هاتوو ناوی گۆڕا بەشی کوردی ئەو سوپایە ناوبنرێت (فەیلەقی کوردستان) وە ئەم فەیلەقە لە کۆکردنەوەی گشت سەربازان و ئەفسەرانی خەڵکی کوردستان کە لەسوپای عێراقیدا پێك بێت.

(٧) ڕۆڵەکانی کوردستان خزمەتی ئاڵا لە کوردستاندا بکەن وە ئەو ئەفسەرو زابتانەی کەلەسەر سیاسەتی نەتەوایەتیان دەرکراون بگەڕێنەوە سوپای عێراقی بۆ ناو ئەوبەشەی کەلە کوردستانا بارەگای کردووە.

(٨) لە کوللی‌یەی سوپایی‌و پۆلیسی‌و ئەرکان‌و هێزی ئاسمانی‌و دامەزراوە سوپایی‌یەکانی تردا ژمارەی قوتابیانی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە بەراوردکردنا لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی عێراقداوەربگیرێن.

(٩) حکومەتی مەرکەزی هێزی ئیزافی بنێریچت بۆ ناوچەی کوردستان لەکاتێکا کە مەترسی هێرشی دەرەوە وەیان هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە هەبێت لە دەرەوە بۆ دەست درێژکردن بۆ سەر کۆماری عێراق، وەجگە لەم خاڵانەی سەرەوە باسی کرا ئەبێ موافەقەتی ئەنجومەنی تەشریعی‌و تەنفیزی کوردستان وەربگیرێتبۆ ناردنی ئەو هێزە ئیزافی‌یە، وە ئەم مادەیە نابێ ببێت بە کۆسپ لەو ڕووەوە کە سوپای عێراق مەشق وە فەرەزیاتی خۆی بۆ ماوەیەکی ......لە کوردستانا بکات.

(١٠) سوپای عێراقی لە بزوتنەوەی سوپایی دامرکێنەرەوەیداله کوردستانا پێویستە بەپێی موافەقەتکردنی ئەنجومەنی تەشریعی یان داواکردنی ئەنجومەنی تەنفیزی کوردستان بەو بزوتنەوەیە هەڵسێت.

(١١) هەر مادەیەکی تەشریعی سەرچاوەکەی هەرچۆنێك بێت ئەگەر بێتوو مافی نەتەوایەتی دیموکراتی کورد ببەستێتەوە وە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو مافانە تەنگ کاتەوە ئەو مادەیە بە بۆش دائەنرێت.

(١٢) دانانی ئەنجومەنی عورفی لە کوردستانا (جگە لەکاتی اعلان کردنی جەنگ‌و مەترسی‌یەکی ڕاستەقینە دەربارەی دەست درێژی بێگانە) پێویستە ئەنجومەنی تەشریعی کوردستان ڕێگا بە دانانی بدات.

(١٣) بە یەکێك لە وەزیرە کوردەکانی ئێستە بسپێردرێت کە ئەنجومەنێکی تەنفیزی وەختی دابمەزرێنێت بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ناوبراو. وە لەو ڕۆژەوە کە ئەم ئەنجومەنە تەنفیزی‌یە دائەمەزرێت تا ماوەی ٤ مانگ ئەنجومەنی تەشریعی هەڵببژێردرێت وە ئەو هەڵبژاردنە لەو چوار مانگە تێپەڕ نەکات.

(١٤) نەهێشتنی نیشانەی حوکمی زۆرداری بە بژاردنی ئەو زەرەرو زیانەی لە زەرەرمەندەکان کەوتووە لە شۆڕشی کوردستانا بەشێوەیەکی گورج‌وگۆڵ‌و عادیلانە وە لەماوەیەکدا کە لەچوار مانگ تێپەڕ نەکات.

(١٥) ئەگەر جنسی‌یەی عێراقی گۆڕا بە جنسی‌یەی عەرەبی ئەبێ لە شەهادەی لەدایك بوونو دەفتەری سەرژمێری‌و پەساپۆرتدا بۆ ئەو کەسانەی کە لە دانیشتوانی کوردستانن بنوسرێت کوردستانیە لە چوارچێوەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا. وە ئەوی کوردیش بێت بنوسرێت کوردە

(١٦) لە گۆڕانی ئاڵاودروشمی دەوڵەتی عێراقیدا ئەبێ نیشانەیەکی‌کوردیان تێ بخرێت.

مایس/١٩٦٣

سەرچاوە:شازین هێرش: بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان– عیراق لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٥٨–١٩٦٣، بەرگی یەکەم،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.





## دەکۆمێنتی ژمارە (١٤)

مطاليب الاكـــــراد الى وفـــد (( طاهر يحيبـــى ،بابا على ،فؤاد عارف ،على حيدر سليمان فى كانى ماران فى بدايه مـــارت / ١٩٦٣ : —

١ ) الاعتراف بالحكم الذاتى لكردستان العراق واعطاء صوره منه الى الامم المتحده ونشرها فـــى الجرائد المحليه والجريده الرسميه للحكومه . والحكم يكـــــون ديموقراطى برلمانى بشرط ان تشكل من نائب رئيس الجمهوريه . ومجلس تشريعى وتنفيذى وترك وزارات خارجيه والدفاع والماليه مركزيه صرفـه . وتعيين نواب وزراء من الاكراد فى هذه الوزارات .

٢ ) ان تكون اللغه الكرديه لغه رسميه فى كردستان وان تكون الدراسه بها ،واما المناطق التـى تسكنها عناصر غير كرديه تكون الدراسه بلغتهـــا الخاصه بالاضافه الى اللغه الكرديه .

٣ ) ان تكون فى الوزراءه العراقيه المركزيه عدد من وزراء الاكراد بالنسبه الى نفوسهم . وكذلك المجلس الوطنى فى العـــــراق ينتخب الاكراد بالنسبه الى السكان .

٤ ) ان تكون ميزانيه الحكومه المحليه فى كردستان مـــن واردات ضرائب الجمارك والمكوس والرسوم . . . الخ وحصه من واردات النفط بشكل يتفق ونفوس الاكراد ،بعد طرح صرفيات الوزارات التى لها طابع مشترك (( ذات الطابع المشترك )) .

٥ ) تشكيل قوه الشرطه والامن الكردى وتنظيم ارتباطهما بالحكومه المركزيه وتشكيل فق ٢ ويكـــــون مقرها فى كركوك وتكون ملاكاتها (( اى منتسبيها )) كرديه ولكنها تكون تحت سيطرة الحكومه المركزيه .

٦ ) سحب القوات الحكوميه عدا القوات الكرديه من كوردستان ولا يجوز ارسال قوات اضافيه الـــى كردستان الا فى حالات الحرب او حاله وجود خطر حقيقى وبموافقه المجلس التشريعى والتنفيذى .

٧ ) تشكيل حكومــــــه موقته للـــــتوقيع على هذه المطاليــــب .

سەرچـــاوە:پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق: شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی موممتاز حەیدەری پارێزراوە) .

## دەكۆمێنتی ژمارە (١٥)

(( اتفاقيـــــه ربيع عام ١٩٦٣ مع الوفـــد الشعبى فى ٤ مارت / ١٩٦٣ ))

١) الاعتراف بالحقوق القومية للشعب الكردى على اساس الاداره الذاتيه وادخال هذا الاعتراف الى الدستور المؤقت فالدائم عنـــد تشريعه وتوضيح طريقه تنفيذه من قبل لجنه مشتركه وتبداء بالعمل فورا .

٢) اعلان العفو العام عن كافه المشتركين او المسؤولين عنهـا او الذين لهم مسؤوليات فى القضيـه الكرديه واطلاق سراح الموقوفين فـــورا .

٣) تطهير الجهاز الحكومى من الذين اساؤا استعمال (( استخدام )) صلاحياتهم فى المناطـــق الشماليــــــه .

٤) رفع الحجز المفروض على اموال المشتركين والمساهمين فى الثوره الكرديه والبداء بدفع المبالغ المحجوزه المحجوزه الى اصحابها باســـرع وقـــت .

٥) رفـــع الحصار الاقتصادى عن كوردستـــان فـــورا .

٦) لاظهار حسن نيه الحكومه ولخلق ثقه متبادله والطمأنينه يرون بان عليها البدء بسحب القطعـات العسكريه الى ثكناتها الاصليـــــه .

سەرچـــاوە:پـارتی دیمـوکراتی کوردستانی عـیراق: شۆڕشـی کوردسـتانی عـیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیـەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی موممتاز حەیدەری پارێزراوە) .





## دەكۆمێنتی ژمارە (١٦)

مشروع اللامركزيه للبحث اذيع فى ١٩٦٣/٦/١٠

مقدمـــه

يتألف الجهاز الادارى فى المركز من المحافظ وتعينه الحكومه بمرسوم جمهورى ويكون مسؤولا تجاهها عن جميع الشؤون المحافظه ومن مجلس المحافظه الذى يتألف من اعضاء منتخبين بالاقتراح السرى المباشر واعضاء معينين يتم اختيارهم من السلطه بمرسوم جمهورى . ومن مجلـــس التنفيذ من رؤساء الدوائر فى مركز المحافظه ويعين اعضاؤه ورئيسه بقرار من مجلس الوزراء اما نائب الرئيس فينتخبه اعضاء المجلس من بينهم ويختص مجلس المحافظه الذى يمارس سلطته بقانون فى الشؤون التاليه :-

١ - التربيه والتعليـــم .

٢ - الشؤون البلديه والقرويه .

٣ - الشؤون العمرانيه والاسكان والمواصلات .

٤ - التموين والتجـــاره .

٥ - الشؤون الاجتماعيه والعمـــل .

٦ - الشؤون الصحيـــه .

٧- شؤون الزراعه والرى .

والمجلس مسؤول بصوره عامه عن اداره المحافظه والتأكد من قيام الاجهزه الاداريه بواجباتها بانسجام مع سياسه الحكومه وللمجلس اصدار انظمه محليه طبقا للاختصاص المنصوصـــه فى القانون على ان تكون خاضعه لمصادقه الوزير المختص ويصادق المجلس على الميزانيه السنويه للاداره المحليه . وكذلك على ميزانيه المحافظـــه التى تقدمها للحكومه لاقرارها . اما مجلس التنفيذى للمحافظه فيختص بتنفيذ قرارات مجلس المحافظه ما لم تكن قد عطلت من قبل الوزير المختص وتنفيذ القوانين والانظمه والتعليمات الحكوميـــه ويتولى المجلس التنفيذى جميع سلطات مجلس المحافظه واختصاصاته اثناء ايه فتره تحل فيها المحافظه من هذا المجلس . وله سلطه نقل الموظفين والمستخدمين عدا ( اعضاء المجلس التنفيذى ) داخل المحافظـــه . وكذلك تعيينهم ويعد مشروع ميزانيه المحافظه ومشاريع الانظمه المحليه وضبط جميع حسابات المحافظـــه

مه كتەبی بیر و هزر

واعدادها للتدقيق . وتتكون ايرادات المحافظه من :ـ النصف الباقى من صافى ايرادات الحكومه من ضريبـــــه الاملاك ،والنصف الثانى من رسوم البنزين والضمائم على ضريبتى الاملاك والاستهلاك والرسوم البلديه والتى تحدد الحكومه المركزيه مقدارها على ان لا تتجاوز نسبتها ربع الاصل ،ومن المنح الخاصه التى تقدمها الخزينه المركزيه واجور الجسور والمعابر وايه حصه من واردات الدوله تعينها الحكومه المركزيه من ضريبه التركات للاموال التى تقع فى المحافظه . وكذلك الهبات والتركات لمن لا وارث لهم ومن الاستقراضات والمبالغ المرصده فى الميزانيه العامه للاداره المحليه . ولمجلس الوزراء اصدار التوجيهات عامه يراعيها مجلـــس المحافظه . وفى حاله امتناع هذا المجلس من ذلك فلمجلس الوزراء ان يوقف او يلغى او يعدل اى قرار يصــــدره مجلس المحافظه ،كما له سلطه نزع اى سلطه او اختصاص من مجلس المحافظه لهذا الغــــرض .

المحافظـــــات وحـــدودهـــا :ـ

محافظه السليمانيه سليمانيه ،لواء دهوك ،اربيل ،قضاء جمجمال ،محافظه الموصل محافظه كركوك ،محافظه بغداد ،الرمادى ،ديالى ،كوت ،محافظه الحله ،ديوانيه والحله وكربـــــلاء .

محافظه البصـــره ـ مركـز البصره ومن الناصريه والعماره .

اللغــــه :ـ تكون اللغتان العربيه والكرديه رسميه ابتدائى ومتوسطه كردى وثانويه عربـى .

سەرچـــاوە:پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عـیراق: شۆڕشـی کوردسـتانی عـیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیـەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) .





# دەکۆمێنتی ژمارە (١٧)

## بەیاننامەی سەربازیی حکوومەت لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٣

بەیاننامەی حکوومەتی عێراق بەدەست پێکردنی بزاڤی سەربازی

شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان لە قووڵایی خەباتی میللیی پاڵەوانانەی خوێناوی دژی حوکمی قاسمیی دژ بەئاواتی گەل و ئامانجەکانی لە ئازادی و دیموکراسی و گەشەکردنی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی هەڵقوڵا و بۆ ئەوە هات کە ئەو حوکمە و پایە و شوێنەوارەکانی لەناوببات. هەروەها بۆ ئەوەش هات هەموو ئەو بارودۆخە ناباوانە ڕاست بکاتەوە کە بەدرێژاییی چوار ساڵ و نیو دروستی کرد، ئەو بارودۆخە ناباوانەی هەوڵی دا لە نێوان کورد و عارەبدا دروستی بکات کە ئەوە چەند سەدەیەکە لە سایەی خۆشەویستی و هاوکاریی چارەنووسی هاوبەشدا پێکەوە ژیاون. لە هەمان کاتدا ئەو شۆڕشە بۆ ئەوەش هات تەکانێکی گەورەی پەرەپێدان وەدی بێنێ کە عێراق لە بارودۆخی دواکەوتوویی و هەژاری بگوێزێتەوە بۆ هەلومەرجی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی، هەر لە دەربازگەی ئەم ئامانجانەیەوە و ئارەزووی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش لە پەلەکردن بۆ هەڵگرتنی ئەو ستەمەی هاووڵاتیانی کورد لە سەردەمی قاسمدا تووشی هاتبوون، دەسبەجێ دەستپێشخەریی ئاگربەستی کرد لە ناوچەکانی بزاڤی سەربازی لە باکور و، گیراوە سیاسییەکانی بەردا و ئەو کوردانەشی گەڕاندەوە بۆ سەر کار و فەرمانەکانیان کە دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانی قاسم لە کارەکانیان دەریان کردبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ براکانی تریاندا بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تازەدا بکەن. هەروەها حکوومەتی شۆڕش هەموو کارێکی خێرا و بەپەلە و یەکلاکەرەوەی ئەنجام دا بۆ لابردنی ئەو ئابلووقە ئابوورییەی قاسم بەسەر ناوچەکانی باکوردا سەپاندبووی، بۆ ئەوەی ژیانی ئابووری بگەشێتەوە و هەموو لە خێر و خۆشگوزەرانیدا بەرخوردار بن.

شۆڕش دەستپێشخەریی گێڕانەوەی ئەو متمانەیەی کرد کە حوکمی قاسمی تاوانبار لە نێوان عارەب و کورددا هەڕەشەی لێ کردبوو، و شاندێکی میللیشی نارد کە لە بەڕێزان شێخ محەممەد ڕەزا شەبیبی و حوسێن جەمیل و فایق سامەڕایی و فەیسەڵ حەبیب خەیزەران و دکتۆر عەبدولعەزیز دووری و زەید ئەحمەد عوسمان پێک هاتبوو کە وتووێژ لەگەڵ مستەفا بارزانی و جەماعەتەکەی بکەن و واشی کرد کە بەرپرسان لە پێوەندیی بەردەوامدا بن بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیی بەردەوام لە ناوچەکانی باکور و پتەوکردنی پێوەندیی مێژوویی لە نێوان عارەب و کورددا و، وەدیهێنانی ئاواتی کورد لە زیاتر بەشداربوونیان لە پرۆسەی گەشانەوەی نەتەوەیی و پێشکەوتن لە عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا گەلەکەمان بەتەواوەتی دەزانێت کە ئەو بارودۆخە ناباو و ناڵەبارانەی بوونە هۆی شەڕ و کوشتار لە نێوان حکوومەتی قاسم و جەماعەتی بارزانییەکان بەهاتنەکایەی حوکمی دیموکراتیی میللی کە نوێنەرایەتی هەموو

سەرچاوە:مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.

ڕۆڵەکانی گەل و ئاوات و ئامانجیان دەکات، نەمان و لەناوچوون و، هەرچەندە مستەفا بارزانی و دەستەودایەرەکەی مافی نوێنەرایەتیی هەموو کوردیان نییە و هەرچەندە بارزانییەکان لەو کۆمەڵانە بوون کە بەهەموو توانایەکیانەوە پشتیوانییان لە حوکمە دیکتاتۆری و نالەبارەکەی قاسم کرد و پشتیان گرت لە کوشتارە خوێناوییەکاندا لە مووسڵ و کەرکووک و هەرچەندەش لایەنی شیوعییەکانی ناوخۆیان گرت لە سیاسەتە تاوانکارییەکەیان دژی گەل و ئاواتەکانی لە ئازادی و دیموکراسی و گەشەکردنی نەتەوایەتیدا و سەرەڕای ڕوون و ئاشکرایی پێناسەی دەرەبەگایەتییان و گرێدراوییان بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم و دوژمنایەتی و تاوانکردن دەرهەق هاوولاتیە کوردەکانی تر. باوەڕی حکوومەتی شۆڕش بەیەکەتیی چارەنووس کە عارەب و کورد کۆ دەکاتەوە لەوەدا دەرکەوت کە نوێنەری کوردی بەشدارکرد لەو شاندە ڕەسمی و میللییانەی لە ولاتە عارەبییەکان لە باسی کاروباری یەکەتیی عارەب دوان و داوای کرد کورد زۆر نێزیک بن لە ڕووداو و ئەنجامی یەکەتیی یەکگرتن لە نێوان میسر و سووریا و عێراقدا.

دوای ئەوەی حکوومەتی شۆڕش لە داواکاریی کورد ورد بووەوە کە مستەفا بارزانی پێشکێشی کردبوو و، لەبەر بڕوابوونی بەپێویستیی ئەنجامدانی کاری خێرا و جیدییانە بۆ جێبەجێکردن و بەدەنگەوەچوونی داواکاریی کورد و وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە گەشەکردنی نەتەوەیی و بەشداریکردنی کردەوەییان لە حوکمی شۆڕشگێڕانەدا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ٩ی ئاداری ١٩٦٣ بەیاننامە مێژووییەکەی بەپیادەکردنی سیستەمی (لامركزي)، دوای تێپەڕینی تەنیا تاکە مانگێک بەسەر بەرپابوونی شۆڕشدا، دەرکرد، لەکاتێکدا کە مەترسیی زۆر لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەیان لێ دەکرد، ئەوەبوو حکوومەتی شۆڕش پەلەی کرد لە پێکهێنانی لێژنەی ڕەسمی و میللی بۆ تۆژینەوەی پرەنسیپی (لامركزي) و گەیشتن بەباشترین داڕشتە بۆ ئەو مەبەستە، لە ڕاستیشدا گەلالەی یاسای تایبەتی سیستەمی لامەرکەزی ئامادەکرا.

بۆ ئەوەش، حکوومەتی شۆڕش بەخێرایی دەستی کرد بەچاوخشاندنەوە بەپلانی ئابووری بەو شێوەیەی کار بکات بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە کە شەڕ لە نێوان جەماعەتی قاسم و جەماعەتی بارزانییەکان وێرانی کردبوو و، بەو شێوەیەی بەشێکی زۆر پرۆژە بۆ ناوچەکانی باکور دەستەبەر بکات و گەشەکردنی ئابووری لەم بەشەی نیشتمان وەدی بێنێ لە بارودۆخی دواکەوتووییەوە بەرەو بارودۆخی پێشکەوتنی ببات.

ئەی هاوولاتینە...

شۆڕشی میللی لە بەیاننامەی یەکەمی و لە دوو بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەکەی و لە بەرنامە قۆناخبەندییەکانیدا بڕوای خۆی ڕاگەیاند سەبارەت بەئاواتی کورد لە زیاتر بەشداریکردنیان لە پرۆسەی گەشەکردنی نەتەوەیی و پێشکەوتندا لە عێراق و، حکوومەتی نیشتمانی هەر لە سەرەتاوە بەڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە کاری کرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتییانەی خێرا بۆ ئەو گیروگرفتەی





کە لە سەردەمی قاسمدا پەیدا بوو، ئەو گیروگرفتەی مانەوەی بێ چارەسەرکردن تا ئێستە زیانی بەئابووریی نیشتمانی گەیاندووە و کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ئاسایش هەبووە و تەگەرەی خستووەتە پێش هەموو پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان لە ناوچەکانی باکور، وەک پرۆژە پیشەسازی و ئاودێرییەکان و چاکسازی و هاوینەهەوار و گەشتوگوزار، بەڵام ئەو کۆمەڵە جیاخواز و دەرەبەگەی کە گرێدراویی بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و زایۆنییەوە زانراوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش پشتگیریی حوکمی دیکتاتۆریی و کۆنەپەرستانەی قاسمی کرد، ئەو هەڵوێستە شەرافەتمەندانەیەی کە حکوومەتی نیشتمانی گرتیەبەر، کاری تێ نەکرد و بەرژەوەندی ڕەوای کورد و سەرجەم ڕۆڵەکانی عێراقی ڕەچاو نەکرد و کارێکی وای نەکرد خوێنی هاوولاتییانی عارەب و کورد لە ڕشتن بوەستێ و ئارامی و ئاسایش بڕەخسێت بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەو بارودۆخە ناباو و نالەبارە و بەرژەوەندیی نیشتمان و بەرژەوەندیی جەماوەری کوردی نەخستە ژوور بەرژەوەندە خۆپەرستە شەرم ئاوەرەکانی و چاوچنۆکیە هەلپەرستانەکەی خۆی بۆ زاڵبوون بەسەر جەماوەری کورددا وەلا نەنا، بگرە ڕێگەی چەتەگەریی گرت و لە هەڵوێستەکانیدا کەللەڕەقیی نواند کە بێ هیچ گومانکردنێک بۆ حکوومەتی نیشمانی ڕوون بووەوە کە ئەو هەڵوێستە بەدەوری پەرەپێدانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورددا ناگەڕێ و مەبەستیشی برایەتیی نێوان عارەب و کورد و کارکردن بۆ وەدیهێنانی گەشەکردن بۆ هەردوو لایان نییە، بگرە لە دەوری داواکارییەکی جیاخوازانەی کۆنەپەرستیی ئیمپریالیستیدا دەسووڕێتەوە کە بەتوندی بەبەرژەوەندیی دەوڵەتە بێگانە چاوچنۆکەکانەوە بەستراوە و ئامانجی هەڕەشەکردنە لە سەربەخۆیی و یەکەتیی نیشتمانی و تەکانە شۆڕشگێڕانەکەی عێراق.

گەلێک ڕووداو پاڵ بەو دەستە دەرەبەگە و نیازە جیاخوازی و ئارەزووەکانیانەوە دەنێن بۆ تێکدانی هەر هەوڵێک بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتییانە و ئەمەش هەندێک لە ڕووداوەکانە:

١- داڵدەدانی هەموو شیوعی و پیاوکوژ و ڕاکردووەکان لە دەستی عەدالەت بەمەدەنی و سەربازییەوە و نەدانیان بەدەست کاربەدەستانی حکوومەت.

٢- گەڕانی کۆمەڵە پەراگەندەیەکی ئەو چەتە چەکدارانە بەگوند و ناوچەکانی باکوردا و بەکارهێنانی شێوازی هەڕەشەوگوڕەشە لەگەڵ هاوولاتیاندا بۆ بەگەڵ کەوتنیان و سەپاندنی سەرانە و کۆکردنەوەی چەک لە خەڵکی بێ دەسەڵات.

٣- دەرکردنی ڕێنوێنی لەلایەن نوێنەرانی یاخییەکانەوە بۆ خەڵکی ناوچەی باکور کە نەچن بۆ لای کاربەدەستانی حکوومەت و، ناچارکردنیان بۆ ئەوەی بۆ هەموو کێشەیەکیان تەنیا بۆ لای ئەوان بچن.

٤- پشکنینی ئۆتۆمۆبێل لەسەر ڕێگە سەرەکییەکان و ڕاووڕووت و بەتاڵانبردنی ماڵ و داراییی هاوولاتیان.

٥- هێرشکردنە سەر بنکە دوورەکانی پۆلیس و بەدیلگرتنی پۆلیسەکان و بەتالانبردنی چەک و کەلوپەل و پێویستییەکانی بنکەکان.

٦- بڕینی هێڵی تەلەفۆن لەنێوان شار و شارۆچکەکان بۆ کارکردنە سەر کارەکانی دەسەڵاتدارانی حکوومەت و پەکخستنی مامڵەتی خەڵکی.

٧- تەقەکردن لە سەنگەرەکانی هێزە چەکدارەکان.

٨- ڕفاندنی خەڵک و فەرمانبەرانی کارگێڕی، وەک ڕفاندنی قائیمقامی مێرگەسۆر و ڕفاندنی سێ کەس لە (حەرەس قەومی) لە مەخموور و پێنج کەسی تریان لە ناوچەی ئاڵتوون کۆپری و پێنجی تر لە ناوچەی (عێن دبس).

٩- لە مێژووی ١٩٦٣/٥/٥ سێ کەس لە یاخییەکان و شیوعییە ڕاکردووەکان هەڵیان کوتایە سەر گوندی -إبن ناصر- چەک و ماڵ و پارەیان بەتاڵان برد و سووکایەتییان بەخەڵکی بێ دەسەڵاتی گوندەکە کرد و کردیانن بەپەند.

١٠- لە مێژووی ١٩٦٣/٥/١٤ جیاخوازەکان تەقەیان لە کەرتە کاراکانی سوپا کرد لە ناوچەی بەرژەوەندیی کارەبای نیشتمانی لە دووبز.

١١- جەبار جەباری و عادیل عیزەتی چەتە لەگەڵ سەد و پەنجا چەتەی تری دەستوپێوەندیان هێرشیان کردە سەر ناوچەی - قەرە حەسەن - و دەستیان بەسەر چەکەکانی دێیەکەدا گرت و بەرەو گوندی تەکیەی جەباری کشانەوە - و هەمووشیان لە جەماعەتی بارزانی بوون.

١٢- جیاخوازەکان لە ناوچەی هەریر هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمۆبێلێکی ئەمبولانس (اسعاف) لەکاتێکدا سەربازێکی نەخۆشی دەگوێزایەوە و تفەنگی ئەو هەردوو سەربازەی لەگەڵ نەخۆشەکە بوون بەفیشەک و کەلوپەلەکەیانەوە بەتاڵان برد.

١٣- لە مێژووی ١٩٦٣/٥/٢٨دا هێرشیان کردە سەر گوندی زلکە لە ناوچەی مەیدان و شێخ نوری زلکەیان کوشت و گوندەکەشیان ئاگر تێ بەردا لەبەرئەوەی نەیویست هاوکارییان بکات، ئەمەش خەڵکە هاووڵاتییەکانی ناچارکرد کە پەنا بۆ پۆلیسی مەیدان ببەن.

١٤- لە مێژووی ١٩٦٣/٦/٤دا، جیاخواز و شیوعییە ڕاکردووەکان تەقەیان لە هێزێکی سوارەی سەلاحەدین کرد و ئەو تێکچرژانە پێنج سەعاتی خایاند کە بەکشانەوەی یاخییەکان کۆتایی هات زیانی شازدە کوژراو و سی بریندار و هەشت دیلیان لێ کەوت و لە هێزی سوارەکانیش شێخ سامی عەبد غەزالەی سەرۆکی عەشیرەتی سلیڤانی شەهید کرا.

١٥- لە مێژووی ١٩٦٣/٦/٥ جیاخوازەکان بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک تەقەیان لە هێزی سوپا لە - حاجی ئیبراهیم بەگ - کرد کە بەکوژرانی هاووڵاتییەک و بریندارکردنی یەکێکی تر کۆتایی هات و چوار سەربازی هەڵاتووش دەسگیرکران.



کاتێکدا بەدوای ئەو شیوعی و ڕاکردوو و یاخییانەدا دەگەڕان کە کاری گێرەشێوێنییان لە ناوچەکەدا دەکرد و یەکێک لە لاوەکانی حەرەس قەومیشیان کوشتبوو.

١٧- عومەر مستەفای جیاخواز کە نازناوی -عومەر دەبابە-ی هەیە نووسینگەی کەمال محیەدین-ی پارێزەری لە کۆیە کردووەتە دادگە و حوکمی ستەمکارانەی دەرهەق بەکەسانی بێ تاوان سەپاندووە.

١٨- جیاخوازەکان لە ئامێدی و زاوێتە و زاخۆ و ناوچەی تر شەڕیان بەئۆتۆمۆبێلی ڕێوینگ فرۆشتووە و دەستیان کردووە بەدەستبەسەرکردنی هەندێک نەفەری ئۆتۆمۆبێلەکان و ڕفاندنی هەندێکی تر و دانیشتوانیشیان لە بەجێهێنانی کارەکانیان قەدەغە کردووە.

١٩- تاوانباران تەقەیان لە باڵەفڕێکی هێلیۆکۆپتەر کردووە لە کاتێکدا کە بەسەر ناوچەی چەمچەماڵدا سووڕاوەتەوە و قاچی باڵەفڕەوانەکەیان بریندار کردووە.

٢٠- جیاخوازە ناپاکەکان (خائینەکان) دادگەیەکی ئاژاوەگێڕییان لە خانەقین پێک هێناوە و حوکمی چوار هاووڵاتیی بێ تاوانیان بە لە سێدارەدان داوە و حوکمەکەش بەڕاستی جێبەجێ کراوە.

٢١- لە مێژووی ١٩٦٣/٦/٦دا، یاخییەکان ڕێگەیان بەکاروانێکی ئازووخە (تموین) لە پاسگەی ئەزمڕ گرت و شەڕێکی خەست لەگەڵیاندا ڕووی دا کە چەند سەعاتێکی خایاند.

٢٢- لە مێژووی ١٩٦٣/٦/٨دا چەتەکان ڕێگەیان لە کاروانێکی تری ئازووخە لە ناوچەی کەلار گرت و تەقەیان لێ کرد.

٢٣- هەر لە مێژووی ١٩٦٣/٦/٨دا هێرشیان کردە سەر کاروانێکی سەربازیی سەربازی مۆڵەت پێدراو کە لە حاڵەتی هاتوچۆی ئاساییدا بوو لە ناوچەی -سپیلک- ملازمی شەهید عەباس کەمال و سێ سەربازیان کوشت و ٢٣ ئەفسەر و پلەدار و سەربازیان بریندار کرد و چوار ئۆتۆمۆبێلی سەربازیشیان بەناهەق سووتاند.

ئەمە مشتێکی نموونەی خەروارێکی ئەو ڕووداو و ئاژاوانەیە کە جیاخوازەکان لەکاتی ماوەی وتووێژدا ئەنجامیان داوە وێڕای کاری تاوانکاریی تریان لە هاندانی پۆلیس و سوپا لە کورد بۆ ڕاکردن بەخۆ و بەچەکەکانیانەوە.

جا بەپێی ئەوانەی پێشەوە و سووربووغان لەسەر پاراستنی هاووڵاتیان لە ناوچەی باکور و گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ هەموو لایەکی نیشتمان، بۆ ئەوەی حکوومەتی نیشتمانی بتوانێ هەموو ئەوانە جێبەجێ بکات کە لە بەرنامە قۆناخبەندییەکەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕشدا هاتوون و لەسەر خواستی گەل بۆ پاراستنی سەربەخۆیی یەکەتییە نیشتمانییەکەی لە یاری پێکردنی ناپاکە کۆنەپەرستە جیاخوازەکان بڕیارمان دا لەمڕۆوە دەست بکەین بەپاککردنەوەی ناوچەکانی باکور لە پەراگەندە شکست خواردووە بارزانییەکان و دەستوپێوەندەکانیان و هەروەها بڕیارشمان دا هەموو ناوچەکانی باکور بەناوچەی جووڵانەوەی کردەوەیی دابنێین.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش ئاگاداریی ئەو تاخمە ناپاکەی لە قسە و خواست و یەکەتیی نیشتمانی دەرچووە دەکاتەوە، کە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە چەک فڕێ بدەن و پشتگیریی خۆیان بۆ حوکمی نیشتمانیی دیموکراتیی میللی ڕابگەیەنن، بۆ ئەوەی ناوچەکە لە شەڕوکوشتار دوورکەوێتەوە و بۆ ئەوەی هەموو بۆ بنیاتنانی نیشتمانە ئازادە گەشەکەیان کار بکەن. ئەگەر نا، ئەوا ئەنجوومەنی نیشتمانی هەموو ئەو ئەنجامانەی لە هەڵوێستە ناپاکەکانیان دەکەوێتەوە، دەخاتە ئەستۆی ئەم تاخمەیە.

هاووڵاتیان

ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش داوا لە سەرجەم هاووڵاتیان دەکات کە پشتی هێزە چەکدارەکان و دەسەڵاتدارە حکوومەتییەکان بگرن و یارمەتییان بدەن بۆ لەناوبردنی ئەو تاخمە ناپاکە و خەبەر لەو کەسانەش بدەن کە دەیانەوێ بەهەر شێوەیەک بێت یارمەتییان بدەن.

بژی شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزانی پیرۆز و مردن بۆ ناپاکە جیاخوازەکانی دوژمنی گەل.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش

لە هەژدەی موحەڕەمی حەرامی ساڵی ١٣٨٣ی کۆچی ڕێکەوتی ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ی زایینی دەرچووە.

# دەکۆمێنتی ژمارە (١٨)

## پارتی دیموکراتی کوردستان
## ڕونکردنەوەی سیاسەتی دوای قاسمو هەڵوێستی پارتیمان

مەکتەبی سیاسی
-١٥ - ٢ - ١٩٦٣

هەڤاڵانی بەڕێز
ئەندامانو پاڵێوراوانو لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان
پێشمەرگە قارەمانەکان
خەباتکەرە نەبەزەکانی ڕێگەی ڕزگاری کوردو کوردستان

لەم کاتە مێژوویی‌یە ناسکەدا کە لە ژیانی گەلو نیشتمانو شۆڕشەکەمانا تێئەپەڕی بە پێویستی سەر شانی خۆمانی ئەزانین کە ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوەتان بخەینە پێش چاو بەبێ هیچ لێ شاردنەوەو پێچو پەنایەك.

١-هیچ گومانی تێدا نی‌یە کە خەباتی لاسارانەی چەکداری توندو تاڵی پڕ فیداکاری‌و قارەمانانەی ئێوە لەژێر ئاڵای پارتی‌یە پێشڕەوەکەتاندا هۆی هەرە گەورەو گرنگی (٠) بوونی قەڵای زوڵمو زۆری دیکتاتۆریەتی (قاسم)ی خوێن ڕێژ بوو بەئەندازەیەکی وا کە هەر بەتاقە پاڵێك تەفروتونا بوو.

٢-وەکو ئەیزانن نەتەوەکەمان کە دەستی لەسەرو ماڵی خۆی هەڵگرتبوو وە ژنو منداڵو دوارۆژی خۆی هاویشتبووە ناو جەرگەی شەڕێکی خوێنینی بەسامەوە هیچ دوژمنایەتیەکی شەخسی نەلەگەڵ دەستەو دائیرەی قاسم نەبوو وەهیچ یەکێ لەئێوە لەبەر هۆی تایبەتی‌و شەخسی نەببوو بە نیشانگای هێرشو زۆرلێکردنی ئەو دەستەو دائیرەیە، هۆی گەورەو گرنگی چەك هەڵگرتنتان بەرامبەر بە قاسم ئەوە بوو کە ئەو کابرایە دامەزرێنەرو بەرگری ڕژێمێکی دکتاتۆری عەسکەری بوو بە پێچەوانەی ویستنو دەسکەوتی گەل بە گشتی، گەلی عێراقی لە هەموو مافە دیموکراتی‌یەکانی خۆی بێ بەش کردبوو وە هەموو ئەو هیوایانەی پووچو بێجێ کردبوو کە بەشۆڕشی (١٤) تەموزی‌یەوە بەستبوو وە بە ئاگرو ئاسنو بەندیخانە حوکمی وولاتی ئەکرد وە بەرامبەر گەلی کوردیش بە تایبەتی‌سیاسەتێکی دوژمنانەی هەبوو بە نیازی لەناوبردنی نەتەوەکەمان وە سڕینەوەی ناوی پیرۆزی کوردستان وە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە گڵاوەی کەوتبووە بەکارهێنانی پیسترینو دڕندەترین پیلانی دوژمنایەتی. بەم چەشنە زۆر ئاشکرایە کە خەباتی ئێمە دژی شەخسی قاسم نەبوو، دژی ڕژێمی قاسم بوو ئەو ڕژێمەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی کەڵکی لێ وەرئەگرت بۆیە لابردنیمان بەشەرتێکی بنچینەیی دانابوو بۆ دەست خستنی ئامانجەکانی گەلانی عەرەبو کوردو وەهی کەمایەتی‌یە براکانیان.

٣-جائێستا دوای لەناوبردنی قاسم وە ڕماندنی دیکتاتۆریەتەکەی کەلەخۆیا گەورەترین بەندو دەرسە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تەقەلاو بیروباوەڕی شەخسی خۆیان بە تاقە سەرچاوەی هەموو چاکەو چالاکی گەل ئەزانن وە خۆیان بە چاوساغی ڕێو سەفەری شۆڕشو دروستکەری مێژوویی دائەنێن ئەم لەناوبردنە هەلێکی مێژوویی پێشکەش بە کاربەدەستانی ڕژێمی نوێی عێراق ئەکا بۆ ئەوەی بیروباوەڕی دیکتاتۆریەتی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشێ وە





نیزامێکی دیموکراتی ڕاستەقینەی وەهای لە جێگە دابمەزرێنن کە گەلی عێراق لەسێبەریا بە سەربەستی‌و سەربەرزی‌و دڵنیایی‌و ئاشتی بکەوێتە خەبات لە پێناوی ژیانێکی خۆشو پڕ کامەرانی‌دا وە گەلی کوردیش تیایا بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بگات وە برایەتی‌و یەکگرتنی کوردو عەرەب لەسەر بناغەی پتەوی وەك یەکی مافی نەتەوایەتی وە سەربەستی دیموکراتی (المساواة فی الحقوق القومیە والحریات الدیمقراتیە) دروست بکرێتەوە بەوچەشنەی لەوولاتەکانی وەکو (سویسرا وە یوغسلاڤیا) دروستکراوە کەوا لە نەتەوەیەك زیاتر تێیدا ئەژی لەگەڵ بەرچاوخستنی ئەوەی کە بۆ چەسپاندنی یەکگرتنەوەکە وە پتەوتر کردنی برایەتی‌یەکەمان، پێویستە بەرامبەر بەهەموو هەنگاوێك کە گەلی عەرەبی لە عێراقدا دەی هاوێژی بەرەو جێبەجێکردنی ئاواتە نەتەوایەتی‌یە مەشروعەکانی خۆی گەلی کوردیش ماوەی بدرێتێ بۆ هاویشتنی ئەو چەشنە هەنگاوانە.

٤-لەبەر تیشکی ئەم بیروباوەڕە (پارتی دیموکراتی کوردستان) وەکو پێشڕەوێکی هوشیاری دڵسۆز بەجێ گەیاندنی کاری نەبۆ ڕێکەوت وەنەبۆ هێزەکەی بەرامبەرمان واز لێ نەهێنا کەوتە دەستپێشخەری هەر بەو نیازەی کە تا لەتوانادا بێ دەست خستنە داخوازیەکانی گەلەکەمان کەم ئەركو کەم ئازارتر بێ.

لە سەعات ١٢ ڕۆژی ٨- ٢- ١٩٦٣ ئەم بروسکەیەی لای خوارەوەی لێدا بۆ مامۆستا بارزانی وە وێنەشی درا بە هەموو بنکەکانی پێشمەرگە بۆ ئاگاداری.

وێنەی بروسکەکە
ژمارە - ١٠٦
ڕۆژ - ١٩٦٣/٢/٨
سەعات - دوانزە
بۆ مامۆستای بەڕێز مستەفا بەرزانی
لە مەکتەبی سیاسی‌یەوە

مەوقیفە قارەمانانەتان وەك سەرۆکی پارتی‌یە نەبەزەکەمان وە سەرکردەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بە عاملێکی ئەساسی ئەزانین لە هەڵکەندنی گۆڕی قاسمی خوێن خۆردا. بەرەئی ئێمە هەتا هێزی دوژمن نەهاتۆتەوە سەر خۆی وە پێش ئەوەی حکومەتێك لە بەغدا جێگیر ببێ وای بەباش ئەزانین داوای چەك دانانو چۆڵ کردنی هەموو قەزاو ناحیەکانی کوردستانیان لێ بکەین وە لەو شوێنانەدا کە بەبێ زیانێکی زۆر چەکیان لێ وەرناگیرێ هەر بە چۆڵکردنی شوێنەکان وازیان لێبهێنین وە ئەگەر نەیان کرد لێیان نەوەستین بۆ ئەوەی لەم هەلە کەڵك وەربگرین بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لە دەست خستنی ئامانجەکانی کوردو کوردستانو گەلی عێراق هەروەها بەباشی ئەزانین هەوڵ بدرێ بۆ دەست بەسەراگرتنی شارەکانی کوردستان.
ئیتر بۆ پێشەوە ......بە هەموو جۆرێك چاوەڕوانی ئەمرتانین.

تەواو

وە لەلایەکی ترەوە نوێنەری کۆمیتەی ناوەندیمان لە بەغدا هەر لەم ڕۆژەدا بروسکەیەکی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردەی شۆڕش لێدا بە هاوکاری سیادەتی (فواد عارف) وە تیایا لەگەڵ دەربڕینی خۆشی داوایان لە کاربەدەستان کردبوو کە هەنگاوی ئیجابی گورجو گۆڵ بهاوێژن بۆ

براندنەوەی خوێن ڕژان لە کوردستاندا وە چارەکردنی مەسەلەی کورد بە جۆرێکی برایانە بەدان پیانانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد وە حەقی بەکارهێنانی ئەم مافانە لەشێوەی (حوکمی زاتی)دا لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

٥ - لەبەر ئەوەی کەڕۆژی ١٩٦٣/٢/٩ مەکتەبی سیاسی هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتووە نە لەحکومەت وە نە لەمامۆستا بەرزانی‌یەوە بروسکەیەکی لێدا بۆ سیادەتی (فواد عارف) وە لێپرسراوی بەغدامان بۆ ئەوەی لەبارەی هەنگاوەکانی حکومەتی تازەوە پرسیاریان لێبکەین.

ئەمە وێنەی بروسکەکەیە
العدد / ١٠٨
التأريح ١٩٦٣/٢/٩
من المكتب السياسي
الى سيادة فؤاد عارف

نرجو الاتصال بنا انتم والاخ صالح اليوسفي لاسكليا على ذبذبة (٤٩٠٠) مع المحطة اللاسكلية المسماة ب(الجبل) و بالمورس APG وذلك في بداية الساعة اعتباراً من ١٤٠٠ الى ١٩٠٠ ومن الساعة ٢٠٠٠ الى ٢١٠٠

٦-کە هیچ وەڵامێکیان دەستنەکەوت لە ڕۆژی ٩٦٣/٢/١٠ دا بروسکەیەکمان راستەوخۆ نارد بۆ سەرۆك کۆمار وە ئەو شوێنانەی کاروباری رژێمی تازە دەبەن بەڕێوە وە ئەمە وێنەکەیەتی.

الى سيادة رئيس الجمهورية العراقية المحترم
المجلس الوطني لقيادة الثورة الموقر
سيادة رئيس مجلس الوزراء المحترم
سيادة وزير الدولة فؤاد عارف المحترم
سيادة وزير الزراعة باباعلى الشيخ محمود المحترم

في هذه الساعة الحاسمة في تأريخ جمهوريتنا العراقية جمهورية العرب والاكراد إننا إذ نهنىء شعبنا العظيم بعربه وأكراده واقلياته المتاخية، بازاحة ديكتاتورية قاسم الاثيمة الملطخة بدماء شهدائنا الابرار. نود ان نؤكد لكم باننا لم نكن في يوم من الأيام طلاب حرب، بل كنا و مانزال طلاب حق و أن أمامكم الآن بعد أن وفقتم في دك معاقل الظلم والطغيان واجبا خطيرا ملحا، هو العمل على حل مشكلة كردستان بصورة اخوية ديمقراطية صونا للأواصر الوثيقة بين شعبينا و حقنا للدماء العربية والكردية العزيزة علينا جميعا ، وعليه نرى أن اتخاذكم الخطوات الايجابية الفورية بهذا الخصوص أمر يحتمه مصلحة الشعب العراقي بأسره وان كل تأخير في هذا العمل يكلف شعبينا الكثير من الدماء والآلام والجهود مما يتيح الفرص للمستعمرين والأعداء للنيل من جمهوريتنا، فنناشدكم الاعلان عن ايقاف اطلاق النار وانهاء العمليات الحربية في كردستان بصورة رسمية وفورية والإشعار الى القوات العراقية المسلحة بالعودة الى ثكناتها المعتادة و اطلاق سراح جميع الموقوفين والسجناء الذين تعرضوا للأضطهاد بتهم الإشتراك بصورة مباشرة أو غيرة مباشرة في ثورة شعبنا ضد دكتاتورية قاسم وإعادة المبعدين والمنقولين والموظفين المنقولين من الاكراد الى كردستان وتعويض المتضررين وإعادة بناء القرى والاماكن المهدمة من جراء القمع الدموي الدكتاتوري و أبعاد ومعاقبة المسؤولين الذين كانوا اداة تعذيب و اضطهاد في يد الدكتاتور المجنون



قاسم لبث روح التفرقة والشقاق بين أبناء الشعب العراقي و لتثبيت أركان دكتاتوريته المتزعزعة، وكذلك الإعلان فوراً وبصورة رسمية صريحة عن الاعتراف بحق الشعب الكردي عن التمتع بحقوقه القومية المشروعة في أطار (حكم ذاتي) ضمن الجمهورية العراقية، وارسال وفد رسمي للتفاوض بخصوص الأسس والتفاصيل لترسيخ الروابط الأخوية والنضالية بين الشعبين العربي و الكردي واقامتها على قواعد متينه من التعاون المتبادل الحر، مما يحقق التحرر والديمقراطية ويشكل السبب الأوحد والأسلم لتحقيق الأماني القومية للجميع، أن الشعب العراقي وجيشه الباسل وفصائل الأنصار الوطنية الشجعان في كردستان وعوائلهم وذويهم وعوائل الشهداء والمنكوبين جميعاً متلهفون الى تحقيق هذه المطاليب العادلة بأسرع وقت لتعود السلام والوئام الى ربوع عراقنا العزيز.

عاشت الوحدة النضالية بين الشعبين العربي والكردي في سبيل تحقيق أهدافهما الوطنية وأمانيهما القومية.

المكتب السياسي
للحزب الديمقراطي الكردستاني
٩٦٣/٢/١٠

دوایی بروسکەی لای خوارووماں نارد بۆ هەموو بنکەکانی پێشمەرگە
ژمارە : ١١٢
ڕۆژ : ١٩٦٣/٢/١٠

لە مەکتەبی سیاسی‌یەوە بۆ هەموو بنکەکانی پێشمەرگە.
سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
پێویستە بە وردی ئەم ئامۆژگاری‌و فرمانانەی خوارەوەمان جێبەجێ بکەن
١ - هەر هێزێکی میری بیەوێت لە ناوچەکانی شەڕەوە بگەڕێتەوە بۆ بنکەکانی جارانی خۆی نابێ تەقەی لێبکرێت لە حاڵەتی دیفاع دانەبێ.

٢ - هەر هێزێکی میری بیەوێت بەنیازی زەخیرە هێنان یا بۆ بەهێزکردنی لەشکری میری لە کوردستاندا بێت‌و بچێت پێویستە لەسەرتان بەربەستی بکەن.

٣ - پێویستە هەموو هێزتان کۆکەنەوە وە ئامادەبن بۆ هەموو فرمانێکی پێویست وە ئیجازەدان قەدەغەیە تا ئاگادارتان ئەکەین.

٤ - بەپێی توانا هەوڵ بدەن بۆ گرتنی مەرکەزی ناحیەو قەزاکان بۆ بەربەستکردنی خراپە وە پارێزگاری ئەمن‌و ئاسایش. هەوڵ بدەن ئەم فرمانانە بەبێ (اصطدام) پێك بێت. هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پارتیمان بکەن لە هەموو ئەو شوێنانەدا.

٥ - ئاگادارتان ئەکەینەوە پێویستە بەپێی فرمانەکانی سەرەوەمان رەفتار بکەن.
ئیتر بۆ پێشەوە.

ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١١ بروسکەمان لە هەموو بنکەکان وەرگرت کەوا ئامادەن بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو فرمانانەی پێ یان سپێردراوە تەنانەت لەهەندێ جێگەی وەکو کۆیەو هەڵەبجە هێزی

پێشمەرگە پێشەکی دەستی‌بەسەر شارەکاندا گرتبوو وە وەکو لەسەرچاوەکانی حکومەت زانیمان لە هەموو شوێنێکەوە هێزی پێشمەرگە بەرەو شارەکان ئەکشا.

لە ١١-١٩٦٣/٢/١٢ دا نامەیەکمان وەرگرت تیا نووسرابوو کەوا سەرۆکی پارتیمان بڕیاری داوە شەڕ بوەستێنرێ هەتا ئاگادارکردنێکی تر تەقە نەکرێ. مەکتەبی سیاسیش لەسەر ئەو فەرمانە ئەم بروسکەیەی لێدا بۆ هەموو بنکەکانی پێشمەرگە (لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان).

بروسکەکە:
ژمارە ١١٨
ڕۆژ ١١-١٢/ ٢/ ١٩٦٣

لە مەکتەبی سیاسی‌یەوە

بۆ هەموو بنکەکانی پێشمەرگەی (لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان)
سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

وا بەدوای بروسکەی ژمارەی ١١٢ ڕۆژی ١ /١٩٦٣/٢ مان لەسەر بڕیاری سەرکردەی گشتی شۆڕشی کوردستان مامۆستا بەرزانی پێویستە هەموو هێرش‌و پەلاماردانێك بووەستێنن جگە لە دیفاع کردن هەتا ئاگادارکردنێکی تر.

ئیتر بۆ پێشەوە.

لە ١٩٦٣/٢/١٣ دا لێ پرسراوی بەغدامان هەڤاڵ (صالح یوسفی) وە رئیس اول (کریم قەرەنی) ئەم بروسکەیەی خوارەوەمان وەرگرت.

بروسکەکە
العدد / بلا
التاریخ / ١٩٦٣/٢/١٣

من السید (صالح الیوسفی) مسؤول الحزب الدیمقراطي الکردستاني لمنطقة بغداد في کرکوك الی مقر قیادة الانصار الوطنیة العام -مکرر المکتب السیاسی للحزب الدیمقراطي الکردستاني

وصلنا مع السید لقمان ملا مصطفی‌البارزاني مقر قیادة الفرقة الثانیة في کرکوك بالطائرة في طریقنا الی قلعةدزة للاتصال بکم. تعطلنا فی کرکوك بالنظر لرداءة الاحوال الجویة، علمنا بوجود جماعات مسلحة تقترب من القصبات والمدن وان قسما منهم دخلوا الی کویسنجق یرجی منع ایة جماعة تقوم باي عمل استفزازي مهما کان فورا. تحرکنا بسیارة عسکریة الی مقرالحامیة فی السلیمانیة. لغرض الحرکة. نرجوا من طرفکم تامین طرق المواصلات واعلامنا فورا وقیادة الفرقة الثانیة.

رئیس اول (کەریم قەرەنی) (صالح عبدالله الیوسفي)

٧- پێش ئەوەی وەڵامی هەڤاڵ صالح عبدللە یوسفی وە کاك کەریم قەرەنی بدرێتەوە ئەم بروسکەیەی لای خوارەوە لێدرا بۆ هەموو بنکەکانی پێشمەرگە.



ژمارە ١٢٢
ڕۆژ ١٩٦٣/٢/١٣
بروسکەکە

لە مەکتەبی سیاسی‌یەوە
بۆ هەموو بنکەکانی پێشمەرگە

بە ئەمری سەرکردەی گشتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، پێویستە بە ووردی پەیڕەوی ئەم فرمانانەی خوارەوە بکەن.

١ - پەلاماردان‌و تەقە کردن ئەوەستێ لە حاڵەتی دفاع دا نەبێ هەتا ئاگادارکردنێکی تر.
٢- جگە لە پێشمەرگە (لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان) نابێ هیچ دەستە یا کەسێك چەك هەڵبگرێ وەیا بە چەکەوە بسووڕێتەوە بەبێ ئیزنی سەرکردەی پێشمەرگە.

تەواو

دوابەدوای ئەم بروسکەیەی سەرەوە، وەڵامی هەڤاڵ صالح یوسفی وە کاك کریم قەرەنیش بەم بروسکەیەی لای خوارەوە درایەوە.

العدد - بلا
التأریخ - ١٩٦٣/٢/١٣

من المکتب السیاسي
الی سیادة الأخ صالح الیوسفي وسیادة الرئیس الأول (کریم قرني)

١- اکدنا علی الأوامر الصادرة بخصوص ایقاف التحرکات واطلاق النار الا في حالة الدفاع.
٢- اکدنا علی منع حمل السلاح لغیر المنتسبین الی الفصائل الأنصار الوطنیة منعا باتا. لغرض تأمین سفرکم نرجو الاتصال بنا حال وصولکم مقر الحامیة فی السلیمانیة بغیة تبلیغکم بالتعلیمات اللازمة.

تەواو

دوای ئەمە کە گەیشتە سلیمانی ڕێ‌وشوێنیان بۆ دانرا بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بگەنە سەرۆکی پارتیمان.

٧-وە بۆ ئەوەی لە کاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتدا ڕەچاو بکرێ مەکتەبی سیاسی نامەیەکی پێشکەش بە سەرۆکی پارتیمان کرد کە لە خوارەوە هەندێك لە ناوەڕۆکەکەی ئەخرێتە بەرچا.

(هەندێك لە ناوەڕۆكی نامەكە)

بۆ مامۆستای بەڕێز كاك مستەفا بەرزانی
بۆ هەڤاڵانی بەڕێزی مەكتەبی سیاسی بەڕێز كۆمیتەی ناوەندی

سڵاوێكی شۆڕشگێڕانەی گەرم

لەم كاتە ناسكەی مێژووی گەل‌و نیشتمانەكەماندا بە پێویستی ئەزانین ئەم ڕاستیانەتان بخەینە پێش چاو لەبەر تیشكی بڕیارەكانی كۆبوونەوەی شەشەمین كۆمیتەی ناوەندی بە ڕێزەوە بیروباوەڕی پارتیمان.

١- لابردنی عبدالكريم قاسمی خوێن ڕێژ هەلێكی باش هەڵ ئەخات بۆ گێڕانەوەی ئاشتی‌و ئاسایش بۆ كوردستان وە مەسئولیەتی كەڵك وەرگرتن لەم هەلە لە پێش ئێمەدا ئەكەوێتە سەر شانی كار بەدەستانی حكومەتی تازە.

٢- ئەو هەنگاوانەی هەتا ئێستا هاویشتوومانە ئەگەر زیاتر نەبن كەمتر نین لەوانەی كە پێویست بوو بهاوێژرێن بۆ دەرخستنی ئاشتی خوازی‌و نیاز پاكی خۆمان بۆیە ئەبێ لەمەولا حكومەت هەنگاو بهاوێژرێ بۆ نزیك بوونەوە.

٣- لە سەرانسەری كوردستاندا مەعنەویەتی كۆمەڵایەتی خەڵك لە هەموو كاتێكی تر بەرزترە.

٤- عەفووەكانی ئەم دواییەی قاسم ڕیزەكانمانی بەتەواوی پاك كردۆتەوە لە هەموو ئەو كەسانەی مەترسی هەڵهاتن‌و خۆبەدەستەوەدانی بێ قەیدو شەرتیان لێ‌ئەكرا.

٥- پڕوپاگەندەو بیروباوەڕی عەرەبایەتی توندو تیژی حكومەتی تازە هێزی میللەتەكەمانی لە هەموو كاتێكی كە باشتر لە دەوری ئاڵای پارتی‌یە نەبەزەكەمان كۆكردۆتەوە.

٦- هیچ كەس نی‌یە كە وەرگرتنی (حوكمی زاتی) بەشەرتی یەكەم دانەنێ بۆ بڕانەوەی شەڕ. پێویستە لە هیچ زروفێكدا نەیەڵین خوێنی برا شەهیدەكانمان بە فیڕۆ بڕوات‌و كوشتن‌و بڕین‌و ماڵ وێرانی كوردو كوردستان ئەم جارەش بەهیچ دەرچێت. تەجروبەی مێژووی نەتەوەكەمان وەهی گەلانی دونیا پێویست ئەكا لەسەرمان كە یەك جار هوشیارانە وە مەردانەو ڕاست‌و ڕەوان بجولێینەوە بۆ ئەوەی بتوانین كەڵكی تەواو لەم هەلە مێژوویی‌یە وەربگرێت وە باوەڕی ئەو كۆمەڵە خەڵكەمان لە دەست نەچێ كەتا ئێستا ئامادەن لە پێناوی ئامانجەكانی شۆڕشەكەماندا تادوا دڵۆپی خوێنیان بڕێژن.

٧- لێدانی شیوعیەكان لەلایەن حكومەتەوە مەوقفی دەرەوەو ناوەوەی ئێمە بەهێزتر ئەكات ئەگەر چی ئێمە لەو ڕەئیەشدا نین كەهیچ هاوكاریەكی خەباتیان لەگەڵدا بكەین بە پێچەوانەی ئەوە كەڵك لەم هەلە وەرگرتنمان لاپەسەندە بۆ ئەوەی بەیەك جارەكی ڕیسواو ڕووڕەشیان بكەین لەبەر چاوی میللەتەكەمان.

٨- هەروەكو لە قسەی كاربەدەستانی حكومەتی تازە دەرئەكەوێ یەكێتی لەگەڵ میسردا یەكەم ئامانجی سیاسی ئەم شۆڕشەیە كە هەر بەتەنها ئەم دۆستانە بۆ ئێمە زیاد ئەكا هەندێ دوژمنمان لێ كەم ئەكاتەوە كە بێگومان ئەتوانین كەڵكیان زۆر لێ وەربگرین.

٩- بەبێ وەرگرتنی (حوكمی زاتی) ناتوانین كەڵك لە دەستكەوتە شۆڕشەكەمان وەربگرین وە ناتوانین ئەو وەعدەی ئەیدەین بەمیللەت وە ئەو ڕێكەوتنەی كە لەگەڵ حوكمەتیشدا ئەیبەستین بە





چاكی جێبەجێ بكەین وە ناتوانین ئەو چەك‌و لەشكرو دەستگاو دووكانەی ئێستا هەمانە وە بە خوێن‌و فرمێسك بە ئارەقی ناوچەوان بۆمان پێكهاتووە بیپارێزین وە ناتوانین دوا ڕۆژ نەك دوور تەنانەت زۆر نزیكیش بۆ ئەو پێشمەرگە قارەمانانە تامین بكەین كە ژیان‌و مردنی خۆیان‌و خێزانەكانیان تەسلیم شەرەفی پارتیمان كردووە، ئەمە جگە لەو مەترسیەی كە هەڕەشە لە سەرو ماڵی هەندێ لە ئەندامە هەرە ئازاوفیداكارەكانمان ئەكا كەوا لە ڕووی خەباتیانەوە گەلێ دوژمنی شەخسیان بۆ پەیدا بووە.

١- حكومەتی تازە وادیارە لە بەعثی و وەحدەویەكان پێك هاتووە كە ئەمانە هەردوو لایان ڕەئی ئاشكراو مەعلومیان هەیە بەرامبەر بە سەرۆكی پارتیمان بەتایبەتی‌و بەرامبەر پارتی‌یەكەمان بەگشتی وە ڕەئیەكەشیان هیچ كاتێ دۆستانە نەبووە لەگەڵ ئەوەشا كە ئەم چەشنە ڕەئیەی پارتیەكی سیاسی بە پێی زروف ئەگۆڕێ، بەڵام دووربینی وای پێویست ئەكات لەسەرمان كە هوشیارانە وە لەسەرخۆ لێیان بچینە پێشەوە وە هەڵوێستێكی وەكو هینەكەی ساڵی یەكەمی حوكمی قاسممان لێ ڕوو نەداتەوە.

٢- لەگەڵ ئەم هەموو قسانەماندا‌و وائەزانن كە ئێمە لایەنگیری ئاشتی‌و ئاسایش نین بەپێچەوانەوە ئێمەش وەكو هەموو ڕۆڵە دڵسۆزەكانی كوردستان حەز بە ئاشتی‌و ئاسایش ئەكەین بەڵام هەموو ئەزانین لەوساوە كە قاسم ئاشتی لێ شێواندووین وە گەلەكەمان بۆ پاراستنی خۆی وە دەست خستنی مافەكانی چەكی هەڵگرتووە، بە ئاشتی‌و ئاسایشی ڕووت‌و قووت نە ئامانجی پارتیمان بووە وە نەهی گەلەكەشمان، ئاشتی لەگەڵ دەست خستنی (حوكمی زاتی) ئەو پەڕی ئاواتمانە.

٣- لە ١٩٦٣/٤/٢٨ دا سكرتێری پارتیمان بە ئاگاداری‌یەوە لەسەر ڕەئی هەڤاڵانی مەكتەبی سیاسی نامەیەكی بۆ سیادەتی (تاهر يحی) نووسی‌و لەسەر داواكردنی خۆی وە ئەم نامەیەی بەهۆی كاك (كريم قەرەنی) وە بۆ ناردووە، وە وێنەیمان بۆتان نارد بۆ كەڵك لێ وەرگرتن.

كوردستان
١٩٦٣/٤/٢

اخي الكريم

تحية خالصة:

بلغني الأخ حامل رسالتي عن رغبتك في رؤيتي وكأنه عبر عن رغبة مماثلة في قلبي تحول ويا للاسف الظروف القاهرة الى تحقيقها منذ امد ليس بقريب. لا أدري ماذا قيل لكم بصدد مقاومة شعبنا المسلحة واهدافها ، ولااعتقد إنكم تصدقون فينا أقوال من كذبنا اقواله فيكم و أعماله تجاهكم. اننا كما تعلمون من أبناء الشعب الكردي المعتزين بقوميتهم و باحترامهم لجميع الأمم والقوميات ، فالشئ الذي احب ان أخبركم به هو اننا لسنا عشاق قلاقل كما ولسنا اعداء الجمهورية العراقية ، فالخدمات التي قدمها شعبنا لتثبيت كيانها دليل كاف على ذلك لدي كل منصف شريف ، فهذه الحركة قد فرضت علينا فرضاً بعد ان رفض كل مابذلناه من مساعي سليمة لأعادة الطمأنينة والاستقرار الى البلاد عن طريق تلبية مطاليب شعبنا العادلة المقدمة الى الحكومة مراراً وتكراراً و بعد ان تعرض أخواننا الى السجن والأبعاد واشد انواع الأضطهاد. و مشاعرنا للامتهان والأذلال وامجادنا للسب والتحقير ، وبلادنا لأجراءات تعسفية اتسمت بطابع الغدر والتنكيل والأبادة الجماعية ولحرب فاقت بربريتها ووحشيتها كل ما تبنته حكومات العهد المباد ضد شعبنا الآمن حتى راى كل شريف ذي ضمير حي من ابناء شعبنا من العار ان لايتحرك و أن لايناضل في سبيل الدفاع عن قوميته وكرامته وحريته ، ولا يبغى شعبنا من وراء ثورته المسلحة هذه الأنفصال عن الجمهورية العراقية كما يشيع الأعداء بل انه يكافح الظلم والطغيان في سبيل عراق ديمقراطي

مستقل. أتحاد اخوي يضمن لشعبنا الكردي كيانه القومي الخاص وللشعبين المتآخيين العربي والكردي كل ما يؤمن تطوير و تحقيق امانيهما القومية المشروعة باعتبارهما جزئين من امتين مجزئتي الأوصال، نقول اننا لا نرغب في الانفصال لا نقوله خوفا او خداعا بل عن قناعة واخلاص وفي وقت نعرف فيه ان الاتحاد او الانفصال جزء من حق الشعب المعترف به في تقرير مصيره بنفسه له الخيار ان يستعمله عندما يشاء ونعرف ايضا ان الأتحاد والوحدة التي لا تؤمن لجميع اطرافها الحد المعقول مما تصبو اليه من مصالح ومن اهداف و اماني مصيرها الأنحلال و الأنهيار عاجلا او اجلا.

أما قد تمادى الطاغية اللئيم في ظلمه ويريدها حرب ابادة، فما حيلة شعبنا المدافع عن حقه في الحياة الحرة الكريمة الا سبيل التحدي ويرد للمعتدي الأثيم الصاع صاعين وعلى هذا فإن المجاهدين في صفوف فصائل الأنصار الوطنية في كردستان قد عاهدوا الله والشعب المضي في مقاومتهم المسلحة حتى النصر النهائي وان لا يلقوا بأسلحتهم الى ان يدكوا صرح الدكتاتورية ويقيموا مقامه نظاما ديموقرطيا يؤمن للشعب العراقي بأسره الحرية والسلم والرفاه، و بصدد الدخول في مفاوضات لاعادة الأستقرار والسلام للشعب الكردي في ربوع كوردستان هي ان تبدا بخطوات إيجابية من جانب اخواننا العرب، وخشية الوقوع في مشاكل جديدة يصعب تحقيق شروط السلم والأستقرار، فأن شعبنا الكوردي يرى من الضروري لقيام كل تفاهم صحيح و تفاوض مفيد الأعتراف سلفا (بالحكم الذاتي) لأقليم كوردستان و ان تقوم الحكومة الوطنية بأعلان ذلك في بياناتها الى الشعب العراقي وأن تسند منصب الحاكم العام او رئيس وزراء الاقليم الى سيادة مصطفى البرزاني وتخوله حتى تأليف حكومة كردستان الذاتية.

ان هذه الشروط فضلا عن كونه ضمانا ضد كل محاولات للتراجع فهو تنفيذ حقيقي للمادة الثالثة من الدستور العراقي (.) أتحاد عراقي متين يؤمن للبلاد المتعة و السيادة و الحرية والأستقلال التام و للشعب الديمقراطية و الحرية والعيش الرغيد.

من لا قيتهم من أخوان يعتبرون الموافقة التحريرية على هذه النقطة شرطا أساسيا للدخول في المفاوضات حول جميع التفاصيل بشأن الأمور الأخرى التي هم على استعداد تام لبحثها مع الجهات المختصة اينما كان ولو انهم يفضلون كردستان لسهولة تنقلهم ، وختاما ارجو قبول فائق احتراماتي.

المخلص
**أبراهيم أحمد**

١٤ - داوای جێبەجێکردنی ئەو شەرتانە ئەکەین کە لەنامەکەی لای سەرەوەدا سکرتێری پارتیمان داوای کردووە هەروەها تەئیدی هەموو دێڕێکی ئەو بروسکەیە ئەکەین کە لە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٠ دا لێدراوە بۆ کاربەدەستانی حکومەتی تازە. ئیتر ئامادەین بۆ هەموو فرمانێک.

مەکتەبی سیاسی ١٩٦٣/٢/١٢

هەڤاڵانی بەرێز، ئەمەیە بە کورتی هەڵوێستو بیروڕاو هەنگاوەکانی پارتیمان هەتا ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٣ هیوامان هەیە لەمەو دواش پەیتا پەیتا لە هەموو ڕووداو بەسەرهاتێک ئاگادارتان بکەین.

ئیتر بۆ پێشەوە لەژێر ئاڵای شەکاوەی پارتی‌یە نەبەزەکەمانا.
یا کوردستان ، یانەمان.

(تێبینی: تەنها بۆ ڕیزەکانی پارتیمانە)

مەکتەبی سیاسی
١٩٦٣/٢/١٥

سەرچاوە:شازین هێرش: بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٣، بەرگی یەکەم،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.





## دەکۆمێنتی ژمارە (١٩)

نـداء الملا مصطفى الى اخواننا الاكراد .

بسم اللـه الرحمن الرحيم . .

ان اصدق الكلام كلام رب العالمين فقد جاء في محكم كتابه المبين ( يا ايها الذين امنوا اذكروا نعمة اللـه عليكم اذ كنتم اعداء فالف بين قلوبكم فاصبحتم بنعمته اخوانا ) صدق اللـه العظيم .

وبعد تلبيه لدعوه السيد رئيس الجمهوريه المشير الركن عبد السلام عارف للمحافظه على وحده الصف الوطني وحقن الدماء البريئه وانهاء اقتتال الاخوه . ولثبوت حسن النيه عند السلطه الحاكمه قررنا المبادره الى ايقاف اطلاق النار والطلب الى اخواننا العوده الى محلات سكناهم والانصراف الى اعمالهم الحره الكريمه وبهذا ينفسح المجال للسلطه الوطنيه الى اتخاذ الخطوات الكفيله باعاده الحياه الطبيعيه والامن والاستقرار الى المنطقه وتتهيأ الفرصه لاقرار الحقوق القوميه للمواطنين الاكراد ضمن الشعب العراقي في وحده وطنيه واحده وارساء الاخوه العربيه الكرديه على امتن القواعد بما يصونها من الوهن ويحصنها من دسائس المستعمرين والمتصيدين والطامعين وليعلم الجميع ان سياده القانون وتامين الامن والنظام في المنطقه كفيل لحل كل معضله مهما كانت مستعصيه فاليسدد اللـه خطى المخلصين ويكلل جهودهم بالنجاح فيما يرومون للشعب والوطن من وحده وسؤدد وازدهار واللـه من وراء القصد . .

١٩٦٤/٢/١٠

سەرچاوە:پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق: شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٩٧٠/٣/١٧،(موحازەرەیەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) .

## دەکۆمێنتی ژمارە (٢٠)

نص البيـــــان :-　　　　١٦٦٤/٢/١٠

بســم اللــه الرحمـــن الرحيــم

بناء على مقتضيات المصلحه العامه ولاستجابه اخواننا الاكراد لما جاء في نداء مصطفى البارزاني ورغبـــه منا في اعاده الحياه الطبيعيه الى الجزء الشمالي من وطننا الحبيب ووضع حد لمحاولات الاستعمار و اذنابه وقطع دابر المستغلين والمتصيدين وحقنا للدماء البريئه وبناء على ما تمليه علينا مصلحه الوطـــن العليا قررنا بما يلـــــــــــي :-

١ ــ اقرار الحقوق القوميه لاخواننا الاكراد ضمن الشعب العراقي في وحده وطنيه واحده وتثبيت ذلك في الدستور المؤقت .

٢ــ اطلاق سراح الموقوفين والمحتجزين والمحكومين بسبب حوادث الشمال واصدار العفو العـــام ورفع الحجز عن الاموال المنقوله وغير المنقوله من الاشخاص الذين سبق وان حجزت اموالهم .

٣ ــ اعاده الادارة المحليه الى المناطـــق الشماليـــــه .

٤ ــ اعاده الموظفين والمستخدميـــــــــــــــن .

٥ ــ رفع القيود المفروضه على تسويق المواد المعاشيه على اختلافهـــا .

٦ ــ الشروع باعاده تعمير المناطق الشماليه فورا وتشكيل اللجان المختلفه لتذليل الصعوبـــات التي تعترض تنفيذ ذلك دون التقيد بالاعمال الروتينيه الاسلوبيه مع ملاحظه تعويض المتضرريـــــن .

٧ ــ تعويض اصحاب الاراضي التي غمرت اراضيهم من جراء ســدي دوكان ودربنديخان تعويضـــا عادلا .

٨ ــ تتخذ التدابير بما يضمن الامن والاستقرار في المناطقه الشماليه واننا نهيب باخواننا الاكراد العوده الى الحياه الطـــــبيعيه لينعموا ببركات هذا البلد وتوحيد الصف الوطني تجاه مؤامرات الاستعمار واذنابه وليعلم اخواننا الاكراد باننا سنعمل بما يضمن حقوقهم المشروعه شأن بقيـــــــه المواطنين في الجمهوريه العراقيه واللـــــه من وراء القصـــــــد .

مصطفى البارزانـــي　　　عبد الرزاق محمود　　　عبد السلام عارف

**سەرچـــاوە:پـارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق: شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، ١٧/٣/١٩٧٠،(موحازەرەیـەکی د.محمود عوسمانە کە لە پەیمانگەی کادیرانی پدك دا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە) .**





## دەکۆمێنتی ژمارە (٢١)

**نامەی عەبدورەزاق نایف بۆ بارزانی لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٦٨**

بەغدا

٢٠ی تەمووزی ١٩٦٨

برام مەلا مستەفا بارزانیی بەڕێز

سلاوم هەیە و هیوای تەندروستی و بەختیاریتان بۆ دەخوازم.

کورتەیەکم بەسالح یوسفی براماندا ڕاگەیاندووە لەبارەی ئەو ڕێگە تازانەی پێڕەویان دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ ئەو کێشەیەی ئەوە چەند ساڵێکە هەر بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

بۆیە دڵسۆزانە هیوام وایە گوێ لە دید و بۆچوون بگرن و هاوکاریمان بکەن لە پێناوی وەدیهێنانی یەکەتیی نیشتمانی و ئەوەی کە خێر و خۆشگوزەرانیی بۆ گەلی عێراق تێدایە بەعارەب و کوردەوە.

لەگەڵ جوانترین سوپاس و ڕێز و سلاوم بۆ ئێوە و هەموو برایان، بەتایبەتیش کاک ئیدریس و مسعود و سوپاستان دەکەم.

دڵسۆزتان

عەبدورەزاق نایف

بغداد

٢٠ تموز ١٩٦٨

الأخ السيد الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحياتي وارجو لكم الصحة والسعادة .

حملت الأخ صالح اليوسفي موجزاً لما سننتهجه من الوسائل اللازمة لايجاد حل سلمي للقضية التي بقيت معلقة ولاتزال سنين عديدة .

نرجو مخلصاً الاستماع الى وجهة النظر والتعاون معنا من أجل تحقيق الوحدة الوطنية ولما فيه الخير والرفاه الى الشعب العراقي عرباً واكراداً .

مع فائق شكري وتقديري وتحياتي لكم والى الأخوان جميعاً وخاصة السيد ادريس ومسعود وشكراً

المخلص

عبدالرزاق النايف

٢٢٦

**سەرچاوە:مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب ٣، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.**

# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٢)

## نامەی بەکر بۆ بارزانی

که شاندێکی حکومەتی لە ١٩٦٩/١٢/٣١ هێنابووی

برای بەڕێز مەلا مستەفای بارزان

سلاوێکی برایانە. پاش ئەمە، هیوام وایە تۆ و برایانی تر لە تەندروستی و ڕەحەتیی تەواودا بن لەم بارودۆخە گرانەدا کە نەتەوەی عارەب و گەلانی تێکۆشەری ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی تێدا دەژین، کە زایۆنیی ستەمکار دەستدرێژی دەکات و ئیمپریالیزمی بێزراوی نێودەوڵەتی سەرەمر مافی ڕەنجکێشانی گەلەکانمان پێشێل دەکات. دەڵێم: لەم بارودۆخەدا دڵی ملیۆنان لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان و گەلانی تێکۆشەری سەرزەوی داویەتە شەقەی باڵ و چاویان بەهیوایەکی گەورەوە بڕیوەتە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوانماندایە و، هیوای ئەوەیان بۆ هەیە کە ببێ بەمایەی کۆتایی هاتنی هەموو ئەو ناخۆشییانەی ئەم گەلە تێکۆشەرە مەزنە تووشی بووە. ئێوە، ئەی برا، وەک جەنگاوەرێک کە تالیی شەڕی چەشتووە، بێگومان لە تەنگژەی متمانەدا دەژین تا بەتەواوی لە ڕووی هەر گفتوگۆیەکی لەم جۆرەدا بکرێتەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە، لەبەر هەمان هۆ لە هەمان تەنگژەدا دەژین، ئەم تەنگژەیەی کە ماوەیەکی دوورودرێژە بارودۆخی شەڕی خەلکان هاری ناوخۆیی و شێوەکاری کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم دروستی کردووە و گەشەی پێ داوە، بەلام قسە لەبارەی تەنگژەی متمانەوە پێویستە لە چوارچێوەی گەران بەدوای باشترین شێوەی خۆ لێ لادانیدا بخولێتەوە، نەک دەست پێوەگرتنی بۆ ڕووخاندنی هەر پردێک کە بەنیازی چارەسەری ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی پرسی کورد دروست دەکرێ، تا عارەب و کورد، وەک دوو میللەتی دۆست و برا، لە چوارچێوەی یەک نیشتمان لەژێر سایەیدا بژین و پێکەوە تێ بکۆشن بۆ ماف و ئاواتە دوورەکانیان، بەشان و شکۆ و بەگەشانەوەوە.

لە کۆتاییدا ئاواتەخوازی سەرگرتنی ڕەنج و تەقەلای ئاشتیخوازانەتانم. خوا هەموومان سەربخات بۆ ئەو شتانەی کە چاکەی گەلی عێراقیان بەعارەب و کورد و، چاکەی گەلانی تری تێکۆشەر و چەوساوەشیان تێدایە.

براتان
ئەحمەد حەسەن بەکر
سەرکۆماری عێراق

الأخ الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحية أخوية، وبعد،

أرجو أن تكونوا وبقية الإخوان في صحة وراحة تامتين في هذا الظرف العصيب الذي تعيشه الأمة العربية والشعوب المناضلة في بلدان الشرق الأوسط، حيث العدوان الصهيوني الفاشستي والانتهاكات المستمرة لحقوق كافة شعوبنا من جانب الامبريالية الدولية البغيضة، أقول في هذا الظرف تهفو به قلوب الملايين من شعبنا العراقي ومن شعوب الأرض المناضلة وتتطلع أنظارهم محملة بأمل كبير عن نتائج المباحثات الدائرة بيننا متمنية لها أن تكون النهاية لكل الفواجع التي مني بها هذا الشعب المناضل العظيم.

أنكم أيها الأخ ولا شك تعيشون أزمة ثقة في الانفتاح كثيراً أمام أية محادثات من هذا النوع كان مقابل ذاقه مرارة القتال، ونحن من جانبنا نعيش نفس الأزمة وللأسباب ذاتها ... هذه الأزمة التي خلفتها ونمتها ظروف الحرب الأهلية الطاحنة منذ فترة طويلة وأساليب الرجعية والاستعمار، ولكن الحديث عن أزمة الثقة يجب أن يبقى في إطار البحث عن إيجاد أفضل السبل لتجاوزها لا التوسل بها لنسف كل جسر يفيد باتجاه الحلول السلمية الديمقراطية للقضية الكردية، لكي يعيش العرب والأكراد كقوميتين متحابتين متآخيتين يؤطرهما وطن واحد ويستظلان بظله ويبنيان سوية من أجل حقوقهما وطموحهما البعيدين في عز وازدهار.

وفي الختام أرجو لجهودكم السلمية السداد، ووفقنا الله جميعاً لما فيه خير الشعب العراقي بعربه وأكراده وبقية الشعوب المناضلة المظفرة.

أخوكم /
أحمد حسن البكر
رئيس الجمهورية العراقية

سەرچاوە: مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.





# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٣)

## نامەی جەلال تاڵەبانی

بەغدا
١٩٧٢/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز
سلاوێکی گەرم
شادی و سەرکەوتنتان بەئاوات ئەخوازم

ماوەیێک لەمەوبەر نامەیێکم نوسی بۆتان بەهۆی کاک حەبیبەوە، بەلام چونکە خۆی هاتبوو بۆ بەغدا نامەکەم بۆ گەڕایەوە. وا ئەم جارە بەکوردی بۆتان ئەنووسمەوە. کە گەیشتمە بەغدا بەگەرمی لەلایەن حکومەت و شیوعی و ڕووسەوە پێشوازی کرام نوێنەرانی هەر سێ لایان هاتنە لام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیابوو بەلام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانم بۆ ئەوەی یەکیەتییەکمان تێک دەینەوە و حزبێکی تەقەدومی کوردی دروست بکەین. بۆ دروستکردنی (مغریات) و (مشجعات) و (وعودی) زۆر هەبوو. هەر لە تەئیید و پشتیوانییەوە تا سەر حوکمی زاتی.

من شیوعی و ڕوسەکانم هان دا بۆ ئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن و وەفدێک بنێرن بۆ لای کە دەسەلاتی تەواوی هەبێت وە (ضمانات) بدا بەبارزانی کە معاهەدەی ڕووس و عێراق زدی کورد نییە وە حوکمی زاتی بدرێت بەکورد بەکەرکوکەوە وە یارمەتی مالی بارزانی بدەن. لەسەر داوای عامر عەبدوللا بەو مەعنایە نامەیێکم بۆ کاک عەزیز محەمەد بەکوردی نووسی کە لە مۆسکۆیە. پاشان بیستمەوە کە کراوە بەعەرەبی و بەبرووسکە سەفارەت ناردوویەتی بۆ موسکۆ بۆ ڕووس زۆرم قسەکرد وە هەوڵم دا تێیان بگەیێنم کە بارزانی دۆستیانە و دۆستایەتیان لەگەڵی (لەگەڵ کورد) مایەی قووەتە بۆیان لە عێراقدا وە ئەمەش سەبەبی هەقیقیی نێزیکی حوکمی بەغدایە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەرەدەن.

(١) حکومەت و ڕووس و شیوعی نیازیان دروستکردنی (تەجەموعێکە) دژی بارزانی بەناوی (حزب) یان (کۆمەڵ) یان هەر شتێکی تروە بێت.

(٢) دکتۆر مراد هاتە لام داوای لێ کردم کە حزبێک دروست بکەم و ڕووس و شیوعی یارمەتیم بدەن. حکومەتیش حوکمی زاتیمان بداتێ بەکەرکوکەوە. چونکە حازرنین کەرکوک بدەنە بارزانی. وە گوتی ڕووس و حکومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن وە زۆر کەس هەیە ئامادەن لەگەڵت بن لەناو پارتی و لە دەرەوەی پارتی.

(٣) جەماعەتێک هەن لە کوردی مستەقیل وەک هەمزە عەبدوللا، نەژاد، خەسرەو، سالح حەیدەری، کە

خۆیان بەتەقەدومی ئەزانن و عەلاقەیان بەکاک دارا تۆفیقەوە هەیە، زۆرجار هاتنەلام و چوومە لایان.
داوای حزبێکی کوردی یان تەجەموعێکی کوردی تەقەدومی ئەکەن کە داخلی جەبهە بێت. من بۆم شەرح کردن کە ئەمە فاشیلە چونکە تەجروبەی ئێمە هەیە. لە وەرامدا گوتیان بە ٣ شەرت ناجیح ئەبێت کە بریتین لە:

أ- پشتیوانی ڕووس بۆی - گوتیان ئەبێت.

ب- پشتیوانیی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشوو گوتیان ئەمەش پێویستە بێتەدی.

جـ- حکوومەت حوکمی زاتی بدات پێی- گوتیان ئەبێت.

لام وایە ئەم فکرەیە لە داهاتوودا تەحقیق ئەکرێت بەیارمەتیی شیوعی و ڕوس و بەعث.

(٤) سەدام ناردی بەشوێن من و فوئاد عارف. لە دیتنەکەدا باسی کرد کە ئەوان حازرن بۆ هەموو شتێک کە ئێمە داوای بکەین. کاک فوئاد باسی (أشراری) دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەبێ وفود بنێرینە سەر بارزانی بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرێت. من لە ئەوتەوە دەستم پێ کرد. پاش پیرۆزبایی هەنگاوی تەئمیم گوتم سەرکەوتنی بەندە بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کوردەوە، ئەویش بێ بارزانی نابێت.

پێشنیهادم کرد کە خۆی بچێت بۆ لای. گوتی من ئامادەم نامە بنووسم و بارزانی ڕەئی لەسەرم خراپ بووە. گوتی لە هەموو شتێکی من بەشوبهەیە. تەنانەت کە دەمانچەمان پێک گۆڕییەوە هەر تووڕە بووبوو.

من پێشنیهادم کرد کە وەفدێک دەسەڵاتدار بێت بەسەرۆکایەتیی عەبدولخالیق بچیت بۆ لای بارزانی بەو شەرتەی بتوانی هەموو شتێک ببڕێتەوە. ئەم وەفدە دەسەڵاتی حوکمی زاتی و هەموو شتێکی هەبێت. پێش چوونی گیراوەکانی پارتی بەردرێن و محێ و سەرۆک جاشەکان لە عەقرە سەحب کرێنەوە. عوبێد بچێت بۆ خارجی عێراق. تەعریبی کەرکووک ڕابگیرێت. لە وەرامدا سەدام گوتی ئێمە با هەرسێکمان دانیشینەوە، بە (ئەکثەرییەت) چی قەرار درا بیکەین، منیش لە (اکثریەت) ترسام. وتی با چاکتر بیری لێ بکەینەوە و بۆی دانیشینەوە.

(٥) حکوومەت لای وایە کە جەناحێکی تەقەدومی هەیە لە پارتیدا بریتین لە نوری شاوەیس، سالح یوسفی، دارا تۆفیق، عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، مەلا ئیسماعیل، ئەمانە ئامادەن لە کاتی پێویستا دژی جەناحی یەمینیی پارتی بووەستن.

ڕووسیش هەر لەو باوەڕەیە، هەوڵیان دا من لەگەڵ ئەم جەناحە یەکخەن وە بۆ مستەقبەل پێکەوە بین.

(٦) حکوومەت هەر خەریکی خەڵک کڕین و تاخم دروستکردنە. زۆر پارە سەرف ئەکەن. بەحسابی خۆیان زۆریان کڕیوە. وە زۆر کەسیان هەیە. بەلای منەوە نیوەی درۆیە. بەڵام لەناو پارتیدا خەڵکیان هەیە.



(٧) میسرییەکانم دی، ئەڵێن ئێمە زۆر حەز بەدۆستایەتیی بزووتنەوەی کورد ئەکەین. حەز ئەکەین لەگەڵ بارزانی دۆست بین. ئەڵێن پێمان خۆشە کورد بەهێزبێت هەرچەندە حەز بەهەڵگیرسانەوەی شەڕ ناکەین. ئەڵێن ئیمڕۆ شەڕکردنەوە بۆ کورد باش نییە چونکە دوای تەئمیم بۆ سومعەتان زۆر خراپە لەناو عەرەبدا. ئەڵێن ئێمە ئەمان گوتووە ئێوە لەگەڵ بەعس دۆست بن و پشتیوانیی بکەن. هەروەها ئەڵێن ئاگادارین کە (تەجەمموعی وەتەنی) ئێمەی تیا نین.

(٨) چینییەکان ئەختێ موهتەمن بەوەزعی کورد. ئەیانەوێ بزانن مەوقفمان چییە لە معاهەدەی ڕووس و بەعس؟ لە زاڵبوونی نفووزی ڕووس بەسەر عێراقدا. من گوتم ئێمە زدی ئەوەین. گوتیان ئەمە ڕەئی خۆتە. ئێمە ڕەئی بارزانیمان لا موهیمە.

هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە زدی ڕووس؟ وە زدی ئەمەریکا؟ بێت. چێن حەز بەحەلی دیموکراتی مەسەلەکە ئەکەن.

(٩) سەربەست بامەرنی پیاوی میرییە. ئەوان ناردوویانە بۆ ناو جیهازی پاراستنی پارتی. شەبەکەیەکی جاسووسیی لە دەوری ئەسعەد خۆشەوی بۆ میری دروست کردووە. بەعسییەک گوتویەتی زۆر مەعلووماتمان بۆ ئەهێنێت. بڕیارە سەری مانگ بینێرنە گەلاڵە و بامەرنی.

(١٠) بەڕەئی من زۆر پێویستە (١) یەکیەتی بەهێزکەین (٢) زۆر وریابین زۆر ئاگادار بین. (٣) ڕیزەکانمان بژارکەین. (٤) پێوەندی بەمیسر و چینەوە بکەین. (٥) لەگەڵ ڕووس ئەیپسێنین و پێشیان هەڵنەخەڵەتێین. (٦) لەگەڵ هەموو حزب و جەماعەتەکانی بەغدا و عەرەب پێوەندی بەهێزکەین. (٧) لەناو پێشمەرگەدا جاسووسی بێگانە نەهێڵین. (٨) برادەرە گومان لێ کراو و «تەقەددومییەکان» بەرینەوە گەلاڵە.

ئیتر هەر سەرکەوتوو بن

براتان

جەلال تاڵەبانی

**سەرچاوە:** مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.

بەغدا
٢٢/٦/١٩٧٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادمان و سەربەرزتان بە ئاواتت ئەخوازم.

ماوەیێک لەمەوبەر نامەیێکم نووسی بۆتان بە هۆی کاک حبیبەوە، بەڵام چونکە خۆی هاتەوە بۆ بەغدا نامەکەم بۆ گەڕایەوە. وا ئەمجارە بە کوردی بۆتان ئەنووسمەوە. کە گەیشتمە بەغدا بە گەرمی لەلایەن حکومەت و شیوعی و رووسەوە پێشوازییان کرام، نوێنەرانی هەر سێلایان هاتنە لام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیاواز بوو بەڵام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانم بۆ ئەوەی یەکسەری یەکەمان تێکبدەینەوە و حزبێکی تقدمی کوردی دروست بکەین، بۆ دروستکردنی (مغریات) و (تشجیعات) و (وعود) زۆر هەبوو، هەروەها ئاسەواری هۆکاری ئاخیری.

هەر لە تأییدو پشتیوانییەوە تا سەر هۆکاری ئاتی. من شیوعی و رووسەکانم هاندا بۆ ئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن و دەفتەریک بنێرن بۆلای، کە دڵسۆزی ئەوانی لێ ببێت وە (ضمانات) بیدا بە بارزانی کە معاهدەی رووس و عێراق دژی کورد نییە وە هۆکاری بارزانی ببێت بە کورد بەرگر دەکەنەوە. وە یارمەتی داعی بارزانی بدەن. لەسەر داوای عبدالمجید خان ئەمەو معنایە نامەیێکم بۆ کاک عزیز نووسی بە کوردی لەسەر سکوتە. پاشان بیستمەوە کە گوایە بەعسییەکان و رووسەکان سەرخاپەت نارەزایی بۆ کۆکرد وە هەولێدراتی پیان بگەیێنم کە بارزانی بۆ رووس ئەوەندە تەکرد وە دۆستایەتیان لەگەڵ (لەگەڵ کورد) مایەی قووەتە. هۆکاری یەویایان لە عێراقدا، وە ئەوەش سەبەبی حەقیقی نزیکی بەغدایە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەرەنگارییان بکات.





حکومەت و رووس و شیوعی نیازیان دروستکردنی (تجمعێکە) دژی بارزانی بە ناوی (حزب) یان (کۆمەڵ) یان هەر شتێکی ترەوە ببێت.

(٢) دکتۆر سڕاد هاتە لام داوای لێکردم کە حزبێک دروست بکەم و رووس و شیوعی یارمەتیم بدەن. حکومەتیش هۆکارەکانیان بەرامبەر بە کورد کردەوە. چونکە حاتەم نین کە کەرکووک بدەنە بارزانی. وە گوایە رووس و حکومەت و شیوعی یارمەتییت ئەدەن جا زۆرکەس هەیە ئامادەن لەگەڵت بن لە ناو پارتی و لە دەرەوەی پارتی.

(٣) جەماعەتێک هەن لە کوردی مستقل وەک حەمەعبدوللا و ئەبوبکر و مصطفی صالح کەریم، کە خۆیان بە تقدمی ئەزانن وە لایەنیان بەکار دێنن. هەیە زۆر جار هاتنە لام و چاوم کەوتیان، داوای حزبێکی کوردی یان تجمعێکی کوردی تقدمی ئەکەن کە داخلی جبهە ببێت. من بڕوام وایە کە ئەم نەخشەیە چونکە ئەم جرووبەی ئێمە هەیە. لە دەرەوەدا گوتیان بە (٣) شەرت نابیج ئەبیت کە بریتین لە:

١ - پشتیوانی رووس بێت - گوتیان ئەبێ.

٢ - پشتیوانی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو - گوتیان ئەوەش پێویستە بیهێنی.

٣ - حکومەت هۆکاری ئاتی بداتێ - گوتیان ئەبێت.

پێم وایە ئەم فیکرەیە لە داهاتوودا تحقیق ئەکرێت بە یارمەتی شیوعی و رووس و بەعس.

(٤) صدام ناردی بە شوێن منا خوداداد عارفا. لە دیتنەکەدا باسیان کرد کە ئەوان حازرن بۆ هەموو شتێک کە ئێمە داوای بکەین، کاک خوداداد باسی (ئاشتی) دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەوان و خۆیان پێیان وایە بارزانی بۆ ئەوەی رێگەی راست بگرێت. من لەمەوبەر وتم ئەگەر دەستم بدەیت پاش بیروباوی هەنگاوی تا ئێستە ئەکرێت، بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردەوە، ئەوە لە بارزانی ناسبێت.

٥

پێشنیارم دەکرد کە خوی عجیب بولاس. گوتی من ئامادەم نامە بنوسم و
بارزانی ڕەتی کەیلە سەرم خراپ بووە. گوتی لە هەمو شتێکی من بەشۆرەیە.
تەنانەت کە دەمانچەکانی پێیەگوتبووە (ئەو تووڕە بو بو).
من پێشنیارم دەکرد کە دەتوانێت دەسەلاتدار بێت بەسەروکایەتی
عبدالخالق. عجیب بولاس بارزانی بەوشەیەکی بتوانی هەمو شتێکی
بدرکێنێتەوە. ئەم وەزە دەسەلاتی حوکمڕانی و هەمو شتێکی هەبێت.
پێشی هێوری گیراوەکانی پارتی بەر دەدرێن و محی و سەرۆک جاسەرکانی
لەمەوترە سەرجەم کرایەوە. عبید عجیب بو خارجی عراق. تقریبی
کە پرکودن دابگرێت. لەوەدا صدام گوتی ئێمە باهەرستکانی
دانیشینەوە، بە (اکثریت) چی قرار درا بیکەین و متقین
لە (اکثریت) ئەترسام. دوتی باچاکتر بیری لی بکەینەوە و دەمو بوی
دانیشینەوە.

(٥) حکومەتلانی وایە کە جناحێکی تقدمی هەیە لە پارتی دا بەرپرسیان لە
نوری شاویس، صالح یوسفی، دارا توفیق، عزیز محمد قراوی، حاکم
عبدالقادری، ملا حسن عیل، ئەمانە ئامادەن لەگەڵ پەیوەستا
دژی جناحی یمینی پارتی بوەستن.
ڕوسیش هەرلەو باوەڕەیە. هەولیان دا کە من لەگەڵ ئەم
جناحە یەکخەن دەبو ستێکی پیکەوە بێت.

(٦) حکومەت هەر هەوڵی شەلل کردن و تاکتیم دوست کردنە. زۆر
پارە سەرف دەکەن. بە حسابی خۆیان ئوریان کردوە.
وەزارەتە سیاسەت لەڵەیە. بەلای منەوە سنووری
دەزرەیە. بەلام لەناو پارتی دا نەکیان ئەبێ.





٤

(٧) میبیەکانم دی. ئەلێن ئێمە هەرچەندە بە دوستایەتی بزوتنەوەی کورد ئەزانین.
هەرچەندە گەرمین لەگەڵ بارزانی دوستانین. ئەلێن ئێمە پەیمانی خۆمان لە کورد
بەهێز بێت هەرچەندە هەر بە ئینگلیسانە حەزی شەڕ ناکەین. ئەلێن
ئێوە شەڕە کردنەوە بو کورد باشنیە چونکە دوای ئاشتی بوسوتفتان
زور خراپە لەناو عەرەبیدا. ئەلێن ئێمە نەمان گوتوەوە شێوە
لەگەڵ بعث دوست بن و پشتیوانی بکەن. نەکردووەها
ئەلێن ئاگادارن کە (تجمع وطنی) ئێمەی تیانیە.

(٨) چینیەکان ئەلێن هەرچەندە بە وەزعی کورد. ئەیانەوێ
بزانن موقفمان چیە لە معاهدەی ڕوسیا و بعث؟ لە زال
بوونی نفوزی ڕوس بەسەر عراقدا. من گوتم ئێمە دژین ئەبین.
گوتیان ئەمە ڕوی خوتە. ئێمە هەوێ بارزانیمان لا موهیمە.
هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە دژی ڕوس؟
وە چەندی ئەمریکا؟ سیت. چین حزب حلی دیموکراتی هەبەلکە ئەکەن.
سەربەست باوەری پیاوی هێزیە. ئەوان نارەزایانە بو تامە جیاوازی

(٩) پارێستنی پارتی. شتە بەکەیەکی جاسوسی لە دەوری ئەسعد خۆشناو یا
بو میری دروست کردوە. بە عشیرەت گوتویەتی زۆر مەلومات کاتە
بوئەهینێت. بەیانی [illegible] سەری مانگە بنیرنە گەلالە و باخرجی.

(١٠) بەرەی من زۆر پێویستە (١) یەکێتی بەهێزکەین. (٢) زۆر وریابین
زۆر ئاگاداربین (٣) ریزەکانمان بژارکەین. (٤) بەپەیوەندی بەهێز
چینەوە بکەین. (٥) لەگەڵ ڕوس نزیکبوینەوە و پەیوەست بین
هەولەکانمان لەبەر بێنین. (٦) لەگەڵ هەمو حزب و جەماعەتەکان بەغدا
دەبێ پەیوەندی بەهێزکەین. (٧) لەناو هەڵبژاردن دا
جاسوسی بێگانە نەهێلین. (٨) بڕادەرە گومان لێکراو
وتبەیەکان ... بەهەوڵەوە کە لەلە. براتان
شێخ هەر سەرکەوتوو بن

# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٤)

## نامەی بارزانی بۆ ئەلێکسی کۆسیگن

سەرۆک وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت
هاوڕێی ئازیز ئەلێکسی کۆسیگن - ی بەڕێز
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت
سلاوێکی گەرم.

مایەی دڵخۆشییە کە هەلی سەردانە پڕ بەخششەکەتان بۆ عێراقی ولاتمان بقۆزمەوە بۆ ئەوەی جوانترین بەخێرهاتنتان بکەم و هیوای مانەوەیەکی خۆش و شادتان لە ولاتەکەماندا بۆ دەخوازم، بەو هیوایەی کە سەردانەکەتان بەشدارییەکی کارای لە پەرەپێدانی پێوەندیی ئەو هاوکاری و دۆستایەتییەی لە نێوان حکوومەتە بەڕێزەکەتان و حکوومەتی کۆماری عێراقدا و لە نێوان گەلانی مەزنی یەکەتیی سۆڤیەت و لە نێوان گەلی عێراقماندا هەیە بەعارەب و کورد و کەمایەتییە براکانی و زۆر ئاواتەخواز بووم، کە شەرەفی پێشوازیتانم لە بەغدا پێ ببڕایە، بەلام بارودۆخی سیاسیی نالەبار ڕێی لە نێوان من و وەدیهێنانی ئەو ئاواتەدا گرت.

هاوڕێی ئازیز... بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم کە بۆنەی سەردانتان بۆ عێراق بەهەل بزانم تا لە هەندێ لایەنی جیاجیای ئەو پێوەندییە ئاگادارتان بکەمەوە کە لە نێوان حزبی ئێمە و نێوان گەلی کوردمان لەلایەک و لە نێوان حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب و حکوومەتی عێراقدا لەلایەکی ترەوە هەیە، چونکە من بڕوای تەواوم هەیە کە ئەم بابەتە یەکێک دەبێت لەو خالانەی لە ماوەی ئەو گفتوگۆیە لە نێوان شاندی عێراق و سۆڤیەتدا لە بەغدا باس دەکرێت، لەبەر ئەو بایەخە تایبەتییەی ئەم مەسەلە زیندووە لەم بارودۆخەدا هەیەتی، لەکاتێکدا کە هەوڵ و تەقەلای هەندێ ناوەندی بەرفراوانی هێزی جیاجیا لە ناوەوە و دەرەوەدا بۆ بەرەو تەنگژە بردنی بارودۆخەکە لە عێراق و کارکردن لەو ڕێگەیەوە بۆ ڕووخاندنی ئەو دەسەلاتەی ئێستە لە بەغدا هەیە، تاو دەسێنێ و گومانیش لەوەدا نییە کە ئێوە ئاگادارییەکی تەواوتان هەیە لە بارەی قەبارە و هێزی ئەو ناوەندانە، کە بێگومان زۆریشن و، من چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە جێ دەهێلم بۆ ژیریی ئێوە و دووربینیی سیاسەتی ڕابەرییانەی سۆڤییەت و سۆزی هەمیشەیی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ستەمدیدە، کە گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانە و پەرۆشی بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی لە عێراق و دەستەبەریی یارمەتیدان و پێشکەوتنی و پەرەپێدانی پێوەندییە چاکەکانی لەگەڵ یەکەتی سۆڤیەتدا و چاوەڕوانی ئەوەین کە ئێمەش شەرەفی بەشداری بوونمان هەبێ، ئەوەندەی کە بارودۆخ و تواناکمان ڕێگەمان پێ دەدەن کە بەو ڕووکار و



ئاراستەیەی لەگەڵ خواست و ئارەزووی گەلی کوردماندا دەگونجێ کە گەورەترین ڕێز و تەقدیری بۆ گەل و حکوومەتی سۆڤیەت هەیە.

هاوڕێی بەڕێز

لای ئێوە شاراوە نییە کە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژوویی سالی ١٩٧٠ ڕووداوێکی دیار و بەرجەستە و خالێکی ڕۆشنی مێژووی عێراق و بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانی گەلەکەی و پشتیوانی برایەتیی عارەب و کورد و یەکگرتنی خەباتی ناوکۆییان بوو لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتیدا و ئێمە بەجیدی و دلسۆزییەوە، دوای مێژووی ناوبراو لە پێناوی دوو ئامانجی بنەڕەتیدا کار دەکەین، یەکەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ناوبراو بەهەموو ئەو پابەندایەتییە بەرامبەرانەی کە لەو ڕێکەوتننامەیەدان و دووەمیش بەختکردنی هەموو توانایەک کە هەمانە لەپێناوی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی گەلی عێراقمان لەو ڕێگەیەوە.

وا بەپێچراوەیی پاشبەندێکتان بۆ دەنێرین، کە پێشاندانێکی گشتگیریی ڕێککەوتننامەی ئاداری تێدایە و، ئەوەی جێبەجێ کراوە و ئەو بەندانەشی کە جێبەجێ نەکراون، مرۆڤی خاوەن ویژدان لەم پێشاندانەدا تێبینیی ئەوە دەکات کە هەندێک بەندی ڕێککەوتننامەکە بەڕاستی جێبەجێ کراون، بەلام لایەنە گرینگترەکەی کە لە ئەسلی مافە نەتەوەیییە ڕەواکانی گەلی کوردمانە، هێشتا هەر چاوەڕوانی جێبەجێکردنن، بەم بۆنەیەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە داوودەزگا جیاجیاکانی حکوومەتی لە ماوەی ئەو دوو سالەی تێ پەڕین، کاری وا پڕ مەترسییان ئەنجام داوە کە لەوانەیە بووبنە هۆی هەلتەکاندنی باوەڕ پێک کردن لە نێوان هەردوولادا، کە گەیشتە ڕادەی ڕماندنی هەموو پردێکی باوەڕ و متمانە و، گومان و دڕندۆنگی لەلایەن هەردوولاوە، جێی ئەوانەی گرتەوە. ئەوەتا سەرەڕای سیاسەتی بەعارەب و بەعسی کردن و کاری کڕینی ویژدانی خەلکی نەفس نزم لە ناوچەی کوردیدا، بەتایبەتیش لەو ناوچە تێکەلانەی کە یەک نەتەوە زیاتریان تێدا دادەنیشن و دەسەلاتدارانی بەرپرسی حکوومەت هیچ تەدابیرێکی یاساییی پێویستیان نەگرتووەتە بەر بۆ گەلێک ڕووداوی دەستدرێژی و دوژمنکاری کە ئێمە گەلێک جار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تووشیان هاتووین، لەوانەش تەقەکردن لە بارەگای حزبمان لە مووسل تەنیا دوو هەفتە لە دوای ڕێککەوتننامەی ئادار، هەروەها سەبارەت بەو هێرشەی لە کۆتاییی سالی ١٩٧٠ بۆ سەر ئۆتۆمۆبێلەکەی ئیدریس بارزانی سازکرا و لە بەغدا ڕووی دا و چەند بەرپرسێکی حزبمانی تێدا بریندار کران، هەروەها حکوومەت لە تەمووزی سالی ١٩٧١ هێرشێکی چەکداری ڕێک خست بۆ سەر بارزان و سوپا بەپشتیوانیی تۆپخانە و بالەفڕ بەشداریی تێدا کرد، بەمەبەستی گیروگرفت و ئاژاوە دروستکردن لە ناوچەی ناوبراودا و، حزب بەلگەی تەواوی لایە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە هەندێک داوودەزگای دەولەت ئەو هەولە سەرنەگرتووەیان بۆ کوشتنی من لە ٢٩ی ئەیلوولی پار ڕێک خست، لە هەمان کاتیشدا دەسەلاتدارانی حکوومەت پێش چەند مانگێک دەستیان دایە هەلمەتی

دەرکردنی بەکۆمەڵی ستەمکارانە دژی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەی گەلی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوری عێراق، بەپێچەوانەی هەموو ئەو ڕێککارییانەی لە کاتی خۆیدا لەگەڵ سەرکردایەتیی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب لە سەریان ڕێک کەوتبووین، ئینجا لەدوای ئەوە شاڵاوێکی بەربڵاو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی (استـخبـاراتی) سەربازی دەستی پێ کرد دژی ئەو کوردانەی سەر بەهێزە چەکدارەکانن بەتایبەتیش لەنێو ئەوانەدا ئەندامانی حزبی ئێمە و دواکاری ئومێدبڕیش ئەوەبوو هەندێ ڕەگەزی سەر بەدەسەڵاتداری و حزبی بەعس دەستیان دایە تیرۆرکردن و کوشتنی ئەندامانی حزبمان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات. ئەو کرداری تیرۆر و کوشتنە تەنیا هەر بەحزبی ئێمەوە نەوەستا وەکو زۆرباش لای ئێوە ئاشکرا و زانراوە. حاڵەتێکی ناباوی تیرۆر و تۆقاندن و نەمانی ئاسایش و ئازادیی دیموکراتی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا، وەک لاتان شاراوە نییە و ئەوە دوو ساڵ زیاترە، سەدان شیوعی و پێشکەوتنخواز و کەسانی سەر بەحزبە نیشتمانییە جیاجیاکان تیرۆر کراون و کوژراون و ئەمەش یەکێک بوو لە خاڵەکانی ناکۆکیی بنەڕەتی لە نێوان ئێمە و ئەواندا.

سەبارەت بەیاسای چاککردنی کشتوکاڵیش، ئەوا لە کوردستان جێبەجێکردنی تووشی کۆسپ و تەگەرە دێت و حکوومەت مەبەستی لەمەدا بەخشینی ئەو دەرەبەگە کوردانەیە لە پابەندایەتی بەیاسای ناوبراو، بەرامبەر ڕەزامەندیی ئەو دەرەبەگانە کە دژی ئێمە کار بکەن. ئەم کارە پڕ لە پێچاوپێچییە کاردانەوەیەکی توندی لای جەماوەری کورد و ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان بەشێوەیەکی گشتی دروست کردووە. جا لەبەر پەرۆشیی زۆرمان بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش و ئارامی لە هەموولایەکی وڵاتەکەمان، هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ حکوومەت و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب دا، چ لە ڕێگەی دەمەتەقێ و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یان ڕۆژنامەوە یان ئاڵوگۆڕکردنی یاداشتنامە لەپێناوی سنووردانان بۆ ئەو کردەوە نالەبارانە، بەڵام هەموو ئەرک و هەوڵێکمان لەم ڕووەوە بە با چوون و بەبەردەوامیش باڵیۆزخانەی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەتمان لە بەغدا لەو وردە بابەتانەی پێوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە ئاگادار دەکەینەوە و هەروەها ئەو ڕاستییانەمان بۆ هاوڕێ (ڕۆمانسییف)، کە لەم دواییانە سەردانی کردین، ڕوون کردووەتەوە و وێنەیەکی هەریەک لەو یاداشتنامە و ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان ئێمە و نێوان حکوومەت و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەبدا ڕوویان داوە، داوەتێ و هەروەها چەند وێنەیەکی تری زیادەتان دەخەینە بەردەست بۆ ئاگاداری.

هاوڕێی ئازیزمان...

ئێمە بەپێویستی دەزانین لەوە ئاگادارتان کەینەوە کە هەست بەئازار و ناخۆشی و نەمانی بڕوا و متمانە و هیوا دەکەین لە ئەنجامی بەردەوامبوونی دەسەڵاتداریەتی لە پێڕەوکردنی سیاسەتی خەڵک شڵەژاندن و تووڕەکردن و، هەروەک هەست بەئیحراج و ترس دەکەین لە کاردانەوەی ئەو سیاسەتە لای ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، لەوەش دەترسین کارەکە لە دەست ئێمە دەرچێت لەلایەن ئێوەشەوە گران بێ کە فریای کارەکە بکەون دوای ئەوەی کار لەکار دەترازێت ئەگەر حاڵەتەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، چونکە



ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی دروستکردنی کەشوهەوای پێویست و لەبار بۆ گێرەشێوێن و بەکرێگیراوان، بۆ نانەوەی ڕووداوی خەڵک وروووژێن و بارودۆخی وڵاتەکەش وا سەرلەنوێ لە ڕۆخی شەڕی براکوژییە، کە ئەمەش کارەساتی مەرگەساتبار و شتی خراپ لێکەوتنەوەی مەترسیدار و نالەبار بۆ داوڕۆژی عێراق بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، بێگومان کارتێکردنی سلبییانەشی بۆ سەرجەم بارودۆخی ناوچەکە دەبێت.

ئێمە لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشەوە باس کران و، لەبەر پەرۆشیمان و بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی بنچینەیی گەلی عێراقمان بەعارەب و کوردەوە بەفیرۆ نەدەین، چاوەڕوانی ئەوەین کە حکوومەتی عێراق و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب چاوێک بەسەرجەمی سیاسەتەکەیان بەکێشەی کورددا بخشێننەوە و، هیوامان وایە کە دەستپێشخەریی پێڕەوکردنی ئەوپەڕی پلەی پاڵەپەستۆ کە لە توانادایە پێڕەو بکەن، لەپێناوی وەدیهێنانی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە سیاسەتی حکوومەتی عێراقدا، لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی بەهاوکاریی ڕاستگۆ و دڵسۆزانەی نێوان حزبەکەمان و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب و حزبی شیوعیی عێراق و حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی تر، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەندەکانی تری ڕێککەوتننامەی ئادار و وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی خەباتی هەموو گەلی عێراقمان، لە بنیاتنانی ئاشتییەکی چەسپاوی نیشتمانی و هێنانەدیی ئەوەی کە ئاواتی بۆ دەخوازێت لە پێشکەوتن و گەشەکردن و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، بەرەوپێشەوە بچین. ڕەنگە شتێکی لەباربێت لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە گەلی کوردمان هەست بەخۆشی و بەختیاری دەکات، ئەگەر بۆتان بکرێت لەم سەردانەتاندا تەشریف بێنن بۆ خاکی کوردستان.

لە کۆتاییدا ئەوپەڕی ڕێز و قەدرلێنانمان قەبووڵ بفەرموون.

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٩٧٢/٤/٨

**سەرچاوە:**مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.

# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٥)

**لە بارزانییەوە بۆ باڵیۆزی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت لە بەغدا**

هاوڕێی ئازیز ئەناتۆلی ئەلیکساندرۆڤیچ بارکۆڤسکیی بەڕێز باڵیۆزی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت لە عێراق

سلاوێکی هاوڕێیانەی گەرم

لای ئێوە شاراوە نییە کە عێراق ئێستە بەبارودۆخێکی ناسک و هەستیاردا تێ دەپەڕێت، چونکە بۆ کۆتایی هاتنی ئەو چوار ساڵەی بڕیار درابوو بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ئادار، لە چەند ڕۆژێکی بەولاوە نەماوە و، لەسەر شێوەیەک ڕێککەوتن نەکراوە بۆ پیادەکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەنێوان ئێمە و حکوومەتی عێراقدا و، ئەو نەگەیشتن بەڕێککەوتنەش کاری سلبی و تەنگژەی هەلومەرجەکەی بەشێوەیەکی مەترسیدار لە پاڵە و ئەوەی ئەو گۆڕانانەش مەترسیدارتر دەکات، ئەو هەلومەرجە ناسکەیە کە سەرتاپای ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی پێدا تێ دەپەڕێت.

ئێمە هەمیشە ئامادە بووین و هەر ئامادەش دەبین بۆ ڕێککەوتن لەسەر شێوەیەکی داڕشتن، کە خزمەتی بەرژەوەندیی بالای ولات و مافەکانی گەلی کوردمان بکات سەبارەت بەوەی کە پێوەندیی بەم بابەتە گرینگەوە هەیە، بەلام بەداخەوە دەبینین ئەرکە دلسۆزانەکانمان ئەو بەدەنگەوە هاتنە هەست پێکراوە لەلایەن بەرپرسانەوە نابینێ و دەستپێشخەرییە ئیجابییەکانمان بەرەو ڕووی کۆسپ و کاری سلبییانەی زیاتر دەبنەوە.

ئێمە لەبەر هەستکردنمان بە بەرپرسایەتیی مێژوویی بەرامبەر بەگەلی عێراقمان و نیشتمانەکەمان، بەئەرکی خۆمانمان زانی هەلگری نامە هاوڕێ دارا تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبمان بنێرین، بۆ ئەوەی گۆشەنیگای ئێمەتان بەدووورودرێژی بۆ ڕاڤە بکات، هیواشمان وایە حکوومەتە دۆستەکەی ئێوە ئەوەندەی لە دەستی بێت هەوڵ و تەقەلای چاکی خۆی بەکاربێنێ بۆ ڕێگەگرتن لە تەنگژاوی بوونی بارودۆخەکە و چوونی بەرەو خراپتر و دەستەبەرکردنی دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیی دیموکراتی بۆ کێشەی کورد، بەشێوەیەک کە ولات لە کارەسات و وێرانکاری دوورخاتەوە و، هیوای بەهێزمان بەولاتە دۆستەکەی ئێوە هەیە هیچ درێغییەک نەکات لەم بوارە، چونکە هەمیشە هەر لەپاڵ ئەوە وەستاوە و دەشوەستێ کە گەلەکەمان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بەمافەرەواکانی خۆی شاد بێت... لە کۆتاییدا زۆرترین سوپاس و ڕێزم قەبووڵ بفەرموون.

دلسۆزتان

مستەفا بارزانی

١٩٧٤/٣/٦

سەرچاوە:مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.





# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٦)

(أ)

برای بەڕێز سیادەتی مامۆستا سەدام حوسێن

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ناسکیی هەڵوێستەکە سەبارەت بەکێشەی کورد لای سیادەتتان شاراوە نییە. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە زنجیرە هەڵوێستێک و کاری ئەرێنیمان پێشان دا بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەرێکی ڕەزابەخش بۆ کێشەکە کە خزمەتی گەلی کوردمان و سەرجەم گەلی عێراق بکات و، دوای ئەو زنجیرە هەڵوێستانە هاتنی مامۆستا ئیحسان شێرزاد بوو بۆ لامان، دوای چاوپێکەوتنی سیادەتتان کە لەو چاوپێکەوتنەدا ئامادەییتان پێشان دابوو بۆ لێک تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکە، ئەوەبوو بەشێوەیەکی ماقووڵ گەیشتینە بڕیاری ناردنی یەکێک لە کوڕەکانمان لەگەڵ چەند برایەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بۆ بەغدا، بۆ چاوپێکەوتنی سیادەتی سەرکۆمار موهیب ئەحمەد حەسەن بەکر و سیادەتتان و دەست پێکردنەوەی دانوستان.

بەلام بلاوکردنەوەی ئەو بڕیاردانە لە بارەی شێوەی کۆتاییی ئۆتۆنۆمی بەلای ئێمەوە شتێکی کتوپڕ بوو. دوای ئەوە کاک شەفیق ئەحمەد لە پاش کۆبوونەوەی مامۆستا ئیحسان شێرزاد لەگەڵ مامۆستا غانم عەبدولجەلیل گەڕایەوە و، جارێکی تر بڕیارمان دا ئەو شاندە بنێرین کە لە سەرەوە باس کراوە، بەلام بۆ جاری دووەم تووشی کتوپڕییەکی تر (مفاجأة) بووین بەبلاوکردنەوەی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب، کە وتەی زۆر خراپی تێدابوو بۆ حزبی ئێمە و بزاڤی کورد بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات، ئەمەش کارێک بوو وای لێ کردین بچینە سەر ئەو بڕوایەی کە ناردنی شاند لەم کەشوهەوایانەدا بێ سوودە.

ئێمە هیچ گومانێکمان لەوەدا نییە کە ئێوە بایەخی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی و جێبەجێکردنی پابەندییە هاوبەرامبەرەکانمان بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی کە خۆتان ڕۆڵێکی گەورەتان لە تەواوکردنیدا هەبوو، دەنرخێنن.

ئێمە لەم بارەیەوە چاومان بڕیوەتە دەستپێشخەریی ئێوە بۆ سنووردانان بۆ کاری ئەرێنی و هەنگاونانی ئەرێنی و، ئێمەش لەلایەنی خۆمانەوە دەمانەوێ بۆ سیادەتتانی دووپات بکەینەوە کەوا هیچ درێغییەک ناکەین لە هەوڵدان و ئەنجامدانی هەموو ئەوانەی دەستەبەری کێشەی کورد بەئاشتی و لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی و بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانی دەکەن. فەرموون بەقەبووڵکردنی ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان.

براتان مستەفا بارزانی

١٩٧٤/٣/٦-٥

سەرچاوە:مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.

# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٧)

## نامەی سەدام حوسێن

ژمارە/ بسم الله الرحمن الرحيم

مێژوو ١٩٧٤/٣/٧

بەڕێز مستەفا بارزانی

سڵاوێکی جوان

ئاگاداری نامەکەی مێژووی ٥-٦/ئاداری/١٩٧٤تان بووین، بێگومان ئێوە لە بیرتانە کە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢ وادەیەکی دانراوبوو بۆ کۆبوونەوەمان لەگەڵ شاندەکەتان بۆ بەردەوامبوون لە دانوستان بەمەبەستی گەیشتن بەڕێککەوتنێک لەبارەی شێوەی ئۆتۆنۆمی و، هەر کاروبارێکی کە پێوەندیی، پێوە هەبێ. هەرچەندە هەموو لایە نیشتمانییەکان ئامادە بوون، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە شتێکی کتوپڕ بوو، شاندەکەی ئێوە ئامادە نەبوو و، سەرباری ئەوەش فەرمان لەلایەن ئێوەوە دەرچووە بۆ بەرپرسەکانتان لە بەغدا و پارێزگاکانی تر، کە لە شوێنەکانی کار و دانیشتنیان بکشێنەوە و خۆیان بگەیەننە بارەگاکانتان لە بەرزاییی شاخەکان. بەپێی بۆچوونی ئێمە، ئەمە بڕینی دانوستان دەگەیەنێ لەلایەن ئێوەوە و سەرەڕای ئەوەش و لەبەرئەوەی ئێمە تەقدیری بەرپرسایەتیی خۆمان بەرامبەر بەگەلەکەمان و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەکەین، لەلایەن خۆمانەوە بەردەوام بووین لە هەوڵدان لە گەڵتاندا لە ڕێگەی بەڕێز ئیحسان شێرزادەوە و هێشتاش ئێمە تا ئەم کاتە لەسەر هەڵوێستی خۆمانین کە پێی ڕاگەیاندوون و، سەبارەت بەئێمە و تا ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٧٤ دەرفەت کراوەیە بۆ بەردەوامیی دانوستان لەگەڵ شاندەکەتان، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەو خێراییە بێت کە پێویستە و دەسەڵاتی تەواویشی پێ درابێت بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەموو مەسەلەیەک لە چوارچێوەی بەندەکان و ڕۆحی بەیاننامەی یازدەی ئادار بەو شێوەیەی خزمەتی یەکێتیی وڵات و سەروەریی تەواوی دەکات و بەهێزی دەکات و ئاسایش و ئارامیشی تێدا دەپارێزێ.

پێش ئێستە بەڕێز فوئاد عارف لە مێژووی ١٩٧٤/٢/١٥ پێی ڕاگەیاندین کە ئارەزووی ئەوەتان هەیە یەکێک لە کوڕەکانتان بنێرن بۆ بەغدا و هەرچەندە ئێمە چەندان جار بەخێرهاتنی دەکەین، بەڵام تاکو ئێستە ئەمە نەهاتووەتەدی.

براکەم:

لەبەرئەوەی ئێمە تەقدیری بەرپرسایەتیی خۆمان دەکەین بەرامبەر بەگەلی کوردمان بەتایبەتی و گەلی عێراقمان بەگشتی، ئەمانهێشتووە ئەو کارە ئەرێ و ڕووداوە زۆر و مەترسیدارانەی کە بەرپرس و چەکدارەکانتان لە ناوچە جیاجیاکان لە کاتی دانوستان و تاکو ئێستەش، ئەنجامیان داوە، کار بکەنە سەر ئارەزووی ڕاستگۆیانەمان بۆ گەیشتن بەڕێککەوتن لەگەڵتاندا.

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی هەشتەمی قوتریی حزبمان ئرخاندنێکی بابەتییانە و تەواوی ڕێڕەوی سەرکەوتووی شۆڕش دەگرێتەخۆ، لەوانەشدا ئرخاندنی هێزە کاراکان لە کۆمەڵگەدا بەکارە ئەرێ و ئەرێنییەکانەوە و هیچی ئەوتۆی تێدا نابینین کار بکاتە سەر هاتنی شاندی ئێوە لە حاڵەتی بوونی ئارەزووی جیدی لە ناردنی ئەو شاندە و باسکردنی کاروبارە هەڵواسراوەکان و یەکلاکردنەوەیان بەشێوەیەکی ئێجگاری بەئاراستەیەکی ئەرێنییانە، بەتایبەتیش ئەگەر پەرۆشیمان بۆ ئەو کاتەی تا ١١ی ئاداری ١٩٧٤ ماوە و بڕیارمان بۆ بڵاوکردنەوەی یاسای حوکمی زاتی لە کاتە بڕیاردراوەکەی خۆیدا، لەبەرچاو بگرین.

ئێمە بەخێرهاتنی شاندەکەتان دەکەین و هیواشمان وابوو ئەوەی کە تێ پەڕی، لەبەرچاو بگیرایەوە و خواش لە مەبەستمان دەزانێ لەگەڵ ڕێزدا.

براتان

سەدام حوسێن

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

سەرچاوە: مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.





# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٨)

## نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی

بەیرووت

١٩٧٤/٦/٧

گەورەم جەنابی بارزانیی بەڕێز

لەدوای سەلام و ئیحترام

شادی و ساغ و سەلامەتیتان بەئاوات ئەخوازم

پێرێ سۆڤیەتەکان بەپەلە ناردیان بەشوێنما بۆ بەیرووت. پریماکۆف هاتبوو بۆ لای کاک مستەفای جاف و داوای لێ کردبوو کە زۆر بەپەلە بنێرێت بەشوێنما. کە هاتم پێکەوە لە ماڵی کاک مستەفا دیمان. دوای مناقەشە و ڕاز و گلەییێکی زۆر لەیەکتر بۆمان دەرکەوت کە سۆڤیەتەکان دژی جەنابت هیچ شتێکیان نەنووسیوە و بەتەماش نین بنووسن، وە حەز ئەکەن پێوەندییان لەگەڵ جەنابتان بەردەوام بێت. وە زۆریش گلەیی ئەکەن لەوەی هێرشیان ئەبرێتە سەر لە ڕادیۆی کوردستانەوە. هەروەها پریماکۆف دەری خست کە وەزعی سەدام شلۆقە و عەسکەرییەکان سەدام بەمەسئوولی دۆستایەتی لەگەڵ جەنابت دائەنێن وە ئەیانەوێ شانەکە لەسەری ئەوا بشکێنن و ڕووس ترسی لابردنی سەدامیان هەیە.

جا پریماکۆف ئەیگوت: ڕووس دژی شەڕن لەگەڵ کورد و لایەنگری حەلی سیاسی و گفتوگۆکردنن، بۆ ئەمەش بتوانن تەئسیر بخەنەوە سەر بەغدا، وایان بەپێویست ئەزانی کە لەلایەن کوردەوە نامەیێک بۆ سەدام بچێت و بەشێوەییێکی ئیجابی بێت وەک مبادەرەیەک بۆ ئاشتبوونەوە و تەعزیزی مەرکەزی سەدام وە تیا کورد نیشان بدات کە گەر هەقی بدرێتێ عەلاقەی خۆی لەگەڵ دەرەوەی «کۆنەپەرست و ئیمپریالیست» ناهێڵێت. ئەمە گوایە بۆ ئەوەی بتواندرێ عەسکەرییە شەڕخوازەکان لغاو بکرێن. پریماکۆف ئەیگوت ڕووس زۆر زۆر نارازین لە دەوروبەرە یەمینییەکانی بارزانی. وە داوای ئەکرد کە (عەناسری تەقەدومی کورد) -وەمنیش- دەوربیبینین لەناو بزووتنەوەی کوردا بۆ پەکخستنی ئەم عەناسرە «یەمینی و عەمیلانە» وە بۆ دوارۆژ.

دیارە من و کاک مستەفاش زۆر مجادەلەمان لەگەڵ کرد و زۆر ڕەخنەمان لە ڕووس گرت وە غەڵەتەکانی ڕووس و حزبی شیوعیی سەر بەمۆسکۆمان پێ گوتن وە زۆرمان هەوڵدا کە هەقیقەتی وەزعیان بۆ شەرح بکەین. وە من گوتم نەدەبوایە ئێوە مەلا مستەفا بدەن بە بەکر و سەدام وە بۆم شەرح کرد کە لەوەتەی مەلا مستەفام دیوە لە ڕووسیا تا ئیمڕۆ هەر بەقسەی ئێوەی کردووە و چەندین جار ئەمەریکا و ئێرانی لە خۆی عاجز کردووە لەسەر ڕووس. وە یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی لەگەڵ ئێمە

سەبارەت بەتاخمی حزبی شیوعی بوو، ئەی چۆن نەبێت وا چاکەی مەلا مستەفا بدەنەوە؟

پاشان بۆ ئیدامەی پێوەندی (ئەلیکسەندەر زایتسیف)یان پێ ناساندین کە لە سەفارەتیانە لە بەیرووت. ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٣ من ئەمدیت لە وەختی مفاوەزاتدا. و کاک ساڵحیش ئەیناسێت.

لە نامەیێکدا کە ئەم پیاوە بۆی نووسیوم ئەڵێت:

«عندي صلاحيات من موسكو لاقوم بالاتصال المستمر مع حضرتك ومع غيرك من المسؤلين في الپارتي والحركة الكردية وذلك طبعاً اذا كانوا راغبين في مواصلة العلاقات مع موسكو.» هەروەها بۆم ئەنووسێت:

«يمكنك ان ترسل الى موسكو عن طريقي أنا كل ما تعتبروه ضرورياً من الرسائل المكتوبة والمعلومات الشفهية وطلبات المساعدة وغيرها من الأشياء التي تهتمون بها.» ... وە هەروەها ئەڵێت:

«اذا كانت هناك أسئلة ورسائل من موسكو موجهة الى المسؤلين في الپارتي والحركة الكردية، فانا أسلم هذه المواد لكم شخصياً.»

جا ئەم لوتفەی نواندوویانە لەگەڵ بەندە ڕەنگە بۆ ئەمە بێت کە لەگەڵ «برا تەقەدومیەکانی تری ناو بزووتنەوەی کوردایەتی» دەورێکمان پێ ببینن. دیارە من بەبێ ڕەئی ئێوە هیچ دەورێ نابینم! ئەوانی تریش نازانم چۆن ئەبن؟

هەرچەندە من خۆم زۆر گلەیی و ڕەخنە و نارەزاییم لە ڕووس هەیە، وە هەموو سیاسەتەکەیان بەچەوت و قۆڕ ئەزانم بەڵام دیسان: ١- لام وایە جیاکردنەوەی ڕووس لە بەعسی بەغدا شتێکی زۆر بەکەڵکە بۆ کوردایەتی. ٢- گەر پێمان جیا نەکرێنەوە هیچ نەبێ محاید بن یان دوژمنایەتیەکەیان کەمتر و سستر و خاوبێت هەر باشترە. ٣- مانی پێوەندیی ئێوە (بارزانی) لەگەڵ سۆڤیەتەکان شتێکی باشە.

جا پێشنیازم وایە کە جەنابت نامەیێکی شەخسیان بۆ بنێریت وە زۆر شتیان بەدووروودرێژی بۆ ڕوون کەیتەوە و بینێریت بۆ ئێمە بۆ بەیرووت بیاندەینێ. ڕەنگە زۆریش باش بێت گەر ئەمر بکەن جارێ ڕادیۆ - ڕۆژنامە - و دیعایەی کورد دژی ڕووس بوەستێت تاکو ئەبینین چی تازە ڕووئەدات.

بێگومان لە هەموو حاڵێکدا ئێوە زۆر زۆر لە ئێمە باشتر وەزعەکە ئەزانن و چاکتر هەڵی ئەسەنگێنن و ئەیقرسێنن، بۆیە چیتان بەباش زانی تکایە ئاگادارمان بکەن تاکو ئێمەش وا ڕەفتار بکەین.

نیتر هەربژی بۆ

دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی


ئاگاداری:

پریماکۆف زۆر تکای کرد کە بەجەنابتان ئەڵێین ئێمەی دیوە و یاخۆ ئەو پێی گوتین ئەم پێشنیازانە بدەینە ئێوە.

سەرچاوە:مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.







# دەکۆمێنتی ژمارە (٢٩)

م.س و بارەگای بارزانی بەڕێز
سەلام و ئیحترام

لەبەر ئەو وەزع و تەتەورە تازەیەی کە زۆر خەتیرە و پەیدابووە پاش ئیتفاقی عێراق و ئێران کەوا دیارە زۆر قـوول و ئەسـاسـییـە کـاک موحـسن هات بۆلاتان بۆ شـەرحی وەزع بەتەفـسـیل لەم ڕووەوە بەڕاسـتی وەزعێکی ناخۆشە بەلام ئەمری واقعە وە وا دیارە ئیتفاقیەی جەزائیر بەزەرەری گەورەی میللەتی ئێمە تەواو بووە و ئەمان کۆمەکی خۆیان قەتع ئەکەن لێمان و بڕیاریان داوە کە حەرەکەکە بەو شێوەیەی کە هەیە نەمێنێت و ئەوی لە ئێمە کە ئەیەوێت بێتە ئێران (میوان) بێت و ئەوی تری کە ئەیەوێت بگەڕێتەوە عێراق تەسلیم ببێت. ئێمە ئەمەمان لە ئەسیری گوێ لێ بووە کە ئەویش لە شای بیستووە. ئێمە مومکنە سبەی یان دوو سبەی شەرفیابی بێت وە زۆر هەوڵ ئەدەین کە وەزع بەم جۆرە نەبێت و هەرچۆنێک بێت ڕەئیان فەرق بکات بەلام وا دیارە ئەمەل زۆر زەعیفە و ئەمە ڕەئی بابەشە کە هەردوولا تەعاونیان کردووە بۆ نەهێشتنی حەرەکەی ئێمە بەو جۆرەی کە هەیە زۆر بەداخەوە و تەبعەن وەزعی نەفسیمان زۆر ناخۆشە (تەوەقع ئەکەن) وە زۆر حەزمان ئەکرد زوو بگەینەوە لاتان بەلام لەبەر شەرفیابی و بینینی خەلکی تریش مەجبوورین. کاک موحسن هەموو تەفسیلاتی لایە و پێتان ئەڵێت و ئێوەش بۆ مەسئولینی ئەساسی بەشێوەیەک شەرح بکەن و هەوڵ بدەن لە بالەک ئەثقال و شتی تر وردە وردە نەقلی ئەم دیو بکرێت و چەند بتوانن مقاوەمەش بکەن و ئەگەر ناچار نەبن هیچ پەلە لە کشانەوە مەکەن هەروەها هێزەکانی تریش تا یەکتر ئەبینین. بەڕاستی قەت هیچ کەسێکی ئێمە تەوەقعی وەزعی وای نەئەکرد بەلام وا دەرکەوت کە شت ئەگەر ئەساسی سیاسی و ئیلتزامی مەلموسی نەبێت ڕۆژێک هەر موشکیلەی تێدا دروست ئەبێت. ئەگەر مومکن بێت کاک سامی لەگەڵ کاک موحسن بگەڕێتەوە پێویستە.

خۆشیتان

براتان
دکتۆر مەحموود
١٩٧٥/٣/٨

سەرچاوە:مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.





## نامەکەی سەدام بۆ پەنابەرەکان لە ئێران

(سەدام ئەم نامەیەی لە مانگی نیسانی ١٩٧٥دا نووسی کاتێک لە تاران بوو)

بۆ ڕۆڵە و برا ئازیزەکانمان، ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمان لە گەلی کوردمان کە لە ئێران نیشتەجێن، دەمانەوێ ئەوەتان پێ ڕابگەیەنین کە ئەوەی بگەڕێتەوە ئەمانەی خوارەوە لەسەرمانە:

١- دەگەڕێتەوە، لە خۆی و ماڵ و عەرز (ناموس) و دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی دڵنیا دەبێت و هەموو ئەو کارانەی لە سایەی بارودۆخی داخباری شەڕ ئەنجامی داون، یاسا و لێپێچانەوە دەستی بۆ نابەن و هەر یەک لە ئێوە ژیانێکی تازە لە سایەی شۆڕشەکەی و لە پێناوی خزمەتی نیشتمانەکەی دەست پێ دەکات.

٢- جارێکی تریش ماوەی لێبووردنەکە درێژ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بارودۆخەکەیان ڕێگەی پێ نەداون بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان و دوایی ئێمە ڕەگەزنامە لە هەموو ئەوانە دەستێنینەوە کە سوود لەم لێبووردنە وەرناگرن و لە دەرەوەی چوارچێوەی گەل و نیشتمانیان دادەنێین و ئێمە بایەخیان پێ نادەین.

٣- گوێ لە پڕوپاگەندەی سەر لێشێوێن و قین لە زگان مەگرن و ئێمە کاتێک کە بەڵێنێک و پەیمانێک دەدەین، ڕێزی لێ دەگرین و ئێمە بەڵێنی پیاوانتان پێ دەدەین و فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی لە سیاسەتی ئێمەدا نییە. لێبووردنی گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بەبێ هاوێردن جگە لە مەلا مستەفا و کوڕەکانی ئیدریس و مسعود و هەروەها محەمەد خالید و، جگە لەوانە هەموو لێبووردن دەیانگرێتەوە.

٤- فەرمانبەر و کرێکار هەریەکە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و هەمان مافی دەبێت کە هاوڕێکانی تری هەیانە و ئەفسەریش یان دەگەڕێتەوە بۆ سوپا، یان لە فەرمانێکی مەدەنی دادەمەزرێت بەپێی ئەوەی کە لە ڕووی یاساوە شایانە، هەروەها سەرباز و پلەداریش لە هێزە چەکدارەکان هەموویان و، قوتابی دەگەڕێتەوە بۆ کۆلێجەکەی یان قوتابخانەکەی لەو پۆلەی کە لە کاتی دەست پێکردنی شەڕدا بەجێی هێشتبوو.

لە خوا دەپاڕێینەوە کە ڕێگە پێشانی گومڕاهان بدات و ڕۆڵە ئازیزەکانی نیشتمان بگەڕێنێتەوە بۆ نیشتمانەکەیان.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش
سەدام حوسێن
تاران ١٩٧٥/٤/٣٠







سەرچاوە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٤.

مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری





مه‌کته‌بی بیروهۆشیاری